- **پێنج شەممە،** 2005.4.21، **كات:** 4-6ی **پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی كتێبخانەی بەدرخانیا/ لێكۆڵینەوە.**

**بەڕێوەبەری كۆڕ: جەوهەر كرمانج**

* پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ: بەدرخان.
* عەبدوڵلا حەسەن زادە: چەند قسەیەك لەمەر رۆژنامەنووسیی ئەمرۆ.
* نەجیب باڵایی: گۆڤارا هاوار وەك خوەندنگەهەكە، رووناكبیری و نەتەوایەتی.
* بەیان ئەحمەد: بەكارهینانا ئەلفوبێ یا میر جەلادەت بەدرخان.
* عەبدوللەتیف ئوزدەمیر: د سەد ساڵ رەوشا گۆڤارو رۆژنامەیێ كوردستان... د باكوورێدا.

- **هەینی،** 2005.4.22، **كات:** 10-12ی **پێشنیوەڕۆ لە هۆڵی كتێبخانەی بەدرخانیا**

**بەڕێوەبەری كۆڕ: د.موەفەق دەرگەڵەیی**

* د.فرسەت مەرعی: سیرة واعمال بدرخان بك في كتاب تاريخ الاشوريين بعد سقوط نينوى... بين الاوهام والحقيقة.
* جرۆ شەهاب: تاوانی بڵاوكردنەوەی تایبەتمەندێتی تاكەكان لە رۆژنامەدا.
* د.جەمشید حەیدەری: چەند سەرنج و تێبینییەك دەربارەی كتێبی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانیی نهێنیی كوردی نەوشیروان مستەفا.
* موسەدەق تۆڤی: گۆڤاری هاوار (1932-1943).
* محەمەد حەمۆ: هاوار رەخنەیە گۆڤارێن سەردەمی دیكە.

- **هەینی،** 2005.4.22، **كات:** 4-6ی **پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی كتێبخانەی بەدرخانیا**

**بەڕێوەبەری كۆڕ: مستەفا ساڵح كەریم**

* د.زرار سدیق تۆفیق: دەربارەی جزیرەی بۆتان و هۆزی بوختی (بۆتان) لە سەدەكانی ناوەڕاستدا.
* شادمان حەسەن: رۆژنامەی كوردستان/ ئۆرگانی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران.
* بەناز كوێستانی: پەیوەندیی نێوان رۆژنامەنووسان و دەسەڵاتداران.
* لەتیف فاتح فەرەج: رۆژنامەگەریی لە كەركوك.
* شاكر فەتحوڵلا: بەدرخان، سمبۆلا ماڵباتا جەلادەت بەدرخان.

- **شەممە،** 2005.4.23، **كات:** 10-12ی **پێشنیوەڕۆ لە هۆڵی كتێبخانەی بەدرخانیا**

**بەڕێوەبەری كۆڕ: ئەنوەر محەمەد تاهیر**

* د.سلاح هرووری: دیرۆكا كوردان و هاوار.
* بەهرۆز عەلی: هەواڵ لە رۆژنامەی كوردستان دا.
* سالمێ جاسم:
* بەشار كیكی: میقداد مدحەت بەدرخان و هزرا مەدەنیەتێ.
* عەبدولڕەقیب یوسف: بەدرخانییەكان لە بەڵگەنامەكانی عوسمانیدا.

تێبینی: بۆ خاوەن باسەكان تەنیا 30 دەقیقە دانراوە، بۆ پێشكەشكردنی پوختەیەك لە باسەكەی و گفتوگۆی ئامادەبووان و روونكردنەوەی خاوەن باس.

- **شەممە،** 2005.4.23، **كات:** 4-6ی **پاشنیوەڕۆ، هۆڵی محەمەد عارف جزیری**

* سروودی (بەدرخانی خاك پەروەرم).
* بەیانی كۆتایی.
* بەخشینی خەڵاتی رێزلێنان.
* دابەشكردنی رێزنامەی بەشداربووان.
* وتەی كۆتایی پرۆفیسۆر د.كەمال مەزهەر ئەحمەد

# بەدرخان



پ. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

هەر یادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هاتە ناوەوە ئەو یادە دەبەسترێتەوە بەیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا و ئەوەش هەمیشە یادی میقداد مەدحەت بەگ و عەبدولڕەحمان بەگی بەدرخان و یادی بەدرخانیان دێنێتەوە بەرچاو.

کە باسی بەدرخانیان دەکەین، دەبێ دوو هێڵی جیاوازو بەیەکدا چوو پێکەوە بلکێنین و جاروبار لە یەکیان جیا بکەینەوە.

یەکەم: مێژوو و دووەم: ڕۆژنامەگەری وبیر ڕووناکی.

لەباسی مێژووی بەدرخانیاندا دەچینەوە سەر شاری جزیرەی بۆتان و بنەماڵەی میرانی بۆتان و هەر دەبێ یەکەم سەرچاوەمان کتێبی شەرەفنامە بێت.

شەرەفخان مێژوویی میرنشینی یا فەرمانڕەوایانی جزیرە لە میر سولەیمانی کوڕی خالیدەوە دەست پێدەکات کە مێژووی ئەو دەست پێکردنەی نە نووسیوە.

پاش سولەیمان میر عەبدولعەزیزی کوڕی دەبێتە فەرمانڕەوا– سەیر ئەوەیە کە ئەم دووەم فەرمانڕەوایە، بەڵام ئەم بنەماڵەیە بەناوی ئەوەوە ناونراوە بنەماڵەی ئازیزان و هەر ئەوەشە وای لە جەلادەت بەگ کردووە، کە هەندێك وتاری خۆی لە "هاوار"دا بەناوی "هەرەکۆڵی ئازیزان"ەوە بڵاو بکاتەوە.(1)

شەرەفخان پاش ئەوەی باسی پێنج فەرمانڕەوای دیکە لە بنەماڵەی ئازیزان دەکات لەباسی شەشەمیاندا کە میر عیزەدینی کوڕی میر ئەبداڵە بە پێی مەولانا شەرەفەدین عەلی یەزدی لە (تەئریخی زەفەرنامە)دا ساڵی ٧٩٦ی ك/ ١٣٩٣–١٣٩٤م، بەساڵی یەك دیتنی ئەمیر تەیمووری گورگانی و ئەو میرە کوردە دادەنێ و حیکایەتێك لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە– کەواتە لەوساڵەدا حەوتەمین میری ئازیزان فەرمانڕەوا بووە، ئەی دەبێ یەکەمین کەی هاتبێتە سەرکارو بناغەی ئەو بنەماڵەیەی دامەزراندبێ؟

شەرەفخان پاشی ئەوە باسی ٢٠ فەرمانڕەوای دیکەی ئەو بنەماڵەیە دەهێنێ و ئەوسا لە ساڵی ١٠٠٥ی ك = ١٥٩٦ زایینیدا کە ساڵی نووسینی شەرەفنامەیە باسەکەی ڕادەگرێ.

لە میرانی ئازیزاندا شەرەفخان ناوی دوو میر دێنێ کە ناویان (میر شەرەف) بووە. ئیشارەتێ لای ئەو دوو ناوە دادەنێم و لەمەودوا دەیبەستم بە شیعری مەلای جزیرییەوە.

محەمەد ئەمین زەکی لەخولاسەی تەئریخی کورد و کوردستاندا دەڵێ: ئەو فەرمانڕەواییە و ئەو بنەماڵەیە تا دەوری بەدرخان پاشا مابوو، دووا میریان بەدرخان پاشایە کە کوڕانی ئەو بنەماڵەیە خۆیان بەناوی ئەوەوە ناوناوە.

مێژووی سیاسی بەدرخان پاشا و نەوەکانی دیارە. بەدرخان لە ساڵی ١٧٩٤دا لەدایکبووە و ساڵی ١٨١٢ بووە بەفەرمانڕەوا، ئامانجی ئەو لەیەکخستنی کوردستاندا دیارە–گەلێك شوێنی خستە سەر میرنشینی بۆتان. وان و سابڵاخ و ڕەواندز و مووسڵ و شنگار و وێرانشار و سیوەرك و شنۆ و ورمێی خستە سەر میرنشینەکەی و گەیشتە قەڵای ئامەد/ دیاربەکر.

میرنشینی بۆتان پێشکەوتووترین میرنشینی کورد بووە تا ئەوکاتە. بۆ بەرەبەرەکانێی تورك کارگەی تفەنگ و تەقەمەنی لەشاری جزیرە دروستکرا. چەندجار ئەو لەشکرەی تورك کە ئەوروپا پشتی دەگرت شکێنرا. لەبۆتان سکە لێدرا. زەوی و زارێکی زۆر کرا بەوەقف بۆ مزگەوت و مەدرەسەکان، خوتبە بەناوی میر بەدرخانەوە لەجێی سوڵتانی عوسمانی خوێندرایەوە، بەڵام هۆی ناوەوەو دەرەوە بووە هۆی شکاندنی میر بەدرخان و دوو کوڕی بەدیل گیران. (ساڵی ١٨٤٨)، بەڵام لەساڵی ١٨٧٩ کوڕانی بەدرخان (عوسمان پاشا و حوسێن کەنعان پاشا) شەڕی رووس و تورکیان بەهەلزانی و هاتنەوە مەڵبەندی میرنشینەکەیان و عوسمان پاشا تاجی لەسەرنا و جوولەمێرگ و زاخۆ و ئامێدی و ماردین و مدیات و نوسەیبینیشی خستە سەر میرنشینەکەی و خوتبە بەناوی خۆیەوە خوێندرایەوە.

سوڵتان عەبدولحەمید بەرانبەر بەکورد و کوردستان و بەتایبەتی بەرانبەر (عوسمان پاشا) شلی کرد، بەتایبەتی بەدرخانییە گیراوەکانیان بەردا، کەوتنە وت و وێژ و فروفێڵ لەگەڵ عوسمان پاشادا تا هەڵیان دۆزییەوەو خۆی و حسێن کەنعیان گرت و بردیانن بۆ ئەستەمووڵ.

ساڵی ١٨٨٩م ئەمین عالی بەگ و مەدحەت بەگ هەوڵێکی دیکەی لەشکر کۆکردنەوەیاندا، لای ترابزوون، سەرتیرەکانی کوردیان دی، دەست بەشەرکرا، بەڵام لەشکری ئەمان کەم و تورك زۆر لەباشووری شاری (بایبورد) لەدوو لاوە دەورەدران، ناچار دایانە شاخ لەدەوری (ئەرگەنی و مەعدەن) شەڕی زۆریان کرد و لەکۆتاییدا ناچار خۆیاندا بەدەستەوەو گیران و بردرانە ئەستەنبووڵ و لەوێوە بۆ گەلێ جێ نەفی کران.

بەدرخان پاشا و کورەکانی وەك لەشەڕدا سەرکردە بوون، هەروەها لەحوکمڕانیشدا پێشخەری وڵات بوون و لەکاری دەوڵەتدا دیپلۆماسی بوون، هەوڵی ئەوە درا کە لەگەڵ بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشای میسریدا رێکبکەون و پەیمان ببەستن (زۆر بەڵگە هەیە کە بنەماڵەی محەمەد عەلی کوردن و چوونەتە ئەلبانیا لەوێوە هاتوونەتە میسر).

کە باسی بەدرخان پاشا دەکرێت، لەوە دەدوێن کەلەسەر باج نەدان هێرشی بردۆتە سەر (فەڵە)کانی جزیرە و زۆری لێکشتوون، هەرچەندە نەوەکانی فەڵەپارێزبوون، (لێرەدا بۆ ئەمرۆمان کەبەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا پێوەندییەکی برایانە لەنێوان کورد و مەسیحییەکاندا هەیە، کارێکی باشەبەشێوەیەکی زانستیو بابەتییانە بەهەموو پێوەندییەکانماندا، بچینەوە راست و هەڵەی هەردووکمان بۆ پتەویی پێوەندیی ئێستامان دەستنیشان بکەین).

سەرەتای باسی بەدرخانیان هەر بە میرنشین دامەزراندن و شۆڕش بەدوای شۆڕشدا دەکرێت. دەتوانین شۆڕشی یەزدان شێر-یش (١٨٥٣) بە بەشێك لەشۆڕشی بەدرخانیان دانێین.

لێرەدا هەر ئەوەندە دووبارە دەکەمەوە-کەنەوەکانی یەزدان شێر-کە خزمی بەدرخانە (ئامۆزا یا خوشکەزایەتی) ئێستا لە (ئەردەن و ئەمەریکا) لەقەبی (بەدرخان)یان داوە بەخۆیان بەڵگەیان لەسەر ئەوە کۆکردۆتەوە کە یەزدان شێر ناپاکیی لەگەڵ بەدرخاندا نەکردووە، ئەو شیعرانەی حاجی قادری کۆیی کە لەمەهرەجانی حاجی قادردا لەکۆیە (٢٠٠٤) خوێندمەوە بەڵگەی ئەوەن(٢).

کاتێك کە میرنشینەکانی کورد هیچیان نەما، بەدرخانیان روویانکردە شێوەیەکی دیکەی خەبات، کەبەشدارییە لەخەباتی سیاسی و پێکەوەنان یا بەشداریکردن لەو حیزب و کۆمەڵانەدا کە لەدەوری شێخ عەبدولقادری نێرییەوە دروستکران. (تەعالی و تەرەقی کوردستان)، (هێڤی)، (خۆیبوون)...هتد.(٣)

باسی ئێستامان لەبارەی رۆژنامەنووسییەوەیە لەبەر ئەوە لەنگەر ئەو لایەنە دەگرین، چونکە وەك وتمان: پاش شکانی شۆڕشەکان بەدرخانییەکان چوونە سەر چەند رشتەی دیکەی خزمەت و کوردایەتی، کە گەورەترینیان رۆژنامەنووسیی بوو.

ناوی یەکەم رۆژنامەی کوردی و ناوی میقداد مەدحەت بەدرخان و پاشان عەبدولرەحمان بەدرخان هەمیشە پێکەوەدێت. نامەوێ چ ئەوەی نووسیومە یا کەسانی دیکە نووسیویانە لێرەدا دووبارە بکەمەوە، بەڵام کە د.جەلیلی جەلیل ئەو کارە بە (دەستپێشخەری نیشتمانپەروەرێکی کورد دادەنێت کە هەستی بەگرنگیی رۆژنامەنووسیی لەمەیدانی هۆشیارکردنی گەلێکی چەوسێندراوەو بێ بەری لەکەمترین بارودۆخی

بەرەو پێشبردنی بیرووناکیی میللی کردبێت دادەنێت). ئەوا هەر دەبێ لەباریەوە ئەو دووبارە بکەمەوە کە رۆژنامە دەرکردن لەلایەن کوڕی بنەماڵەیەکی سەر بە شۆڕش و رێکخستن هەر وتەکەی لێنینی لەبارەیەوە راستە کە دەڵێ: "**رۆژنامە بانگکردنە، هۆشیارکردنەوەیە، رێکخستنە**"، بەڵێ: رۆژنامە هەر بە دەرچوونیدا کۆمەڵێك لەدەورەی خۆی کۆ دەکاتەوە، وەك نووسەر و کارمەند و بڵاوکەرەوە و تیپچن و چاپکەر...هتد ئەمە هەر لەسەرتای ئەو رۆژنامەیەوە دیارە کە ٢٠٠٠ دانەی بەبێ پارە دەنێری بۆ کوردستان و لەهەموو شوێنێکی کوردستانەوە نامەی بۆ دێت، سەرنج راکێش ئەوەیە کە لە ژمارەی چوارەمدا نووسراوە لەچاپخانەی رۆژنامەی کوردستان-لەقاهیرە دەردەچێت، کە لەوە دواش هەر چاپخانەیەك لەقاهیرە بوو بەناوی "**مطبعة کردستان- بجوار الازهر الشریف**".

رۆژنامەی کوردستان هەر لەسەرتاوە رۆژنامەیەکی سیاسی بوو، بەڵام چەند رەنگی کێشا کە تا ئێستا بەرۆژنامەگەریی کوردییەوە دیارە.

١.هەر چەندە رۆژنامەکە بەدیالێکتی خاوەنەکەی نووسراوە (بۆتانی)، بەڵام دەرگای بۆ دیالێکتی دیکەی کوردی خستۆتە سەر پشت، ئەوەتا لەژمارەی سێیەمدا باسی حاجی قادری کۆیی دەکا، کەساڵێ لەوەپێش کۆچی دوایی کردووە و پارچە شیعرێکیشی بڵاودەکاتەوە.

٢.لەپاڵ بابەتە سیاسییەکاندا بایەخ بەئەدەبیاتی کوردی دەدا و شیعری کۆن و سەردەمی کوردی بڵاودەکاتەوە، ئەوەتا ئێستاش رۆژنامە سیاسییەکانمان ئەدەبیش تێکەڵ بە بناغە سیاسییەکە دەکەن.

کە بەدرخانییەکان کەوتنە ناو رووناکبیرییەوە یا بوون بەرابەر لەو مەیدانەدا، ئەوا شوێن پەنجەیان بەزۆر لایەنی ئەو مەیدانەوە دیارە، بۆ نموونە کەسەردەمێك باس لەبوونی سێ جۆرە تیپ یا ئیملای کوردی دەکرا لەناو کورددا ئەوا شوێن پەنجی ئەوان زۆر دیارە.

ئەوەتا لەیەکێك لەژمارەکانی (رۆژی کورد)دا وتارێکی بە ناوی "**تیپەکانمان و بەئاسانی خوێندنەوەدا تیایە بە ناوی (م-س-عەزیزی)یەوە کە صەلاح بەدرخانە- ئەویش هەر بەدواداچوونی وتارێکە لەژمارەی پێشوودا هەر بەو ناوونیشانە کە بەناوی مەسعوود سلێمانی- یەوە نووسراوە**".[٤]

سەلاح بەدرخان شێوەیەکی دیکەی بۆ ئەلف و بێ خستۆتە بەر چاو کە روخسارێکی سادە بۆ ئەلف و بێی کوردی دادەنێ بۆ ئەوەی خوێندنەوەو پێ نووسینی ئاسان بێت[٥].

سەلاح بەدرخان لەو ئەلف و بێیەدا کە لەسەر بناغەی ئەلف و بێی عەرەبی دایناوە پێشنیازی هەشت تیپی تازە دەکات کە بخرێنە سەر تیپە ئاساییەکان، بەڵام لەبەر ئەوە هێنانە دی ئەم بیرە زۆر گرانە، نووسەر بیرەکەی خۆی بەتەواو نازانێ داوا لەکورد دەکات بیر لە ئەلف و بێیەکی نوێ بکەنەوەو رای یەکتر بزانن و داوا دەکات گۆڤارەکە کونجێکی بچووك بۆ ئەم باسە بکاتەوە، بەڵام رەنگە گرتنی سەلاح بەدرخان ئەم کارەی راگرتبێ.

د.جەلیلی جاسمی جەلیل، لەژمارەی ١٦٠٠ی ساڵی ١٩١٣ی رۆژنامەی "**جاماناك**"ی ئەرمەنییەوە پشت بەرۆژنامەی "**تەرجومان**"ی تورکی، ئەوە دەنووسێ کە : "**بەهۆی ئەو وتارە دوژمنایەتیانەوە کەبەزمانی کوردی لەگۆڤاری "رۆژی کورد"دا نووسیویەتی صەلاح بەدرخان لەلایەن دەسەڵاتە عەسکەرییەکانەوە گیراوەو ئەنجوومەنی عەسکەری خستویەتییە بەندیخانەوە**"

(کتێبی د.جەلیل-کەلەمەودوا باسی دەکرێ. ل١٠٤)

ئەلف و بێی دووەم: ئەو ئەلف و بێ لاتینییە کە گۆڤاری (هاوار)ی لەساڵی دووەمەوە پێ نووسراوەو دواتر "**ستێر**"و رۆژانوو و روناهی پێ دەرچووە.

دەتوانین جەلادەت بەدرخان بەداهێنەری ئەم ئەلف و بێیە دابنێن،بەڵێ بەجیاواز یا نزیك لەوەوە چەند (ئەلف و بێ)ی دیکە هەیە، بەڵام هەر ئەمەیان بڵاوبۆتەوە، رەنگە هەندێ تێبینی یا گێڕانەوە لەبارەی ئەم (ئەلف وبێ)یەوە هەبێ، بەڵام دەبێ بڵێین زانایەکی زمانەوانی، زمانزان دایناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بەرپرسیاریی نیشتمانی وای لەخاوەنی هاوار) کردووە، بەتەواوی پێ لەسەر (ئەلف و بێ)کەی خۆی دانەگرێ، تا ئەو (ئەلف وبێ)یە نەبینێ کەتۆفیق وەهبی لەبەغدا دایناوە، کە تۆفیق وەهبی دەچێتە شام و لەگەڵ جەلادەت بەگدا یەکتر دەبینن و ئەنجامی وتووێژ ئەو (ئەلف و بێ)یە

دەچەسپێ کەتا ئێستا کوردیی بەلاتینی پێ دەنووسێ.[٣]

سێیەم: (ئەلف و بێ)ی رووسی یا کریلی، لەراستیدا ئەم (ئەلف و بێ)یەش کەتا ئەم دواییە، لەیەکێتی سۆڤییەت و لە (ئەرمەنستان) کوردیی پێ دەنووسرا تێکەڵە لەنێوان تیپی لاتینی و کریلی (رووسی)دا، هونەری ئەم ئەلف و بێ-یەش هەر لەبەردخانییەکانەوە دەست پێدەکات.

ئەوەتا عەبدولڕەزاق بەدرخان کە لەساڵانی پێش جەنگی یەکەمەوە لەقەفقاس خەریکی چالاکیی سیاسی و بیرووناکی بووە، لەگەڵ دوو رۆژهەڵاتناسی گەورە (مار و ئۆربیللی)دا یەکتر دەبینن و پرۆژەی دانانی (ئەلف و بێ)یەکی کوردی لەسەر بناغەی (کیریلی) دادەنێن و عەبدولڕحمان هەموو ئەو کەم و کوڕییانەی دەردەخات کەلەبەر ئەلف وبێی عەرەبی نووسینی کوردیدا دیارە، بەڵام بەداخەوە عەبدولڕەزاق بەدرخان فریای سەرکەوتنی پرۆژەکەی ناکەوێ لەساڵی ١٩١٨دا لەلایەن دەستەی "تورکیای لاو"ەوە دەگیرێ و بەدارا دەکرێ،[٤] بەڵام ئەو پرۆژەیە دواتر هەر بە ئامۆژگاریی ئۆربیللی لەلایەن عەرەبی شەمۆ ومەرگەلوبۆڤەوە دەبێ بەکتێبی (ئەلف و بێ) و ئیتر لە (ئەرمەنستانی سۆڤێتی)دا رۆژنامەو کتێبی کوردیی پێ دەنووسرێ.

یەکێك لەدەورە گەشە سەندووەکانی ئەدەبیاتی کوردی یان دامەزراندنی قوتابخانەی کلاسیکی ئەدەبیاتی کوردی، بەستراوە بە میرنشینی (بۆتان)ەوە یان بە (ئازیزان)و (بەدرخان)ەوە، زۆرجار ئەو دێرەی (مەلای جزیری)م دووبارە کردۆتەوە کە لەکۆتایی سەدەی شانزەهەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە-بەرای من-)، تا زۆرکەس لەبەریکردووە.

**گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم**
**شەب چراغی شەبی کوردستانم**

ئەم مەلای جزیرییەی وەك گوڵێك لەو باخەی میر زەینەدینەوە دەبێ بەشەو چرای هەموو کوردستان.

**باخێك وی هەبوو ئەمیر زەینەدین**
**باخی ئیرەمی د چوو ب مزگین (ئەحمەدی خانی)**

ئەم مەلای جزیرییە کە پیاوێکی سۆفی و دوورە دنیا بوو، خۆی لەستایشی میری جزیرە بەدوور ناگرێ.

**ئەی شەهنشای موعەززەم حەق نیگەهداریٚ تە بی**
**سوورەتی (انا فتحنا) دەور و مادارێ تە بی**
**نەی تەنێ تەبریز و کوردستان ل بەر حوکمێ تە بن**
**سەر وەکی شاهێ خوراسانێ د فەرواریٚ تە بی**

یا دەلێت:

**خانێ خانان لامعێ نەجما تە هەر پڕ نوور بێ**
**کەشتیا بەختی تە (أن)بایێ موخالیف دوور بی**
**(اية الكرسى)و (انعام) هەیکەلا توخێ تە بن**
**بێ نهایەت پوڕ موراد و بن عەدەد مەنصوور بی**
**پاشی نەوشیروان دبێم دێ حاکمێ عادل توبی**
**میسلی حاتەم دێ ب دانی دەرجیهان مەشهوور بی**
**ما جزیرێ شوبهی دارێ تەختێ هەفت ئقلیم بت**
**هەم ب حوکم وسەڵتەنەت ئەسکەندەر و فەغفوور بی**

پاش لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە بەدڵنیاییەوە لام وایە ئەو خانە یەکێك لەو دوو شەرەفخانەیە کەلەبنەماڵەی (ئازیزان)دا بوون:

**صەف صەف مەدین هیندیی و زەنگ**
**جەنگیز هات، تەیمووری لەنگ**
**خەف وان رەشاندن ل خەدەنگ**
**تەشبیهی تیرێن خان شەرەف**

هەرچی ئەحمەدی خانییە (١٦٥٠-١٧٠٧ز)یە هەرچەندە بایەزیدییە، بەڵام باسی (مەم و زین)ی جزیرەیی دەکات، (لای ئەو هەر دووکیان خەڵکی جزیرەن)، ئەو بەو چیرۆکەی عەشقەوە بووە بە عاشقی جزیرەو رووباری دیجلەو هەر ئەوەش بەرەو باسی میری جزیرەی دەبات و میریش هەر لە (ئازیزان)ە، چونکە خانی شتێك دووبارە دەکاتەوە کەوا باو بوو، گوایە میرانی ئازیزان لەنەوەی خالیدی کوڕی وەلیدن

**ئابائی عیظام و جەدو والید**
**مەنسووب و موسەلسەلێد ژ خالید**

ئەمە لەچەند شوێنی دیکەی (مەم و زین)دا دووبارە بۆتەوە، لێرەدا چەند سەرچاوە ئەوەیان پیشانداوە کە خالیدی کوڕی وەلید هەر کوڕی لەپاش بەجێ نەماوە و وایان لێکداوەتەوە کە ئەمە هەر لەسەر رێی و شوێنی زۆربەی موسوڵمانانی دنیایە کە دەبێ پادشا و میر و سەرکردە بەپشتی کەسێکی پیرۆزی موسڵمان بن و هەریەکە بەجۆرێك ئەوەیان دەرخستووە کە ئەمە وانییە لێرەدا دەمەوێ دووشتی دیکە بخەمە سەر ئەو باسە:

هەر چەندە خانی لەچەند شوێنی دیکەدا ئەو پێوەندییەی میرانی ئازیزانی بەخالیدەوە دووبارە کردۆتەوە دیارە مەبەستی خالیدی کوڕی وەلیدە
"مەسلوول ژ سەلی سەیفی کوفار"

بەلام: یەکەم- بابیرێك لەوە بکەینەوە کە یەکەم میری ئازیزان "**سولەیمانی کوڕی خالید**"ەو ئەوا باپیریان هەر (خالید)ە با لای خانی-مەلای جزیری نا بووەتە (خالیدی کوڕی وەلید).

دووەم: چەندجار لە (رەوشەن خان)م بیستووە لەزمانی جەلادەت بەگ-ەوە (ئیتر من بەنووسین نەمدیوە-کەرەنگە نووسرابێتیش) کەوا میرەکانی (**ئازیزان**) لەعشرەتی (خالتی)ن کە عەشرەتێکی یەزیدییە، بەلام کە موسوڵمان بوون ئەوا بۆ شاردنەوەی ئەم بنەچەیە-کە دیارە ئەوسا هۆی تانوت بووە-کردوویانە بە (خالید)ی، ئەمەش لەگەڵ هێرشی بەدرخان بۆ سەر یەزیدییاندا، ناکۆکیی نییە، چونکە ئەو هێرشەی بەدرخان بۆسەر نەستووری و یەزیدیی لەسەر باج نەدان بووە، کە کاتی خۆی وەك (ئەهلی ذیمە) بەسوڵتانیان داوە.(٦)

باسی بەدرخانییان گەلێك پەردەی دیکەی هەیە:

١.لەسەرچاوەکاندا دەبینین کە بەدرخانی ئەنجومەنی بنەماڵەیان هەبووەو کاریان بەراوێژ بووە، لەوێدا زۆرتر کچانی بنەماڵەش بەشداربوون، چەند ئافرەتی بەتوانایان تێدا هەڵکەوتووە.

٢.هەمیشە کۆششی یارمەتیی نەدارانی بنەماڵەیان داوە، لەهەر کوێیەك بووبن.

٣.کە ئێستا بەچاوێکی کراوەترەوە سەیری کۆششی کۆن و پێوەندی بەدەوڵەتانەوە دەکەین، دەبێ بەچاوی بەرز گرتنەوە سەیری کۆششی بەدرخانییەکان بکەین کەسەریان بەکۆشی هەموو دەوڵەتاندا کردووە بۆ کورد و بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

٤.لەمێژووی بەدرخانییەکاندا چەند شەخسیەتی گەورە هەیە، کە دەبێ باسی هەریەکەیان-لەباری چالاکیی سیاسی و ئەدەبی و زانستییەوە باسی تایبەتی یا کتێبی تایبەتییان بۆ تەرخانکرێت.

بۆ نموونە:

عەبدولرەزاق بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، د.کامەران بەدرخان، کامیل بەدرخان، رەوشەن بەدرخان، ...هتد.

لەهەندێك سەرچاوەدا ناو و باسی (کامیل بەدرخان)م دیوە، لێرەدا دەمەوێ ئەوە بگێڕمەوە، کەمامۆستام لەباکۆ ١٩٦٠-١٩٦٣ پرۆفیسۆر موباریز عەلی زادە، کە عەمیدی کۆلێجی ئەدەبیات بوو، باسی ئەوەی بۆ کردم کە دەیان ساڵ لەوەپێش کامیل بەدرخان لە تبلیسی (تفلیس) دەرسی ئەدەبی پێ وتووە، پرۆفیسۆر عەلی زادە دەیوت: فارسی و تورکی باش دەزانی و باسی ئەدەبی ئەو دوو زمانەی بۆ دەکردین و هەندێك جار شیعری کوردیی بۆ وەردەگێڕاین و کۆمەڵێك دەستنووسی شیعری کوردی هەبوو.

وەك دەزانین، کامیل بەدرخان لە ٢٩ی نیسانی ١٩٣٤دا لە تبلیس کۆچی دوایی کردووەو لەوێ نێژراوە، بەلام چۆن بەدوای ئەو دەستنووسانەدا بگەڕێین و چۆن دەستمان بکەون.

بۆ ئێمە-بۆ ئەوانەی ئالۆدەی شیعری کوردین، رەنگە فەسڵێکی تەواو لەم باسانە بۆ "**بەدرخانیان و شیعر**" تەرخان بکەین، ئەویش بکەین بەدوو بەشەوە: شیعری بەدرخانییەکان خۆیان، ئەمین عالی، عەبدولرەزاق، کامیل، جەلادەت، کامەران. هەر لۆریا بەدرخان، واتە (لایلایەی بەدرخان)(٧) کە شیعری جەلادەت بەگە، بۆ سەرناو بۆ چەند پارچەی دیکەی (عوسمان سەبری و قەدری جان)، قەدری جان چەند پارچە شیعری بۆ بەدرخانییەکان و جەلادەت بەگ هەیە، تا دەگاتە سەر ئەو شیعرانەی بۆسەر کێلی قەبرەکەی ئەوی نووسیوە ئەمانەی بۆ بەدرخانییەکان نووسراون زۆرن، دەتوانین ناوی جگەرخوێن و ئەحمەد نامی و مستەفا ئەحمەدی بۆتی و ئەسیری بێنین و بگەینە سەر پارچەی (بۆ مەفکوورەی بەدرخانییەکان)ی گۆران و هەموو ئەمانە ببنە کەرەسی رەنگدانەوەی ناو و کاری بەدرخانییەکان لەشیعری کوردیدا.

**پەراوێزەکان:**

١.رۆژی کورد، ١٩١٣، ئەستەنبوڵ، ژ٢، ل١٢.

# بکارهینانا ئەلف و بێ یا

# میر جەلادەت بەدرخان چارە رێیا زمانەکێ ئێکگرتییە


بەیان ئەحمەد حسێن*



**پوختە:** ئەلف و بێ یا زمانێ کوردی لدرێژاهیا مێژوویێدا بچەندین فورما هاتیە نڤیسین و ئەو ئەلف و بێیا کو هەتا نهو یا بەردەوامە ئەلف و بێیا پیتێن عەرەبیێیە لێ ئەو ئەلف وبێیا دشێت گەلەك ژ ناریشێن زمانێ کوردی چارەسەرکەت ئەاف و بێیا پیتێن لاتینیێیە و ئەڤ فەزلە ژی بۆ بنەمالا بەدرخانیا بتایبەتی میر جەلادەت بەدرخان (١٨٩٤–١٩٥١ان) دزڤریت.


## ئەلف و بێیا کوردی بەری بکارهینان ئەلف و بێیا لاتینی[١]

مەبەست ژ ئەلف و بێیا هەر زمانەکی کەواتە "ئۆرتوگرافی **Orthography**" وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانە واتا "**رێنووس**"ی زمانەکەیە[٢]، کەواتە ئەو رەمز نیشانەنە کو بۆ دەنگێن هەر زمانەکی دهێنە دانان. بەری بەحسێ رێنووسا زمانێ کوردی بکەین پێدڤییە رەه و ریشالێن ڤی زمانێ بزانین سەبارەت بنج وبنواشین زمانێ کوردی گەلەك بیرورا هەنە گەلەك د وێ باوەرێدانە کو زمانی فارسی هاتیە وەرگرتن لێ مینورسکی دبێژیت: "**زمانی کوردی لە زمانە ئێرانییەکانە و لە فارسییەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە، وە یاسای فونەتیکی تایبەتی خۆی هەیە پێوەندی یا ڤی زمانێ لگەل فارسی وەك پێوەند یا زمانێ صربی "سربی" یە لگەل رووسی یا وەك پێوەندیا زمانێ ئەدەبیێ سویسراییێن چیاییە لگەل زمانێ ئیتالی**"[٣]، و ئەگەر بەحسێ خێزانا زمانێ کوردی بکەین د زڤریتە لسەر زمانێن هیندو ئاریایی هەر وەکو مینورسکی دوێ باوەرێ دایە کو هەمی شێوەزارێن کوردی دزڤرنە زمانەکی کور ئەو ژی زمانێ مادە و هۆزێن کوردی ژی لدویف زمان خو چێدبیت ژ هۆزێك هیندو وئاریاییا بن[٤]. هەروەسا ئەگەر لرەه و ریشالێن زمانێ "**مادی–میدی**" یا بگەرێین دێ هیتە زمانێ پەرتوکا "**ئاڤێستا**" ئەوا زەردەشتی نڤیسی و لدویف ژێدەرێن مێژوویی دیار بوویە کو زەردەشت داهێنەرێ ئایینی مەزدایەتیێ ل ناوچا ماد "**کوردستانا ئەڤرۆ**" ژ دایکبوویە و ب زمانێ خەلکێ ڤێ دەڤەرێ ئاخفتییە و پەیوەندییەکا بەتین دناڤبەرا زمانی "**کوردیا کەڤن**" و زمانێ کوردیێ ئەڤرۆ "**کوردیا نوێ**"[٥] دا هەیە و هەروەسا هاتییە زانین کو فارسا پشتی "**ماد**"ا بۆ ماوەیەکی زور ئایینێ زەردەشتیا وەرگرتییە...و ل سەردەمێ شاپوورێ دووێ ئایینێ زەردەشتی کریە ئایینێ رەسمیێ دەولەتێ[٦]. هەروەسا سەبارەت ئەلف و بێیا کوردی بەری ئیسلامی هاتییە زانین کو نێزیکی ٣٠ پەرتوکا ب رێنووسەکا سەربەخۆ ژلایێ هندەك کەسێن خودان هزر و شیان هاتینە بکار هینان کو "**احمد بن ابی بکر بن وحشیه النبگی الکلدانی**"د پەرتوکا خو "**شوق المستهام فی معرفه رموزا الاقلام**" ٨٥٦م دا دان بڤێ چەدێ دایە کودی بخو دور پەرتوکێنبڤێ ئەلف و بێیێ هاتینە نڤیسین وەرگێراینە سەر زمانێ عەرەبی[٧]. گەلێ کورد ژی وەکو گەلەکێ موسلمان پشتی هاتنا ئایینێ ئیسلامێ ئەلف و بێیێن عەرەبی بکارهینانینە و ئەو دەستنووسێن[٨] کەڤن یێن گەفتینە بەردەستێ ڤەکولەرا زۆربەی زۆریان بەخەتی عەرەبی و لەسەر رێنووسی "**شکستە**"ی فارسی نووسراونەتەوە،

کەمەیەکی کەمی ئەو نووسینانە بەخەتی سریانی و کەمتریش لەوە بەخەتی ئەرمەنی نووسراونەتەوە[٩].
خەلیل خەیالی[١٠] دهێتە هژمارتن ئێم هزرمەند و دامەزرێنەرێن ئەلف و بێیا کوردی ب پیتێن عەرەبی کو هەتا نهول وردستانا عێراقیێ و ئیرانیێ دهێتە بکارهینان ناڤێ پەرتوکا وی لژێر ناڤێ **"الفبای کرمانجی"** کو ل سالا ١٩٠٩ چاپ بوویە[١١]. ئەڤ ئەلف و بێیە ل پارچێن دیێن کوردستانێ[١٢] گەشەکر چ ژ دەرکرنا گۆڤار و رۆژنامە و هەروەسا پەرتوکێن تیبەت ب ئەلف و بێیا زمانێ کوردی هاتنە چاپ کرن بۆ نموونە **"مختصر صرف و نحوی کوردی"** یا **"سعید صدقی کابان ١٩٢٨"** و پەرتوکا **"دەستووری زمانی کوردی-دانانا تەوفیق وەهبی ١٩٢٩"**[١٣].

## قۆناغێن بکارهینانا ئەلف و بێیا لاتینی ل رێنووسا زمانێ کوردیدا

لپەی ئەو ژێدەرێن بۆ ئەلف و بێیا لاتینی ل رێنووسا زمانێ کوردیدا هاتینە چاپ کرن دشیێن دوو قۆناغا دەست نیشان بکەین کو هەر قۆناغەکێ ل گور دەم و جد و تایبەتمەندیێن خوە هەنە:
١-قۆناغا بەری بزاڤێن میر جەلادەت بەدرخان ١٩١٣-١٩٣٢.
٢-قۆناغا میر جەلادەت بەدرخان ١٩٣٢-١٩٤٣.

**١-قۆناغا بەری بزڤێن میر جەلادەت بەدرخان ١٩١٣-١٩٣٢.**

بەری شەرێ جیهانیێ ئێکێ هەولێن بکارهینانا ئەلف و بێیا لاتینی ژ لایێ هندەك کۆمەلێ و کەسایەتێن کورد و بیانی ژ بۆ رێنڤیسا زمانێ کوردی هاتنە کرن بۆ نموونە **"فائز بك"**[١٤] و **"عبدالله جودت"**[١٥] ل سلا ١٩١٣ گوتارێن تایبەت ب رێنڤیسا زمانێ کوردی ب پیتێن لاتینی نڤیسینە. لێ ئەو بزاڤێن وزەکو پەرتوك دڤی بواریدا هاتینە ئەنجامدان دشیێن بۆ ئێکەم هەول ئاماژە ب **"ئی.بە. سون"** کە حاکمێکی سیسای بو لەسولیەمانی زۆر شارەزای زمانی فارسی و کوردی بو، لەساڵی ١٩١٣دا لەبابەت گرامەرەکەیە:

**[GRAMMER OF KURMANJI OR KURDSISH LANGUAGE]**
**BY: E.B.SOA. 1913**

دەڵێت: کوردەکان لەهەموو نووسینەکاندا، پیتی عەرەبیان بەکارهێناوە، ئەمانیش وەك گەلە موسڵمانەکانی تر، چۆنیان ویستووە دەسکارییان کردووەو گۆڕیویانە ئەلف و بێی عەرەبی، بەتایبەتی پیتە دەنگدەرەکانی و نیشانەیان، بەتەواوی بە کەڵکی دەربڕینی دەنگی کوردی نایەت، هەروەا ژمارەش ناتەواو، لەبەر ئەوە نابێ مرۆڤ بەپیتی عەرەبییەوە خۆی خەریك بکات و کوردی پێ بنووسێت. بۆ نیشان دانی دەنگی کوردی، پیتی عەرەبی ناگاتە پیتی ئینگلیزی[١٦].
هەروەسا ل سالا ١٩١٩دا د.ل. او. فوسوم **L..O.FOSSUM** دەستوورێك زمانی کوردی بەئینگلیزی دانا، بۆ میسالەکان خەتی عەرەبی بەکارهێناوە[١٧]. تاکو ل سالا ١٩٢٠ دا مامۆستا موحەممەد زەکی و میرزا موحەممەد باشقە ئەلف و بییەکی کوردییان بەپیتی لاتینی بڵاوکردەوە، بەناوی **"کتابی اولمینی قرائەتی کورد**

KTABI AWALAMINI QIRAATI KURDI

لە چاپخانەی حکومەت لەبەغدا چاپیان کرد، ئەم قرائەتە سێ لاپەڕە بوو، بەفارسی و تورکی بەپێی دەنگ تەغریفی پیتەکانییان کردووە، ئەوا لەژێرەوە دەی نووسین:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **A** | **B** | **C** | **D** | **E** | **F** |
| ێ | بی | سی | دی | ئەی | ڤی |
| **M** | **N** | **O** | **P** | **Q** | **R** |
| ئەم | نی | ئۆ | پی | قا | ری |
| **CH** | **DH** | **GH** | **KH** | **SH** | **TH** |
| چی | ژی | غا | خا | ش | پی |
| **G** | **H** | **I** | **J** | **K** | **L** |
| گی | هی | ئی | جی | کی | لی |
| **S** | **T** | **U** | **W** | **Y** | **Z** |
| ئێس | تی | ئو | وە | یی | زی |
| **ZH** | | | | | |
| ژە | | | | | |

کاربەدەستانی ساڵی ١٩٢٠ کە حاکمی سیاسی **E.B.SOAN** و کابتان**W.J. FARREL** فاریل بوو،ئەوان تەرتیبی ئەم ئەلف و بێیەیان کردبوو[١٨].
هەروەسا ئێرڤانی چەندین کەسانێن رەوشەنبیر و زمانزان هەبووینە کو خزمەتا زمانێ کوردی کریە و ژ وانا ماموستا **"حاجی جندی لەساڵی ١٩٣١"** داقرائەت

"کتابا ئـەلفا KTEBA L6BA" ی بـەلاتینی – رووسی–فەڕەنسی دانا وەك لەژێرەوەئـەلفو بێیـەکی نیشان داوە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| a | b | t | h | x | c |
| ا | ب | ت | ح | خ | ج |
| f | v | q | k | g | l |
| ف | ڤ | ق | ك | گ | ل |
| 6 | o | c | e | y | U |
| بزوێنی کوردی | ئە | یٚ | ئیٚ | ئو | و |
| d | r | z | z | s | s |
| د | ر | ز | ژ | س | ش |
| m | n | p | j | o | i |
| م | ن | پ | ی | ۆ | یی |

٢–بزاڤێن میر جەلادەت بەدرخان[٢٠] ١٩٣٢–١٩٤٣ز.

پشتی مـیر جـەلادەت بـەدرخان لـسالا ١٩٣٢ ژ بـواریٚ رامیـاری د کۆمـەلا خۆیبـوون[٢١] دا ڤەکێـشایی بـەرەڤ بـواریٚ رەوشـنبیری ڤـە چـوو و ئەڤـدویٚ چـەندی ناگـەهینیتکۆڤی بنـەمالیٚ دەسـت ژ کـارێن رامیـاری بەردایـنە بـەلکو بـزاڤێن وان د چـوار چـۆڤی کـارێن رەوشەنبیرێن واندا دیاردبن[٢٢].

جـــەلادەت بـــەدرخان د مــــاوەی ١٩٣٢–١٩٤٣ بشێوەیەکی بەرچاڤ و ژهەژی بشەداری د گەشـەکرن و بـەلاڤکرنا پێزانینـا و هـزرا نەتـەوەیی دانڤبـەرا کـوردا کریـە و ژ بـزاڤێن و یـێن رەوشـەنبیری دڤـی ماوەیـدا دسیٚ خالان دا دیاردبن:

١.بەرهەڤکرنا ئەلفوبێیەکی کوردی ب پیتێن لاتینی
٢.دەرکرنا گوڤارات هاوار ١٩٣٢–١٩٤٣
٣.چاپکرتا هژمارەکا باش پەرتوکێن رامیاری و زمـانی و ئەدەبی[٢٣]

ژ ڤـان خـالا دیاردبیـت کـو بەرهـەڤکرنا ئالفوبێیـەکا کـوردی ب پیتێنلاتینـی ب مـاوەی دەرچـوونا گوڤـارا هاوار ١٩٣٢–١٩٤٣ ڤە گرێدایە چونکی مـیر جـەلادەت ئـالی بـەدرخان ئـەلفابایا کـوردیٚ پارچـە پارچـە د "هــاوار"یٚ دە وەشــاندیە و پاشــیٚ ژی ئــەو وەکــی کتێبۆك دەرێخستییە[٢٤].

ئـەلف و بیٚـیا لاتینـی یـا مـیر جـەلادەت بـەدرخان ژ گـرنگترین کـارێن ویـێن رەوشـەنبیری مـە و چـێدڤیت زانینــا زامنــێن بیــانی ژبلــی کــوردی و عــەرەبی هاریکاریاوی گربیت دنڤیـسینا ڤـیٚ ئـەل و بێیـا دا ئـەڤ ئـەلف و بێیـە **(Rezana Elfu beya kurdi, sam,) 1932** بناڤیٚ میر هـەرەکول ئـازیزان و ل سـالا ١٩٣٢ ل شـامیٚ چـاپ بـوو. ئـەڤ بەرهەمـە بەرهـەمیٚ زەحمـەت و وەسـتیانا ١٣ سـالانە و جـەلادەت بخـو بەسیٚ وان قۆناغا دکـەت کـە ئـەڤ ئـەلف و بیٚیـە تیٚدا دەرباز بـوودی تـا بـشێویٚ بەردەسـت هاتیـە دارژتـن، ئەڤجا وەسا دیاردبین کە ئەڤ لێگەریا بە دڤرتیـە سـالا ١٩١٩کەەواتـە ١٠سـالٚ بـەری **"ئینقلابا پیتـا–هـەرف ئینکلابیٚ"**[٢٥] ئەوا مستەا کەمال ئەتاتورك ل ٩ی ئابی ١٩٢٩ راگەیاند کو دڤێـت دنیـسڤێنداەپیتێن لاتینـی ل شوێنا پیتێن عەرەبی **"عوسمانلی"** بهێنە بکارهینـان، کەواتە میر جەلادەت بەدرخان لاسـاییا بزاڤـیٚ نەکریـە بەرو ڤاژی ئاخافتنا مصگفی نـەریمان دەمـیٚ دبێـژیت: **"ئەم پیت گۆڕینـەی تـورك لـەناو کـوردی خۆشمانـدا دەنگی دایەوە لەپێش هەموو کەسێك بەدرخانییەکانی ئـاوارەی دەسـتی تورکیزمـەکان و عوسمانیٚیـەکان دەسـتییان دایـە شـوێن پـیٚ هـەلگرتنی تورکـەکان چ لەبەیروت و چ لەشامدا..."**[٢٦].

سەبارەت پێکەم هزر پێنگاڤ بو دانانـا ئـەلف و بیٚیـا لاتینی میرجـەلادەت بـەدرخان دبێـژیت، دلـسالا ١٩١٩ دەمـەدا بـوو چیاییٚ مەلـەتییٚ، ئـەم کـەتی بـوون نـاڤ ئەشیرا رەوان، مێجەر نۆبێل **"ئینگلیـزەك"** ژی دگـەل مەبوو، مێجـەر زاریٚ نیڤـر و دزانـی بـۆ و دخـەبتی کـو هینـی زاریٚ بـاکوور ببـە، ئـوو ژ خـوە ەهەتێـشت دنڤیساندن مـن ژی هـن مەهـدەلوك، سـتران و چـیرۆك بەرهەڤکرن........

ژبەر مو مێجەر ب هـەرفێن لاتینـی، لیٚ مـن ب هـەرفێن ئەربی دنڤیساندن. سەر ڤیٚیەکی د جە دەمـن قـەرارا خـوەدا ئـوو ژخـوەرە ب هـەرفێن لاتینـی ئەلفابیٚیـەك لێکانی[٢٧].

جــەلادەت بــەدرخان پــشتی چــەندین لێگــەریان و ڤەکۆلینا گەهـشتەویٚ چـەندیٚ کـو پیتـێن کـورد (٣١) پیتـێن سـەرەکی نـە و بـۆ هـەمی دیـالێکتێن کـوردی بێکرد هین چونکی دی دەنگێن هەمی زاراڤـێن کـوردی باش ناس دکرن و باش دزانی کـا چ تەهـسرا دەنگانیـا زمانێن بیانی ل دەنگانیا کوردییٚ بوویە[٢٨].

ئەڤ پیتـە دهـژمارا (١) گۆڤـارا هـاوار ل سـالا ١٩٣٢ دا چاپکرن، شیکا کوردی یا گۆڤـارا هـاوار ژ (ژ١–٢٣) ب ئەلف و بیٚیا لاتینی و عەرەبی دەرکریـە لیٚ ژ (٢٤) تـا ژ (٥٧) کـور دوماهیـك ژمـارە بـوو ب ئـەلف و بـێین لاتینی چاپ بوویە ئەو خالا بەرچـاڤ و سـەرنج راکـێش

ئەوە کو د ژمارێن (١–٢٣) پیتا **K** بۆ دەنگی **[ق]** و پیتا **Q** بۆ دەنگێ **[ك]** هاتینە لێ دژمارێن دی دا ئـەڤ دوو دەنگە پێکگوهرین[٢٩]. پشتی کو پێشنیارنامەك ژ علی سیدو گورانی گەهشتیە جەلادەت بەدرخان[٣٠].

ئەڤجا ئەلف و بێیا میر جەلادەتی پشتی راستەڤەکرنا ناوان دوو دەنگا ئەڤە:

**"ئەلفا کوردی ژ سە و یەك هەرفان دودانێیە":**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| a | b | c | c | d | e |
| e | f | g | h | i | i |
| j | k | l | m | n | o |
| p | q | r | s | s | t |
| u | u | v | w | x | y |
| z | | | | | |

هـەرف ددەنگـدایێ دە دو تـەخلیتین: دەنگـدێر و دەنگـدار **"ڤـاول و کونـسونانت"** د زمـانێ کـوردی دەهەشت دەنگدێر هەنە:

**a, e, e, i, i, o, u, u**

لەو راکۆ دەنگادنیـا کـوردی دە دەنگدێرەك گـەه کن **"کـورت"** و گـەه درێـژ نابـە، دەنگـدێێن.کـوردی د درێژاهیا دەنگێن خوە دە سەرسەکنی نەکن و درێژن دەنگدێرن کن **"ڤاولێن کورت"**: **e, i, u**

شەر شر ser و دەر در[٣١] der e:

(**i**): بەرامبەر (ــِ) یا عەرەبێدانبە لێ دبنیاتـدا ئـەڤ دەنگە (ــِ) بەرامبـەر هـەردوو دەنگێن (**L** + **i** ) کـو پتر بەرەڤ دەنگێ دی، دچیت و دەنگی ( **i**) دەنگەکێ کوردێیە وەکی:

(استعارە – ئیستیعارە) (استعمار)

**Isti’are** **Isti’mar**

**Mirdin** (مردن) **Kirin** (کرن)

و نموونێن خوارێ هێنایـنە:–

**L**: **bin** (بن) **din** (دن) **kin** (کن)

**u**: بەرامبەر (ــُ) یا عەرەبێیە وەك:

(کـول) (کُـل) **kul**و (کـور) (کُـر) **Kur** (کـورد)

**kurd** (کُرد)

دەنگدێرێن درێژ (ڤاولێن درێژ):

**a: av** (اڤ) (ئاڤ) **sar** ( (سار)

**e: der** (دیر) (دێر) **Ser** (شیر) (شێر)

**i**: (ئێ) بەرامبەر دەنگی دزمانێ عەرەبیدا نینە

**i: tir** (تیر) **ziv** (زیڤ)

**O**: بەرامبەر ڤی دەنگێ دزمانێ عەرەبیدا نینە

(کۆر)[٣٢] (کور) **kor** (سۆر) (سور) **sor**

**o:** **dor** (دور) (دۆر)

بەرامبەر دەنگێ (وو)یا عەرەبێیە

**u: kur** (کور) (کوور) **sur** (شور) شوور

سەبارەت دەنگێن کونسونانت ژی دبێژیت:–

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **b:** | **bar** | بار | **bav** | باڤ |
| **c:** | **Car** | جار | **Can** | جان |
| **c:** | **Car** | چار | **Cun** | چوون[٣٣] |
| **f:** | **Fanos** | فانوس | **Filan** | فلان |
| **g:** | **Gav** | گاڤ | **Gis** | گش |
| **h:** | **Him** | هیم | **Heja** | هێژا |
| **j:** | **Jin** | ژن | **Jor** | ژۆر |
| **k:** | **Ka** | کا | **Ker** | کەر |
| **l:** | **Lo** | لۆ | **Law** | لاو |
| **m:** | **Mar** | مار | **Mej** | مێژ |
| **n:** | **Nan** | نان | **Nerm** | نەرم |
| **p:** | **Par** | پار | **Por** | پۆر |
| **q:** | **Qir** | قیر | **Qenc** | قنج |
| **r:** | **Re** | رێ | **Re** | روو |
| **s:** | **Sar** | سار | **Sebat** | سەبات |
| **s:** | **Sor** | شور | **Sev** | شەڤ |
| **t:** | **Ter** | تێر | **Taqet** | تاقەت |
| **v:** | **Vaji** | ڤاژی | **Vala** | ڤالا |
| **W:** | **war** | وار | **Weris** | وەریس |
| **X:** | **Xani** | خانی | **Xwarin** | خوارن |
| **Y:** | **Yar** | یار | **Yek** | یەك |
| **Z:** | **zor** | زۆر | **zabit** | زابت |

سـەبارەت دەنگـێن (ح و غ) دبێـژیت: ژڤـان پێڤـەد و هەرمنێن بیانی هەنـە کـۆ بـرەك ژ کـوردان وان دبێـژن لـەورا کـو ئـەو هـەرفێن هـاو ئەسـلێ خـوە دەنـە کوردێنە، مەنەو نێسختنە ناڤ ئەلفابییا خوە. ئـەو ژی (ح) و (غ) نە مە ئەو دوو هەرف ب دانینا دو دەقـەئان لسەر (**h**) و(**x**) نیشان کرنە.

غار **xar** **x: y** حال **hal** ح **h:**

هەروەسا ئاماتژە بهندێ دایە کو هندەك پیت د زمانێ کوریـداد نـین (چ، ص، گ، ڤ، پ، ژ)و کـورد ژ زمـانێ عەرەبی وەرگرتییەو بڤێ رەنگێ دبێژین:–

پیتێن کو کوردا ژ عەرەبا وەرگرتین

| عەرەبی | کوردی |
| --- | --- |
| چ | د |
| ص، پ | س |
| گ | ت |
| ڤ، ژ | ز[٣٤] |

ژ ئامانجا و دروشمێن گوڤارا هاوار خویا دبیت کو مەبەستا ئەو بوویە کومەک ژ نڤیسەر و هۆزانڤان و زمانزانا لدور خو کوم کەت لیٚ کەسیٚ وەکو براو هەڤال هاریکاریا برایێ خو کریە د بەلاڤکرنا ئەلف و بێیا لاتینی و دەرکرنا گوڤارا هاواردا (**کامیران بەدرخان**)[٣٥] کو ل سالا ١٩٣٣ بئەرکێ فێرکرنا ئەلف و بێیا لاتینی رابوویە[٣٦]. و چەندین گوتار بوڤیٚ گوڤاریٚ (**هاوار**) نڤیسینە و زێدەباری هندیٚ چەندین پەرتوک بڤیٚ ئەلف و بێییٚ دەرکرینە وەکو:

**Dile kure nun, دمشق-1933 ,(هۆزان)**

**Elfa beya kurdi, دمشق-1937 ,**

**xwendina kurdi, دمشق-1938 ,**

**Elf beya min, دمشق-1938 ,**[٣٧]

هەروەسا دوماوەی بەلاڤکرنا ئەلف و بیٚ یا لاتینی بەدرخانیا "**تۆفیق وەهبی**)ش لەعێراق جۆرە ئەلف و بیٚیەکی لاتینی "**خوێندەواری باو، بەغدا، ١٩٣٣**) بۆ نووسینی کوردی هێنایە کایەوە، کەلەرووی ئرتۆگرافیەوە بەزۆری لاسایی ئەلف و بێیە ئینگلیزی کراوەتەوە. ئەم ئەلف و بێیە لەساڵی ١٩٤١وە لەگۆڤاری گەلاوێژدا اناوبەناو بلاّودەکرایەوە، ئەوی راستی بیٚ ئەمە کارێکی زۆر خراپ بوو، چونکە دەبووایە وەهبی و بەدرخانیەکان پێکەوە هاوکاریان بکردایە و ئەلف و بێیەکی یەکگرتوویان بۆ زمانەکە دابنایە[٣٨].

هنەک بیرورا دەربارەی ئەلف و بیٚ یا میر جەلادەت:-

ماموستا جەمال نەبەز دبێژیت: ئەلف و بێی بەدرخانی، بەشێوەیەکی گشتی پڕ بە پڕی دەنگەکانی شێوەی کرمانجی ژووروەوە، بەلاّم کە بمانەویٚ کرمانجی نێوەراست و ژێرووی پیٚ بنووسین، دەبینین هێندیٚ ناتەواوی هەیە وەک ئەوەی (ر)ی قەلەو و (ل) ی قەلەوی تێدانییە[٣٩]، ئەگەر جەمال نەبەز ڤان دەنگا دەنگە ل (ك.خ) بتنیٚ بهەژمێریت ناکوکییەك دکەڤیتە ڤیٚ چەندیٚ، چونکی ئەڤ دەنگە ل (ك.س) بتایبەتی ل پارچا کوردستانا عێراقیٚ دهێنە گوتن و گەلەك پەیڤ هەنە ئەڤ دەنگە تێدا هەنە هەروەسا (ر) دگەلەك پەیڤادا دبیتە ئەگەریٚ گورینا رامانا پەیڤیٚ ئەگەر (قەلەوی-گرانی) نەهێنە درکاندن وەکی:

| | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| دڕ | **Dir** | در | **Dir** |
| گەڕ | **Ger** | گەر | **Ger** |

هەروەسا دەنگی (ل) قەلەو دهندەك پەیڤێن کرمانجیا سەرێدا دگەل پاراستنا رامانا پەیڤیٚ وەکی:

لال **lal** لاڵ **Lal**

هەروەسا سەبارەت ئارازیٚ پەیوەندی نابیت بتنیٚ ب (**u**) دوو پەیڤ پێکڤە بهێنە گرێدان و ئامراز ب پەیڤا بەری ویٚ ڤە پەیوەندە، ئەگەر دووماهیا پەیڤیٚ دەنگیٚ (-c کونسونانت) بیت دڤیت ئامرازیٚ پەیوەندی

(-**u**و) بیت وەکی: **Mem u Zin**

و ئەگەر دەنگیٚ دوماهییٚ ژ پەیڤیٚ (-**v**ڤاول) بیت دڤیت ئامرازیٚ پەیوەندی (-**w**و) بیت و ئەڤ دەنگە د ئاخافتنیٚ دا ب ئاسایی خویا دبت وەکی دەنگیٚ (-**w**و)یە و نابیت دو (ڤاول) لدویڤ ئێك دابهێن د زمانیٚ دا:

بۆنموونە: براو برازا **Biraw biraza**

-بتنیٚ ئامرازیٚ (-**u**وو) د ئەلف و بێیا بەدرخانیا داخویا دبیت بۆ نموونە میر جەلادەت دبێژیت:-

**Her di dangdayiye de du texlit in: dengder u dengder.**[٤٠]

هەرف د دەنگدانیٚ دو دوو تەخلیتن: دەنگدێر ئوو دەنگدار

د.کامیران د گوتارا (ئەدەبیاتا وەلاتی)دا درێژکەکیٚ دا دبێژیت:-

**Ciqo milet ji wan qite bare guhnedida u xebata wan mirovan berxudar nedi bun**[٤١]

- و هەتا ئەگەر پەیڤ بهیٚ،ە برگە کرن بجوانی ئەڤ دەنگە دیاردبن کو دڤێت چەوا لدەف ئێك رێزبن.

بکارهینان ئەلف و بیٚ یا لاتینی چارەرێیا ئێکگرتنا زمانیٚ کوردییە:

مەبەستا ژ ئەلف و بێیا لاتینی بگشتی و ئەلفو بێیا میر جەلادەت بتایبەتی چونکی دەڤێت ئاماژە بهندیٚ

بدەین کو ئەڤ ئەلف و بیٚ یە سەرەڕای کێم و کاسیا بەریٚ بنیاتیٚ زمانەکیٚ ئێکگرتیێیە زێدەباری هندیٚ کو **"فیلۆلۆژەکانی هەموو جیهان ئێستا لەسەر ئەو باوەڕەن کە یەك بوونی سێ شت لەچەند دیالێکتێکی زماندا ئەو زمانە ئەکات بەزمانێکی یەکگرتوو"** ئەم سیٚ شتانەش ئەمانەن:

(١.گراماتیکی زمان.

٢.فونەتیك.

٣.بنەڕەتی فەرهەنگی زمان)(٤٢)

ئەگەر گراماتیکا زمانیٚ کوردی بتنیٚ ئاستەنگەك بیت بۆ ڤیٚ کێشیٚ لیٚ هەردوو خالێن **"فونەتیك و بنەڕەتی فەرهەنگی زمان"** دبەهرا پترا شێوەزارێن زمانیٚ مەدا هاریکارن لیٚ ئەو خالا گرنگ رێنڤیسا ڤان دەنگانە کو **"سەرنجدانێکی هووری ئەم باسەی سەرەوە بۆمان دەردەخا کە زمانی کوردی هێشتا ئەلف و بێیەکی نییە دڵی پێی خۆش بیٚ، چونکە جگە لە ئەلف و بیٚیەی لاتینی هەموو جۆرە ئەلف و بێیەکانی دی هەر چەندیٚ دەستکاری بکرێن و رێکبخرێن لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی و پێویستی یەکانی ئەم سەدەیدا ناگونجێن لەبەر ئەوە ئێمە ناچارین هەوڵ بدەین خۆمان لەپاشگەردانی رێنووس دوور بخەینەوە بە بەکارهێنانی ئەلف و بێیەکی نویٚ بێجگە لەوەش بەرساتی دەبیٚ لەو نوختەیەو دەست پیٚ بکەین، کە ئێمە تەنیا بۆ دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی یا بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق نانووسین بەڵکو دەمانەویٚ زمانێکی ئەدەبی وا بهێنبنە بەرهەم، کە یەکگرتوو بیٚ لەرووی رێنووس و رێزمان و دەنگ و فەرهەنگەوە بۆ تەواوی گەل"**(٤٣).

بۆ پێکگەهشت و تێگهشتنا خوێندەوارێن هەمی دیالێکتێن زمانیٚ کوردی پێویستە **"ئەو پیتە لەبارو بەجێیانە هەڵبژێردرێن کە لەگەڵ تایبەتەییەکانی زمان و نووسینی کوردی دا دەگونجێت"**(٤٤).

زێدەباری ڤان بیرورایا چند هوکارێن دی هەنە بۆ بکارهێنا پیتێن لاتینی

١.بۆ ژێك جودا کرنا هەردوو دەنگێن (و)، (ی) کو د رێنڤیسا پیتێن عەرەبی د ژێك ناهێنە جودا کرن لیٚ د رێنڤیسا لاتینی دا بجوانی ژێك جودا دبن دەمیٚ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| أ | و - V | u | کورد | Kurd |
| | و - C | w | وار | War |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ب | ی - V | i | شیر | Sir |
| | ی - C | y | یادگار | Yadgar |

٢.هەروەسا دەنگیٚ (I-) برزوکە کو د رێنڤیسا عەرەبیدا دیار نابیت و گەلك جار خوێندەڤان-قوتابی لدەمیٚ برگە کرنا پەیڤیٚ دکەڤیتە ئاستەنگیٚ لیٚ د رێنڤیسا ئەلف وبیٚ یا لاتینی دا بئاشکرایی دیارە وەکو ڤاولەکیٚ کورت.

ئەڤجا بە **"بەکارخێنانی پیتی لاتینی ئەم ڤاولە کورتە هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست ناکات، چونکە لەئەلفو بیٚ ی لاتینی دا وێنەیەکی ئامادەکراوی تایبەتی بۆ ئەم ڤاولە هەیەو بەبیٚ هیچ سەر لیٚ شێواندنێك لەزمانی کوردیدا بەکار ئەهێنریٚ"**(٤٥)

**بۆ نموونە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ ١ | ٣ ٢ ١ | ٢ ١ | ٣ ٢ ١ |
| شر | S i r | دل | <u>D i l</u> |
| ٢ ≠ ٣ | | ٢ ≠ ٣ | |
| ٢ پیت، سیٚ دەنگ | | ٣ پیت، سیٚ دەنگ | |

لدوماهیا دەگەهینە ڤان ئەنجاما:

١.زمانیٚ کوردی ژبنەما ل زمانێن هیند و ئارییی نەو رەهـ و ریشالێن ڤی زمانی دزڤرینە سەر زمانیٚ ئاڤێستایی.

٢.گوڤارا هاوار باشترین پالدەر بوویە بۆ چاپکرنا ئەلف و بیٚ یا میر جەلادەت بەدرخان.

٣.ئەلف و بیٚ یا پیتێن عەرەبی گەلەك خزمەتا زمان و ئەدەبیات و مێژوویا گەلیٚ مەکریە لیٚ بکارهینانا ئەلف و بیٚ یا لاتینی پتر دگەل سیستەمیٚ زمانیٚ کوردی دگونجێت و چارەرێیە بۆ پێکگەهاندنا دیالێکتێن ڤی زمانیٚ.

## لیستا ژێدەرا:


١.جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەڵمانیا، ١٩٧٦.

٢.مصطفی نەریمان، رێنووسی کوردی لەرەگ و ریشەوە، ١٩٨١.

٣.الاکراد ملاحظات وانطباعات ت:د.مارف خزنەدار، بغداد، ١٩٦٨.

٤.طه باقی، فؤاد سفر، المرشد الی مواطن الاثارة، بغداد، ١٩٦٥.

٥.سوکولوف، زمانی ئاڤێستا، وەرگێران: محمدامین هەورامانی.

٦.هاشم رضی، زرتشت وتعالیم او، تهران، ١٣٤٤.

٧.زنار سلوپي، مسألەی کوردستان ٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكوردی ضد العبوديە، تنقيح و تقديم، عزالدين مصطفى رسول، ط٢، بيروت ١٩٩٧.
٨. هۆگر طاهر توفيق، الالفباء، الكورديە بالحروف العربيە والحروف اللاتينيە (نشوئها وتطورها)، ١٨٩٨-١٩٢٣، دار سپيرێز للطبعة والنشر، ٢٠٠٥.
٩.حاميد فەرەج، رێنووسی کوردی لەسەدەيەکدا، بەغدا، ١٩٧٦.
١٠.گيو موکريانی، گيونامە، هەولێر، ١٩٦٠.
١١.مجلة گولان العربی، عدد ٤٠، اربيل، ١٩٩٩.
١٢.فەرهاد پيربال، رۆژنامەگەريی کوردی بەزمانی فەرەنسی، هەولێر ١٩٩٨.
١٣.کونی رەش، بيرانينا مير جەلادەت بەدرخان، گۆڤارا رۆژنامەڤانی ژ(٥)، هەولێر ٢٠٠١.
١٤.کونی رەش، مير جەلادەت، سەرتيپ مەنسوری لە گۆڤارا (گرزەك گول) هەڵبژارتيەو ئينايە سەرڤیٚ رێنڤيسیٚ، گۆڤارا سەدە، ژ ٦٨، اورميە، ١٣٧٠.
١٥.روهات الاكوم، خۆبوون و پورە اخری، مراجعة شكور مصطفى، هەولێر ٢٠٠٠.
١٦.د.صلاح محمد سليم هروری، الاسرة البردخانية نشاطها السياسی و الثقافي، ١٩٠٠-١٩٥٠، دهوك، ٢٠٠٤.
١٧.جەلادەت ئالی بەدرخان ئەلفابێيا کوردی و بنگەهێن گرامەرا کورمانجی، کومکرنا ئارف زێروان ڤەگوهاستن ژ پيتێن لاتينی: مەسعود خالد گولی، چاپخانا خەبات، دهوك، ٢٠٠١.
١٨.گۆڤارا هاوار، ژ(١)، ژ (١٣)، ١٩٣٢.
١٩.د.نور الدين زازا، هاوار و چاندا کوردی، گۆڤارا رۆژنامەڤانی، ژ(٥)، هەولێر ٢٠٠١.
٢٠.د. عيزەدين مستەفا رەسول، سەرنجیٚ لەزمانی ئەدەبی يەکگرتووی کوردی، بەغدا، ١٩٧١.
٢٣.زبير بلال اسماعيل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێرانی يوسف رؤوف علی، بەغدا، ١٩٨٤.
٢٢.غازی فاتح وەيس، فونەتيك، ١٩٨٤.

**پەراوێزەکان:**

١.لاتين د بنەرەتدا وەکو زمان لقەکە ژ **"کومەلا زمانەکانی هيندۆ ئەورووپی"** و لەگەڵ زمانەکانی **"ئەڵمان و ئينگليز و يۆنان و رووس و ئەرمەن و فەرەنسا و سانسرکی"**يەوە خزمايەتی هەيە، سەحکە:مصطفی نەريمان، رێنووسی کوردی لەرەگ و ريشەوە، ١٩٨١، ل ٢١-٢٢.

٢.جەمال نەبەز، زمانی يەکگرتووی کوردی، ئەڵمانيا، ١٩٧٦، ل ٧٨.

٣.الاكراد ملاحظات وانطباعات، ت: د.مارف خزندار، بغداد، ١٩٦٨، ل٣٧.

٤.طە باقر فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الاثارة، المرحلة الرابعة، بغداد، ١٩٦٥، ص٢٠.

٥.بەلگە بۆ ڤیٚ چەندیٚ هندەك پەيڤ هاتينە بەراوردکرن وەکی:

ئەورە (ئاڤێستا) ـ هەور، عەور (کوردی)

ئەوت (ئاڤێستا) ـ حەوت، هەفت، حەفت (کوردی)

نامە (ئاڤێستا) ـ نام، ناڤ، ناو (کوردی)

بۆ پتر پێزانينا سەحکە: سوکولوف، زمانی ئاڤێستا، وەرگێران: محمدامين هەورامانی، ل١٤-١٥.

٦.هشام رضی، زرتشت وتاعلين او، تهران، ١٣٤٤، ل١٥٣.

٧.گيونامە، هەولێر، ١٩٦٠، ل٢٠-٢١، هوگر طاهر توفيق، الألفباء الكوردية بالحروف العربية والحروف اللاتينية و نشؤوها و تطورها (١٨٩٨-١٩٣٢)، دار سبيريز للطباعة والنشر اربيل، ٢٠٠٥، ص ١٦-١٧، مجلة گولان العربي، العدد٤٠، اربيل، تشرين الاول ١٩٩٩، ص ٩٧.

٨.بۆ نموونە ديوانێن شاعيرێن کورد وەکی **"بابا تاهيریٚ هەمەدانی، مەلایێ جزيری، خانی، نالی، سالم، حاجی قادری کۆيی، مەولەوی......"** بۆ پتر پێزانين، سەحکە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی يەکەم، هەولێر ٢٠٠٢.

٩.جەمال نەبەز، ژێدەریٚ بەریٚ، ل٧٩.

١٠.خەليل خەيالی (١٨٧٦-١٩٢٦) دهێتە ژمارتن ئێك ژ کەسايەتيێن کوردێن چالاك د گەشەکرنا زمانیٚ کوردی دا ل پارچا کوردستانا توركيات هەر ل بچويکاتيا خو لسەر دەستیٚ **"سعيد نورەسی"** فێری خواندنیٚ بوويە، ژ دامەزرێنەرێن کومەلا تعاون و تەرەقی ١٩٠٨ و کومەلا هێڤی ١٩١٢ و کومەلا تعالی کوردستان ١٩١٨، بۆ پتر پێزانين لسەر رولیٚ ویٚ راميارى و رەوشەنبيری و زمانەوانی، سەحکە: زنار سلوپی، مسألة كوردستان (٦٠ عاما من النضال والمسلح للشعب الكوردي ضد العبودية) تنقيح و تقديم: عزالدين مصطفى رسول، ط٢ بيروت، ١٩٩٧، ص٣٣-٦٥ و هوگر طاهر توفيق، ژێدەریٚ بەریٚ، ل٢٤-٣٢.

١١.هوگر طاهر توفيق، ژێدەریٚ بەریٚ، ل٢٥.

١٢.بۆ پتر پێزانين سەحکە، ژێدەریٚ بەریٚ ل ٤٩-٦٠.

١٣.حاميد فەرەج، رێنووسی کوردی لەسەدەيەکدا، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٨-٢٢.

هەولێر ئامەی کتێب

١٤.فائز بك، کەسایەتیەکێ کورد و ئێك ژ ئەندامێن کومەلا هێڤی ١٩١٢ بوو، پێزانین ژێدەرێ: هوگر طاهر، ژێدەرێ بەرێ، ل٦١، هاتیە وەرگرتن.

١٥.عبدالله جودت (١٨٦٩-١٩٣٢) ژ بنەمالەکا کوردی ژ باژێرێ خەربوت-ێ سەر ب کوردستانا باکووری و ژ دامەزرێنەرێن دەستپێکی یێن کومەلا ئیتیحادو تەرەقی١٨٨٩ بوو، سەحکە: فەرهاد پیربال، رۆژنامەگەریی کوردی بەزمانی فەرەنسی، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٦-١٧، هوگر طاهر، ژێدەرێ بەرێ، ل٦١-٦٢.

١٦.حامید فەرەج، ژێدەرێ بەرێ، ل١٢.

١٧.هەر ئەڤ ژێدەرە، ل١٣.

١٨.ژێدەرێ بەرێ، ل١٥، ١٦.

١٩.ئەڤ ژێدەرە، ل٢٥.

٢٠.جەلادەت بەدرخان: جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان ل سالا ١٨٩٤ ل ستەمبولێ ژ دایك بوویە خواندنا سەرەتایی و ناوەندی ل باژێرێن (ستەمبول، ادنە، قونیە، ئەنقەرە، عەکا، نابلس، سالویك، بدمامیك) دئینیت...ل ژیێ ١٨ سالییێ دا دچیتە کۆلیژا "**حەربی**" بەر حکومەتا تورکیێ‌فەرمانا سێدارەدانا وی و باب و برایێن وی دەرکردبوو ئەنجا بەرەڤ ئەلمانیا دچیت و بەکالۆریۆسی د "**ماف-حقووقێ**"دا وەردگریت... تاکول سالا ١٩٥١ دچیتە بەر دلوڤانیا خودێ بۆ پتر پێزانینا سەحکە: کونی رەش، میر جەلادەت، گۆڤاران سورە، ژ ٦٨، اورمیە، ١٣٧٠، ل٧٢، کونی رەش، گۆڤارا رۆژنامەڤانی، ژ ٥، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٠٣-٣٠٦.

٢١.خۆیبوون: کومەلەکا رامیاریێا کوردی یە کول ٥ چریا ئێکی ل سالا ١٩٢٧ل لوبنانێ هاتیە دامەزراندن، ڤێ کومەلێ دژی حکومەتا کەمالیا بزاڤدکر، میر جەلادەت ئێك ژ ئەندامێن ڤێ کومەلێ بوو... بۆ پتر پێزانینا، سەحکە:

٢٢.روهات الاکوم، خویبوون وثورة آکری، مراجعة: شکور مصطفی، هەولێر، ٢٠٠٠، ص٥.

٢٣.صلاح هروری، ژێدەرێ بەرێ، ل١٢٦.

٢٤.جەلادەت بەدرخان ئەلفا بێیا کوردی و بنگەهێن گرامەرا کورمانجی، کومکرنا: ئارف زێرەڤان، ڤەگوهاستن ژ پیتێن لاتینی: مەسعود خالد گولی، چاپخانا خەبات، دهۆك، ٢٠٠١، ل١٠.

٢٥.مصطفی نەریمان، رێنووسی کوردی لەرەگ و ریشەوە، ١٩٨١، ل٢١.

٢٦.هەر ئەڤ ژێدەرە، ل٢٣.

٢٧.گوڤارا هاوار، ژ(١٣) ١٤، چریائێکێ، ١٩٣٢، ل١.

٢٨.جەلادەت ئالی بەدرخان، ئەلفابێیا کوردی و بنگەهێن...ل١٠.

٢٩.سەحکە: ژمارێن هاوار.

٣٠.د. نورالدین زازا، هاوار و چاندا کوردی، گوڤارا رۆژنامەڤانی، ژ (٥)، هەولێر ٢٠٠١، ل٢٥٢، صلاح هروری، ژێدەرێ بەرێ، ل١٣١.

٣١.ئەڤ رێنڤیسە یا میر جەلادەت بەدرخانییە سەحکە: گوڤارا هاوار، ژ (١)، ل٣.

٣٢.هاوار، ژ (١)، ل٣، جەلادەت ئالی بەدرخان، ئەلفابێیا کوردی و بنگەهێن گرامەرا کورمانجی، ٢٠٠١، ل١٣-١٤.

٣٣.ئەڤ رێنڤیسا جەلادەت بەدرخانی یە.

٣٤.گوڤارا هاوار، ژ (١)، ١٩٣٢، ل٥.

٣٥.کامیران بەدرخان: برایێ میر جەلادەت بەدرخان، ل سالا ١٨٩٥ ل ستەمبولێ ژ دایك بوویەو... ئەو ژی دگەل برایێ خوە بۆ خواندنا (ماف-حقوق) چوو بوو ئەلمانیا و تاکو دکتورا دڤی بواریدا بدەست خوڤئینای... بۆ پتر پێزانین لسەر بزاڤێن و یێن رامیاری و رەوشەنبیری، سەحکە: کونی رەش، ژێدەرێ بەرێ، ص٥١، صلاح هروری، ژێدەرێ بەرێ.

٣٦.صلاح هروری، ژێدەرێ بەرێ، ص ١٤٧.

٣٧.ئەڤ ژێدەرە، ص ١٤٨.

٣٨.جەمال نەبەز، ژێدەرێ بەرێ، ل ٧٩-٨١.

٣٩.جەمال نەبەز، ژێدەرێ بەرێ، ل٨٠.

٤٠.هاوار، ژ (١)، ١٩٣٢، ل٣.

٤١.ئەڤ ژێدەرە، ل٥.

٤٢.د. عیزەدین مستەفا رەسول، سەرنجێ لەزمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بەغدا، ١٩٧١، ل١٠.

٤٣.جەمال نەبەز، ژێدەرێ بەرێ، ل ٥٨.

٤٤.زبیر بلال اسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی: یوسف رؤوف علی، بەغدا، ١٩٨٤، ل١١٩.

٤٥.غازی فاتح وەیس، فونەتیك، ١٩٨٤، ل ٦٩.

* کۆلێژا پەروەردا بنیات- زانکۆیا دهوك

# تاوانی بڵاوکردنەوەی تایبەتمەندێتی تاکەکان لە ڕۆژنامەدا

چرۆ شەهاب

## پێشەکی

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (١٤) ساڵ بەسەر هەڵمژینی هەوای ئازادی لە کوردستان و تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئازادیو رزگارکردنی عێراق، ئەمڕۆ لەسایەی ئەو هەموو ئازادییەوە، بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکان بڵاوبونەوەیەکی بەرچاویان بەخۆیەوە بینیوەو ئێستا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبو نامیلکەو هتد........دەردەچن.

بۆ ئەوەی بتوانین لەناو ئەو ئەزمونە نوێیەی ئازادی ڕۆژنامەوانیو ڕادەربڕینەدا دووچاری گرفتی یاساییو کێشەکان نەبینەوەو ئاشنایەتیمان بەرامبەر بەو مافانە هەبێت کە هەر کەسێك لە ئێمە هەیەتیو دەبێت لەکاتی هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەگەڵ هەر هۆیەکی ڕاگەیاندندا بزانین کامەن مافەکانیو چۆن دەبێت داکۆکی لێ بکات.

بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکەم باسێکە بەدەرنییە لە باسە یاساییەکان، بەڵام تایبەتە بە چەمکێکی یاسایی کە ئەویش لە ژێر ناونیشانی (تاوانی بڵاوکردنەوەی تایبەتمەندێتی تاکەکان لەڕۆژنامەدا)یە.

ناوەڕۆکی بابەتەکە باس لەسەرجەم ئەو لایەنانە دەکات کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکەوە، لەسەرەتادا باسم لە تایبەتمەندێتی کردووە دوای ئەویش کەیو چۆن بیرۆکەی تایبەتمەندێتی سەری هەڵدا، ئەمە وەك بەشی یەکەم، بەشی دووەمیش بۆ زیاتر ئاشنا بوونمان بەو چوارچێوانەی کە تایبەتن بە تایبەتمەندێتی تاکەکانەوە خۆی لە چەند تەوەرێکدا دەبینێتەوە، وەك ئەو لایەنە گرنگانەی تایبەتمەندێتی چین کە لێکۆڵەرەوان لەسەری کۆکن، کە بێگومان ئەوانیش لایەنەکانی ژیانی سۆزداریو باری تەندروستیو شوێنی نیشتەجێبوونو ژمارەی تەلەفۆنو باری داراییو هەروەها نامەو گفتوگۆی کەسەکانی لە خۆگرتووە.

پاشان لایەنێکی دیکەی بەشی دووەم باس لەو لایەنانە دەکات کە لێکۆڵەرەوان لەسەری کۆکنینو ناتەبان لەسەری، ئەمیش یەنەکانی وێنەی کەسەکانو ژیانی کارو فەرمانی کەسەکانو بڵاوکردنەوەی ناوی کەسەکانو پاشان بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی کە چوونەتە ئەوپەڕی بیرچوونەوەو هەروەها پیرۆزی لاشەی مرۆڤ بەدەرنەبووە لەوانەی کەلێکۆڵەرەوان لەسەری کۆك نین لەدوایشدا مافی شەرەفو ئیعتبار لایەنێکی دیکەی باسەکەن.

بەشی سێهەمی توێژینەوەکە لەبەر گرنگی لایەنە یاساییەکان، باس لە پاراستنی تایبەتمەندی لەیاسایی عێراقیدا دەکات، ئەمیش لەسەرجەم یاساکانی سزادانو شارستانیو یاسای چاپەمەنیدا خۆی دەبینێتەوە.

## بەشی یەکەم

### ١ : مانای تایبەتمەندێتیو سەرهەڵدانی

مافی تایبەتمەندێتی زۆر گرنگە سەبارەت بە تاك بەشێوەیەکی تایبەتیو بە کۆمەڵگەش بەشێوەیەکی گشتی، تاك بەردەوام دەتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکاتو نەهێڵێت هیچ کەسێك خۆی هەڵقورتێنێتە ژیانی تایبەتییەوە، هەروەها تاك دەتوانێت بەهۆی

بوونی ئەو ویژدانە زیندووەی ناخیەوە لەسەر هەڵەکانی خۆی، خۆی لۆمە بکات، بەمەش بەڕاستیو دروستی بەشتەکانی خۆیدا دەچێتەوە کە کردوویەتیو تەنیا هەر بۆخۆی دەتوانێت لۆمەی خۆی بکات، ئالێرەدا دەردەکەوێت کە تاک تا چەند پەیوەستە بەوەی کە نهێنییەکانی تەنیاو تەنیا بۆ خۆی بنو تەنیا خۆی پارێزگارییان لێ بکات، جگە لەمانەش رێزێکی زۆر گەورە لەو نهێنیانەی ژیانی تایبەتی خۆی دەگرێت.

هەربۆیە کاتێك کەسی بەرانبەر بیەوێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خۆی هەڵقورتێنێتە ژیانی بەرانبەرەکەی لێرەدا ئەمە دەبێتە شکاندنو تیپەڕاندنی سنوورو هێڵە سورانەی کە بۆی دانراونو لە هەمان کاتیشدا دەبێتە دەستدرێژی کردنە سەر ژیانی تایبەتی بەرانبەرەکەی.

### ١-١ تایبەتمەندێتی

بۆ ئەوەی بتوانین باس لەپاراستنیو پارێزگاری کردنی ژیانی تایبەتی بکەین دژی ئەو لایەنانەی کە لەرێگەی رۆژنامەنووسەوە دووچاری دەبێتو تەنانەت بەرپرسیارێتی رۆژنامەنوس لێرەدا دیاری بکەین، دەبێت سەرەتا باس لەخودی بوونی تایبەتمەندێتی خۆی بکەینو بزانین تایبەتمەندێتی چییە؟

لەساڵی (١٩٧٠) لەیەکێك لەدادگا فەرەنسییەکاندا بڕیارێك دەرچوو تیایدا پێناسەی بۆ تایبەتمەندێتی داناوە کە دەڵێت:

(مافی کەسە کە ئازادبێت لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی ژیانی وەك ئەوەی کە خۆی دەیەوێت، مافی هەیە ئاسایشی بۆ دابین بکرێت لە هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر ئازادییەکانی لەبەکارهێنانی ناوو شێوەو دەنگ، مافی هەیە لە کەرامەتو ناوو ناوبانگی تەنانەت بۆ ونکردنی خۆشی)[1].

لەلایەکی دیکەوە گەلێك پێناسەی دیکە هەن بۆ ژیانی تایبەتمەندێتی کە بیرۆکەکەیان لەلای هەموویان لەسەر ئەم بنچینانەوە سەر دەگرێتو لەلایان گەلاڵە دەبێت کە (مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە خەڵکی وازی لێبهێننو هەر خۆی بۆ خۆی بژیو مافی هەیە بە تەنهابێتو هیچ کەسێك ئەو تەنهاییەی لێ تێکنەدات)[2].

هەروەها هەندێکی تر وای دادەنێن کە هێمنیو ئارامی ئامانجی سەرەکییە لە پاراستنی ژیانی تایبەتیدا، ئەگەر نهێنییەکە ئەوەبێتو هۆکاری پاراستنی ژیانی تایبەتی بێت ئەوا ئەم پاراستنە ئامانجی ئارامی تاکە.

هەندێکی تر وای دادەنێن کە ئارامی زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ چونکە (سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ کەسێکی کۆمەڵایەتییە کەچی ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵ هەموو ژیانی بەسەر بەرێت، چونکە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە لەگەڵ خۆی بژیو بە تەنها بۆ خۆی ئازادو دوور بێت لە هەر کاریگەرییەك کە لەسەری بکەوێت)[3].

لەبەر ئەوانەی کە باسمان کرد هەندێك وای دەبینن کە ژیانی تایبەتی واتە مافی هەموو کەسێکە لە بێدەنگیو ئارامیدا بێت.

کۆمەڵێك لە یاساناسانی ئەمەریکی وای دادەنێن کە (ماف لەبوونی تەنیاییو ئارامیدا عیبارەتێکە لە (مافی تایبەتمەندێتی).

لێرەدا کۆمەڵێك پێناسەو لایەنی باشی تایبەتمەندێتیو ژیانی تایبەتیمان خستەڕوو، هەر بۆیە بەباشی دەزانم لایەنە نێگەتیڤەکانی ژیانی تایبەتی باس بکەم.

هەندێك کەس پەنایان بردە بەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی خراپی پێناسەیەکی ژیانی تایبەتی بکەن لە رێگەی پێناسەی ژیانی گشتییەوەو دیاری کردنی بوارەکانی، لێرەدا دەڵێن ژیانی تایبەتی بەپێی ئەو بۆچونانە بۆمان دەردەکەوێت کە ژیانی تایبەتی هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە هیچ لایەنێکی گشتاندی تیادا نەبێت بۆتاك[4].

لە ئەنجامی ئەمانەی کە باسمان کرد بۆمان دەردەکەوێت یاساناسان و دادوەرەکان شکستیان هێناوە لەبەردەم دانانی پێناسەیەکی گونجاو ودیاری کراو بۆ ژیانی تایبەتی، ئەویش بەهۆی ئەو رێژە زۆرەیە لە بوونی بیرو بۆچوونی جیاجیاو رێکنەکەوتن لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی دیکە لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە، لەهەموو باروودۆخێکدا لەبەر ئەم رێکنەکەوتنە واز دەهێنرێت لەدیاری کردنی ژیانی تایبەتی لە دادگادا.

هەندێك لەزاناو فەقێكانی وڵاتی میسر وای بۆ دەچن كە ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتی مانای مافی مرۆڤە كە بۆخۆی دیاری بكات تا چەند لە بیرو بۆچوونو چۆنێتی هەڵسوكەوتەكانی دەیەوێت بەرانبەرەكەی هاوكاری لەلایەنە راستییەكانی بكات كە پابەندە بەژیانی تایبەتییەوە.

مافێكی سروشتیو بنەڕەتییە لەڕووبەڕووبونەوەی دەوڵەتو تاكەكان بۆ دابین كردنی ئازادیو دیاری كردنی دواڕۆژی[٥].

هەروەها بەبۆچوونی هەندێك لە یاساناسان و زانایانی تر مانای ماف لەژیانی تایبەتیدا دەڵێت (مافی تاكە كە كشانەوەیەكی هەڵبژاردەیی كاتی بەلاشەی یان بەبڕی بدات لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا)[٦].

ئەم پێناسەیەدا جۆرێك لە شاراوەیو تێنەگەیشتنی پێوە دیارە كەلایەنی فەلسەفی یەكەمی بەسەردا زاڵەو هیچ دیاری كردنێكی پێوە دیار نییە.

كۆنگرەی ماف لە ڕێزگرتنی ژیانی تایبەتی كە لە شاری ئەسكەندەریەی میسر لەساڵی ١٩٨٧ بەسترا، تیایدا پێناسەیەكی بۆ ماف لە ڕێزگرتنی ژیانی تایبەتی داناو تیایدا هاتووە كە (مافی هەر كەسە كەرێز لە كەسێكی دیكە بگرێت لەتایبەتمەندیدكانیدا لەسەرجەم لایەنە مادیو مەعنەوییەكانیو هەموو ئەو شتانەی كە تایبەتە بە ئازادییەوە، هەروەها ئەمەش بە قەدەر كەسێكی ئاسایی دیار بكرێت بەپێی ئەو دابو نەریتەو ئەو سیستەمەی یاساكە كۆمەڵ لە بنەماكانی ئاینی ئیسلامدا پەیوەستی بووە).

بەبۆچوونی هەندێك وای دادەنێن كە ژیانی تایبەتی پێویستە بەمانایەكی فراوان وەربگرێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێكی كەمتر بێت لە ژیانی سۆزداریو خێزانی، دەتوانرێت حاڵەتی ئابووری كەسەكانیش بگرێتەوە.

هەروەها بەپێی ئەوانەی كە باسمان كرد وادەردەكەوێت كە هەندێك شتی خێزانی هەیە كە تاك تیایدا بەرپرسیار دەبێت لەوەی كە هەر شتێك تاك لە خێزاندا دووچاری دەبێتو بووە بەهۆی بریندارکردنی یاخود دەستدرێژی كردنە سەر ژیانی، ئەوكاتە خێزان لێرەدا بەرپرسیار نابێت بەڵكو تاك خۆی بەرپرسیار دەبێتو مافی ئەوەشی هەیە كە داكۆكی لە خۆی بكات، چونكە ئەوەی دەستدرێژی كراوەتە سەر ئەندامێكی ئەو خێزانەیە، لێرەدا دكتۆر حسام الدین ئەلئەهوائی وای دەبینێت كە پەیوەندی راستەوخۆ لە حاڵەتی یەكەمدایە، لەحاڵەتی دووەمدا هەیە، بەڵام بەرێگەی دوو دڵیو دڵەڕاوكێی ئەو زیانەی كە دووچاری كەسە نزیكەكانو ئەو خێزانە دەبێتەوە كە دەستدرێژی لەسەر كراوە، ئەوە زیانەی كەسەكە دەبێت بەشێوەیەكی راستەوخۆ.

**١-٢ : كەی و بۆچی بیرۆكەی تایبەتمەندێتی سەری هەڵدا**

لە كۆتایی سەدەی نۆزدە (١٩)دا بنەماكانی ماف بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتی دەركەوت، ئەویش لەبەر هۆكاری هاتنەكایەی **yellow journalism** واتە (رۆژنامەی زەرد)، لێرەوە ئەم رۆژنامانە وا راهاتبوون كە سنوورەكانی ژیانی تایبەتی هەموو ئەو كەسە بەناوبانگو ئەستێرانەی سینەماو دەوڵەمەندەكان ببەزێننو نهێنییەكانی ژیانی تایبەتیان بڵاوبكەنەوەو دووچاری كێشەی ئابڕوبردنو ئەخلاقیان بكەنەوە.

لە ڕێگەی گەڕان بەدوای راستییەكاندا، هۆیەكانی راگەیاندن رۆژنانە لەگەڵ ڕوودانی هەر ڕووداوێكدا دەكەونە داگیركردنی تایبەتمەندییەكانو لێرەدا دەڵێن دروستكردنی ئەو گیروگرفتانە تاكەی دەتوانێت هۆیەكانی راگەیاندن بەدوای ئەو زانیاریانەدا بگەڕێن بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بكەنە سەر مافی ئەوان، بەتایبەتی مافی تاك لەپاراستنی نهێنیەكانی ژیانی تایبەتی، لێرەدا سنووری یاسایی هەیە كە دەبێت رۆژنامەنووسەكان ئەو سنوورە تێنەپەڕێنن لەكاتێكدا بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن، بەزاندن یاخود تێپەڕاندنی ئەو سنوورانە راگەیاندنەكان دووچاری گێرمەوكێشەو گرفتە یاساییەكان دەكاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی تاك بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە تا چەند بتوانێت پارێزگاری لە ژیانی تایبەتی بكات، بەڵام لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیادا تاك وای لێ هاتووە كە دەستەو ئەژنۆ بێت لەبەردەم ئەو پێشكەوتنەی تەكنەلۆژیا ئەو پێشكەوتنە دەبێتە هۆی دروستبوونی كۆمەڵێك هۆكار كە تاك نەتوانێت لەبەرانبەریاندا وەك پێویست پارێزگاریو داكۆكی لە ژیانی تایبەتی بكات، ئەو هۆكارانەش ئەمانەن:

١-ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە زانستی تەکنەلۆژیا لـەبواری ئامێرەکـانی چـاودێریو گـوێگرتنو هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە بەدەستی هێناوە.

لێرەدا ئەم هۆکارە بووەتە جێی تـرس و هەڕەشـە بـۆ ژیانی تایبـەتیو دەسـتدرێژی کردنـە سـەر ژیـانی تاکەکان.

ئـەمڕۆ دیـوارو دووری مـاوەو داخـستنی دەرگـاو پەنجەرەکان بە تـەنیا بـەس نـین بـۆ ئـەوەی بتـوانین پارێزگـاری لـە ژیـانی تایبـەتیمان بکـەین، لەدەست ئەوانەی کە دەیانەوێت بە هـەموو سووچو پەنایـەکی ژیانی تایبەتیمان بزانن‌و چاودێری بکەن.

ئێستا لە هەموویان ترسناکتر ڕۆژنامەکان کە بوونەتـە شـوێنی مەترسـیو هەڕەشـەکردن لـە ژیـانی تایبـەتی تاکەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژنامـەنووس بـە هەموو شێوەیەك دەیەوێت زانیاری بەدەست بهێنێت‌و خوێنەرەکەی لە خۆی ڕازی بکات، زۆرترین خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکەی پەیدا بکات، جگە لـە مانـەش هـەر لەبـەر ئەویشە کـە خوێنـەرە فزوڵییـەکان بـەم شـتانە تێـر بکات، یاخود بـۆ تێرکردنـی لایـەنی سیاسـیو یـان بـۆ بەدەسـتهێنانی لایەنـە ئابورییەکـەی ڕۆژنامەکەیـە.

لێرەدایـە (ڕۆژنامـەی ورووژێنـەر) دەردەکـەوێت کـە خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن‌و تۆوی ورووژاندنیان تیادا دەچێنن.

**٢-ڕەچاوکردنە کۆمەڵایەتییەکان**

لێـرەدا کۆمـەڵێك هۆکـار بەسـەر هـەموو کۆمەڵگـەداو خـۆی سـەپاند وای کـرد کـە هـەڵی زیـاتر بـۆ هەڕەشەکردنە سەر ژیانی تایبـەتی زیاد بێت، لەوانە زۆربـوونی ژمـارەی دانیـشتوان‌و دروسـتبوونی شـارە گەورەکان‌و دەرکەوتنی کۆمەڵێکی زۆر بینـاو خـانووی زۆرو تێکـەڵ بـە یـەکتری، هـەموو ئەمانـە کارئاسـانی باشـیانکرد بـۆ ئـەوەی بـە هـەموو شێوەیەك دەست وەربدەنە ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵەوە(٧).

٣-زۆربـوونی چـەندێتیو چـۆنێتی و ئەنجامـدانی ئـەو تاوانانـەی کـە لـە چـەرخی نوێدا ئەنجامـدراون بوونـە هۆی دروسـتکردنی هەڕەشـە لەسـەر ژیـانی تایبـەتی، وای لـە دەوڵـەت کـرد هۆکارەکـانی ئـامێری چـاودێری شـاراوە بـەکاربهێنن بـۆ دەسـتەبەرکردنی زانیـاری پێویـست، بێگومـان ئەمـەش دیـسانەوە جۆرێـك لـە مەترسـی لەسـەر ژیـانی نهێنـی تایبـەتی دروستکردووە(٨).

## بەشی دووەم

**٢ : سنووری تایبەتمەندی تاکەکان**

هەموو شتێك‌و هەموو کەسێك‌و هەموو هەڵسوکەوتێك‌و هـەموو هـەنگاوێك‌و هتـد ..، لەژیانـدا سـنوورێکی بـۆ دیاری کـراوە، ڕۆژنامـەو ڕۆژنامەنووسـەکان سـەرەڕای هەبوونی ئازادییـەکی ڕەهـاش، بـەڵام ئـەوانیش هێڵـی سووریان بۆ دیاری کراوە، تایبەتمەندێتی هەیە، لەبـەر ئـەوەی هـیچ کەسـێك بـۆی نـەبێت لـە خۆیـەوە ئـەو سنوورە تێپـەڕێنێت‌و خـۆی هەڵقورتێنێتـە نـاو ژیـانی تایبەتییەوە.

تایبەتمەندی تاك، تایبەتمەندێتیەکە کە تاك پێویستی زۆری پێـی هەیـە بـە هـەموو شـێوازێك پارێزگـاری لێبکات‌و نەهێڵێت نهێنییەکانی ژیانی بەبێ ڕەزامەنـدی خـۆی بڵاوبکرێتـەوە، بڵاوکردنـەوەی ئـەو تایبەتمەندێتییـەی ژیـان، لەلایـەن هەرکـەس‌و ڕۆژنامـەوان‌و ڕاگەیاندنێکـەوە دەبێتـە هـۆی بەزانـدنی ئەو سنوورانەی کە بۆ ژیانی تایبەتی دانراون‌و دەبێتـە جۆرێك لـە دەسـتدرێژی کردنـە سـەر ژیـانی تایبـەتی.

لەبەر گرنگی دانێکی تەواو بە تایبەتمەندێتی تاکـەکان دەبێـت بـزانین ئـەو لایـەن‌و گروپانـە کـێن‌و چـین کـە لەسـەر دانـانی سـنووری تایبەتمـەندێتی بـۆ تاکـەکان کۆکن‌و ئەو لایەنانەش چین کە لەسەری کۆك نین.

هەروەك چۆن پێناسەیەکی جێگیری یاسایی نییـە بـۆ ژیانی تایبـەتی ئاوەهاش هـیچ دیاریکردنێکی یاسـایی نییە بۆ ئەو بابەتانەی کە دەخرێنـە نێـو چوارچێوەی چەمکی ژیانی تایبەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا یاساناسان بە پشت بەستن بە هەندێك بڕیاری دادگا کۆکن لەسەر هەندێك لـەو بابەتانـەی کـە دەکرێت بەژیانی تایبـەتی کەسەکانی دابنێن.

بۆیە لێرەدا هەندێك لەو بابەتانە وەك نموونە دەخەینە ڕوو کە ڕەنگە لـە ڕێگـای بڵاوکردنـەوەو ڕاگەیاندنـەوە هێرشیان بکرێتە سـەرو ئاشـکرا بکرێـت، بـەڵام دەبێ ئـەوەش بـزانین بڵاوبوونـەوەی ئـەو بابەتانـەی ژیـانی تایبـەتی کاتێـك بـەتاوان دادەنرێن گـەر بەشـێوازێکی

راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ رەزامەندی کەسەکە لە بڵاوکردنەوەیان وەرنەگیرابێ، گەرنا بە سەرپێچی یاسا دادەنرێت، گەر بابەتە بڵاو بووەکە پێچەوانەی سیستەم و ئاکاری گشتی نەبێت[٩].

**٢-١ : ئەوانەی لێکۆڵەرەوان لەسەری کۆکن**

**٢-١-١ : ژیانی سۆزداری و خێزانداری**

لێکۆڵەرەوان کۆکن لەسەر ئەوەی ژیانی سۆزداری و خێزانداری بە بەشێك لە ژیانی تایبەتی کەسەکان دادەنرێن، بۆیە نابێت رۆژنامەنووس قسە لەسەر ژیانی سۆزداری کەسەکان بکات وەیان لەسەر ژیانی خێزانداری کەسێتییەکی بەناوبانگ بنووسێت گەر خۆی رەزامەندی لەسەر نەبێت.

نابێت بابەتەکانی ژیانی خێزانی و پەیوەندی نێوان ژن و مێردو دەزگیرانی و جیابوونەوەو مارەکردن و کێشە خێزانییەکان تێکەڵ بە نووسینە رەخنە ئامێزەکانی ژیانی تایبەت بکرێت، چونکە ئەو بابەتانە پەیوەستن بە ژیانی تایبەت، زۆر جار هیچ بەرژەوەندییەکی کۆمەڵ لە بڵاوکردنەوەیاندا نییە[١٠].

بەهەمان شێوەی نووسین، وێنەگرتنیش ئەگەر سەرپێچی ژیانی تایبەتی کەسەکان بکات، بۆ نموونە لە دادگایەکی ئەمەریکی ئەوەی بەسەرپێچی کردنی یاسا داناوە، کاتێك وێنەگرێك وێنەی ژن و مێردێك لە دۆخێکی سۆزداریدا دەگرێت و لە گۆڤارێکدا بڵاوی دەکاتەوە[١١].

**٢-١-٢ : باری تەندروستی**

تەندروستی مرۆڤ یەکێکە لەو بابەتانەی کە دەچێتە نێو خانەی ژیانی تایبەتییەوە. بۆیە ناشێت رۆژنامەنووس هەواڵی نەخۆشی و دروستی هیچ کەسێك بڵاوبکاتەوە، بەبێ پرسی خۆی، بۆ نموونە دادگای فەرەنسی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تووش بوونی هونەرمەندێك بە نەخۆشی ئێدز یان بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵێك کە لەسەنتەرێکی پزیشکیدا بەبێ پرسی دایك و باوکی بە نایاسایی دادەنرێت[١٢].

بۆیە لەسەر دکتۆرو کارمەندان وەك هەرکەسێکی دیکە بەپێی یاساو ئەخلاقیاتی پیشەکەیان پێویستە نهێنییەکانی باری تەندروستی نەخۆشەکانیان بپارێزن، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە خۆیان دووچاری بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەن[١٣].

هەروەها هەندێك وای دەبینن کە کاتێك هونەرمەندێك دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بەمەبەستی چارەسەرکردن نابێت وێنەی بگیرێت و بڵاوبکرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر حەز نەکات لەوبارودۆخەدا وێنەی بگیرێت.

بڵاوکردنەوەی باری تەندروستی کەسێك بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی کەسەکە خۆی بە هیچ شێوەیەك نابێت تەنانەت لە رێگەی پزیشك و یاریدەدەرەکانیشەوە، یان لە رێگەی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان یان بە هەر هۆکارێکی دیکە بڵاوکردنەوە، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئەویش لە رێگە یاساییەکانەوە نەبێت[١٤].

**٢-١-٣ : شوێنی نیشتەجێ بوون و ژمارەی تەلەفۆن**

دادگای فەرەنسی لە زۆر بڕیاریدا ئاشکراکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی تەلەفۆنی کەسی بە هێرش کردنە سەر ژیانی تایبەتی کەسەکان داناوە، بەتایبەتی ئەگەر کەسەکان ویستبێتیان شوێنی نیشتەجێ بوون و ژمارەی تەلەفۆنی کەسیان لای هەموو کەسێك ئاشکرا نەبێت.

بۆ نموونە لە بڕیارێکدا دادگای فەرەنسی ئاشکراکردنی ناونیشانی نیشتەجێبوونی میری مۆناکۆو ژنەکەی لە پاریس بە سەرپێچی کردنی ژیانی تایبەتی داناوە، چونکە پێچەوانەی ئەوەبوو کە ئەوان ویستویانە کاتێکی ئارام و بێ دەنگ لە پاریس بەرنەسەر[١٥]. تەنیا ئەگەر بێت و ئاشکراکردنی ناونیشانەکەیان لە بەرژەوەندی گشتی دابێت و یان بەرەزامەندی خۆیان بێت.

دکتۆر حسام الدین ئەلئەهوانی بە بۆنەی ئەو رێچکەیەی دادگای فەرەنسی بۆ پاراستنی شوێنی نیشتەجێ بوونی کەسەکان کە گرتوویەتیەبەر، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو دادگایە کاریگەری بیری نیشتەجێ لەیاسایی فەرەنسی لەسەرە، لەکاتێکدا ئەم یاسایە بەبیری وێناکردنی حوکمدانی نیشتەجێیە، ئەو جێگاو شوێنەی کە کەسەکان تیایدا کاردەکەن و مەرکەزی سەرەکی کارەکەیەتی و جێگای نیشتەجێبوونی بەردەوامی نییە، ئەو شوێنە نابێتە جێ نزرگەی کەسەکە.

لێرەوە مافی کەسە کە بە نهێنییەکی تەواوەوە پارێزگاری لە شوێنی نیشتەجێ بوونی بکات[١٦].

**٢-١-٤ : باری دارایی**

بڵاوکردنەوەی ئاستی دارایی کەسەکان و یان مووچەکەیان یاخود ئەو برە باجەی کەساڵانە دەیدەن بە دەوڵەت یان ئەو میراتەی کە بۆ کەسێك ماوەتەوە، بە سەرپێچی کردنی ژیانی تایبەت دادەنرێت ئەگەر هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی لە پشت بڵاوکردنەوەکەدا نەبێت. وەك ئەوەی باسکردنی باری دارایی کارمەندێك هۆکارێك بێت بۆ دەرخستنو ئاشکراکردنی تاوانێکی دزی(١٧).

**٢-١-٥ : نامەو گفتوگۆی کەسەکان**

نامەو گفتوگۆ کەسییەکان شێوازێکە بۆ پەیڕەو کردنی ژیانی تایبەت کە تیایدا کەسەکان رایەك یان بیرۆچکەیەکی خۆیانی تیادا دەردەبڕن، بۆیە بۆ کەس نییە نەك تەنیا ناوەرۆکی ئەو نامەو گفتوگۆ کەسیانە ئاشکرا بکاتو بڵاوی بکاتەوە، بگرە بە تەنیا خوێندنەوەی نامەکان یان گوێ هەڵخستن بۆ تەلەفۆنو گفتوگۆ کەسییەکان کە لە شوێنە تایبەتییەکاندا ئەنجام دەدرێن بە سەرپێچی کردنی ژیانی تایبەت دادەنرێت(١٨).

ماوەتەوە ئەوە بڵێین ئەگەرچی هەندێك کەس پاراستنی ژیانی تایبەت بە هەنگاوێك بۆ درۆکردنو شاردنەوەی رەفتارو هەروەها راستییەکانی مرۆڤ دادەنێت، بەڵام لە رۆژگاری ئەمرۆماندا و بەهێزی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەگەر سنوور بۆ پاراستنی ژیانی تایبەت دانەنرێت ئەوا هەڕەشەیەکی گەورە لەمەڕ ئارامیو پێگەیشتنی مرۆڤ دروست دەکات. چونکە زۆر کاری ئەفراندنو داهێنان بەبێ دوورکەوتنەوە لە جەنجاڵیو هەڵماڵینی شتە تایبەتەکان نەبێت، نابێت(١٩).

**٢-٢ : ئەوانەی لێکۆڵەرەوان لەسەری کۆك نین**

لێرەدا ئاماژە بە هەموو ئەوانە دەدەین کە لەلایەن زانایانو یاساناسانەوە بوونەتە جێگەی مشتومڕو ناتەبایی دادگایی هەیە سەبارەت بە چوونە نێو چوارچێوەی ژیانی تایبەتی یان نەچوونیان.

گرنگترینیان ئەمانەن:

**٢-٢-١ : وێنەی کەسەکان**

وێنە بەرەنگدانەوەی کەسەکان دادەنرێتو تەنیا شێوەو روخساری ماددیو لاشەی کەسەکان نییە، بەڵکو لە شێوە مەعنەویەکەیدایە، لەبەر ئەوەی وێنە رەنگدانەوەی هەستو سۆزی حەزەکانی مرۆڤە، وێنە ئاوێنەیەکە بۆ دیدێکە بۆ دەرخستنی ئەو شتانەی کە لەناخی مرۆڤەکاندا شاراوەن. ئەو رووداوانەی بەسەر کەسەکاندا دێت زۆر بەخێرای لە روخسارو دەموچاویاندا دەردەکەوێت، لەبەر ئەمەیە کە وێنە پەیوەندییەکی پتەوی بە مرۆڤەکانەوە هەیە، لێرەدا گرنگیو بایەخی وێنە دەردەکەوێتو پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت.

لەسەر ئەمانەو ئەو بنەمایانە یاساناسان بانگەوازی ئەوەیان کرد کە دەبێت دادگا پارێزگاری لە وێنەی کەسەکان بکات دژی بڵاوکردنەوەی بەشێوەیەکی ناشەرعیو بەبێ رەزامەندی خاوەنەکەی.

لەبەر ئەمانە دادوەرەکانی دادگا پێیان داگرت لەسەر پاراستنی ماف لەوێنەدا.

هەندێك لە یاساکانی میسری بەندی یاسایی ئاشکراو راستەوخۆیان دانا کە دان بە ماف لە وێنەو پاراستنیدا دەدرێت(٢٠).

هەروەها دادگای فەرەنسی لەسەر ئەوە رێکەوتن کە نابێت وێنەیەك بەرهەم بهێنرێتو بڵاوبکرێتەوە، بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی لە خاوەنەکەی. هەروەها وای داناوە کە کاتێك منالێك لەسەر جێگەی نەخۆشی بێتو وێنەکەی لە رۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە، ئەو کاتە دەبێت ئەو منداڵە لەلایەن رۆژنامەکەوە قەرەبووی بکرێتەوە(٢١).

لە هەمان کاتدا بڵاوکردنەوەی وێنەی ژنێك بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی خۆی ئەمیش هەڵەیەکی یاساییەو دەبێت قەرەبووبکرێتەوە(٢٢).

**٢-٢-٢ : ژیانی کارو فەرمانی کەسەکان**

لێرەدا ناتەبایی لە بیروبۆچووندا هەیە سەبارەت بە چوونە ناوەوەی ژیانی کارو فەرمانی کەسەکان لەچوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا.

هەندێك وای دادەنێت کە ژیانی کارو فەرمان بەشێك بێت لە ژیانی گشتی، ئەمیش لەبەر ئەوەی ئەو فەرمانو کارە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا پەیڕەو دەکرێت کە کەسەکە تیایدا دەژی، و هەموو جموجوڵێك کە پەیوەندی لەگەڵ کەسی دیکە دروست بکات دەچێتە قاڵبی ژیانی گشتییەوە(٢٣).

ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەر ئەو جموجوڵو توانایە ئەوا بە پاراستنی بەشێوەیەك دەبێت كە لەسەر بنەمای شەرەفو ئیعتبار دادەنرێت[٢٤].

ئەمە لە كاتێكدا هەندێك كەسی دیكە وای دانێن، كە ژیانی كارو فەرمان دەچێتە ناو ژیانی تایبەتییەوە، و وادەنرێت كە ئەم بەشە بەشێكەو لە هەندێك واتێیدەڕوانێت كە ئەمە گرنگترین بەشەی ژیانی تایبەتبێت.

**٢-٢-٣ : بڵاوكردنەوەی ناوی كەسەكان**

هەركەسێك ناوێكی هەیە كە لەكەسێكی دیكەی جیادەكاتەوە، ناویش دەچێتە ناو مافی كەسێتییەوە، هەروەها بە پێی ماددەی (٥٠) لەیاسایی شارستانی میسری دەپارێزرێت ، لەبەر ئەوە ماددەی (٥١) لە هەمان یاسا لەپاراستنی ناوی كەسەكان لە دەستدرێژی كردنە سەركەسەكە لەلایەن كەسێكەوە.

یاساناسانی دادگای فەرەنسی ئەو ڕێچكەیەیان گرتوتە بەر كە كاتێك ماف لەژیانی تایبەتدا مانای مافی كەسەكە چۆن دەیەوێت بژی، ئاوەها بژی، بەبێ ئەوەی كەس كەمترین دەستدرێژی چوونە ناو ژیانی هەبێت.

ئەم مافەش وادەنرێت یان ئەوەش دەگرێتەوە كە پاراستنی مافە لەناودا دژی هەر دەستدرێژی كردنێك، هەروەها ناو وادەنرێت كە یەكێكە لە بەشە گرنگەكانی ژیانی تایبەتی كەسەكان.

بۆ ئەمەش داد وای دانا كە پەیوەندییەكی هەیە بە ژیانی تایبەتەوە، لە حاڵەتێكدا كە ناوی ڕاستی یەكێك لە هونەرمەندەكان ئاشكرا دەكرێت كە كاتێك ئەو هونەرمەندە كاری خۆی دەكات لە ژێر ناوێكی خوازراو شاراوەدا، جگە لەمەش ئەگەر جەماوەر ناوی ڕاستی كەسەكە یان هونەرمەندەكە نەزانێت، دەرخستنو ئاشكراكردنی ناوە ڕاستییەكەی لەو بارودۆخەی كە هەیەتی ژیانی ئارامیو بێدەنگیو ژیانی هاوسەرێتی لێ تێك دەدات.

لایەنێكی دیكە لە ڕێگەیەكی دیكەوە، وای دادەنێت كەمافی كەس كە لەناویدا لە یەكێك لە بەشەكانی ژیانی تایبەتی دانانرێت.

ماف لەناودا یەكێكە لە مافە نووساوەكان بە شەخسیەتی مرۆڤەكانەوە. ماف لە ناودا جیایە لە ماف لە ژیانی تایبەتدا. ناو سیفەتێكی ئاشكرایی هەیە لە وەسف كردنو جیاكردنەوەی لە كەسێكی دیكە.

هەروەها دەستدرێژی كردنە سەر ناوێك بە یەكێك لە سروشتە ناتەباكانەوەیە كە دەكەوێتە سەر نهێنی ژیانی تایبەت، ژیانی تایبەت یاسا دەیپارێزێت، بەڵام ناوی هاتوو ئەو پاراستنە هاوئاهەنگییەی نییە كە خەڵك تیایدایە. بۆ زیاتر ئاشنابوونمان بە یاسای ئەمەریكی مافی ناو زانین تەنیا لەناودا وێنا كرێت وەك یاساكانی میسرو فەرەنسی، لەبەر ئەمەیە دادگاكانی ئەمەریكی پاڵپشتی یاساناسان بۆ ماف لە تایبەتمەندێتیدا كە پاراستنی ناویش بگرێتەوە[٢٥].

**٢-٢-٤ : بڵاوكردنەوەی ئەو ڕاستیانەی كە چوونەتە ئەوپەڕی بیرچوونەوە**

ئاخۆ دەبێت ئەوڕاستیانە بڵاوبكرێنەوە كە ماوەیەكی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە؟ ئەم گرفتە زۆر ورووژێنەر بوو لە فەرەنسا بە بۆنەی فیلمی سینەمایی سەبارەت بە ژیانی یەكێك لە گەورە تاوانبارەكان، فیلمەكە دەری خست كە پەیوەندی نێوان تاوانبارەكە بە یەكێك لە ژنەكانەوە، واتە پەیوەندیەكی خۆشەویستی هەبوو لە نێوانیاندا، كاتێك دەیەها ساڵ بەسەر مردنی ئەو تاوانبارەدا تێپەڕ بوو، هەروەها ژنەكەش چوو بووە تەمەنێكی گەورەو لە بیری خەڵكیدا نەمابوون، بەنمایشكردنی ئەو فیلمە دوای ئەو هەموو ماوەیە، ئەو ڕابردووەی هێنایەوە بەرچاوو گوێ، لەبەر ئەمە ژنەكە پەنای بردە بەر دادگا، لێرەدا دادگا هەرچەندە دانی بەوەدانا كە ئەم ژنە دەستدرێژی كراوەتە سەر بۆ ئەم حاڵەتە، بەڵام شایەنی هیچ قەرەبوویەك نییە، لەبەر ئەوەی ئەو ژنە خۆی پەنای بردبووە بەر یەكێك لە خانەی بڵاوكردنەوەكان كە یاداشتەكانی خۆی لەگەڵ تاوانبارێكدا لە فیلمێكدا سازبدەن،یاساناسانی فەرەنسی وای بۆ دەچن و جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە كەس مافی هەیە بچێتە قاڵبی لە بیرچوونەوەوە.

**٢-٢-٥ : پیرۆزی لاشەی مرۆڤ**

ناتەباییەك لەسەر ئەوەی هەڵیدا كە ئەگەر پیرۆزی لاشەی مرۆڤ بچێتە چوارچێوەی ژیانی تایبەتییەوە، یان وادادەنرێت[٢٦].

هەندێك وای دەبینن كە پیرۆزی لاشەی مرۆڤ دەچێتە ناو ژیانی تایبەتییەوە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت

نێوەندێك دابنرێت لە نێوان ژیانی تایبەتی‌و چێژوەرگرتن لە ژیان، وەك چۆن چێژوەرگرتن لە ژیان ناکرێت بەبێ بوونی بیرۆکەیەك بۆ خودی ژیان خۆی، لەبەر ئەوە پێویستە پیرۆزی لاشەی بچێتە چوارچێوەی ژیانی تایبەتەوە(٢٧). سەرەڕای بوونی ئەو بۆچونەی سەرەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمە بەڕەهایی قبوڵ بکرێت. وای دەبینین کە پیرۆزی لاشەی مرۆڤ دانانرێت بە یەکێك لە ڕەگەزەکانی ژیانی تایبەت وەك پێگەیەکی گشتی، لەبەر ئەوەی کە دەستدرێژی کردنە سەر پیرۆزی لاشە بەدەستدرێژی کردنە مادییەکان دادەنرێت لە زۆر بارودۆخدا، وەك دەستدرێژی کردنە سەر سەلامەتی لاشەو لێدان‌و بریندارکردن هتد.

یان دەستدرێژی کردنە سەر مرۆڤ وەك ئازاردان‌و ئەشکەنجەدانی بە بەکارهێنانی ئامێری ئازاردان‌و دەرمانی بێهۆشکەرو نواندنی موگناتیسی بۆ دانپێدانان، لێرەدا دەبینین یاساناسانی فەرەنسی کە دەڵێن نابێت دەستدرێژی بکرێتە بۆ سەر مافی مرۆڤ لە دەرخستنی هەندێك لە ئەندامەکانی لاشەی‌و یان دەرخستنی تەواوەتی‌و رووت کردنەوەی هەروەها نابێت وێنەی مرۆڤەکە بەو شێوەیە بگیرێت بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خۆی، ئەگەرنا ئەمە بە سەرپێچی دادەنرێت‌و دەستدرێژییە بۆ سەر پیرۆزی ژیانی تایبەت.

**٦-٢-٢ : ماف لە شەرەف‌و ئیعتبار دانان**

یاسادانەرانی شارستانی مافی شەرەف‌و ئیعتبار دەپارێزن، دەبێت کە یەکێك دەستدرێژی کرابێتە سەر شەرەف‌و ئابڕوی‌و ئیعتبار پەنا بەرێتە بەر دادگا بۆ وەستاندن‌و هێنانەوەی‌و ئیعتبار دانان بۆی، هەروەها مافی وەرگرتن‌و قەرەبووی زیانی لایەنی ئەدەبی‌و ئەخلاقی هەیە.

## بەشی سێهەم

**٣ : پاراستنی تایبەتمەندێتی لە یاسایی عێراقیدا**

ئەگەر ئازادی رۆژنامەوانی‌و رادەربڕین بە پێی یاسا پارێزراوبێت، ئەوە لە هەمان کاتدا مافی کەسەکانیشی لەپاراستنی ژیانی تایبەتیان بەپێی یاساو پەیماننامە جیهانییەکان پارێزراوە.

ماددەی (١٢) لەجاڕنامەی مافی مرۆڤ دەڵێت: (نابێ هیچ کەس بخرێتە بەر دەستێوەردانی ژیانی تایبەتی خۆی یان خێزانی یان ماڵ یان نامەگۆڕینەوەی، یان هێرش بکرێتە سەر شکۆو ناوبانگی، هەمووکەسێك مافی ئەوەی هەیە کە یاسا لەو هێرش‌و دەستێوەردانانە بیپارێزێت).

بە هەمان شێوە ماددەی (١٧) لە بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی‌و سیاسییەکان کە لەساڵی ١٩٦٦ دەرچووە دەڵێت:

(١-نابێت بە زۆر یان بەشێوەیەکی نایاسایی دەست وەربدرێتە تایبەتمەندییەکانی کەسی یان خێزانی‌و ماڵ‌و نامەگۆڕینەوەی، هەروەك نابێت بەشێوەیەکی نایاسایی دەستدرێژی بکرێتە سەر شکۆو ناوبانگی.

٢-هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لەسایەی پاراستنی یاسادا دژی ئەم دەستێوەردان‌و دەستدرێژییانە بێت)(٢٨).

**٣-١ : لەیاسای سزاکاندا**

لەیاسای سزاکانی عێراقیدا ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ئەوە بەشێوازێکی ئاشکرا لە برگەی یەکی مادده (٤٣٨)دا پارێزگاری لە مافی ژیانی تایبەت کردووەو دەڵێت: (بە بەندکردنی کە لەساڵێك زیاتر نەبێت‌و بەپێی بژاردنی کە لە (١٠٠دینار) زیاتر نەبێت یان بە یەکێکیان سزا دەدرێت، ئەوەی بە یەکێك یان تەعلیقێك کە پەیوەندی بە نهێنییەکانی ژیانی تایبەت‌و خێزانداری تاکەکانەوە هەبێت بڵاوبکاتەوە، هەتا ئەگەر راستیش بڵاوبکاتەوە، تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، مادەم لە بڵاوبونەوەیدا زیانیان پێ بگەیەنێت).

هەرچی یاساکانی رۆژنامەگەریشە، ئەوە لەمادە (٦)ی دەستوری یەکێتی گشتی رۆژنامەنووسانی عەرەب لە ساڵی ١٩٦٤ دا هاتووە کە: (لەسەر رۆژنامەنووس پێویستە رێزی ناوو ناوبانگی کەسەکان بگرێت‌و نابێ هێرش بکاتە سەر ژیانی تایبەتیان ویان ناوو ناوبانگیان لەکەدار بکات تەنیا گەر لەبەرژەوەندی گشتی بێت).

بەڵام لەیاسایی چاپەمەنی عێراقی ژمارە (٢٠٦) ی ساڵی ١٩٦٨ ویان یاسایی چاپەمەنی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ ئەم مافە باسی لێوە نەکراوە، ئەمەش بەکەم‌و کوڕی دادەنرێت لەیاساکانی چاپەمەنی‌و رۆژنامەگەری عێراقداو دەبێ یاسا دانەری تازە چارەسەری بکات.

بەڵام هەموو ئەو كەم و كورپیانەی لەیاسای عێراقیدا هەیە سەبارەت بە مافی كەسەكان لە پاراستنی ژیانی تایبەتیان مانای ئەوە ناگەیەنێت كە هێرش كردنە سەر ئەو مافانە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە رەوابێت، بەڵكو بەكارێكی نایاسایی دەژمێردرێت و لێپرسراوێتی تاوانكاری و شارستانیش لەسەر ئەنجامدەرەكەی دروست دەكات[٢٩].

**٢-٣ : لەیاسای شارستانیدا**

جێی رەخنەیە یاسایی شارستانی عێراقیش بەشێوازێكی لێڵ و شاراوە نەبێت باسی لەم مافە نەكردووە لەكاتێكدا ماددە (٥٠) لە یاسایی شارستانی میسری ژمارە (١٣١) ساڵی ١٩٤٨ دەڵێن: (بۆ هەركەسێك هەیە كە هێرشێكی نایاسایی كرابێتەر سەر یەكێك لەمافە پەیوەستەكانی كەسێتییەكەی، داوای راگرتنی هێرشەكە بكات لەگەڵ قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانەی لێی كەوتووە).

بەڵام سەبارەت بە یاسای شارستانیەتی عێراق لەماددەی (١/٢٠٥) لەیاسایی شارستانی بەشێوەیەكی ناڕاستی دەڵێت كە: (مافی قەرەبووی زیانی ئەدەبی بكرێت، هەموو دەستدرێژی كردنە سەر كەسێكی تر لە ئازادی یان لە ئابرو ناوو ناوبانگی یان لەكاریگەری لەسەر شوێنی كۆمەلایەتی یان لە ئیعتباراتی ئابووریوا لەدەستدرێژی كەر دەكات كە لە قەرەبووكردنەوە بەرپرس بێت).

لێرەدا دەبینین بەهۆی پاراستنی لایەنی سزاییەوە، یاسای شارستانی توانیویەتی هەركەسێك دەستدرێژی لەسەر كرابێت مافی لەمافی تەواوەتی كەسێتی بداتێ، لەوانە ماف لە ژیانی تایبەت- داوای قەرەبووبكات. لەم لێكۆڵینەوەیەدا پاراستنی بەرچاو بۆ ژیانی تایبەت جگە لەو حاڵاتەی كە لایەنەكانی بەرپرسیارێتی تیادا دەردەكەوێت و هەیە بەرپرسیارێتی سزاكان هەبێت[٣٠].

بەمەرجێك ئەو زیانە دەرەنجامی كارە ناڕەواكە نەبێت هەروەها لەپاش تێپەربوونی سێ مانگ بەسەر بەرواری بڵاوكردنەوەدا مافی تۆماركردنی هیچ داوایەكی سزایی و شارستانی نامێنی، ئەوەش لەبەر جێگركردنی مامەڵەكان.

**٣-٣ : لەیاسایی چاپەمەنیدا**

دەركردنی چاپەمەنی لەسەر بڕیاری ئیرادە ناوەستێت بەڵكو مەبەستی سەرەكی لێی دیاری كردنی ئەو كەسەیە كە لەرووی یاساییەوە بەرپرس دەبی لەو تاوانەی كە بەهۆی رۆژنامەوانییەوە ئەنجام دەدرێن، شایەنی باسە یاسایی بڵاوكردنەوەو چاپەمەنییەكانی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ كاری بەسیستمی خۆپارێزی نەكرد، بەڵكو كاری بەسیستمی مۆڵەتی بێ دەرخستن (البیان) بكات وەك لەماوەی (١٠) رۆژداو لەبەردەم دادگای تەمیزداو بڕیاری دادگای تەمیزیش دوا بڕیار دەبێت، لەیاسایی چاپەمەنیەكاندا رێگەنادرێت كە خاوەنی چاپەمەنیەكی خولەكی كەسێك مەعنەوی بێت، لەبەر ئەوەی لە بڕگەییەكی ماددەی (٥)ی یاساییدا وشەی (هاوڵاتی) بەكارهاتووە كە دەڵێت: (هەر هاوڵاتیەكی عێراقی نیشتەجێ لە هەرێمدا حەز بە دەرچوواندنی چاپەمەنییەكی خولەكی بكات دەبێت داوایەك پێشكەش بكات بۆ........) وشەی (هاوڵاتی) وەك ئاشكرایی كەسێكی نا ئاسایی ناگرێتەوە. ئەم شتەش دادەنرێت بە كەم و كورییەك لەیاسایی چاپەمەنی هەرێمی كوردستاندا پێویستە دابخرێت بۆ ئەوەی كەسە مەعنەوییەكانیش بگرێتەوە.

لەیاسایی چاپەمەنیدا ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٣دا هەر بە هەمان شێوە جۆرێك لە دووڵی پێوە دیارە سەبارەت بە یاسایی چاپەمەنی هەرێمی كوردستان لەسەر خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری رۆژنامەكە.

سەبارەت بەو بابەتانەی تیایدا بڵاودەكرێنەوە لەكاتێكدا ماددەی (٤) یان دەڵێن: (خاوەنی ئیمتیازی چاپەمەنیەكی خولەكی و سەرنووسەرەكەی بەرپرسن پێكەوە لەبەردەم یاساو دادگادا)، بەڵام ماددەی (١٠)ی بەرپرسیارێتیەكی ئیختیاری خستۆتە بەردەم و دەڵێت: (خاوەن ئیمتیاز یان سەرنووسەرو نووسەری وتارەكە لەو چاپەمەنییە خولەكیەدا بەرپرس دەبن واتە (یان)ی لە بری (و) لە نێوان خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەردا داناوە، ئەمەش لەیاسایی چاپەمەنیدا پێویستە لابرێت.

هەواڵنامەی کوێر

لەماددەی (٢) یاسایی چاپەمەنی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە دەڵێت: (چاودێری‌و رەقابە لە هەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنی، هەر هاوڵاتیەك سەربەستە لە دەرکردنی هەر چاپەمەنیەك بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە).

هەروەها لەماددەی (٩)دا هاتووە دەڵێت: (بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە قەدەغەن کە هانی کردنی تاوان‌و کاری تیرۆریستی دەدەن‌و رێو شوێنی بۆ خۆش دەکەن‌و تین‌و توانای بۆ دابین دەکەن، یان جنێو تانوت لێدان‌و ناوزڕاندنی کەسەکانی تێدابێت یان دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئاین‌و مەزهەب‌و داب‌و نەریت‌و سیستمی گشتی تێدا بێت).

ئەنجام

دەست کردن بەلێکۆڵینەوەو توێژینەوە بێگومان بۆ دەرخستنی کەم‌و کوڕی‌و دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە رێگەی ئەنجامدانی ئەو توێژینەوانەوە خزمەتێك بەو بوارە بکەیت کە توێژینەوەکەی تیادا دەکەین.

لێرەدا لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت کە زۆر کەم‌و کوڕی‌و کەلێن هەن کە خۆیان حەشار داوە لە ناوەرۆکی ژیانی تایبەتیداو ئەو یاسایانە خۆیان قەرەیان نەداوەو هێشتا زۆریان ماوە خۆیان لەخاڵی پێکینی یاساکان بدەن، لایەنێکی کەم‌و کوڕی ئەوەیە کە تائێستا هیچ کام لەزانایان‌و فەقێکانی نەگەیشتونەتە ئەوەی کە یەك پێناسی گشتی‌و هاوبەشی بۆ ژیانی تایبەتی‌و تایبەتمەندێتی دابنێن، هەریەکەیان تێڕوانین‌و بۆچوونی جیاجیایان هەیە. دەرکەوتووە کە هەندێك لەلایەنی ژیانی تایبەتی کەسەکاندا کۆمەڵێك لە لێکۆڵەرەوان لەسەری کۆکن‌و هەندێك لایەنی تریش لەسەری کۆکنین‌و ناتەبان، پاشان دەردەکەوێت کە هەندێك کەم‌و کوڕی لە یاساکانی سزادان‌و شارستانی دا هەیەو جۆرێك لە تەم‌و مژ بەسەر ئەو یاسایانەوەیە هیچ مافی تەواوی بەو بابەتانە نەداوەو نەیتوانیوە تیایدا بابەتی بێت جگە لەمانەش لەیاسایی چاپەمەنیشدا کەم‌و کوڕی خۆی خزاندۆتە کرۆکی یاساکانی چاپەمەنی.

دیارە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو کەم‌و کوڕییانە هەوڵی زۆری دەوێت، دەبێت سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان هەوڵبدەن لە رێگای پەرلەمانەوە داخڵ ببنەوە ناو دەسەڵات‌و لەوێوە جەختە لەسەر چاککردنی ئەو یاسایانەو دانان‌و فراوانکردنی کۆمەڵێك برگەی زۆر پێویست لە بواری چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکاندا زیاد بکەن.

**پەراوێزەکان:**

١- مسؤولية الصحفي المدنية عن أخطائه المهنية- دراسة مقارنة - من منشورات اتحاد صحفيي كردستان ٢٠٠٣ - سامان فوزي عمر ل٥٩.

٢- الحياة الخاصة ومسؤولية الصحفي- الدكتور مصطفى احمد عبدالجواد ل٦١- دراسة فقهية قضائية مقارنة في قانونين المصرى والفرنسي- دار الفكر العربي ٢٠٠٠-٢٠٠١ م، ل٦١.

٣- الدكتور احمد عبدالجواد حجازى- نفس المصدر ل٦١.

٤- الحياة الخاصة ومسؤولية الصحفي / د. مصطفى احمد عبدالجواد الحجازى دار الفكر العربي - ٢٠٠٠-٢٠٠١م ، ل٦٦.

٥- حرمة الحياة الخاصة في ظل التطور الحديث / د. محمد عبدالعظيم محمد- ل ٤١٣ -لەلایەن د. مصطفى احمد عبدالجواد حجازى- الحياة الخاصة ومسؤولية الصحفي ل٢٠٩ ئاماژەی پێدراوە.

٦- الحماية الجنائية الخاصة وبنوك المعلومات ل١١- د. ئوسامة عبدالله فايد لەلایەن استاذ طارق احمد سرور- دار النهضة- الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر ل٥٩ ئاماژەی پێدراوە.

٧- د. حسام الدين الأهواني: الحق في الخصوصية- ل٦، لەلایەن دکتور مصطفى احمد عبدالجواد حجازى- دار الفكر العربي- ٢٠٠٠-٢٠٠١م - ل١١ ئاماژەی پێدراوە.

٨- د. ممدوح خليل العاني : الحماية الخاصة في القانون الجنائي ل٦ لەلایەن د. مصطفى احمد الجواد حجازى (الحياة ومسؤولية الصحفي)- ل١٠ ئاماژەی پێدراوە.

٩- أحزان حرية الصحافة - صلاح الدين حافظ - مركز الأهرام للترجمة والنشر - القاهرة- ل١٢١.

١٠- دادوەر سنووری نێوان ژیانی تایبەت‌و ژیانی گشتی دیاری دەکات، چونکە هەندێ بابەت هەیە لەسەیرکردنێکی یەکەممان بۆی ژیانی تایبەتە لەبەر شوێنی کەسەکە دەبێت بە ژیانی گشتی‌و دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت.

١١- اللورد ينبج - طريق نحو العدالة، وەرگێراوە بۆ عەرەبی: احمد عبدالله مقاوي ومأمون كنون، دار الجبل، بيروت، بەبێ ساڵی چاپ، ل١٧.

١٢- الحياة الخاصة ومسؤولية الصحفي- دكتور مصطفى احمد عبدالجواد الحجازى دار الفكر العربي- ٢٠٠٠-٢٠٠١ م - ل٧٧.

١٣- الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر - طارق احمد فتحى سرور- م. كلية الحقوق- جامعة القاهرة- دار النهضة العربية - القاهرة - ١٩٩٩- ل٤٥.

١٤- لەبەر ئەوەی پزیشك پەیوەستە بەو یاسایە كە دەبێت پارێزگاری نهێنی پیشەكەی بكات، دادگای فەرەنسی ئیدانەی زۆر پزیشكی كردوە كە نهێنی پیشەكەیان نەپاراستووەو نهێنی نەخۆشەكانیان بڵاوكردۆتەوە.

١٥- دكتور مصطفى احمد عبدالجواد حجازي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

١٦- الحق في الخصوصية- دكتور حسام الدين كامل الأهواني: دراسة مقارنة - مطبوعات جامعة الكويت- بدون سنة نشر- ل٥٧- لەلایەن دكتۆر مصطفى احمد الحجازى- الحياة الخاصة ومسؤولية الصحفي- ل٧٩ ئاماژەی پێدراوە.

١٧- حرية التعبير في مجتمع مفتوح- رودنى أ. سمولا - وەرگێرانی بۆ عەرەبی كمال عبدالرؤوف، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة المصرية، چاپی یەكەم- قاهرة - ل١٣.

١٨- طارق احمد فتحى سرور، سەرچاوەی پێشوو- ل٥٠-٥١.

١٩- رودنى أ. سمولا - سەرچاوەی پێشوو- ل١٨١.

٢٠- مادەی (٣٦) لەیاسی ژمارە (٣٥٤) ی ساڵی ١٩٥٤ تایبەتە بە مافی دانەر- بە بڵاوكردنەوەی وێنە بەبێ رەزامەندی.

٢١- الحق في الصورة - دكتور سعيد جبر- دار النهضة العربية- القاهرة- ١٩٨٦ - ل١١٥ -لەلایەن د. مصطفى احمد حجازي - الحياة الخاصة ومسؤولية الصحفي- ل٨٧ ئاماژەی پێدراوە.

٢٢- دكتور سعيد جبر- هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل١٢٠.

٢٣- دادگا وای پەیرەو دەكات كە ژیانی كار جیایە لە ژیانی تایبەتیو دەچێتە ژیانی گشتییەوە.

٢٤- دكتور ئەلئەهوانی- هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل٥٩.

٢٥- دكتور الأهوانى - ل٦٢ - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لەلایەن د. مصطفى احمد عبدالجواد الحجازى - ل١٠٤ ئاماژەی پێدراوە.

(٢٦) گومان لەوەی نییە كە مافی ئەوە هەیە سەلامەتی لاشەو ئەندامەكانی بچێتە ژێر مافەكانی كەسێتیەوە كە بەرگەی ماددی مرۆۋ بپارێزێت،و پارێزگاری لێبكرێت بەهۆی یاسای جنائیو دەستورەوە ئەو مافە بپارێزرێت.

٢٧- د. ممدوح العانى - هەمان سەرچاوەی پێشو- ل٢٣٢.

٢٨- ئەگەر چی ئەمانە پەیماننامەو بەڵێننامەی نێودەوڵەتین، بەڵام عێراق هەردوو پەیماننامەكەی راستاندووە (تصديق) لە ساڵی ١٩٧٠ بۆیە هەردووكیان بوونەتە بەشێك لە یاسایی عێراقیو دادگاكان لەسەریانە كاری پێ بكەن.

٢٩- مسؤولية الصحفي المدنية عن اخطائه المهنية- دراسة مقارنة - سامان فوزى عمر - من منشورات اتحاد صحفيي كردستان- سليمانية- ٢٠٠٣- ل٥٨.

٣٠- م. سامان فوزى عمر- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## سەرچاوەكان:


### سەرچاوەی كوردی:

١-ملكۆلم ئيف. مالێتی/ هاورێی رۆژنامەنووسان، كۆمیتەی جیهانی رۆژنامەگەریی ئازاد- كوردستان، ١٩٩٨.

### سەرچاوە عەرەبییەكان:

١- الدكتور ابراهيم الداقوقي، قانون الإعلام، نظرة جديدة في الدراسات الإعلامية الحديثة، مطبعة وزارة الأوقاف والشؤون الدينية، جامعة بغداد - بدون سنة الطبع.

٢- الدكتور جمال العطيفى - آراء في الشرعية وفي الحرية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٠.

٣- لدكتور حسن عماد مكاوى، آخلاقيات العمل الأعلامي، دراسة مقارنة، دار النهظة المصرية اللبنانية، بدون سنة الطبع.

٤- سامان فوزي عمر، مسؤولية الصحفي المدنية عن أخطائه المهنية، دراسة مقارنة، من منشورات اتحاد صحفيي كردستان، السليمانية، ٢٠٠٣.

٥- الدكتور سليمان جازع الشمري، الصحافة والقانون في العالم العربي والولايات المتحدة، دار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة - ١٩٩٣.

٦- طارق احمد فتحي سرور، الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩١.

٧- الدكتور مبدر الويس، أثر التشهير في الصحافة على الحرية الشخصية، دراسة مقارنة، ١٩٨٦.

٨- الدكتور مصطفى احمد عبدالجواد حجازي، الحياة الخاصة ومسؤولية الصحفي، دراسة فقهية قضائية مقارنة في القوانين المصري والفرنسي، دار الفكر العربي، ٢٠٠-٢٠٠١م.

٩- د. ممدوح خليل العاني، حماية الحياة الخاصة في القانون الجنائي، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، ١٩٨٣.


هەولێرنامەی كتێب

# چەند سەرنج و تێبینییەك دەربارەی
# چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی -نهێنی-ی
# نەوشێروان مستەفا ئەمین

## وتەیەکی ڤیویست



د.جەمشید حەیدەری

-١-

بێگومان لەو چەند سالأنەی دواییدا نەوشێروان مستەفا ئەمین سێ بەرگی لە چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانی کوردی بەچاپ گەیاندووە، بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەمی لەساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە.

گومان لەوەدا نییە، نووسەر بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەی ماندووبوونێکی زۆری چێشتووە، چ لەگەڕان بەدوای رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان و چ بە خوێندنەوەی ئەو باسو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا نووسراون، بێگومان ئەو بەرهەمانەی نەوشێروان مستەفا لەتەك هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەم بوارەدا، بەر لە ئەو ئەنجامدراون، کەرستەیەکی پڕ بایەخ و گرنگن بۆ نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بەشێوەیەکی زانستییانەو بەلەبەر چاوگرتنی پێوەرەکانی نووسینەوەی مێژوو و دیاریکردنی قۆناغەکانی گەشەسەندن و هەروەها کێشەو گرفتەکانی رۆژنامەگەریی کوردی چ لەرووی هونەرییەوە و چ لەڕووی کادیر و پسپۆڕ و بارودۆخی سیاسی و ئەستەنگەکان، لەهەمان کاتدا دیاریکردنی رۆڵی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لەبەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و وشیاری سیاسی و گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردیدا و خستنە بەرچاو و رەنگدانەوەی بیری کۆمەلأیەتی و سیاسی قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری و کاریگەری هۆکاری دەرەکی و ناوەخۆ لەسەر ئاستی بزاڤی رۆشنبیری و کۆمەلأیەتی لەلایەك و، رۆڵی خەباتی سیاسی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەسەرهەڵدان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردیدا.

لەگەڵ دەستخۆشی کردن لە نەوشێروان مستەفا، هیواخوازین کە درێژە بەو کارانەی بدات و بەرهەمەکانی بەرز دەنرخێن، بەلأم لەهەمان کاتیشدا بەپێویستی دەزانین سەرنج و تێبینییەکانمان دەربارەی بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەم، بخەینە بەرچاو، کەتەنیا دوا بەرگی نووسینەکانی نەوشێروان مستەفام کردۆتە بابەتی ئەو نووسینە، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کەسەرنج و تێبینیمان لەسەر دوو بەرگەکەی تر نییە، بەڵکو لەبەر کورتی ماوەی دیاریکراو بۆ ئامادەکردنی بابەتێك بۆ ڤیستیڤاڵی بەدرخان ناچاریکردین لەبەرگی سێیەمیشدا تەنیا سەرەتا و گۆڤاری **"نیشتمان"** بخەینە بەر باس **"داوای لێبوردن**

**لەنووسەر/ نەوشێروان مستەفا/ هەروەها لە بەشداربووانی فیستیڤالی بەدرخان دەکەین".** بێگومان سەرنجەکانمان لەبایەخی بەرهەمەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەوڵەمەندی دەکات.

– ناوی کتێبەکە: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی –۱۹۳۸–۱۹۵۸ ڕۆژنامەوانی نهێنی بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەم، سلێمانی/ ۲۰۰٤ ناوی چاپخانەی لەسەر نییە. ۲۳۸ لاپەڕەیە.

– زمانی کوردییەکەی پاراوە، بەڵام ڕێنووسی ستانداردی کوردی باوی سەردەمی لەبەرچاو نەگرتووە/ ئەو بابەتە پەیوەندی بەزمانەوانییەوە هەیە ناچێتە دوو توێی ئەو نووسینەی من.

– سەرچاوەکان: لەلاپەڕە (٦٠)دا نووسەر ئاماژەی بە (٤) سەرچاوە کردووە، کە سوودی لێوەرگرتوون.

وەك دەزانرێ لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا، نووسەر لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی ئەو بابەتەی لەسەر دەنووسێ، پشت بەسەرچاوەی باوەڕ پێکراو دەبەستێ، گومان لەوەدا نییە ئەو چوار سەرچاوەیە بوونییان هەیە و نووسەر سوودی لێ وەرگرتوون بۆ نووسینی سەرەتا و ئەو بەشەی پەیوەندی بە گۆڤاری **"نیشتمان"** و **"کۆمەڵەی ژ.ك"**وە هەیە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا کە ئەمڕۆ لەهەموو جیهانی زانستدا باوە، نووسەر ئەگەر سەرچاوەیەکی بەکارهێنا، پێویستە ئەو دەقەی وەریگرتووە، یاخود ئەو زانیارییانەی بەکارهێناون، بخاتە نێو کەوانە و ئاماژە بە خاوەنەکەی و ناوی کتێبەکە و ساڵی دەرچوون و شوێنی چاپکردن و لاپەڕەی دیاریکراو بکات. نەوشێروان مستەفا هیچ یەك لەو پێوەرانەی لەبەرچاوە نەگرتووە، بەڵکو ئەو زانیارییانەی بەکارهێناوە، بەڵام لەکام لەو (٤) سەرچاوانەی ئاماژەی پێکردووە وەرگرتووە، خوێنەر نازانێ؟/ جەمال نەبەز، هێمدداد حسێن، عەلی کەریمی یاخود تۆژەر؟ ئەو شێوە بەکارهێنانی سەرچاوە، هیچ شتێك کۆیان ناکاتەوە لەگەڵ نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی. یەکێك لەو سەرچاوانە کتێبێکی نەوشێروان مستەفا خۆیەتی، حکومەتی کوردستان **"ڕێبەندانی ۱۳۲٤–سەرماوەزی ۱۳۳۵"** کورد لەگەمەی سۆڤیێتیدا، ئوتریخت/ئۆتریش ۱۹۹۳. دووتریش لەو سەرچاوانە جەمال نەبەز و عەلی کەریمی/ لەگەڵ ئەوەی خۆی کە لەدەرەوەی کوردستان چاپکراون، خوێنەری کورد لەباشووری کوردستان بەدەگمەن دەستی دەکەوێ، بۆیێ خوێنەری کتێبەکەی نەوشێروان ناتوانێ ڕاستی زانیارییەکان بەتەواوی بزانێ کە ئایە لە کام لەو بەڕێزانە وەرگیراوە و ئایە ئەو نووسەرانە **"سەرچاوەکان"** زانیارییانەی لەکام سەرچاوەی باوەڕ پێکراو وەرگرووە، جگە لە گۆڤاری **"نیشتمان"** کە لەکتێبەکەی د. جەمال نەبەز دا بڵاوکراوەتەوە.

–کتێبەکە بەو شێوەیە دابەشکراوە:

۱.سەرەتا لاپەڕە ٤–۱۸.

۲.ژ.ك و ڕۆژنامەوانی نهێنی ۱۹–٦۰.

۳.ڕۆژنامەوانی نهێنی و شیوعییەکانی کورد ٦١–۱۸٤.

٤.ڕۆژنامەوانی نهێنی و پارتی دیموکراتی کوردستان ۱۸٥–۲۳۸.

**"لەکۆتایی هەر بەشێکدا ئاماژەی بەو سەرچاوانە داوە کە سوودی لێوەرگرتوون".**

هەروەها نموونەی هەندێ لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بڵاوکردۆتەوە.

مەنهەجی لێکۆڵینەوەی مێژووی نەلەسەرەتادا (٤–۱۸) و نە لە **"ژ.ك و ڕۆژنامەوانی نهێنی"**لەبەرچاو نەگیراوە، چونکە مێژوو تەنیا ڕیزکردنی ڕووداوەکان و فاکتەکان نییە یەك لەدوای یەك، بەڵکو دەرخستنی پەیوەندیە لەنێوان ڕووداوەکان و کەسەکان لەکات و شوێنی دیاریکراودا، هەروەها مێژوو بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لەڕابردووی خۆی بگات و هەوڵبدات بۆ تێگەیشتنی ئێستا لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ڕابردوو و هەروەها سوود وەرگرتن لەڕابردوو بۆ ئاییندە.

نووسەر لە لاپەڕە ٤–٥ بەچەند دێرێك ئاماژە بەوە دەکات **"ساڵی ۱۹۳۹ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ساڵێکی شووم و سامناکە"** و پاشان دەنووسێ: **"گۆڤاری گەلاوێژ لەو باروودۆخەدا هاتەکایەوە، یەکەمین ژمارەی لەکانوونی یەکەمی ۱۹۳۹دا دەرچووە و تا ئابی ۱۹٤۹ بەردەوام بووە"** یەکسەر هاتووە وتارێکی گۆڤاری گەلاوێژی ژمارەی "۸" بڵاوکردۆتەوە کە پەیوەندی بە ڕۆژنامەی نهێنی پۆلۆنییەکانەوە هەیە، وەك ئەوەی ئەو وتارە هاندەری سەرەکی بووە بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی

کوردی، لەکاتێکدا پەیدابوون و دامەزراندنی ڕێکخراوی نهێنی کوردی لەباشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی، خوالێخۆشبوو نوری صدیق شاویس لەبیرەوەرییەکانی، کەلە ساڵی ١٩٨٥ بلاوکراوەتەوە بەزمانی عەرەبی ئاماژە بەوە دەکات کە **"کۆمەڵەی دارکەر لەساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٣٩ ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ هیوا و گۆڤاری هیوا، بەدەستنووس دەرچووە و نوری شاویس لەشەش ژمارەدا بەشداری نووسینی کردووە و هەروەها دەنووسێ کە ژمارەی (٨-٩) لێ دەرچووە"**[١].

لەهەمان سەرچاوەدا ئاماژە بەوەکراوە کە **"کۆمەڵەی ئازادی کورد"** لەساڵی ١٩٣٥ دامەزراوە، کۆمەڵەی برایەتی کورد لەنێوان ساڵانی ١٩٣٨-١٩٣٩ دامەزراوەو ناوی دامەزرێنەرەکانیشی نووسیون:

شێخ لەتیف، شێخ لەتیفی دانساز، مەلا ئەسعەدی مەحوی و صدیق شاویس و ئیسماعیل شاویس، بە وتەیەکی دیکە بیرکردنەوە لەدەرکردنی ڕۆژنامە یا گۆڤاری نهێنی کوردی مێژووەکەی لەتەمموزی ١٩٤٠ کۆنترە.

دوای بلاوکردنەوەی وتارەکەی ویلیام جونس و لەلاپەرە ٨دا نەوشێروان دەنووسێ: ئەگەرچی نە لەوکاتەداو نەدواتریش تا ساڵانێکی درێژ، تێکۆشەرانی کورد نەیانتوانی تەجروبەیەکی لەو بابەتە لەبواری ڕۆژنامەوانی کوریدا ئەنجام بدەن، بەڵام هۆیەکەی شی ناکاتەوە، بارودۆخی کوردستان لەوکاتەدا، بەتایبەتی لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی چۆن بووە، ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لە چ پلەیەکدا بووە، کە دەێتە سەر باسی جەنگی جیهانی، نووسەر تەنیا چەند ڤاکتێکی رووتی ڕووداوەکان دەخاتە بەرچاو لە قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩ تا هەڵگیرسانی شەڕی جیهان-واتە ڕووداوەکانی دەساڵ و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ۆژهەلاتی ناوەڕاست و دونیا هەمووی لەیەك لاپەرە کۆکردۆتەوە.

لەلاپەرە (١٠-١١)دا هەڵگیرسانی شەڕ و پەلاماری ئەڵمانیای هتلەری بۆ سەر سۆڤیەت لە ١٩٤١/٦/٢٢ دەخاتە بەرچاو، لەکۆتایی لاپەرە -١١-دا ئاماژە بەوە دەکات کە **"دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئەوانەیان کەبەشێکی نەتەوەی کوردییان تێدا بوو، هەڵوێستییان جیاواز بوو"**.

پاشان نووسەر لەیەك لاپەڕەدا باسی باری عێراق دەکات، دیسان چەند ڤاکتێکی رووتمان دەخاتە بەرچاو لە ١٩٢١ دەوڵەتی عێراق دامەزرا، بەدوو رستە ئاماژە بە حوکمداری کوردستان و حکومەتی جنوبی کوردستان دەکات و دەرچوون **"قانون اللغات المحلية"** زمانی کوردی بووبوو بە زمانی ڕەسمی و لە سلێمانی ڕۆژنامەی "ژین" و لەبەغدا **"گۆڤاری گەلاوێژ"**، لەکاتێکدا بەر لەدەرچوونی گۆڤاری **"ژین"** و **"گەلاوێژ"** واتە لە ساڵی ١٩٢٩وە تادەرچوونی یاسای زمانی خۆجێتی، بەر لەدامەزراندنی حکومەتی جنوبی کوردستان و دوای رووخانیشیی چەندان ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچووینە، دەکرا نووسەر ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی بخستبایە بەرچاو و جەختی لەسەر ئەوە بکردایە کە هۆیە سەرەکییەکان چ بوون کە حکومەتی عێراقی ناچارکرد بۆ دەرکردنی **"قانون اللغات المحلية"** و ئاماژەی بەو چالاکییانەی ڕۆشنبیری و سیاسەتمەدارانی کوردی ئەو سەردەمی بکردایە لەساڵی ١٩٢٦ و پاشانیش دوای شەڕی بەردەرکی سەرا...و دامەزراندنی ڕێکخراوە نهێنییەکانی و چالاکییان لەم بوارانەدا.

پاشان دێتە سەر ئەوەی کە بەریتانیا یەکەم دەسڕۆیشتووی عێراق بوو، ئەویش کەوتە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەبەشێکی گرنگی ڕاگەیاندنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، دەرکردنی گۆڤاری **"دەنگی گێتی تازە"** و **"ڕادیۆی کوردستان"** لەیافا، لەکاتێکدا بەریتانیا نەك لەکاتی شەڕی جیهانی زمانی کوردی لەڕاگەیاندنی خۆی بەکارهێناوە، بەڵکو لەساڵی داگیرکردنی کوردستان لەدوای شەڕی یەکەمیجیهانی بەمەبەستی پڕوپاگەندە بۆ سیاسەتی خۆی ڕۆژنامەی بەزمانی کوردی دەرکردووە، لەوبەشەیدا دەبوایە پتر هەڵوەستە لەسەر بارودۆخی کوردستان بکات، چونکە لەو ساڵانەی بەر لەهەڵگیرسانی شەڕی دووەم، ڕاپەڕین و بزووتنەوەی چەکداری چ لەلایەن شێخ ئەحمەدی بارزانی و چ بەسەرکردایەتی شێخ مەحموودی بەرزنجی و چ جم وجۆڵ و چالاکی لاوانی کورد لەبەغدا ڕەنگی دابێتەوە لەپێشەکی بارودۆخی عێراقدا، پێم وابوو نەوشێروان مستەفا لە بەرگی دووەمی بەرهەمەکانی کەتاساڵی ١٩٣٨ لەخۆوە دەگرێ لەوانەیە ئاماژەی پێکردبێ، بەڵام بەداخەوە لەوێش پاشخانی سەرهەڵدانی بزاڤی

رۆشنبیری و سیاسی کوردستان نەخراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە زەمینە خۆشکەر بووە بۆ چالاکییەکانی کورد دوای ساڵانی ١٩٣٨.

لەهەمان کاتدا نەوشێروان مستەفا راستی بۆچووە، بەریتانیا دوای کۆتایی هاتن بەشەڕی دووەم پێویستی بەو جۆرە پروپاگەندەیە نەماوەو هەر بۆیەش گۆڤاری **"دەنگی گێتی تازە"** وئێستگەی کوردی یافای داخستووە.

کەنووسەر دێتە سەر باسی ئێران لەلاپەڕەکانی ١٣-١٤ ئاماژە بەوە دەکات کە سۆڤیەت لەسەرووی ئێرانەوە کوردستانی داگیر کردووە و ئینگلیزیش لەخوارووی.

لێرشدا ئاماژە بەوە دەکات کەدەرفەت لەئێران "تاران" رەخساوە بۆ ئازادی سیاسی و رۆژنامەگەری و چەند رۆژنامەو گۆڤار بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هیچ گۆڤار و رۆژنامەیەك نە لە تاران و نە لە کوردستان بەزمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە، تەنیا ئاماژە بە د.ئیسماعیل ئەردەلان دەکات کە رۆژنامەی **"کوهستان"**ی بڵاوکردۆتەوە و هەندێ باس و بابەتی لەسەر هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری کوردستان و نەتەوەی کورد بڵاوکردۆتەوە، بەڵام نووسەر ئاماژە بەوە ناکات کە ئەو زانیارییانەی دەربارەی د.ئیسماعیل ئەردەلان و رۆژنامەکەی لە چ سەرچاوەیەکی وەرگرتووە.

لەلاپەڕە (١٤)دا کەباس لەو دەرفەتەی رەخساوە لەئێران بۆ جۆرە ئازادییەك، بەتایبەتی لەتاران و لەکوردستانیش لەو ناوچانەی لەژێر دەستەڵاتی سۆڤیەت بووە، یاخود ناوچەی موکریانی کە نە لەشکری سوور و نە لەشکری ئینگلیزی تێدانەبووە، باس لەچالاکی سیاسی و رۆشنبیری دەکات، بەڵام نووسەر ئاماژە بەوەناکات کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و ئەمەریکا، هیچ جۆرە چالاکی کوردی رێگای پێنەدراوە، یاخود هەر نەبووە، بەڵام هەر لەساڵی ١٩٤١، لەکانوونی یەکەمی ١٩٤١ سۆڤیەتییەکان شاندێکیان داوەتی باکۆ کردووە کەلە ٣٠ کەس پێکهاتووە بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد، ئەوە بەر لەدامەزراندنی کۆمەڵەی "ژ.ك" و هەروەها پێویست بوو، ئاماژە بەوەش بکرێ کە کوردەکانی باشووری کوردستان رۆڵێکی دیارییان لەدامەزراندنی "ژ.ك" بەتایبەتی هیوا بینیوە. د.ئاورەحمانی قاسملو لە چل ساڵ خەباتدا ئاماژە بەوەدەکات کە **"میر حاج ئەحمەد"** وەك نوێنەری -هیوا- لەیەکەم کۆبوونەوەی "ژ.ك" بەشداری کردووە[٢].

هەر لەم بەشەی تەرخان کراوە بۆ ئێران (١٣-١٤) پرسیارێکی ورووژاندووە، کەلەشوێنی خۆی نییە، چونکە پێویستە لەروانگەی ئەو سەردەمەی کە ئێران و کوردستان پێیدا تێپەڕیوە، لەبەرچاو بگرتایە و پاشانیش ئەوەی لێکبدابایەوە کەلە چ سات و کاتێك دوو کەڵە پیاوەی رۆشنبیری کوردی رۆژهەڵات هاتوونەتە باشووری کوردستان و لەباشووریش چالاکانە لەخزمەت زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووینە، چونکە کوردستانیان بەیەك وڵات زانیوە و لەهەر شوێنێکیش دەرفەتیان بۆ رەخسابێ دریغیان نەکردووە، مەبەستم لەخواڵێخۆشبووان حوسێن حزنی موکریانی و مامۆستای پایەبەرز عەلائەدین سجادییە.

نەوشێروان مستەفا پرسیارەکانی بەم شێوەیە دارێشتووە: رۆژنامەوانێکی بەتوانای وەك سەید حوسەین حوزنی، کە هەمیشە شانازی کردووە بەموکریانی بوونی خۆیەوە، لەباتی ئەوەی لەبەغداد ببێتە هاوکاری کاربەدەستانی بەریتانیای بۆ دەرکردنی **"دەنگی گێتی تازە"**و بەو هۆیەوە چەندین ناوناتۆری سووکی قبوڵ کردووە، بۆچی نەچۆتە تاران لەوێ هەمان کار ئەنجامدا؟

یان کەسێکی وەك عەلائەدین سجادی کە ئەویش رۆژنامەوانێکی ناسراو بوو بۆچی نەگەڕایەوە سنە یان تاران بۆ ئەوەی کارێکی وەها بکا؟

تۆ بڵێی لەکاتێکدا هەموو رۆژنامەوانە ناسراوەکانی ئێران بە ئازادی لەوپەڕی چالاکی دابوون،ئەمانیان لەسێدارە بدایە؟

پاشان دەنووسێ: بۆچی ئەمان **"مەبەست لەحوزنی و سجادی"**یە کە رۆژنامەوانی شارەزاو خاوەن تەجروبە بوون هەر لەبەغدا مانەوەو نەگەڕاونەتەوە **"زێد و نیشتمانەکەی خۆیان"** لەوێ خزمەت بەرۆژنامەوانی کوردی بکەن.ل.١٤.

چەند تێبینییەك لەسەر ئەو بڕگەیەی سەرەوە کەپەیوەندی بەمامۆستایان حوزنی و سجادییەوە هەیە.

-باشە نووسەر دان بەشارەزایی و خاوەن ئەزموونی ئەو دوو زاتە گەورەیە دائەنێ، بەڵام ئاخۆ پرسیاری

لەخۆی نەکردووە، ئەو دوو زاتە چەندان ساڵی لەباشووری کوردستان دەژین و کوردستان بەزێدیباوو باپیرانیان دەزانن، حوزنی لەساڵی ۱۹۲٦ لەرواندز یەکەم گۆڤاری بەزمانی کوردی -زاری کرمانجی- بڵاوکردۆتەوەو لە ۱۹۳۵ یەکەم گۆڤاری لەشاری دێرینی هەولێر بەچاپ گەیاندووە، هەرچەندە شانازی بەوە کردووە کەلەموکریان هاتۆتە باشوور، بەڵام تواناو قەلەم و ئەزموونی ژیان و رۆژنامەوانی لەخزمەت کورد بووە، نەشیزانیوە لەدوای پەنجا ساڵ لەکۆچی دوایی، یەکێك گازاندەو گلەیی لێدەکات و بەبێگانەی دەزانێ و ئەو پرسیارە دەروژێنێ بۆ **"نەگەڕاوەتەوە بۆ زێدو نیشتمانەکەی خۆی"** یاخود مامۆستا عەلائەدین سجادی کە نەك تەنیا زانایەکی گەورە بووە لەبواری کۆکردنەوەو نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی و رەخنە و فۆلکلۆر، بەڵکو ئەرکی سەرەکی راپەڕاندنی گۆڤاری گەلاوێژ **"لە ژمارەی یەکەمەوە تا دوازمارەی"** لەئەستۆ گرتبوو، تەنیا خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە بووە یاخود هەندێ جار چیرۆکی تێدا بڵاوکردۆتەوە، جگە لەوەی سجادی یەکەم گۆڤاری سیاسی کوردی-عەرەبی لەعێراق دەرکردووە کە رۆڵێکی مەزن و دیاری گێراوە لەتەك گۆڤاری گەلاوێژدا.

هەر لەهەمان لاپەڕەدا هەموو رووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ئێران لەدوای داگیرکردنی لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەت و ئەمریکا و ئینگلیز لە (۱۵) دێردا باس دەکات، بەدامەزراندنی کۆمەڵەی "ژ.ك" و حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دەرچوونی گۆڤارەکانی **"هاواری نیشتمان و گڕوگاڵی منداڵان و هەڵاڵە..."** لەبەر ئەوەی بەشی دووەمی ئەو نووسینەم بۆ گۆڤاری **"نیشتمان"** تەرخان کردووە، بۆیێ لێرەدا بەپێویستی نازانم، هەڵوێستە لەسەر پاشخانی دەرچوونی گۆڤارەکە و دامەزراندنی رێکخراوی "ژ.ك" و گۆڕانکارییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەم، بەڵام پێم وایە دەبوایە ئەگەر بە چڕیش بوایە باس لەبارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکانی ئێران وکاریگەریی لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان شی بکردایەوە، کە زەمینە خۆشکەر بووە بۆ چالاکی کوردەکانی رۆژهەڵات.

لەلاپەڕە (۱۵)دا باسی تورکیا و هەڵوێستی دەکات لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی دووەم و پاشان بێلایەنی ئەو دەوڵەتە، لێرەدا نەوشێروان مستەفا ئاماژە بەگۆڕانی هەڵوێستی تورکیا دەکات و دەنووسێ: **"یەکێ لەهۆکانی ئەم بێلایەنییە، وەکو دوایی لە دۆکۆمێنتەکانی ئەڵمانیای نازیدا دەرکەوت، ترسی تورکیا بوو لەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی هاوپەیمان یارمەتی کورد بدەن کوردستان لەتورکیا جیابکاتەوەو دەوڵەتی کوردی دروست ببێ"** ئەوەی سەرنج راکێشا لەو بۆچوونەیدا، نووسەر ئاماژە بەهیچ سەرچاوەیەك ناکات کە قسەکانی بسەلمێنێ، نووسەر مادەمەکی ئەو زانیارییەی زانیوە یاخود بیستوویەتی یاخود بەشێوەیەکی لۆژیکی لێکدانەوەی سیاسەتی تورکیای دەربارەی کێشەی کورد ئەوی گەیاندۆتە ئەو ئەنجامە دەبوایە بەچەند دێرێکیش بوایە ئاماژەی بەو دۆکۆمێنتانە بکردایە یاخود بەو سەرچاوانە بکردایە کە ئەو زانیارییانەی تێدا هاتووە.

هەر لەو لاپەڕەیەدا بەچەند دێرێك ئاماژە بەوەدەکات کە تورکیا دانی بەبوونی کورد نەناوە و هیچ گۆڤار و رۆژنامەو کتێب بەزمانی کوردی دەرنەچووە.

لەلاپەڕ (۱٦)دا باسی سوریا و لوبنان دەکات و ئاماژە بەوەدەکات کە هەردوو دەوڵەت لەژێر ئینتیدابی فەرەنسا بوون و باس لەهەڵگەڕانەوەی جەنەڕاڵ دیگۆل دەکات **"ئەو نووسیویەتی مارشال"** لەحکومەتی دەسرێژی ئەڵمانیا لەپاریس، کە ئەوە دوای هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی دووەمی دەکات، بەڵام هەر پاش ئەوە یەکسەر دەنووسێ: **"چالاکەکانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەیان کەلەکوردستانی تورکیاوە چووبوونە سوریا و لوبنان "حیزبی خۆیبوون" یان دامەزراندووە، دوای تێکشکانی شۆڕشی ئاگری نائومێد بوون لەوەی بەخەباتی چەکدار بتوانن ئازادی کوردستانی تورکیا بەدەس بهێنن، کەوتبوونە خەباتی رۆشنبیری: بوژاندنەوەی زمانی کوردی، چاککردنی ئەلف و بێ و رێنووسەکەی، بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامەو کتێب".**

لێرەدا چەند بڕگەیەك سەرنجی راکێشام: یەکەم لەسەرەتا باس لەهەڵگەڕانەوەی جەنەڕاڵ دیگۆل

دەكات كەدوای "**هودنە**"ی فەرەنسا لەگەڵ ئەڵمانیا، دووەم: كە دەێتە سەرباسی كوردەكان، باس لەدامەزراندنی "**خۆیبوون**" دەكات كەلەساڵی ١٩٢٧ دامەزراوە نیزیكەی ١٤ ساڵ بەر لەشەڕ دامەزراوە، ئینجا دێتە سەر هەرەسی شۆڕشی ئاگری كە ئەویش دوای سێ ساڵی لەدامەزراندنی خۆیبوونە: سێیەم: كە دێتە سەر باسی چالاكی ڕۆشنبیری كوردەكانی ئاوارەی سوریا، چالاكی ئەو كوردانە پەیوەندی راستەوخۆی نییە بەهەرەسی شۆڕشی ئاگری، بەڵكو بە دامەزراندنی خۆیبوون وەك ڕێكخراوێكی سیاسی، زەمینە خۆشكەر بووە بۆ شۆڕشی ئاگری یاخود دەكرێ بگۆترێ چالاكەكانی كورد لەدوو بەرەدا كاریان كردووە، خەباتی سیاسی و پاشان چەكداری لەلایەك و خەباتی ڕۆشنبیری لەلایەكی دیكەوە، واتە هەردوو جۆرەكانی. یەكتریان تەواو كردووە، نووسەر ئاماژە بەوەدەكات "**كەسەرانی كورد، بەگشتی پێوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی مانداتی فەرەنسی "ئینتیداب" باش بوو**" ئەگەر ئەو پێوەندییە باش بووە، وەك نەوشێروان مستەفا دەنووسێ، بۆ گۆڤاری "**هاوار**" لەساڵی ١٩٣٥ تا ساڵی ١٩٤١ رادەوەستێ ؟! من پێم وانییە، چونكە سەرانی كورد پێوەندیان باش بووە لەگەڵ دەسەڵاتی مانداتی فەرەنسی بۆیێ لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی ڕێگا بە كورد دراوە چالاكی ڕۆشنبیری بكەن، بەڵكو بارودۆخی سیاسی و پێداویستی ڕۆژ وای لەفەرەنسییەكان كردووە چاوپۆشی لەو چالاكییانە بكەن وسوودی لێوەربگرن بۆ پروپاگەندەی خۆیان، چۆن ئینگلیز لەعێراق و باڵیۆزخانەی بەریتانیا گۆڤاری "**دەنگی گێتی تازە**"ی بلاوكردەوە، هەر ئەوەندە بووە.

لەلاپەرە (١٧)دا باسی كۆتایی شەڕ و دروستبوونی دوو ئۆردوگا دەكات و گۆڕانی شێوەی شەڕ و هاوپەیمانی دوێنێ بوونە ئۆردوگای دژ بەیەك و شەری سارد هاتە كایەوە.

لەلاپەرە (١٨)دا باس لەسێ جۆرە ڕۆژنامەوانی دەكات: ئەهلی، نهێنی و بیانی.

لەبرگەی (٣)یەمدا دەنووسێ: "**لەساڵانی دووەمی جەنگی جیهانیدا بەریتانیا، لەساڵانی جەنگی سارددا وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان، بەزمانی كوردی گۆڤار و بلاوكراوەیان پەخش كردووە**".

دیارە بەریتانیا وەك لەشوێنێكی تریش ئاماژەم پێكردووەو هەر لەدوای داگیركردنی عێراق، پێشكەوتن، تێگەیشتنی راستی بلاوكردۆتەوە و هەروەها لەكاتی شەڕیشدا "**دەنگی گێتی ی تازە**"، بەڵام ئەمریكاییەكان تەنیا لەناوەڕاستی پەنجاكان گۆڤاری "**پەیام**"یان بلاوكردۆتەوە.

-٢-

**"ژ.ك" و ڕۆژنامەوانی نهێنی**

دیارە چالاكی كوردەكانی باشووری كوردستان چ لەبواری ڕۆشنبیری و سیاسیدا، بەتایبەتی ڕۆڵی دیاری حیزبی –هیوا– و پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرانی موكریان و باشووری كوردستان و گەیشتنی بلاوكراوەو چاپەمەنی كوردی بۆ ڕۆژهەلاتی كوردستان كاریگەری هەبووە لەچالاكی كوردەكانی ڕۆژهەلات، لەلایەكی دیكەوە داگیركردنی ئێران لەلایەن سۆڤیەت و ئەمریكا و ئینگلیزەوەش، دەرفەتی نوێی رەخساندووە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی كە لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت بووە، نەك هەر "**چاوپۆشین**" لەچالاكی كوردەكانی كردووە، وەك نەوشێروان ئاماژەی پێدەكات، بەڵكو سۆڤیەتییەكان بەمەبەستی سیاسی خۆیان چ لە ئازربایجان و چ لە كوردستان هەوڵیان داوە كورد و ئازەری موبیلەزەیكەن و هەر لەدوای ٤ مانگ لەهاتنی لەشكری سوور شاندی كوردیان بانگهێشت كردووە بۆ باكۆ، هەروەها وەك لەشوێنێكی دیكەی ئەم باسەدا ئاماژەم پێكردووە، نوێنەرانی "**هیوا**" ڕۆڵێكی كاریگەریان هەبووە لەدامەزراندنی كۆمەڵەی "ژ.ك"دا، راستی كۆمەڵەی "ژ.ك" ڕێكخراوێكی نهێنی بووە و پتر لەموكریاندا چالاكی هەبووە، بەپێچەوانەی –هیوا– لەباشووری كوردستان، بەڵام دەركردنی گۆڤاری "**نیشتمان**" لەدوای ساڵێك لەسەر دامەزراندنی "ژ.ك"و بەو شێوەو قەوارەیە و بلاوكردنەوەی بە پۆست لەگۆڤارێكی نهێنی ناكات، هەر چەندە ڕێكخراوەكەش بە شێوەیەكی نهێنی كاری كردبێت، لەوەی كە گۆڤارەكە لەتەورێز چاپكراوە، كە تەورێزیش لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت بووە، ئەوە ناگەیەنێ كە گۆڤارێكی نهێنی بووە، لەوانەیە نەبوونی دەستگای چاپەمەنی لەمهاباد هۆیەك بێت، هەروەها ڕۆژنامەو گۆڤاری نهێنی بە (٢٠-٢٥) لاپەرە بلاوكردنەوەی ئەستەمە، بۆیێ من پێم وانییە گۆڤاری –نیشتمان– دەچێتە خانەی

ڕۆژنامەوانی نهێنییەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەوشێروان مستەفا لەکتێبەکەیدا (٤١) لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە، ئێمە بەباشمان زانی فەرامۆشی نەکەین، بەڵکو ئەگەر بەکورتیش بێت هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین.

تۆژەر بابەتەکەی لەسەر گۆڤاری -نیشتمان- بەو شێوەیە دابەشکردووە:-

١.نیشتمان.

١-١دەرچوون

١-٢ئامانجی

١-٣نووسەرەکانی

١-٤بڵاوکردنەوەی

١-٥ڕاگرتنی

٢.بیرو بۆچوونەکانی ئەوەشی لە (٥) خاڵ خستۆتە ڕوو.

٣.بابەتە سیاسییەکانی.

٤.گۆشەکانی-ئەوەشیان لە (٥) خاڵ دایە.

٥.شوێنی لەڕۆژنامەوانی کوردیدا.

لە ١-١ دا ئاماژە بە دەرچوونی ژمارەی یەکەم و دوا ژمارەی دەکات، هەروەها بەچەند لاپەڕە دەرچووە و لەسەر بەرگی دەرەوەی گۆڤارەکەدا چ نووسراوە، لەلایەن چ لایەکی دەردەچێ.

لە ١-٢ چەند برگەیەکی لە سەروتاری ژمارەی یەکەمی بڵاوکردۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە تاسەردەمی عوسمانی و ڕۆژگاری شەرەفخانی بەدلیسی ئەو قەناعەتە باوبوو کەهەموو نەتەوەی کورد لەبنەچەو نەژاد و نەوەی هەردوو برا بوختی و بەژنون[٢]، ئەم قەناعەتە بەچاوپۆشین لەوەی کەتاچەند ڕاستییەکی مێژووییە، بەڵگەو نیشانەی کەڤناری و دێرینی پەیڤی بۆتان–بوختی–بوختۆیە.

ئەوەی جێی سەرنج و تێبینییە لەمێژووی هۆزەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمەی عوسمانیدا ئەوەیە کەناوی زۆربەی هۆز و خێل و تیرەی عەشیرەتەکانی کوردستان هەمان ناوی شوێنی ئاکەنجی بوونیانە و هەر هۆزێك بەناوی زێد و نشینگەیەوە ناوزەند کراوە، یان بە پێچەوانەوە ناوی گەلێك جێگەو دەڤەری کوردستان لەناوی دانیشتوانەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە:

– ولاٚتی هەکاری–هۆزی هەکاری
– چیای داسەن–هۆزی داسەنی
– قەلاٚی قەیموری و هۆزی قەیموری
– هۆزی حەمیدی و ئاکریٚی حەمیدی "**عقرة الحميدية**" یان لەهەندیٚ حاڵەتی تردا ناوی دەڤەرێکی کوردستان ناوی ئەو بنەماڵەیەی کەدەسەلاٚتدارە و فەرمانڕەوایە تیایدا لەناوی سەرۆك و هۆزی جێگیر بووی ناوچەکەیە یان ناوی یەکەم کەسی دەسەلاٚتداری بنەماڵەکەوە وەردەگیرێت.
– هەرێمی ئەردەلان–میرنشینی ئەردەلان–بابە ئەردەلان
– دەڤەری بەهدینان–میرنشینی بەهدینان
– میر بەهائەدین–بهاوالدین
– دەڤەری شەمدینان–میر شمس الدین (شەمسەدینان)

– میر بەبە یان بنەماڵەی بەبە–میرنشینی بابان

بەم چەشنە دەردەکەوێت لەزمانی کوردیدا سەری (٢١) ناوی ناوچەو میرنشین لەناوی کەسێکەوە ٠اسم علم) دادەنرێت، وا دیارە بەهەمان دەستوور ناوی بۆتانیش لەناوی هۆزی بوختییەوە دارێژراوە کە دوورنیە ئەمیش لەناوی باپیرە گەورەیان یا یەکێك لەگەورە پیاوانی ئەم هۆزەوە هاتبێت.

لەکاتی پرۆسەی فەتحکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە لەسەردەمی ئیسلامی و سەدەکانی ناوەڕاستدا چەندین جار ئاماژە بەهۆزی بوختی کورد **"الاكراد البختيه"**(٣) دراوە، کەچی لەهیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی و لەهیچ یاداشت و سەرنجێکی گەڕۆك و جوگرافیا ناسانی موسڵمانەوە، بۆتان نەوەك چەمکێکی کارگێڕی و نەوەك یەیەکی کارگێڕی باسی نەکراوە، ئەم راستیەش بەڵگەیەکی تری چەسپاوە لەمەڕ ئەوەی کە بۆتان لەبوختی–بۆتییەوە دارێژراوە، تەنانەت شەرەفخانی بەدلیسیش کە دەیان جار ناوی هۆز و بنەماڵەی فەرمانڕەوای بوختی هێناوە دەڤەر یان ولایەتی بۆتانی ناو نەبردووە.

ئەم جزیرەیە لەسەردەمی عەباسی و لە رۆژگاری دەسەڵاتی دەوڵەتە مەغۆلی و تورکی و تورکمانیەکاندا: ئیلخانی **"مەغۆل"**، جەلایری **"تورك"** قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ **"تورکمان"** بە **"زۆزان"** دەناسرا(٤)، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ناوچەیەکی سارد و شاخاوی و کوێستانە، چەند چیایەکی بڵند و سەرکەشی پانتاییەکی بەرفراوانی لێ پێکدێنن، هەرچەند بازێڕێکی گەورەی ئەوتۆی تێدانەبوو، بەلاّم ژمارەیەك قەلاّ و شورا و شارۆچکەی هەبووە وەك :**"ئایتل، عەلوس، بەشیری، حزەقێك، گۆرگیل، بەرخۆ، خۆشاب، نیروە، ئەروخ، باخۆفە، ئەلقێ، کەنگاوەر...هتد"** کەلەلایەن سەرداران و میرانی هەردوو هۆزی بوختی و بەشنەوییەوە بەڕێوەدەبران(٥)،کەچی بازێری جزیرە هەر لەکۆنەوە لەسەرچاوە سریانی و کەنیسەیکاندابە **"جزرتاقوردایا–گرز تاقورتایا"** دووگەی کوردەکان دەناسرا(٦)، کە لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا وەرگێردرا بۆ **"جزيره الاكراد"**لەبەرە ئەوەی وەك مێژوونووس و جوگرافیناس**"ابن شداد"** دەڵێت مەڵبەندی گردبوونەوەی کوردەکان بوو(٧)، هەتا سەدەی سێیەمی کۆچی/نۆهەمی زایینی هەر ئەم ناوەی هەبوو، تا ئەو دەمەی کابرایەك بەناوی **"الحسن بن عمر التغلبی"** لەجزیرە جێگیر بوو و هەندێ خانووبەرەو ئاوایی بنیاتنا(٨)، لەریوایەتێکی تردا ئەم کابرایە ناوی **"عبدالعزیز عمر البرقعیدی"** بوو(٩)، بەهەرحاڵ لەو رۆژەوە ناوی **"جزیره ابن عمر"** بەسەر ئەم بازێرە دێرینەی کوردستان سەپێندرا و بەرەبەرە ناوە راست و رەسەنەکەی لەبەین چوو، لەپاڵ **"جزرتا قوردایا"** لەسەرچاوە سریانی و کەنیسەکاندا بازێری جەزیرە بە **"بیت قردو–باقردو"**ش ناوبراوە کە هەڵبەتە واتای **"بیت الاکراد–ماڵیکورد–نیشتمانی کورد"** دەدات بەدەستەوە، ئەمەش لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا بە **"باقردی"** ماوەتەوە کەهەردەم لەگەڵ شارەدێی **"بازبدا"** ناویان پێکەوەدێت(١٠).

لە سەردەمی عوسمانیدا و بەتایبەت لەسەدەی حەڤدەوە بەپێی رێزمانی کوردی و بەدەستووری ناوچەکانی تری کوردستان ناوی بۆتان دارێژرا لەناوی دانیشتوانەکەیەوە کە ئەویش هۆزی بوختیە، ئەوەتە شاعیرە مەزن مەلای جزیری (١٥٦٧–١٦٤١ز) لەشیعرێکدا دەڵێت:

**گولی باغی ئیرەمی بۆتانم**
**شەبچراغی شەبی کوردستانم**(١١)

بۆتان وەك لەلایەن رۆژهەڵاتناس ستریکەوە دەستنیشانکراوە بەوناوچە کوردنشینە دەگوترا کەلە باشووری دەریاچەی وانەوە درێژدەبووەوە تا لێوارەکانی رووباری دیجلەو دەکەوێتە نێوان دیجلەو هەردوو زێی بۆتان و خابورەوە رووبەرەکەشی ٢٣٠٠ میلی چوارگۆشەیەو لەشێوەی سێگۆشەیەکی نارێك دێتە بەرچاو کە بنەماکەی زێی بۆتانەو رووباری دیجلەو زێی خابووریش هەردوو لاکانی پێکدەهێنێ، لەباکوورەوە دەڤەری شێروان، لە باشوورەوە بازێری زاخۆو دەوروبەری، لەرۆژئاواوە هەرێمی تورعابدین و لە رۆژهەڵاتەوە ولاّتی هەکاری هاوسنووری بۆتان بوون(١٢).

لەمێژەوە ناوچەی بۆتان و شاری جزیرە مەڵبەندی ناوچەکە وەك شوێنەوارێکی مێژوویی سەرنجی رۆژهەڵاتناسانی راکێشاوە و بۆتە جێگەی بایەخیان وچەندین ڤەکۆڵەرو گەڕۆك و پسپۆڕی مێژوو و شوێنەوار ناس سەردانیان کردووە و کتێب و توێژینەوەیان لەسەرنووسیوە و بۆچوون و رای خۆیان لەمەڕ لایەنە جۆر بەجۆرەکانی دیرۆکیی دەربڕیوە، تەنها لەسەدەی نۆزدەوە تا یەکەم جەنگی جیهانی ئەم رۆژهەڵاتناسانە چوونەتە جزیرەی بۆتان و توێژینەوەو کتێب و گوتاریان دەربارەی نووسیوە:

تیۆدۆر نۆلدکە، ادوارد سخاو، ریچ، مارتن هارتمان، مولەر سیمۆنیس، کیونییە، فونش، لیهمان هوبت، لایارد، هیڤرنات کیپرت، ساندرکزکی، سوسان، چیرنیک، بێلک، مونسل، و بورخارت، هوبشمان، سترێک [١٣]، مارتن هارتمان (١٨٥١-١٩١٨) توێژینەوەیەکی زانستی گەلێ گرنگی لەسەر مێژوو و تۆپۆگرافیای بۆتان لەدوو بەشدا و لە ساڵانی ١٨٩٦-١٨٩٧ بلاوکردەوە[١٤]، ستریکیش بابەتی **"بوهتان"**ی بۆ ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی **"دائرة المعارف الاسلامیة"** نووسی، لەم باسەدا گەلێک سوود لەو بابەتە وەرگیراوە، جێی باسە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی بۆ یەکەم جار بەسێ زمان ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، لەساڵی ١٩٢٥چاپ و بڵاوکرایەوە.

**دووەم: هۆزی بوختی و دامەزراندنی میرنشینی بوختی:**

هۆزی بوختی یەکێکە لەهۆزە مەزن و دیارەکانی کورد، لەگەڵ هۆزی بەشنەوی گەورەترین و ناودارترین دوو هۆزی هەرێمی جەزیرەو دیاربەکرن، لەسەر ئاستی کوردستان، ئەم هۆزە جێگەی شایستەی خۆی هەیە، لەسەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زایینییەوە بێ دابڕان ناوو هەواڵ و دەنگوباسی بەردەوام بەرچاودەکەوێت، نەخاسمە پاش ئەوەی میرەکانی نیوچە میرنشینێکیان دامەزراند و فەرمانڕەوایی شارۆچکەو قەڵاکانی حزەڤیل **"کورگێل"** و ئاتێل و عەلوس و **"باز الحمراء-بأزاء الحمراء"**ی سەر بە دەڤەری زۆزان-بۆتانیان دەکرد، تەنانەت جوگرافیناسی ناسراو یاقوتی حەمەوی (٥٧٥-٦٢٦ك/ ١١٧٩-١٢٢٩ز) دەسەڵاتدارێتی بۆختی بە **"مەملەکەتی کوردە بوختییەکان"** وەسف کردووە کەبارەگاکەی قەڵای گۆرگێل بوو لە دامێنی چیای جودی[١٥].

شەرەفخانی بەدلیسی جوان بۆ ئەم راستییە چووە و بەم چەشنە دەربارەی بوختی دەدوێت **"هۆزی بوختی لەسەرپاکی کوردستاندا بەناووبانگن بەدلێری و جوامێری و خۆبەخشین و گیانفیدایی لەپێناو سەربەرزی و شکۆمەندیدا، هەروەها شارەزاو کارزانن لەسیستەمی سەربازی و هونەری شاسواری، بەوە ناویان دەرکردووە کە کۆناکەنەوە لەکڕین و دەستخستنی نایابترین جۆری چەک و تفاقی جەنگی لە ئەسپی رەسەن و شمشێری گرانبەهای میسری و خەنجەری دەبانی دیمەشقی، بێ گوێدان بەوەی کە چەند گران بەسەریان دەکەوێت، بەڵکو شانازی پێوەدەکەن، کاتێک لەگەڵ دوژمنێکیان دەکەونە جەنگەوە یەکدەنگ رادەپەڕن و جەربەزانە و خۆڕاگرانە بەرسنگی دەگرن، لەم ئەدگارە بەرزانە پێشەنگ و دەستپێشخەرن و لەپێش هەموو دانیشتوانی کوردستانەوە دێن"**[١٦]، شمشێرە بەناوو دەنگەکەی میر موسەکی بوختی بەڵگەیەکی زیندووە بۆ پشت راستکردنی ئاخافتنی شەرەفخان[١٧].

بوختی بەچەشنی هۆزە بەهێز و مەزنەکانی تری کوردستان وەك باسکرا، شیا دەسەڵاتدارییەکی ناوخۆیی لەهەرێمی زۆزان دابمەزرێنێت و چەند قەڵا و شورایەك بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، پێزانین دەربارەی ئەم پرسە ئێگجار کەمەو بەوردی نازانرێت میری دامەزرێنەر کێیەو چۆن و لەچ ساڵێك بەم کارە رابووە، وەلێ دەکرێت بڵێین دەسەڵاتدارییەکە کە وەکو نیوچە میرنشینێکی بوو هاتەکایەوە و یەکەم میری بوختی ناسراویش میر موسەکی کوڕی موجلییە کەتا ساڵی ٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز سەردار و فەرمانڕەوایی کوردە بوختییەکان بوو بە **"زعیم الاکراد البختیة"** وەسفکراوە[١٨].

لەنیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زایینی و بەدرێژایی سەدەی شەشەم و حەوتەمی کۆچی/ دوازەهەم و سێزدەهەمی زایینی، نیشتمانی بوختییەکان و سەرجەم شارو و شارۆچکەو ناوچەکانی کوردستان دووچاری زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری فراوانخوازی بوونەوە، چ لەلایەن سوڵتانەکانی سەلجووقیەوە: **"توغرل بەگ، ئەلب ئەرسەلان، مەلیکشا"** چ لەلایەن ئەتابکە مەمولکی و تورکمانەکان و دارودەستەکانیانەوە: **"جەیوش بەگ، عیمادەدەین زەنگی، ئەسیرەدین چەقەر، قەراها، ئەتابکەکانی ئەراتیقە"** یان لەلایەن جەلالەدین خوارزمشاە و هۆلاکۆ و خانەکانی تری مەغۆلەوە، کەبێگومان دەرەئنجامی خراپیان لێکەوتەوە[١٩]، لەگەڵ ئەوەشدا میرانی بوختی توانیان سەربەخۆیی خۆیان تا هێرشەکانی هۆلاکۆ بپارێزن و داکۆکی لەسەروەری خۆیان بکەن و کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیان بەڕێوە ببەن، لەم ماوەیەدا قەڵای گۆرگێلیان کردبووە بنەگەو بارەگای خۆیان.

لەناوەڕاستی سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەهەمی زایینی و لەکاتی هێرشی پەلامارە بەربلاوو خوێناویەکانی هۆلاکۆ و لەشکری مەغۆل بۆسەر هەرێمەکانی کوردستان، میر و سەرداری

بوختی حوسامەدین عەزیز بوو، میر ئەسەدەدینی بوختیش لەریزی سوپای دەوڵەتی ئەرتەقی **"ئەراتیقە"** خزمەتی دەکرد[٢٠].

لەمانگی رەمەزانی ساڵی ٦٥٩ك/ ١٢٦١ز هەردوو میری بوختی بە یاوەری **"الملك المظفر"**ی ئەرتەقی و دەیان میرو کاربەدەست و پیاو ماقوڵی ناوچەکانی زۆزان و ماردین و جزیرە بە کۆمەڵێ دیاری جۆربەجۆرەوە چوونە خزمەت هۆلاکۆ و ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ راگەیاند، کەچی ئەو تورەو دوڕودونگ بوو لێیان و بیانوی پێگرتن و بڕیاری دا لەملی هەمووان بدرێت[٢١].

دوای نیشتنەوەی کەفوکوڵی هەڕەشەو مەترسیەکانی مەغۆل و بەموسڵمان بوونی خانەکانی مەغۆل، لەدەوروبەری ساڵی ٧٠٠ك/ ١٣٠٠ز لەزۆربەی دەڤەرە پەناگیر و دوورە دەستە شاخاوییەکانی کوردستان، میرنشین و دەسەڵاتداری بچووك بچووك سەریانهەڵدا، یەکێکیان نیوچە میرنشینی بوختی بوو، ئەمجارەیان نەك هەر قەڵاکانی هەرێمی زۆزان بەڵکو خودی باژێری جەزیرەشی گرتەوەو کرا بە پایتەخت، میری دامەزرێنەریش عەبدولعەزیزی کوڕی سلێمانی کوڕی خالیدە، ئەمیش وەك دەیان میرو کەسایەتی ناوداری کورد بەنەریتی باوی ناو حیکایەتخوازەکان کراوە بەعەرەب، گوایە نەوەی خالیدی کوڕی وەلیدە لەهەڤاڵەکانی پێغەمبەرە[٢٢]، تەنها لەبەر ئەوەی باپیری ناوی خالید بووە، بێگومان ئەمە ریوایەتێکی هەڵبەستراوە و دوورە لەراستییەوە و هیچ پەیوەندییەك و خزمایەتییەك لەنێوان ئەم دوو خالیدە نییە کە پتر لەشەش سەدەیان لەنێوانەو لەمێژە ئەم تەرزە بەسەرهاتە ئەفسانە ئامێزانە بەدرۆخراونەتەوە[٢٣]. ئێمە بەدووری نازانین کەمیر عەبدولعەزیز هەمان میر و حوسامەدین عەزیزی بوختی بێت و ریوایەتەکە پێش و پاش وخراوە و بەتێکەڵ و پێکەڵی گەیشتۆتە دەم شەرەفخانی بەدلیسی.

لەبەر پان و بەرینی رووبەری هەرێمەکەی و بەپێی نەریتی خێڵەکی مومتەلەکاتی بوختی بەسەر میر عەبدولعەزیز و براکانی حاجی بەدر و میر ئەبدال دابەشکرا، میر عەبدولعەزیز لەبەر زیرەکی و لێوەشاوەیی لەلایەن باوکیەوە بەڕێوەبردنی باژێری جەزیرەی پێسپێردرابوو و قەڵای گۆرگیلێش درا بە حاجی بەدر و قەڵای فێنك هەڵکەوتوو لەباکووری جەزیرە بەر میر ئەبدال کەوت[٢٤].

لەو دەمەوە تاناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم کوڕ و کوڕەزا و نەوەکانی میر عەبدولعەزیز درێژەیان بەدەسەڵاتدا و بەرگری داگیرکەرانیان کرد لەکوردستاندا بەماڵباتی **"ئازیزان"** دەناسران و لەو ماوە درێژەدا گەلێك میری ئازاد و چەلەنگیان تیا هەڵکەوت کەسەنگ و رۆڵی کاریگەری و بەرچاویان لەمێژووی کورددا گێڕاوە، لەوانە میر سەیفودینی بوختی و میر عیزەدینی کوڕی کە پەیوەندیی دۆستانەیان هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی و میر ئەبدال و میر بەدرۆ بەگ و میر عیزەدین شێرۆخان ئەبدال و چەندانی دی لە شوێنێکی تردا بەدرێژی لەسەریان دواوین[٢٥].

**پەراوێزەکان:**


١.سترك، دائرة المعارف الاسلامية، مادة بهتان، ٢٥١/٤، محمد امين زكی، کوردو کوردستان، چاپخانە دارالسلام "بەغدا ١٩٣١" ل ٤٠-٤١. جمال رشيد احمد. دراسات كردية في بلاد سوبارتو "بغداد ١٩٨٤"، ص١١٦-١١٧.

٢.شەرفنامە، وەرگێڕاوی عەرەبی، چاپی دووەم"هەولێر ٢٠٠١"، ل٣٢٠.

٣.ابن اثير، الكامل في التأريخ"بيروت ١٩٧٨"، ٦٩/٨، ياقوت الحموي "بيروت ١٩٧٧" معجم البلدان، ١٢٤/٢، العمري التعريف بالمصطلح الشريف "بيروت ١٩٨٨"،ص ١٤٩.

٤.ابن الاثير، الكامل، ٣٠٩/٨، البلاذري، فتوح البلدان "بيروت ١٩٧٨"، ص١٨٠، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٥٨/٣.

٥.معجم البلدان، ١٥٨/٣.

٦.محمد امين زكی، كورد و كوردستان، ل ١٤.

٧.الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، الجزء الثالث "بيروت ١٩٧٨"، ص٧.

٨.معجم البلدان، ١٣٨/١.

٩.شەرەفنامە، ل ١٩٤.

١٠.كورد و كوردستان، ل ٤١، هەروەها بڕوانە: معجم البلدان، ١/ ٣٢٧-٣٢١.

١١.ديوانا مەلايێ جزيری "بەغدا ١٩٧٧"، ل٥٠٩.

١٢.دائرة المعرف الاسلامية، ٢٥٠/٤.

١٣.هەمان سەرچاوە، ٢٥١/٤-٢٥٢، هارتمان، دائره المعارف الاسلاميه، ماده جزيره ابن عمر، ٤٥١/٦-٤٥٣. كوردو كوردستان، ل٤٥-٤٧.

١٤.كۆڕی زانياری كورد، بەركوتێكی خەرمانی كوردناسی لە ئەوروپا "بەغدا ١٩٧٤"، ل٣٠.

١٥.معجم البلدان، ١٢٤/٢.

١٦.شەرەفنامە، ل ٢٦٩-٢٧٠.

١٧.عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الثانى، الطبعة الثانية "اربيل ٢٠٠١"، ص٥٣.

١٨.ابن الاثير الكامل، ٦٩/٨.

١٩.دەربارەی ئەم هێرشانە بڕوانە: عمادالدين خليل، عمادالدين زنكی، "الموصل ١٩٨٥"، ص١٠١-١١٦، نيشتمان بشير محمد، الكرد والسلاجقة، اطروحة، دكتوراه "اربيل ٢٠٠٠"، ص١٨٩-١٩٩.

٢٠.ابن شداد، الاعلاق الخطيرة، ٥٦٤/٣.

٢١.هەمان سەرچاوە، ٥٧٠/٣.

٢٢.شەرەفنامە، ل٢٦٩.

٢٣.هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٩، پەراوێزی ژمارە (١).

٢٤.هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٥.

٢٥.بڕوانە: صفحات من تأريخ الامارات الكورديه، اماره بوتان، مجله متين العدد "١٠٢" تموز ٢٠٠٠.

# ڕۆژنـامەی "کوردستـان"

## ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

## لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسییە

لێتوێژینەوە: شادمان مەلا حەسەن

### پێشەکی

ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران تەمەنێکی درێژو پڕ لەهەورازو نشێوی هەیە ، لەمێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی شوێنیکی دیارو تەمەنێکی بەرچاوی هەیە ، دەتوانین بڵێین یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە بەبەراورد لەگەل ئەوانەی پێش خۆیی‌و تاکو ماوەیەکی زۆر دوایی خۆیی، زۆرترین ژمارەی لە کورترین تەمەندا بڵاوبکاتەوە لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ دا. یەکێ لەو شتانەی ئەو ڕۆژنامەیە لەوانیتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵییەوە دەستی پێکردووە بەپێچەوانەوە ئەوانیتر کە لەتاراوگەو دژبە داگیرکەران دەستیان پێکردووە، سنووری لێکۆلینەوەکەمان زۆر فراوانە هەموو تەمەنی ڕۆژنامەکەیە کەلە ١٩٤٦/١/١١ — ٢٠٠٣/٨/٦ ئەمەش تەمەنیکی دوورو درێژە کەوا چەندین کەوتن‌و هەڵسانەی تێدایە تاکو گەیشتۆتە ڕاستە ڕێگای خۆی، هەرچەندە مەوداکە ئەوە دەهێنی زۆر فراوانتربێ و لە کتێبێکی گەورەدا ئەنجام بدری، بەلاّم ئێمە لەو لێکۆلینەوەیەدا هەوڵمان داوە بەپوختی لەسەر لایەنەکانی ڕۆژنامەنووسی بنووسین، پشت بەستن بەڕێبازێکی زانستی ئەکادیمیانە. لێکۆلینەوەکەمان تەنیا لەسەر بەشە کوردیەکەی کردووە چونکە ژمارە یەکیش بە زمانی فارسی هەموو جار لەگەل ژمارە کوردیەکەدا دەردەچێ وەرگێڕاوی بەشە کوردییەکەیەو هەمان ژمارەو نەخشەسازیی هەیە تەنیا پاشکۆی ئەدەبی لەگەڵدا نییە. بۆ سەرچاوە سوودمان لەزۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەو چەندین کتێب‌و چاوپێکەوتن لەگەل چەندین کەسایەتی کە پەیوەندیان بە لێکۆلینەوەکەماندا هەبووە وەرگرتووە.

### ڕێبازی لیکۆڵینەوەکە:

بۆ ئەوەی لیکۆڵینەوەکەلەسەر ڕێبازێکی زانستی‌و ئەکادیمی بەڕێوە بروات، ئێمە ڕێبازی شیکاری — مێژووییمان بۆ ئەم بابەتە هەلبژارد لەژێر ئەو ڕۆشناییە زانستییەی لە ماوەی چوار ساڵ خوێندنی زانکۆ لەبواری ڕاگەیاندن فێری بووین ، بەم پێیە ئەم لێکۆلینەوەیە دەچێتە خانەی توێژینەوەی زانستی و مێژووی لێکۆڵینەوەی زانستی لە ڕۆژنامەنووسی کوردی.

## ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە بەدەرخستنی لایەنەکانی هونەری رۆژنامەنووسی رۆژنامەیەکە، تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەنجام نەدراوە، تەمەنێکی درێژو پڕ لە گۆڕانی هەمەرەنگی تێدایە لەرووی هونەری رۆژنامەنوسییەوە، هەروەها ئامانج لە بلاوکردنەوەی ئەم رۆژنامەیە چییەو ئایا پەیامەکانی خۆی گەیاندووە وەك زمانحاڵی حیزبێکی شۆڕشگێڕ لەمەیدانی خەبات بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلێکی سەرکوت کراو، هەروەها بەدەرخستنی شوێنی لە کاروانی مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی بەشێوەیەکی زانستیو سەربەخۆ و دوور لە لایەنگیری.

## بایەخی لیکۆلینەوە:

یەکەمین جارە لیکۆلینەوەیکی ئەکادیمی زانستی بەم قەبارەیە لەسەر ئەم رۆژنامەیە بکرێ کە دەبێتە لێکۆلینەوەیەکی زانستی سەردەم لەبارى رۆژنامەنووسییەوە بۆ ئەوەی توێژەرانی کورد سوودمەندبن لێی، هەروەها کەلێنێك لەئەرشیفی لێکۆڵینەوەی زانستی رۆژنامەنووسی کوردی پڕدەکاتەوە.

## گیروگرفتەکانی لێکۆلینەوەکە:

تاکو ئێستا هەموو ژمارەکانی رۆژنامەی (کوردستان) نەلەئەرشیفی حیزبی دیموکرات کۆکراوەتەوەو پاریزراوە، نەلەشوێنێکی تریش پاریزراون تاکو بەئاسانی بۆ توێژینەوە هەمووی بەردەست بخرێت. هەروەها نەمانی زۆر لەو کەسانەی لەدەورەی دوایی سالی ١٩٧١ کەدەوری گرنگ وبەرچاویان هەبووە لە بلاوکردنەوەی ئەم رۆژنامەیەو هەریەکەی ماوەیەك دەوری سەرنووسەری بینیووە لەوانە (هێمنی شاعیر، دکتۆر قاسملۆ، دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، کەریمی حیسامی) یەکی لەگرفتەکانی تر کەمی کات لەبەر دەوامی زانکۆو دوری ریگامان لەئەرشیفی حیزبی دیمۆکرات کەزۆری کارەکانمان لەوی جێبەجێ دەبوو.

## شیرازەی لیکۆلینەوەکە:

ئەم لێکۆلینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دەروازەیەك و چوار بەشو دەرئەنجامیك لەدەروازەکەیدا، کورتە مێژوویەکی جوولانەوەی رووناکبیری و رۆژنامەنووسیمان لەکوردستانی ئێراندا باسکردووە کەوا لەسالی ١٩١٣ یەکەم بلاوکراوەی کوردی لەو بەشەی کوردستان لەلایەن مسیۆنێرە ئەلمانەکان چاپکراوە بەناوی (کوردستان)، دوایی دەوری جولانەوەکەی سمکۆ لەسالی ١٩٢٢ و دەرکردنی رۆژنامەیەك بەناوی (کورد).




**بەشی یەکەم:** باس لە جولانەوەی رزگاریخوازی کوردو دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ك) لەسالی ١٩٤٢ و هینانی چاپخانەو دەرکردنی گۆڤاری (نیشتمان) و پاشان دامەزراندنی حیزبی دیمۆکرات لەسالی ١٩٤٥ و راگەیاندنی حکومەتی میللی کوردستان لەسالی ١٩٤٦ و دامەزراندنی چاپخانەو دەرکردنی چەندین گۆڤاری رۆژنامەی (کوردستان) کە لە باسی سێیەمدا لایەنەکانی هونەری رۆژنامەنووسینمان خستۆتە روو، لەگەڵ کەمو کورییەکانی.

**بەشی دووەم:** باس لە کۆتایی هاتنی ئەم دەورەی (کوردستان) کراوە، پاشان ئەو هەولانەیجاریکی تر بۆ دەرکردنەوەی (کوردستان) دراوە لە باکۆ و تەوریز و ئەوروپا، پاشان دێینە سەر پەرتەوازەیی حزبی

دیمۆکراتو دواتر یەکخستنەوەی ریزەکانی لەساڵی ١٩٧٠ و دووبارە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەساڵی ١٩٧١ و خستنە ڕووی ٧٠ ژمارەی ئەو دەورەیە کە ٤٥ ژمارەی لە تاراوگەو ١٦ ژمارەی لەبەهاری ئازادی کوردستان ساڵی ١٩٧٩ لەدوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی بلاوبۆتەوە.

بەشی سێیەم: باسمان لەقۆناغێکی گرنگی ڕۆژنامەکە کردووە کەبەخەباتی پێشمەرگانەی حیزبی دیمۆکراتو خەلکی کوردستان، دەستی پێکردووە، ڕۆژنامەکەش گۆڕانی لەچەند بارەیەکەوە بەسەر داهاتووە، بەردەوام لەچیاکانی کوردستان زمانحاڵی گەلی کورد بووە بۆ مافو ئازادی لەم قۆناغەدا دوو ڕۆژنامەی تر هەر بەناوی (کوردستان) و ئۆرگانی حیزبی لێ جیاوازبۆتەوە یەکیانمان بەردەست نەکەوتو یەکیکیانمان لە٨٠ ژمارەدا لەباسی دووەم خستۆتە ڕوو کەبەناوی دەورەی سێیەم دەرچووە و پاشان هاتۆتەوە لای کوردستانی دایك. هەروەها لەباسی سێیەم ١٠٠ ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) مان لەلایەنەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسی خستۆتە ڕوو.

بەشی چوارەم: لەم بەشەدا باسمان لەجێگیربوونی ڕۆژنامەکە لەباری فۆرمو کاتی دەرچوون کردووە هەروەها هەموو لایەنە تەکنیکییەکانی ڕۆژنامەنووسیمان تێدا خستۆتەڕوو، چوونی ڕۆژنامەکە بۆسەر تۆڕی ئێنتەرنێت و گەیشتنی بەهەموو کونجو کەلەبەریکی دونیا زۆر بەئاسانیو دەورو کاریگەری لەم قۆناغەی ئیستای جیهانگیریو گەشەکردنی لەچەندین لایەنی ڕۆژنامەنووسییەوە هەروەها دەرکردنی چەند پاشکۆیەك.

## دەروازە

### بزووتنەوەی ڕۆشنبیریو سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستانی ئێراندا!

هەرکاتێ لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی مێژووی نەتەوەییو سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی کورد بکەین دەبێ باس لەمەینەتییەکانی خاکی کوردستانیش بکرێ کە چۆن لەتو پەت کراوە، هەربەشەی خزێنراوەتە ناو چوارچێوەی دەولەتێکی تر، نەتەوەی ڕێبەری ئەو دەولەتە بۆتە کوێخا وچەوسێنەری کورد لەم بەشە هەرئەمەش وایکردووە کورد لەزۆربەی بواری ڕووناکبیری و زانستی و مەدەنیو ئابووری سەردەم دوابکەوێ، ئەگەر چی کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەشداری لەهەموو جوڵانەوە سیاسی چاکسازییەکانی ئەو وڵاتانەی کرد بەشێوەیەکی کاریگەر تاکو لەدەرئەنجامی سەرکەوتنی چاکسازییەکاندا باری ژیانی نەتەوەی ئەویش بەرەو باشی بڕوات وەك بزووتنەوەی تورکیای لاو (اتحاد و ترقی) سالی ١٩٠٨ بزووتنەوەی مەشروتەخوازی ١٩٠٥ — ١٩١١ ی ئێران.[١]

کورد بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدار بوو، بەلام کاتێ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا هیچ سوودێکی ئەوتۆیان بۆ کورد نەبوو، ساڵی ١٩١٣ لە شاری (خۆی) ئیسماعیل خانی شوکاك/سمکۆ/ بەهاوکاری عبدالرزاق بەدرخان یەکەم خویندنگای لەسەر ئەرکی خۆی بۆ مندالآنی شارەکە کردەوەکە ٣٠ منداڵی کورد تێیدا دەیان خوێند ، خەرجی خوێندنگاکەش لەسەر ئەرکی دانیشتوانی ناوچەکە بوو، هەروەها ڕوسەکانیش هاوکاری ڕووناکبیرییەکان دەکردو زمانی ڕووسیشی تێیدا دەخوێندرا [٢]. لەو سەروبەندەدا عەبدولڕزاق چەندین پێشنیاری گرنگی پیشکەش بە ڕووسەکان کرد، هەنگاوی بۆ بنین لەپێناو هۆشیار کردنەوەی گەلی کوردو بلاوبونەوەی خوێندەواری و پێگەیاندنی کادری کوردی لەبواری زانستیو کشتوکاڵیو دامەزراندنی ناوەندی ڕووناکبیری و وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی کورد بۆ سەرزمانی ڕووسی، هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە عەبدولڕەزاق بەدرخان چاپخانەیەکیشی دامەزراندبیو گۆڤارێکی بەناوی "کورستان" لە (خۆی) دەرکردبێ[٣] بەلام بەدرخان لەبیرەوەریەکانی خۆیدا باسی لەکردنەوەی خوێندنگاو هەموو بەرنامەکانی تری ڕووناکبیری دەکات لەگەڵ ڕووسەکان، بەلام ناوی چاپخانەو ڕۆژنامەو گۆڤاری نەبردووە[٤]، ئەوەی زۆر لەمێژوونووسو نووسەرانی بەو ئاقارەدا بردووە ئەو گۆڤارەیە کە مسیۆنیرە ئەلمانەکان لەشاری (ورمێ) لەساڵی ١٩١٤ دەریانگردووە بەناوی (کوردستان) هەتاکو ئیستا بە تەواویش ساغ نەبۆتەوە، چونکە هەندێك بە ڕۆژنامەی دەزانن و هەندێکیش بە گۆڤار، هەتاکو ئێستا مێژوو شوێنی دەرچوونی ساغ نەبۆتەوە هیچ ژمارەیەکیشی لەبەر دەستی توێژەرانی کورددانییە تەنیا ئەوە نەبێ ڤلادیمیر.ف.مینۆرسکی لە کتێبەکەیدا (کورد) نووسیوویەتی ژمارەی یەکەمی لای منە لە نیسانی ١٩١٤ لە سابلاغ (مەهاباد) دەرچووە .

دکتۆر کەمال مەزهەر پێی وایە بەرواری دەرچوونەکەی ڕاستە، بەڵام ئەو کات هیچ جۆرە چاپخانەیەك لە شاری مەهاباد نەبووە ، تاکو گۆڤاری پێ چاپ بکرێ، [٥] زۆر نووسەر بیروڕای خۆی لەسەر ئەم گۆڤارە دەربڕیوە سەبارەت بەمێژووی دەرچوونی شوێنەکەی ئەوەی لەڕاستییەوە نزیك بێت شوێنی بڵاوبوونەوەی شاری ورمێیە، چونکە چاپخانەی لێ بووە، دوایی سمکۆی شوکاك لە جووڵانەوەی خۆی ڕۆژنامەی هەر لەوێ دەرکرد، بەو پێیەش بێت کوردستانی ئێران دەبێتە خاوەنی یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی کەلەسەر خاکی کوردستان خۆی دەرچووبێ، چونکە هەموو بڵاوکراوەکانی ترکە پێشتر دەرچوون لە شارە دوورەکانی وەك قاهیرە و ئەستەنبوڵو بەغدا دەرچوون لەسەر خاکی کوردستان.

لەدوای ئەو بڵاوکراوەیە، بزووتنەوە چەکدارییەکەی سمکۆی شوکاك لەگەشە کردندا بوو ناوچەیەکی زۆری کوردستانی ئێرانی گرتبووە دەسەڵاتی خۆی چەسپاندبوو، بۆیە لەپاڵ ئەو گەشە کردنە سیاسیو سەربازییە سمکۆ بیری لەدەرکردنی بڵاوکراوەیەکیش کردەوە وەك پێویستییەکی گرنگ بۆ گەشەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیری و بیری نەتەوەیی بۆیە لەساڵی ١٩٢١ دوایی ئەوەی شاری ورمێی خستە ژێردەسەڵاتی خۆی، دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەك دوایی ئەوەی محمەد تەمەدونی خاوەنی چاپخانەی (تەمەدن) رایکرد و شاری ورمێی بەجێهێشت، لەبەر ئەوەی ئازەرییەکی شیعەی دژ بەکوردو جولآنەوەکەی سمکۆ بوو، لایەنگرانی سمکۆ دەستیان بەسەر چاپخانەکەدا گرتو ناوەکەیان لە (تەمەدون) کرد بە (غیروت) ئەوجا دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بەناوی (ڕۆژی کورد—شەوی عەجەم) پاشان کردیان بە (ڕۆژی کورد) دوایی تەنیا (کورد)، محەمەد تورجانی بەرپرسیاری بووە، لەسەرەوەی کورد نووسراوە (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا) لەژێریشەوە دوودەست لەیەکدا وەك نیشانەی یەکێتی تێدابێ وەردەگیرێ، جاری لەهەفتەیەکدا چاپ دەکرێ لەژێر ڕۆژنامەکەش نووسراوە (ڕۆژنامەیکە سیاسی ادبی ، اخباری ، سر مقالی ترجمە دکردی بفارسی، دینوسی کوردیك بۆ هەموو کوردان). [٦]

هەموو نووسەرانی کورد هەر تەنیا ئەوەندەیان لەبەردەستدایە لەبارەی ئەو ڕۆژنامەیە، کە بەمێژووی کۆچی دەرچووە گوایە ژمارەی یەکەمی لە ١٢ ی مانگی شەوالی ١٣٤٠ بڵاوبۆتەوە کەهەندێك پێیان وایە دەکاتە تەممووزی ساڵی ١٩٢٢ی زایینی بەڵام نازانرێ تیراژی چەند بووەو چەند ژمارەی لێ دەرچووە، بەکۆتایی هاتنی بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکەی سمکۆ کۆتایی بەدەرچوونی ڕۆژنامەکەش هات. [٧] دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسیو ڕۆشنبیری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاکو سەروبەندی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ژ.ك و دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٤٥ هیچ جوڵانەوەیەکی ئەوتۆی ڕۆشنبیری نەبووەو هیچ بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارێکیش دەرنەچووە.

## بەشی یەکەم

### ڕەوشی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسی لەسەردەمی حکومەتی میللی کوردستانو ڕۆژنامەی"کوردستان"

**باسی یەکەم:** ڕەوشی ڕووناکبیری کوردستانی ئێران لەپێش دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد جوڵانەوەی ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکەی سمکۆ لەبواری ڕووناکبیری هەنگاوێکی هاویشت ئەویش بەکردنەوەی قوتابخانە بەزمانی کوردی وپاشان دەرکردنی ڕۆژنامەیەك لەشاری ورمێ وەك زمانحاڵی بزووتنەوەکەی، بەڵام پاش کۆتایی هاتنی جووڵانەوەکەی سمکۆ لەساڵی ١٩٢٢بەدواوە هیچ هەوڵێکی ئەوتۆی نەبووە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کەبتوانێ باری ڕووناکبیری پێشبخات، تاکو ساڵی١٩٤٢ کۆمەڵەی ژیانەوە (ژ.ك) وەك ڕێکخراوێکی سیاسی ئامانجدار دامەزرا. [٨]

ئەوەبوو توانیان گۆڤارێك بەناوی (نیشتمان) بڵاوبکەنەوە وەك لەبەرگی یەکەمی ژمارە (١)دا دیارە لەسەرەوە نووسراوە (بژی سەرۆكو کوردو کوردستانو هیوا) لەدوایی بەشێوەیەکی کەوانەیی ئەم ئایەتە نووسراوە (کم من فئة قليلة كثرة باذن الله) لەناو کەوانەکەدا ئەو ئایەتە وێنەی ڕۆژێك هەیە، لەنێو وێنەی ئەو ڕۆژەش هەردوو پیتی ( J – K) نووسراوە واتە (ژ.ك) ئینجا ناوی گۆڤارەکە نووسراو، لەژێرەوەیدا هاتووە (گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی ئەدەبیو خوێندەواریو مانگی کوردییە) پاشان ژمارەو مێژووی نووسراوە و ژمارە —١— ساڵی یەکەم پووشپەڕی

١٣٢٢ جۆلای ١٩٤٣ لەنیوەی دووەمی لاپەرەکە لەژێر ناونیشانی (ئامانجی ئێمە)دا هاتووە: دەڵێ: ئەی برای کوردی خۆشەویست کۆمەڵەی ژ. ك بەپێچەوانەی هەموو بەر هەڵستو قورتو چەڵەمەییەکی وەکو دوژمنایەتی خۆبەخۆو دووبەرەکیو خۆخۆریو پۆل پەرستیو بێگانە دۆستی کەلەرێگای پێش کەوتنەوە سەرکەوتنی کورد هەیە بەهەموو هێزو توانای خۆی تێدەکۆشێ ئەم گۆڤارە سەرەتا بەزۆر دەردەسەری لەشاری تەبرێزو بەنهێنی چاپ دەکرێ هەتاکو ئەندامانی رێك دەکەونە سەر ئەوەی کە چاپخانەیەك بکڕنو بیهێننە مەهاباد لەوێ گۆڤارەکەی پێ چاپ بکەن، هەروەك هەژاری شاعیردەڵێ: (لەبیرمە جارێك بیرمان لەوە دەکردەوە کە چاپخانەیەکی دەستی بچووك بکڕینو بیکەینە چەند بەشێکی بچووك هەرکەسەو بەپێی توانا بەشەکانی بکڕێ کاکە رەحمان کە ئەوسا ببوە ئەندام و دەوڵەمەند بوو گووتی من هەمووی دەکڕم باوەڕکە هەموومان فرمێسکمان لە چاو گەرا کەلەو خۆشیە نائومێد نەبووین و لەکرینی چاپخانە بەشدا نابین[9] هەر بەم شێوەیە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ك چاپخانەیەکیان لەتەورێز کریو هێنانیانە شاری مەهاباد دایان مەزراند و جگە لە گۆڤاری نیشتمان چەند کتێبو نامیلکەیەکی تریشیان چاپ کرد.

**لەوانە:**

١- دیاری کۆمەڵەی ژ. ك بۆ لاوەکانی کورد.
٢- دیاری مەلا محەمەدی کۆیی.
٣- گولبژێرێك لەدیوانی حاجی قادری کۆیی بلبلی نیشتمانی کورد.
٤- دەستە گولێکی جوانو بۆن خۆش لەباغی نیشتمان پەروەری.
٥- عەقلو بەخت.
٦- گفتوگۆو دووباز.
٧- کارخانەی قەندی یا سلسلەی مەشایخی نەقشبەندی.
٨- ئالە کۆك.[10]

هەموو ئەو کتێبو گۆڤارانەی کە نەخشی بەرچاویان هەبووە لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکیو پەرەپێدانی ئەدەبیاتو نووسینی کوردی لەهەمان کاتدا کۆمەڵەی ژ.ك دوو خوێندنگای بۆ فێربوونی زمانی کوردی بەنهێنی لەشاری مەهاباد بۆ منداڵو گەنجانی کورد کردبۆوە.[11]

گۆڤاری نیشتمان بەردەوام بوو تاکو سەردەمی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو حکومەتی میللی کوردستان، هەمووی بەسەر یەکەوە ٩ ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤارەکە بایەخی بە بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینیو مێژوویی و وشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و هەروەها شیعری زۆری تێدا بڵاوکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی چەند کەسێکی وەك هەژارو هێمنی شاعیر بوونو هەم ئەندامی ژ.ك بوونو هەم لە دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارەدابوونە بۆیە گۆڤاری نیشتمان دەتوانین بڵێین سەرەتایی قۆناغێکی نوێیە لە رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی ئێران چونکە بەدوای ئەودا کۆماری کوردستان دامەزراوە چەندین گۆڤارو رۆژنامەی کوردستان تێیدا لەدایك بوونو خزمەتی رووناکبیری و زمانو کەلتووری کوردیان کرد.

**باسی دووەم:** حکومەتی کوردستانو رۆژنامەنووسی دوایی تێکشکانی بەرەی فاشیزم و سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان و گەشەکردنی جوولانەوەی شۆرشگێری و سیاسی کوردستان وایکرد کە کۆمەڵەی ژ. ك لەو شێوەو قالبەی کەتێیدا بوو هیچی تر نەمێنێتەوەو خۆی لەبواری سیاسیو تەشکیلاتیو سەرکردایەتی بگۆڕێ بەرێکخراوێکی سیاسیو فراوانتر ئەوەبوو لە٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر ١٦ی ئۆتی ١٩٤٥ زایینی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەردارو پەردۆی کۆمەڵەی ژ.ك دامەزاندنی خۆی راگەیاند.[12]

لەبارەی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکرات، شەهید دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە کتێبەکەیدا نووسیوویەتی (دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان نوختە گۆڕانێك بوو لەمێژووی خەباتی لە مێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەکیش بوو لە پێکهاتنی رێکخراو حیزبی سیاسی پێشکەوتوو و مۆدێرن، چونکە پێش حیزبی دیمۆکرات لەهەموو مێژووی نەتەوەیی کوردا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بەبەرنامەیەکی رووونەوە پێك نە هاتبوو، بۆیەش هەر لەسەرتاوە حیزبی دیمۆکرات پشتیوانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ لای خۆی راکێشا.[13]

حیزبی دیمۆکرات لە بەیاننامەی راگەیاندنی خۆیدا هەموو لایەنەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە هەڵو

مەرجی ئەو کاتەی لێکدایەوە لەسەرەتایی مانگی دیسامبری ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد یەکەم کۆنگرەی خۆی بەستو بەرنامەیەکی تێرو تەسەلی بۆ خەبات کردن لەپێناو رزگاری گەلی کورد دانا، قازی محەممەدی بە پێشەوای حیزب هەڵبژارد.[١٤]

لەسەروبەندی ئەو کۆنگرەیە گۆڤارێك بەناوی (کوردستان) لە ٦ ی دیسامبری١٩٤٥ لە چاپخانەی کوردستان لەمەهاباد بڵاوکرایەوە، لەژێر ناوەکەی نووسرابوو (بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان) گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی سیاسییە هەر پازدە رۆژ جارێك بڵاودەکرێتەوە.[١٥] ئەگەر چی ناوی سەرنووسەری لەسەر نیە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکان (سەید محەممەدی سەید حەمیدی) سەرنووسەری بووە.[١٦] دوایی ئەوەی لەبار رێکخستن و جەماوەرەوە حیزبی دیموکرات گەشەی کردەوەو بارو زروفی سیاسی ئێران و کوردستان لەباربوو سەرانی کورد بیریان لەوە کردەوە بەشێوەیەکی رەسمی و ئاشکرا بەرێوەبەرایەتێکی کارگێری سیاسی لەو بەشەی کوردستان دابمەزرێنن ئەوەبوو لەپێش نیوەرۆی رۆژی٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ زاینی لەمەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد بەبەشداری خەڵکێکی زۆری عەشایرو شارەکانی تری کوردستان و سەرانی ح.د.ك کۆماری دیموکراتی کوردستان راگەیەنرا بەو بۆنەیەوە چەندین وتارو شیعری حەماسی خوێندرایەوە لەپێشەوەی هەموویان وتاری پێشەوا قازی کەباسی لەمێژووی کوردو مافە سروشتییە حەقخوازەکانی نەوەکەی دەکرد لەدوای راگەیاندنی کۆمارو دامەزراندنی کابینەیەکی وەزاری بەسەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ.[١٧]، شایەنی باسە لەنێو وەزارەتەکاندا هەردوو وەزارەتی رووناکبیری و تەبلیغات هەبوو بۆیە هەر وەزارەتەو بەدەوری خۆی هەڵسا بەرێکخستنی کاروبارەکانی خۆی وەزارەتی رووناکبیری کەوتە کردنەوەی خوێندنگاو رێکخستنی تەداروکاتی خوێندن لەهەموو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان بەبێ جیاوازی بۆ کورو کچ بەزمانی کوردی.هەتاکو ئەو سەردەمیش لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەقەد ئەو ساڵەی تەمەنی کۆماری کوردستان منداڵانی کورد بە تایبەت کچ هێندە نەچوونەتەبەر خوێندن چونکە پێشەوا قازی هەردەم لەهەوڵی ئەوەدا بوو خوێندن و خوێندنەوە بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی کورد لەدەردی نەخوێندەواری رزگاری بێت، هەربۆیە لەرۆژنامەی کوردستان بە ئیمزای (معاونی حیزب —طە زادە) بە ناوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم ئاگادارییەی بڵاوکرایەوە (بەتەواوی ئەهالی خۆشەویستی سابلاغ رادەگەیەنرێت لەسەر ئەمری پێشەوای موعەظەم قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوەی بەولاوە بۆ پەرەپێدان و رەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بەکوردیيە لەو تاریخەوە تا ١٠رۆژی دیکە هەرکەسێك کورو کچی هەبێت کە عەمری ئیقتیزای خوێندن بکات دەبێ بینێرێتە مەدرەسە ئەڵبەتە هەرکەس لەو ئەمرە روو وەرگێرێ بەتوندترین مجازات تنبێ دەکرێ)[١٨] بەگوێرەی ئەو ئاگادارییە بۆمان دەردەکەوێ کە حکومەتی کوردستان سیستەمی خوێندنی بەزۆری داناوە، کە تاکوئەو کات لە هیچ یەکێ لە وڵاتانی دەوروبەر نەك هەر بەزۆر بۆ هەموو کەس نەبووە، بەڵکو تەنیا بۆ چینی ئەرستۆکرات و دەوڵەمەندەکان بووە. خەڵکی بەگشتی لەنەخوێندەواری و نەزانیدا دەژیا کۆماری کوردستان لەماوەی تەمەنی کورتیدا کە کەمتر لەساڵێك بوو توانی دەستکەوتی زۆر گەورە بۆ ئەو بەشەی کوردستان بەرجەستە بکات. کە تاکو ئەمرۆش نەخشی خۆی لە مێژووی ژیانی کوردەواری جێهێشتووە.

**چاپخانە:** دوای ئەوەی پێشەوا قازی سەفەری باکۆی کرد لەگەڵ باقرۆفی سەرەك کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت کۆبۆوە، باس لە هاوکارییەکانی سۆڤیەت کرا بۆ کۆمار. یەکێ لە بەڵێنەکان، چاپخانەیەك بوو بۆ لەچاپدانی کتێب و رۆژنامە، ئەوەبوو بەڵێنەکە جێبەجێ کراو چاپخانەکەش بەتەواوی پێداویستییەکانی هێنرایە شاری مەهاباد و هەر زوو دەست کرا بە چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەك بە ناوی (کوردستان) و چەندین گۆڤارو بڵاوکراوە سوودی لێ دەبینرا،هەر بۆیە بەو بۆنەیەوە رۆژنامەی کوردستان رێپۆرتاژێکی نوسیووە لەژێر ناوی (جێژنی کردنەوەی ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان) نووسیوویەتی (رۆژی ٢٠ ی ١٠ ی ٢٤ ساتی ٥ ی پاش نیوەرۆ لە ئیدارەی رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان بە مناسەبەتی کردنەوەی ئیدارەو بڵاوکردنەوەی هەوەڵ

ژمارەی ڕۆژنامـەی کوردسـتان جێـژنێکی بەشـەوکەت گـیرا،عولـەمای ئـەعلامو ئـەعزای حزبـی دیمـۆکرات و نوێنەری نوقاطی کوردسـتان و توجـارو موحتـەرمینی مـەهابادو زۆر لـە ئاغایـاتی ئـە طـراف لـەم جەژنـەدا حضوریان هەبوو. لەپێشدا لەبەشداری

جـەنابی حـاجی بابـە شـێخ بـەنوطقیکـی کـورت جەلەسەی ئیفتیتاحی فەرموو پێشەوای میللی و دینی کوردسـتانی زۆر تەمجیـدو تەحسین کـردو فـەرمووی لـەوجودی وی بۆمـە غەنیمەتـە و هـەر ئـەو دەتـوانی کەشتی کوردستان لەنێو شەپۆلی سیاسەتدا بگەیەنێتە ساحیل.

سەید محمدی گهزادە معاونی حیزب لەلایەن پێشەواوە قـادری مدرسـی بـە سـەرۆکی بنکـەی چاپخانەو علـی خـسرۆی بـە مـدیری داخلـی چـاپخانەو سـید محمـد حمیدی بەمـدیرو سـەر دەبـیری ڕۆژنامەکـەو گۆڤـاری کوردستان ناساند[١٩] بەم جۆرەچاپخانەی کوردسـتان دامەرزاو کەوتە کـار.چاپخانە کۆنەکـەش درا بـە لقـی حزبـی دیمـوکرات لـەبۆکان بـۆ دەرکردنـی چـاپەمەنی خۆیـان.لەسـەردەمی کۆمـاردا کـە ئـەو بڵاوکراوانـەیان بەچاپ گەیاندوە لەماوەی تەمـەنی کـورتی حکومـەتی کوردستان.

١.گۆڤـاری هـاواری کـورد تـەنیا یـەك ژمـارەی لێ دەرچوو.

٢.گۆڤـاری هـاواری نیـشتمان بڵاوکـەرەوەی بـیری یەکیەتی نەوجەواناني دیموکرات بوو تەنیا یەك ژمـاری لێدەرچوو.

٣.گۆڤـاری هەڵاڵـە زمانحـاڵی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لقـی بۆکـان بـووە تـەنیا ٣ ژمـارەی لێ دەرچووە.

٤.گۆڤـاری کوردسـتان بڵاوکـەرەوەی بـیری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بـووە تـەنیا نـۆ ژمـارەی لێدەرچووە.

٥. گۆڤاری گرۆگاڵی مندالانی کورد تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، لەمێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا یەکـەم گۆڤاری مندالانەیە کەلەلایەن کارمەندانی چاپخانەوە چاپ کراوە بۆ مندالانی کورد.[٢٠]

ئەگـەر چـی حکومـەتی کوردسـتان بایـەخی زۆری بەچاپەمەنیو بلاوکردنـەوەی خوێنـدنو خوێنـدەواری داوە لەهەمان کاتدا چـەند هـەنگاوی تـری نـا لـەبواری ڕوونـاکبیرییو ڕۆشـنبیری سـەردەم،بـۆ زیـاتر سـوود گەیاندن بە کۆمەلانی خەڵك بۆ گەشەکردنی هۆشـیاری کۆمەڵایەتیو ڕووناکبیریی گەلی کورد، لەوانە هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی رادیۆیـەك لـە شـاری مـەهاباد کـە هەواڵەکانی کوردستان و جیهان بەگوێی خەڵکدا بدات، هـەروەها هێنـانی سـینەمایەکی گـەڕۆك بـۆ ئـەوەی لەڕێگای نیشاندانی چەند فلیمێکەوە هۆشـیاری لـەنێو خـەڵکی ناوچـەکەدا بڵاوبکاتـەوە.جگە لەهەوڵـدان بـۆ کردنەوەی کتێبخانەیەکی گشتیو دامەزراندنی شـانۆ بۆ ئەوەی بزووتنـەوەی ڕوونـاکبیری هۆشـیاری بـچێتە قۆناغیکی ترەوە.

**باسی سێیەم: ڕۆژنامەی "کوردستان"**

یـەکێ لەهەوڵـە هـەرەدیارەکانی کۆمـاری کوردسـتان حزبـی دیمـوکرات، دەرکردنـی ڕۆژنامـەو گۆڤـار بـوو، ڕۆژنامەی کوردستان کەهەم بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیمـوکرات، و زمانحـاڵی حکومـەتی کوردسـتان بـوو دەتـوانین بڵـێین وەرچـەرخانێکی گـەورەی کـرد لـە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیدا، چونکە هەتاکو ئەو دەمە هیچ ڕۆژنامەیـەکی کـوردی بـەو فـۆرمو گـشتگیریە دەرنەچووبوو کەزۆربـەی لایەنـەکانی ژیانی سیاسـیو ئـابووریو ڕوونـاکبیریی و کۆمەڵایـەتی کـوردەواری بگریتـە خـۆیو زۆربـەی هۆکارەکـانی ڕۆژنامەنووسـی سـەردەمی تێـدابێ ، هـەروەها کـورتی مـاوەی بڵاوکردنـەوە، ڕۆژێـك نـا ڕۆژێـك ئـەوەش سـەلماندی هەرکاتێ کورد هەلی کەوەتنە دەستی دەسـەلاتی بـۆ برەخسێ هیچی لە میللەتانی دەوروبەری کەمتر نییـە. بەو توانایە سەرەتایی و کەمـەوە ڕۆشـنبیرانی کـورد، توانیـان ڕۆژنامەیـەکی ڕێـکو پێـك بـلاو بکەنـەوە کـە هەنـدێك هـیچ بەکـەمتریان نـەزانیوە لەڕۆژنامـە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمەی جیهان.[٢١]

لـەماوەی کـەمتر لەسـاڵیك هـیچ کاتێـك ڕۆژنامـەی کوردسـتان دوانەکـەتووە لـەکاتی بڵاوکردنـەوەی و ڕۆژبە ڕۆژیش نووسـەری زیـاتر لـە دەوور کۆبۆتـەوەو خوێنـەری بـۆ زیـاتر بـووە، ڕۆژنامـەی کوردسـتان گەوهەرێکی بەنرخی قۆنـاغێکی گرنگـی مێـژووی گـەلی کـورد و بزووتنـەوە رزگاریخوازەکەیـەتی لەڕۆژهـەلاتی کوردستان، ئیستاش بۆ شارەزا بوون بـەرووداوەکانی ئـەو سـەردەمەو لایەنـەکانی ژیـانی کـوردەواری دەتـوانرێ سـوودی لێ ببینـرێ. کوردسـتان یەکـەم ژمارەی لە ٢٠ ی ڕیبەندانی ١٣٢٥ ی هەتاوی بەرانبـەر ١١ ی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٦ ی زایینـی لەشـاری

مەهاباد دەرچووە، ئەگەر چی هەندێك لە نووسەرانی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی ١٠ی کانوونی دووەمیان داناوە، بەلاّم ڕاستییەکەی ١١ ی مانگ بوووە، بەم شێوەیە کوردستان خۆی ناساند لەسەرەوەنووسراوە "کوردستان" لەسەری نووسراوە (بەنێوی خودای بەرزو بی هاوتا) لە گۆشەیەکی دەستە ڕاستییەوە نووسراوە "کوردستان" لەلایەن هەیئەتی تحریریە دەردەچیٚ) لەلای دەستە چەپی نرخی دیاری کراوە (ابو ننمان یەك ساڵە ٣٠٠ ریال، شەش مانگە ١٦٠ ریال، دانەی یەك ریال)، لەژێر ناوی کوردستان نووسراوە (بلاّوکەرەوەی بیری حیزبی دیموٚکراتی کوردستان)، پاشان لە لاکێشەیەکی ئاسۆیی سەرتاسەری لاپەرەکە ژمارەو ساڵی یەکەمو ڕۆژی دەرچوونو مێژووی هەتاویو زایینی نووسراوە.[٢٢] ڕۆژنامەکە هەمووی چوار لاپەرەیەو بەزۆری بەسەر سیٚ ستوونی ڕاست دابەش بووە پێوانەکەی (٣٩/٢٨)سم/ە (٤٢/٢٨)سم بووە، دەتوانین بڵێین لەقەبارەی لاپەرەی (A3) دەرچووە لە ژمارەکانی سەرەتا لەجیاتی (کوردستان) ئەو (کوردوستان)ی نوسیووە کەچی زۆربەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی پێش ئەوکاتە دەرچوون هەموویان (کردستان)یان نوسیووە، بەلاّم دوایی وشەکەی ڕاست کردۆتەوە و کردوویەتی بە "کوردستان" بەهەمان شێوە گۆڤاری "کوردستان"یش وانووسراوە لەسەرەتادا دوایی ڕاست کراوەتەوە.[٢٣]

ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەروتاری یەکەم ژمارەیدا باسی لە ڕابردووی کورد و مەینەتییەکانی هاتنی ئەو ڕۆژە پڕ بایەخدارەی کردووە بۆ کورد تاکو لە کۆتایدا دەنووسیی (بۆ میللەت کار دەکەینو بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین، ئەخلاقی خەراپەمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاك. ئێمە کەبەدلماندا نەدەهات خاوەنی چاپخانەو ئینتشارات بین، ئەوا بەیارمەتی خودا ڕۆژنامەی کوردستان داندراو هەوەڵ ژمارەی بلاّوکراوە، ئەم نامەیە کەلەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بلاودەبێتەوە دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتحادو برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بەزانستو هونەر و لەش ساغی داندرا بیٚ و بتوانی دەگەڵ سیلاوی دووبەرەکی و بێدینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێك کە بۆ سەربەستی زەرەربێت بەربەرەکانی بکا.هیوامان وایە ئەم قەڵایە ی کە خەریکین قایمی بکەین وەها قایم وبەهێزبێت کە هیچ هێزێك نەتوانی بەر بەرەکانی بکا.[٢٤]

پێکهاتەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەی"کوردستان"


کوردستان
ژمارە ٧١
بەرهەمی کردەوەکانی ڕێژیم

١– هەواڵ:

هەواڵ هۆکارە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژانەو سیاسییە دیمۆگرافیای لاپەڕەی یەکەمی پێك دەهێنیٚ جا ئەو ڕۆژنامەیە لەهەر بواریك دەربچیٚ، تەنیا ناوی ڕۆژنامە بیٚ دەبیٚ دەروازەکانی بە هەواڵ دەست پیٚ بکات، ڕۆژنامەی کوردستان لاپەرەی یەکەمی زیاتر بەبابەتو پەیام دەست پیٚ دەکات هەواڵەکانی لەلاپەڕە ٢–٣ دایە سەرچاوەکانی هەواڵی دەرەوەش زیاتر ڕادیۆ بەناوبانگەکانی ئەو کات بووە، وەك ڕادیۆی قاهیرەو بێروت و تورکیاو ئازەربایجان. هەروەها ڕۆژنامەکانی تاران سەرچاوەی هەواڵی ئەو ڕادیۆو ڕۆژنامانە لەناو لاپەڕەکانی کوردستاندا هەن و پێویستیان بە نموونە هێنانەوە نییە، و بۆ هەواڵی ناوخۆ سوودی لە کۆمیتەکانی حیزبو داموو دەزگاکانی حکومەت وهێزی میللی دیموکرات

وەرگرتووە وەنەبێ هەر دەستە وەستان وەستابێ‌و گرنگی هەواڵی نوێ کاریگەری بۆ ڕۆژنامەکەی نەزانیبێ بۆیە دەبینین لە ئاگادارییەك داوا لەوکەسانە دەکات کە توانی پەیامنێریان هەیە بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەی"کوردستان"سەردانیان بکەن، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوویەتی (ئیدارەی ڕۆژنامەوگۆڤاری"کوردستان"لەهەموو نوقاتی کوردستانو هەندەران نوێنەرو وەلامدەر (خبرنگار)ی پێدەوێ کەسانی ئامادەن ئەم کارانە بەجی بێنن بە ناردنی وێنەو نێوبانگو جێگای دانیشتنیان خۆبە ئیدارەی ڕۆژنامە بناسینن. لەرووی داڕشتنی هەواڵەوە ڕۆژنامەی کوردستان هەواڵەکان بە کوردییەکی سادەو سانا بۆ خوێنەرەکانی داڕشتووە، هەروەها گرنگی هەواڵێشی زانیوە هەمیشە ئەو هەواڵانەی بلاوکردۆتەوە کەزیاتر لە بەرژەوەندی گەلی کوردن یاخود نزیکن لە هەستی خوێنەری کورد کە ئەمەش دابێکی ئاسایی هەموو ڕۆژنامەو کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ئاراستە کراوە، هەمیشە ئەو هەواڵانە هەڵدەبژێری کە خوێنەری خۆی بەدوایدا دەگەڕێن.

**٢-ڕیپۆرتاژ:**

ڕێپۆرتاژ، تەوەرێکی گرنگی پێکهاتەی ڕۆژنامەیە یاخود بەمانایەکی تر ئەگەر ڕۆژنامە ڕێپۆرتاژی تێدا نەبوو،بەناتەواو دادەنرێ. ڕۆژنامەی "کوردستان" چەندین ڕێپۆرتاژی گرنگی تێدایە لەسەر ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری میللی کوردستان و دامەزراندنی چاپخانەو کردنەوەی ڕادیۆو ڕێو ڕەسمی پێشمەرگەو ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆزی ١٩٤٦ و چەندان بۆنەو ئاهەنگی تر، بەلام ریپۆرتاژەکان بەڕوونی دیارە کە زمانی ئەدەب زاڵە بەسەریان، وەك لەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەمەش دیارە لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەرهاویشتەی زمانی ئەدەبە.ئەوانەی کەڕۆژنامەی کوردیان دەرکردوە زۆربەی زۆریان ئەدیبو شاعیر بوون. ئەگەر سەرنجێکی ئەو ریپۆرتاژە بدەین بەزەقی زمانی پێوە دیارە کە لەبارەیئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦وە نووسیوویەتی (ڕۆژی٥ شەممو هەوەڵی ساڵی ١٣٢٥ کاتێك کە هەتاو لەپشت کێوە جوانەکان گەردنی بەرز کردو بە تیشکی تینداری خۆی مزگێنی بەهاری تەڕو تازەو ڕۆیشتنی سەرماو سۆڵی زستانی بە ئافەریدەکانی خوای بێ هەوتا دەدا مەهابادیش لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی (بارزانی)و دانیشتواتی خۆی هەر لە وورد ودرشت کیژو لاو بەدڵێکی هێزدارو ڕۆحێکی گەشەوە بۆ نیشاندانی بەرو بۆی بەهاری کوردان کەچەندێك لەمەوبەر بەر باغەوانێکی بەراو ژێر ڕەنێوی هێناوە)[٢٥] بەم شێوەیە دەبینین زمانی ئەدەب تەواو زاڵە بەسەر دەستپێکردنەوەی ئەو ریپۆرتاژە تاکو تەواو دەبێ.

**٣- ئاگاداریو سکالا:**

هەموو ڕۆژنامەیەك دیارە ئاگاداری بەشێکی گرنگی پێك دەهێنێت چ جای ڕیکلامیش ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەردەمی خۆی هەنگاوی گەورەی ناوە لە بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکان وەك:

أ- ئاگاداری سەربازی: ئەو ئاگاداریانەی کە پەیوەست بوونە بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ب- ئاگاداری ئابووری: ئەو ئاگاداریانەی پەیوەندیان بە بازرگانیو داراییو باجو ئاوو کارەباو پۆستو تەلەگرافەوە هەبووە.

ج- ئاگاداری رەسمی: ئەو ئاگاداریانە بوونە کە لەبارەگا ونووسینگەکانی پیشەواو حکومەتی کوردستان دەردەچوون بلاوکراوەتەوە.

د- ئاگاداری تایبەتی: ئەو ئاگاداریانەی تایبەت بوونە بەکەسێك سەبارەت بە کێشەیەك دیارە ئەم جۆرە ئاگاداریانەش بەپاربووە هەروەها سکالاو شکایەتی هاولاتیانیش لەهەمان کاتدا بلاوکردۆتەوە ئەوەش نیشانەی کرانەوەو دەربڕینی ڕای خەلك و کێشەکانی لەسەر ڕووپەڕی ئەو ڕۆژنامەیە ئەگەر ڕۆژنامەیەکی حیزبی بووە، بەلام خۆی بە ڕۆژنامەی گشتی خەلك زانیوە.

**٤- وێنە:**

فاکتەریکی گرنگی جوانکردنو دەولەمەند کردنی ڕۆژنامەیە ، ڕۆژنامەی"کوردستان"سەرەڕایی کەمی پێویستییەکانی لەڕووی تەکنیکەوە توانیویەتی ئەو لایەنەی ڕۆژنامەنووسی فەرامۆش نەکات لەلاپەڕەکانی خۆیدا چەندین وێنە بلاوبکاتەوە بابەتەکانی خۆی پێ ڕازاندۆتەوە.

**٥- زمان:** زمانی ڕۆژنامە دەبێ ئەو زمانە بێ کەخەلکی گشت پێی دەدوێن تاکو هەموو چینو توێژەکانی ئەو نەتەوەیە تێبگەن زمانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەشێوەی موکریانی مەهابادی بووە،

ئەگەرچی کۆمەڵێك ئەدیبو شاعیرو ئەو کەسانەی کەلەڕێگای مەدرەسەی ئاینی فێری خوێندەواری بوونە سەرپەرشتیانکردووە سەرەڕایی ئەوەش بەزمانێکی سادەو ڕەوانی کوردی نووسراوەو بەردەوامیش لەڕێگای لێژنەیەکی زمانەوانی هەوڵیداوە زاراوەکان بکات بەکوردی وەك لە چەندین ژمارەی "کوردستان" دەردەکەوێ دەستەواژەکانی سەربازیو بازرگانی و قانونی دەوڵەتی کراون بە کوردی.

**٦- تیراژو سنووری بلاٌوکردنەوەی:**

دیارە تیراژی هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەك دەکەوێتە سەر ڕێژەی خوێنەرانی کەچەند خوێنەری هەبێ ئەوەندەش دەتوانێ تیراژی خۆی دیاری بکات هەتاکو ئێستا بەڕوونی نازانرێ تیراژی ڕۆژنامەی"کوردستان"چەند بووە، بەلاٌم سەعید ناکام کەتایپچیو یەکێك لەنووسەرەکانی ڕۆژنامەی"کوردستان" بووە لەنامەیەکدا بۆ هیمدادی حوسێنی دەڵێ: هەر ژمارەیەکی تیراژی ٦٠٠ دانە بووە.[٢٦] بۆ دابەش کردنو بلاٌوکردنەوەی چەند کەسێکی گەڕۆك بەناو شاردا دەگەڕانو دەیان فرۆشت لەوانە (محەمەدی سەبیحی) لەبەر ئەوەی بارەگای ڕۆژنامە لەگەڵ خوێندنگای کوڕان لەیەك حەوشدا بووە زوو دەگەیشتە دەستی مامۆستاو خوێندکاران لە ڕێگای مسافرخانەوە دەگەیەنرایە شارو شارۆچکەکانی ژێر دەسەلاٌتی حکومەتی کوردستانو هێزی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا.[٢٧]

**٧- مانشێت:**

مانشیت بۆ ڕۆژنامە وەکو سەری مرۆڤ وایە، چونکە هێندە ڕووخساری دەکاتەوەو سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.هەروەها دەبێ مانشێت لەچەند وشەیەك پێکبێت کەرەگو ڕیشەی لەناو خودی بابەتەکەدا هەبێ، مانشێت لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دەبینرێ، بەلاٌم زۆر لاوازەو لە مانشێت ناچێ، زیاتر لەدرووشم یاخود ڕستەیەکی سادە دەچێ، ئەم ڕێبازە بۆ گرنگی نەدان بە مانشێت تاکو ئەمڕۆش لەو ڕۆژنامەیەدا هەستی پێدەکرێ.

**کەم و کوڕییەکانی ڕۆژنامەی"کوردستان"**

**١- گفتووگۆ:**

گفتوگۆو چاوپێکەوتن یەکێکە لەهۆکارە پربایەخەکانی ڕۆژنامەو هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، چونکە ڕاستەوخۆ بیروبۆچوونی ئەو کەسانە دەخاتەروو کە پەیوستن بەکێشەی گشتی، خەلٌك وخوێنەر بەدوایی هەواڵیان وێڵن و حەزدەکەن هەلٌوێستیان بزانن لەکێشە چارەنووسسازەکانی ژیانی خۆیان ڕۆژنامەی "کوردستان" لەم ڕووەوە هەژارە.

**٢- کاریکاتۆر:**

کاریکاتۆر ڕوویەکی گەشی ڕۆژنامەوانییە بۆ دەربڕینی هەموو ئەو مەبەستانەی کە ناکرێ یاخوود ناتەوێ بەنووسین دەری ببڕی، بەلٌکو بەڕێگایەکی گاڵتەجاڕییانە سەرنج ڕاکێش وپێکەنیناوی دەری دەبڕێ، تاکو هەم سەرنجی خوێنەر و هەم لایەنی بەرانبەر بۆ کێشەیەك ڕابکێشێ. ڕۆژنامەی"کوردستان"لەم ڕووە بێ بەشە.

**٣- نەخشەسازی:**

هونەری نەخشەسازی زۆر گرنگە بۆ فۆتۆگرافیای ڕۆژنامە، چونکە دەیکاتەوەو سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ، چۆن هەواڵ و بابەتەکان دابەش دەکرێ بەپێی گرنگیان بۆ خوێنەرو چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەنگ. ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەگەرچی ڕەش وسپی بووە، بەلاٌم گرنگییەکی ئەوتۆی بەتۆپۆگرافیاکەی نەداوە، هەمووی بەستوونی درێژ هێناوەتە خوارەوە و جوانکاری نەخشەسازی تێدانییە.

**٤- نووسەرو سەرنووسەرەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان":**

ڕۆژنامەی "کوردستان" ناوی هیچ سەرنووسەرو بەڕێوەبەرێکی پەسەرەوە نییە، هەروەها زۆربەی وتارو بابەتەکانیش ناوی نووسەریان لەسەر نییە، بەلاٌم وەك لەو ڕیپۆرتاژەی کەلەڕۆژنامەی "کوردستان" بلاٌوکراوەتەوە. (سەید محەمەدی حمیدی) سەرنووسەری گۆڤارو ڕۆژنامەی"کوردستان"بووە[٢٨] هەروەها لە نووسەرە دیارەکانی ڕۆژنامەکەش بووە.[٢٩]

لەهەمان کاتدا ئەو نووسەرانەش بەشداریان هەیە (حەسەن قزڵچی،هێمن، هەژار، هاشم خەلٌیل زادە، ڕەسوڵ میکایل، دلٌشاد ڕەسولی، ئیبراهیم نادری) نووسەری ئافرەتیش بەشدارییەکی دیاری هەبووە لە ڕۆژنامەی"کوردستان"وەکو (ویلمەی صیادیان، ایرانی بلوری، خدیجەی حیدری، سلطنت داودزادە، عشرت عظیمی، فریدە زندی) ئەمانە لەبۆکان ووتاریان خوێندۆتەوە و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"

بڵاوکراوەتەوە. هەروەها چەندین نووسەریش بابەتیان نووسیوە بۆ ڕۆژنامەکە لەوانە (کبری عظیمی، سمایلی فرجی، شاە سلطان خانم، فەتاحی قازی) و چەندان نووسەری کوردی عێراقیش بەشداریان کردوە لەوانە (شەهید محەمەد قودسی، محەمەد تۆفیق وردی، عەبدولقادر ئەحمەد، یەحیا چڕۆستانی، ئەنوەر دڵسۆز. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، قانع)[٣٠] بەم جۆرە ڕۆژنامەی "کوردستان" تەمەنێکی پڕ لە کۆشش و داهێنانی لەمێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی تۆمار کرد. سەرەڕای زۆر لە کەم و کورپییەکانی، بەڵام لە تەمەنێکی کورتدا کاری زۆر گەورەی پڕ لە داهێنانی ئەنجام داوە، ڕۆژنامەی "کوردستان" هەمووی بەسەر یەکەوە "١١٣" ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە "١١٤"ی لەژێر چاپدابووە کاتێ سوپای داگیرکەری شاهەنشای ئێران هاتۆتە شاری مەهاباد و کۆتایی بە تەمەنی زێڕینی کۆماری میللی کوردستان هێناوە.[٣١]

## بەشی دووەم

### قۆناغێکی تازە لەسەرهەڵدانەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"و بەردەوامبوونی.

### باسی یەکەم: هەڵسانەوەو قۆناغێکی گرنگ لە ڕۆژنامەی "کوردستان"

ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٤٥ بەچەند مانگ دوای ئەو مێژووە، دەستی بەبڵاوکردنەوەی خۆی کرد لەماوەی تەمەنی کورتی کۆماری میللی کوردستان ئەویش نەخشی بەرچاوی هەبوو لەڕووی ڕووناکبیریی گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی. لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، ئەویش لە بڵاوکردنەوە وەستا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٧٠ بەبارو دۆخێکی خراپ و هەورازو نشێو گوزەری کرد. ئەویش چەندین هۆکاری ناوەکیو دەرەکی خۆی هەبوو لەوانە:

١- لەدوایی ڕووخانی کۆماری کوردستان، شوێن پێگەیەکی ئازاد نەما لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاکو کورد بە ئازادی چالاکیە سیاسیو ڕووناکبیرییەکانی خۆی درێژە پێ بدات.

٢- لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و هاوڕێکانی و پەراگەندەبوونی ڕێبەرانی تری حیزب، گورزێکی کاریگەربوو لەبەدەنی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردایەتی لەم بەشەی کوردستان.

٣- نەبوونی کەسایەتییەکی بەهێز یا چەند کەسێك توانایەکی باشیان هەبێ لەڕێبەرایەتی کردنی حیزب لەو قۆناغەدا.

٤- درندەیی ڕژیمی شاو قەدەغەکردنی هەموو ئازادییەکی سیاسیو ڕووناکبیری لە ئێران.

ئەوانەو چەندین هۆکاری تر وایکرد، حیزب لەباری ڕێکخراوەییو سیاسیو مادی ئەوتۆدانەبێت بتوانێ ئۆرگانێك بۆ خۆی دەربکات ئەگەرچی هەوڵی بەردەوامیش هەبووە لەوانە:

**أ- "کوردستان"لە باکۆ.**

لەساڵی ١٩٤٧ هەندێك لەئەندامانی حیزبی دیموکرات لەشاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤێتی لەوێ گیرسابوونەوە، لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ئۆرگانێکیان دەرکرد کەوا چوار لاپەرە بوو، سێ لاپەرەی بەزمانی ئازەریو یەك لاپەڕەی بەزمانی کوردیو بەناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ژمارە ١ی لە ژانوەی ١٩٤٧ دەرچوو ژمارە ١٣٣٧ لە مایسی ١٩٦٢ دەرچووە و نووسەرەکانی رەحیمی قازیو عەلی گەلاوێژ بوون.[٣٢]

**ب- "کوردستان"لە تەورێز.**

ساڵی ١٩٥٤ بەهاوکاری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەشاری تەورێزی ئێران ڕۆژنامەی "کوردستان"جارێکی تر دەستی بەبڵاوکردنەوە کرد، ژمارە ١ ی لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٥٤ دەرچووە چوار ژمارەی لێدەرچوو پۆلیس دەستی بەسەر ژمارە ٥ دا گرتووە.[٣٤]

**ج- "کوردستان"ی تاقانە.**

لەمانگی فیوریەی ١٩٦٠ جارێکی تر ڕۆژنامەی "کوردستان"ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان بەنهێنی و بەڕۆنیۆ بڵاوکرایەوە بەڵام هەر زوو پۆلیس و پیاوەکانی ڕژیمی شا پێیان زانیو دەستیان بەسەردا گرت و شوێنی دەرچوونی دیار نییە.[٣٤]

**د- "کوردستان" لەئەورووپا.**

ژمارە ١ی لە فیوریەی ١٩٦٥ دەرچوو لەسەری نووسراوە لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ، بەڵام بەزۆری سیاسەتی حیزبی دیموکراتی بڵاودەکردەوە، نوسەرەکانی (عەبدولڕەحمان قاسملۆ

و کەریمی حیسامیو حەسەن قزڵچی و محەمەدی موهتەدی و مارف خەزنەدار) بوونە، ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوام بووە تاکو ٢٦ ژمارەی لێدەرچووە، دوا ژماری لە سێپتامبری ١٩٧٠ بووە.(٣٥)

پاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری ماوەیەك کەش و هەوایەکی ئازاد ڕەخسا و کوردیش دەورێکی تێدا هەبوو تاکو هەناسەیەکی ئازادی هەڵکێشی، هەر لەو سەروبەندەدا ماوەیەك ئیجازە بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە عێراق درا کاری سیاسی خۆی بکات و ئۆرگانەکەشی بەئاشکرا بڵاوبکاتەوە.ئەم گۆڕانە جۆرێك لە کاریگەری هەبوو بۆ سەر جوڵانەوەی سیاسی کورد لە کوردستانی ئێران.دوایی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان ڕژێمی شاهنشای ئێران و ڕژێمی کۆماری تازەی عێراق، بووە هۆکارێك بۆ هاتنی زۆر لە ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ بەشی کوردستانی عێراق.(٣٦)

لەو کاتەوە کوردستانی عێراق بووە ناوەندی سەرەکی چالاکی سەرانی (حدك)، بەڵام بەشێوەیەکی یەك نەگرتوو ئەویش چەند هۆکاریکی خۆی هەبووە لەوانە:

١- ناکۆکی نێوان هەندی لەڕێبەرانی حیزب لەنێو خۆیاندا.

٢- ناکۆکی دووبەرەکی جووڵانەوەی کوردستانی عێراق بە سەلبی کاریگەری خراپی لەسەر ئەوان هەیە.

٣- بەشێکیان لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بوونو بەشێکیان لەشارەکانی عیراق.

٤- نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەتواناو لێهاتوو و هەرەمی تاکو بتوانێ حیزب بخاتەوە سەریەکو ڕێکخستنی توندو تۆڵی لێدروست بکرێ.(٣٧)

حیزبی دیمۆکرات بەم ڕێڕەوەدا ڕۆیشت تاکو بەیانی ١١ی ئاداری١٩٧٠ کەسەرکردایەتی کورد لەکوردستانی عێراق لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ڕێککەوتنو دان بەمافی کورد لەچوار چێوەی ئۆتۆنۆمی دانرا ،بۆ گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان، بووە جێگای هیوای دواڕۆژی پارچەکانی تری کوردستان. سەرانی حیزبی دیموکراتیش هەناسەیەکیان وەبەردا هاتەوە(٣٨) بەڵکو لەمەولا ئەوانیش بتوانن کاری سیاسی وحیزبی خۆیان ڕێك بخەنەوە.سەرانی دیموکرات پێیان وابوو کەئیتر لەمەولا ئەوپەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان سەرکردایەتی پارتی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران ب شێوەی جاران نامینێ، ئەوانیش کەلێنێکیان بۆ دەبێتەوە تاکو کاری حیزبی خۆیان بەشێوەیەکی نوێ ڕێکبخەنەوە(٣٩) ..شایانی باسە بەبۆنەی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئادار دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ پیرۆزبایی لەمەلا مستەفاو سەرانی پارتی.لەو گەڕانەوەیەدا لەگەڵ ئەندامە پەرتەوازەکانی حیزب ڕێکدەکەوێ و پاش ماوەیەك هەندێ کۆمیسیۆنی حیزب ڕێکدەخرێتەوە(٤٠) پەیوەندی لەگەڵ سەرانی حیزبی بەعسی عێراق دروست دەکرێ و بواری دەرکردنی ئۆرگانی حیزب دەڕەخسێنرێ، جارێکی تر ڕۆژنامەی "کوردستان" لەژمارە یەکەوە دەست پێدەکاتەوە، بەم شێوەیە خۆی دەناسێنێ.

("کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکرات:

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧١ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەچوار لاپەڕی پێوانەی (A3) هاتەوە ناو کۆڕی خەباتی ڕۆژنامەوانی بە فۆنتێکی گەورە "کوردستان" بەگەورەی نووسراوە و لەژێریشەوە نووسراوە (ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان) لەخوارتر لەنێوان دووهێڵی ئاسۆی لەلاپەڕەی یەکەم بەبۆنەی ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری میللی کوردستان وتارێكو وێنەی پێشەوا بڵاوکراوەتەوە لەلاپەرە ٣ دا نرخی نووسراوە (دانەی پێنج قرانە، لەدەرەوە تمەنێکە) سەبارەت بەدەرکردنی ڕۆژنامە جارێکی تر لەلاپەرە ٣ بابەتێکی کورت وەکو ڕوونکردنەوەیەك نووسراوە لەژێر ناونیشانی (دیسان کوردستان)، پاشان تێکچوونی کۆماری مەهاباد کوردستان وەك ئۆرگانێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەنهێنی بڵاودەکرایەوە، ئەو جارە تەنیا پێنج ژمارەی لێ دەرچوو ، پەلاماری درندانەی کۆنەپەرستی ئێران ڕێگای بڵاوکردنەوەی کوردستانی گرت و بۆ ماوەیەك توانای چاپکردنو بڵاوکردنەوەی نەما.

لەژمارە ٩ دا لەدوای وشەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ناوی (ئێران) زیاد کراوە ، ئەو ناو زیادکردنەش بەدوایی بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبو داڕشتنەوەی بەرنامەوپەیڕەوی ناوخۆی

حیزب بووە. ئەمەش زیاتر بۆ لێك جیاکردنەوەی ناوی حیزبی دیمۆکرات لەگەڵ پارتی دیمو کراتی عێراق و ئـەرکی خـەباتی ئـەو حیزبـە دەکەوێتـە بەشـە داگیرکراوەکەی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران[٤١] لـەژمارە ١١ وە دوو لاپـەڕەی زیـاد کـردووە وەك پاشـکۆیەك بـەزمانی فارسـی بـەناوی (ضـمیمەی کوردسـتان)[٤٢] وەك لـە ڕۆژنامەکـە دەبینـرێ لـە گۆشەیەکدا ناوی ئـەو خوێنەرانـەی بلاوکردۆتـەوە کە بابەت و هۆنراوەیان بۆ ناردووە لە ژمارە ١٢ دا پارچە هۆنراوەیـــەکی بلاوکردۆتـــەوە بـــەناوی (بـــێ بـەش)کەلەسـەر ڕۆژنامەکـەی نووسـیووە بـەناوی ڕۆژنامەکەی کوردستانم نووسیووە:

**ڕۆژنـــــامەکەی کوردستانم**
**ناوی خۆشی نیشتمــــــانم**
**سلاو بۆ تۆو نووســــەرانت**
**بۆ ئاواتی بـــــەرزو جوانت**
**دەك پیرۆز بێ مژدەی شەفەق**
**ڕووناکتر بێ ڕێی ڕاستو حەق[٤٣]**

ڕۆژنامەی "کوردستان" بەردەوام بـووە لەدەرچوون، بـەلام لـەدەرکردنی ژمارەکـانی لەگـەڵ سـاڵی یەکـەم وردەوردە لەکزی داوەو وەك دەبینین لەساڵی ١٩٧١ دا ١١ ژمـارەی لێدەرچـووە، لەسـاڵی ١٩٧٢ دا ١١ ژمارەی لێدەرچووە، ساڵی ١٩٧٣ بـووە بـە ٩ ژمـارە، سـاڵی ١٩٧٤ ٥ ژمارەی لێدەرچـووە وە سـاڵی ١٩٧٥ ٤ژمـارەی لێدەرچـووە لـە سـاڵی ١٩٧٦،٥ ژمـارەی لێدەرچووەو لەساڵی ١٩٧٧ دا ٦ ژمارەی لێدەرچـووە و لەساڵی ١٩٨٧ دا تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچـووە، وە سـاڵی ١٩٧٩ شـوێنی دەرچـوونی گەڕاوەتـەوە کوردستانی ئێرانو لەوێ چاپ کراوەو کراوەتەوە، ئەو ماوەیەی کەژمارەکانی لەساڵێکدا وا کەم بۆتەوە بەپێ ی‌لێکدانـەوەی بـارو زروفـەکان دوو هۆکـار وایکـردووە کەژمارەکانی دەرچوونی کەم ببێتەوە ئەوانیش:

١- تێکچوون و هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کوردو ڕژیمی عێراق لەساڵی،١٩٧٤ و پاشان هەرەس هێنـانی شۆڕشی کورد بێگومـان ڕەنگدانـەوەی خراپـی لەسـەر حیزبی دیمـوکراتیش هـەبوو، چونکە زۆر لەڕێبـەرانی حیزب گەڕاونەتەوە ئەوروپا.

٢- ساڵی ١٩٧٨ بە تایبەت هۆکاری سەرەکی دەست پێکردنـی ڕاپـەڕینی خـەڵکی ئێـران، لـەدژی ڕژێمـی شاهەنـشای نزیکـەی (٥٤) ژمـارەی لێ دەرچـووە کەئەنجامەکەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانو ئێران بـوو جارێکی تـر ڕۆژنامـەی"کوردسـتان"ورێپـەرانی (حـدك) بـە مـەهابادی پایتـەختی کۆمـاری میللـی کوردسـتان شـاد بونـەوەو لـەوێ دەسـتیان بـە بلاوکردنـەوەی"کوردســتان"کــرد، بەشــێوەیەکی بەربلاو.


کوردستان

**باسـی دووەم: ڕۆژنامـەی"کوردسـتان" لەبـەهاری ئازادیدا**

دوای گەرم بوونی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێرانو کوردستان لـەدژی ڕژیمـی شاهەنشای ڕێبـەرانی حیـزب خۆیـان گەیاندەوە کوردستانی زێدی خۆیـان، دوای ڕووخـانی ڕژێمو ئـازادی خـەڵکی ئێـران ڕۆژی ١١ی ڕەشـەمەی ١٣٥٧ی هـــەتاوی بەرانبـــەر ١٩٧٩/٣/٣ لـــە کۆبوونەوەیەکی گەورەی زیاتر لەسەد هەزار کەسی لە گۆڕەپـــانی وەرزشـــی شـــاری مـــەهاباد دکتـــۆر عەبـدولڕەحمان قـاسملۆ سـکرتێری گـشتی حیـزب، خـەباتی ئاشـکرای حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی (ئێران) ی ڕاگەیاند،[٤٤] بەم شێوەیە بەهەزاران کـەس

لە خەڵکی کوردستان هاتنە ریزەکانی ئەو حیزبە، شاری مەهابادیش بووە ناوەندی سەرەکی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات.[٤٥] کۆمیسیۆنەکانی حیزب زۆربەیان دامەزراندنەوە و دەست بەکاربوون.

***دامەزراندنەوەی چاپخانە:**

هەر لەسەروبەندی دامەزراندنەوەی کۆمیسیۆنەکانی حیزب لە شاری مەهاباد چاپخانەیەك دامەزرایەوە، دوای ئەوەی بە هاوکاری خەڵك لە رووی ماددی تونرا کۆنە چاپخانەیەکی حزبی توودە لەتاران بکرێو بهێنرێتەوە شاری مەهابادو دابمەزرێتەوە بۆ چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و بلاوکراوەی دیکەی حیزب[٤٦]. هەر لەدوای دامەزرانەوەی چاپخانە ڕۆژنامەی "کوردستان" دەستی بەبلاوکردنەوە کرد سەرەتا مانگی دوو ژمارە دوایی هەفتەی جارێك.[٤٧] ژمارەکانی درێژە پێدەری ژمارەکانی پێشووتری کوردستان بوون لەژمارە (٥٥)وە کەلەنیوەی یەکەمی ژوئیەی ١٩٧٩ دەرچووە دوایی لەژمارە ٥٩ وە بووە بە هەفتانە بۆ یەکەم جار ڕۆژی دەرچوونی نووسیوە لەجیاتی/مانگ ڕۆژی شەممو٢٠ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١١ی ئوتی ١٩٧٩ دەرچووە هەمووش بە قابارە (A3) تاکو ژمارە ٦٠ لەنێو شار دەرچوو، بەدوای تەواو بوونی شەڕی سێ مانگە ڕێبەرایەتی حیزب گەراوەتەوە نێو شارەکان،جارێکی تر دەست بەبلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی"کوردستان"کراوەتەوە کە ٩ ژمارەی لێ دەرچووە[٤٨] هەر لەو سەرووبەندەدا حیزبی دیموکرات بەهەلی زانی کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ و چالاککردنی ئۆرگانەکانی حیزب کە لەگەڵ باروزروفی سەردەم بگونجێو بتوانێ لەئاست پێویستی ئەو هەموو ئەندامو لایەنگرو ئەو هەموو جەماوەرەی خۆی بێت. کۆنگرەی چوارەم لە ڕۆژانی ١١/٣٠ تاکو ١٣٥٨/١٢/٥زایینی ی هەتاوی بەبەشداری ٣١٠ کەس، بەئاشکرا لەساڵۆنی سینەما ئومێد بەڕێوە چوو،ئەو کۆنگرەیە چەندین بریارو ڕاسپاردەی دەرکرد. دروشمی ڕووخانی ڕژێم نەما، تەنیا بۆ پێکهێنانی خود موختاری لە کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی دا تێبکۆشێن، هەروەها ناوی حیزب بوو بە (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) چونکە جاران ناوی (ئێران) لەنێو کەوانەیەکدا دەنووسرا.[٤٩]

ئەرکی ڕۆژنامەی"کوردستان"لەو ماوەیە تەنیا پەیام و دروشم و ڕوونکردنەوەی ڕێبازەکانی حیزب بووە بۆ جەماوەری کوردستان، تاکو هەم خۆبناسێنێ و هەم هەستی نەتەوەیش زیاتر زیندوو بکرێتەوە لای خەڵکی کوردستان، لەهەمان کاتدا هەوڵدان بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان فێری خوێندنو نووسینی کوردی بکەن، چونکە هەتا ئەو کاتە خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ کوردی ئەم بەشەی کوردستان قەدەغە بوو ، خوێندەوارەکان بەنهێنی خۆیان فێری خوێندەواری دەکرد، هەروەها ڕۆژنامەی"کوردستان" بەشێوەیەکی یەکجار بەربلاو بەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بلاوکرایەوە، خەڵکی بەخۆشییەوە پێشوازیان لێدەکرد، تاکو تاسەی تینوویەتی خۆیان بە ڕۆژنامەی کوردی چاپ کراو لەلایەن حیزبێکی وەك دیموکرات، کە سەرکردایەتی بەشێکی گەورەی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی ئەم بەشەی کوردستانی لەئەستۆدا بوو مێژوویەکی پڕ شانازیی هەبوو.[٥٠]

**باسی سێ یەم: تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی لەو دەورەی ڕۆژنامەی (کوردستان) دا**

ئەو دەورەی ڕۆژنامەی "کوردستان" کەلە سەرەتاوە لەساڵی ١٩٧١ دەستی پێکردووە تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٨٠، (٧٠) ژمارەی لێ دەرچووە، هەمووی بەقەبارەی A3 جگە لەچەند ژمارەیەکی سەرەتا نەبێت کە بەچوار لاپەرە دەرچوون، ئەگەر نا زۆربەی هەرە زۆری بە(٦) لاپەرە دەرچووە(٤) کوردیو(٢) ی بەشە فارسییەکەی لەڕووی تەکنیکی و بنەمای ڕۆژنامە نووسییەوە دەتوانین بەم شێوەیە هەڵی بسەنگێنین:

**١- نەخشەسازی:**

ڕۆژنامەکە لەڕووی دابەش کردنو نەخشەسازییەوە دەتوانین لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی یەك شێوە هاتووە نووسینەکان لەهەموو لاپەرەکان بەزۆری چوار ستوونی دابەش بووە، دابەش بوونی مەگەر بۆ شیعرێك یاخود پارچە نووسینێکی کورت گۆشەیەك لە ناوەڕاستی لاپەرەکەی کێشرایێ، ئەویش بەو مەرجەی کاری نەکردۆتە سەر ڕێرەوی دابەش کردنی ستوونەکان بەسەر چواردا. هەروەها لەناو ناسنامەکەی گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو

خۆی کردۆتە خاوەنی ناسنامەیەك کە هەمیشە بناسرێتەوە.

٢- وێنە:

لەو دەورەیە وێنە زۆر کەمە لەژمارەیەکدا وێنەیەکی پێشەوا قازی محەمەد بلاوکراوەتەوە، لەچەند ژمارەیەکی تریش کەبەهەر هەمووی لەو دەورەیەدا تەنیا هەشت وێنە دەبینرێ، لەهەموو ئەو ژمارانەی کە لەبەردەست دابوون بۆ لێکۆڵینەوەکان، بێگومان وێنە زۆر گرنگە بۆ رۆژنامە، چونکە بۆ خۆی ووتارە پەیامێکە، بەلام ئەو وێنەیەی کەدەبێ لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکە دابنرێ، کەوا هاوجووت بێ لەگەڵ ئامانجی پەیامەکەدا بۆ رۆژنامەی کوردستان ئەو کاتە، زۆر گرنگ بووە، بەلام بوونی کەمە.

٣- هەواڵ:

ئەو دەورەی رۆژنامەی "کوردستان" هەواڵی زۆر کەمە، ئەو هەواڵەی کە تەنیا گواستنەوەی رووداوێکە بەبێ کەم و زیاد، هەرکاتێ خوێنەر خوێندیەوە، دەقی رووداوێکی لەلا ئاشکرابێ وەك زانیارێکی بەکەڵك.

هەواڵ ئەوەی هەیە لەچوار چێوەی بابەتێکی پەیامی خراوەتەڕوو، ئەو کورتە هەواڵانەی بلاویش کراونەتەوە لە لاپەڕەی یەکەمدا نین و لەلاپەڕەکانی ناوەوەن، ئەمەش وای کردوە بایەخی هەواڵەکە هێندە نەبێ و جۆرێك لەساردوسڕی تێدابێ، چونکە هەواڵ هەمیشە لە هەموو کەناڵێکی راگەیاندن دەبێ گەرمو گوڕی پێوە دیاربێ، جا هەواڵەکە کۆنیش بێ بەتایبەت بۆ رۆژنامەی "کوردستان" کە مانگی جارێك یاخود ماوەیەکی زیاتر دەرچووە، نەك هەواڵەکەی بەگەرمی بلاونەکردۆتەوە بەڵکو بە ساردیش بلاوی نەکردۆتەوە، بۆ نموونە: لەژمارە ٥ دا لەلاپەڕەی یەکەمدا هەواڵێکی لەرۆژنامەی (لۆمۆند) ی فەرەنسی وەرگرتووە لەسەر خۆپیشاندانی کرێکارانی ئێران، هەواڵەکەی لەژێر سەردێڕێك دارشتۆتەوە بەناوی (ئایا ئێران دوورگەیەکی ئارامە؟) لەشێوەی بابەتێك داپرشتوە هۆکاری هەواڵی تێدا بزر کردوە[٥١]

٤- رێپۆرتاژ:

لەم دەورەی رۆژنامەی (کوردستان) رێپۆرتاژ زۆر بەکەمی دەبینرێ، جگە لەچەند نیمچە رێپۆرتاژێك کەلەسەر کۆنفرانسو پلینۆمەکانی حیزبی بلاوکردۆتەوە، ئەوانیش زیاتر لەراپۆرتە هەواڵ نزیکترن وەك لە رێپۆرتاژەوە، چونکە رێپۆرتاژ هەمەلایەنە و هەموو لایەنەکانی رووداو دەخاتە ڕوو، بەلام راپۆرت زیاتر لەشێوەی گەیاندنی پەیامێکە لەیەك ستوندا دیارە بۆ رۆژنامەی "کوردستان" گرنگ نەبووە رێپۆرتاژ بنووسێ، چونکە ئەو لەبارێکی نەهێنی دوورە وولات دەرچووە، کارو چالاکی حیزبەکەی ئەو زۆر سنووردار بووە، ئەرکی ئەو زیاتر گەیاندنی پەیام بووە بۆ خوێنەرەکانی.

٥- بابەتەکان:

بابەتەکانی ئەو دەورەی رۆژنامەی "کوردستان" لەو دەورەیەدا بەزۆری لەسێ تەوەرەدایە:

أ- یادو بیرەوەرییەکان: یادو بیرەوەرییەکانی حیزبی دیموکراتو کۆماری کوردستانو شەهید کردنی پێشەوا قازیو هاوڕێکانیو یادو بیرەوەرییەکانی وەك رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن، ١ی مای رۆژی جیهانی کرێکاران، ١ی ژن رۆژی جیهانی منالان... زۆر بۆنەی دیکە.

ب- پەیامەکانی حیزب: پەیامەکانی حیزب زۆری لاپەرەکانی داگیر کردووە، وەك بەیاننامەو پەیامو دوان لەسەر رووداوەکانو دووان و روونکردنەوەی رێبازی حیزب و بەندەکانی پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی حیزب بۆ ئەندامو لایەنگرانی حیزبو پەیام ناردن بۆ کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان بۆ راکێشانی رای گشتی ناوخۆو جیهانی بەرانبەر کێشەی گەلی کورد.

ج- بابەتی سیاسی: نوسینی بابەت لەسەر وەزعی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ناو ئێران لەسایەی دەسەلاتی رژێمی شاهەنشای و ریسوابوونی لەکۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و ناخۆیەکان و هاندانی کۆمەلانی خەلك بۆ تێکۆشان دژی ئەو رژێمەو رووخانی و بەدەستهێنانی ئازادیو دیمۆکراسی بۆ ولات، لەدوای رووخانی رژێمی شا بابەتەکانی زیاتر لەسەر جێگیرکردنی دیمۆکراسیو دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و مافەکانی گەلی کوردە ئەمە جگە لەو بابەتانەی لەسەر شۆرشی کوباو ڤێتنامو شوێنانی تر نووسراون.

٦- مانشێت:

لەم دەورەی "کوردستان" مانشێت زۆر بەکەمی دەبینرێ ئەگەرچی رۆژنامەکە ئەو کاتە تاکە کەناڵی راگەیاندنی حیزب بووە لەنێو ئەو هەموو بەیانو سەروتارو پەیامە گرنگەی کەلە لاپەرەکاندا دەبینرێ، چەند وشەیەك وەك رستەیەکی مانادار کە

رەگوڕیشەکەی لەناخی بابەتەکەوە هەڵقوڵابێ بکرێتە مانشێتی رۆژنامەکە نەکراوە، تاکو سەری رۆژنامەکە برازێنێتەوەو سەرنجی خوێنەری پێ رابکێشرێ، چونکە مانشێت بۆ رۆژنامە وەك سەری مرۆڤ وایە هەرکاتێ مرۆڤ سەری نەما ناسینەوەی زەحمەت دەبێ.

**٧- زمانو چاپ:**

هەروەك رۆژنامەی"کوردستان"زیاتر شێوەی زاری موکریانی بەسەریدا زاڵە، بەلاّم لەو دەورەیە بەکوردییەکی زۆر پاراو و رەوان نووسراوە، هەڵەی چاپ زۆر بەدەگمەن دەبینرێ. ئەو ژمارانەی لەبەشی گەرمێن دەرچوون رێنووسەکەیان زیاتر لەرێنووسی رۆژنامەکانی برایەتیو هاوکاری ئەو سەردەمە دەچێ، دیارە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە چاپخانەوە هەبووە، چونکە رۆژنامەکە بەزۆری لە چاپخانەکانی بەغدا چاپ کراوە. هەروەها دەتوانین بڵێین لەرووی دەوڵەمەندیو پاکی زمانی کوردییەوە ئەو دەورەیە هەم لەدەورەی سەردەمی کۆمارو هەم لەدەورەی دوایەوە پێشکەوتووترە نەك هەر لەگەڵ ژمارەکانی خۆیدا، بەڵکو لەگەڵ زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی تری ئەو سەردەمەو پاشتریش و لەرووی رێزمانی و خاڵبەندیشەوە، دەستی شارەزاییو هونەرساری پێوەدیارە، کاتێ لە بابەتەکانی وردبینەوە.

**٨- ئەدەبو هونەر:**

یەکێ لە خەسڵەتەکانی رۆژنامەی کوردی ئەوەیە، هەمیشە ئەدەب بەشێك بووە ئەوش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشینە مێژووییەی کەوا رۆژنامەکانی ئێمە بەزۆری لەلایەن ئەدیب و شاعیرەکانەوە بلاّوکراونەتەوە"کوردستان"شاعیرێکی گەورەی وەك مامۆستا (هێمن) لەدەستەی نوسەرانی بووە، هەرلەیەکەمین ژمارەیەوە، پارچە شیعرێکی بلاّوکردۆتەوە، هەرچەندە نازانرێ هی کێیە کەلەسەر شاری مەهاباد نوسیوویەتی و تیایدا دەڵێ:

**مەهاباد مەهاباد ئەی لانەی شێرانم**
**یادی تۆ ئاگرێ ئەدا بۆ گیانم**
**مەهاباد دوێنێ بوو دە ملیۆن گەلی کورد**
**بەرەو تۆ ئەوەستان سوژدەیان بۆت ئەبرد**
**قیبلەگای هیوابووی سەنگەری ئازادی**
**شەبەق بووی بۆ شەوی تاریکی و بێداری**(٥٢)

لەگەڵ چەندین شیعری نیشتمانیو نەتەوەیی کەتێیدا بلاّوبۆتەوەو زۆربەیان مامۆستا (هێمن) خۆی نووسیویەتی بێگومان شیعرو هۆنراوە بۆ بەرزکردنەوەی ورەو جۆشدانی هەستی نەتەوەییو قارەمانییەتی لەخەباتی نەتەوەیی کورد دەوری زۆر گرنگی هەبووە.

کورد خەباتی نەتەوەیی لەشیعرەوە دەست پێکردووە، وەك شیعرەکانی ئەحمەدی خانی لەسەدەی حەڤدەهەم و حاجی قادری کۆیی لەسەدەی نۆزدەیەمو بێکەس و دڵدارو زێوەرو حەمدیو ئەسیری

لەسەدەی بیستەم، هەموو ئەوانە شیعرەکانیان بووە هەوێنی بیری نەتەوەیی کوردی.

رۆژنامەی"کوردستان"لەو روانگەیەوە زۆر کات شیعری بلاّوکردۆتەوە وە زۆر لەخوێنەرانی بەشیعر بەشداریان کردووە(٥٣)

لێکۆڵینەوەو چیرۆکو بابەتی ئەدەبی نییە تەنیا چەند کورتە وتارێك نەبێت، لەسەر ئەرکی ئەدیبو هونەرمەندان نووسراوە بۆ قۆناغی ئێستای خەبات.

**٩- تیراژو بلاّوبوونەوەی:**

بۆ هەموو گۆڤارو رۆژنامەیەك تیراژو میکانیزمی بلاّوکردنەوەی گرنگە، واتە چۆن بگاتە دەست خوێنەرانی رۆژنامەی "کوردستان" لەبەرئەوەی ئۆرگانی حیزبی بووە، لەدەرەوەی سنووری جوگرافی چالاکی خۆی چاپ کراوە، واتە نهێنی بووە، تەنیا لەکوردستانی گەرمێن (کوردستانی عێراق) بەئاشکراو ئازادی گەیشتۆتە دەستی ئەندام و لایەنگرانی حیزب و ئەو کەسانەی کە حەزیان بەخوێندنەوەی رۆژنامەکە کردووە، ئەگەر نا ئەوی تر هەمووی بەنهێنی چۆتەوە، لەوێ زۆر جار بەنهێنی چاپکراوەتەوە، ئەوە جگە لەوەی چەندین دەستی کردووە لەنێوان خوێنەرانی بەگوێرەی ئەو نامەیەی کە (م.ب) ناوێك ناردوویەتی بۆ رۆژنامەکە، بەناوی (نامەیەك بۆ کوردستان)، دەبێ رۆژنامەکە بۆ زۆر ولاّتان ناردرابێ وەك لەبەشێکیدا دەڵێ:(رۆژنامەکەمان لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا خۆی گەیاندۆتە زۆربەی ولاّتانی دەرەوەو خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبە پێشڕەوەکەی بەگەلانی جیهان ناساندووە(٥٤)، بەوپێیەی کوردستان جگە لەبلاّوبوونەوەی لەناوخۆی ولاّت گەیشتۆتە زۆر

شوێن و سوچی دونیا هەرواشە، چونکە بەپێی ناوونیشانی "کوردستان" بێ کە لەژمارە٣٠دا نووسیویەتی (دانەی پێنج قرانە لەدەرەوە تمەنێکە ئابوونەی ساڵانەی شەش تمەنە بۆ دوانزە تمەنە لەخوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" و دۆست و لایەنگرانی حیزب تکا دەکەین کە دراوی ئابوونەی ڕۆژنامەو چاپەمەنیەکانی حیزب و هەموو چەشنە یارمەتیەکی ماڵی بەحیزبەکەمان بۆ ئەم ژمارە بانکییە بنێرن (ناونیشان و ژمارەکە هی بانکێکی سویدیە)[٥٥] هەرچەندەبەدەقیقی تیراژی ئەو ماوەیە نەزانراوە، بەلام لەزۆر شوێن راکێشراوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکرات و دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەنێو شاری مەهاباد مانگی دوو ژمارەو پاشان هەفتانە، تیراژەکەی زیاتر لەدەیان هەزار دانەبووە، زۆر بەڕێکوپێکی بەسەر هەموو شارەکاندا دابەش کراوە.[٥٦]

**١٠- کاریکاتۆر:**

کاریکاتۆر ڕووی ڕەخنەی راستەقینەو گوزارشت کردنە لە ناخی ئەو چینەی کە دەیەوێ پەیامی خۆی بگەیەنێ بەشوێنی مەبەست، بەشێوەیەکی وا کەزاخاوی مێشکی لەگەڵ دایە، هەروەها جوانی و دەوڵەمەندیش دەبەخشێ بەڕۆژنامەکە، بەلام هیچ کاریکاتۆریەك لەو دەورەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاونەکراوەتەوە، ئەمەش بەلایەنێکی ناتەواو دەژمێردرێت لە ڕۆژنامەکەدا.

**١١- نووسەرەکانی "کوردستان":**

لەو دەورەی ڕۆژنامەی "کوردستان" تاکو پاشتریش ناوی نووسەر زۆر بەدەگمەن دەبینرێ، تەنیا ئەو ناوانە نەبن کە نامەیان ناردووە بۆ ڕۆژنامەکە یاخود پارچە هۆنراوەیەکیان ناردووە بۆ ڕۆژنامەکە، ئەگەر نا هیچ لە بابەتەکان ناویان لەسەر نییە، دیارە ئەوەش شتێکی ئاساییە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە، چونکە خۆی ئۆرگانە، بابەتەکانیش زۆربەی هەرە زۆری بەیان و پەیامی حیزبین یاخود دەردەخات بۆیە ناوی نووسەر لەو دەورەی ڕۆژنامەی "کوردستان"نیە. دوای سۆراخ کردن دەرکەوت نووسەرەکانی ئەو دەورەیە، دکتۆر قاسملۆ و هێمنی شاعیرو کەریمی حیسامی و عەبدوڵلا حەسەن زادەو چەند کەسێکی تر بوونە ڕۆژنامەکەیان بەڕێوە بردووە، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ دەوری سەرنووسەری بینیووە[٥٧]

## بەشی سێیەم

**ڕۆژنامەی "کوردستان" لەخەباتی شاخ و کەرتبوون و یەکگرتنەوە**

**باسی یەکەم: ڕۆژنامەی "کوردستان" لەشاخەکانی کوردستان**

**ژمارە ٧١ – ١٧١**

لەدوای بەنبەستن گەیشتنی هەموو جۆرە گفتووگۆیەك بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی گەلی کورد لەگەڵ سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٠حیزبی دیموکراتی کوردستان ناچار کرا، بەدەست پێکردنی خەباتی پێشمەرگانەو بەرەنگاربوونەوەی هێزی دوژمن و بەرگری کردن لەمافە رەواکانی کورد لەم بەشەی کوردستان. لەگەل گەرمبوونی شەڕ لەکوردستان ژمارە ٧١ ی ڕۆژنامەی "کوردستان" بلاوکرایەوە بەوەش ڕۆژنامەکە دەچێتە قۆناغیکی تر، چونکە پێشتر تەنیا ئەرکی پەیام گەیاندن بوو، دوایش لەشارەکان ئەرکی هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستن بوو، بەلام ئێستا ئەرکی گرنگتر بوو هەم پەیام گەیاندن و هەم دەنگی هێزی پێشمەرگەو ریسوا کردنی تاوانەکانی دوژمن دەرهەق بە نەتەوەکەی، ژمارە ٧١ بەم شێوەیە خۆی ناساند: لەسەرەوە ناوی "کوردستان" نووسراوە و لەژێری ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نووسراوەوە، لەنیوان دوو هێڵی ئاسۆیی سەرتاسەری ژمارەو مێژووی هەتاوی و زایینی و نرخ نووسراوە لاپەڕەی یەکەم بەسەروتارو ناونیشانی بابەتەکانی ناوەوەی پڕکراوەتەوەوچەندین دروشم لەکۆتایی زۆربەی لاپەڕەکان نووسراوە. لەژمارە ٧٢ دا لە فۆرمی ڕۆژنامەکەدا تەنیا گۆڕان لەهەموو لاپەڕەکان ناوی "کوردستان" نووسراوە، لەژمارە ٧٣ نرخ گۆڕاوە بۆتە ٤ تمەن لەژمارە ٩٣ قەبارەی گۆڕاوەو لە (A4)ەوە بووە بە ٣٢سم/٢٠سم.

ئارمی حیزب لەسەرەوەی ناوی ڕۆژنامەکە کێشراوە، لەهەموو لاپەڕەکانیش لە نێوەڕاستی پیتی (س)ی "کوردستان" ئارمەکە دووبارە بۆتەوە کە مێژووی هەتاوی و زایینی ساڵی دامەزراندنی حیزبی

دیموکراتی لەسەرە لە ژمارە ١١٠ دا قەبارەی ڕۆژنامەکە بۆتە (A4) لە هەموو لاپەڕەکانی"کوردستان" نووسراوەو بەبچووکی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ١٠٠ ژمارەیەدا. لە بارەی شێوە، ئەوەندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە دەکاتە ١١ ساڵ زیاتر، ئەگەر بەپێوانەیی دەرچوونی مانگانە بوایە، هەتاکو ئێستا زیاتر لە ١٢٣ ژمارەی لی دەرچوو بوایە بەلام دیارە لەگەڵ دەرچوونی "کوردستان" لە شاخ لە ساڵی ١٩٨٠ ڕۆژ بە ڕۆژ شەر لەکوردستان گەرمتر بووە، بەشێوەیەك کاریگەری زۆری لەسەر ڕۆژنامەکە هەبووە، دیارە ئەویش لەبەر هێرش و پەلاماری دووژمن و ڕۆژانە گواستنەوەی بارەگاو چاپخانە وایکردووە نەپرژێنە سەر دەرکردنی ڕۆژنامەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، بۆیە کاتێ ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە سەیر دەکەین لەو قۆناغەی دا ساڵ بەدوای ساڵ ژمارەکانی کەمتر بۆتەوە:

**ساڵی ١٩٨٠ تەنیا ٨ ژمارە دەرچووە.**

**ساڵی ١٩٨١ تەنیا ٦ ژمارە دەرچووە.**

**ساڵی ١٩٨٢ تەنیا ٥ ژمارە دەرچووە.**

**ساڵی ١٩٨٣ تەنیا ٦ ژمارەی دەرچووە.**

دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٨٤ بارەگاکانی حیزب لەسەر سنوورەکان جێگیربووە، ڕۆژنامەی"کوردستان"یش لەو ساوە جۆریك لە سەقامگیری پێوەدیارە، زۆربەی ژمارەکانی لەکاتی خۆیدا دەرچووە.

تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی لەم ژمارانەی"کوردستان"

**١- نەخشەسازی:**

لەسەرەتادا ڕۆژنامەکە بە چاپی بچووك و ڕۆنیۆو ستێنسل چاپ کراوە، لەباری نەخشەسازی لاپەڕەی یەکەم بەسەر چەند گۆشەو ستوونێك دابەش بووە، هەموو لاپەڕەکانی تر بەسەر سێ ستوونو دووستوونو یەك ستوون دابەش بووە، بۆشایی (سپێس) زۆرە لە کۆتایی بابەتەکان، چەندین ژمارە لاپەرەی کۆتایی هەمووی بەتاڵەو هیچ شتێکی لێ نەنووسراوە. تایتڵی ڕۆژنامەکە و سەردێری بابەتەکان و دروشمەکان بەدەست نووسراوە لە زۆربەی ژمارەکانی سەرەتادا دوایی بە چاپ نووسراوە بابەتەکان زۆری پاشماوەی هەیە، لە لاپەڕە یەکەوە دەچێتە چەندین لاپەڕەی ترکەوا زۆر جار بەسەر یەکەوە نین ئەوەش خوێنەر زۆر ماندوودەکات.

**٢- هەواڵ:**

لەو قۆناغەدا لەسەرەتادا تەنیا هەواڵی ناوخۆ هەیە، ئەویش چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو کردەوە دژە ئینسانیەکانی ڕژیم هەمووی لە لاپەڕەکانی ناوەوەن لە ژمارەکانی دوایی هەواڵی کورد لە جیهان کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕەوتی بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەبینرێ، نموونە هەواڵی عێراق -ئێران- کوێت و هاوپەیمانان و ئەفغانستانو ڕووداوو وپێشهاتەکانی بلۆکی سۆسیالیستی، بەلام هیچ یەکیان وەك هەواڵ کە تەنیا فاکتی هەواڵی تێدابێ لەلاپەڕەی یەکەم بلاونەکراوەتەوەو کراوە بەبابەت، ئینجا بە کورتەیەك دەستپێ دەکات بەشەکانی تری لە لاپەڕەکانی تر تەواو دەبێ، لاپەڕەی یەکەم زیاتر یادو بیرەوەرییەکان و پەیامی حیزبە.

**٣- سەرچاوەکانی هەواڵ:**

حیزبی دیموکرات لە خەباتی پێشمەرگانەدا بووە بەردەوام ڕووبەڕووی شەڕوپێکدادان بۆتەوە، ڕۆژنامەی "کوردستان" هەرچەندە هەوالنێری تایبەت بەخۆی نەبووە بەلام کۆمیتە شارستانەکانی حیزب و هێزەکانی پێشمەرگە، سەرچاوەی هەواڵدەری بوونە، سەرەڕایی ئەو هەواڵانەی کە بایەخدار بوونە، لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە جیهانییەکان وەرگیراون، بۆیە دەبینین هەواڵەکان بەنەفەسی یەك لایەنی حیزبەکەیان داڕێژراون بە ئاراستەی سیاسەتی خۆیان بۆ ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانیش لە قۆناغیکی سەختی خەبات شتێکی ئاساییە[٥٨].

**٤- بابەتەکان:**

بابەتەکانی ڕۆژنامەی"کوردستان"زیاتر پەیامو لێدوانی حیزبین، گوزارشت لە خەباتی گەڵی کورد دەکەن، لەم بەشەی کوردستان، لەو ١٠٠ ژمارەی ڕۆژنامەکە، جگە لە پەیامەکانی حیزب زنجیرە وتارێك نووسراون لەسەر مێژووی جوولانەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا یادو بیرەوەرییەکانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانو ڕۆژی شەهیدانو بیرەوەری کۆنگرەکانی حیزبو شۆڕشی گەلانی ئێرانو داستانەکانی پێشمەرگەو ئەو جینایەتانەی کە کۆماری ئیسلامی بەرانبەر کوردی کردوە، هەروەها ڕۆژە جیهانییەکانی وەك ٨ی مارس

ڕۆژی جیهانی ژن، ١ی مایی ڕۆژی کرێکارانی جیهان، ١ی ژوئەن ڕۆژی منداڵان، جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەژنی نەتەوەی نەورۆزو یادی کەسایەتییە مەزنەکانی کورد لەشۆڕشگێڕو شاعیرو نووسەر و هونەرمەندان و چەند کورتە ڕیپۆرتاژو چاوپێکەوتن هەیە کە دوو بنەمای گرنگی ڕۆژنامەن.

**٦- زمانو چاپ:**

ڕۆژنامەی"کوردستان"هەر لەسەرەتاوە شێوەی زاری موکریانی بەسەریدا زاڵەو بە هیچ زاراوەیەکی تر نووسینی تێدانییە، بەڵام ئەگەر بەراوردێکی ئەو دەورەیەو دەورەی پێش خۆی بکەین لەڕووی زمانی کوردی و خالبەندی ڕێنووسەوە ئەوا ژمارەکانی سەرەتا زۆر لە پێشترن، ئەمەش زیاتر لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆئەوەی زۆر لە نووسەرانی پێشتر لەبارێکی هێمن ترو زیاتر مەبەستیان کاری پروپاگەندە بووە، بەتایبەت زۆر لە ڕێبەرەکانی حیزب ئەو کات، سەرپەرشتی ڕۆژنامەکەیان دەکردو لەباری چاپیشەوە کەرەستەکانی ئەو سەردەم باشترو پێشکەوتووتر بوو.

**٦- ئەدەبو هونەر:**

لەم بەشەی "کوردستان" لەسەرەتادا هەندێ شیعر دەبینرێ، بەڵام لەزۆربەی ژمارەکانی دوایی بەدەگمەن هەیە، هەروەها جگە لە چەند وتارێکی کەم لەسەر ڕووناکبیری هونەر هیچ بابەتێکی تر نییە.(٥٩)

**٧- وێنەو کاریکاتۆر:**

لەسەرەتای ژمارەکانی ئەو بەشەدا، جگە لەهەندێ وێنەی فرۆکەو تۆپو تانک کە بە زەنگۆگراف کێشراون، هیچی تر نییە، دوایی وێنە دەبینرێ، بە تایبەت دوای تاوانی شەهید کردنی دکتۆر قاسملۆ و هاوڕێکانی لە ١٩٨٩/٧/١٣ لە ڤێنای پایتەختی نەمسا. لەو ١٠٠ ژمارەیە زیاتر لە ٣٠ وێنە بلاوکراوەتەوە کە زۆری هی شەهیدانە، هەروەها بۆ یەکەم جار لە ژمارە ١٣٠ ی "کوردستان"دا کاریکاتۆر بڵاوکراوەتەوە، دیارە کاریکاتۆرەکە لە هونەرەکانی دەربڕینی گوزارشتیك لەسەر ئەو شتەی کەمەبەستتە بە زمانی نووسین زۆر جار چەمکی پێویست نادات بەدەستەوە، بەڵام لە کاریکاتۆرێك دەیداو دەیخاتەڕوو، پێ دەچێ ڕۆژنامەی "کوردستان" یش هەر لەو ڕوانگەیەوە هەنگاوی نابێ.

**٨- تیراژو بڵاوبوونەوە:**

ڕۆژنامەیەك لە باری بەربەرەکان دەرچووبێ دیارە بڵاوکردنەوەکەش، جگە لەو کادرو پێشمەرگانەی کە بە ئاشکرا چەکیان لەشان کردووە خوێندویانەتەوە، بۆیە تیراژی ڕۆژنامەکە لەم ژمارانە دیارنییە و چەندە، هەر لەو سەروبەندەدا ڕۆژنامەی "کوردستان" لە دەرەوە جارێکی تر، بەهەمان شێوەو قەبارە، بەڵام بە چاپێکی جوانترو کاغەزێکی باشتر چاپ کراوە، بەشە کوردییەکەی بەزۆری لە سوید چاپکراوە، چونکە کوردی زۆر لێیەوە بەشە فارسییەکەی لە پاریس چاپ دەکرا، چونکە فارسێکی زۆر لە فەرەنسا بوون.(٦٠)

ژمارەی لاپەڕەکانی"کوردستان"جێگیر نییە هەر جارەی بەپێی پێویستی بابەتەکان جۆرێکە، ژمارەکان لە نێوان (١٦-٢٠-٢٤- ٢٨-٣٢-٣٦-٤٠- ٥٦- ٦٢) دەبینرێ دەبێ ئەوە بڵێین، لە ژمارە٧١وە ژمارەیەکی سەربەخۆش بە زمانی فارسی بەهەمان شێوەو ناوەڕۆك دەردەچێ، تاکو ئەمڕۆ هەموو ئەو بابەتانەی کەلە بەشە کوردییەکەدا وەردەگێردرێنە سەر زمانی فارسی لەوانەیە زۆر لە بابەتەکان بە فارسی نووسرابن، بەڵام کراوەتە کوردی، جگە لە بابەتە ئەدەبیەکان نەبێ، تەنیا لەبەشە کوردییەکەدایە وەرناگێڕدرێ و لەبەشە فارسیەکە بڵاوناکرێتەوە.

**٩- مانشێت:**

مانشێت هەیە، بەڵام کەم زیاتر لەکۆنگرەو یادو بیرەوەرییەکاندا دەبینرێ، مانشێتەکان زیاتر دروشمن وەك لەوەی ماناداری ناوەڕۆکی بابەتێك بن، وەك (بەرێز بێ ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات)(٦١)

**١٠- داخۆیانی بەردەوام:**

داخۆیان و ئاگاداری لەم ڕۆژنامەیە دەبینرێ بە پلەی یەکەم بۆ رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران ، کاتەکانی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان شەپۆلەکانی، هەروەها داخۆیان بۆ کتێبو بڵاوکراوەکانی تر کەلە کۆمیسۆنەکانی حیزب چاپ کراون، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ژمارەو ناونیشانی ئەو بانکەی کە ئەندامو لایەنگرانی حیزب دەتوانن هاوکاری پێشکەش بکەن، لەگەڵ شوێنی پەیوەندی گرتن لەگەڵ حیزب لە ئەورووپا.

**١١- نووسەرەکانی ئەو قۆناغە:**

لەم ژمارنەدا ناوی نووسەرو سەرنووسەری نییە تەنیا هەندێ لەو شاعیرانەی کە شیعریان بلاَوکردۆتەوە کە زۆربەیان هی کوردستانی گەرمێن وەك جوامێر (شێرکۆ بێکەس) - کاکەی فەلاح-حەسیب قەرەداغی، هەرکەسێك لێپرسراوێتی کۆمیسۆنی چاپەمەنی لەئەستۆدا بووبێ دەوری سەرنووسەری بینیووە لەو ماوەیەدا دکتۆر سادقی شەرەفکەندی-عەبدولاَی حەسەن زادە - مستەفای هیجری، نووسەری وەك (حەسەنی شەرەفی و قادر وریاو مجید یالو حسێنی مەدەنی) لە نووسەرە دیارەکانن. هەروەها نووسەری ژن بەرچاو ناکەوێ، ئەگەرچی ناوی نووسەر نییە، تاکو بزانین قەلەمی ژن هەیە یان نییە، بەلاَم کاتێ لە بابەتەکان وردەبینەوە جگەلە یادی رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن بابەت لەسەر ژن زۆر بەدەگمەن دەبینرێ، بەمەش بۆمان دەردەکەوێ نووسەری ژن بەشداری نەبووە.[٦٢]

**باسی دووەم: رۆژنامەی "کوردستان" کەرتبوون یان دەوری سێیەم**

شتێکی سروشتییە لەمێژووی هەموو حیزبو رێکخراوێك بیرو بۆچوون و تێروانینی خۆیان هەبێ لەسەر هەموجۆرە مەسەلەیەك لەدوای بەستنی کۆنگرەی چوارەم، گروپێك لە حیزب جیابوونەوەو بوونی رێکخراوی خۆیان راگەیاند، بە ناوی (حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم[٦٣] لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ - ١٩٨٣ بوونیان هەبوو لەو ماوەیەدا ئەوانیش ئۆرگانی خۆیان دەرکرد، بە ناوی (کوردستان) بە ئاشکرا لە شارەکانی وەك تاران و تەوریز چاپ کراوە و بلاَوکراوەتەوە، لەگەڵ نەمانی ئەو گروپە رۆژنامەکەش نەماوە.[٦٤]

لەدوای جیابوونەوە، گروپەکە کۆنگرەی چوارەم حیزبی دیمۆکرات کۆنگرەکانی تری خۆی بەسەرکەوتووی ئەنجام دەدا تاکو ساڵی ١٩٨٨ و بەستنی کۆنگرەی هەشتەم، بیرو بۆچوونی جیاواز پەیوەست بە ئایدیاو تیروانینی حیزبی دیمۆکرات بۆی کە هەموویان زیاتر مەسەلەی سۆسیالیست دیمۆکرات بوو جارێکی تر لێکترازان لەنێو ریزەکانی حیزب روویدا، کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی حیزب لە کۆنگرەی هەشتەم خۆیان لە پالاَوتن کێشایەوە بەدوای ئەودا لە بەیانێك کاری ریکخراوەیی خۆیان راگەیاند، لە ژێر ناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-رێبەرایەتی شۆرشگێر) لەو کاتەوە دەستیان بە کاری حیزبی و پێشمەرگانەی خۆیان کردو زۆربەی کۆمیسۆنەکانی حزبیان دامەزراندەوە، بەهەمان ناوو شێوەی حیزبی دیموکرات.[٦٥]

**تەکنیکی رۆژنامەنووسی لەم دەورەیەدا:**

**١- نەخشەسازی:**

لەباری نەخشەسازیو دابەش کردنی ستوونەکان، لاپەرەی یەکەم جوانکاری تێدایەو هەواڵو بابەتەکانی بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابەشکردووە، ناوەرۆکەکەی زۆری بەسەر سێ ستووندا دابەش کراوەو چاپەکەی جوانەو زۆربەی لاپەرەکان بە تەواوی پرکراونەتەوە، بەلاَم بە پێچەوانەی هەموو رۆژنامەیەك، لە ژمارەکانی دوایی لە باری دابەشکردنی ستوونی چاپەوە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەکانی پێشوو لاواز لە باری نەخشەسازیەوە، بەلاَم بەردەوام پیوانەکەی (A 4) بوە لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی.

**٢- هەواڵ:**

هەر لەسەرەتاوە رۆژنامەکە گرنگی بە هەواڵی جیهانی داوە، بە تایبەت ئەو دەنگو باسەی کە گرنگیان بۆ کێشەی کورد هەیەو هەواڵەکانی ناوخۆی کوردستانو چالاکییەکانی پێشمەرگە، سەرچاوەکانی هەواڵیش هەر کۆمیتەکانی حیزبو هێزەکانی پێشمەرگەبوونە، جگە لەوەرگرتنی هەواڵی جیهانی لە رێگای رادیۆو tv یەکانەوەو شوێنی بلاَوکردنەوەیان لاپەرەکانی ناوەوە بووە.

**٣- بابەتەکان:**

کاتێ لاپەرەکانی ئەو رۆژنامەیە هەڵدەینەوە، بابەتی گرنگ بەرچاو دەکەوێ، بۆ سەردەمی خۆی پڕ بایەخن، کەم رووداوی جیهانی هەیە بێ بابەتێکی لێکۆلینەوە رەت بووبێ وەك:

**١- رووداوەکانی تازەی شیلی.**

**٢- ئەلجەزائیر رەوتی تازەی رووداوەکان.**

**٣- رووداوەکانی ئەورووپای رۆژهەلاَت.**

**٤- رووداوەکانی فەلەستینو عێراقو داگیر کردنی کوێتو هاتنی هاوپەیمانان.**

**٥- هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق‌وشەڕی ناوخۆو چەندانی تر.**

هەمیشە یادو بیرەوەرییەکانی شاعیران‌وکەسایەتیە ناودار و گەورەکانی کورد دەبینرێ، وەك یادی پیرەمێردو شێخ سەعیدی پیران‌و ٦ ی ئەیلولی ساڵی ۱۹۳۰ سلێمانی‌و سمکۆو شێخ محمودو قانیع و گۆران‌و هێمن‌و قەناتی کوردۆ.هەروەها بابەت لەسەر ژن‌و قەڵەمی ژن زۆر کەمە لەو بابەتانەی کە بۆکاتی خۆی گرنگ بووە، ئەو بابەتانەی لەسەر دیاری‌کردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس نووسراوە لەبەشێکیدا هاتووە (حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە‌و شان بە شانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران بۆ لە نێو بردنی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازی و رووناکبیری ئیمپریالیزم‌و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران‌و دامەزراندنی رژیمێکی دیموکراتی، لە پێناو وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکات.[٦٦]

هەر بەدوای ئەو بابەتە و لە ساڵەکانی دواتر دروشمی ناوەندی ئەو حیزبە بووە بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کوردستان.[٦٧]

**٤- گفتووگۆ:**

گفتوگۆ لەم رۆژنامەیەدا هەیە کە بنەمای گرنگی بابەتی رۆژنامە دادەنرێت، چونکە رووبەڕوو لەگەڵ ئەو کەسانە ئاخاوتن دەکات، زۆر لەخوێنەرانی سۆراغی دەکەن. دیمانەکانی بەزۆری لەگەڵ سکرتێری حیزبە. هەروەها ریپۆرتاژ هەیە بەلام زیاتر لە ژمارەکانی کۆتایی وەك ئەو ریپۆرتاژەی لە یۆبیلی زێرینی حیزبدا بلاویکردۆتەوە.[٦٨]

**٥- وێنەو کاریکاتۆر:**

لە ژمارە۳ەوە وێنە دەبینرێ، هەروەها یەکێ لە خەسلەتەکانی ئەو رۆژنامەیە، لە خەباتی چەکداری وێنەی سکرتێری حیزبی لە گەشت‌و چاوپێکەوتنەکانی بلاوکردۆتەوە[٦٩] لەهەموو ژمارەکانی ئەو ئەو رۆژنامەیە کاریکاتۆر نییە کە هونەرێکی گرنگە بۆ رۆژنامە.

**٦- ئەدەب‌و هونەر:**

ئەم رۆژنامەیە هەر لەسەرتاوە گرنگی بە لایەنی ئەدەبی داوە، بەدەگمەن ژمارەی هەیە شیعرێك یاخود زیاتری تیدا نەبێ، جگە لەچەندین بابەتی ئەدەبی و هونەری تر شیعری هەندێ لە شاعیرەکانی کوردستانی عێراقی بلاوکردۆتەوە، وەك عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت، جگە لە یادکردنەوەی شاعیرە گەورەکان‌و هەواڵی کۆچی دوایی کاکەی فەلاح‌و سالح دیلان‌و هەژار.

**٧- زمان:**

دیارە شێوەزاری موکریانی زاڵە بەسەر ئەو رۆژنامەیەش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ژمارەکانی تری کوردستان، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە لەهەموو ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە بەدرێژایی تەمەنی خۆی هیچ بابەتێك بەشێوەزارەکانی هەورامی‌و کرمانجی‌و لوری نەنووسراوەو بلاونەکراوەتەوە.

**٨- مانشێت:**

لەم دەورەیە مانشێت زۆر بەکەمی دەبینرێ، دیارە ئەویش کاریگەری ژمارەکانی "کوردستان"ی پێش خۆی هەر لەسەر مابووە و نەیتوانیوە گۆران و داهێنان بکات.

**٩- تیراژو بلاوکردنەوە:**

تیراژی ئەو رۆژنامەیەش بەپێی پێویستی خوێنەرەکانی بووە، ئەو ئەندام و پێشمەرگانەی کەبە ئاشکرا لە خەبات دا بوونە لەگەڵ ئەوانەی بە نهێنی بەدەستیان گەیشتبێ کە لەئەندمە نهێنیەکانی حیزب بوونە. هەروەها رۆژنامەکە لە دەرەوەش چاپکراوەتەوە، واتە بۆ ئەندام و لایەنگرانی حیزب[٧٠] رۆژنامەکە لە ژمارە٢ دا بانگەوازیکی بلاوکردۆتەوە، سەبارەت بە خۆی نووسیوویەتی: (خوێنەری بەڕیز بە ناردنی پێشنیارو نەزارەتی خۆتان بۆ بردنەسەری چۆنیەتی بلاوکردنەوەی کوردستان یارمەتیمان بدەن) رۆژنامەکە لە سەرەتای مانگەکانی خۆی بەرێك‌و پێکی دەرچووە، بەلام لەدوایی هەردوو مانگ جاریك یاخود زیاتر دەرچووە جێگیر بوون لە ژمارەکانیدا نییە، هەر ژمارەی لاپەرەکانی گۆرانی لە چەندایەتی بەسەر داهاتووە.

**١٠- نووسەرەکانی ئەو دەورەی"کوردستان":**

لەسەرەتادا ناوی نووسەریك نییە جگە لە ناوی ئەو شاعیرانەی کە شیعریان بلاوکردۆتەوە، ناوی سەرنووسەریش نییە، بەلام بەشێوەیەکی کتوپڕ بێ هیچ روونکرنەوەیەك لە ژمارە ٥٧ ی ژوئیەی ساڵی

١٩٩٣ وە ناوی نووسەر هەیە، لەسەر زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان بەشێوەیەك کەلەهیچ ڕۆژنامەیەکی جیهانی شتی وا دەگمەنە، لاپەڕەی یەکەم بەشی هەرە زۆری بۆ هەواڵی نووسەرە دیارەکانی ئەو دەورەیە (جەلیلی گادانی، کەماڵی رەحیمی، عوسمانی رەحیمی، حوسێنی مەدەنی، فتاحی کاویان، هاشمی کەریمی، بێبەش، کەمال، حسن ڕستگار) و چەندین ناوی تر دیارن بەرپرسی کۆمیسیۆنی راکەیاندن دەوری سەرنووسەری بینیوووە کە بەزۆری (فتاحی کاویان و هاشمی کەریمی) بووە.


ئەدەب و هونەر
بۆ پێشمەرگە
پیشانگای هاوبەشی وێنەگرتن و خۆشنووسیی هونەرمەندانی دیموکرات

١١- داخۆیان.گۆشە:

هەمیشە داخۆیان بۆ رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران و گۆڤارو چاپەمەنییەکانی دیکەی حیزب کراوە، ئەوە جگە لەو داخۆیانەی کەبەردەوام بۆ ڕۆژنامەکە کراوەو نووسراوە وەك (کوردستان بخوێنەوە و بیگەیەنە دەستی خەڵکی دیکە ئەمە ئەرکی شۆڕشگێرانەتانە) هەروەها گۆشەیەکی کردۆتەوە لەدوا لاپەرەدا، بەردەوام لەهەموو ژمارەکاندا هەیە بە ناوی (ڕۆژژمێری مێژوو)، هەر جارە بەچەند دێرێك یادی ئەو ڕووداو کارەساتە دیارانەی کردۆتەوە کە لەماوە دەرچوونی ڕۆژنامەکەدا ڕوویانداوە. دروشم لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بەبەردەوام هەبووە، ئەم دەورەیەش بێبەش نەبووە، بەتایبەت یەکەم لاپەڕەو دوا لاپەڕە (کۆتاییو یەکگرتنەوە) لەدوای هەشت ساڵ بەردەوامی خەباتی حزبی بەناوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران — ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ١٩٨٨ — ١٩٩٦ و ڕۆژنامەی"کوردستان"دەورەی سێیەم کەبەژمارە ٨١ ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام دەورەکەی ٨٠ ژمارەیە ژمارەیەکیان هاوبەشەکە، ژمارە ١٣٤ە بەم جۆرە کۆتایی بەکەرتبوون هات و لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ ماڵی گەورەی حیزبی دیموکرات یەکخرایەوەو بووە بە یەك حیزب، ئەو ئۆرگانەش بووە بەشێك لە ئۆرگانی حیزبو چووە ناو ڕۆژنامەی"کوردستان"، ژمارە ٨٠ کەدوا ژمارەیە بەهیچ شێوەیەك نەباسی لە یەکگرتنەوەی حیزب دەکاتو نەباسی لە کۆتایی هێنانی ئەرکی خۆی دەکا. هەروەها ڕۆژنامەی"کوردستان"ی دایك لە ژمارە ٢٤١ ی ژانویەی ١٩٩٧ کە یەکەم ژمارەی دوای یەکگرتنەوەیە، باسی لە کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەو دەورەیە و یەکگرتنەوەی لەگەڵ ئەودا کردووە.

## باسی سێیەم/ ڕۆژنامەی"کوردستان"لە چاپی دەستییەوە بۆ سەر داتای کۆمپیوتەر

## ژمارە ١٧٢— ٢٧١

سەرەتا حزبی دیموکرات لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی کوردستانی عێراق، ئەویش کەوتە قۆناغێکی دیکەی خەباتو کەم تا زۆر ئەو گۆڕانکاریانەی باشووری کوردستان کاریگەری هەبوو لەسەر زۆر لایەنی ڕێکخراوەییو سیاسیو پێشمەرگانەی ئەو حزبە بەباشیو بەخراپی.

### تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی لەو قۆناغەدا:

### ١- نەخشەسازی:

ژمارە ١٧٢ هەست دەکەی گوشارێکی بەسەر داهاتووە، لاپەڕەی یەکەم نەخشەسازی جوانی بۆ کراوە و چاپێکی باش و دابەشکردنێکی ستوونو گۆشەی هەواڵو بابەتەکان ڕێکن، لەدوا لاپەڕەی ناوی کوردستان و ئۆرگانو ژمارەو بەروار بەلاتینی نووسراوە هەمووی بە پێوانەی (**A4**) دەرچووە بۆ یەکەم جار ئارمی حیزب لە ژمارە ١٧٦ کراوە بە باکگراوندی لاپەرەی یەکەم بەڕەنگی زەرد. لە ژمارە ٢٠٠ بەبۆنەی دەرچوونی ئەو ژمارەیە ٢٠٠ ی ئینگلیزی

کراوە بە باکگراوندی، لەژمارە ٢٢٠ زەق کردنەوەو بەدەرخستنی ئەو ڕستەو کۆپلەو وتانەی کە لەبابەتێکی گرنگدان بۆ سەرنج ڕاکیشانی خوێنەر بە فۆنتێکی دیکە چاپ لەناو خودی لاپەڕەی بابەتەکە بەدەردەخرێت، بۆ یەکەم جار بەبەرچاو دەکەوێ، لەم ڕۆژنامەیە لەژمارە ٢٢٤ لە یادی یۆبیلی زێڕینی حیزبدا ئارمی حیزب بەڕەنگاو ڕەنگی کراوە بە باکگراوندی لاپەڕەی یەکەم، ئەمەش پاش ئەوەی چاپی ڕۆژنامەکە لە ستێنڵ و ڕۆنیۆوە گۆڕاوە بۆ چاپی کۆمپیوتەرو ئۆفیست کە بێگومان تەکنیکی تازەیەو دەتوانری جوانکاری تێدا بکرێ(٧١) لەدوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی حیزب لە ١٩٩٦/٧/٢٨ دا لەنزیك شاری کۆیە(٧٢) ڕۆژنامەی "کوردستان" بۆ یەکەم جار پاشکۆیەکی ٣٦ لاپەڕەیی، ڕەنگاو ڕەنگی بۆ ژمارەی ٢٣٦ دەرکردووە، باسی لەو ڕووداوەو پێشهاتو دەرەنجامەکانی دەکات و چەندین وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی تێدایە کەهی ئەو شوێنانەن کە تۆپ باران کراون، لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە ئاوارەوە بوون بەهەمان قەبارەو لاپەڕەش پاشکۆیەکی فارسی دەرکراوە، لەژمارەی ٢٥٧-٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٨، بۆ یەکەم جار لەدوای ساڵی ١٩٧٩ی نێوشاری مەهاباد ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە نووسراوە ،بەبۆنەی یادی سەدساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم ،یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی"کوردستان"٢٢/نیسانی/١٨٩٨ی ئینگلیزی بۆتە باکگراوندی لاپەڕەی یەکەم وبەیانی دەفتەری سیاسی بلاوکراوەتەوەبەم بۆنەیەوە، هەروەها دوالاپەڕەی ئارمی ڤیستیڤاڵی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردییە کەلە شارەکانی هەولێرو سلێمانی بەڕێوەدەچوو و سەرجەم بابەتەکانیش تایبەت بوون بەو بۆنەوە لەرووی چاپەوە لەژمارەکانی سەرەتاوە سپێسی نێوان پیتەکان زۆرە.

٢- هەواڵ:

لەو ژمارانەی"کوردستان"بە تایبەت ئەوانەی دوایی، هەواڵی هەمەڕەنگ زۆرە، بە تایبەت ئەو هەواڵە گرنگانەی پەیوەندیان بە کوردستانو ئێرانو ناوچەکەوە هەیە، بەزمانێکی سادەی باش داڕێژراون، هەواڵ و چالاکی پێشمەرگە کەم بۆتەوە، ئەویش پەیوەندی بەرەوشی سیاسی کوردستانی عێراقەوە هەبووە، هەروەها هەواڵی وەرزشی بۆ یەکەم جار بلاوکراوەتەوە لە ژماری ٢٦٠ ی ژوئیەی ١٩٩٨ لەسەر مۆندیالی تۆپی پێی جیهان و سەرکەوتنی فەرەنساو چەندین هەواڵی هەمەڕەنگی ئەدەبیو هونەریو ڕووناکبیریی و ئابووری ...هتد بەلام هێشتا گرنگی هەواڵ دیارنییە، چونکە زۆر هەواڵ هەیە دەبێ بایەخی پێ بدرێوبێتە لاپەڕەی یەکەم کەچی لەلاپەڕەکانی ناوەوە بلاوکراوەتەوە.

٣- ریپۆرتاژو دیدار:

دوو بنەمای ڕۆژنامەنووسین ریپۆرتاژو دیدار لەو ژمارانەی"کوردستان"بەزۆری دەبینرێ، لاپەڕەکانیان دەوڵەمەند کردووە، بە تایبەت ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ سکرتێری حزبو ئەندامە لەمێژینەکان وهەموو ئەو کەسایەتیانەی کە ڕۆژنامەکە پێیان راگەیشتووەو گفتوگۆی لەگەڵ کردوون(٧٣)

٤- بابەتەکان:

لەو ژمارانەی"کوردستان"بابەتەکان هەمە لایەنەو لەچاو بابەتەکانی ژمارەکانی پێشووتر زۆرتێرو تەسەلو باشنو هەموو دەم لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان لێکۆلینەوەو بابەتی باش نووسراوە وەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتو هەڵبژاردنی کوردستانی عێراقو شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) کە بەردەوام بابەتی لەسەرەو بە دیاردەیەکی خراپی دادەنی، هەروەها چوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئیتالیاو دوایی گرتنی هەروەها بابەتیك لەسەر شەری چیچانو رووسیا بۆ یەکەم جار وەك هۆکارێك بۆبەهێزی بابەتەکەو شارەزایی خوێنەر لە شوێنی ڕووداوەکە نەخشەیەکی ئەو دەڤەرەی بلاوکردۆتەوە(٧٤) بابەتی ژنو قەڵەمی ژن دەبینرێ ئەگەرچی کەمە.

٥- زمان:

ژمارەکانی ئەو قۆناغە زمان بەردەوام گەشەی کردووە بە کوردییەکی سادەو ڕەوان نووسراوە، ئەمەش زیاتر لەباری جێگیر بوونی شوێنی نیشتەجێ بوونی نووسەرەکانی و دەرچوونی ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەی کوردستانی گەرمێن(کوردستانی عێراق) کاریگەری خۆی هەیە بەسەریانەوە، هەروەها

هەڵەی چاپ زۆر کەمە ئەگەر لە باری چاپو خاڵبەندییەوە بەراوردی بکەین لەزۆربەی چاپەمەنییەکانی دیکەی هەرێم باشترە.

**٦- ئەدەبو هونەر:**

لەو بەشەی ڕۆژنامەکەدا ئەدەبو هونەر بایەخی پێ دراوە، تاکو ئەو شوێنەی کە پێویستی بە پاشکۆی سەربەخۆ هەبووە، بۆ ئەوەی دەنگی ئەو شاعیرو ئەدیبانەی ڕیزەکانی حیزب بە دونیای خۆیان بگەیەنێ.بۆیە لەژمارە-٢٤٠-دا پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەیی تایبەت بە ئەدەب و هونەر بڵاوکراوەتەوە، کە هەموو ئەو چالاکییە ئەدەبی و هونەریانەی بڵاوکردۆتەوە لەیادو بیرەوەرییەکان بەرێوەدەچن[٧٥] ژمارەکانی پاشکۆی ئەدەبو هونەر هی دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەکەن، کەچی لەناوەوەی ڕۆژنامەکەش جێگیر کراوە ئەمە زۆر جار سەر لەخوێنەر تێکدەدات بۆ زانینی ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە پاش دەرچوونی ٢٠ ژمارە ئینجا ژمارەی لاپەڕەکانی خۆی بەتەنیاو سەربەخۆیە زۆر لەشاعیرو نووسەرانی کوردستانی عێراق لەم پاشکۆیە بەرهەمیان دەبینرێ، وەك (لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد، سوارە قەڵادزەیی، هتد) ئەم پاشکۆیە سەکۆیەکە بۆ گفتوگۆ کردن و ڕادەربڕین لەسەر جووڵانەوەی هونەری بەگشتیو لەکوردستانی ئێران بە تابیەتی هەروەها قەڵەمی ژن دەبینرێ لەم پاشکۆیەدا.

**٧- وێنەو کاریکاتۆر:**

لەو ژمارانەی ڕۆژنامەکەدا وێنە یەکجار زۆرە بە تایبەت ژمارەکانی دوایی کەم بابەت هەیە وێنەی لەگەڵ دانەبێ، بەڵام وێنەکان لەباری سەرنجی ڕۆژنامەنووسیەوە لاوازنو کەم مانا بەخشن چونکە وێنە بۆ خۆی دەبێ زۆر مانادار بێ واتە لەجیاتی نوسین وڕوونکردنەوە یەکسەر خوێنەر لەمەبەستی وێنەکە بگات ، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی کەمی کادری شارەزا لەم بوارەدا بووبێ، هەروەها کاریکاتۆر لەو ژمارانەدا هەیە، بەڵام کەمە.

**٨- تیراژو بڵاوبوونەوە:**

"کوردستان"ئەگەرچی لەباری چاپەوە باش بووە لەو قۆناغەدا، بەڵام دەتوانین بڵێین بڵاوکردنەوەی دیاریکراوە، چونکە بۆ ئەو پێشمەرگەو لایەنگرانەی دانیشتووی کوردستانی باشوورن و هەندێ کەسایەتی و لایەنی سیاسیو ڕووناکبیری کوردستانی عێراق و ڕێکخستنە نهێنییەکان بڵاودەکرێتەوە، ئەوەش دەتوانرێ ڕیژەکەی نیمچە دیاریکراوبێ، دوایی بەهۆی پەیدابوونی تۆڕی ئینتەرنێت لەدوا ژمارەکانی ئەو قۆناغە، ئەویش بەشێکی لەسایتی حیزبی دیمۆکراتی بۆ خۆی وەرگرتووە، لێرەدا توانای بڵاوبوونەوەی زیاتر بووە وەك لەژمارە ٢٦٥ ی دیسامبەری ١٩٩٨ داهاتووە زانیاری پێویست لەسەر (ح.د.ك) لەم لاپەڕەی ئینتەرنیتەوە وەربگرین.

htt. www. pdk – .e-mail.pdkiran@clubin .iran. orq terne.ft.

لێرەوە دەتوانین بڵێین، تیراژ بەپێی پێویستی چەندایەتی خوێنەرەو دیاریکراو نی یە هەروەها ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە هەندێ جار چەند ژمارەیەك بەسەریەکەوە جێگیرە، بەڵام تاکو سەر نییەو لەگۆڕاندایە.

**٩- نووسەرەکانی ئەو قۆناغە:**

ئەگەرچی لە ژمارەکانی سەرەتادا ناوی نووسەری نییە، بەڵام دوایی لە ژمارە ٢٤١ ی ژانویەی ١٩٩٧ ناوی نووسەر لەسەر بابەتەکان دەبینرێ، ئەو ژمارەیە ڕاستەوخۆ یەکەم ژمارەی دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حیزبی دیموکرات لەوانەیە وەك پێشنیارێك ئەو مۆدیلە لەباڵی نووسەرانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە هاتبێ چونکە ئەوان دەمێك بووە لەڕۆژنامەکەی خۆیان ناوی نووسەریان دەنووسی، لەو ماوەیەدا بەڕێز حەسەنی شەرەفی دەوری سەرنووسەری بینیووە بەزۆری تاکو ئەمڕۆش هەر ئەو دەورە دەبینێ.

نووسەرە دیارەکانی ئەو قۆناغە ئەوانەی ناویان دیارە بەسەر بابەتەکانەوە (ع. وریا، م. امین، زانیار،م. معروف، سیپا، ئالان، حەیدەر، بێ بەش، کەمال، ج. بەهار) و چەندانی دیکە[٧٦].

## بەشی چوارەم

**ڕۆژنامەی"کوردستان"لەجێگیربوونەوە بۆ سەر تۆڕی ئێنتەرنێت.**

**باسی یەکەم: ڕۆژنامەی"کوردستان" لەیەك ژمارەوە بۆ سێ ژمارە لە مانگێکدا**

**ژمارە ٢٧٢ – ٣٧٠**

بەدوایی جێگیربوونی کاتی بارەگاکانی حیزبی دیمۆکرات لە کوردستانی گەرمێن (کوردستانی عێراق)و ڕاگرتنی چالاکی پێشمەرگانە، زۆری تواناکان



هەولێرنامەی کتێب

لە کاری راگەیاندن و تەبلیغاتی و دیبلۆماسی خۆی دەنوێنی بۆیە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی گرنگی زۆری پێداوە و رۆژنامەی "کوردستان" پەرەی سەندووەو زۆر لەهۆکارەکانی رۆژنامەنووسی تێدا داهێنراوە. ژمارە ٢٧٢ رۆژی دەرچوونی نووسراوەو بە رەنگاو رەنگی چاپکراوەو لەیادی سالرۆژی تیرۆرکردنی (دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملۆ) چەندین چاوپێکەوتنی سازداوە لەگەڵ کەسایەتی و نووسەرە ناسراوەکانی کوردستانی گەرمێن سەبارەت بە کەسایەتی ئەو سەرکردە گەورەی کورد.(٧٧) لەژمارە ٢٨٢ دا لە داخۆیانیەك لەژێر سەردێری (بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەرێزی کوردستان—دەستەی نووسەرانو کارگێرانی "کوردستان" بەسەرنجدان بە رەوتی رووداو ئالوگۆڕەکانی ئێرانو پێویستی ئاگاداربوونی خێراتری خوێنەرانی لە هەواڵەکانو بیروراو بۆچوونی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراو جۆرەکانیدا بریارمانداوە لەسەرەتای ساڵی تازەوە* هەر ١٥رۆژ جارێك "کوردستان" بلاوبکەینەوە، بۆیە لەمەودوا مانگی دوو "کوردستان" بلاودەبێتەوە لەو بارەوە بە پێویستمان زانی ئاگادارتان بکەین)(٧٨)

ئەمەش دیارە لەبەر هەڵو مەرجی تازەی گۆرانکارییەکانی جیهان وایکردووە ماوەی بلاوکردنەوەی رۆژنامەکە کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خوێنەری خۆی بەباشی دابین بکات. لە ژمارە ٣٠١ دا ریپۆرتاژێکی دوورو درێژی لەسالرۆژی دەرچوونی رۆژنامەکە خۆی لەگەڵ رۆژنامەنووسە دیارەکانی کوردستانی گەرمێن ئەنجام داوە، بۆ هەڵسانەوەی رۆژنامەکەو پێشنیار بۆ چاکتر کردنی لە هەموو بوارەکانی هونەری رۆژنامەنووسی تاکو لەگەل رەوتی رووداو پێشهاتەکانی ئەو قۆناغەی بگونجێو بەشداری کاریگەر بکات ، بەرەچاوکردنی خەباتی حیزبەکەی لەم قۆناغەدا، لەگەڵ ئەزموونی حوکمرانی هەرێمی کوردستان بگونجێ ئەمەش نیشانەیە بۆ کرانەوەی رۆژنامەکەو وەرگرتنی سەرنجو تێبینی خەڵکی دەرەوەی ریکخستنەکەی خۆی(٧٩) لەمانگی مارسی ٢٠٠١ وە رۆژنامەکە بەبێ هیچ ئاگادارییەك، مانگانە لەدوو ژمارەوە بووە بەسێ ژمارە، هەردە رۆژ جارێك ژمارەیەکی بلاوکردۆتەوە، پاشکۆی (ئەدەبو هونەر) لەژمارەی کۆتایی مانگدا دەرچووە. لە ژمارە ٣٠٦ دا تەواوی لاپەرەکانی بەرەنگی رەش چاپکراوە، هیچ رەنگێکی دیکە بەشداری نییە.(٨٠) لە داخۆیانیکدا"کوردستان"سایتی خۆی لەتۆری ئێنتەرنێت بەرچاوخستووە بۆ خوێنەرانی نووسیویەتی (سایتی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو چاپەمەنی دیکەی حیزب لەسەر ئێنتەرنێت.
www. .Media@yahoo.com
Kurdistan Media.com e-mail:
.(٨١)kurdistan

بەکردنەوەی ئەم سایتە"کوردستان"لاپەرەی سەربەخۆو جیاواز لە حیزبەکەی هەیە، لە ژمارە ٣٣٠ دا کوردستان کۆتایی بە قۆناغێك دەهێنی و دەچێتە قۆناغێکی دیکە، ئەویش بە گەورەکردنی پێوانەی رۆژنامەکە لە A 4 بۆ A 3 ئەمەش لەئەنجامی گۆرانی رەوشی دونیاو هەرێمی کوردستانو بەرەو پێشچوونی رۆژنامەنووسی کوردی وایکردووە، کە ئەم رۆژنامەیەش پێوانەی خۆی بگۆری لەگەڵ رەوتی بەرەو پێشکەوتنی میدیای نوێ بروات، چونکە بە گەورەترکردنی پێوانەی رۆژنامەکە توانای زیاتری بلاوکردنەوەی بابەتو جێبوونەوەی لایەنەکانی دیکە هونەری رۆژنامەنووسیە لەهەمان کات نەمانی مۆدێلی گەیاندنی رۆژنامە بە نەهێنی و دەستاو دەست، چونکە ئەمرۆ هیچ شتیك لە شاراوەیی دا نەماوە، چ جای رۆژنامە، کە هەمووی لەسەر تۆری ئینتەرنێت زۆربەئاسانی دەچێتە هەموو کونجو کەلەبەریکی ئەم جیهانە، بەبێ ئەوەی کەس بتوانێ سانسۆری لەسەر دابنێ هەر بەمەبەستی ئەو گۆرینە لە ژمارە٣٣٠دا ئاگادارییەکی بلاوکردۆتەوە، لەژێر سەردێری (بۆ ئاگاداری خوێنەران — خوێنەرانی بەرێزی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە لە ژمارەی داهاتوو ٣٣١ دا لە باری فۆرمەوە"کوردستان"گەورە دەکەینەوە و لەمەوداوا ئەم رۆژنامەیە لە قەتعی A3 دا بلاودەبێتەوە دیارە قەتعی ژمارە تایبەتی لەدەرەوەی وڵات دەستی لێ نادرێو هەروەك ئێستای دەمێنێتەوە(٨٢) هەرچەندە نووسیویەتی کوردستان گەورە دەکەینەوە، نازانرێ ئەو گەورە کردنە مەبەستی چ سەردەمێکەی ئەو رۆژنامەیە ، لەوانە مەبەستی ژمارەکانی دە ساڵی یەکەم بێ ١٩٧١ — ١٩٨٠ کە بەهەمووی ٧٠ ژمارەی لێ دەرچووە،زۆر بەشی پێوانەی A3بووە جارێکی دیکە رۆژنامەکە لە

مانگێکدا بۆتەوە دوو ژمارە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی پێشوەختی نووسیبێ.

**باسی دووەم: ڕۆژنامەی"کوردستان"پاشکۆی دونیای منداڵان و دوا ستوونی بەر لەماڵئاوایی**

ڕۆژنامەی"کوردستان"لەڕوانگەی هەست کردن بەوڕەوشەی ئەندامانی ئاشکرای حیزبەکەی لەو دیوی سنووری چالاکی خۆیان، پێویستی بەگۆڕانکاری زیاتر هەبووە، چونکە خوێنەرە ئاشکراکانی لەبارەگاو بنکەکانی حیزب و ئاوارەکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستیان بە زانیاری لەزۆر لایەنەکانی ژیان هەیەو دەبێ ڕۆژنامەی"کوردستان"ئەو لایەنە پڕبکاتەوە. هەروەها وەستانی خەباتی چەکداری و زیاتر لەباری فکریی و ڕۆشنبیری چالاکی دەنوێنێ. هەروەها ئەندامان لەبارەگاکانیان پێویستیان بەبابەتی خۆ خاوکردنەوەش هەیە، بۆیە ڕۆژنامەی"کوردستان"لەو ڕوانگەیەوە دەبینین ڕۆژنامەکەی لەزۆر ڕووەوە گۆڕیوە، ماوەیەکی باش بەڕەنگاوڕەنگی دەریکرد و زیاد کردنی چەند پاشکۆو بابەتو ڕەگەزی دیکەی هەواڵ و لێکۆڵینەوە و دەرکردنی پاشکۆی ئەدەبو هونەر، یەکێ لە هەوڵەکانی"کوردستان"ە، دوایی بۆ منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان لە ٢٠٠١/٦/١ کە دەکاتە ڕۆژی جیهانی منداڵان، پاشکۆیەکی بچکۆلەی ڕەنگاو ڕەنگی بەناوی (دونیای منداڵان)، هەموو مانگێ ژمارەیەکی دەکرێتە دیاری منداڵان بە ٤ لاپەرەی (A4) وە ناوەڕۆکی بەچیرۆك و هۆنراوەو وێنەی منداڵان ڕازاوەتەوە، بەم هەنگاوەی ڕۆژنامەی"کوردستان"سەروەرییەکی دیکەی لەمێژینەی سەردەمی کۆماری میللی کوردستانی دووبارە کردەوە، کە یەکەم گۆڤاری منداڵانیان دەرکرد.

هەنگاوێکی تری ڕۆژنامەکە لەباری شێوەوە لەژمارە ٣٣١ لە دوا لاپەرە ستوونێك کراوەتەوە بەناوی (بەرلە ماڵئاوایی)، لەیەکەم ژمارەی ئەو ستونەدا بابەتێکی کورت نووسراوە بەناوی ساباتێك بۆ هەمووان، باس لە گرنگی دوا لاپەرە دەکات، یەکەم گۆشەو ستوونی جێگیرە لەمێژووی ئەو ڕۆژنامەیە بکرێتەوە، ئەو ستوونە هەروەك خۆی ڕایگەیاندوە هەر جارەی نووسەرێك دەتوانێ بینووسێ و لەسەر بابەتەکەی خۆی هەڵیدەبژێرێ، بەلاّم لە ئەژمارکردنی تەمەنی ئەو ستوونە زۆرترین ژمارەی یەك نووسەر نووسیویەتی بە ناوی (ع.وریا)[٨٣].

**بنەماکانی دواستوون چین:**

ستوون گۆشەیەکی ناسراوە لە ڕۆژنامە، بەزۆریش دەکەوێتە دوا لاپەرەو هەر جارەی نووسەرێك دەینوسێ دەتوانرێت، بەردەوام یەك نووسەر بینووسێ مەرجیش نییە لەباری شێوەوە جێگیر بێ، بەلاّم نابێ لەستوونی لاپەرەکە دەربچێ، ناوەڕۆکی باس لە ڕووداوێك یان بەسەرهاتێك یان پێشنیارێك دەکات، کە دیدگای نووسەری تێدا دەخرێتە ڕوو بۆ ئەسڵی بابەتەکە، دەتوانرێ وا بنووسرێ کە فونتازی تێدابێ یاخود وشەی ناوچەیی و میللی تێکەڵ بکرێ، دوا ستوونی (بەر لەماڵئاوایی) زۆر جار خەسڵەتی دوا ستوونی لەدەست داوە، ئەویش دەبینین وێنەیەك یاخود زیاتری هێناوە لەناو ستوونەکەدا دایەزاندوە، ئەمەش لەگەڵ ستوون ناگونجێ، چونکە ستوون، نابێ وێنەی لەگەڵ دابەزێ، ئەگەر هەشبێ دەبێ، وێنەیەکی بچووکی نووسەر بێ.[٨٤] هەروەها ئەو ستوونە زۆر جار پاشماوەی هەیە دەچێتە لاپەرەکانی دیکە.

ستوون نابێ زۆر دێژداربێ واتە ستونەکە نووسین زیاتر نەبێ[٨٥]، ستوون چەندی جێگیر بێ لەباری شێوە ئەوە باشترە، وەك لە گۆڕانی زوو زوو ئێستا لەزۆربەی ڕۆژنامە و ئاژانسە بەناوبانگەکانی جیهان، گۆشەو ستوون یاخود هەندێ هەواڵ وشە دیاری دەکرێ کە نابێ لەوەندە وشەیە زیاتر بێ، وەدەبێ هەموو بنەماکانیش بخەینە ڕوو، سەردەمی ئەمڕۆش ڕۆژگاری کورتو پوختو ئەنجامدەرە لەهەر هەواڵ و ڕیپۆرتاژو گۆشەو بابەتێکی ڕۆژنامەوانی بیگری، هەروەها (بەر لەماڵئاوایی) زۆرترین ژمارەی لەسەر بیرەوەری نووسیوە وەك لەسەر بابەتێکی گەرمو گوڕی هەنووکەیی، کەدیدگای نووسەری بۆ خرابێتە ڕوو، لەلایەنی باشە و خراپەوە ڕێگای گونجاو کامەیان بۆی.

هەرلەدوا لاپەرەدا گۆشەیەکی بچکۆلە کراوەتەوە بەناوی (مرواری دەریای ووشە) کەهەر جارەی ووتەی گەورەپیاوو فەیلەسوفێکی جیهان بلاّودەکاتەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەران بۆ قسەی نەستەق وتەی

بەنرخ ڕابکێشی[٨٦]، دوا لاپەڕەی کوردستان پێویستی بە گرنگی پێدانی زیاتر هەیە، لەڕووی چڕکردنەوەو کورتی بابەتەکانی، هەروەها زیاتر هەمەڕەنگ بێ، چونکە ڕۆژنامەیەکی وا ١٥ ڕۆژ جارێك دەردەچێ، دەتوانرێ کورتە هەواڵی سەیرو سەمەرەی باشو نوێی بۆ پەیدا بکرێو لاپەڕەکەی پێ برازێنێتەوە.

**باسی سێیەم: ڕۆژنامەی کوردستان جێگیربوونی کاتی:**

پاش ئەو گەشتە دوورو درێژەی بەنێو لاپەڕەکانی زیاتر لە ٣٧٠ ژمارەی ئەو دەورەی"کوردستان"دا کردمان، ڕۆژنامەکە دەیان گۆڕانی هەمەلایەنەی بەخۆوە بینیووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو باروزروفانەی کە کوردستانی نیشتمانو کوردستانی ڕۆژنامە پێدا ڕەت بوون ،"کوردستان"لەدوای ژمارە٣٣١ەوە جۆرە جێگیر بوونێکی بەخۆوە بینیووە، لەباری شوێنو شێوەو لاپەڕەو کاتو تیراژو ناسنامەوە، بۆیە هەڵسانەوەی ئەو قۆناغەی ڕۆژنامەکە لە تێڕوانینێکی تەکنیکانەی ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەموو دەورەکانی تریڕ با یەخترە، چونکە ئەوەی ئێستا لەژیاندایەو بەردەوامە پێویستی بەدەست گرتن و ڕێنمایی زیاتر هەیە..

***تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی ئەم دەورەیە:**

**١- نەخشەسازی:**

ئەگەرچی ڕۆژنامەی"کوردستان"لەباری شێوەوە، گەورە بووە، دەبێ نەخشەسازی جوانتری تێدا بکرێ، بەڵام لەژمارەکانی سەرەتاوە هەست دەکەی لەڕووی تۆپۆگرافیاوە کۆنترۆڵ نەکراوە، ڕۆژنامەکە لەشێوەدا ئەو گۆڕانکاریانەی لە تایتڵ کردووە، تاکو ئێستا"کوردستان"بەڕەنگی سوورو فۆنتێکی گەورە لەلای ڕاست نووسراوە: دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان. لەسەرەوەی نووسراوە: ئۆرگان، لەژێرەوەی نێوان دوو ڕاستە هێڵی ئاسۆیی. ڕۆژی دەرچوون بە هەتاوی و زایینیو ژمارەو نرخ نووسراوە لە ژمارە ٣٥٢ دا ئۆرگانیش هاتۆتە ناو هێدەری بەرواروژمارە[٨٧]

لەژمارە ٣٥٢ کوردستان بەڕەنگاو ڕەنگی دەرچووە[٨٨]، تاکو ژمارە ٣٥٣ ڕەنگاو ڕەنگ نەماوە، تەنیا سێ ڕەنگ تێیدا بەکارهاتووە، ڕەنگی سووریش بۆ تایتڵ ڕەنگی ڕەشیش بۆ سەرتاپای لاپەڕەکانی تر[٨٩]، هەروەك زۆربەی ڕۆژنامەکانی دیکەی دونیا گۆشەی دەستە چەپ لەسەرەوە نیە بە پیرۆزباییەك یاخود هەواڵێکی گرنگ دابەزیوە، لەباری دابەشکردنی ستوونی هەواڵەکان زۆر ڕێك نییەو هەماهەنگی لەنێواندا کەمە، زیاتر شێوە ستوونی ڕاست لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەزێنراوە بێگومان ئەمەش لەسەرنجی خوێنەر هیچ شتێك پێش ئەویدیکە ناخات و گۆڕانی بەسەردا نایەت لەناوەڕۆکدا، لاپەڕەکان دابەش کردنی یەك بابەتیو دوو بابەتیو سێ بابەتی تێدایە، ئەمەش باشە هەناسەیەك بەخوێنەر دەدات، لاپەڕەکانی لەسەر شەش ستوون دابەش کردووە، زۆر جاریش هاوسەنگی و یەك ئاستی لەنێوان ستوونەکاندا نییە.

**٢- تیراژو بڵاوکردنەوە:**

ئەگەرچی هۆکارەکانی گەیاندن **Comanecation** هێندە کاریگەرن کاری مرۆڤیان زۆر ئاسانو خێرا کردووە، ئەو ڕۆژنامەی کەدەچێتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت تیراژی جێگیر نییە دەتوانین بڵێین تاکە یەك دانەتیراژیەتیو بە ملیۆنەها دانەش تیراژیەتی، چونکە ئێمە یەکدانەمان خستۆتە سەر تۆڕەکە لێرەدا تیراژ یەك دانەیە، بەڵام لەوانەیە پێنج ملیۆن کەس بیخوێنێتەوە، کەواتە تیراژمان پێنج ملیۆن دانەیە ڕۆژنامەی کوردستان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتە، بەڵام لەباری چاپی کاغەزییەوە زیاتر لە ٢٠٠٠ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێ ئێستا. [٩٠]

هۆکارەکانی دابەشکردنی جگە لەتۆڕی ئینتەرنێت کەلەزۆر شوێنی کوردستانی ئێرانو ئەوروپا ڕادەکێشرێتەوە لەسەر کاغەز بەنهێنی هەندێ ژمارەی لێدەگاتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەکانی دیکەی بۆ ئەندامو لایەنگرانی حیزب کە لە کوردستانی عێراق لە خەباتی ئاشکرادان لە خودی کتێبخانەیەکی هەرێمیش دەبینرێ، بۆ خوێنەرانی کورد، لەم بەشەی کوردستانو بۆ دامو دەزگاکانی حیزبیو حکومی هەرێمیش دەنێردرێ، تاکو لەسیاسەت و تێڕوانینی حیزبی دیمۆکرات ئاگاداربن. لاپەڕەکانی تاکو ڕادەیەك زۆر جێگیرەو لە ١٢ لاپەڕە پێکهاتووە ٤ لاپەڕەی ئەدەبو هونەرە مانگانەش پاشکۆی (دونیای منداڵان) دەردەکات، لەگەڵ ئاڵوگۆری ئابووری نرخی ڕۆژنامەکەش گۆڕاوەو لە ماوەی تەمەنی ئەو سەد ژمارەیە دووجار نرخ گۆڕاوە لە ژمارە ٢٨١ لە ١٠

تمەنەوە بووە بە ١٠٠ تمەن لەژمارە ٣٣١ بووە بە ١٥٠ تمەن.

**٣- هەواڵ:**

ئەگەرچی ڕۆژنامەکە لە باری شێوەوە پانتایەکی زیاتری هەیەو ماوەکەش باشە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی پڕ بایەخ، بەڵام هێشتا کەموکوڕی دەبینرێ، گرنگی هەواڵ لە نزیکی ڕوودان هەواڵو کاریگەری لەسەر سنووری شوێنی دەرکردنی ڕۆژنامەکەو پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی خوێنەری ڕۆژنامەکەوە هەیە ڕۆژنامەی"کوردستان"زۆری هەواڵەکانی ئێستاش لە لاپەرەکانی ناوەوەیەو لەوانەیە بڵێن هەواڵە ناوخۆیەکانە، بۆیە لە ناوەوە دانراوە.

ڕۆژگاری ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکی لۆکاڵی نەماوە، مادام ئەو ڕۆژنامەیە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتە کەواتە هەواڵەکە جیهانیەو هیچ جیاوازییەك لەنێوان هەواڵی ڕوودانی ڕووداوێك لە کوێرە دێیەکی ناوچەی سەردەشتو شاری نیویۆرکی ئەمریکادا نییە، ئەوەی گرنگە کامەیان زیاتر سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێو کاریگەری لەسەر دەروونو بەرژەوەندیان دروست دەکات، ڕۆژنامەی"کوردستان"هەوڵیداوە پەیامنێر بۆ خۆی دروست بکات، ئەگەر جاران لە ڕێگای کۆمیتەکانی حیزب هەواڵو زانیاری پێ دەگەیشت، ئێستا دەیەوێ خەڵکێك ئەرکی گەیاندنی هەواڵی بۆ بەئەستۆ بگرن لە ژمارە ٣٣٥ دا هاتووە (بانگەوازێك لە کوردستانەوە) (خوێنەرانی بەڕێز لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەن دەتوانن ببن بە هەواڵ نووسو هەواڵنێری کوردستان هەر هەواڵو زانیاری و ڕاپۆرتێکی لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕووناکبیریی و هتد.... کوردستانو ئێران پێیان دەگا ڕاپۆرتی جموجۆڵو تێکۆشانی کۆڕو کۆمەڵە کوردیەکان و پەنابەرانی کوردی ئێران لەدەرەوەی کوردستان بە فاکس وئیمەیل و شێوەکانی دیکەی پێوەندی گرتن بە ئاگاداری کوردستان بگەێنن بە هاوکاری دڵسۆزانەی خۆتان کوردستان برازێننەوەو دەوڵەمەندی بکەن[٩١] بەم داخۆیانە کوردستان گرنگی سەرچاوەی هەواڵی زانیووە بۆیە داوا لە خوێنەرانی خۆی دەکات.

هاوکاری بکەن لەڕووی گەیاندنی هەواڵ ، ڕۆژنامەی کوردستان لەبەر ئەوەی ئۆرگانە، واتە گروپێك سەرپەرشتی دەکات، دەبێ هەمیشە لەهەڵبژاردنی هەواڵو پەیام ڕەچاوی ئەوە بکات چۆن بە زنجیرە ڕێکی دەخات و ئاراستەی دەکات شتێك دەنێرێ بەشێوازێکی دیاریکراو بۆ گروپێك یان زیاتر مەبەست لێی خستنەوەی کاریگەرییە لەسەریان.

**٤- بابەتەکان:**

ڕۆژنامەی"کوردستان"لەو ماوەیەدا گرنگی زۆری بە بابەتەکانی سیاسیو ڕووناکبیری کۆمەڵایەتیو مێژووییو وەرزشیو فەلسەفیو ژنانو... هتد داوە، هەروەها لە شیکردنەوەی ڕووداوە گەورەو کاریگەرەکانی جیهانو ناوچەکە، خۆی بۆ کردوە وەك ڕووداوی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و شەری دژە تیرۆر و کۆتایی هاتن بەرژێمی تاڵیبانو ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستانو شەڕی ئازادی عێراقو دەوری کورد تێیدا، چەند بابەتێك لەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان نووسراوە، لەژێر کاردانەوەی گۆرانکاریەکانی عێراقو هاتنی هاوپەیمانان بابەتی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێبازی زانستی کە توێژینەوەی خۆی بکات لەسەر لایەنی ئابووریو ستراتیژیو جوگرافیو فکریو نەتەوەیی لە ڕۆژنامەی"کوردستان"کەم دیارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خەڵکی پسپۆر لەو بوارەدا لەناو ئۆرگانی حیزبو نووسەری دەرەوەش بەهۆی ئۆرگانی بوونی ڕۆژنامەکە، دەستی واڵا نییە بابەتی لەم جۆرەی بۆ بنێرێ، ڕۆژنامەکە پۆستی کردۆتەوە بۆ خوێنەرانی بۆ ناردنی بابەت وسەرنج و تێبینیەکان.

لەم ژمارانەی"کوردستان"ڕێپۆرتاژو چاوپێکەوتن زۆرە لاپەرەکانی دەوڵەمەند کردووە، ڕێپۆرتاژ لەسەر زۆر بابەتی گرنگ کراوە وەك فێستیڤاڵە هونەریو ئەدەبیەکانی حیزب و یادو بیرەوەرییە نەتەوەییو حیزبییەکان [٩٢]. هەروەها زۆربەی ژمارەکان راپۆرتە هەواڵی چالاکی حیزبی و ڕۆشنبیری دەرەوەی وڵاتی تێدایە ڕۆژنامەی کوردستان ڕێپۆرتاژی وێنەی بڵاوکردۆتەوە [٩٣]، بەڵام لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەیی لەم ڕۆژنامەیە زۆر کەمە بە کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٢، پانۆرامایەکی هەواڵو ڕووداوە گرنگەکانی کوردستانو ئێرانو جیهانی بڵاوکردۆتەوە[٩٤]. گفتوگۆ زۆرە لەو ڕۆژنامەیە بەتایبەت، لەگەڵ سکرتێری حزبو ئەندامانی دەفتەری سیاسی، بەڵام یەکێ لەکەمو

کوڕپیەکانی چاوپێکەوتن ئەوەیە کە زۆر ناونیشانو پیشەی ئەو کەسە دووبارە بە تایبەت سکرتێری حزب بۆ رۆژنامەیەك کە ئۆرگانی حیزبی بێو چاوپێکەوتن لەگەڵ سکرتێری حزبەکەی خۆی بکات، پێویست بەوە ناکات، ئەوەندە ناونیشان و پیشەی سکرتێر دووبارە ببێتەوە.

**٦- مانشێت:**

لەم ژمارانەی"کوردستان"مانشێت دەبینرێ، بەڵام زۆر جار دوورو درێژن و خوێنەر ماندوو دەکەن و زوو شتێك نادەن بەدەستەوە چونکە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی دونیا ناونیشانی درێژ باوی نەماوە ئاژانس و رۆژنامە گەورەکانی دونیا مانشێتو سەردێڕ بەو بەشە دیاری دەکەن زۆریان هەیە بەزەحمەت رێگا دەدات مانشێت یاخود سەردێڕ لەحەوت وشە زیاتر بێ و دەبێ لەو حەوت ووشەیە گرنگی هەواڵەکە یاخود

ڕاپۆرتەکە یان پەیامەکە بەدەربخرێ و سەرنجی خوێنەری پێ ڕابکێشرێ، رۆژنامەی "کوردستان" لەکۆنەوە تاکو ئەمڕۆش بایەخی بە مانشێت نەداوە.

**٧- داخۆیان و ڕیکلام:**

ڕۆژنامەکە لەبەر ئەوەی ئۆرگانە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریدا زیاتر ئەو بانگەوازو ئاگاداریانە بڵاودەکاتەوە کە لە بەرژەوەندی خۆیدا یان سەر بە حیزبەکەیەتی بەردەوام لە رادیۆی دەنگی ئێرانو سایتی رۆژنامەکەو حیزب لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و هەروەها بۆ ئەو کتێبو بڵاوکراوانەی کە لە کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزب یاخود ئۆرگانەکانی یەکێتی لاوانو یەکێتی ژنانو.. هتد ، دەردەچێ لە ژمارە ٣١٠ بۆ یەکەم جار چەند کتێب و گۆڤارێکی خستۆتە ڕوو کەهیچیان پەیوەندیان بە حیزبەوە نییە، بەڵکو لە هەرێمی کوردستان چاپ کراون، ڕیکلام بەهیچ شێوەیەك نییە ئەمەش ئاشکرایە ئەو رۆژنامەیە لەپەیوەندی کردن لەگەڵ خوێنەری خۆی بەئاشکرا دوورە ناتوانرێ، ڕیکلام بۆ هیچ شتێك بکات.

**٨- ئەدەبو هونەر:**

ئەو پاشکۆیە لە چالاکی بەردەوامەوە بۆتە سەکۆیەکیش بۆ دەربڕینی ئەدەبیاتی نەتەوەیی و بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها سەکۆیەکیشە بۆ پێگەیاندنی قەڵەمی نوێ و دەنگی تازەی ئەو لاوانەی کە ڕۆحی ئەدەبیو هونەریان هەیە لە ڕیزەکانی حیزبدا، خەبات دەکەن.




**٩- زمانو چاپ:**

زمانی ڕۆژنامەی"کوردستان"لەچاو ژمارەکانی پێشووی خۆی دەوڵەمەند بووە، بەبەراورد لەگەڵ رۆژنامەکانی دیکەی هەرێم لە زۆربەیان کوردییەکەی رەوانترەو بە زمانێکی سادەی گشتی شێوە موکریانی زاڵ بەسەریدا دەنووسرێ، هیچ بابەتێك نابینرێ بەشێوە زارەکانی دیکە نووسرابێ، لەڕووی چاپەوە جوان و ڕێکە رەچاوی خاڵبەندێکی تەواو کراوەو هەڵەی چاپ زۆر کەمە.

**١٠- وێنەو کاریکاتۆر:**

خستنەڕوو و نیشاندانی وێنەو نەخشەو کاریکاتۆری جوانو مانادار بۆ ڕۆژنامە، یاریدەدەرێکی زۆر گرنگە بۆ خستنەڕووی زیاتری راستی ڕووداوێك یاخود پەیامێك، دەبێ وێنەی نەخشەکان تازەبن و گوزارشت لە ناوەڕۆکی کێشەکە بکات، هەروەها دەبێ بزانێ چ شتێك بە وێنە دەخەینەڕوو بۆ ئەو دیمەنانەی کە سروشتین یان ئەو ڕووداوانەی زیندوون، وێنەکان هێندە جوانو ڕوون بن کەخۆیان پەیامەکە بەخوێنەر بگەیەنن، نەك بەنووسین بۆیان شیبکرێتەوە، لە بڵاوکردنەوەی وێنە لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەکەو گۆڤارەکاندا دەبێ هونەرێکی زۆری تێدا بەکاربهێنرێ، بۆئەوەی سەرنجڕاکێش بێت، گۆشە نیگای گرتنی وێنەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێ، چۆنیەتی بەکارهێنانی زوومی کامێراو بڕینی وێنەکە هەماهەنگ بێ لەگەڵ تێکست و ستوونەکانی نووسین تا چەند دەگونجێ شوێنی دانانی وێنەکە نووسینەکە چۆن دەبنە هاوسێی یەکترو تەواوکەری یەکدی لەڕەنگو قەبارەو شوێن... هتد، زۆر جار یەك وێنە بۆ خۆی پەیامی نووسینێکی چەند ستوونی دەدات.

ڕۆژنامەی"کوردستان"لەم ژمارانەیدا وێنەی یەکجار زۆری بڵاوکردۆتەوە، بەشێوەیەك ژمارەی وا هەیە تەنیا یەکەم ١٠ وێنەی داناوە، ئەمەش بۆ خۆی قەرەباڵغێکی دروست کردووە، بێ ئەوەی هاوسەنگی لەنێوانیاندا هەبێو پێویست بە هەموویان بکات (٩٥)

هەروەها ئەو وێنانەی کە بەکامێرای ڕۆژنامەکە خۆی گیراون بنەماکانی هونەری وێنەی ڕۆژنامەنووسی تێدا زۆر لاوازە، لاپەڕەکانی ناوەوە هەمیشە وێنەی زۆری تێدایە کە زۆر جار یەکگرتنەوەیان لەگەڵ بابەتەکان لاوازە، هەروەها تێکەڵ بوونی ڕەنگی وێنەکان وردی (دقە) ی وێنەکەی لە باری سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بێهێزکردووە. یاخود بۆ یەك ڕیپۆرتاژ لەیەك لاپەرەدا٧ وێنە لە دەوری یەك ستوون دابنرێ، ئەمە زیاتر دەبێتە ڕیپۆرتاژی وێنەیی، بەڵام هەمووی لەدەورەی یەکدا و گەیاندنی پەیامەکە لاواز دەکەن. لەم حاڵەتانەدا لە جیاتی چەند وێنەیەك، پێویستە یەك وێنەی گەورەی هەمە لایەن دابنرێ کە زۆرترین ڕاستی ڕووداوەکەی تێدا خرابێتە ڕوو[٩٦]

دووبارە کردنەوەی وێنەی یەك کەس بۆ یەك بابەت، خوێنەر هەست بە گۆڕانکاری ناکات، کاتێ دەچێتە لاپەرەکەی دیکە، چونکە هەمان وێنەی لە لاپەرەکەی دیکە بینیووە، زۆر جار وێنەی سکرتێری حیزب کە دیداری لەگەڵ کراوە بابەتەکە، چەند لاپەرەی گرتبێ ئەوەندە وێنەی بۆ دانراوە، گۆڕانێکی واش لە وێنەکانیدا نەکراوە، یاخود پەیامی هەبێ ئەوەندە وێنە دانراوە[٩٧]

کاریکاتۆر کە دونیایەکی تایبەتە لە ڕۆژنامەنووسی زۆر بە خێرایی سادەیی پەیام دەگەیەنێ بەشێوە فەنتازیەکەی. خۆی ڕۆژنامەی کوردستان لەم دەورەیەدا کاریکاتۆری تێدایە، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆرنا، زیاتریش کاریکاتۆرەکان وەرگیراون، وەك لەوەی هی ڕۆژنامەکە خۆی بێت.

**١١– دروشم:**

ڕۆژنامەی"کوردستان"بەدرێژایی تەمەنی خۆی، بەردەوام لاپەرەکانی پڕ لەدروشم بووە، کە گوزراشت لە بیرو باوەری حیزبی دیموکۆات کردووە، لەم قۆناغەدا زۆر جار هەموو لاپەڕەکان دروشمێکی لێ نووسراوە دروشمەکان بەپێی باروزروفی سەردەمی خەباتی حیزبەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

**١٢– ناونیشان:**

هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارێ ناونیشانی دەرچوونی خۆی دەنووسێ، ئەگەر لەباری ئازادیو ڕەسمیو بێ سانسۆر دەربچێ، بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان بەدەگمەن ئەو بوارەی بۆ ڕەخساوە، ناونیشانی خۆی بنووسێ بۆ خوێنەرانی ئەمەش هەلومەرجی حیزبەکەی وایکردووە، هیچ ڕۆژنامەیەکیش بەقەد ئەو شوێن گۆڕکێی نەکردووە، ئەگەرچی ئێستا لە بارێکی هێمنی جێگیری کاتی دەردەچێ، بەڵام ناونیشانی شوێنی جوگرافی خۆی نانووسێ تەنیا ناونیشانە ئەلکترۆنییەکەی نەبێ.

**١٣– نووسەرەکانی ئەم دەورەیە:**

ڕۆژنامەکەی"کوردستان"ئەگەر لەسەرەتای دامەزراندنەوەی لەساڵی ١٩٧١ژمارەی نووسەرەکانی لەپەنجەکانی دەست تێپەریان نەدەکرد، بەڵام لەم کاروانە دوورو درێژەیدا بەدەیان قەڵەمی تازەو بەبڕشتی پێگەیاندووە، سەرنووسەری ئەو دەورەیە تاکو ئێستا بەڕێز حەسەنی شەرەفییە[٩٦] لە نووسەرە دیارەکانی ئەو ماوەی ڕۆژنامەی"کوردستان"ئەوانەی ناویان لەسەر لاپەرەکانی ئەو ژمارانەی لای ئێمە بەزۆری دەبینرێ (ع. وریا، زانیار، م. معروفی، سیبا، ئالان، حەیدەر،ع. بداغی، عولای بهرامی، عومەر بالەکی، ع.ڕەنمون، مەحمود شێرزاد، هەژێر، ع.هەورامی، فەتاح کاویان، ڕەوەز، هانا، فەرەیدون ئەرشەدی، علی مهرپور، ئاسۆ حەسەن زادە، خالید.م.فەرهاد، کرمانج حەقی، شێرکۆ پالانی، خالید محەمەد زادە، هەروەها لەقەڵەمە دیارەکانی ژن خەجیج مەعزوور)

هەروەها نووسەرو شاعیرانی هەرێمی کوردستان زۆر جار بەشداریان کردووە، بە تایبەت لە پاشکۆی (ئەدەبو هونەر)، جگە لەو نووسەرانەی ناومان هێنا چەندان نووسەریش هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر بەرچاومان کەوت لەم ژمارانە ئەوانە زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەیە، زۆر جار نووسەری وا هەیە زیاتر لە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە.[٩٨]

## دەرەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە چەند ڕاستییەك.

١– ڕۆژنامەی"کوردستان"لەدەورەی یەکەمی سەردەمی کۆماردا لەزۆر بواری ڕۆژنامەنووسی کوردی داهێنانی کردووە ، وەك نزیك بوونەوە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کە هەموو دوو ڕۆژ جارێك دەرچووە.

٢- ڕۆژنامەی"کوردستان"داهێنانی لە بواری زمانی کوردیدا کردووە لە چۆنیەتی بوون بە زمانی گشتی خەڵك و زمانی دەسەڵاتو داهێنانی دەستەواژە خۆماڵییەکانی حوکمی کوردی.

٣- ڕۆژنامەی"کوردستان"هیچ کاتێك لە کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی دانەبڕاوە، گەر بە تەمەن درێژی حیسابی بکەین بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردییە.

٤- ڕۆژنامەی"کوردستان"هەمیشە دەنگی حەقخوازی زۆربەی گەلی کورد بووە لە کوردستانی ئێرانو بە حوکمی ئەوەی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووە.

٥- ڕاستییەك لەمێژووی ئەو ڕۆژنامەیە دەبینرێ، ئەویش خۆلانەدانە لە مافەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لاپەڕەکانی شاهێدی ئەوە دەدەن لەهەموو کۆستو ناخۆشییەك و خۆشییەکی پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەڵوێیستی ڕاستو دروستی وەرگرتووە، بەبێ ترس پەنجەی لەسەر ڕاستییەکان داناوە.

٦- ڕۆژنامەی"کوردستان"هەر کاتێ هەڵی بۆ ڕەخسابێ لە لایەنەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسی دانەبڕاوە، لەگەڵ جێگیر بوونو بەردەوامی ئەمڕۆ، زۆربەی بنەما گرنگەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی خستۆتە ناوەخنی خۆی.

٧- ئەگەرچی ڕۆژنامەی"کوردستان"ئۆرگانی حیزبێکەو وابەستەی سیاسەتی ئەو حیزبەیە، بەڵام توانیوویەتی لەگەڵ زۆر لە لایەنەکانی هەلومەرجی ڕۆژنامەنووسی سەردەم هەڵبکات و بە دوانەکەوێ، لەگەڵ ڕۆژنامە بەناوبانگە کوردییەکانی دیکە چۆتە سەر تۆری ئێنتەرنێت.

## پێشنیارو ڕاسپاردە

١- هەقە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی"کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان، دووبارە چاپ بکرێتەوە بۆ ئەوەی نووسەرو توێژەرانی ئەمڕۆی کورد بتوانن شارەزایان لەسەر لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری هەبێ لەو سەردەمەدا.

٢- ڕۆژنامەی"کوردستان"ئەگەر چی ئۆرگانە، بەڵام هەقە لاپەڕەکانی لەم ڕۆژگارە زیاتر بکاتەوە بۆ نووسەرانی کورد لە دەرەوەی حیزبەکەی خۆی، تاکو لێکۆڵینەوەی سیاسیو ئابووری و ستراتیژی بەشێوەیەکی باشتر بڵاوبکرێتەوە.

٣- هەقە گرنگی زیاتر بە نەخشەسازی پوخت کردنو چڕکردنەوەی هەواڵ لە لاپەڕەی یەکەم بدرێ لەگەڵ مانشێت تاکو ڕۆژنامەکە پەیامی خۆی زۆر بەباشتر بگەیەنێ بۆ خوێنەرانی وەك لە ئێستا.

٤- پێویستە لەمەولا ڕۆژنامەکە کەمێ خۆی لەڕابردوو ڕزگار بکات، چونکە بەردەوام بە مێژووی ڕابردوو لەسەر ڕووی لاپەڕەکانی بەشی شێری بەرکەوتووە، هەقە بابەتەکان بەنەفەسی ئەمڕۆ و داهاتوو بنووسرێ.

*** ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لەپێداویستییەکانی تەواوکردنی دواقۆناغی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی ڕگەیاندندا پێشکەش بەبەشی ڕاگەیاندن کراوە.**

## سەرچاوەکان:


### أ/ نامەی زانستی:

١- د.یاسین خالید حسن (کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٩٣ - ١٩٧٩) سلێمانی ٢٠٠٣.

٢- د.هیمدادی حوسێن (ڕۆژنامەی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧ سلێمانی ٢٠٠٢.

### ب/ کتێب:

١- عەبدولجەبار محەمەد جەباری/ مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی/ سلێمانی ١٩٧٠.

٢- جەمال خەزنەدار/ ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی/ بەغدا ١٩٧٣.

٣- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد/ تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردی/ بەغدا ١٩٧٨.

٤- ڤلادیمێر ڤ. مینۆرسکی (کورد) وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کریم، هەولێر ١٩٨٤.

٥- نەوشیروان مستەفا ئەمین/ حکومەتی کوردستان - ڕێبەندانی ١٣٢٤ - سەرماوەرزی ١٣٢٥ کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا هەولێر ١٩٩٢.

٦- جەلیل گادانی ٥٠ ساڵ خەبات/ کورتە مێژوویەکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران/ بەرگی یەکەم، هەولێر ١٩٩٦.

٧- د.جەلیلی جەلیلی/ بوژانەوەی ڕۆشنبیریو نەتەوەیی کورد کۆتایی سەدەی نۆزدەم/ سەرەتای سەدەی بیستەم/ سلێمانی ٢٠٠٠.

٨- شوکر مستەفا/ بیرەوەری عەبدولرەزاق بەدرخان هەولێر ٢٠٠٠.
٩- هەژار/ چێشتی مجێور/ هەولێر ٢٠٠٠.
١٠- د.یاسین سەردەشتی (گەلی کوردو بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێران ١٩٠٥ – ١٩١١ ز/ سلێمانی) ٢٠٠١.
١١- نەوشیروان مستەفا ئەمین/ چەند لاپەرەیەك لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی/ سالآنی نێوان دوو جەنگی جیهانی ١٩١٨ – ١٩٣٨/ بەرگی دووەم سلێمانی ٢٠٠٢.
١٢- د.عبدالرحمن قاسملو و عبدالله حسن زادە/ کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران/ کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزب ٢٠٠٢.

**ج/ گۆڤار:**

١- نیشتمان/ ژمارە ١/ جولای ١٩٤٣ مەهاباد.
٢- ڕۆژنامەڤانی/ ژمارە ١١ –١٢ ی پایزی ٢٠٠٤ هەولێر.
٣- هاوار/ ژمارە ١٥ ی ژانویەی ٢٠٠٤. سوید.

**د/ ڕۆژنامە:**

١- کوردستان ژمارە ١ی ١١/ ١/ ١٩٤٦.
٢- کوردستان ژمارە ٢٥ی ١٧/٣/١٩٤٦.
٣- کوردستان ژمارە٢٧ی ٢٥/٣/١٩٤٦.
٤- کوردستان ژمارە١ ی ژانویەی ١٩٧١.
٥- کوردستان ژمارە ٢ ی مایسی ١٩٧١.
٦- کوردستان ژمارە ٣ ی ئاوریلی ١٩٧١.
٧- کوردستان ژمارە ٥ ی ژوئیەی ١٩٧١.
٨- کوردستان ژمارە ٦ی ژوئیەی ١٩٧١.
٩- کوردستان ژمارە ٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٧١.
١٠- کوردستان ژمارە ی ١٢ ژانویەی ١٩٧٢.
١١- کوردستان ژمارە ی ١٣ فێوریەی ١٩٧٢.
١٢- کوردستان ژمارە ٢٣ی فێوریەی ١٩٧٣.
١٣- کوردستان ژمارە ٢٦ ی مای ١٩٧٣.
١٤- کوردستان ژمارە ٣٠ ی دیسامبەری ١٩٧٣.
١٥- کوردستان ژمارە ٤٠ی ژانویەی ١٩٧٦.
١٦- کوردستان ژمارە ٧١ ی دیسامبەری ١٩٨٠.
١٧- کوردستان ژمارە ٧٢ ی ژانویەی ١٩٨١.
١٨- کوردستان ژمارە ٩٣ ی فێوریەی ١٩٨٤.
١٩- کوردستان ژمارە ١٠٠ ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤.
٢٠- کوردستان ژمارە ١١٠ ی ژانویەی ١٩٨٦.
٢١- کوردستان ژمارە ١١٧ی ئووتی ١٩٨٦.
٢٢- کوردستان ژمارە ١٣٠ی سێپتامبری ١٩٨٧.
٢٣- کوردستان ژمارە ١٧٦ ئووتی ١٩٩١.
٢٤- کوردستان ژمارە ٢١٧ ی ژانویەی ١٩٩٥.
٢٥- کوردستان ژمارە ٢٣٠ی فێوریەی ١٩٩٦.
٢٦- کوردستان ژمارە ٢٣٦ ی ئووتی ١٩٩٦.
٢٧- کوردستان ژمارە ٢٤٠ ی دیسامبری ١٩٩٦.
٢٨- کوردستان ژمارە ٢٦٥ی دیسامبری ١٩٩٨.
٢٩- کوردستان ژمارە ٢٧٢ی ١٣ی ژوئیەی ١٩٩١ .
٣٠- کوردستان ژمارە ٢٨٢ی ٣ی ئاوریلی ٢٠٠٠.
٣١- کوردستان ژمارە ٣٠١ ی ١٩ی ژانویەی ٢٠٠١.
٣٢- کوردستان ژمارە ٣٠٦ ی ٣ی مارسی ٢٠٠١.
٣٣- کوردستان ژمارە ٣٢١ ی ٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠١.
٣٤- کوردستان ژمارە ی٣٣٠ ٣ی دیسامبری ٢٠٠١.
٣٥- کوردستان ژمارە ٣٣١ ی ٣٠ی دیسامبری ٢٠٠١.
٣٦- کوردستان ژمارە ٣٣٢ ی٥ی ژانویەی ٢٠٠٢
٣٧- کوردستان ژمارە ٣٣٥ ی ١٩ی فێوریە ٢٠٠٢.
٣٨- کوردستان ژمارە ٣٣٨ ی٤ی ئاوریلی ٢٠٠٢.
٣٩- کوردستان ژمارە ٣٤٢ ی٥ی ژوئەنی ٢٠٠٢.
٤٠- کوردستان ژمارە ٣٤٦ ی٦ی ئووتی ٢٠٠٢.
٤١- کوردستان ژمارە ٣٤٧ ی٢٢ی ٢٠٠٢.
٤٢- کوردستان ژمارە ٣٤٩ ی ٢٢ی سپیتەمبرەی ٢٠٠٢.
٤٣- کوردستان ژمارە ٣٥٢ ی٦ی نۆڤمبەری ٢٠٠٢.
٤٤- کوردستان ژمارە ٣٥٣ ی٣١ی نۆڤمبەری ٢٠٠٢.
٤٥- کوردستان ژمارە ٣٥٥ ی٢١ی دیسامبری ٢٠٠٢.
٤٦- کوردستان ژمارە ٣٥٦ ی ژانویەی ٢٠٠٣.
٤٧- کوردستان ژمارە ٣٦٧ ی٢٠ی ژوئەنی ٢٠٠٣.
٤٨- کوردستان دەورەی سێیەم ژمارە ١ ی ئووتو سێپتامبری ١٩٨٨.
٤٩- کوردستان دەورەی سێیەم ژمارە ١٢ی ئووتی ١٩٨٩.
٥٠- کوردستان دەورەی سێیەم ژمارە١٨ ی فیوریەی ١٩٩٠.
٥١- کوردستان دەورەی سێیەم ژمارە٦٥ ی ژوئەنی ١٩٩٤.
٥٢- کوردستان دەورەی سێیەم ژمارە٧٠ ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥.

***ﻫ/ چاوپێکەوتن:***

بەڕێز مامۆستا عەبدوللای حەسەن زادە ١٦/٣/٢٠٠٤ کۆیە.
بەڕێز حەسەنی شەرەفی ٢٥/٢/٢٠٠٤ کۆیە.
بەڕێز جەلیلی گادانی ٢٨/٢/٢٠٠٤ کۆیە.
بەڕێز قادر وریا ٢٨/٢/٢٠٠٤ کۆیە.

***تێبینی:***

بۆ لێکۆڵینەوەکەمان کە لەسەر ٣٧٠ ژمارە ڕۆژنامەی"کوردستان"بوو، جگە لە ژمارەکانی سەردەمی کۆمار تەنیا ٦١ ژمارەمان دەست نەکەوت، هەروەها تەواوی ژمارەکانی بەشی کوردی دەورەی سێیەممان لەبەر دەست بوو کە هەمووی ٨١ ژمارە بوو لەڕووی لێکۆڵینەوە کە سوود لەهەموو ژمارەکان وەرگیراوە.

## پەراوێزەکان:

١. یاسین سەردەشتی (گەلی کورد و بزاڤی مەشرتە خوازی لەئێران (١٩٠٥ – ١٩١١) سلێمانی ٢٠٠١ ل ٣٥.
٢. جەلیلی جەلیلی: بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد) کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم – سەرەتایی سەدەی بیستەم ، سلێمانی ٢٠٠٠ ل ١٣٥.

٣. ڕەفیق سالح – عەبدولا زەنگەنە – ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی –گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە ١١ –١٢ ساڵی چوارەم پایزی ٢٠٠٣ ل ٩٣.

٤.شوکر مستەفا – بیرەوەری عەبدوڕەزاق بەدرخان–هەولێر ٢٠٠٠ ل١٩.

٥. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. بەغدا ل ٧٨.

٦.نەوشیروان مستەفا/ چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی ڕۆژنامەوانی ساڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی بەرگی دووەم، ٢٠٠٢ سلێمانی ل ٢٣.

٧. تەنیا لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمی لەکتێبی (محمد تمدن) اوضاع ایران درجنگ اول یاتاریخ رضائیة/ تهران چاپ اسلامیه ١٣٥٠.

٨. گۆڤاری نیشتمان ژمارە – ١ – جولای ١٩٤٣.

٩. هەژار، چێشتی مجێور، هەولێر ٢٠٠٠ ل ٦٣.

١٠. نەوشیروان مستەفا: حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٢٤ – سەرماوەرزی ١٣٢٥.

١١. کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا هەولێر چاپی، دووەم ١٩٩٣ ل ٧١.

١٢. د.عەبدولرەحمانی قاسملۆ: کورتە مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزب ٢٠٠٢ ل٣١.

١٣. هەمان سەرچاوە.

١٤. نەوشیروان مستەفا/ حکومەتی کوردستان....ل ٨٣.

١٥. هەمان سەرچاوە.

١٦. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە –١– ١٩٤٦/١/١١.

١٧. د.یاسین خالد حسن: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سلێمانی ٢٠٠١ ل ١٣٧.

١٨.نەوشیروان مستەفا: حکومەتی کوردستان........ ل ١٣٩.

١٩. ڕۆژنامەی "کوردستان" – ١– ١٩٤٦/١/١١.

٢٠.د.هیمدادی حسێن/ ڕۆژنامە نووسی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ – ١٩٤٧ سلیمانی ٢٠٠٢.

٢١. د.جەمال خەزنەدار: ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا ١٩٧٣ ل ١٩.

٢٢. ڕ.ك. ژ ١ – ١١/ ١/ ١٩٤٦.

٢٣. یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە هەموو دەورەکان کردستان نووسراوە هەروەها ڕۆژ کردستان ، بانگ کردستان ... هتد.

٢٤. ڕۆژنامەی کوردستان – ژمارە ٢٥ – ١٩٤٦/٣/١٧.

٢٥. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧ – ١٩٤٦/٣/٢٥.

٢٦. د.هیمدادی حسێن: سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢٤.

٢٧. چاوپێکەوتنی بەڕێز جەلیل گادانی ٢٠٠٤/٢/٢٨.

٢٨.ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ١٠–١٩٤٦/١/١١.

٢٩.سەیدمحەمەدی حمیدی:

ناوی محەمەدی کوڕی سەید شوکرالله پاسانیابووە لەساڵی١٢٨٢ی هەتاوی لەگوندی داشالوجەی سەقز لەدایك بووە، لەلای مەلا دەست بەخوێندن دەکات تاکو زانستە دینییەکان تەواو دەکات، فێری زمانی فارسی وعەرەبی دەبێ، بەشداری چالاکی لەکۆماری مەهاباد دەبێ، پاش ڕووخانی کۆمار ماوەیەکی زۆر قاچاغ دەبێ

دوا ڕۆژەکانی تەمەنی تاکو ١٣٥٨/٢/٧هەتاوی لەشاری سنە لەتەمەنی ٧٦ ساڵی کۆچی دوایی دەکات و لەوێ دەنێژرێ. چەندین کتێب و دەست نووس لەدوای خۆی جێدەهێڵێ.

سەرچاوە (ئەحمەدی شەریف ،سەیدمحەمەدی حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕۆژنامەی "کوردستان" ١٣٨٢–١٣٥٨ی هەتاوی، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٤ سوید.

٣٠.نەوشیروان مستەفا: حکومەتی کوردستان..........ل١٥٩.

٣١.چاوپێکەوتنی بەڕێز جەلیل گادانی ٢٠٠٤/٢/٢٨ لە شاری کۆیە.

٣٢.د.عەبدولرەحمانی قاسملۆ: سەرچاوەی پێشوو ل١٨٩...(د.قاسملۆ دەڵێ جگە لەنووسەرەکان خۆیان هیچ ئەندامێکی حیزب ئەو ڕۆژنامەیەی نەبینیووە)

٣٣.ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە –٢٥٧–ی ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٨.

٣٤.ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–٢٥٧–٢٢یئاوریلی ١٩٩٨.

٣٥.دکتۆر مارف خەزنەدار:مـن و ڕۆژنامەی"کوردستان"ی دەورەی ئەوروپا– ١٩٦٥–١٩٧٠ –ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە– ٢٥٧–٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٨.(هەر لەبارەی ئەم ڕۆژنامەیەی"کوردستان"لە ئەوروپا، م.عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەڵێ –٣٦–ژمارەی لێدەرچووە، دوا ژمارەی کە ژمارە ٣٥ی لەسەرە.چاوپێکەوتنی ناوبراو لە ٢٠٠٤/٣/١٦)

٣٦.چاوپێکەوتنی عەبدوڵڵای حەسەن زادە.٢٠٠٤/٣/١٦ لەکۆیە.

٣٧.عەبدوڵڵای حەسەن زادە: کورتە مێژووی حیزبی دیموکرات....ل٢٢٢.

٣٨.عەبدوڵڵای حەسەن زادە:کورتە مێژووی حیزبی دیمۆکرات..زل٢٤٣.

٣٩.ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە –٢–ی مایسی ١٩٧١.

٤٠.عەبدوڵڵای حەسەن زادە..سەرچاوەی پێشوو...ل٢٤٨.

٤١.ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–٩–ی ئۆکتۆبەری ١٩٧١.

٤٢.ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–١١–ی دیسامبری ١٩٧١.

٤٣. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ١٢ ژانویەی ١٩٧٢.

٤٤. جەلیل گادانی/ ٥٠ ساڵ خەبات، کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، هەولێر ١٩٩٦ ل ٢٠٣.

٤٥. هەمان سەرچاوە ل ٢٠٥.

٤٦. هەمان سەرچاوە. ل ٢١٣.

٤٧. چاوپێکەوتنی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە ٢٠٠٤/٣/١٦.
٤٨. ئەو ژمارانە نە لە ئەرشیفی ڕۆژنامەکەو نە لەهیچ شوێنێك دەست نەکەوت.
٤٩. جەلیل گادانی ، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٨.
٥٠. چاوپێکەوتنی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە ٢٠٠٤/٣/١٦ لە کۆیە..
٥١. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ٦ی ژوئیەی ١٩٧١ ژمارە ١٣ی فێوریەی ١٩٧٢.
٥٢. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە – ١ – ی ژانویەی ١٩٧١.
٥٢. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە – ٢٣ – ی فێوریەی ١٩٧٣.
٥٤. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە – ٣٠ – ی دیسامبەری ١٩٧٣.
٥٥. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەکانی ١ – ٥– ١٢ – ١٣ – ٢٦.
٥٦. چاوپێکەوتنی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ٢٠٠٤/٣/١٦ لەکۆیە.
٥٧. چاوپێکەوتنی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ٢٠٠٤/٣/١٦ لەکۆیە
٥٨. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارەکانی.٧٨–٨٦–٩٥–٩٩–١١٢–هتد.
٥٩. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ سکرتێری حیزب و عەبدوڵای قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و فازڵ مەلا مەحمود کوردی دانیشتووی نەمسا لە گفتو گۆیەکی نهێنی لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٩٨٩/٧/١٣ لە ڤیننا دوور لە هەموو نەریتێکی مرۆڤانەو گفتوگۆ تیرۆر کران.
٦٠. چاوپێکەوتنی بەڕێز قادر وریا جێگری بەرپرسی کۆمیسۆنی ڕاگەیاندن ٢٠٠٤/٢/٢٨ لەکۆیە.
٦١. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–١١٧–ی ئوتی ١٩٨٦.
٦٢. چاوپێکەوتنی بەڕێزقادر وریا ٢٠٠٤/٢/٢٨ لەکۆیە.
٦٣. ئەو گروپە لەناو حزبی دیموکرات و خەلك زیاتر بە گروهی حەوت کەسی بە ناوبانگن دیارترین کەسبیان (غەنی بلوریان بووە.
٦٤. چاوپێکەوتن لەگەل ئیسماعیل بازیار ٢٠٠٤/٣/٢ بەرپرسێکی بەرزی حزبی دیموکراتی کاتی خۆی لەگەل ئەو گروپە بووە بە دەقیق ئەویش نازانی چەند ژمارەی لێدەرچووە یەك ژمارەش لەبەر دەست نەبووە، تاکو بزوانین چۆن بووە.
٦٥. عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کورتە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ل ٥٤٣.
٦٦. ڕۆژنامەی"کوردستان"دەورەی سێیەم ژمارە ١٢ ی ئوتی ١٩٨٩.
٦٧. ڕۆژنامەی"کوردستان"دەورەی سێیەم ژمارە ٦٥ ی ژوئەنی ١٩٩٤.
٦٨. ڕۆژنامەی"کوردستان"دەورەی سێیەم ژمارە ٧٠ ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥.
٦٩. ڕۆژنامەی"کوردستان"دەورەی سێیەم ژمارە ١٨ ی فێوریەی ١٩٩٠.
٧٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەریز جەلیل گادانی ٢٠٠٤/٢/٢٨.
٧١. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز قادر وریا ٢٠٠٤/٨/٢٢.
٧٢. پاشکۆی ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–٢٣٦–ئووتی١٩٩٦.
٧٣. ڕۆژنامەی"کوردستان"لە ژمارە–٢٣٠–دا لەیادی کۆماری کوردستان چاوپێکەوتنی لەگەڵ عەبدولسەلام خۆشناو و عەقید بەکر حەوێزی کردووە.
٧٤. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە– ٢١٧–ی ژانویەی ١٩٩٥.
٧٥. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–٢٤٠–ی دیسامبری ١٩٩٦.
٧٦. چاوپێکەوتنی بەڕێز قادر وریا جێگری بەرپرسی کۆمیسۆنی ڕاگەیاندن ٢٠٠٤/٢/٢٨ لەکۆیە.
٧٧. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە–٢٧٢–ی ١٣ی ژوئیەی ١٩٩٩.
*مەبەست لە ساڵی هەتاوی کۆچیە.
٧٨. ڕۆژنامەی "کوردستان"ژمارە –٢٨٢–ی ٣ی ئاوریلی ٢٠٠٠.
٧٩.ڕۆژنامەی "کوردستان"ژمارە–٣٠١–ی فێوریەی ٢٠٠١.
٨٠. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–٣٢١–٢ی سیپتامبری ٢٠٠١.
٨١. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە– ٢٠٦–مارسی ٢٠٠١
٨٢. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە–٣٣٠– ٣ی دیسامبری ٢٠٠١
٨٣. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ٣٤٢ ی ٥٥ ژوئەنی ٢٠٠٢.
٨٤. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٤٧ ی ٢٢ی ئوتی ٢٠٠٢.
٨٥. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٣٢ ی ٥ی ژانویەی ٢٠٠٢
٨٦. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ٣٥٢ ٦ – ٦ی نوامبری ٢٠٠٢.
٨٧. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ٣٣٢ – ٥ی ژانویەی ٢٠٠٢.
٨٨. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ٣٥٣ – ٣١ ی نوامبری ٢٠٠٢.
٨٩. چاوپێکەوتنی بەڕێز قادر وریا ٢٠٠٤/٢/٢٨.لە کۆیە.
٩٠. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ٣٣٥ ی ١٩ ی فێوریەی ٢٠٠٢.
٩١ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٤٩ ی ٢٢ی سێپتامبەری ٢٠٠٢.
٩٢. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٤٦ ٣٤٦ ی ئوتی ٢٠٠٢.
٩٣. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٥٦ ی ژانویەی ٢٠٠٣.
٩٤. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٣٢ ی ٥ ی ژانویەی ٢٠٠٢.
٩٥. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٣٨ ی ٤ ی ئاوریلی ٢٠٠٢.
٩٦. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٥٥ ی ٢١ ی دیسامبەری ٢٠٠٢.
٩٧. چاوپێکەوتنی بەڕێز/ حەسەنی شەرەفی کە ئێستا بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی یە.لە کۆیە.
٩٨. ڕۆژنامەی"کوردستان"ژمارە ٣٦٧ – ٢٠ ی ژوئەنی ٢٠٠٣.

هەواڵنامەی کتێب

# پەیوەندی نێوان
# ڕۆژنامەنووسان و
# دەسەڵاتداران لەکوردستاندا



بەناز کوێستانی

**پێشەکی:**

سەرەتا بۆ تێگەیشتن لەواتای پەیوەندیکردن پێویستە پێناسەیەکی ئەم وشەیە بکەینو لەمیتۆدو چەمکەکانی تێبگەینو سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لەکوردستاندا دەست نیشان بکەین ئەوکاتە لەدەرەنجامدا دەتوانین لە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بزانین بەگشتیو پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسانو دەسەڵاتداران بەتایبەتی.

**کۆمونیکیشن یان پەیوەندیکردن**

هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان لەسەر بناغەی پەیوەندیکردنی ئەندامەکانی لەگەڵ یەکتردا بونیادنراون، دیاردەی پێکەوە ژیان، بۆ خۆی دیاردەیەکی پەیوەندییە، کەمرۆڤەکان لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە ئامانجەکانیان دەهێننەدی لەکۆمەڵگاکانو ژیانی پیشەییانو ژیانی کۆمەڵایەتی پتەوتر دەکەن.

کۆمونیکەیشن وشەیەکە لەزمانی ڕۆژانە هەم لەزمانی زانستی زۆر بەکاردەبرێت، کەبەبۆچوونی هەندێك لەتوێژەرەوەکانی زانستی کۆمونیکەیشن لەوشەی (Communis) لاتینی وەرگیراوە، ماناکەی بەوەرگێرانی وشە بۆ سەر زمانی کوردی بەهاوتایی (بەیەکەوە، بەیەکەوەکردن، هاوبەش بوون، ..هتد) دێت بەڵام بەپێی فەرهەنگی زمانی ئەڵمانی (Duden) وشەی کۆمونیکەیشن لەوشەی (Communicatio) لاتینی وەرگیراوە، کەماناکەی بەوەرگێرانی وشە بۆ سەر زمانی کوردی بەهاوتای (ڕاگەیاندن، گفتوگۆ، لەیەکترتێگەیشتن، بەیەکەوە بەستنەوە) دێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بەراوردێك لەنێوان ئەو دوو بۆچوونە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کەهاومانایەکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. بەڵام وشەی کۆمونیکەیشن وەکو زۆر وشەی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان پێناسەکردنی زەحمەتە، باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لەپێناسەی کۆمونیکەیشن ئەوەیە، ئەگەر ئێمە وەکو پرۆسەیەك پێناسەی بکەین.

کۆمونیکەیشن ئەو پرۆسەیەیە، کەبەلایەنی کەم دوو گیانلەبەر لەگەڵ یەك لەپەیوەندیدان، کەواتە پرۆسەی کۆمونیکەیشن مامەڵەیەك یان دەستپێکێکی بێ

مەبەست نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەندیەکی ئاڵۆزی بابەتییەو کۆمەڵایەتییە، کەلەماوەی رووبەرووبوونەوەی هاوسەرانی کۆمونیکەیشن (نێرەرو وەرگر) لەپەیوەندی یەك لایەکی یان دوولایەکیدا پابەند بەدوا ئامانجی گفتوگۆ رۆڵی خۆی دەگێرێت، کۆمونیکەیشن بەکەمترین پێوانە لەهاویەش بوون لەبیرکردنەوە، هەستپێکردن، ئارەزوو، ویست..هتد، بەمەبەستی ئاڵوگۆری زانیاریو کارلێکردنو بەئامانجی لەیەك گەیشتن لەنێوان نێرەرو وەرگر لەسەر ئەو بابەتەی کەدەهێنرێتە زمان پێناسە دەکرێت.

لەزمانی کوردیدا وشەی پەیوەندی بەواتا زاراوەیەکەی زۆر تازەیەو دەکرێ بوترێ هێشتا لەزۆربەی چاپەمەنیەکاندا لەبەرانبەر کۆمەنیکیشن هەندێ جار راگەیاندن بەکاردەهێنرێت کەلەراستیدا وشەی زاراوەی پەیوەندیکردن لەبەرانبەر کۆمەنیکەیشندا زۆر پڕ ماناترو بەربڵاوترە لەوشەی راگەیاندن، چونکە پەیوەندیکردن دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی، هەرچەندە ئەو جۆرە پەیوەندییانە زیاتر واتایەکی غریزیو نائاگایی بەسەریاندا زاڵ بوو، بەڵام سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەم پەیوەندییەی کەئەمرۆ لەسەر ئاستێکی بەرفراواندا دەبەسترێتو بەتایبەتیش لەبواری رۆژنامەنووسیدا.

دەکرێت بگوترێت ئەرکی رۆژنامەگەریش هەر لەسەرەتاوە بەوە بناسێنین کە: دروستکردنی پەیوەندی بووە لەنێوان بەرێوەبەرو بەرێوەبراو، هەروەها لەنێوان رێکخراوەکانو چینو توێژەکانی ناو کۆمەڵ لەلایەکو لەلایەکی دیکەش هێنانە زمانی بابەتی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو کەلتوری بەمەبەستی ئاڵوگۆرکردنی زانیاری لەسەر رووداوەکان وەك خۆییو کۆنترۆڵکردنی ژینگەو کارلێکردنی بەئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکان، بەتایبەتیش کێشە کۆمەڵایەتییەکانو رووژاندنیان لەناو کۆمەڵگەدا.

## میتۆدو چەمکەکانی پەیوەندیکردن

گومانی تیادا نییە کەسەرەتای پەیوەندیکردن لەنێوان مرۆڤە سەرەتاییەکاندا لە هێماوە دەست پێدەکات کەبە هێماو ئیشارەتکردن بۆ یەکتر، لەیەکتر حاڵی بوون، پاشان قۆناغی قسەکردنو دەنگ هاتە ئاراوەو و دواتر بەکارهێنانی ئاگر بۆ پەیوەندیکردنو بەکارهێنانی نووسینو گیانلەبەرو پاشتریش تەتەر داهات بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان گوندنشینو میرنشینەکاندا، لە میرنشینەکانیشدا دیاردەی بەدەست نووسینەوە دەرکەوت، کەچەند کەسێك بەیەکەوە چەند دانەیەکیان لەبەر یەکێك لەنووسینەکان دەنووسیەوە.

جا ئەو نووسراوە کتێب یان نامیلکە، یاخود بریارو راسپاردەکانی ئەو کاتی میرنشینەکان بووایە. دوا بەدوای ئەم قۆناغە سەرەتاییە، قۆناغی دۆزینەوەی چاپخانەو چاپکردنی کتێبو رۆژنامەو بڵاوکراوەکان دواتریش لەدوای شۆرشی تەکنەلۆژی دروستکردنی ئامێری رادیۆو قەوانو سیستەمی تەلەگرافو تەلەفزیۆنو سەتەلایتو کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت هاتە کایەوە کەتوانرا زەوی وەك گوندێکی بچوك لێبکرێتەوەو لەیەك کاتدا ئاگاداری گشت رووداوە سەرنج راکێشەکانی سەرزەوی بیت، کەئەمەش رێگا خۆشکەر بوو بۆ بەجیهانیبوونو پێشکەوتنی بواری رۆژنامەنووسیو دەرکەوتنی رۆژنامەنووسی ئازادو بڵاوکراوەی ئەهلی ئازاد.

ئەم پێشکەوتنانە وایکرد کەزۆر بەروونی بروانینە گشت رووداوەکانو رۆژنامەنووسیش بە بوێری و دەستپاکی و بەراستیەوە رووداوەکان بگەیەنێتو سڵ لەدەسەڵاتداران نەکاتەوە.

هەر پەیوەندیکردنێك پێویستی بەکۆمەڵێك پێکهاتەو رەگەز هەیەو هەر رەگەزێکیش لەو رەگەزانە پێکهاتەی پرۆسەیەکەو کارلەیەکتر دەکەن پسپۆرانیش بەم شێوەیە رەگەزەکانیان پۆلێن کردووە:

**١–پەیامنێر**

**٢–پەیام**

**٣–کەناڵ**

**٤–پەیاموەرگر**

**٥–کاریگەری**

**٦–دەنگدانەوە (فیدباك)**

## سەرهەڵدانی پەیوەندیکردن لەکوردستاندا

سەرەتای پەیوەندیکردن لەکوردستاندا وەك هەر وڵاتو میللەتێکی تر بەشێوەیەکی سادەو ساکار دەستی پێکردووەو قۆناغە سەرەتاییە مێژووییەکانی بڕیووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان وەك وڵاتێکی پارچە پارچە کراو و دابەشکراو و هەمیشە لەشەڕدا بووە بۆ بەرگریکردن لەبوونی خۆی و زمانو خاکەکەی بۆیە نەیتوانیووە تائێستا خاوەن قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بێنو لەهەمان کاتدا گەلێکی دابەشکراو بەسەر فەرهەنگو کەلتور زمانێکی جیاوازدا وای کردووە کە کورد کەمترین بەشی لە پێشکەوتنو بوارە داهێنەراکەندا بەر بکەوێت، چونکە ئەوەندەی خەریکی خۆ گونجاندان یان بەرەنگاری بووە لەگەڵ ئەو کلتورو زمانو جیاوازانەی کەبەسەریدا دابەشکراوە، ئەوەندە خەریکی خۆ ڕێکخستنو گەشەکردنو بەرهەمهێنانو بەکاربردنی ئامێری تەکنەلۆژی نەبووە، ئەو بەشە کەمەش کەبەری کەوتووە، کەئامێری بینیووە زیاتر لەڕێگای بێگانەکانەوە بووە، بۆ نمونە یەکەمین چاپخانە ئینگلیزەکان لەساڵەکانی ١٩٢٠* هێنایانە کوردستانو هەر یەکەمین کامیرای فۆتۆگرافیش لەڕێگەی کوردناسێکی فەرەنسی بوو، لەساڵی ١٨٨٧دا.

دەتوانین بڵێین هێنانی ئامێرەکان زیاتر لەڕێگەی گەشتیارانو خۆرهەڵاتناسەکانو سیخورو بازرگانەکانەوە بووە، بۆیە کورد دەرفەتی پەیوەندیکردنی زۆر کەم بووە بۆ پەیوەندیکردن بەناوخۆییو هەروەها دەوروبەرو وڵاتانی تری دەرەوە. هەمیشە لەژێر دەستی ئەو وڵاتانەدا بووە کەداگیریان کردوون ڕۆڵەکانیشی زیاتر جەنگی بەرگریکردن لە مانەوەی خۆی و مانەوەی زمانو کەلتورو فەرهەنگی تایبەت بەخۆی داوە. کەئەمەش مێژوویەکی پڕ سەرەوەرییە بە لەبەر چاوگرتنی بێ قەوارەی سیاسی خۆمان ، بەڵام توانیومانە زمانو کەلتورو فەرهەنگو تایبەتمەندییەکانی کوردبوونی خۆمان بپارێزین.

سەرەتای ڕاگەیاندنو پەیوەندیکردنی کورد لە ڕۆژنامەی کوردستانی قاهیرەو بنەماڵەی بەدرخانیان دەست پێدەکات، کەلەوێوە لەڕێگەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە دەیانویست پەیوەندی ** (؟) بەجەماوەری ناوەوەی کوردستانەوە بکەنو لەهەمان کاتدا دەنگی میللەتەکەیان بە جیهانی دەرەوە رابگەیەنن.

لەدوای دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بزاڤێکی نوێو بیرێکی نوێ لەناو میللەتی کورددا سەری هەڵداو لەکوردستانی باکورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو باشوور* چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك دەرچوونو کەدەکرێت تیشك بخەینە سەر چەند ناوێکیان کەلەئەستەمبوڵ دەرچون لەوانە: ڕۆژنامەی (کورد) لەساڵی (١٩٥٨)**و هێڤی کورد لەساڵی (١٩١٠)***و ڕۆژی کورد ساڵی (١٩١٣)و هەتاوی کوردو یەکبوونو بانگی کورد کەژمارە یەکی لە٢١-٦-١٩١٣ (جەلال بابان) بەهەردوو زمانی کوردیو تورکی دەریکردووە.

لەدوای ئەمانیش کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکی دیکە لەکوردستانی باشوور لەساڵانی دوای ١٩١٨ لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا دەرچوون، وەك ڕۆژنامەی پێشکەوتنو تێگەیشتنی ڕاستیو بانگی کوردستانو ڕۆژی کوردستانو بانگی هەقو ئومێد ئیستیقبلالو ژیانەوەو ژیانو ژینو چەندەها ڕۆژنامەو کەناڵی دیکە پەیدا بوون بۆ پەیوەندیکردن بەجەماوەرەوە.

## پەیوەندیو ئەرکی ڕۆژنامەنووس

## لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسی

لەقۆناغی سەرەتاییدا دەتوانین دەستەواژەی ئەرکی ڕۆژنامەنووس بەکاربهێنین لەجیاتی پەیوەندیکردن، چونکە ڕۆژنامەنووس لەم قۆناغەدا ئەرکو لێپرسراویەتییەکی نیشتمانیو نەتەوەیی کەوتۆتە سەرشانی وەك لە ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- سەرەتای قۆناغی دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسی، زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی نووسینو وتاریان دەنووسیو لەڕۆژنامەکاندا کاریان دەکرد، زۆربەیانو بەڕێژەیەکی بەرچاو کەسانی ئەدەب دۆستو شاعیرو چیرۆکنووسو ڕۆمانووسو تەنانەت هونەرمەندو گۆرانیبێژەکانیشی گرتبووە، هەرچی کەمە خوێندەوارییەکی هەبوایەو دەستی قەڵەمی بگرتایەو ئارەزووی بوایە دەیتوانی لەڕۆژنامەکاندا وتار

بنووسێتو کاریان لەگەڵدا بکات. کەئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرهەمەکان هەبووە کەبەشێوەیەکی سۆزدار بنووسنو زوو کاریگەرییان بکرێتە سەرو وشەو دەستەواژەی ئەدەبی ئامێز لەنووسینەکانیاندا بەکار بهێننو بەمەش هەستو سۆزو تێکەڵاوی دەبوو و نووسینەکان رێچکەی بێلایەنی خۆیان لەدەست دەداو بەلایەکدا دەشکایەوە.

٢- زۆربەی ئەو کەسانەی لەرۆژنامەکان کاریانکردووە، جۆرە هەستێکی نیشتمانیو نەتەوەیی زاڵ بووە بەسەریاندا، بۆیە زۆربەیان لەوچوارچێوەیەدا کاریان کردووە کەخزمەتی بەرژەوەندی گەل

* باکوور و باشووری کوردستان راسترە و بەلام هیچ یەك لەو رۆژنامەو گۆڤارانە لەکوردستان دەرنەچوونە.
** راستییەکان (١٩٠٨)ە
*** شتی وانییە

بکاتو هاوڕابن لەگەڵ سەرکردەو لێپرسراوە کوردەکانداو هەمیشە راگەیاندن لەپێناو خزمەتی نەتەوەیدا بەکاربهێنن.

٣- ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسیو حزبی لەرۆژنامەکاندا وەك رۆژنامەوان کاریان دەکردو بەشەکانی سیاسەتو هەواڵو رووداو و شیکردنەوە سیاسییەکانیان بۆ خۆیان قۆرغ کردبوو، لەپێناو بەرژەوەندیو خزمەتکردن بەبیروبۆچوونە سیاسیو ئایدۆلۆژییەکانی خۆیو حزبەکەی، بۆیە دەبینین لەزۆربەی رۆژنامەکاندا ئەو شیکردنەوە سیاسیانەی کەبلاودەکرانەوە زیاتر هی کەسانی لایەنگرو هەوادارانی حزبەکەیان بووە کەرۆژنامەکەی دەرکردووە. بۆیە دەکرێت بڵێین کەرۆژنامەنووسانی ئەوکات زۆرهاوڕابوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانو لێپرسراوانی ئەو سەردەمانەدا.

کەئەمەش جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە، چونکە هەر لەسەرەتاوە رۆژنامە لەو وڵاتانەدا بەشێوەیەکی بازاڕیو بازرگانی دەرچوو پاشان لەگەڵ گەشەکردنو پێشکەوتنەکان بەرەو بواری پسپۆڕیو تایبەتمەندی دامەزراوەو رۆژنامەنووس بەواتای رۆژنامەنووس بووەو ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێکردووە بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێرکاریگەری هیچ هەستو سۆزێكو هیچ دەستەواژەیەکی ئەدەبیو سۆزداری بەکار بهێنێت، بۆیە رۆژنامە لەو وڵاتانەدا هەر لەسەرەتاوە بەدەسەڵاتی چوارەم نرخێنراوەو ناسراوە، لەدوای هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانانی و راپەڕاندن و دادوەری دێت، بۆیە کەسایەتی رۆژنامەنووسیش بەکەسایەتیەکی خۆشەویست نەناسراوەو هەمیشە بەچاوی گومانەوە سەیریان کردووەو زۆربەی سەرکردەو لێپرسراوەکانیش بەهەمان شێوە خۆیان لێ بەدوور دەگرن، ماری کریستنی شاژنی ئیسپانیا وتوویەتی: (تەنانەت لەناو مارو مێرووشدا تووشی رۆژنامەنووس دێت).

چونکە رۆژنامەو رۆژنامەنووس لەوڵاتانی رۆژئاوادا چەندەها کێشەو گەندەڵی زۆر گەورە گەورەی بەدەرخستووە وەك: دۆسیەی وتەرگێت کەلەلایەن دوو رۆژنامەنووسی لاوەو ئاشکرا کراو هەروەها گەندەڵی ئیداری جۆن میجەر لەبەریتانیاو لەو کۆتاییانەشدا ئاشکراکردنی کێشەی سێکسی مۆنیکاو کلینتۆن .

پەیوەندی رۆژنامەنووس لەسەردەمی رژێمی بەعسدا لەسالانی پێش راپەڕین، رۆژنامەگەرییەکی ئازاد نەبووە، ئەوانەشی هەبوون هەمووی زمانحاڵی رژێمی فاشی بەغدایان سەر بەو رژێمە دیکتاتۆرە بوون، هەرچەندە چەند رۆژنامەو گۆڤارێك بەزمانی کوردی دەردەچوون، هەندێ نووسەرو رۆژنامەنووس توانیان ئەو دەرفەتە بقۆزنەوەو شۆرشێکی ئەدەبی بەرەمزو دەلالەت بەرپا بکەن لەناو شیعرو چیرۆكو نووسینەکانیانداو چەند نووسەرێکی شەهیدیش لەم پێناوەدا راستی مەسەلەکە دەسەلمێنن بەلام لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی دیکە ئەو رۆژنامەنووسانەش سەر بەهەمان رژێم بوون، بۆیە دەیانتوانی لەم بلاوکراوانەدا کاربکەن، چونکە ئەوەی سەر بە رژێم نەبوایەو هەلگری بیروڕای حزبی ئەو سەردەمە نەبوایە نەیدەتوانی لەو رۆژنامانەدا کار بکاتو بیروڕای جیاوازی هەبێت، چونکە زۆربەی زۆری وتارو نووسینو لێکۆڵینەوەکان لەخزمەتو بەرژەوەندی ئەو رژێمەدا دەنووسرا. دەتوانین بڵێین بەمانای وشە رۆژنامەنووسمان نەبووە کەخاوەن بیرورا و چالاکیو

بـــوێری بووبێـــتو تـــوانیبێتی مەســـەلەیەکی چارەنووسساز بورووژێنێت، ئەگەر ئەوەشی بکردایە بێگومان وبێسەروشوێن دەکرا، جگە لەو نووسەرانەی کەلەشۆرشی ئەدەبی هێماو رەمزدا خەباتیان دەکرد. هەر بۆئەو مەبەستە لەو کاتەدا کۆلیژی راگەیاندنی لەبەغدا هەبوو، ئەوانەی وەردەگیران دەبوو سەر بەخۆیانو خاوەن هەمان سەرچاوەی هزری بن و حزبی بن ئەوسا لەو زانکۆیە وەردەگیران، هەرچەندە لەسەرەتاوە چەند خوێندکارێکی کوردیان وەرگرت بەلام پاش ئەوە بریارێك دەرچوو کەبەهیچ شێوەیەك خوێندکاری کورد لەو کۆلیژە وەرنەگیرێت.
لەم دەرەنجامەوە دەگەینە ئەو رایەی کەپەیوەندی رۆژنامەنووس لەو سەردەمەدا پەیوەندییەکی زۆر سستو لاواز بووەو هەموو کارەکانیان لەخزمەتی رژێمەکەیاندا بووە.

## پەیوەندی رۆژنامەنووسی بە دەسەلاتەوە لەدوای راپەرین تاسالی ٢٠٠٠

دوای داگیرکردنی کوێتو پاشەکشەی هێزە سیاسیەکانی رژێمی بەعس لەناوچەکەو، دروست بوونی بۆشاییەکی سیاسیو راپەرینی جەماوەرو گەرانەوەی حزبە سیاسییە کوردییەکان بۆ شارە گەورەکانو پاشان کۆرەوە مەزنەکەی خەلکی کوردستان بۆ نارەزایی دەربرین دژی گەرانەوەی رژێمی دیکتاتۆری عیراقو هێنانی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ کوردستانو دروستکردنی هێلی ئەمنی بۆ کوردەکانو شیعەکانی خوارووی عیراق.
کەشو هەوایەکی سیاسی نوێ لەناوچەکەدا بەرقەرار بوو کەبۆشاییەکی ئیداری دروست بوو، حزبە کوردییەکان بەناوی هاوپەیمانێتی دەستیان کرد بە پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییەو پاشان ئەنجامدانی هەلبژاردن لەسالی ١٩٩٢و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لەسەرجەم حزبە کوردیەکان.
هەر لەسەرەتاوە پەرلەمان هەولیدا دەستوری پەرلەمانی کوردستان گەلالە بکات لەسالی ١٩٩٣دا دەستوریان دەرکردو لەمادەی ١٠دا ئاماژە بەئازادی راگەیاندنو کاری رۆژنامەوانیو دەربرینی بیروای ئازاد دراوە. بەلام زۆربەی رۆژنامەنووسان لەسەر ئەو مادەی دەیە کۆك نینو بەرای زۆرینەیان بەشێوەیەکی زۆر شەفاف نووسراوەو نەچۆتە ناو برگە یاسا جدییەکان بەتایبەتیش بۆ سزادان دەگەرێنەوە سەر دەستوری سزادانی عیراقی سالی ١٩٦٨.
حزبەکان هەریەکەو هەولیانداوە راگەیاندنی تایبەت بەخۆیان هەبێتو لەو پێناوەشدا زۆربەی حزبەکان رۆژنامەو کەنالی تەلەفزیۆنو رادیۆی خۆیان دامەزراند. هەولیاندا زۆربەی زۆری نووسەران لەخۆیانو لەکەنالە حزبیەکانیاندا کۆبکەنەوە، لەو رۆژنامە دیارانەش رۆژنامەی (کوردستانی نوێ، ئالای ئازادی، رێگای کوردستان، رێبازی ئازادی، الاتحاد، برایەتیو خەبات...هتد) کەهەریەکەیان سەر بەحزبێكو بوونو هەریەکەیان هەلگری بیرو ئایدیایەکی جیاوازی سیاسی بوو لەگۆرپانەکەدا.
لەم قۆناغەشدا ئەو کەسانەی کە لەرۆژنامەو کەنالە حزبیەکاندا دەست بەکار بوون، دەتوانین بلێین جیاوازییەکی وایان نەبوو لەگەل ئەوانەی قۆناغی سەرەتایی، چونکە بەهەمان شێوە رۆژنامەنووسانی ئەو سەردەمەش هەمان ئەو کەسانە بوون کە شاعیرو چیرۆکنووسو ئەدەب دۆست بوون یان سیاسی بوونو کاری رۆژنامەگەرییان کردووە، بۆیە لەم قۆناغەشدا سۆزو ئەندێشەو خەیال بەسەر زۆری بابەتەکاندا زال بووو ئەدەبی ئامێزانە رۆژنامەکان بەرێوە دەچوونو زیاتر بابەتی ئەدەبیان تیادا بلاودەکرایەوە، بۆیە رۆژنامەنووسانیش بەهەمان شێوە هەستو سۆز زال دەبوو بەسەریانداو زۆر کەم خۆیان لەقەرەی بابەتی جدی رۆژنامەنووسی داوەو نەیانتوانیووە ئەرکی قۆناغەکە بگرنە ئەستۆو کۆمەلێك بابەتی حەساسی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوری..هتد، بورووژێنن کەرۆژانە لەناو شارو کۆمەلگەکەماندا روویان دەدا، ئەمەش لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسان هەموویان خاوەنی پەیوەندییەکی بەهێز بوون بەلێپرسراوانو حزبەکانداو لەکەنالەکانی ئەواندا کاریان کردووە، شتێکیان نەکردووە کەدژی ئەوان بێت، لەهەمان کاتیشدا رێگەیان پێنەدراوە، لەو سنوورە دەربچن کە بۆ رۆژنامەکە یان کەنالەکەیان دانراوە، زۆربەی وتارەکانیان بۆ پیاهەلدانی حزبەکە بووە.

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت زۆربەی لێپرسراوی کەناڵەکان لێپرسراوە باڵاکانی حزبەکان بوونو زۆربەی راگەیاندنی رۆژنامەگەری لەلایەن ئەو بەرپرسە باڵایەوە بۆ رۆژنامەکان هێنراوە، لەهەندێ حزبدا سکرتێری حزبەکان خۆیان راستەوخۆ سەرپەرشتی کەناڵەکەیان کردووەو هەموو راسپاردەو بڕیارەکان بەدەستی خۆی بووە، هەر لەوەرگرتنی کارمەندو دەرکردنیو تەنانەت بڵاوکردنەوەی وتارەکانیش، بۆیە لێرەدا دەبینین دەوری رۆژنامەنووس دەورێکی فەرامۆشکراوو کەسایەتییەکی لاوەکی بووە، بۆیە پەیوەندیکردنیشی بەهەمان شێوە بووە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا.

**رەنگە ئەم لاوازیەش زیاتر بگەڕێتەوە بۆئەوەی کەلەم قۆناغەدا چەند کاریگەرییەکیان لە سەریان هەبوو، کەبریتین لە:**

١-لەبەر زەحمەتی ژیانو کەمی دەرامەت، زۆربەی کەسەکانی ئەم کۆمەڵگەیە رۆژانە لەدوو کارو سێ کار، رۆژانە زیاتریان دەکرد ، تاوەکو بتوانن ژیانی خۆیانو خێزانیان دابین بکەن، بۆیە ئەگەر رۆژنامەنووسێکی بوێریش هەبوایە ئەوا دەستی بەکلاوەکەی خۆیەوە دەگرتو قسەی نەدەکرد تاوەکو لەکارەکەی دەرنەکرێتو نان براو نەکرێت.

٢- رۆژنامەنووسان لەو قۆناغەدا زیاتر ئەرکێکی نیشتمانی نەتەوەییان کەوتوتە سەرشانو لەپێناوی هێشتنەوەی ئەو هێڵە ئەمنیەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆی دروست کردبوون، چونکە هەر رۆژەی لەلایەن یەکێك لەدراوسێکانەوە هەرەشەمان لێدەکراو هەریەکە بەئارەزووی خۆی سنووری لێ دادەخستینو سنووری ئاوەڵا دەکردو بەئارەزووی خۆشیان جۆرەها ئابلوقەی ئابووریو خواردنو سووتەمەنیو داودەرمانیان دەکردە سەر ناوچەکە. بۆیە رۆژنامەنووسان هەولیان دەداو ئەرکی سەرشانیان بوو کەوەك لێپرسراویەتییەکی نەتەوەیی هەڵسو کەوت بکاتو مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی رۆژگاردا بکات.

٣-باری ئابووریو گرانی لەو قۆناغەدا، وای کردبوو کەکەس نەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە کەناڵی ئازادو رۆژنامەی ئەهلی دابمەزرێنێت، لەبەر گرانی بازاڕ لەگەڵو پەلی چاپەمەنیو کاغەز وەمەرەکەب لەسەرو هەمووشیانەوە نەبوونی ئامێری چاپی تازە لەناو بازاڕەکانداو گرانیانو چاپێکی بێ کەڵکی رۆژنامەکان دەکرا. بۆیە ئەو رۆژنامەنووسانە هیچ شوێنێکی وا نەبوو کەرووی تێ بکەنو بەئازادی کاری تیادا بکەنو ژیانیشیان دابین بکات. هەرچەندە چەند بڵاوکراوەیەکی بەناو ئازاد هەبوو، بەڵام ئەم رۆژنامانە نەیاندەتوانی ژیانی رۆژنامەنووس دابین بکەنو لەهەمان کاتدا رۆژنامەنووسان بڕوای تەواویان بەئازادی ئەم کەناڵانە نەبوو، گومانی ئەوەیان دەکرد کەدەسەڵاتێك لەپشتیانەوە هەیە.

٤-زۆربەی زۆری ئەو رۆژنامەنووسو ئەدیبو رۆشنبیرانەی کە نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەم کەشو هەوایەدا بگونجێن، وڵاتیان جێ هێشتو بەرەو هەندەران هەڵاتن، کەئەمەش وای کرد گوشاری رۆژنامەنووس لەناو وڵاتو لەناو دەزگاکاندا کەم بێتەوە، رۆژنامەنووس خاوەنی را و هەڵوێستێکی توندو خۆراگرانە نەبێت لەناو کۆمەڵگەداو بەپەراوێز بکرێت وەك هەڵبژاردە هێزێکی گوشار لەکۆمەڵگەدا.

٥-کۆچکردنی بەکۆمەڵی لاوان بەرەو هەندەرانو بەهەمان شێوە کەم بوونەوەی گوشار لەسەر دەسەڵاتو رێگە خۆشکردنی دەسەڵات بۆ ئەم کۆچە نارەوایە تاوەکو لەو هێزە گوشارە نەترسنو رێگەیان بۆ خۆش بکرێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەکرداریان بەدڵیان نییە، بۆ نوموونە شەڕی ناوخۆی ١٩٩٦ هۆکارێکی دیکە بوو بۆ کۆچپێکردنی لاوان، بەتایبەتیش چینی لاوانو رۆشنبیرانو خاوەن قەڵەمەکان. کە بێگومان بەکۆچکردنی خاوەن قەڵەمەکان کەشێکی واهاتە ئاراوە گوشار لەسەر دەسەڵاتی کوردی لە رۆژنامەکاندا نەبێتو ئەوانەشی جارو بار لەو جۆرە رەخنە ئامێزانەیان دەنووسیو ناڕەزاییان دەردەبڕیو لێرەو لەوێ لەناو کۆڕو سیمینارەکاندا، چونکە رۆژنامەی ئازاد نەبوو پەنای بۆ بەرێتو رۆژنامەو کەناڵە حزبیەکانیش ئەو جۆرە نووسینانەیان بڵاو نەدەکردەوە.ناچار پەنایان بۆ کۆڕو سیمینارەکان دەبرد.

٦-دەرکەوتنی چەند لێپرسراوێکی حزبی باڵای بەرز لەناو حزبەکانداو دەست وەردان لەکاری

رۆژنامەنووسیو رۆشبیری وایکرد کەئەم لێپرسراوانە زیاتر دەربکەون، چونکە هەموو جۆرە تواناییەکی مادیو ژیان و ئاسایشیان بۆ دابین کرابوو. بوونە هێزێکی سەرکوتکەری رۆژنامەنووسان.

٧-ئەگەر رۆژنامەنووسێك لەکەناڵێکەوە بچوایە بۆ لای لێپرسراوێکی دیکە کەسەر بەحزبێکی جیاواز بوایە لەخۆی یان هەندێ جار سەر بەهەمان حزبیش بوایە، لێپرسراوەکان چ حوکمی بن یان حزبی لەبەر ئەوەی فێری ئەوە نەبوون کەکەسێك هەبێت ئاستی حزبی لەخۆی کەمتر بێتو بتوانێت پرسیاری وای لێ بکات کە بیورووژێنێتو کێشە خراپەکان ئاشکرا بکات لەو دەزگایەی ئەو سەرپەرشتی دەکات، یاخود جاری وا هەبوو پرسیارەکان پەیوەندی بەحزبەکەی خۆشیەوە هەبێت، دەبینرا کە رۆژنامەنووسەکە بەوە ئیهانە دەکرا کەپێشتر ژوانی وەرنەگرتووە، پاش ژوانەکە ئەو رۆژە دەهات بەهەمان شێوە، دەبێت لە پرسگەکە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەرێ بکات لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی هەیە، ئەگەر زوو لێببوایەوە باش بوو، بەڵام هەندێ جار چەند رۆژ ئەمسەرو ئەوسەریان پێدەکرد، تاوەکو بێزار دەبوو، ئەگەر رۆژنامەنووسەکە بێزاریش نەبوایە هەر بەردەوام با، ئەوا بەناچاری دەبینراو ماوەیەکی کەمی بۆ دادەنا یاخود وەڵامی پرسیارەکانی وەك پێویست نەدەدرایەوە یاخود بەچاوی گومانەوە لەرۆژنامەنووسەکەی دەڕوانیو بەئاستێکی کەمتر سەیری دەکرد.

٨-هەندێ رۆژنامەنووس لەناو رۆژنامەگەری کوردیدا دەرکەوتوون، کەکارییان تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیانە لەکوکردنەوەی پارەو لایەنی مادی زۆر بێت هەنگاو بەرەو ئەو لایەنە هەڵدێنو هەندێکیان چاوپێکەوتنی لێپرسراوان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاردێنو وتارەکەیان بە بەرژەوەندی ئەو لێپرسراوە دەنووسنو پاشان رۆژنامەنووسەکە داوای شتێك دەکات لە لێپرسراوەکە بۆنموونە: یەکێك لەرۆژنامەنووسەکان چووبوو بۆ لای سەرۆکی شارەوانی پاش چاوپێکەوتنەکە داوای پارچەیەك زەوی کردبوو.

٩-لەکاتی شەڕی ناوخۆدا کۆمەڵێك رۆژنامەنووس لەهەردوو لایەنی شەڕکەر بوونە زمانحاڵی ئەو حزبانەو تووتی ئاسا وتەی بەرپرسەکانی سەرەوەیان دەگواستەوەو زیاتر ئاگری شەڕی ناوخۆیان خۆش دەکرد لەرێگەی رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، کەئەمە بۆ خۆی دیاردەیەکی خراپە بەرووی رۆژنامەنووسی ئەو سەردەمە بەگشتیو رۆژنامەی هەر دوو لایەنی شەڕکەر بەتایبەتی.

بۆیە دەبینین لەم قۆناغەشدا لەبەر ئەوەی دەسەڵات دەسەلاتی حزبی ولێپرسراوە حزبیەکان بووە، بۆیە پەیوەندی رۆژنامەنووسو لێپرسراوە حزبیو حکومییەکان پەیوەندییەکی لاوازەو نەیتوانیووە وەك پێویست کاریگەری خۆی بەشێوەیەکی بەرفراوان بکات، ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت و رۆژنامەگەری کوردی زۆری ماوە ببێت بە دەسەڵاتی چوارەمو چاوی رۆژنامەنووسیش ببێت بەو بەچاوەی بتوانێت هەموو گەندەڵیو کارە دزێوەکانی نێوان چوار دیوارەکانی وەزارەتەکانو دەزگا حزبی و حکومییەکان ببینێتو ئاشکرایان بکاتو جەماوەرییان لێ ئاگادار بکاتەوە. بێگومان سەرچاوەی سەرەکی ئەم کەمو کورییانەش نەبوونی کۆمەنیکیشنو لێك تێنەگەیشتنو ئاستی ناهۆشیارییە.

## رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووس لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ تائێستا

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٩ەوە کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی دڵسۆزو بەتوانا، ئەو هزرەیان لا گەڵاڵە بوو، کەرۆژنامەنووسی بەرەو ئەکادیمی بوون بەرن، بۆ ئەو مەبەستە داواکارییەکیان پێشکەش بەئەنجومەنی وەزیرانی -سلێمانی، کرد ئەوانیش بیرەکەیان پێ پەسەند بوو، ئەوە بوو بۆیەکەمین جار لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەشی رۆژنامەنووسیان کرایەوە، یەکەمین پۆلیش کەوەرگیران (٣٠) رۆژنامەنووسی مومارسی نێو دەزگا راگەیاندنەکان بوونو هەر هەموویان بەوەرگرتنی تایبەت (قبول خاص) وەرگیران. هەر لەپاش ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران بریاریدا کەلەزانکۆی سلێمانی و لەکۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشی راگەیاندن بکرێتەوە، لێرەش بەهەمان شێوە (١٥٠) رۆژنامەنووس وەرگیران. هەروەها لەهەرێمی

هەولێریش بەهەمان شێوە بەشی راگەیاندن لەپەیمانگای تەکنیکی هەولێر کرایەوە.

ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەی لەبواری ڕۆژنامەگەریو ئازادی رادەربریندا هەبوو، هەوڵێك بوو بۆ بەزانستیو ئەکادیمیکردنی بواری ڕۆژنامەنووسیو چاندنی تۆوی ئازادی رادەربرین لەهزری ڕۆژنامەنووساندا.

بێجگە لەو گۆڕانکارییەی سەرەوە، لەرووی سیاسیشەوە گۆڕانکاری گەورە کراو ئەوەبوو، ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بەیەکجاری رووخاو هێزی فرەرەگەزی هاوپەیمانان هاتنە مەیدانەکەوەو لایەنی ئابووری هاوڵاتیان بەرەو باشتر رۆیشتو نرخی چاپەمەنی لەبازاڕەکاندا دابەزی، سنوورەکان کرانەوە ئامێری چاپی تازە هاتە شارە گەورەکانەوە و ژمارەیان زۆر بوو و نرخی چاپەمەنیش دابەزی.

وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان — سلێمانی، لەرێ رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠١ی وەزارەتی رۆشنبیری بەپشت بەستن بەمادەی (١٢)ی یاسای پشتگیرکردنی ڕۆژنامەگەری خوێندراوی ئازاد لەهەرێمی کوردستان، هەستا بەدابینکردنی بڕە پارەیەکی بۆ یارمەتی میدیای ئازاد دابین کرد و زیاتر هانی ڕۆژنامەگەری ئەهلی داو چەندەها ڕۆژنامەی دیکەش سەریان هەڵدا تائەو ئاستەی دەتوانین بڵێین زۆریو بۆرییەك لەرۆژنامەکاندا دەرکەوت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر کەدەبوو هەبووایە، ئەوە بوو نەتوانرا ڕۆژنامەی ڕۆژانە دابمەزرێت، بەڵکو ئەوانەی دەردەچن بەئێستاشەوە یان هەفتانە یان نیومانگ جارێك یاخود هەفتەی دووجار، بۆیە لەم ساڵانەدا چەند ڕۆژنامەیەکی ئەهلیو ئازاد کەوتنە بازاڕەوەو سەرنجی خوێنەرانی بەلای خۆیدا راکێشاو بووە جێ سەرنجی ڕۆژنامەنووسانو خوێنەران و ڕۆژ بەڕۆژیش خوێنەرانی ڕۆژنامە ئەهلیو ئازادەکان زیاتر دەبوون برەویان دەسەندو ڕۆژنامەنووسانیش زیاتر بەلای بڵاوکراوە ئازادەکاندا دەرۆشتنو لەو ماوەکەمەدا توانرا کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس بێنە مەیدانەکەوەو مەسەلە چارەنووسسازو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیو

*باشە کوردستانی نوێ و برایەتی (خەبات)) چن؟!

کلتوریو فەرهەنگیەکان بورووژێننو بتوانن بەوپەڕی ئازادی باس لە گرفتەکان بکەنو دەست لەکارو باری حکومەتو وەربدەنو گەندەڵییەکان بەپێی تواناو دەستکەوتنی بەڵگەو سەلمێنراو باس لەچەندەها کێشەی گەرماو گەرم بکەن، ئەمەش بەسەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری ئازادو ئازادی بیرورا ناودەبرێت، دەتوانین بڵێین ئێستاش ئەم ڕۆژنامانە هەر لەقۆناغی سەرەتایدانو کەمێك پێشکەوتن بەخۆیانەوە دەبینن، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویست وەك ڕۆژنامەگەری خۆرئاوا.

لەم قۆناغەدا ئاستی مامەڵەی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ لێپرسراوە حزبی و حکومییەکاندا لەچاو قۆناغەکانی پێش خۆی، بەهەمان شێوەی فۆرمی ڕۆژنامە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایبەتیش ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە دەزگاو ڕۆژنامە ئەهلیو ئازادەکاندا کار دەکەن، دەتوانن زۆر سەربەستانەو بوێرانە روو بەروویان بووەستنەوەو بتوانن زانیاری پێویست بەدەست بهێنن، هەندێ ڕۆژنامەنووسیش کەلەرۆژنامە بەرچاوەکاندا کار دەکەن، ناوی ڕۆژنامەکە بۆیان دەبێتە رێگا ئاسان کردن بۆ بینینی لێپرسراوە باڵاکان، کەئەمەش خۆی لەچەند هۆیەکدا بەرجەستە دەکات:

١-بڵاو بوونەوەو گەشەکردنی لایەنی زانستیو ئەکادیمی ڕۆژنامەوانی لەکوردستاندا، ئەویش لەرێگەی دەرچوانی پەیمانگاو کۆلیژەکانی راگەیاندنو هەروەها رۆڵی رێکخراوە بیانییە ڕۆژنامەوانییەکان لەکردنەوەی خولو ورك شۆپی تایبەت بەڕۆژنامەنووسانو بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەو پەیرەو پرۆگرامی رێکخراوە نێودەوڵەتییە ڕۆژنامەوانییەکانی جیهان.

٢-پەیوەست نەبوونی ڕۆژنامەوان بەکەناڵە حزبیەکانەوەو دەرکەوتنی کەناڵی ئازادو دەزگاو رێکخراوی تایبەتمەند بەبواری ڕۆژنامەنووسی، کەدەتوانن لەرێگایانەوە بەئازادی بیرو بۆچوونو رای تایبەتی خۆیان دەربرن، بەبێ سانسۆرو دانانی خەتی سوور بۆیان.

٣-نەبوونی بەربەستی ئابوری لەبەردەم ڕۆژنامەوانداو باش بوونی بژێوی ژیانو موچەیان لەدامو دەزگا حکومیەکانو پەیوەست نەبوونیان بەئەنجامدانی چەند کارێکی جوداو لەیەك نەچوو لەیەك ڕۆژدا بۆئەوەی ژیانی خۆیانو خێزانیان دابین بکەن.

٤-فراوانبوونی بواری بەرهەمهێنان و داهێنان لەبوارەکانی ئازادی رادەربڕین.

٥-سڵ کردنەوەی لێپرسراوە حزبی وحکومییەکان لەناوهێنانی هەندێ ڕۆژنامەی ئازادودوورە پەرێزیان لێی و شاردنەوەی زانیاری گەندەڵی و هەڵسو کەوتکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ئەم ڕۆژنامانە بەشێوەیەکی زیرەکانە.

بۆیە لەم قۆناغەدا هەست دەکەین کەرۆژنامە لەقۆناغی گەشەکردن و دەرکەوتنێتی و لەسەرەتای دانانی پێگەی ڕۆژنامەگەری ئازاددایەن و هێشتا قۆناغی زۆرو هیلاك بوون و ململانێیەکی زۆرمان لەپێشەوەیە، زۆری ماوە پێی بگوترێت دەسەڵاتی چوارەم، بەهەمان شێوەش چاوەکانی ڕۆژنامەنووسیش بەردەوام لەکرانەوەدایە بۆ بینینی دیاردە دزێو و شازەکانی ناو کۆمەڵگە، بەڵام وەك دەبینین هێشتا ئاستی مامەڵەو لێك تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و لێپرسراواندا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەوەك دوو هاوڵاتی بەکەڵك، باش لەکۆمەڵگەدا هاوشانی یەکدی کار بکەن.

## دەرەنجام

دەکرێ بڵێین پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسان ولێپرسراوە حکومی و حزبییەکان، بەپێی قۆناغی مێژوویی و بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کاریگەری ڕژێمی سیاسی و بەڕێوەبردن دەگۆڕێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانین سەرنج و تێبینییەکانمان لەسەر چەند خاڵێك گەڵاڵە بکەین:

١- لەزۆربەی قۆناغەکاندا پەیوەندی و لێك تێگەیشتن لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی حزبی و حکومیدا لاوازە.

٢- نەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان ڕۆژنامەنووس و بەرپرسدا.

٣-نەبوونی هۆشیاری تەواوەتی لای ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسان، سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردنی و جۆری ئەو مامەڵەی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٤-خۆدزینەوەی بەرپرسان لەو ئەرك و لێپرسراویەتییەی لەو قۆناغانانەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٥-هەست نەکردنی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرسیارێتی و ئەرکی سەرشانی لەو قۆناغەدا.

٦-بەکارهێنانی کاری ڕۆژنامەوانی لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە بۆ بەرەژوەندی تایبەتی خۆی.

٧-نەبوونی زانیاری پێویست لەبواری ڕۆژنامەوانی.

٨-بەکەم سەیرکردنی ڕۆژنامەوان و کاری ڕۆژنامەنووسی لەلایەن بەرپرسانەوە.

٩- کارنەکردنی ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسان لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون لەکۆمەڵگەدا.

١٠-چەق بەستووی بەرپرسان و نەگۆڕانیان لەگەڵ گۆڕانی گەورەی کۆمەڵگەداو هەزم نەکردنی بیری مۆدێرن و بنەما شارستانی و ژیارییەکان.

١١- خراپ بەکارهێنانی بەجیهانیبوون و تێنەگەیشتن لەوشەی بەجیهانیبوون و سوودوەرگرتن لێی بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان.

## سەرچاوەکان:


١- مەجید صالح، زانستی پەیوەندییە جەماوەرییەکان، ، لەبلاوکراوەکانی دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد ٢٠٠٢.

٢- د.کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغداد ١٩٧٨.

٣- ڕێبوار سیوەیلی، دنیای شتە جوانەکان، چاپخانەو ئۆفسێتی تیشك، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی٢٠٠٣.

٤- ماگی زانگەر، لەکلاشینکۆفەوە بۆ کیبۆرد، ڕۆژنامەڤانی ژمارە ٦-٧.

٥- هەڤاڵ ئەبوبکر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی، لەبلاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٢.

٦- هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕۆژنامەوانی لەسەردەمی جیهانگەراییدا، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.

٧- حەمەکەریم عارف، ڕاگەیاندن لەپەراوێزی دەسەڵاتدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠١.

٨- غوستاف لوبون، ترجمە: هاشم صالح، سیکولوجیة الجماهیر، دار الساقی، ١٩٩٧.

٩-سامان فوزی عمر، مسؤولیة الصحفي المدنیة عن أخطائة المهنیة، من منشورات اتحاد صحفي كردستان، ٢٠٠٣.

١٠- ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی تایبەتیم.

# رۆژنامەگەری کوردی لە کەرکووک

لەتیف فاتیح فەرەج

سەرەتا:

سالی ٢٠٠٤ لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی سلێمانی بۆم ڕێکەوت سەردانی "سنە" بکەم لەوێ لەو هەفتە رۆشنبیرییە بەشداریمان کرد کە بۆ کوردستانی ئەم دیو "سلێمانی" سازکرابوو، رۆژنامەی سیروان کە لە شاری سنە دەردەچێت و بەرێوەبەری جەلالی جەلالی زادەیە، داوایان لێکردم، شتێك لەسەر رۆژنامەوانی کەرکووك بنووسم، ئەودەم هەڵبەت نەسەرچاوەم لەبەر دەست بوو، نەشتێکی وا، بۆیە وتارێکم لە شەوێکدا بۆ نووسین و دواتر لە لاپەرە ١٢ی ژمارە ٢٨٥ی "سیروان" دا بلاوکرایەوە، ئەو نووسینە لەژێر ناوی "ئاورێك لە بارودۆخی رۆژنامەگەری کەرکووك" بوو لەوێدا سێ قۆناغم دیاری کردبوو، بۆ رۆژنامەگەری کوردی لە کەرکووك. دواتریش چەند خوێندکارێکی زانکۆ چەند جار پرسیاری ئەوەیان لێدەکردم بۆ شتێك لەسەر بزووتنەوەی رۆژنامەوانی کوردی کەرکووك نانووسم، بەندە سەرەرای نەبوونی سەرچاوەی پێویست، بریارم دا لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم بابەتە بنووسم و هەڵبەت دواتر ئەمە پرۆژەیەکی گەورەتری بە دوادا دێت و بۆ خۆشم کەلکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە لانی کەم لە دەرفەتێکی لەباردا ئەم نوسینە پەرەپێبدەم و بیکەمە لێکۆڵینەوەیەك ئەودەم رەنگە وردتر لەسەر ناوەرۆك، بابەت، لایەنی هونەری و تەکنیك و وردەکاری دیکە، قسە بکەم، بەلام بۆ گیانی شاد کردنی چرای رۆژنامەگەری کوردی" میقداد مەدحەت بەگ" ئەم دیارییە بچووکە لە کەرکووکەوە پێشکەشە دڵنیام ئەو چرایە تا دنیا دنیایە لە ئاسمانی مێژووی کوردا هەر بە گەشی و بە داگیرساوی دەمێنێتەوە.

## ١- بۆچی کەرکووك:

هەڵبژاردنی کەرکووك بۆ ئەوەی قسە لەسەر رۆژنامەگەری کوردی بکەم، تێیدا بەندە بەو زەبرو زەنگە زۆرەوە کە هەمیشە لەسەر ئەم شارە بووە، هەڵبەت لە بواری رۆژنامەگەری کوردیشدا هەر ئەو زەبرو زەنگە وایکردوە کە مێژووەکەی زۆر دوابکەوێ، سەرەرای ئەوەی کە پێش رۆژنامەگەری کوردی، رۆژنامەگەری تورکمانی و عەرەبی لەو شارەدا هەبووە، کەرکووك بە درێژایی مێژوو لەبەردەم هەرەشەدا بووە، ئەمەش وایکردووە کە روناکبیرە کوردەکانی زووتر شارەکە بەجێ بهێڵن، هەر بۆ نموونە ناوی کەرکووکلی نەجمەددین، یان نەجمەددین کەرکووکلی کە لە بەشی تورکی "هەتاوی کورد"دا کاری کردوە لە ئەستەنبوڵ، یان رەفیق حیلمی بیرمەند و نووسەر کە کەرکووك بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە سلێمانی، هەڵبژاردنی کەرکووك بۆ قسە لەسەر کردن لەو روانگەیەوەیە. لە لایەکی دیکەشەوە هەر یەکە لە سلێمانی و هەولێر تەنانەت بەغداو ئەستەنبوڵیش لەو بوارەدا زیاتر قسەیان لەسەر کراوەو بزووتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی لە سلێمانی، چەندین کتێبی لەم دوایانەدا لەسەر نووسراوە، لەم نێوانەدا وەك پێویست ئاوڕ لە کەرکووك نەدراوەتەوە، هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە چۆن "کوردستان" لە دەست پیاوەکانی سوڵتان عەبدولحەمید رۆژێ لە قاهیرە و رۆژی لە ژنێف و رۆژی لە بەریتانیا دەردەچێت، ئاوا رۆژنامەگەری کوردی کەرکووکیش بە دەستی دوژمنانی وشەی کوردی ئەو شارەوە، هەر رۆژە لە شوێنێ دەرچووە، ئەمەش مایەی سەرسورمان نییە کە کەرکووك رۆژنامەگەری شاخ و نهێنی زیاتر و بەربلاوترە لە هی شار، ئەگەر سەردەمی ئازادییەکە دەربکەینە دەرەوە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە کوردی

کەرکووک زۆر درەنگ پەنایان بردووتە بەر خوێندن و نووسین و ناوچە کوردەوارییە زۆر و زەوەندەکەی دەڤەری کەرکووک هێندەی سەرقاڵی ئاژەڵداری و وەرزێری و جووتیاری بوونە هێندە بایەخیان بە خوێندن و نووسین نەداوە، هەر بۆیە دەبینین درەنگتریش زیاتر کوڕە شێخ و مەلاکان ڕوودەکەنە نووسین و خوێندنەوە، هەر ئەوانیش پشکی زیاتریان لە ڕۆژنامەگەری کوردی کەرکووک بەردەکەوێ، ناوەکانی وەك عەبدولخالق ئەسیری، هیجری دەدەی کاکەیی، شێخ مارف، شێخ قادر بەرزنجی سەمەد خانەقا تا دوای لەو ناوانەن.

*** کەرکووك و سڕینەوە:**

ڕژێمە یەك لە دوایەکەکانی سەردەمەکانی "عوسمانی" لەو دەمانەدا کە دەستی بەسەر کەرکووکدا ڕاگەیشتووە و عێراقی پاشایەتی و عێراقی کۆماری، هەرگیز نەیانویستوە کورد لە کەرکووك پێشبکەوێ، نەك ئەوە بگرە بە هەمە چەشن هەوڵیان داوە بوونی کورد لەو ناوچەیە بسڕنەوە کوشت و بڕی عوسمانییەکان لەو ناوچانە و دوورخستنەوەی هەمەوەندەکان بۆ جەزائیر و سەرکوتکردنی هەموو دەنگەجیاوازەکان سیمایەکی دیاری ئەو سەردەمە بووە، هەر بۆیە دەبینین فەقێ قادری هەمەوەندی شاعیر لە شیعرەکانیدا سەرزەنشتی عوسمانییەکان دەکات. لەسەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا کەرکووك لە نێوان بەرداشی عوسمانی و ئینگلیز و عێراقی عەرەبیدا دەبێتە قوربانی و سەرەتاکانی لە کوردەواری خستنی ئەو شارە، لەو دەمەوە دەست پێدەکات کە کۆمپانیای نەوت دەکەوێتە گەڕ.

لە ناوەندی سییەکانیشدا لەسەر دەستی یاسین هاشمی سەرەك وەزیرانی ئەودەم پرۆسەی بەعەرەبکردن زیاتر پەرە دەسێنێ، ئیدی لەو دەمەوە تەعریب جێ بەتورککردنی عوسمانی چۆڵدەکات و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەچێتە واری جێبەجێ کردنی سەرتاسەرییەوە، سڕینەوە سڕینەوەی کەلتوور و بوون و کۆنینە و زمان و زۆر بواری دیکەش دەگرێتەوە، ئەم پرۆسەیە لە سەردەمی کۆماریدا بە تایبەت لە سەردەمی ڕەشی بەعسیەکاندا بە ڕادەیەك زیاد دەکات کە ئیدی جگە لە جۆرێك لە ڕووکەش، هیچ مانایەك بۆ بوونی کورد نامێنێتەوە، بەعسیەکان لە چەند مانگی ساڵی "١٩٦٣"دا کە بە هاوکاری عەرەبە نەتەوەییەکان دەگەنە دەسەلات، بەم جۆرە عەرەبەکان هان دەدەن بۆ گیان کورد "احنا البدو وين العدو" احنا العرب اهل الغيره نگرد الاكراد من ها الديره" ئەم بانگەشانە جگە لە بانگەشەی سڕینەوە هیچی دی نەبوو، بەعسییەکان کە جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٨ هاتنەوە سەر کورسی دەسەلات، ئیدی بە تەواوی دەستیان ئاوەڵا بوو، بۆ ئەوەی بەربنە گیان کوردی کەرکووك، لێرەشەوە هیچ بوارێك بۆ هەناسەدانی ڕۆشنبیری نەما و تەواوی ناوچە کوردییەکانی سەر بە کەرکووکیان ڕووخان و وێران کران یان دابڕێنران و خرانە سەر شوێنی دیکە، ئەم پرۆسانەش کە ئێمە نامانەوێ بە درێژی قسەیان لەسەر بکەین لەبەر ئەوەی لە هەردو کتێبی "کورد و کەرکووك، کورد قڕان" کە دووەمیان بە هاوبەشی من و مەجید ساڵح نووسیومانە قسەمان زۆر لەسەر کردووە، وایان کرد کە بەهیچ جۆرێك ڕۆژنامەوانی کوردی لە سنووری کەرکووکدا وەکو پێویست پەرە نەسێنێ و ئەوەش کە هەبووە هەمیشە لەبەردەم سڕینەوەدابووە، بۆ نموونە لەو بارەیەوە شەفەق لە سەرەتاوە لە کەرکووك و دواتر دەگوازرێتەوە ئازادی هەروەها، دەنگی داس هەروەها گۆڤاری گزنگ یەك ژمارەی لە کەرکووك و لە ژمارە دوو تا ژمارە ١٧ی لە شاخ دەردەچێت. سەرەڕای ئەو زەبرو زەنگ و سڕینەوەیەش ڕۆژنامەگەری کوردی لە کەرکووك بادرەنگیش دەستی پێکردبێت، بەڵام هەرگیز چۆکی دانەداوە.

*** کەرکووك و چاپخانە:**

بوونی چاپخانە لە کوردستان مێژووەکەی زۆر کۆن نییە، دەوڵەتی عوسمانی نەیویستوە چاپخانە بێنێتە ئەم وڵاتە، چاپخانەی ئەهلیش ئەو ڕۆژگارە بڕەوی نەبووە لە لایەکی دیکەشەوە هۆشیاری خەڵك بەرانبەر بە چاپخانە و بوونی چاپخانە لە کوردستان ڕۆڵی خۆی هەبووە، هەر بۆیە دەبینین زۆر درەنگ چاپخانە دەگاتە کوردستان، کەرکووك وەك شارێکی گەورەی کوردستان کە پێشتر ناوەندی ویلایەتی شارەزوور بووە جێی بایەخی عوسمانییەکان بووە، لەو ڕوانگەیەوە کە دەسەلاتی خۆی تیا پەرە پێبدات، یەکەمین چاپخانەیەك کە هێنراوەتە کەرکووك لە ساڵی

١٨٧٩ی زاینی ١٢٩٦ی رۆمی بووە لە سەردەمی فەیزی پاشادا پێدەچێت هەر ئەویش هێنابێتی. عوسمانییەکان لەو سەروبەندەدا بۆ زۆربەی شارە گەورەکان چاپخانەیان ناردووە، ئەو چاپخانەیە ناوی چاپخانەی ویلایەتی یان ویلایە بووە، دواتر هەر ئەم چاپخانەیە دەبێتە سەرەتایەك جگە لە کاروبارەکانی میری بیر لەوە بکرێتەوە کاری دیکەشی پێ بکرێ. چاپخانەی ویلایەت بە کۆنترین چاپخانەی کوردستان دەژمێردرێ. فەیزی پاشای کوڕی حوسێن پاشا ئەو دەمە ئەو چاپخانەیەی هێنا کە ویلایەتی کەرکوك "شارەزوور" وەك ویلایەتی سەربەخۆ ناسرا، دواتر ئەم چاپخانەیەش لەسەردەمی تەحسین پاشا برا بۆ مووسڵ، دووەم چاپخانە کە هاتوەتە کەرکوك لە سەروبەندی ساڵی ١٩٠٩ دا بووە کە ناوی چاپخانەی"سەنائع"ە ئەم چاپخانەیە محەمەد عونەلا کازمی موتەسەریف پاش کردنەوەی "قوتابخانەی سەنائع" بە رەزامەندی ئەو هات، ئەم چاپخانەیە تا کۆتایی جەنگی جیهانی چەندین رۆژنامە و گۆڤاری پێ چاپکراو دواتر گوازرایەوە بەغدا، ساڵی ١٩١١ ئەحمەد مەدەنی رۆژنامەنووس لە بەلجیکاوە چاپخانەی (حەوادس )ی هێنایە کەرکوك. ساڵی ١٩٢٦ چاپخانەی شارەوانی کەرکوك دامەزرا، دوای ئەوەش چەندین چاپخانە لەم شارە دامەزران وەك نەینەوا، تەتویج، تەرەقی، هیلال، کۆماری، شیمال، پیمار، عەسری و...هتد.

*** کەرکوك و رۆژنامە:**

بەهۆی هێنانی ئەو چاپخانانەوە بۆ کەرکوك بۆ یەکەمین جار لە قوتابخانەی سەنائیع ساڵی ١٩٠٩ رۆژنامەی دیواربەندی "زورنال" بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە، بە پێی ئەو سەرچاوانەی هەن ئەمە یەکەمین رۆژنامەی کەرکووکە، دواتر رۆژنامەی حەوادس دێت کە لە ٢٤ی شوباتی ١٩١١ بە شێوەی کۆپی لەسەر دەستی ئەحمەد قودسی زادە چاپ و بڵاوکراوەتەوە و حەوت ساڵ بەردەوام بووە، بە دوای ئەودا رۆژنامەی ئاژانس دێت ئەم دووانە واتە حەوادس و ئاژانس هەردووکیان تورکی بوونە، لە ساڵی ١٩١٣ گۆڤاری مەعاریف دیسان لەسەر دەستی قودسی زادە و محەمەد جەواد بۆ ماوەی هەر پازدە رۆژ جارێك دەردەچێت، بە دوایدا کەوکەبی مەعاریف و دوای ئەویش لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ رۆژنامەی نەجمە بڵاودەکرێتەوە، نەجمە لە سەرەتادا عەرەبی بووەو دواتر تورکی، هیجری دەدە و رەفیق حیلمی کاریان تێدا کردووە، هەروەها رۆژنامەی تەجەدود و رۆژنامەی کەرکووك دێت. رۆژنامەی کەرکوك بە زمانی تورکی و هەفتانە بووە، یەکەم ژمارەی لە رۆژی هەینی ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ بڵاوکراوەتەوە و ئەم رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٣٠ بە دواوە بۆ چل ژمارە سەرەتا دوو لاپەڕە و دواتر چوار لاپەڕەی کوردی هەبووە، ئەمیش هیجری دەدە و پیرەمێرد و ئەسیری نووسینیان تیا بڵاوکردوەتەوە، لە سەرەوەی بەشە کوردیەکە نووسراوە "هەموو شتێك ئەنووسێ ئێستاکە کە هەر رۆژانی دووشەمە دەردەچێت غەزەتەیەکی کوردی و تورکیە، هەڵبەت بە خێرایی ئەمە سەرەتای رۆژنامەگەرییە لە کەرکوك، بۆ زانیاری زیاتر دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی رۆژنامەگەری کوردی نووسینی عەبدولجەبار محەمەد جەباری ١٩٧٠ و ژمارە ٢٠ی گۆڤاری کەرکوك، بابەتێك لەسەر مێژوی زمانەوانی و گۆڕانە رۆشنبیرییەکان بە قەڵەمی سمکۆ بەهرۆز محەمەد.

**٢- رۆژنامەگەری کوردی لە کەرکوك:**

لە چاو رۆژنامەگەری دنیادا رۆژنامەگەری کوردی هەم زۆر درەنگ هەم لە دەرەوەی ماڵی کورد و لە دەرەوەی کوردستان چاوی هەڵهێنا ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەبروزەنگ و توند و تیژی عوسمانییەکان لەگەڵ کورد، یەکەمین رۆژنامەی کوردی "کوردستان ژمارە یەکی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە لە لایەن میقداد مەدحەت بەگی بەدرخان پاشاوە دەرچوو تا ساڵی "١٩٠٢" ٣١ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە و هەر چەند ژمارەی لە شوێنێك، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پیاوەکانی سوڵتان عەبدولحەمید لە میسر و تەنانەت لە ئەورووپاش بە دوای کوڕانی بەدرخان و رۆژنامەی کوردستانەوە بوون. "٣٢" ساڵ دوای ئەو مێژوە رۆژنامەی کەرکوك چوار لاپەڕە –تەرخان دەکات بۆ کوردی و بەپێی زانیاری من عەبدولخالق ئەسیری شاعیر سەرپەرشتی ئەو چوار لاپەڕەیە دەکات. ئەو دەمە رۆژنامەی ژیان پیرۆزبایی لەم هەنگاوە دەکات، دەشێ لە کەرکوکدا ئەم چوار لاپەڕەیەی رۆژنامەی

کـەرکوك کــە درێــژکراوەی ڕۆژنامـــەی پێـشووتری نەجمەیــە بــە ســەرەتای ســەرهەڵدانی ڕۆژنامەگــەری کوردی بزانین.

*** قۆناغـــە گەشـــەکانی ڕۆژنامەگـــەری کـــوردی لـــە کەرکوك:**

ڕۆژنامەگــەری کــوردی لــە کــەرکوك بــە چــەندین قۆنــاغی گەشــدا تێپــەڕیوە، لــەو قۆناغانــە بــترازێ هەمیشە ڕۆژنامەگەری کوردی لە کەرکوك لەبەردەم هەڕەشە و سڕینەوەدا بووە، وەکی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەروەك چۆن دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی بەسێ ماوە دیاری دەکات لە نامیلکەی "حـول الـصحافه الكرديـه"دا کە ساڵی ١٩٧٣ چاپ کراوە و دەڵێ ئەو سێ ماوەیە بریتین لە:

١- ماوەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەلیك
٢- ماوەی دوای کۆماری مهاباد
٣- ماوەی دوای شۆڕشی کۆماری

ئێمــەش ڕۆژنامەگــەری کوردیمــان لــە کەرکوکــدا بــە تایبەتی قۆناغە گەشەکانی پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی کردوە بەسێ قۆناغەوە:

١- قۆناغی سەروبەندی دوای شۆڕشی ١٩٥٨
٢- قۆناغی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠
٣- قۆناغی دوای ڕووسخانی بەعس ٢٠٠٣/٤/٩

دەکـرێ بــە خێرایــی لەســەر هەریــەك لــەم قۆناغــە بوەستین . . .

**١- قۆناغی سەروبەندی شۆڕشی ١٩٥٨**

لــەو قۆناغــەدا بزووتنــەوەی سیاســی ڕۆشــنبیری کوردی لە کەرکووکدا - لــە گەشــە و نەشــو نمایــەکی بەرچــاودا بــوو، ئەمــەش هــانی ڕووناکبیرانی کــوردی ئــەودەمی دا بــیر لــە دەرکردنــی گۆڤارێــك بکەنــەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ "پایزی ١٩٥٧ چــووم بــۆ کەرکوك، دوایی بــۆم دەرکــەوت بــاش بــوو چــووم بــۆ ئەوێ، ئەو کاتە کۆمــەڵێك ڕۆشــنبیریی سیاســی لــەوێ بــون و ســەرکردەکانی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان لەوێ لە کەرکوك بوون، عومەر دەبابە محامی بوو لــە کەرکوك، برایم ئەحمەد لە کەرکوك بوو، کۆمەڵێك لە مامۆستایانی سلێمانیش لە کەرکوك بوون لە. مــاوەی ساڵی ١٩٥٦ - و١٩٥٧ ڕاپــەڕینێك بوو، بۆیــە نــورەدین مــەحمود کــە (کــوردە) بــوو بــە ســەرەك وەزیرانــی عێــراق، شــێخ عەبــدولقادر ئەمــەی بــە هــەلزانی و ئیمتیــازی گۆڤــاری شــەفەقی وەرگــرت"(١) شــەفەق یەکــەمین ژمــارەی لــە ١٥ی کــانونی دووەمــی ١٩٥٨ دەرچوو تا تەمووزی ئەو ساڵە ٧ ژمارەی لێدەرچــوو، واتە ئەو ٧ مانگە زۆر بەڕێکی دەرچوو.ە لە شــەفەقدا ئــەم ناوانــە کاریــان دەکــرد "عەبــدولقادر بــەرزنجی، ئیبراهیم ئەحمەد، مارف بەرزنجی، سەمەد خانــەقاە، محەمــەدی مــەلا کــەریم، جــەمال خەزنــەدار، عوسمــان خۆشــناو هتــد. شــەفەق بــە هــەردوو زمــانی کــوردی و عــەرەبی دەردەچــوو، گۆڤــارێکی ئــەدەبی زانــستی کۆمەڵایــــەتی بــــوو، هــــەموو ناوەنــــدی مانگێــــك بڵاودەکرایەوە لە ژمارە ١٢ بەدواوە براوەتــە سلێمانی و دواتر بــووە بــە بــەیان و جارێکی دیکە هاتوەتــەوە کــەرکوك و لەســەروبەندی هــاتنی بەعــسیەکاندا لــە ساڵی ١٩٦٣ شــەفەق داخــراوە - بــە دوای شــەفەقدا ڕۆژنامــەی ئــازادی دێــت، ڕۆژنامــەی ئــازادی ئۆرگــانی حیزبــی شــیوعی لقــی کوردســتانی ســەر بــە پــارتی کۆمۆنیستی عێراق بووە، خاوەنی ئیمتیاز نافیع یونس بووە و دەســتەی نووســەران پێکهــاتووە لــە: محەمــەد کــەریم فــەتحوڵا، ئەحمــەد غــەفور، حوســێن عــارف، عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ژمــارە (یــەك )ی ئــازادی لــە یــەکی ئایــاری ســاڵی ١٩٥٩ دا دەرچــووە و دواتــر گوازراوەتــەوە بەغــدا تــا داخــستنی، ٥٦ ژمــارەی لێدەرچووە، لە ڕۆژنامەی ئازادیدا جگە لــەو ناوانــەی ســەرەوە، گــۆران، محەمــەدی مــەلا کــەریم، غــەفوری مــیرزا کــەریم مومتــاز حەیــدەری، جــەلال دەبــاغ، عەبدولڕەزاق بیمار "بابــەتیان بڵاوکردوەتــەوە، "ئــەم ڕۆژنامەیــە ڕۆژنامەیــەکی سیاســی ڕۆژانــە بــووەو لــە مــانگی ئــابی ســاڵی ١٩٦١ داخــراوە و بەگــشتی ٥٦ ژمــارەی لێدەرچــووە"(٢) دواتــر ڕۆژنامــەی ڕای گــەل دێــت کــە ئۆرگــان و زمــان حــاڵی پــارتی نیــشتمانی دیمــوکراتی بــووە و خــاوەن و سەرپەرشــتیار ســدیق بلوکێنی بووە، شوێنی دەرچوونی کــەرکوك و یەکــەم ژمارەی لە ٦ی ئەیلول ساڵی ١٩٥٩ بڵاوبوەتەوە و لە ســاڵی ١٩٦٣ داخــراوە دەســتەی نووســەرانی بریتــی بوون لــە محەمــەد مــەردان قەلەمچی، نــازم وەنــداوی، مەحمود تۆفیق و ٧٢ ژمارەی لێ دەرچووە. جگە لــەم سێ بڵاوکراوەیە کە هەرسێکیان دەکەونە سەرو بەنــدو دوای شۆڕشــی کۆمارییــەوە، لــە پــێش ئــەو مێــژووە و دواتــریش بڵاوکــراوەی دیکــە هــەبوون، بــۆ نموونــە

رۆژنامەی گاورباخی کە راستەوخۆ دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دەرچووە و رۆژنامەیەکی ئەدەبی بووە و عوسمان خۆشناو سەرپەرشتی کردووە یەکەم ژمارەی لە ١٩٥٩/٦/٢٩ دەرچووە و دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ کەرکووك. رۆژنامەی "دەنگی داس" کە لە ساڵی ١٩٤٧ دەرچووە، گۆڤاری تەلیعە کە لە ساڵی ١٩٦٠ بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەرچووە، هەروەها گۆڤاری دەنگی قوتابیان کە ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە و زمان حاڵی لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە، ئەمە جگە لە چەندین بڵاوکراوەی عەرەبی و تورکمانی کە پێویست نییە باسیان بکەین. بە گشتی ئەم قۆناغە قۆناغێکی گەشە لە مێژووی رۆژنامەوانی شاری کەرکووکدا، ئەگەرچی ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە لەژێر فشار و توند و تیژیدا نەبوونە، هەر بۆیەش دەبینین زۆرێك لەوانە یا زوو دادەخرێن یان لە کەرکووك دور دەخرێنەوە.

**٢- قۆناغی رێککەوتننامەی ١٩٧٠**

لەم قۆناغەشدا رۆشنبیرانی کورد هەوڵیاندا سوود لە بارودۆخەکە وەربگرن، ئەگەرچی بە بەردەوامی بەعس بە خراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ رووناکبیرانی کەرکووکدا دەکرد. ساڵانی رێککەوتننامەی نێوان شۆڕشی - رژێم چەند گۆڤارێك لە کەرکووك بڵاوکراونەتەوە، بەر لەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە گۆڤاری مەشخەڵ پێش رێککەوتننامەکە بەسێ ساڵ لەساڵی ١٩٦٧دا لە لایەن لقی سێی پارتیەوە بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی بەنهێنی دەرچووە.

لە ساڵی ١٩٧٢ گۆڤاری ئالای سووری سەر بە کۆمەڵەی مارکسی لینینی لە گەڕەکی ئازادی کەرکووك دەردەچێت، سەرپەرشتیاری شەهاب شێخ نوری و هاوکارانی فەرەیدون عەبدولقادر، ئەبو شەهاب و حەمیدە سورن" (٣) ئەم گۆڤارە سێ ژمارەی لێدەرچوو و بەرۆنیۆ چاپکراوە. هەر لەو ماوانەدا گۆڤاری گزنگ یەکەمین ژمارەی لە نیسانی ١٩٧٢ لە لایەك ڕەزاشوانەوە وەك گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد بڵاودەکرێتەوە و ئیدی تا ساڵی ١٩٨٣ دەرناچێتەوە کە ئەودەم لە شاخ حەمە کەریم عارف، محەمەد موکری، ئەحمەد عارف جارێکی دی دەستپێدەکەنەوە و تا ساڵی ١٩٩١ ژمارە ١٧ی گۆڤاری گزنگ - دەردەچێت. گۆڤارێکی دیکەی ئەو سەردەمە گۆڤاری بابە گورگورە لە ساڵی ١٩٧٣ دەردەچێت و لقی کەرکووکی قوتابیان تەنیا دوو ژمارەی لێ دەردەچێت.

**٣- قۆناغی دوای رووخانی بەعس**

بەر لەوەی قسە لەم قۆناغە بکەین، دەبێ بڵێین لە دوای راپەرینی ساڵی "١٩٩١" رۆژنامەگەری کوردی لە دەرەوەی کەرکووك لە شوێنە ئازادکراوەکانی دیکە لە سلێمانی و هەولێر و هەندێ قەزاو ناحیە رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە کۆکردنەوەی نووسەران و رۆژنامەنووسانی لە دەوری بڵاوکراوەکانیان. گۆڤارەکانی، گۆڤار لە کەلار، ئاران لە چەمچەماڵ، حەمرین لە دەربەندیخان و رۆژنامەکانی سەرەتای راپەڕین وەك بڵێسەی بابە گوڕگوڕ و بابە گوڕگوڕ و گۆڤاری بابە گوڕگوڕ و گۆڤاری پرۆژە و هاواری کەرکووك و گۆڤاری کەرکووك و ئەنفال و رووناکی و سۆراخ و چارەنوس و تا دوای، بەشێکی زۆرن لەو بڵاوکراوە و رۆژنامە و گۆڤارانە، بەڵام لەناو خودی کەرکووك لە دوای ٢٠٠٣/٤/١٠ کاتێك کە بەعس رووخا رۆژنامەنووسانی کەرکووك لەناو کەرکووکدا- کۆنفراسی خۆیان بەست، پێشتریش سێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، هەر دوای رزگاری کەرکووك لە کەرکووك دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد و هەرسێ رۆژنامەی باسەرە، کەرکووکی ئەمڕۆ، هەواڵ لە کەرکووك دەستکرا بە دەرکردنیان، دواتر دەزگای خەندانیش هاتە کەرکووك کە رۆژنامەی ئاسۆ دەردەکەن، ئەمە جگە لەوەی ئێستا چەند رۆژنامە و گۆڤارێك بە کوردی و عەرەبی دەردەچن. من نامەوێ زیاتر باسی عەرەبیەکان بکەم یان ئەوانەی عەرەب و تورکمان دەریدەکەن، بەڵام کوردیش بۆ خۆی هەندێ رۆژنامە بە عەرەبی دەردەکەن ، رۆژنامەکانی "کرکوك الجدیدە و کرکوك الغد" و گۆڤاری زەوی و بابە گوڕگوڕ و سبەی و نەبەء بەشێکن لەو بڵاوکراوانە، ئەمڕۆ دەزگای هەواڵ لە کەرکووك جگە لە هەواڵ کە هەفتانە هەموو شەمانێك دەردەچێت رۆژنامەی نەبەو بە عەرەبی و نرگال بە سریانی بڵاودەکاتەوە، هەروەها دەزگای شەفەقیش جگە لە باسەرە گۆڤاری

نەو شەفەق و منالانی بابەگوڕگوڕ بەڕێکی دەردەکات و هەموو مانگێکیش کتێبێك دەخاتە بازاڕەوە، کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووکیش ڕۆژنامەی کەرکووکی ئەمڕۆ و گۆڤارەکانی بانەڕۆژ بە کوردی و مستقبل بە عەرەبی و گۆڤاری کەرکوك بڵاودەکاتەوە. هەڵبەت لە دەوری ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە خەڵکێکی زۆر کۆبوەتەوە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەش سەرەتا دەرچوون و دواتر داخران لەوانە کەرکووکی نوێ و گەڕانەوە و رای ئازاد و سێبەر و...هتد.

یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکووکیش جگە لە درێژەدان بە گۆڤاری گزنگ ناو بەناو کتێب چاپ دەکات. بەگشتی ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر گەشی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەرییە لە کەرکوك و دەکرێ لێرە بەدواوە بەرەو باشتریش ببرێت.

*** قۆناغە رەشەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کەرکوك**

ئەمە هەروەکو لە سەرەتاوە باسمان کرد بریتییە لەو قۆناغەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی کەرکوك لەبەردەم هەڕەشە و ڕاونان و داخستن و گرتندا بووە، لەم قۆناغەدا رژێمە یەك لەدوا یەکەکان و بە تایبەت بەعس، بە هەمە شێوە بەربوونەتە وێزەی کورد و ڕێگای هەموو جۆرە چالاکی و بزووتنەوەیەکیان لێ گرتووە، ئەمەش وایکردوە کە بەشێك لەو چالاکیانە بچنە خانەی نهێنییەوە یان لە دەرەوەی کەرکووك لە شوێنەکانی دیکە دەستبکرێ بە بڵاوکردنەوەیان. بۆ نموونە دەبینین هەندێك گۆڤار و ڕۆژنامەیەك ژمارەیان لێ چاپکراوە و دواتر داخراون، لەوانە گۆڤاری نێرگز ساڵی ١٩٨٤ یەك ژمارە، گزنگ لە ١٩٧٢ یەك ژمارە و تا ساڵی ١٩٨٣ دەرناچێتەوە لە ٨٣ تا ٩١ تا ژمارە ١٧ و لەوە بەدواوەش تا ساڵی ٢٠٠٤ دەرناچێتەوە، ڕۆژنامەی بابە گوڕگوڕ یەك ژمارە، بڵێسەی بابە گوڕگوڕ یەك ژمارە، هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە هەن هەر ماوەیەك لە کەرکووك دەرچوونە و پاشتر بە ناچاری کەرکووکیان بەجێ هێشتووە و لە شوێنی دیکە درێژەیان بە دەرچوون و بڵاوبوونەوە داوە.

**ئەنجام:**

لەم نووسینە کورتەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەر کاتێك ئارامی و ئاسایش هەبێت، هەر کاتێك جۆرێك لە دیموکراتیەت و یەکدی قەبوڵ کردن هەبێت، هەر کاتێك دەستەڵات بە ئاگر و ئاسن بەر نەبێتە وێزەی خەڵك بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیش بەرەو پێشەوە دەچێت و بواری ئەوەی بۆدەڕەخسێ کە ئازادانە هەناسە بدات.

نابێ لێرەدا ڕۆڵی حیزبەکانیشمان لەبیر بچێت لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانی کەرکووکدا، هەڵبەت زۆرێك لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە راستەوخۆ یا نا راستەوخۆ لە پشتیانەوە بووە و لە پشتیانەوەیە. ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی کوردستانەوە هەبووە و هەیە. جارێکی دیکە بە هیوای ئەوەی ئەم نووسینە دواتر ببێتە پرۆژەیەکی چڕ و پڕ و وردتر.

**پەراوێزەکان:**

١- حەسەن یاسین،٣٤ وانە لە بارەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، ل٨٦ - ٨٧.

٢- حەمە ساڵح فەرهادی، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنوسی کوردی ١٩٨٨، ل ٤١ - ٤٢ .

٣- ئازاد خانەقینی، مادینا، سلێمانی ٢٠٠٠ ل١٣.


**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

١- دکتۆر کەمال فوئاد. کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ساڵی ٢٠٠٠ .

٢- وریا جاف. كركوك دراسه سياسيه واجتماعيه.

٣- حەمە ساڵح فەرهادی. چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنوسی کوردی، ١٩٨٨.

٤- عەبدولجەبار محەمەد جەباری مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ساڵی ١٩٧٠ .

٥- د.عزالدين مصطفى رسول حول الصحافة الكردية ١٩٧٣.

٦-دکتۆر محەمەد دلێر ئەمین میسری، ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کوردا لە مێژووی هاوچەرخدا ١٩٢٢ - ١٩٢٤ ساڵی ٢٠٠٤ .

٧- حەسەن یاسین، هەمان سەرچاوە.

**گۆڤار:**

٨-گۆڤاری کەرکوك ژمارە ٢٠ .

**ڕۆژنامە:**

٩-سیروان ژمارە ٢٨٥ ساڵی حەوتەم.


دوبیر ١ — سالا عوّلي — عدد ١

کردستان
١٣١٥

تعجبي کاغذێك في ربكه دڤي ربكێ مصري سز ئاڤ خوّيي في جريده‌يي لاوي بدرخان پاشا مقداد مدحت بكي هرجار دوهزار جريده‌يا بي بره ئازرسه ربكم كردستانێ دە بدين خاكي پازده روژا جاركي تيت تيساندن

عنوان
مصرده «كردستان» غزته‌سي
صاحب ومحرري بدرخان پاشا زاده
مقداد مدحت
كردستان خارجنده هر بر ايچون سنه‌لك ابونه بدلي ٨٠ غروشدر
كردستان داخلنده حصوصي ... مجاناً كوندريلور

كردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه تشويق ايچون نشر اولنور
اون بش گونده بر نشر اولنور كردجه غزته‌در

روژا پنجشێ‌ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه في ٩ نيسان سنه ١٣١٤

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژخدێ تعالىره ام مسلمان خلق بكرن. وطالبنا علم ومعرفتێره هش وزكاوەمه. در حقا عليا وعلم ومعرفتێره گلك آيتێن جليله واحاديث شريفه هنن دنيايێده چقاس مسلمان هين گوند وبازيرێن حياده مكتب ومدرسه وجريده هنن دنيايێده چه دبه چه نابه جريده دڤێسن. چقاس تێت ژكرداره كرد ژگلك قوما زيده‌تر خويي هش وزكانه چابرن دبين خوده راست وقوته خورتن ودنيا وكه قومين دي نه خوندانه نه‌دوانن دنيايێده چه دبه جيرانێ وان موسقوف چاوه‌يه وى چه بكه ئطالن لوما رحمنديه من آف جريده باها تيبي يادنا خدێ تعالى پاش تهو هر پازده روژاده جاركي آزي جريده‌كي بڤيسم. ناف في من كريه (كردستان) في جريده‌يده آزي بحنا قنجيا علم ومعرفتا بكم لكوديري معروف دكه لكوديري مدرسه ومكتبين قنج هنه آزي نيشا كردا بكم لكوديري چه شر دبه دولتين معظم چه دكن چاوه شر دكن تجارت چاوه دبه ازي حيا حكايت بكم حتى نهو كسي جريده‌كي هولي نفيسيه آف جريده‌يا مناها يا عولي‌يه لوما وي گلك كيايي هبين. از هيڤي دكم كيايا جريده‌يي زمنه بڤيسن حي تشت وكي تو چه دبن زكين باني هنكي دچه دكوه ربده آڤه ايدي آزي دست مقصدي بكم. (ومن الله التوفيق)

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتيه «العلماء ورثة الانبياء» آنكو علما وارثين انبيانه ژطرف خدێده مامورن وعظ ونصيحتي بدن خلكي ريا قنج نيشا وان بكن لوما گي علماين كردا چاره اون وعظ ونصيحتا بيژي دن ولي دقي اون مير وآغا وكرمانجين دناس وان تشويقا طالبنا علم ومعرفتي بكن ريا قنج نيشا وان بكن هكي اون وي نكن گنهي حيا سطوي ...

# هەواڵ لە ڕۆژنامەی

# کردستان ١٣١٥

ئامادەکردنی: بەهرۆز عەلی

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

### ١- دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ - ١٩١٨

گەرچی ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە، بەڵام لە کوردستاندا دەرنەچووە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ قەدەغەبوونی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردی لە ژێر فەرمانڕەوای حوکمی عوسمانیدا، بەتایبەتی لەسەر دەستی سوڵتان (عبدالحمیدی دووەم)دا.

کەواتە بەر لەوەی کاتو شوێنی ڕۆژنامەکە دیاری بکەین دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە ڕۆژنامەکە لە مەنفا دەرکراوە بەشێوەی پۆست گەیەنراوەتە دەست خوێنەرانی لە زۆربەی هەرێمەکانی کوردستان، وەك ناوچەی سلێمانیو کوردستانی سوریاو هەرێمی جەزیرەو بۆتان، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لە ژمارە[1] (٣)ی ڕۆژنامەکە کە لە ٢٨ی ذی الحجەی ساڵی (١٣١٤) کۆچی ١٩٨٩ ز، لەژێر ناونیشانی تەفریض لەشامەوە کە لەلایەن کوردێکەوە ناردراوە بەناوی (ن - ع) باس لەوە دەکات کە ڕۆژنامەکەیان پێگەیشتووە کوردەکانیانی لێئاگادارکراوەتەوە، هەروەها لە ژمارە (١٧)ی ڕۆژی پێنج شەممەی ٨ی ڕەبیعی ئاخری ساڵی ١٣١٥ك - ١٨٩٩ز لە ژێر ناونیشانی (نامەیەك لە کوردستانەوە گەیشتووە)[2].

کە کوردێك ناردویەتیو تیایدا نووسراوە (جگە لەیەك ژمارە سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانم بەدەست گەیشتووەو خوێندومەتەوە، ئەم پێشکەوتنە لەسایەی ئەو خۆراگریو تێکۆشانە لەڕادەبەدەرەی ئێوەیە، کە میللەتێکتان بەسەرنجدانو وردبوونەوە ئاشناکرد دەست خۆشیو پیرۆزبایتان لێدەکەم..)* وەك ئاماژەمان پێکرد ڕۆژنامەی کوردستان لەدەرەوەی کوردستان لەدەرەوەش لە شوێنی جیاجیاو لەکاتی جیاجیا دەرکراوە.

لێرەدا قۆناغەکانی ئەو کاتو شوێنانە دەخەینە ڕوو کە ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، ژمارە (١-٥)ی لە قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە دەرکراوە لە چاپخانەی ئەلهلال چاپکراوە[3]، بەڵام لەدوای ئەو ژمارەی بەهۆی دڕندەیی سوڵتان عەبدولحەمیدو فشارخستنە سەر میقداد مەدحەتو گەڕاندنەوەی بۆ

---

(1) کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی د. کەمال فوئاد ل٧٧

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٦

* ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٧ی ڕۆژی ٥شەممە ٨ی ڕەبیعی ئاخر ساڵی ١٨٨٩ز

(3) د. فەرهاد پیرباڵ - پێشەکی بۆ کتێبی ڕۆژنامەی کوردستان ل٩

ئەستەنبۆڵ، ڕۆژنامەکە لە قاهیرە دەوەستێو لە ژمارەی (٦–٣١)ی دەوری یەکەم لەژنێفی سویسرا لەلایەن عەبدولڕەحمان بەدرخانەوە دەردەکرێت، لەچاپخانەی (جەمعیەتا تفاقو قنجیا مسلمان)[٤].

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بۆ لە قاهیرە ڕۆژنامەکە وەستاوە، لەسەروتاری ژمارە (٦)دا عەبدولڕەحمان بەدرخان نووسیویەتی ((ئەم جەریدەیە تا ئێستا برای من دەریدەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی خونکار، نەیهێشت ئەو لە میسر دانیشێت، گەڕایەوە بۆ ئەستەنبۆڵ نەیتوانی جەریدەکەی دەربکات، چونکە پیاوە گەورەکانی خونکار– مەبەستی لە خونکار سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمە، هەموو خائنن یەکێکیان ناوی ئەبولعودایە، لە هەموویان زیاتر نەیاری بنەماڵەی بەدرخانییەکانە-. ئەو نەیاری هەموو کوردانە، ئەو ناهێڵێ کوڕانی بەدرخان جەریدەیەکی وا دەربکەن کە ببێتە مایەی خۆشی بۆ کوردان، منیش کە کوڕی میر بەدرخانم لەبەر تەعسوبو حەمیەتی خۆم لە موڵکی سوڵتان دەرچووموو هاتمە دیاری غەریبی تا خزمەت بە میللەتو نەتەوەکەم بکەم)).

بەم جۆرە لە ژمارە (٦)ەوە عەبدولڕەحمان بەگی برای میقداد مەدحەت بەدرخان لە ژنێف ڕۆژنامەکەی بەڕێوەبردووە، تا ژمارە (١٩)ی خولی یەکەم لە ڕۆژی ١٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٩٩، هەروەها لە ژمارە (٢٠–٢٣) هەمان خول جارێکی تر لە قاهیرە لە چاپخانەی ئەلهندیە چاپکرایەوە[٥]، دواتر لە ژمارە ٢٤ تا ژمارە ٢٩ لە بەریتانیا دەرکراوە، ژمارەی ٢٤ لەشاری لەندەنو ژمارە (٢٥–٢٩) لەشاری فلکستۆن لە چاپخانەی (ئینتقام) چاپکراو[٦]، دواتر خولی سێهەم لە ساڵی ١٩١٧ لە ژمارە (١)ەوە دەستپێدەکات تا ساڵی ١٩١٨و جارێکی تر لە ئەوروپاوە گەڕایەوە بۆ میسرو لە قاهیرە دەرکرا، ئەمجارەیان لەلایەن سەرنووسەری سێهەمی ڕۆژنامەکە، سورەیا ئەمین عالی بەگ بەدرخانی برازای هەردوو سەرنووسەری پێشووتر مقیداد – مەدحەت بەدرخانو عەبدولڕەحمان بەدرخان.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەپێی ئەم خشتەیە، کاتو شوێنی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (١٨٩٨–١٩١٨) دەست نیشان بکەین.

**کاتو شوێنی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (١٨٩٨–١٩١٨)**

| ژمارە | کات | شوێن | سەرنووسەر |
|---|---|---|---|
| (١ تا ٥) خولی یەکەم | ٢٢نیسانی ١٨٩٨ تا ٧ی حوزەیرانی ١٨٩٨ | میسر، شاری قاهیرە چاپخانەی ئەلهلال | میقداد مەدحەت بەردخان |
| (٦ تا ١٩) خولی یەکەم | ساڵی ١٨٩٩ | سویسرا شاری (ژنێف) چاپخانەی جەمعیەتا تفاقو قتجیا مسلمان | عبدالرحمن بەدرخان |
| (٢٠ تا ٢٣) خولی یەکەم | ساڵی ١٩٠٠ | میسر، شاری قاهیرە چاپخانەی ئەلهندیە | عبدالرحمان بەدرخان |
| (٢٤) خولی یەکەم | ساڵی ١٩٠٠ | بەریتانیا شاری لەندەن | عبدالرحمان بەدرخان |
| (٢٥ تا ٢٩) خولی یەکەم | ساڵی ١٩٠١ تا ١٩٠٢ | بەریتانیا شاری فلکستۆن چاپخانەی ئینتقام | عبدالرحمان بەدرخان |
| (٣٠ تا ٣١) خولی یەکەم | ساڵی ١٩٠٢ | سویسرا ژنێف | عبدالرحمان بەدرخان |
| خولی سێهەم، دیسانەوە لە ژمارە (١) دەست پێدەکاتەوە (١ تا ١١) خولی سێیەم | لەنێوان ساڵی ١٩١٧– ١٩١٨ | شاری قاهیرە | سورەیا ئەمین عەلی بەگ بەدرخان |

---

[٤] چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی، ڕۆژنامەگەری کوردی– نەوشیروان مستەفا ل٤٤–٤٥

[٥] د. فەرهاد پیرباڵ، پێشەکی بۆ کتێبی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ڕۆژنامەی کوردستان ل١٠

[٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو

**تێبینی:** خولی دووەمی رۆژنامەی کوردستان، ساڵی ١٩٠٨– ١٩٠٩ لە ئەستەنبوڵ دەرکرا، بەڵام بەهۆی گرتنی سورەیا بەدرخان سەرنووسەرەکەی رۆژنامەکە وەستاوە[٧]، (لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە داخرا)، هەروەها ژمارەی ئەو خولە لەبەردەستدا نەماوە.

## ٢–بارودۆخی ئەو سەردەمەی رۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچووە ١٨٩٨–١٩١٨

وەك لەسەرەتای بەشی دووەم، لەدەستنیشان کردنی کاتو شوێنی دەرکردنی رۆژنامە، لە قۆناغەکاندا کە لەساڵانی (١٨٩٨–١٩٠٢) لەدەورەی یەکەمداو ساڵی (١٩٠٨–١٩٠٩) لەدەورەی دووەمداو ساڵی (١٩١٧–١٩١٨) کە دەکاتە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لەدەورەی سێیەمدا. بەشێوەی پچرپچڕ، رۆژنامەی کوردستان دەرکراوە.

لە هەر قۆناغێك لەو قۆناغانەدا کە رۆژنامەکەی تێدا دەرکراوە[٨]. رۆژنامەی کوردستان مێژووی هەر گۆڕانکارییەك لەناوچەکە بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تێدا هاتبێت، لەنووسینەکانیدا، رەنگی داوەتەوە، بەجۆرێك کە هێڵی سیاسی رۆژنامەکەی دیاریکردووە.

وێڕای ئەمانە خولی سێیەکی دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان، لەیەکلابوونەوەی گەورەترین روداوی جیهانی، کە قورساییەکەی کەوتبووە کوردستانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش جەنگی جیهانی یەکەم بوو، رۆژنامەکە بەشێوەی زنجیرەی–و بە بەردەوامی هەواڵی شەڕەکانو گۆڕانکارییەکانی ئەو جەنگەی نێوان، (ئەوروپا – ئەوروپا)و (ئەوروپا– عوسمانی)، بڵاوکردۆتەوە، کەواتە ئەو بارودۆخەی کە رۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرکراوە.، پڕن لە گۆڕانکاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، کە بەلێکۆڵینەوەیەکو دووانو سیان، هەموو لایەنەکانی ناخرێتە روو. جای لێکۆڵینەوەیەکی وادا، کە تایبەتە بە چۆنێتی هەواڵ لەی رۆژنامەی کوردستان، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بەکورتی تیشك بخەینە سەر گەورەترین، روداو لەو بارودۆخەدا، کە رۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، ئەویش لەو خاڵانەی خوارەوەدا جیای دەکەینەوە.

### أ–بارودۆخی سیاسی

لەیەکەمین خولدا کە رۆژنامەی کوردستان دەرچووە، رۆژگارەکانی چەندین گۆڕانکاری سیاسی بەخۆوە بینیوە، لەسەر ئاستی دەوڵیو لە سەر ئاستی ناوخۆی ولایەتەکانی عوسمانیداو لەسەر ئاستی دەرەکیدا، گۆڕانکارییە سیاسییەکان جەنگی جیهانی یەکەم، کە بەرەبەرە کۆتایی بە دەسەڵاتی عوسمانی دێتو وڵاتانی رۆژئاوا، دەیان خەنە ژێر رکێفی خۆیان، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆی عوسمانیدا، لەو سەردەمەدا، دەنگی ناڕەزاییو شۆڕشکردن دەگاتە ئاستێکی دیار دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر بەتایبەت سوڵتان (عبدالحمیدی دووەم) کە بەپیاوە نەخۆشەکە ناسرابوو بەهۆی گەندەڵی ئیداریو سیاسی، ئەمە وایکرد، کە چەندین گۆڕانکاری سیاسیو دروستبوونی رێکخراوی سیاسی لە پێناو بەدەستورکردنی تورکیاو دانانی ئەنجومەنی مەشروتە لە تورکیا دابمەزرێت.

**لێرەوە بەشێك لەو گۆڕانکاریە سیاسیو دەرەنجامەکەی دەخرێنە روو:**

**١–بەرپابوونی شۆڕشی دەستوری لە تورکیا**

ساڵی ١٩٠٨، کە رۆژنامەی کوردستان لە خولی دووەمیدا، لە ئەستەنبوڵ دەرکراوە. گەندەڵی ئیداریو سیاسی لەولایەتەکانی عوسمانیداو بەتایبەتی لەسەر دەستی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم کە سەرجارە ناسرابوو لەبەر دڕندەیی خوێنرێژی، تا دەهات دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە حکومەت دەردەبڕدراو داوای چاککردنی ئیدارەو حوکمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکرا، دەرەنجام خۆی لە شۆڕشێکدا بینیەوە.

ساڵی ١٩٠٨ شۆڕش دژ بە عوسمانی کراو، یاسایی دەستوری بنەڕەتی بەسەر سولتاندا سەپێنرا[٩]. ئەمەش داوای هەموو ئازادیخوازەکانی عوسمانلی بوو، بە نەتەوە جیاوازەکانەوە، کە هەڵبژاردەی کورد، رۆڵی گرنگی تێدا بینیووە، ئەو دروشمە سەرەکیانەی ناڕەزایی پێدەر دەبڕدرا، هەمان ئەو دروشمانە بوون لە سەردەمی

---

[٧] چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی، نەوشیروان مستەفا ل٢٥

[٨] د. فەرهاد پیربالّ، پێشەکی بۆ کتێبی کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ل٣٠

[٩] چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی — نەوشیروان مستەفا ل٢٠

شۆڕشی فەرەنسا[١٠]، لەدژی پاشاو سیستمی پادشایەتی بەرزکرابوونەوە، کورد لەو سەرو بەندەدا سودی لەو ئازادییە وەرگرتووە، کە چەندین رێکخراوی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری تایبەت بەخۆی لەناو ئەستەنبوڵدا دامەزراند. کە لەسەر ئاستی تاکو گروپو رێکخراو کەوتنە جموجوڵی سیاسیو دروستکردنی قوتابخانەی کوردی، ئەمانەش لە پێناو ناساندنی ناسنامەی گەلی کوردو دانپیانانی مافی نەتەوایەتی بوو.

**٢-دامەزراندنی کورد- تەعاونو تەرەقی جەمعیەتی لە تورکیا**

دوای ئینقلابی عوسمانی ساڵی ١٩٠٨، جەمعیەی تەعاونو تەرەقی کوردی، (کورد - تەعاونو تەرەقی جەمعیەتی) لەلایەن نوخبەی کوردەکانی بابانیو شەمدینیو بەدرخانی لە ئەستەنبوڵ دامەزرا[١١]، ئەمەش بە گەورەترین دەستکەوتی سیاسی دادەنرێت لە مێژووی سیاسی گەلی کورد لەو سەردەمەدا، کە هەوڵی چەسپاندنی مافەکانی نەتەوەیی کوردی دەدا لەناو چوارچێوەی جامیعەی عوسمانیدا، بەڵام هەر زوو چالاکییە سیاسییەکانی ئەو رێکخراوە کەوتە بەر سەرکوتکردنو راوەدوونانو دەستگیرکردنی ئەندامەکانیو دادگایکردنیان.

کەواتە لەو بارودۆخە سیاسیەدا، هەمیشە کوردو نەتەوەکەی کەوتبوونە بەر هێرشی سەرکوتکردنو چەوساندنەوەو زەوتکردنی مافەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی ناڕەزایی تا دەهات بەردەوام بووە، ئەمانە لەدیارترین سیما سیاسییەکانی بارودۆخی ئەو سەردەمە بوون کە رۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچووە.

**ب-بارودۆخی رۆشنبیری ئەو سەردەمەی رۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچووە**

لە پێشدا باسی بارودۆخی سیاسی ئەو دەمانەمان کرد، کە رۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچووە، بێگومان بارودۆخی رۆشنبیری ئەو کاتەش کە رۆژنامەکەی تێدا دەرکراوە تەواو پەیوەندی بەبارودۆخە سیاسیەکەوە هەبووە، دوای تەنگ پێهەڵچنین بەسەر بڕیارەکانی ئیمپراتۆر، لەسەرەتایی ساڵی ١٩٠٠وە[١٢]، چەندین بڵاوکراوەو رۆژنامەی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەرکران، گەلی کوردیش لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەو نووسەرو سیاسەتمەدارو رۆشنبیرانەی کە لە ئەستەنبوڵ دەژیان، کەوتە جموجوڵی فەرهەنگی، چەندین بڵاوکراوەو رۆژنامە بە کوردی دەرچوون، لە گەڵ دانانی کتێبو چاپکردنی بابەتی مێژووی نەتەوەیی کوردا، هەروەها زۆربەیەك لەو بابەتانە، خۆیان لە نووسینی فکریو ئەدەبیاتو شعردا دەبینێتەوە، نموونە وەك بڵاوکراوەکانی ئیتحادو تەرەقیو کۆمەڵەی هێڤی، بڵاوکراوەکانی ئەم رێکخراوانە بریتیبوون لە رۆژنامەی کورد- تەعاونو تەرەقی غەزەتەسی خاوەنو سەرنووسەرەکەی رۆشنبیری گەورەی کورد (سولەیمانیلەی توفیق)[١٣]. پیرەمێردی نەمر بووە کە لەساڵی ١٩٠٩دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها رۆژنامەی رۆژی کورد دواتر بۆتە هەتاوی کورد، لەناو ئەو بڵاوکراوانە چەندین قەڵەمی گەورەی کورد تیایدا دەنووسی کە خاوەن رۆشنبیریەکی فراوان بوون، لەو قەڵەمانە (عەبدوڵڵا جەودەت، د. ئیسحاق سکوتی، عبدالرحمن بەدرخان، عبدالکریم کەرکوکلیو چەندانی تر)[١٤].

کە هەندێکیان زمانە رۆژئاواییە زیندووەکانیان زانیوە، بەتایبەت زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانی، ئەمانە بەهۆی ئەوەی لە ئەوروپادا ژیابوون، بەتەواوەتی کاریگەری کلتوری رۆژئاواییان پێوە دیار بووە، لەلایەکی ترەوە ئەم رۆشنبیرانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، بەتایبەتی نووسەرانی بەدرخانییەکان کە مرۆڤی کورد لە کەلتوری ئیسلامی عوسمانلیەوە، بپەڕێتەوە بۆ کلتوری نەتەوەیی رەسەنی هاوچەرخ، ئەمەش بەخاڵێکی گرنگی بەرجەستەبوونی رۆشنبیری کوردی لەو سەردەمەدا هێنانەدی زمانی نووسین بەکوردی بوو، چونکە پێش ئەوە بەتایبەتی پەخشان زیاتر بە زمانی (فارسیو عەرەبیو تورکی) دەنووسران، ئەم رۆشنبیرانە زمانی کوردیان زیندووکردەوە، تاکو ساڵی ١٨٩٨ واتە تا ئەو دەمەی رۆژنامەی کوردستان دەرکراوە، پەخشان

---

(١٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٠
(١١) چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی - نەوشیروان مستەفا ل٢٤
(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٠
(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٤
(١٤) فەرهاد پیرباڵ پێشەکی یەکەمین رۆژنامەی کوردی - کوردستان ل ٢٠

نووسین تەنیا لەلایەن چینی سەرەوە وەك مەلاکانو فەقێیانو رێبەرە ئاینییەکانەوە دەنووسران وەك (مەلا مەحمودی بایەزیدیو مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کاك ئەحمەدی شێخ)[١٥]، ئەمەش زیاتر بۆ گێڕانەوەی حیکایەتو مەولودنامەو لێکدانەوە ئاینییەکان بوو، بەڵام لەدوای دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان کە پێهەنگاوێك بوو بۆ بڵاوکراوەکانی دوای خۆی لە سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیدا بە کوردی نووسین وردە وردە هاتە بوون کە چەندین وتاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو رەخنەی ئەدەبی هاتنە کایەوە، لەو دەمەوە جموجوڵی ئەدەبیو رۆشنبیری کوردیو تازەگەری دروستبوون، کە تیایدا چەندین ژانری ئەدەبی نوێ بۆ یەکەمجار لەناو منداڵدانی ئەو چالاکییانە دروستبوون، بەکورتی ئەمە بارودۆخی رۆشنبیری ئەو سەردەمە بوون، کە سیما دیارەکانی بریتیبوون لە، بارودۆخی رۆشنبیری لەسەر دەستی تاك گەشەی کرد، نەك لەلایەن دامەزراوەی کۆمەڵایەتیو دەوڵەتی، رۆشنبیری کوردی بەتایبەتی مێژووی کورد، بەزمانی تورکیو فارسی نووسراوەتەوە، ئەمەش گرنگیەکەی لەوەدایە، تاوەکو زانیاری دەربارەی کورد، بگوازرێتەوە بۆ نەتەوەکانی ترو ئەدەبو فەرهەنگی کوردی بەو گەلانە بناسێنن.

## ٣-روخساری رۆژنامەی کوردستان

لەڕاستیدا گەر روخساری رۆژنامەی کوردستان، بەراورد بکەین بەروخساری هونەری دەرهێنانی رۆژنامە، لەچوارچێوەی نەخشە سازیدا، بۆمان دەردەکەوێت، کە روخسارێکی زۆر سادەو ساکاری هەیەو بەپێی بنەماکانی هونەری دەرهێنانی رۆژنامە، رووخساری بۆنەکراوە.

ئەوەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەو سای کورد لەژێر دەسەڵاتی حوکمی عوسمانلیدا، ئەوەندە ئامانجی سەرەکی پەیامە نەتەوایەتیو سیاسیەکەی بووە، هێندە مەبەستی لایەنی هونەری رۆژنامەکە نەبووە بۆیە لەو بارەیەوە لایەنی هونەری رۆژنامەکە فەرامۆشکراوە، چونکە لە رۆژنامەکاندا وێنە بەکارنەهاتووە، کە رەگەزێکی گرنگی هونەری دەرهێنانی رۆژنامەیە، هەروەها بابەتەکان جیانەکراونەتەوە بەسەر روپەڕی رۆژنامەکەدا، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەکە لەڕووی دەرهێنانو نەخشەسازییەوە، لاوازبووە، بۆیە ناوەڕۆك زیاتر جێگەی بایەخپێدانی بووە، لێرەدا هەوڵدەدەین بەپێی خولەکانی دەرچوونی واتە خولی یەکەمو دووەمو سێیەم، گۆڕانکاری بەسەر شێوازی فۆرمی نووسینو قەبارەو ستوونو هێڵو ئارمو ناونیشانەکەیدا هاتووە، هەروەها لەبەر ئەوەی ژمارەکانی خولی دووەم لەبەردەستدانییە، تەنها دەستنیشانی ژمارەکانی خولی سێیەم دەکەین.

**(خولی یەکەم)**[١٦]

بەزمانی کرمانجی سەروو بەشێوەی جەزیرەو بۆتانو هەروەها بەزمانی تورکی عوسمانی نووسراوە، بە پێتی عەرەبیو ئیملای فارسی، کە بەچوار لاپەڕەی قەبارە (٢٥,٥ *٣٢,٥)سم دەرچووە.

لەم خولەدا، ژمارە (١-١٩) هەموو نووسینەکان بەسەر دوو ستووندا بڵاوکراونەتەوەو بە یەك قەبارەو یەك جۆری فۆنت.

ئارمەکەی واتا ناوەکەی (کوردستان) بە خەتی فارسی نووسراوە، بەڵام لە ژمارە (٢٠-٢٤) روخسارەکەی کەمێك گۆڕدراوە لە دوو ستونەوە کراوەتە ٣ ستوونو فۆنتی نووسینەکانیش قەبارەکەیان ورد بۆتەوە.

لەژمارە (٢٥-٣١) کە دوا ژمارەی خولی یەکەمە نووسینەکان دەبێتەوە بە دوو ستوونو قەبارەی فۆنتەکانیش گەورەتر دەبێتەوە.

**(خولی سێیەم)**

رۆژنامەکە بەتەواوەتی هەستی پێدەکرێ کە رووخسارەکەی لەگەڵ ژمارەکانی خولی یەکەمدا گۆڕدراوە، لەم روانەوە.

- شێوەی نووسینی ئارمی رۆژنامەکە واتە ناوەکەی لە خەتی فارسییەوە گۆڕدراوە بۆ خەتی (سولس).

---

[١٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[١٦] کوردستان، یەکەمین رۆژنامەیکوردی د. کەمال فوئاد ل١

- قەبارەی فۆنتەکان گەورەتر بوون.
- لە دووستونەوە بۆتە سێ ستوون.
- هێڵ لەنێوان ستوونەکانیدا نەکێشراون.

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ژمارەکانی خولی سێیەم کە لە ژمارە (١)وە دەستپێکردۆتەوە تا ژمارە (١١)ی لێدەرچووە.

رووخسارەکەی لەچاو ژمارەکانی خولی یەکەمدا باشتر بووە، چونکە بابەتەکان باشتر دابەشکراون بەسەر رووپەڕی ڕۆژنامەکەداو جوانتر جیاکراونەتەوە. هەروەها ناونیشانی بابەتەکانیش ، دیارتر دانراوە، ئەم (١١) ژمارەیەی خولی سێیەم. بە (چوار) لاپەڕە دەرچووە، بە قەبارەی (٢٨,٥ * ٤١) سم واتە قەبارەکەی گەورەتر بووە[١٧].

**٤-ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان**

وەك لەڕوخساری ڕۆژنامەی کوردستاندا، ئاماژەمان پێکرد، ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان، زۆر زاڵە بەسەر شێوازی رووخساری ڕۆژنامەکە.

ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوەندە مەبەستو پەیامی ڕۆژنامە جێگەی گرنگو بایەخ بووە، ئەوەندە، گرنگی نەدراوە بەڕوخسارەکەی، ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە، کە سوڵتانی عوسمانی بە هەموو جۆرێك دژی ئازادیخوازی نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە، بەتایبەتی، بەر هەڵستکارێکی گەورەی کوردو شۆڕشەکانی بووە، بەجۆرێك لێی گرتوونو لێی دورخستوونەتەوەو چەوساندونیەتەوە، بۆیە ڕۆژنامەکە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری جۆرێك لە پەیامی ڕۆژنامەوانی خۆی بووە، ئەوەندەش مەبەستی بووە ئەم پەیامە ئاڕاستە بکات بۆ جەماوەر، ئەوەندە مەبەستی شکڵو روخساری ڕۆژنامەکە بووە، هەروەها ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە لە قۆناغەکانو خولەکانی دەرچوونیدا وەك یەك نین بەڵکو لە هەر خولێکی دەرچوونیدا، لەگەڵ هەر خاوەنو سەرنووسەرەکەیدا، ناوەرۆكو پەیامەکەشی دەگۆڕێت.

لە ژمارە سەرەتاییەکانیدا، کە میقداد مەدحەت بەدرخان سەرنووسەریەتی، دەبینین پەیامەکە واتە ناوەرۆکی ڕۆژنامە ئاڕاستیەکی ریفۆرمیستی لە خۆگرتووە، گوتارێکی هۆشیاری مەعریفی پێیە بۆ نەتەوەی کورد، بڕوانە بەشێك لەم وتارە کە لە ژمارە، ٢ی ڕۆژنامەی کوردستان ٢٣نیسانی ساڵی ١٨٩٨دا بڵاوکراوەتەوە.

"ئەی زاناو میرو ئاغایانی کورد، ئەگەر ئەو خەڵکەی لە ژێر دەسەڵاتی ئێوەدان، فێری خوێندنەوە نەبنو نەیان خەنە بەر خوێندن فێری زانینو سەنعەت نەبن، ئەوا لەدنیاو قیامەتدا ئۆباڵیان لە ئەستۆی ئێوەدایە، وەك چۆن مەسیحییەکانی دراوسێی موسوڵمانەکانی (ئەندەلوس) هەموو ناوچەیان داگیرکردو موسوڵمانانی ناوچەیان کرد بە مەسیحی، ئاوهاش مەسکوفیەکانی دراوسی، ئێوە ڕۆژێك دێت کوردستانی ئێوە داگیردەکەنو ئەوسا ناتوانن لە دەستیان رزگاربن ئیستا هەموو هێزو توانای خۆتان بەدەست خۆتانەو باشیکەنو کاربکەنو بخوێننو فێری سەنعەتو زانین بن، ئێوەش دەتوانن خۆتان لەشەڕی دراوسێکان بپارێزن"[١٨].

ئەمە بەشێك بوو لەو نوسینەی کە لەڕۆژنامەی کوردستانو لەلایەن سەرنووسەرەکەی میقداد مەدحەت بەدرخانەوە نووسراوە.

دەردەکەوێت پەیامەکەی جۆرێك لە ئامۆژگاری تێدایە، بۆ نەتەوەی کوردو هانی خوێندنو مەعریفەیان دەدات، کە لە هەر (٥) ژمارەی خولی یەکەم کە میقداد مەدحەت سەرنووسەری بووە.

ئەم ئامۆژگاریو داواکارییەی بۆ میرو دەسەڵاتدارانی کورد تێدایە، هەروەها وەك ئاماژەمان پێکرد، لە پەیامەکاندا، میقداد مەدحەت لەسەر هێڵێکی ریفۆرست داوا دەکات چاکسازی کۆمەڵایەتیو ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤو نەتەوەو گەلاندا بەرپا بکات کە بەزمانێکی نەرمو ئاشتیخوازانە نووسراوە.

بڕوانە ئەم بەشە لەنووسینی سەروتاری ژمارە (٥)ی خولی یەکەم ساڵی ١٨٩٨ لە ژێر ناونیشانی بۆ حەزرەتی خاوەن شکۆو گەورەم سوڵتان عبدالحمیدی دووەم

---

[١٧] کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی د. فەرهاد پیرباڵ ل٣١

[١٨] کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی د. کەمال فوئاد ل ٧١-٧٢

**(سکاڵانامەی کۆیلانەم)[١٩]**

"گەورەم من بەوەی کەسەر بەنەتەوەی کوردم کە یەکێکە لەو نەتەوانەی دەوڵەتی عوسمانی هەتا هەتایی لێپێکهاتووە، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی رێو شوێنیانو دروست بوونیان، خاوەنی گرنگیو شایستەی فێرکردنو چاککردنن، لەو پابەندییەی کە لەبارەی چاککردنی حاڵیانو پێشخستنیا لە کوردستانو بەگوێرەی فەرموودەی نەبەوی"کلکم راع، وکلکم مسؤل عن رعیتیە" بە تەمای بەجێهێنانی ئەم بەشەی سەرشانم کە بەرم دەکەوێت".

گەر بڕوانینە ئەم تێکستانە لەسەروتارەکانی ژمارە سەرەتاییەکانی دەردەکەوێت ناوەرۆکی رۆژنامەکە، بەزمانێکی نەرم داوای چاککردنو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو مافی فێربوونی خوێندنو عیلمو مەعریفەت دەکات بۆ نەتەوەی کورد[٢٠]، رۆژی ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٩.

**(راگەیاندنی تایبەت)[٢١]**

((لەپێناو رزگارکردنی ئەم میللەتە بێ چارەیە لەدەست رژێمو زۆرداری عەبدولحەمید بەرۆیشتنی بۆ وڵاتە بیانیەکان کە لانکەی ئازادیو سەربەستییە، وەك خوێنەرانی رۆژنامەکەمان ئاگادار بەمەبەستی بە ئاگاهێنانەوەی ئەم نەتەوەیە، لەرێگای چاپەمەنییەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم دەورە گرانە، چەند رۆژنامەیەك بە زمانی عەرەبیو تورکیو ئارنوی دەرکراوەو بڵاوکراوەتەوە، کاتێك بۆ دەرکەوت لەم رۆژگارەدا ئەم میللەتە لەسەرجەم میللەتانی تری جیهان مەزڵومترە،ـ زیاتر لەژێر باری نەزانیو زۆرداری دەناڵێنن، بەئومێدی ئەوەی کە بتوانم نەتەوەی کورد کەمێك بەئاگا بێتەوە، ساڵێك لەمەوبەر رۆژنامەیەکم بەزمانی کوردی لە ژێر ناوی کوردستاندا بڵاوکردەوە)).

هەروەها لەخولی سێیەم ساڵی (١٩١٧–١٩١٨) ئەم جارەیان کە سورەیا ئەمین عالی بەدرخان، دەبێتە سەرنووسەر، ناوەرۆکی رۆژنامەکە، زیاتر دەگۆڕدرێت دەبێتە گوتارێکی نەتەوەیی کەداوای سەربەخۆبوونی کوردستان دەکات، لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین لەسەر ئەوە، چونکە سەردەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، هاوکات بووە لەگەڵ دانانو جێبەجێکردنی دەستورو دەسەڵاتی مەشروتە لە تورکیا، ناوەرۆکی رۆژنامەکە لەم خولەدا بەتووندی رەخنە لە دەسەڵاتی سوڵتان دەگرێت لەمەڕ چەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردو هەمیشە پەیامەکەی پەیامێکە بۆ دروستکردنی کەسایەتی نەتەوەیی کوردو سەربەخۆبوونی قەوارەی کیانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش ناوەرۆکی رۆژنامەی تەرخان کردووە بۆ مێژوو شۆڕشەکانی کوردو رەچەڵەکی کوردیو زیندوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی.

چونکە ئەگەر سەیری ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان بکەین لە خولی سێیەمدا، بەزنجیرە هەندێك لە نووسینەکانی ناو کتێبی شەرەفنامەی شەرەف خانی بەدلیسی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها کورتەیەکی لە مێژووی شۆڕشە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

جگە لەمانەش سەر وتارو نووسینەکانی تەرخانکردووە، بۆ کێشەی سیاسی کوردو بنەماکانی حوکمڕانی ئیداری لە سیستمی مەرکەزیو لامەرکەزیو ئۆتۆنۆمیدا، بۆ ئەم مەبەستانە بڕوانە، ژمارە (١)ی رۆژنامەی کوردستان خولی سێیەم، کە رۆژی ١٢– ئەیلوولی ساڵی ١٩١٧ دەرچووە، لە ژێر ناونیشانی ئۆتۆنۆمیو لامەرکەزی.

((ئیدارەی مەرکەزی وەك ئەوە وایە ئەرمەنیەکن کوردێك عێراقییەك، سوورییەك، حیجازیەك، لەیەك ژووردا کۆبکرێنەوە، ئەو رەگەزە سەرەکیانەی میللەتانیان لێپێکهاتووە، لەبارەی سروشتو زمانو نەریتیانەوە، جیاوازیەکی ئەوەندە گەورەیان هەیە جێگەی سەرسوڕمانە، کە چۆن کاربەدەستان هەوڵدەدەن ئەم هەموو خەڵکە جیاوازە لەناو تورکاندندا بخنکێننو هەر هەموویان بەیاسایەك بەڕێوە بەرن. ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزی کامیان لەگەڵ پێویستیەکانمان دەگونجێت؟ لەوتارەکانی داهاتوو وردبینی لە ئۆتۆنۆمیو لامەرکەزیدا دەکەین))[٢٢].

---

[١٩] کوردستان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی د. کەمال فوئاد ل ٨٣

[٢٠] چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی، نەوشیروان مستەفا ل٤٩

[٢١] کوردستان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی د. کەمال فوئاد ل ٩٨

[٢٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤٩

لەم تێکستەدا، ناوەرۆرکی ڕۆژنامەی کوردستان دەردەخات، لەڕووی سەربەخۆبوون‌و حوکمکردنی زاتی کوردو خۆی لەو هەرێمانەی کە کوردی لێ نیشتەجێییە....

هەروەها دەربارەی گرنگیدان، بەمێژوو. ڕەچەڵەک‌و ئەو ڕەگەزانەی کە نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە، بڕوانە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی کوردستان خولی سێیەم ساڵی ١٩١٧، ئەم نووسینەی بەناونیشانی بنچینەی پەیدابوونی کوردەکان بڵاوکراوەتەوە.

**دەربارەی (بنچینەی پەیدابوونی کوردەکان)**[٢٣]

((دەربارەی بنچینەی پەیدابوونی کوردەکان گەلێك باسی جۆراوجۆر هەن، ئێستا سێ لەو باسانە بڵاودەکەینەوە، یەکەمین باس: زوحاك مایی کە پێنجەمین کەسی بنەماڵەی پێشدادیەن بووە، ئەو کاتەی حوکمڕانی ئێرانیان دەکرد تووشی نەخۆشی شێرپەنجەبوو، بەهیچ جۆرێك بەرەو چاکبوونەوە نەدەڕۆیشت.

ڕۆژێك شەیتان لەچوارچێوەی پزیشکدا هاتە بەردیدەی‌و پێی وت چارەسەری تۆ بەوە دەبێت هەموو ڕۆژێ دوولاو سەربېڕیت‌و بەمێشکیان بشێلرێت، لە ئەنجامدا هەموو ڕۆژێ دوو لاو سەر دەبڕدرا.

دوای ماوەیەك مرۆڤێکی بەویژدان‌و بەڕەحم دەستنیشانکرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە ئەم مرۆڤە بەویژدانە ئەم ناپاکییەی قبوڵ نەکرد، هەموو ڕۆژێك یەکێك لەو دوو لاوەی کە دەهێنران بۆ سەربڕین دەربازدەکرد، بەمەرجێك ئەو لاوە شار جێ بهێڵێت، ئەو لاوانەش بە قسەی ئەو مرۆڤەیان دەکرد، شاریان جێ دەهێشت‌و رویان دەکردە شاخ‌و کێوەکان.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ژمارەیان زۆربوو لە ئەنجامی ژن‌و ژنخوازی خێزانیان پێکەوە ناو زمانێکیان بۆخۆیان دروستکرد، ناوی کوردیان لەخۆیان نا ئەو ناوەیان بووە نیشانەی ئازایەتی‌و بەرەبەرە حکومەتی بچوکیان دامەزراند‌و شارو ئاوەدانیان دروستکردو گەیشتنە ئەم شێوەی ئێستایان.

دووەمین باس: کوردەکان لەنەوەی جنۆکەبوون. خوا بەلابردنی ئەو پەردەیە لەسەریان کردونی بە مرۆڤ.
سێیەمین باس: کورد لە ئەنجامی تێکەڵبوونی مرۆڤ دێو پەیدا بووە)).

لەم نووسینەدا، حکایەتی ئەو ئەفسانانە گێڕدراونەتەوە، کەباس لەچۆنێتی پەیدابوون‌و دروستبوونی کورد دەکەن ئەمەش بەشێکی تری ناوەرۆکی ڕۆژنامەی کوردستان، کە لەسەر هێڵێك رۆیشتوە، پابەندبووە، بەزیندوکردنەوەی مێژوو داب‌و نەریت‌و کلتوری کوری‌و دروستکردنی کەسایەتی نەتەوەیی کورد لەناو نەتەوەکانی ژێر کۆنترۆڵی عوسمانیدا.

کەواتە لێرەدا کەباس لەناوەرۆکی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەین، دەگەینە ئەو راستیەی ناوەڕۆکی ڕۆژنامە بەپێی ژمارەکانی لە خولی یەکەم‌و سێیەمداو لەسەر دەستی سەرنووسەرەکان،ـ پەیامی جیاجیایان لەخۆگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، یەك خاڵی هاوبەشی لە پەیامەکانی هەرسێ سەرنووسەرەکە دیاری دەکات، ئەوەش نێوەرۆکی ڕۆژنامەکە بەتەواوەتی گرنگی دەدات بە کێشەیی نەتەوایەتی کورد، لەو سەردەمەدا، ڕوونتر بڵێین پەیامێکی نەتەوەیی بەئاشکرا بەنێوەڕۆکی ڕۆژنامەکەوە دیارە!!

## بەشی دووەم

### هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨ –١٩١٨)

#### ١–پێناسەی هەواڵ

لەگەڵ بەرەو پێشچوونی هۆکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی گەشەکردنی تەکنیك‌و ناوەرۆکی ڕۆژنامە، هەواڵ‌و دارشتنی هەواڵ گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە[٢٤]، کە لەچارەکی کۆتایی ئەم سەدەیە زیاتر هەستی پێدەکرێت.

---

[٢٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦٠

[٢٤] تقنیە الصحافە فلیب غایار ص٩

ئەوەش لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ئەو مەبەستە، ئەو بەرەو پێشچوونانە هاتوونەتە کایەوە بۆ ئەوەی بەئاسانیو سادەییو خێراترینو کاریگەرترین شێوە هەواڵەکان بگەیەنرێتە جەماوەر، بۆیە زۆر لەو چاپەمەنیو نووسینانەی کە بۆ چەمکو واتای هەواڵ نووسراون، پێناسەی جۆراو جۆر بۆ هەواڵ کراوە.

لێرەدا هەوڵدەدەین کە چەند پێناسەیەکی هەواڵ بخەینە روو، کە مانایەکی گشتییان بۆ هەواڵ هەیە، هەروەها جۆرێك لە هاوبەشیان تێدایە لەگەڵ زۆربەی ئەو پێناسانەی کە لەلایەن رۆژنامە نووسە خاوەن ئەزموونەکانو تیۆرییەکانی بواری راگەیاندن کراون:

***پێناسەی گروپی ئێزگەکانی بەریتانیا، (B.B.C) بۆ هەواڵ:**

(هەواڵ: زانیاری تازەیە لەسەر روداوێك کە دەبێت، وەك خۆیو بەوردیو دیقەتەوە بگوازرێتەوە بۆ جەماوەر جا روداوەکە هەر شێوەیەك بێت، یان لە هەر شوێنێك روبدات)[٢٥].

گەر لەم پێناسەیەی (B.B.C) وردبینەوە، رەگەزە پێکهێنەرەکانی هەواڵ بریتین لە روداو (الحدث) هەروەها (کات) الزمن، کاتی روداني کردارەکە، لەگەڵ شوێن المکان (شوێنی روداني کارەکە، کەواتە دەبێت هەواڵ ئەمانەی تێدا بێت (رووداو، کات، شوێن)).

***ویلاربلاین دەڵێ:**

هەواڵ: ((بریتیە لەو زانیاریانەی لەسەر روداوێك بڵاودەکرێنەوە کە جەماوەر بە شەوقەوە بەدوایاندا دەگەڕێتو ئارەزوی وەرگرتنی هەیە))[٢٦].

بەو پێیە لەم پێناسەیەدا مەرجی سەرەکی بریتیە لە زەوقی وەرگر یان خوێنەر بۆ هەواڵەکە، کەواتە دەبێت، ئەو زانیاریانە لەسەر روداوەکە وەها دابرێژرێت کە ئارەزوی خوێنەر دابین بکات. بۆیە لێرەدا لایەنی هونەری زاڵ دەبێت بەسەر لایەنەکان تر لە دارشتنی هەواڵ.

***هەروەها ولیەم موسلەر بەم جۆرە پێناسەی هەواڵ دەکات:**

هەواڵ ((بریتیە لە وەسفکردنی روداو، بەڵام نابێت لایەنداری لەم وەسفکردنەدا بکرێت، تاوەکو راستگۆی بەروداوەکە وەك خۆی بگوازرێتەوە بۆ جەماوەر))[٢٧].

کەواتە دەردەکەوێت لەم پێناسەیەدا، راستگۆی زانیاریەکانی روداوەکە مەرجی یەکەمە،ئەم نموونانەو چەندین پێناسەی جۆراو جۆر لەدیدو بۆچوونی پیشەوەرانی بواری راگەیاندنو رۆژنامەگەری بۆ هەواڵ کراون، کە پەیوەندی بە تێگەیشتنو بۆچوونی خودی خۆیانەوە هەیە، بەڵام لە روی بابەتیەوە، د. عەبدولستار جەواد، لە کتێبی (هونەری نووسینی هەواڵ) (فن کتابة الخبر)دا زۆربەی ئەو پێناسە جۆراو جۆرانەی بۆ هەواڵ کراون، لە پێناسەیەکی گشتگیریدا، کۆکردۆتەوە، کە مانای گشتیلا هاوبەشی هەیە بۆ هەواڵ ئەویش، هەواڵ ((وەسفکردنی روداوەکە دەبێت روداوەکە تازەبێتو بەگرنگیەوە باسی لێوە بکرێت))[٢٨].

ئەم مانایە بۆ چەندین سەدە دەچێت لە ئەندێشەی هەوڵنێرانو رۆژنامەنووسانو نووسەری دەقە هەواڵیەکانەوەن، چەسپیوە.

**٢-جۆرەکانی هەواڵ**

**١-هەواڵی خێرا**

مەبەست لێی ئەو هەواڵەیە کە رۆژنامەنووس یان نووسەری دەقە هەواڵیەکان دەینووسێت، کە هێشتا لەوردەکارییەکانی ناوەرۆکی هەواڵەکە یان روداوەکە ئاگادارنییە.

بۆ ئەو مەبەستەی بەخێرای بیگەیەنێتە جەماوەر، ئەمە لەو حاڵەتانەدا زیاتر دەردەکەوێت کە رۆژنامەنووس دەیەوێت دەستپێشکەری بکات واتا (سبق الصحفي).

---

[٢٥] من کتاب الاخبار د. عبدالستار جواد ص٤٦

[٢٦] هەمان سەرچاوەی پێشو ل٤٦

[٢٧] چەند هەنگاوێك بەرەو راگەیاندن، رۆژنامەنووس، هەڤاڵ ئەبوبەکر ل٥٥

[٢٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٦

ئەمجۆرە هەواڵە لە رۆژنامەدا پانتاییەکی کەم داگیر دەکات زۆر جار لە شێوەی دێڕێك یان دوو دێڕدا دەنووسرێت، بۆیە دەکرێ پێی بووترێ هەواڵی کورت، یان کورتە هەواڵ.

**٢-هەواڵی درێژ**

ئەم جۆرەیان بە پێچەوانەی هەواڵی کورتە، یان هەواڵی خێرایە، چونکە بەدوورو درێژی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە هەواڵی لێ دروست بووە، مەبەست لێی، هەواڵی تەواو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (کێ، بۆ، کەی، لەکوێ، چۆن).

کێ، واتە کارەکتەری روداوەکە بۆ وەڵامی هۆکاری روداوەکە، کەی، وەڵامی کات یان زەمەنی رووداوەکەیە، لەکوێ، واتە وەڵامی شوێنی روداوەکەیە، چۆن وەڵامی چۆنێتی وردەکاری روداوەکەیە، کەواتە هەر هەواڵێك وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە کە بە (٥) پرسیارەکە ناسراوە، بداتەوە، بە هەواڵی تەواو دادەنرێت.

ئەم جۆرەیان بەوردی باس لەناوەرۆکی روداوەکە دەکات، راپۆرتە هەواڵ جۆرێکە لەم جۆری هەواڵە واتە هەواڵی درێژ. کەواتە گەر هەواڵی خێرا ئەوەی لە جۆری یەکەمدا ئاماژەیان پێکرد بە هەواڵی کورت بشوبهێت. ئەوا راپۆرتە هەواڵ بە هەواڵی درێژ، دەشوبهێنرێت!

**٣-هەواڵی بەردەوام**

مەبەست لە هەواڵی بەردەوام ئەو هەواڵەیە کە کۆتایی نەهاتووە یان کۆتایی پێ ناهێنری، ئەویش لەبەر گرنگی روداوەکەیەو چونکە روداوەکە هێشتا تەواو نەبووە.

هەواڵەکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە، نەك کۆتایی پێ دەهێنرێت تا زانیاریەکانی تر دەگات، نمونەی ئەم جۆرە هەواڵانە، وەك هەواڵەکانی جەنگ کە بەرەبەرە زیاترو سات لەدوای سات زانیاری دەگاتو بەشێوەی زنجیرەی بڵاو دەکرێتەوە.

**٣-رەگەزەکانی هەواڵ**

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی بواری راگەیاندنو رۆژنامەنووسانی خاوەن ئەزموون لەدروستکردنو داڕشتنی هەواڵ جەخت لەسەر چەند رەگەزێکی سەرەکی دەکەنەوە، کە ئەم رەگەزانە، رۆڵیان هەیە لە بەهێزیو لاوازی هەواڵ، هەروەها زۆرترکردنی بایەخو گرنگیپێدانی هەواڵ.

**ئەو رەگەزانەش ئەمانەن[٢٩]:**

١-ئێستایی: هەنوکەیی، کتوپڕی، کات (**Time Liness**)

ئەم خاڵە سیمای بنەڕەتی هەواڵ پێکدەهێنێ، کە پەیوەندیدارە بەروداوە ساتیو رۆژییەکان، لەم رووەوە وتەیەکی باو هەیە دەڵێ: (هەواڵی دوێنێ، هی ئەمڕۆ، نییە) هەروەك وشەی رۆژنامەی بە شینگلیزی (**jurnalism**)، لە وشەی (**diurnalism**) وەرگیراوە کە لە بنەڕەتدا مانای (**daily**)یە واتە رۆژانەیە، لەو روانگەیەوە راپۆرتی رۆژانەیە لەسەر روداوو کارەساتەکان کەواتە رەگەزی کات دەبێت لەڕوی زەمەنەوە نزیك بێت بەتایبەتی لەمڕۆدا بۆتە سیمایەکی دیاری بوارەکانی راگەیاندن.

٢-نزیکایەتی (شوێن) Proximity

**أ-لەڕوی مەودای شوێنی روداوە،**

بەشێوەیەکی سروشتی، جەماوەر گرنگی دەدەن بە هەواڵی ئەو شوێنانەی کە لێوەی نزیکە، ئەو روداوانەی لە دەوروبەرەکەی، لە گەڕەکەکەی، لەشارەکەی، لە هەرێمەکەی، لە نیشتمانەکەی، لەوڵاتەکەی رودەدەن، هەواڵی ناوخۆیی (**Localnews**) خوێنەرێکی زۆری هەیە چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵیدا هەیە، بۆ نمونە، هەواڵی دروستکردنی پردێکی ستراتیژی لەوڵاتێکی جیهانی سێیەم، کەمتر بایەخدارە، بەلای خوێنەرێکەوە لەچاو هەواڵی بەرکەوتنی کەسێك، کە لەدەوروبەری خانووی نیشتەجێبوونەکەیدایە، چونکە لێرەدا خوێنەر زیاتر گرنگی دەدات بەزانیاری ئەو روداوانەی لەدەروبەریدا رودەدەن، هەروەها نموونەیکی تر، هەواڵی کارەساتی سروشتی وەك بومەلەرزە، ئەگەر لە یەکێك لەشارەکانی کوردستان روبدات زیاتر جێگەی بایەخە بەلای خوێنەری کورد، وەك لە هەواڵی بومەلەرزەیەك ئەگەر لە وڵاتێکی دراوسێ، یان وڵاتێکی ئەوروپادا روبدات.

---

[٢٩] فن الکتابە الأخبار د. عبدالستار جواد ص٤٧

**ب- نزیکی لەڕووی مەودای کەلتوری**

لێرەدا رەنگە هەواڵی روداوێك لەشوێنێکی دوور رووبدات بەڵام پەیوەندی کلتوری بەخوێنەرەوە هەیە، جۆرێك لەنزیکاتیەتی دەبێت، بەلای خوێنەرەوە گرنگە، بۆ نموونە هەواڵی‌ە تەقینەوەی مزگەوتێك لە ئەمەریکا بەنسبەت خوێنەرێکی موسڵمانەوە لە میسر گرنگی‌و بایەخی هەیە، ئەگەر چی لەڕووی مەودای شوێنیشەوە دوورە، بەڵام لەڕووی مەودای کلتوورییەوە نزیکە.

سەبارەت بەنزیکایەتی لەڕووی شوێن‌و لەڕوی مەودای کلتوریەوە، هەردووکیان دەبنە رەگەزی گرنگ‌و کاریگەر بەنسبەت داڕشتن‌و دروستکردنی هەواڵەوە بۆیە هەردوو نمونەمان هێنایەوە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم هەواڵی روداوی نزیك لەو شێوەیە بەنسبەت خوێنەروە گرنگە، تەنها لەو حاڵەتە نەبێت گەر هەواڵی روداوەکە پەیوەندی بەکلتوری خوێنەرەوە هەبێت، لەو حاڵەتە لەڕووی شوێنەوە دووربێت هەر گرنگی خۆی دەبێت.

بەم چەشنەیان دەوترێ نزیکی لەڕووی مەودای کلتوریەوە.

**٣-گرنگیدان بەکاراکتەری دیار**

زۆربەی چالاکی‌و کارەکان لەلایەن، سیاسەتمەدارەکان‌و هونەرمەندە بەناوبانگەکان‌و پیاوە ناودارەکانەوە ئەنجام دەدرێ، بەهای هەواڵی پێکدەهێنێت.

دەبنە رەگەزێك لەرەگەزە پێکهێنەرەکانی هەواڵ چونکە جەماوەر ئارەزوی بوونی زانیاری دەکات لەسەر چالاکی‌و کارەکانی کارەکتەرە ناسراوەکان هەتا بە نسبەت گەورە تاوانبارەکانیشەوە ئەمەش لەگەڵ ئەو وتەیەدا دێتەوەیەك کە دەڵێ (کەسێتی هەواڵ دروست دەکات)(٣٠).

لەڕاستیدا جەماوەر بەشەوقەوە، موتابەعەی هەواڵی کەسێتییە کاریزماکان‌و پیاوە ناسراوەکان دەکات تەنانەت وای لێهاتووە نموونەی ئەو ناودارانە، دەبنە بەشێك لە قسەو باسی ناو خێزانەکەی.

**٤-ململانێ، الصراع (Cnflict)**

هەر کێشەو ململانێیەك لەنێوان خەڵك‌و کۆمەڵەکان‌و وڵاتاندا بێت، دەبێتە جێگەی بایەخ‌و گرنگ بەلای خوێنەرانەوە، چونکە روداوە گەرمەکانی ململانێ دەبنە بابەتێك کە مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی بایەخی پێدەدات.

هەروەها واقعی ژیانی رۆژانە پڕن لە ململانێ هەروەك وتراوە (ژیان مانای ململانێ دەگەیەنێت)(٣١).

کە مێژووی مرۆڤایەتی ئەم ململانییەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ململانێ مەترسیدارە بۆ واقع بەڵکو ململانێ سیمایەکی دیاری واقعە !!

**هەواڵ لە رۆژنامەی کوردستان**

هەواڵ توخمێکی هەرە گرنگی رۆژنامە پێکدەهێنێت، بەکۆڵەکەی سەرەکی رۆژنامە دادەنرێت، بۆیە لەرۆژنامە رۆژانەییەکانداو لە رۆژنامە گشتی‌و تایبەتییەکاندا جێگاو پانتاییەکی زۆری بۆ دانراوەو لە هەموو توخمەکانی تری نووسینی رۆژنامە زیاتر لە لاپەرەکاندا بەرجەستە دەبێت.

بەشێوەیەك تاوەکو خوێنەر بەباشی لێیان تێبگات‌و ئارەزووی خوێندەوەیان بکات. رۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨-١٩١٨) بەپێی ئەو ژمارانەی لەبەر دەستدان، واتە ژمارەکانی خولی یەکەم (١٨٩٨-١٩٠٢)کە ٣١ ژمارەی لێ دەرچووە، هەروەها خولی سێیەم کە (١١) ژمارەی لێدەرچووە لە نێوان ساڵی (١٩١٧-١٩١٨) گەر سەیریانکەین‌و ژانرەکانی نووسینی جیابکەینەوە، دەبینین هەواڵی لەخۆگرتووە، بەڵام لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی ترو لە خولێکەوە بۆ خولێکی تر دەگۆڕدرێت‌و بایەخ‌و پانتایی‌و قەبارەو رەگەزەکانی هەواڵ وەك یەك نین.

بۆ نموونە لە ژمارە سەرەتاییەکانی خولی یەکەمدا، کە میقداد- مەدحەت بەدرخان سەرنووسەرەکەی بووە، هەواڵ تیایدا زۆرکەم‌و زۆر لاواز بووە لە رووی رەگەزو گرنگییەوە، بەڵام وردە وردە دوای ئەوەی کە عەبدولڕەحمان بەدرخان بووە بە سەرنووسەر، ئەمجارە دەتوانین بە ئاسانی هەواڵ لەرۆژنامەکەدا دەستنیشان

---

(٣٠) فن کتابە الاخبار د. عبدالستار جواد ص٤٨

(٣١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٨

بکەین، هەروەها لەخولی سێیەمدا، کە ١١ ژمارەی لێدەرچووە، سورەیا ئەمین عالی بەدرخان سەرنووسەری بووە.

کاتی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە نێوان ساڵی (١٩١٧-١٩١٨) کە هاوکات بووە لەگەڵ یەکلابوونەوەو کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، لەڕۆژنامەی کوردستان، هەواڵ پانتاییەکی زۆری هەیەو بەشەوقەوە داڕێژراون‌و جۆرو خەسڵەتەکانی هەواڵی پێوە دیارە، بەجۆرێك کە خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت هەواڵ لە ژانرەکانی تری نووسینی ڕۆژنامە جودا بکاتەوە.

لێرەدا هەوڵدەدەین جۆرەکانی ئەو هەواڵانە لەڕۆژنامەکەدا دیاری بکەین‌و هەروەها بزانین تا چەند ڕەگەزەکانی هەواڵ لە هەواڵەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بەرجەستە کراون.

## ٤-جۆرەکانی هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨-١٩١٨)

**یەکەم: هەواڵی خێرا**

وەك لەپێشتردا لەجۆری هەواڵەکاندا، باسمان لێوەکرد هەواڵی خێرا ئەو هەواڵەیە، کە وردەکاریەکان زانیاری بەتەواوەتی لەخۆنەگرتووە، لەڕوی قەبارەشەوە مەودایەکی کورتی داگیرکردووە، کەواتە خاسیەتی هەواڵی خێرا بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە:

*** کەمی زانیاری وورد دەربارەی روداوی هەواڵ.**

*** کورتی هەواڵ لە قەبارەو کەمی داگیرکردنی رووبەری ڕۆژنامە.**

ئەم جۆرە هەواڵانە لەڕۆژنامەکاندا باون و گرنگیان پێدەدرێت، بەڵام بابزانین لەڕۆژنامەی کوردستان ئەم جۆرە هەواڵانە بەدی دەکرێن؟

بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبەینە بەر چەند تێکستێکی هەواڵ.

((لەم روەوە بروانە ژمارە (٤)ی ڕۆژنامەی کوردستان لەخولی سێیەم لە(٣٠ی ذی‌الحجةی ساڵی ١٣٣٦)ك دەرچووە ))[٣٢]، ئەم هەواڵانەی تێدایە:

***((حکومەتی ژاپۆن بەقازانجی ٦٪، ٦٦,٥ ملیۆن (لیرە)ی‌دا بەقەرز)).**

***((سەرۆك کۆماری ئەمەریکا د. ویلس لە کۆنگرەیەکدا، لەکۆمەڵی یەکێتی نیشتمانی وتبووی، تا لەجێی حکومەتی ستەمکاری ئەڵمان، حکومەتێکی مەشروتە دانەمەزرێت، جەنگ کۆتایی نایەت)).**

*** ((لە بەندەری تووندو تۆڵی (ویلهامسهافن) ئەفسەرو سەربازی چوار (درید نەوتی) یاخیبوون‌و پاپۆڕەکانیان جێ هێشت)).**

***((لە بەرەی دەریای ڕەشدا ژێر ئاوییەکانی رووس (٧) کەشتی بارکراوی ئازووقەیان نقومکرد)).**

***((ڕاگەیانراوەکانی ئەڵمان، دانیان بەداگیرکردنی ئەو بنکە گرنکانەدا ناوە کە دەکەونە نێوان (دۆزنپیکت)و (بویلکابل) لەلایەن هاوپەیمانانەوە)).**

ئەم چوار نموونەیەی کە خستمان روو، ئەو سیمایانەیان پێوە دیارە.

**یەکەم:** زانیاری وردی تێدا نییە، بەخێرایی بڵاوکراوەتەوە.

**دووەم:** قەبارەیەکی کەمیان لە نووسین هەیە.

**سێیەم:** رووبەرێکی کەمیان داگیرکردووە، کەواتە ئەم خەسڵەتانە، بەپێی ئەو تیۆریەی کە باسمان کرد دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بڵێن ئەمانە بریتین لە هەواڵی کورت یان هەواڵی خێرا، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی هەواڵ.

**دووەم:** ڕاپۆرتە هەواڵ (هەواڵی درێژ)

وەك لەپێشتردا ئاماژەمان پێکرد، ڕاپۆرتە هەواڵ، بەپێچەوانەی هەواڵی خێرا، خەسڵەتەکانی ئەوەیە، کە بەدوورو درێژی‌و بەتێرو تەسەلی باس لەهەواڵەکە دەکات‌و لایەنەکانی روداوەکە دەخاتە روو، کە وەڵامی پرسیارەکانی (کێ، بۆ، کەی، لەکوێ) دەداتەوە.

[٣٢] کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی د. کەمال فوئاد ل١٧٠

رۆژنامەی کوردستان لە ژمارەکانی کۆتایی خولی یەکەمدا، کە عبدالرحمن بەدرخان سەرنووسەرەکەی بووە، ئەم جۆرە هەواڵانەی لەخۆگرتووە کەلەچوارچێوەی راپۆرتە هەواڵدا خراونەتە روو.

نموونە (ژمارە (٣١)ی خولی یەکەم، لەرۆژی ٤ی نیسان ساڵی ١٩٠٢دا بلاوکراوەتەوە، لەناونیشانی کۆنگرەی ئازادیخوازی عوسمانی)[٣٣]، ئەمەش تێکستی راپۆرتە هەواڵەکەیە.

**(کۆنگرەی ئازادیخوازی عوسمانی)[٣٤]**

((زۆر لە مێژبوو خێرخوازان لە هەوڵو تەقەلای ئەوەدابوون، بەهاوکاری نیشتمان پەروەران چ لە دەرەوەی ولات چ لەناوەوەی ولات کۆنگرەیەك ئەنجام بدەن بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ رزگارکردنی میللەت لەو ناهەموارییەی تووشی بووە)).

بۆ ئەم مەبەستە جەنابی صباح الدین لطف الله کوڕانی مەحمود پاشای بایەزید، ساڵێك لەمەوبەر بانگەوازێکیان دەرکردبوو، تا بەزووترین کات کۆنگرەیەکە جێبەجێ بکەن.

لە ئەنجامدا کۆنگرە، ئێوارەی ٤ی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لەخانەی ژمارە ٢٤ی (میسیولوڤە – بۆنتالس) ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی فەرەنسا کە دەکەوێتە، شەقامی ترودۆ کادێرو، دەستی کرد بەکارەکانی، هەروەك کۆنگرە لە گشت نەتەوە ئیسلامو غەیرە ئیسلامییەکان پێکهاتبوو، کە لە ٤٠ ئەندام تێپەڕی کردبوو.

هیوای یەکیەتیەکی گشتی لە بیرو بۆچوونی هەموو کەسدا جێگیر کردبوو، بەلام لە ئەنجامی شەش جار کۆبوونەوە، لەیەکتر جیابوونەوە، بوون بەدوو کۆمەڵەوە. هەر چەندە ئەم دوو بەشە لەدڵدا یەکگرتووبوون، بەلام ئەو خالانەی کە جیاوازی خستە نێوانیان، مەسەلەی دەستێوەردانی بێگانەبووە.

با ئێستا زانیاریتان دەربارەی شێوەی دامەزراندنی کۆنگرەکەو ئەوەی رویدا بدەمێ. کاتێك جەنابی صباح الدین لطف الله بەگی کوڕی مەحمود پاشای بایەزید، بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە لە ئیتالیاوە بۆ فەرەنسا کەوتە ڕێ بانگهێشتی سەرجەم ئازادیخوازانی کرد لەدەرەوەی ولات بوون لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٢ کۆدەبێتەوە، لە کۆنگرەکەدا ئەو ئەندامە ئەرمەنییانەی کە بانگهێشتکرابوون کەمێك دوو دڵ بوون هەر بۆیە کۆنگرەکە پانزە رۆژ دواکەوت.

لەنێوان ئەم ماوەیەدا (فەوزی بەگ)ی بالیۆزی تورکیا لە فەرەنسا کە بەچوار پەڵ لە هەوڵی کۆسپ خستنە بەر کۆنگرەبوو، لەو دواکەوتنە خۆی بەسودمەند وەرگرت، گەلێك خراپەکارانەی تێکدەرانەی ئەنجامدا، تەنانەت بەرێوەبەری پۆلیسی پاریس (میسیۆلەین) هەردوو میری بۆ بارەگاکەی خۆی بانگهێشتکردو بەراشکاوی بەرهەڵستی خۆی بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەکە راگەیاند، بەلام دواجار بەهۆی یارمەتی دانی هەندێ لە دەسەلاتدارانی ناو حکومەتی فەرەنسا، توانرا رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ دەستەبەر بکرێت، فەرماندرا بە بەرێوەبەرایەتی پۆلیس بە رێگەدان بە بەستنی کۆنگرە بەسەرۆکایەتی میر صباح الدین کۆنگرە سازدرا، لەبنەمادا مەبەستی هەڵبژاردنی دەستەیەکی هەمیشەیی بوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ دەکرێن.

لەکۆبوونەوەی یەکەمدا، لەلایەن سەرۆکایەتی کۆنگرە پرۆگرامێك کە چوار بەندی لەخۆگرتبوو، خرایە بەر باسو لێکۆڵینەوەی ئەندامان بەلام لەلایەن چەند ئەندامێکەوە بەتوندی بەرهەڵستی کرا، ئەمە وایکرد شیرازەی کۆنگرە تێکبچێتو هەراو هوریاو دژایەتی کردنی نێوان ئەندامانی کۆنگرە دەست پێبکات، حاڵەتێکی تری کۆنگرەکە زیاتر جێگەی داخو پەژارەبوو، ژمارەیەك لە ئەندام ئەرمەنییەکان زمانی تورکیان نەدەزانیو وتارەکانو قسەو باسەکان بەزمانی فەرەنسی پێشکەشکران، بەشێکی زۆر کەمی وەرگێڕانە سەر زمانی تورکی، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئاگادار نەبوونی ئەو ئەندامانەی زمانی فەرەنسیان نەدەزانی، لە بنەڕەتدا کۆنگرەکە تایبەت بوو بە نەتەوەکانی عوسمانی، بۆیە کارێکی هەڵەبوو کە سەرکردایەتی کۆنگرەکە، رێگەیدا، لێکۆڵینەوەکانی بەزمانی فەرەنسی پێشکەش بکرێت.

---

[٣٣] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣١ خولی یەکەم ٤ی نیسان ١٩٠٢ ل١

[٣٤] کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوەی د. کەمال فوئاد ل١٤٠

حاڵەتێکی تری کۆنگرەکە کەشایەنی ئەوەیە رەخنەی توندو تۆڵی لێبگیرێت، ئەویش ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی نەناسراو لە غەیری نەتەوەی عوسمانی بوون.

بۆیە ئەحمەد رەزا بەگ خاوەنی رۆژنامەی (مەشروتە) بەرەسمی داوای لەسەرۆکی کۆنگرە کرد پێناسەی ئەو کەسانە ئاشکرا بکات. لەسەرجەم کۆبوونەوەکانی کۆتایدا بیرۆکەی داوای دەستبەردانی بێگانە لەنێوان ئەندامەکاندا تا دەهات دەبووە هۆی دڵەنگیو نیگەرانی بەتایبەتی لای ئەرکانی جەنگ (فەرید) ئەرکانی جەنگ (یوسف) ئەرکانی جەنگ (سلسترەی حەمدی)کە ئەو بیرۆکەیە بە بەردەوامی رەت دەکرایەوە.

هەروەها لەکۆبوونەوە سەرەتاییەکانی کۆنگرەشدا ئەندامە ئەرمەنیەکان کە (٥) کەسبوون خۆیان لە دەنگدان دزیەوە)).

ئەم تێکستەی سەرەوە کە لە لاپەرە (١)ی رۆژنامەی کوردستان ژمارە (٣١) خولی سێیەم ساڵی ١٩٠٢ بڵاوکراوەتەوە. بریتیە لە راپۆرتە هەواڵ، چونکە خەسڵەتەکانی راپۆرتە هەواڵی تێدایە، بەڵام بەهۆی لاوازی دارشتنی لەرووی قاڵبە هونەریەکانی دارشتنی هەواڵەوە، خەسڵەتەکانی هەواڵ تیایدا رێك نەخراوە.

ئەوەی کە کاری ئێمەیەو پەیوەستە بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، سەلماندن ئەو تێکستەیە کە جۆرێکە لە راپۆرتە هەواڵ، ئەویش لەبەر ئەو هۆیانە.

ئەم راپۆرتە هەواڵە دەربارەی کۆنگرەی ئازادیخوازی عوسمانییەکان لە پاریس، باسی چۆنێتی کۆنگرەو زانیاری وردی لەبارەی ناوەرۆکی کۆنگرەکە باسکردووە، کەواتە مادام زانیارییەکان زۆر وردن لەبارەی لایەنەکانی کۆنگرە، هەواڵەکەی دوورو درێژو تێرو تەسەل کردووە، کە ئەمە یەکێکە لەسیماکانی راپۆرتە هەواڵ.

هەروەها وەك ئاماژەمان پێکرد، راپۆرتە هەواڵ دەبێت وەڵامی پرسیارەکانی (بۆ، کێ، کەی، لەکوێ، چۆن) بداتەوە، لێرەدا یەکەیەکەی ئەو وەڵامانە لەو تێکستەدا دەستنیشان دەکەین، کە وەڵامی (٥) پرسیار ەکەی دروستبوونی راپۆرتە هەواڵە.

١-(کەی) پرسیاری کاتی رودانی هەواڵە، وەڵامەکەی ئێوارەی ٤ی شوباتی ساڵی ١٩٠٢. کە لە تێکستەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

٢-(لەکوێ) پرسیاری شوێنی رودانی هەواڵەکەیە وەڵامەکەی خانەی ژمارە ٢٤ی میلیولوڤە، شەقامی تروکادیرۆ- پاریس. کە لە تێکستەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

٣-(کێ) پرسیاری کارەکتەر یان لایەنی کرداری روداوی هەواڵەکەیە. وەڵامەکەی کە لەتێکستەکەدا هاتووە.

(جەنابی صباح الدینی لطف الله کوری مەحمود پاشای بایەزید بانگهێشتی ئازادیخوازەکانی عوسمانی کرد بۆ بەستنی کۆنگرەی عوسمانی).

٤-(بۆ) پرسیاری هۆکاری رودانی هەواڵەکەیە.وەڵامی ئەم پرسیارەش بەروونی لە دەقی راپۆرتە هەواڵەکە دیارە.

((زۆر لە مێژ بوو خێرخوازان لە هەوڵو تەقەلای ئەوەدا بوون بەهاوکاری نیشتمان پەروەران چ لە دەرەوەی وڵات، چ لە ناوەوەی وڵات کۆنگرەیەك ئەنجامبدەن بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ رزگارکردنی میللەتێك لەو ناهەمواریەی تووشی بووە)).

ئەمەی خستە روی هۆکاری بەستنی کۆنگرەی ئازادیخوازی عوسمانیە کە بابەتی راپۆرتە هەواڵەکەیەو لە تێکستەکەدا هاتووە.

٥-(چۆن) پرسیاری چۆنێتی روداوی بابەتی راپۆرتی هەواڵەکەیە. وەڵامی ئەم پرسیارە لە تێکستەکەدا بەم جۆرەیە.

((کۆنگرەکە لە ٤٠ ئەندامی نەتەوەکانی ئیسلامو غەیرە ئیسلامیەکانی ناو حوکمرانی عوسمانی پێکهاتبوو، هیوایەکی یەکیەتییەکی گشتی لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام لە ئەنجامی شەش جار کۆبوونەوە، ئەندامانی کۆنگرە لە یەکتر جیابوونەوەو بوون بەدوو بەشەوە)).

* ئەو ئەندامە ئەرمەنیانەی کە بانگهێشتکرابوون بۆ کۆنگرەکە کەمێك دوو دڵ بوون هەر بۆیە کۆنگرەکە بۆ ماوەی پانزە رۆژ دواکەوت.

* لە کۆبوونەوەی یەکەمدا لەلایەن سەرۆکایەتی کۆنگرە پرۆگرامێك کە چوار بەندی لەخۆگرتبوو، خرا بەر باسو لێکۆڵینەوە، بەڵام لەلایەن چەند ئەندامێك بەتوندی بەرهەڵستی کرا.
* لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکاندا (٥) ئەندام کە ئەرمەنییەکان بوون خۆیان لە دەنگدان دزیەوە...

ئەم چوار پەرە گرافە کە لە تێکستەکەدا هەڵمان بژاردوو خستمانە روو، بریتین لە وەڵامی پرسیاری چۆن.

واتە چۆنێتی ناوەرۆکی کۆنگرەکەیە، کە بەو پەڕی وردیو زانیارییەوە لەناو ئەو راپۆرتە هەواڵە خراوەتە روو بۆ خوێنەرانی هەروەها بەگشتی ئەمانە بریتیبوون لەوەڵامدانەوەی هەر (٥) پرسیارەکەی کە راپۆرتە هەواڵی لێدروست دەبێت، بۆیە دەشێ لێرەدا بڵێین ئەو تێکستەی ئاماژەمان پێکرد، تەواو فاکتەکانی راپۆرتە هەواڵی لەخۆگرتووە، کەواتە ئەوەی نموونەیەکی زیندوی وێنەی راپۆرتە هەواڵە لە رۆژنامەی کوردستان، بۆیە، دەکرێ بووتری کە رۆژنامەی کوردستان جۆری راپۆرتە هەواڵ یان هەواڵی درێژی لەخۆگرتووە. کە جۆرێکە لە جۆرەکانی هەواڵ. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنها هەر ئەم راپۆرتە هەواڵە نییە لە رۆژنامەکەدا. بەڵکو لە رۆژنامەی کوردستان چەندین نموونەی تری وەك ئەم تێکستە هەن کە خەسڵەتو سیمای راپۆرتە هەواڵی تێدایە، کەواتە رۆژنامەی کوردستان جۆرێکی تری هەواڵی لەخۆگرتووە کە راپۆرتە هەواڵە..

**سێیەم: هەواڵی بەردەوام**

بەهەمان شێوە وەك جۆرەکانی تری هەواڵ، ئاماژەمان پێکرد. ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە، کە کۆتایی بە هەواڵەکە نەهاتووەو بەکراوەیی دەمێنێتەوە، و لەژمارەکانی تری رۆژنامەکە زانیاریەکانی تری کە دەگات بڵاو دەکرێتەوە، ئەم جۆرەیان زیاتر لە هەواڵی رووداوەکانی جەنگدا، دەردەکەوێت، سات دوای سات لەگەڵ بەردەوامبوونی رووداوەکان.

زانیاریەکانیش بەشێوە بەردەوام دەگاتە رۆژنامەو رۆژنامەکەش بەشێوەی بەردەوام هەواڵەکە بڵاودەکاتەوە، ئەم جۆرە هەواڵانە لە رۆژنامەی کوردستان لە خولی سێیەمی بەهۆی ئەوەی کە دەرچوون رۆژنامەکە لەو سەردەمەدا، (١٩١٧–١٩١٨) هاوکات لەگەڵ، گەرمەی شەڕەکانی جەنگی جیهانی یەکەم.

لەنێوان ئەڵمانو روسیا لەناوچەی بەڵقانو ئینگلیزو عوسمانی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرچووە زۆر چالاکانە بەشێوەی بەردەوام هەواڵەکانی ئەو جەنگەی بڵاوکردۆتەوە.

لێرەدا بڕواننە ئەم نموونانەی (هەواڵی بەردەوام) لە رۆژنامەی کوردستان کە لەژێر مانشێتی (خلاصة الاخبار الحربية) بەزمانی عوسمانی بڵاوکراوەتەوە، واتە پوختەی هەواڵەکانی جەنگ، (بڕوانە ژمارە ٢ی رۆژنامەی کوردستان خولی سێیەم ٣٠ی ذی القعده ساڵی ١٣٣٥ك، ل ٣)[٣٥].

**پوختەی هەواڵەکانی جەنگ**

((جەنراڵ گوربا شۆف، فەرماندەی سوپاکانی رووس لە (ریڤا) لەدەوروبەری ئوکستۆل کە چەند کیلومەترێك لە ریڤاوە دوورە، بەهۆی سەرنەکەوتن لە قەدەغەکردنی هاتووچۆی ئەڵمان لە رۆژهەڵاتی رووباری (ریبونا)، ریڤای جێ هێشتووەو بەرەو دواوە کشاتنەوە بۆ شوێنێك کە توانای بەرگری کردنی زیاتر بێت، بەڵام بەهۆی گیرانی رێگای (پترۆگراد) بەناچاری گەڕاوەتەوە))[٣٦].

ئەم تێکستە بریتیە لە هەواڵی جەنگی نێوان رووسو ئەڵمان، لەناوچەی ریڤا، هەواڵەکە تەواو بووە، بەڵام کۆتایی پێ نەهاتووە، چونکە هەر دەربارەی ئەو تێکستە هەواڵییە، لە ژمارە ٣ی رۆژنامەکە رۆژنامەی کوردستان، واتە ژمارەی دوایی، هەواڵەکە بەردەوام دەبێتو زانیاری تری لەبارەوە دراوە، کە ئەمە دەقەکەیتی.

**رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣، ١٥ ی ذی الحجة ١٣٣٥ ل٣**

**پوختەی هەواڵەکانی جەنگ**

((دوا ئاگادارییەکان وا دەگەیەنن، رووسەکان لە باشووری رۆژهەڵاتی ریڤا سەرێکی پردی ژاڤۆیستادی سەربە (دیونیا)یان گرتووە، و سەر قاڵی بەر پەرچەدانەوەی هێرشی ئەڵمانەکانن لە دەوروبەری ریڤا))[٣٧].

---

[٣٥] رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢ ساڵی ١٩١٧ ل٣

[٣٦] کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی کۆکردنەوەی د. کەماڵ فوئاد ل١٥٧

[٣٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦٢

کەواتە ئەم تێکستە کە لە ژمارە ٣دا بڵاوکراوەتەوە، تەواوکەری هەواڵەکەی شەڕی رووسو ئەڵمان لەناوچەی ریڤایە کە لەژمارە ٢دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەش خۆی لەخۆیدا دەمانگەیەنێتە، ئەوەی کە بڵێین ئەم هەواڵە جەنگیانەی کە لەخولی سێیەمی رۆژنامەکە، بڵاوکراونەتەوە، بە هەواڵی بەردەوام دەژمێردێن، چونکە هەواڵەکە لە ژمارە (١)دا سەرەتا کە بڵاوکراوەتەوە، کۆتایی پێ نەهێنراوەو لە ژمارەکەی دواتردا، زانیاریەکانی تری لەسەر بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش جۆرە بەردەوامییەکی پێ بەخشیوە..

دیساتنەوە بڕوانە، ئەم نموونەیەی تر لە چەشنی (هەواڵێ بەردەوام) لەڕۆژنامەی کوردستان. کە هەواڵی رووداوی جەنگی نێوان نەمساو ئیتاڵیایە، لەناوچەی (ژولیەن) کە بەشێوەی بەردەوام بڵاوکراوەتەوە.
(رۆژنامەی کوردستان ژمارە (١) ١٢ ئەیلول ساڵی ١٩١٧– ك)[٣٨]

**پوختەی هەواڵەکانی جەنگ**

**ئیتاڵیا**

((ئیتاڵییەکان لەنزیك ئینرونزو دەستیان بەشەڕێکی قوورسکرد لە پێشدا هێزەکانی پیادەی (نەمسا) لەنێوان (میرچیل)و (مۆنتورنەر) پێشڕەویان کردبوو، لەدواتیدا ئیتاڵییەکان بەرەنگاری نەمساییەکانیان تێکشکاندو ٧٤٠٠ دیلیان دەستگیرکرد، لەشەڕێکی توندا وێڕای توندوتیژی تۆپی گەورەو بچووك، بە فڕۆکەکانیان بۆردوومانی خەستو چڕیان دەکرد، ئیتاڵیەکان سەر لەنوێ هێڵی پتەوی نەمساییەکانیان لە نیۆان (کۆمەنۆ)و (سەلو) تێکشکاند))[٣٩].

ئەم تێکستە بریتیبوو، لەدەقی هەواڵیو رووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان ئیتالیاو نەمسا، کەدوای تەواوبوونی هەواڵەکە، لەو ژمارەیەدا واتە ژمارە (١)ی رۆژنامەی کوردستان، هەواڵەکەی کۆتایی پێنەهاتووە، لەژمارەی دوای واتە ژمارە (٢)ی رۆژنامەکە، دەبینین هەواڵەکە بەردەوام دەبێتو زانیاری تازەتر لە بارەی رووداوی جەنگەکە دەگێڕێتەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:– (رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٢)، رۆژی ٣٠ ژی القعدەی ساڵی ١٣٥ك) [٤٠].

**پوختەی هەواڵەکانی جەنگ**

(لەبارەی جەنگی نەمسا لەژولیەن، ئیتاڵیاییەکان لە باشووری ڤاڵ، دەستیان بەسەر یەکەیەکی گرنگدا گرتووە، لەجەنگێکدا ١٦٨٨ دیل لە (سان– گابریل) کە دەکەوێتە باکوورو لە (گۆریجیا) ٤١٦ دیلیان گرتووە، ئەو شەڕە توندەی نەمساییەکان کە ٢٠ رۆژە دەستی پێکردووە تا دێت کڵپەی زیاتر دەسەنێت، باس لەچالاکی گەورەی تۆپەکانی ئیتاڵیا دەکرێت)[٤١].

ئەمەش نموونەیەکی تری (هەواڵی بەردەوام) بوو کە لەژمارە (١)و ژمارە (٢)ی رۆژنامەی کوردستان ساڵی ١٩١٧ بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا دەگەینە ئەو راستیەی بەدڵنیاییەوە، بڵێین جۆری (هەواڵی بەردەوام) بەڕێژەیەکی زۆر بوونی هەبووە جگە لەم نموونانە نموونەی تری ئەم جۆرە هەواڵە واتە (هەواڵی بەردەوام) لە رۆژنامەی کوردستاندا هەیە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەمە راستیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تەنها ئەم دوو نموونەی سەرەوەمان باسکرد.

## ٥–رەگەزەکانی هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨–١٩١٨)

وەك لەبەشی یەکەمدا، کە دەربارەی هەواڵ بوو، باسمان لەڕەگەزە سەرەکییەکانی دروستبوونی هەواڵ کرد، کە بریتیبوون لەڕەگەزی کات، رەگەزی شوێن، رەگەزی کارەکتەری دیار، رەگەزی ململانێ.

ئەم رەگەزانە بەشداری سەرەکین لە پێکهێنانی هەواڵ، بەڵام داخو بزانین هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨–١٩١٨) ئەم رەگەزانەی لەخۆگرتووە، یان ئەم رەگەزە پێکهێنەرانە، تا چەند بەشداریان کردووە لە پێکهاتی هەواڵ لە هەواڵەکان رۆژنامەی کوردستان.

---

[٣٨] رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ رۆژی ١٢ ئەیلول ١٩١٧ ل٣

[٣٩] کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی کۆکردنەوەی د. کەمال فوئاد ل١٥١

[٤٠] کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی — کۆکردنەوەی د. کەمال فوئاد– ل١٥٧

[٤١] کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی — کۆکردنەوەی د. کەمال فوئاد– ل١٥٧

لێرەدا چەند نموونەیەك لە هەواڵەکانی رۆژنامەکە دیاری دەکەین. لەم رووەوە بڕوانە ئەم هەواڵە لە ژمارە (٤)ی رۆژنامەی کوردستان خولی سێیەمی ساڵی ١٩١٧ لەژێر ناونیشانی، پوختەی هەواڵەکانی جەنگدا، بڵاوکراوەتەوە.

((گرنگترین رووداوەکانی هەفتەی رابردوو لەبارەی جەنگی عێراقەوە، سوپاکەی جەنراڵ مۆد لەگەڵ داگیرکردنی بنکەی گرنگی (رومادی)دا ئەحمەد بەگی فەرماندەی بنکەکەو هەموو ئەرکانی جەنگەکەی دەستگیر کرد)) [٤٢].

ئەمە بەشێکە لەدەقی هەواڵێك لە رۆژنامەی کوردستان، ئێستا رەگەزەکانی دەستنیشان دەکەین.

**یەکەم: رەگەزی کات**

لە یەکەم دێڕی هەواڵەکەدا هاتووە، (گرنگترین روداوەکانی جەنگ لە هەفتەی رابردوو) بێگومان رۆژنامەکە بەدوو هەفتە جارێك دەرچووە، لەو سەردەمەدا، واتە ساڵی ١٩١٧، پێش دەرچوونی بە یەك هەفتە روداوی هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە، کەواتە کات لەم دەقە هەواڵییە بریتیە لە (هەفتەی رابردوو) ئەمە وەك رەگەزی کات، بەڵام ئایا، ئەو رەگەزە گرنگی هەیە، گرنگی رەگەزی کات لە هەواڵدا، دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی کات واتە کاتەکە تازەبێت مەودای رابردووی کەم بێت، گەر بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمە باس لەڕەگەزی ئێستایی یان تازەیی کات بکەین، کە هۆکانی گەیاندن وەك ئەمڕۆ خێرا نەبووە، دەتوانین بڵێین، رەگەزی کات گرنگی هەیە، چونکە بەنسبەت ئەو دەمەوە تازەیە، واتە زەمەنی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە زەمەنێکە مەودای رابردووی کەمەو تازەیە، نوێیە، هەنووکەییە، بەنسبەت خوێنەرەکەیەوە.

**دووەم: رەگەزی شوێن**

شوێنی رودانی هەواڵەکە لەو تێکستەدا هاتووە کە روداوەك لە (عێراق، رومادی)دا رویداوە، ئەمە وەك رەگەزی شوێن، بەڵام ئایا، گرنگی لەڕەگەزی شوێن لە پێکهاتەی هەواڵ، کە نزیکییە لەو شوێنە، بەنیسبەت خوێنەرەوە، ئەم حاڵەتەی تێدا بەرجەستەبووە، مادەم روداوەکە لە عێراق، رومادییە، کە ئەو کاتە ولایەتێك بووە لەولایەتەکانی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانی نزیکایەتییەکی لەگەڵ خوێنەر یان جەماوەری رۆژنامەکەدا هەیە، چونکە شوێن بریتییە لە دەوروبەری خوێنەری رۆژنامەکەو، پەیوەندی پێوەی هەیە.

**سێیەم: رەگەزی کارەکتەری دیار**

هەر لەم نمونەی دەقە هەواڵییەدا ناوی دوو کارەکتەر هاتووە (ئەحمەد بەگ) فەرماندەی بنکەی رومادی سوپای عوسمانی (جەنراڵ مۆد) فەرماندەی هێزی ئینگلیز، گەر وەك رەگەزی کارەکتەری دیار، بڕوانیە هەواڵەکە، دەردەکەوێت کە ناوی کارەکتەری تێدا هاتووە، بەڵام ئایا گرنگی خۆی هەیە، وەك رەگەزەکانی تر، لێرەدا ناتوانین بڵێن زۆر گرنگی هەیە، چونکە کارەکتەرەکان، کەسایەتییەکان زۆر ناسراونین کەسایەتی دیار نین.

**چوارەم: رەگەزی ململانێ**

هەواڵەکە باس لەجەنگی نێوان سوپای عوسمانیو هێزی ئینگلیز دەکات، کەواتە بابەتی دەقە هەواڵێکە، یەك راست بریتیە لە ململانێی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە.

ئەمەشیان بریتیە لەڕەگەزی ململانێ کە بەئاسانی هەستی پێدەکەین بوونی هەیە. ئەمە نموونەی هەواڵێك بوو لەڕۆژنامەی کوردستان، کە رەگەزەکانی (کات، شوێن، کارەکتەری دیار، ململانێ) تێدابوو، هەروەها لەم نموونانەشدا هەوڵدەدەین بەجیا، رەگەزەکان دیاری بکەین.

بۆ نموونە بڕوانە دوا ژمارەی خولی سێیەم، کە دوا ژمارەی رۆژنامەی کوردستانە، ساڵی ١٩١٨. ((لە رووسیا (لینین) بەڕوخاندنی حکومەتی ترۆتسکی کە لەدوای قەیسەر دامەزرابوو، دەسەڵاتی وڵاتی گرتە دەستو لەگەڵ ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانیدا دەستی کرد، بەوتوێژو رێکەوتن)) [٤٣].

---

[٤٢] کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی — کۆکردنەوەی د. کەمال فوئاد– ل١٥٧

[٤٣] کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوەی د. کەمال فوئاد ل٢١١

ئەمە نموونەی هەواڵێك بوو لەڕۆژنامەکەدا، کە گرنگیەکی زۆری داوە بەڕەگەزی کارەکتەری دیار، ئەویش (لینین) کە لەو سەردەمەدا، وەك (کارەکتەرێکی بەناوبانگو سەرکردەیەکی کاریزما) خوێنەر، جەماوەر، ئارەزووی هەواڵەکانی کردووە.

گەر لەم رووەوە بایەخی ڕۆژنامەی کوردستان هەڵسەنگێنین دەردەکەوێت کە گرنگی بەو رەگەزەداوە، یان، هەواڵەکانی بایەخی داوە، بەهەواڵی کارەکتەری دیار، کە ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی پێکهاتەی هەواڵ.

هەروەها، بڕواننە ئەم تێکستە هەواڵییە، لە ژمارە ٢٨ی خولی یەکەم ساڵی ١٩٠٢ بلاوکراوەتەوە.

((رووداوەکان، لەماوەی مانگی پێشوودا، کوشتارێکی زۆر لە هەموو لایەکی کوردستاندا رویداوە، لەبەر بێدەسەڵاتی حکومەت، هاوڵاتیان پەلاماری یەکتریانداوە، هەمان خاکی (ساسۆن) سەرچاوەی رووداوەکان بوو، ئەمڕۆش دیسانەوە بەخوێنی نیفاق بۆیاخکراوەو خەڵکە راپەڕیوەکان، بەهێزی سەربازی دەوریان گیراوە))[٤٤].

لەدێڕی یەکەمدا دوو رەگەزی هەواڵ بەدیدەکرێت.

**یەکەم: لەمانگی پێشوو رەگەزی کات.**

**دووەم: لە هەموولایەکی کوردستان رەگەزی شوێن.**

ئەوەی لێرەدا مەبەستە رەگەزی دووەم، وەك شوێن باس لەرووداوی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکات. کەواتە رەگەزە گرنگی‌و بایەخی خۆی هەیە، چونکە بریتیە لەشوێنێکی نزیك بە نیسبەت خوێنەری ڕۆژنامەکە، کەواتە دەردەکەوێت ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕەگەزی شوێن لەپێکهاتەی هەواڵ، گرنگی بەشوێنی نزیك داوە. کە جێگەی بایەخە لەلای خوێنەر یان، ئەو جەماوەرەی کە پەیامی ڕۆژنامەکەی ئاڕاستە دەکرێت.

هەروەها بڕوانە، ئەم هەواڵانە کە لەژمارەکانی خولی سێیەم ڕۆژنامەی کوردستان، لەساڵانی (١٩١٧–١٩١٨) بلاوکراونەتەوە، دوبارەی رەداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە (١) خولی سێیەم ساڵی ١٩١٧ لاپەڕە ٣، ئەو هەواڵانەی تێدایە،

–**رووسیا** ((رووسەکان لەنێوان (ریخا)و (میتۆ) بە هێرش بردن، سەنگەرەکانی ئەڵمانیایان تێکشکاند))[٤٥].

–**ڕۆمانیا** ((لەبەرەیەکی شەڕدا کە درێژییەکەی ١٠٠میل بوو، شەش ڕۆژ لەسەریەك شەڕ رویدا، وێڕای قورسی تۆپەکان، هێزی نەمسا، ڕۆمانییەکان خۆیان راگرت))[٤٦]

لەم دوو هەواڵەدا رەگەزی ململانێ کە ڕەگەزێکی سەرەکی دروستبوونی هەواڵە، سەراپای دەقە هەواڵییەکەی داگیرکردوە.

لەوەی یەکەم هەواڵی ململانێی نێوان رووسیاو ئەڵمانیا.

لەوەی دووەم هەواڵی ململانێی نێوان ڕۆمانیاو نەمسا.

هەروەها لە ژمارە (٥) ڕۆژنامەی کوردستان خولی سێیەم ساڵی ١٩١٧ ئەم هەواڵانە بلاوکراوەتەوە، (لەبەرەی فەرەنسادا، هەفتەیەکە سەرقاڵی خۆئامادەکردن بۆ هێرش بردن، سوپای فەرەنسا لەبەرەیەکی ٨ کیلۆمەتریدا، هێرشی کردە سەر هێڵی بەرگری (هەندنبیرگ)و لەم شەڕەدا، فەرەنسییەکان (٨) هەزار سەربازو (١٦٠)ئەفسەری ئەڵمانیایان دەستگیرکرد)[٤٧]

بەهەمان شێوە ئەم هەواڵەش رووداوەکەی ململانێی نێوان فەرەنساو ئەڵمانیایە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەمانەو چەندین نموونەی تر، دەقی هەواڵی لە ڕۆژنامەکەدا هەیە کە سەراپا بریتیە لە ململانێ.

لێرەدا دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە رەگەزی ململانێ وەك رەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی هەواڵ، بوونی هەیە واتە یەکێك لەو رەگەزانەی کە هەواڵی لەسەر بینا کراوە، لە ڕۆژنامەی کوردستان، رەگەزی (ململانێ)یە !!

---

[٤٤] کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوەی د. کەمال فوئاد ل١٣١

[٤٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٥١

## ئەنجام

وەك لە بەشی یەكەم و دووەمدا چەندین سەرنج و تێبینی و نموونەی هەواڵمان لە ڕۆژنامەی كوردستاندا، خستە ڕوو لەكۆتایی توێژینەوەكەدا، گەیشتینە چەند ئەنجامێك، كە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشانیان دەكەین:

١–هەواڵ توخمێكی گرنگی هونەری نووسینی ڕۆژنامەیە لە ڕۆژنامەی كوردستان (١٨٩٨–١٩١٨).
توخمی هەواڵ بە ئەندازەیەكی بەرچاو بوونی هەیە، بەتایبەتی لە خولی سێیەمی ڕۆژنامەكە كە سورەیا بەدرخان سەرنووسەری بووە، بەشێوەیەكی زۆرباش هەواڵەكانی جەنگی جیهانی یەكەمی لەناوچەكانی بەڵقان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوكردۆتەوە.

٢–لە ژمارە بەراییەكانی ڕۆژنامەكەدا سەرەتا هەواڵ ئەو پانتاییەی نەبووە، كە پێویست بكات، بەڵام وردە وردە، لەژمارەكانی دواتر تا كۆتایی ژمارەی ڕۆژنامەكە، دەبینین هەواڵ بۆتە توخمێك لە ڕۆژنامەكە و پانتاییەكی بەرچاو و پێویستی هەبووە.

٣–لەڕووی جۆرەوە، ڕۆژنامەی كوردستان، جۆری هەواڵی (خێرا، ڕاپۆرتە هەواڵ، هەواڵی بەردەوامی) لەخۆ گرتووە.

٤–لەڕووی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی هەواڵ، ڕۆژنامەی كوردستان، لە هەواڵەكانیدا ڕەگەزی كات و شوێن و ململانێ و كارەكتەری دیاری بەشداری لەدروستبوونی هەواڵەكاندا كردووە.
لەڕووی گرنگی ئەم ڕەگەزانەشەوە تا ڕادەیەك بایەخدار بوو، بۆ نموونە لە ڕەگەزی شوێندا، هەواڵی شوێنی نزیك بەنسبەت خوێنەری ڕۆژنامەوە هەبووە.
لەڕووی ڕەگەزی كاتەوە، زەمەنی ئێستایی ڕوداوی هەواڵی بڵاوكردۆتەوە، هەواڵی كەسایەتی و كارەكتەری بەناوبانگ و كاریزمای بڵاوكردۆتەوە، كە ئەمانە سیفەتی گرنگی توخمەكانن.

٥–ئەوەی لایەنی نزمی ڕۆژنامەكە بێت لە ڕووی هەواڵەوە، لە هەندێ ژمارە بەتایبەتی ژمارە سەرەتاییەكانی، لەداڕشتنی هەواڵدا لاوازبووە، چونكە هەواڵەكان، بەشێوەیەكی ڕێك و پێك جیانەكراونەتەوە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەكەدا.

٦–ناونیشان و مانشێتی هەواڵەكان بەگشتی لاوازبوون.

هەواڵنامەی کتێب

### سەرچاوەكان:


١– المراسل الصحفي ومصادر الاخبار — هربرت ستنریز
٢– تقنیة الصحافة — فلیب غایر
٣– فن الكتابة الأخبار — د. عبدالستار جواد
٤– چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی كورد — نەوشیروان مستەفا ئەمین
٥– چەند هەنگاوێك بەرەو ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسی — هەڤاڵ ئەبوبەكر
٦– كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی (دەورەی یەكەم) — د. كەمال فوئاد
٧– كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی (دەورەی دووەم) — د. كەمال فوئاد
٨– كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی بڵاوكراوەی بنكەی ئەدەبی و ڕوناكبیری گەلاوێژ — د. كەمال فوئاد


***كارەكە چەند جوان و ڕێكوپێك و زیاتر جێی متمانە دەبوو، ئەگەر لەگەڵ ناوی نووسەر و سەرچاوەكان، ناوی شوێن و دەزگای چاپكردن وساڵی چاپكردنی بەرهەمەكان بنووسرابایە.**

ڕۆژنامەنووس

# میقداد مەدحەت بەدرخان[1] و هزرا مەدەنیەتیێ

بەشار کیکی*

**پێشەکی و ئارمانج:**

گرێدانا ئاستیێ مەدەنیەتیێ و هزرا ویێ ل دەف میر میقداد مەدحەت بەدرخان ل دوماهیا چەرخیێ ١٩ و دەستپێکا چەرخیێ ٢٠یێ دگەل قۆناغا ئەڤرو یادیروکا مەدەنیەتیێ و جڤاکیێ مەدەنی بخوڤ دیتیەنە هزرەکا سادە و ساکار بوویە، چونکە گەلەك گەلەك شروڤەکرن بۆ قۆناغێن دیرۆکیێ دڤێن، بەلێ دیتنا نیشانێن مەدەنیەتیێ و جڤاکا مەدەنی لبرە روناهیا شروڤەکرنێ بۆ قوناغا ئەڤرو یا جڤاکیێ مەدەنی گەهشتیێ ئەڤ هزرە ئاسانکر نەمازە کوو من پتر تەرکیز لسەر بیرو بۆبچوونێن مەدەنیێن میر مقداد بەدرخانی کریە لسەر ئاستیێ سەرگوتارێن رۆژناما **"کوردستان"** ژ هژمارە (١-٥)[2].

هەرچەندە شروڤەکرنێن نەتەوەیی و ئیسلامی ژی جهیێ خۆ د بەرهەمێن رۆژناما **"کوردستان"** دا دبینن بەلێ ئەڤ هەردوو شروڤەکرنە ژی دناڤ سەرەدەریەکا مەدەنیدا چارەسەری بۆ دیتینە...بەلێ لڤێرە ئەز دخوازم پتر تەرکیزی لسەر ئاراستەیێن مقداد مدحت بەدرخانی بخو بکەم، چونکە کەسایەتیا وی بخو ژی رولێ خۆ هەبوویە درەنگەدانەڤا بیروبوچوونێن وی دا دواریێ مەدەنیەتێدا ئەڤجاچ باگراوندی وی بخو بیت ژ روییێ خواندن و خوجهییێ ڤەوج ژی باگراوندی بنەمالا بەدرخانیان بخوژی کووو تا ئیرۆ ژی وەك چراییێن رەوشەنبیری هەر د هەلن.

و ئارمانج ژی ئەوە بیروبوچوون و سەرەدەریا میر مقدادی د رۆژنامێدا نێزیکی مەدەنیەت و پەرەوەردا مەدەنی و جڤاکا مەدەنی بکەم.

**ناڤەرۆك:**

ناڤەرۆك دهێتە دابەشکرن لسەر چەند خالێن سەرەکی کوو ب دیتنا من جورە هەڤبەرکرنەکەد ئاستیێ مەدەنیەتێدا وەك هزر و نیشان د روژناما **"کوردستان"** دا ب چاڤیێ ئەڤرۆ.

**-ئارمانج و دەست پێشخەری:**

بیرکرن ل دەرئێخستنا رۆژنامەکیێ ل وی سەردەمیدا ژ ڤالاتییێ نەبوویە نەخاسمە کو بنەمالا بەدرخانیان سەربورەکا مەزن دواریێ سیاسی و رەوشەنبیری ب گشتی دا هەیە ب تایبەتی ل سەردەمیێ میرنیشنا بۆتان، ئانکو سەربوور دگەل دەسەلاتیێ... کەواتە ئارمانج ب شێوەیەکیێ دیتر بەردەوامە..مقداد مدحت بەدرخان داخبار بوویە ب باگراوندیێ دیرۆکا بنەمالێ و لژێر کارتێکرنا خویندنا خۆ ل فرەنسا و ژیانا سیاسی و رەوشەنبیری ل ئستمبولێ[3]، ئەو پالدا دەست پێشخەرییێ بکەت ب مەرەما ئەنجامدانا خزمەتەکا گشتی و بڤی هەلۆیستی دگەل پێناسا ئەڤرو یا جڤاکا مەدەنی خو د گونجینیت لسەر بنیاتێ گیانیێ دەست پێشخەرییێ و گەوعیەتیێ دویر ژ هەر بەرژەوەندییەکا بەرتەنگ و هەروەك ئاشکرایە کوو وی نوێنەراتیا چ رێکخستیێن سیاسی و جڤاکا نەدکر وەك د.جەلیلیێ جەلیل دبێژیت، کەواتە ییێ وەك تاك د جڤاکێدا، ئانکو ییێ بەرپرسیاریەکا تەڤایی دبینیت وەك تاك و ئەڤە بخو بخو ژی بنیاتەکیێ گرنگیێ جڤاکا مەدەنتییە دڤی سەردەمێدا و دچارچووڤیێ بەشدارییێ دگەل خەلکی داژبو بەحسکرنا کێشێن گشتی و وەرگرتنا بەرپرسیارییێ خو دبینیتەڤە.

ئارمانج ژی خزمەتا گشتییە و وەکی یا زانایە کووو هەر هژمار وی (٢٠٠٠) دانە ب هەروە د هنارتنە کوردستانیێ، ئانکو وی لسەر کیستیێ خۆ و ژ پاریێ خۆ و بێی چاڤیێ وی ل قازانجیێ بیت **"قازانج نەویست"** ئەڤ کارە ئەنجامدایە ئەڤجا گیانیێ گەوعیەتیێ **"ب جوهد و پاریێ خۆ"** دگەل ئارمانجیێ هەڤدگرن و دەست پێشخەری پەیدا دبیت.[4]

خێر وتەعاون و هـزرا وی دا یـا زال بوویـە و خـەلك بو ڤێ چەندێ هاندایە دەمـێ د هـژمارا دوێدا مخاطبا مـیر و ئاغـا دکـەت کـوو مەدرەسـا و مەکتـەبا ئاڤـا بکەن.[٥]

دیسان ئەو بخو ژی د پاشبەندێ فرەنسی دا یـێ هـژمارا (١) دبێـژیت: (مـن بریـار دا..**هـەمی شـیانا بمەزێخم ژبـو هـەر کـارەکی کـو د خزمـەتا هـاولاتیێن کـورد دا بیـت و گیـانێ هزرکرنـێ دنـاڤ وانـدا وەرارێ بکەت...**)[٦]

—**شـەفافیەت (زەلالی):** رۆژنامـە کـرە دەرگەهـە و بیاڤەك بو دەربرینێ و شەفافیەتێ دەمێ د هژمارا (٤) دا دبێژیت: حەچیێ زولم لوان کر "**کوردا**"دێ بکار بە بریکا ڤێ رۆژنامێ ژ منرە کاغەزەکێ بنڤیسە ئـەزێ ل جەریدێ ئـیعلان بکـم، بڤـێ رێ دە ئـەزێ دەردێ وی بگەهین حەیاگە خنکار "**ئـانکو سلطان**"ێ[٧]. و ئـەڤ پرنسیپە زورێ گرنگە چونکە پەیوەندی د ئاشکرانەو دسـەهلات و حکومـەت نـە دوژمـنن و هـاوولاتی ژی خودان مافن و دڤـی بـاری دا تەئکیـد لسـەر هـاوولاتی کریـە، ئـانکو وەك کیانـەکێ حقـوقی و دەولەتێـدا سـەرباری ژێیـاتیێن دن مخاطبـا تـاکی سلگـێ کریـە دویـر ژ تونـدکاریێ و هـەر دوی دەمیـدا رێکـێن سەرەدەریێ نیشانا خـەلکی دایە و بڤی رەنگی خۆ کریـە پـرەك و وەسـیتەك دناڤبـەرا خـەلکی و دەسـەلاتێدا و ئـەم دکـارین بێـژین بوویـە شـریکێ حکومەتێ د هەلگرتنا خەما هاوولاتیاندا.

و دڤێ خالێدا مقداد بەدرخان ڤیایە خەلکەك ب مافێن خۆیێن سیاسی و مەدەنی و جڤاکی ئـابووی رو رەوشەنبیری بحەسێن و نابیت بێ دەنگ بمینن.

دیـسان بـەلاڤکرنا شـکایەت و سـکالایان کـوو مەرجـەکێ گرنگـێ شـەفافیەت و زەلالیـێ و ئـەیرۆ و ئورگانێن خۆدا جڤاکا مـەدەنی ددانیتـە بـەر دەستـێ بەر پرسان..بەلێ گەرد بروارد بکەین لوی سـەردەمێ و ئەوی ئەڤ هزرو بیرە هـەبن دێ دیار بیت و کو ڤیایە یێ دویر بیت ژ هەمی رەنگێن توندکاریێ و خەباتـەکا مـەدەنی بکـەت و یـێ زەلال بیـت دگـەل خـەلکی و حکوومەتێ و راستگۆییا خوژی بپارێزیت و دشیاندایە بێـژم بـو ئـەڤرۆ رۆلێ رۆژنامـەکا ئـازاد دگێریـت کـوو بنیاتێ ئاڤاکرنا جڤاکەکێ مەدەنیێ ساخلەمە.

دیسان ب شێوەیەکێ نەرم د هەردوو سەرگوتارێن هژمارە (٤–٥) دا اخوازێ ژ سلطانی دکـەت رێ بـدەت رۆژنامە ب ئـازادی بگەهیتـە کوردستـانێ و هـەر دڤـی باریدا داخوازێ ژ میر و ئاغایێن کـوردا ژی دکـەت کـوو تلغرافەکێ بو سلگانی فرێکەن بو ڤی مەبەستێ ئـانکو باوەری ب دەنگـا هەبوویـە ب ئیمـزا و راوەگرتنـێ و د ئەنجامدا رەئیا گشتی[٨]. دیسان ب نموونە دیار دکەت کوو ئەگەرێن هەرفتنا مللەتان فەسادەو دویـر کەفتنـە ژ علم و مەعریفەتێ و وەك نموونە بەحسێ سلجوقیان دکەت کـوو وەزیـرێن وان د خواندەڤا و عـادەل بـوون (هـژمار –٢– بـپ ٣) و دشـێم بێـژم بوچـوونێن وی زێدەتر د نێزیکی ئەوا دبێـژنێ حکومەتـەکا تکنـوقراگ دڤی سەردەمیدا[٩].

—**چارەسەریێن ناڤخۆیی:** د وارێ ئابووریـیدا یـێ دویـر بێن بوویە دەمێ د هژمارا (١) دا بەرنامە و پرۆگرامێ خو دانایا "**تجارەت چەوا دبە ئەزێ حەمیا حیکایەت بکـم**"[١٠] و ئەگـەر ب جڤاکـا ئـەڤرۆ یـا مـەدەنی ڤـە گرێبـدەین د شـیاندایەبێژین کـوو بـو خـودانێ "**زکـێ برسی**" بو وی نە گرنگـە "**جڤـاکێ مـەدەنی**" چییە؟ چونکە ئاریشە هەنـە و دنـاڤخویی نـە و پێویـستی ب چارەسـەریێ هەیـە و رەنگـە دیموکراتییـەت لـدەڤ ئەکادیمی و پروفیشنولان یـا جـودا بیت ژ خەلکەکێ دیـتر و مقدادی بـاش هەسـت بڤـێ چـەندێ کریـە و خولێکریە خودان و ڤیایە خەلکی ئاگەهدار بکەن کانێ چ هەیـە لدەوروبـەرێ وان و دەرڤـە ژی پێـشکەفتنا جڤاکی بزانینێ ڤی گرێدایە، ئـانکو وی دزانی چ هەیـە دڤی باری دا و ل چارەسەریێ د گـەریا هـەر چ نـەبیت خـەلك بـزانن تجـارەت چـەوا دهێتـەکرن، چـونکە بنیاتەکێ گرنگە بو هندێ کورد پشت بەستنێ لسەر خۆ بکەن و ب تمامی نەکەڤنە داڤێت ئاغا و حکومەتێ د ئەنجامدا تەسلیمی هـزرا وان بـبن و دویر بکـەڤن ژ پـشکداریا سیاسـی یـا کاریگـەر و هـەر دڤـی بـاری دا خگابا خـۆ ئاراسـتەی عولـەما و پاشا و مـیر و ئاغـان دکەت کـوو دهاریکـار بـن و خێـر نەئـەوە بتنـێ نمێـژا بکـەن بـەلکوو وەك ئـەو دبێـژیت: (**خێـر نـە نمێـژ و رۆژینـە.. مەدرەسـا و مەکتـەبا ئاڤاکـەن.. زاروکـێن ئێتیم بدەن خوەندن..**)[١١].

ئانکو دیتنەکا گشتی بو دەردێن جڤاکا هەبوویە و راستی لپێش چاڤێن خۆ دیتن کوو جگا یـێ دویرە ژ خزمەتێ و ئەگەر دەولەت نەشێت یان نەڤێت بکەت د شیاندایە ب هاریکاریێ بهێنە ئەنجامدان و ئـیرۆ ئـەڤ جورە هاریکاریـە دڤـی سـەردەمیدا د بـەردەوامن و ژ

چارچۆڤێ رۆلێ کاسێکیێ دەولەتێ ژی ڤە دەرکەفتینە.

**پەروەدا مەدەنی:**

–زاروکی د هزرا ویدا بیاڤەکێ مەزن ڤەگرتبوو و رەهەندێن خۆییێن ئایندەیی ژی هەنە و داکوکیەکا مەزن لسەر پێگەهاندان وان کریە بو ئازاکرنا جڤاکەکێ ساخلەم دەمێ دبێژیت:**بفکرن زارۆیێن بێ باب بدن خوەندن.. چونکە ئەوێن نزانن بخوێنین.. نزانن.. کێ قەنجی کریەو کێ خرابی دکر)**(١٢).

بێگومانە ڤێ بەرپرسیاریێ دئێختنە سەر ملێ میر و پاشا و ئاغاییێن کوردا کوو تێدا یا ئاشکرایە هەست ب پاشکەفتنەکا مەزن دکەت و پێشکەفتن دێ لسەر دەستێ زاروکان بیت و یێن بێ باب ژی پێویستی ب پێشکەفتنێ هەیە، چونکە دا بشێن د زانا و هوشیار بن، ئانکو د ئەنجامدا د تێگەهشتنێ بن و جڤاك ب گشتیێ ساخلەم بیت و هەر کەسەکی رەئیا خۆ هەبیت و دەما ئامارژە دکەتە کێ قەنجی کریەو کێ خرابی ب دیتنا من راستەوخۆ بەحسێ ئایندێ ئازادیا جڤاکێ دکەت، جڤاکەکێ مەدەنی تێدا ب ئاشکرایی باش و خراب بهێنە دەست نیشانکرن و ئەڤەژی گرنگترین میکانیزمێن جڤاکا مەدەنییە درێکا دەزگەهێن میدیاییێدا، خزمەتکرنا زارۆکان و خەلکی ب گشتی نە بتنێ کربوو ئارمانج بەلکوو کربوو ئەرك ژی لسەر ملێن خۆ و بنەمالا خۆ کوو د حازرن یارمەتیا زاروکان بکەن بو خواندنێ ل ئستامبولێ و دبێژیت: **"لسەر مە دەینە ئەم ژبو قەنجیا کرمانجان بخەبتن و دڤێت ئەم وەك زارۆیێن خۆ بۆ بفکرن و دخوازیت هەر کەسێ زارۆکێن خو فرێکەتە ئستەمبولێ بلا فرێکەتە دەف براییێن وی و ئەو بخو ژی ل مصرێ یێ حازرە لسەر ئەو رێسا خۆ پێشوازیا وان بکەت"**(١٣).

–ناهێتە ڤەشارتن کوو وی ڤیایە دینی بکەتە د خزمەتا ئارمانجێن خۆ یێن مەدەنی دا ژبەر مەدەنییدا هندێ ژی فەرزێن ئایینی ب فەرزێن دینداریێ ڤە گرێددەت و دبێژیت: **"چەوا نمێژ فەرزە.. علماندنا علمیژی لسەر وە فەرزە و دبێژیت بێ ی علم و خوندن نمێژ و رۆژی تمام نابن"**(١٤).

ژ ئەڤێ بوچوونی دیار دبیت کوو ڤیایە بگورەی ریالیتێ دەولەتێ و تەقالیدێن کوردا سەرەدەریێ بکەت دگەل ئایینی و تنێ خەلك مژوولی نمێژاو رۆژیا نەبیت بەلکوو علم و خواندن ژی کریە فەرز و ئەڤەژی نیشانەکا بەرزا مەدەنیەتێ بوویە، گەر وی سەردەمی بروارد بکەین کو نە تنێ خەلکی پێ چێنەبوویە زاروکێن خۆ فێر بکەن و نە تنێ دەولەتێ ژی هاریکاری نەدکر بەلکوو لایەنێن دینی خواندن و مەدرەسە حەرامژیکربوون و بەرماییکێن ڤێ چەندێ رەنگە تا نۆکە ل هندەك دەڤەرێن کوردستانێ مابن، نە تنێ ئەڤە کریە بەلکوو نیشتمانپەروەری ژی ب چاڤی دیتیە.

**بروراردکرن:**

جڤاکێ مەدەنی لدویف پێناسا رێکخراوا سیڤکس یا جیهانی ئەو مەیدانا دەرڤەی چارچووڤی خێزانێ و حکومەتێ وبازاری دناڤدا ئەفراد **"تاکەکان"**ئالیکارن بۆ بجهئینانا بەرژەوەندیێن هەڤپشك.

أ.**دەربارەی مەیدانێ**: زۆر گرنگە بیاڤەك گشتی بهێتە دابینکرن و بو کارلێکرنا بوها و بەرژەوەندییێن جودا جودا یێن جڤاکی.. پەیڤا مەیدان ژی بو سالوخەتکرنا بەروبیاڤەکی بو کومڤەبوون و گەنگەشەکرنێ ب ئارمانجا کارتێکرنێ د جڤاکی دا دهێتە بکارئینان و دڤی باری دا رۆژناما **"کوردستان"** ئەڤ دەورە دیتیە و بوویە مەیدانەك بو کەمڤەبوون و گەنگەشە کرنێ بو نموونە ئەو ناما کەسەکی بناڤێ "ن.ج" ژ شامێ بووی فرێکری زێدەباری ناما سید گاهر بوگی بخو ژی کوو دیار دکەن خەلکەك ل بەندا رۆژنامێیە و دخوازن بهەر رەنگەکی هەبیت بگەهیتە دەستێ وان داکوو بخوینن و گەنگەشێ لسەر بکەن(١٥).

ب. **دەربارەی خێزانێ**: ئەڤ پێناسە خێزانێ ناهژمێریت پشکەك ژ جڤاکێ مەدەنی بەلی اعترافێ ب رولێ گشتی یێ کومەلێن خێزانی دکەت دهندەك جڤاکاندا و لدویف چالاکییێن وان یێن گشتی و دشیاندایە بهێتە هژمارتن پشکەك ژ جڤاکا مەدەنی و گەر ئەم بەحسێ مقدادی و براییێن وی و بنەمالا وی ب گشتی بکەین و دگەل ئەڤرۆ بروارد بکەین بێی دو دلی دێ بنە پشکەکا زیندی یا جڤاکێ مەدەنی، چونکە کارو چالاکییێن وان و گشتی بووینە و بو خزمەتا گشتی بووینە و د رۆژنامێدا ڤی بەرهەڤیێ دووبارە نیشان ددەت چ لەمصرێ و چ لەئستانبولێ.

ج. **حکوومەتێ**: جوداهیەکا گەوهەری دناڤبەرا دەولەتێ دگەل جڤاکێ مەدەنی هەیە، چونکە وێ بتنێ مافێ بکارئینانا هێزێ هەیە.. بەلێ دەما دەولەت یا **"مفکك"** بیت، جڤاك دشێت دەورەکێ قەسری

بشێوەیەکێ کاتی برەنگەکی ژ رەنگان ببینیت، میر مقداد بەدرخان پتر جڤاك هاندایە بەلێ ئەو ژی درێکا میر و ئاغا و پاشایان را.. زێدەباری وێ چەندێ کوو وی دزانی دەولەت خودان هێزەو تەنانەت ڤیایە ب رەسمی رۆژنامێ فرێکەتە ئستەنبولێ و کوردستانێ و ب رەسمی ژی ئەڤە داخوازکریە و ڤیایە پەیوەندی یا یاسایی بیت بەلێ هەر دوی دەمیدا خو ل هیڤیا ڤێ چەندێ ژی نەگرتیە و رۆژنامە گەهاندیە کوردستانێ هەردوو هزرڤانێن فرەنسی **"مونتیسکیو"** و **"ئەلکسی دی توکفیل"** ڤژنێن خۆ **"رۆیا"** لسەر یێن **"جون لوك**، **جان جاك روسۆ، هیگل"**ی زێدەکرن و ب دیتنا من میر مقداد ب حوکمێ خواندنا خۆ پتر یێ نێزیکی هەردوو هزرڤانێن فرەنسی بوویە و شورەشا فرەنسی ب گشتی، چونکە ڤان هەردوو هزرڤان دڤیان جڤاکا مەدەنی بکەنە وەسیتەك بۆ هەڤسەنگی کرنا پەیوەندیێ دناڤبەرا تاك و دەولەتێ دا بو هندێ کارتێکرنا راستەوخۆ یا دەولەتێ لسەر تاکی کێم بکەت، چ ئەو کارتێکرنا درێکا میر و ئاغا و پاشایان را بیت یانژی هێزا دەولەتێ بخو ژی بەلێ ئەڤەژی هەمی درێکا هاندانا خەلکییدا بو خواندن و زانین و فێربوونێ.

د. **بازار:** د هزرا مقداد بەدرخانیدا تجارەتێ بیاڤەکێ مەزن وەرگرتییە و بازار ژی د جڤاکیدا ناهێتە هژمارتن پشکەك ژ جڤاکێ مەدەنی، چونکە بەرژەوەندیێن مادی تێدا هەنە، بەلێ ئەو کەسێن کار دکەن دڤی بازاریدا وەك خێرخوازی دویر ژ قازانجێ دهێتە هژمارتن پشکەك ژ جڤاکا مەدەنی.. دڤی ئاستی دا ژی ئاشکرایە کوو مقداد بەدرخانی تەرویج بو گرنگیا بازاری دکر و رۆژنامە **"کوردستان"** بخو ژی د شیاندایە وەك پرۆژەیەکێ تجاری حسابێ بۆ بکەین بەلێ یێ قازانج نەویست، چونکە لسەر کیستێ خۆ چاپ دکر و ئەوی بخو ژی تێدا کاردکر و هاریکاریا خەلکەکێدی ژی دکر و ب ڤی رەنگێ خالا بازاری لدەف مقداد بەدرخانی هزرەکا مەدەنی بوویە بۆ پتر زانین و زانیاری و فێربوونا کار و سنعەتێ ب هاندانا خەلکیخەلکی ئانگو پێگەهاندنا ئابووری یا خەلکی.

ه. **هاریکاری:** ئانکو جڤاکێ مەدەنی لسەر بنیاتێ شیانێن هاریکاریێ دناڤبەرا تاکێن جڤاکیدا دهێتە ئاڤاکرن و گرێدان وپەیوەندی دناڤبەرا واندا ب هەر رەنگەکی بیت.. دیارە میر مقدادی د رۆژنامێدا ئارمانجی وی یا سەرەکی ئەوبوویە نەخاسمە میر وئاغا و پاشا هاریکاریا خەلکی بکەن و نەخاسمە زارۆکان د ئاستی هەڤکاریێ و خێرخوازێی دا داخوازێ ژ موسلمانان دکەت کوو پارا کومبکەن **"چ ژ دەستێ وان دهێت"** و بو ژن و زارۆکێن شەهیدان فرێبکەن.

و. **بجهئینانا بەرژەوەندیێن گشتی:** مەبەست پێ ئەوە تەرویج بو سنج و بوها و پێداویست و ناسنامە و پیڤەر و هیڤی و ئارمانجان بهێتە کرن و دڤی بارێدا میر مقدادی تەرویج بو باشترین سنج و بوهایێن جڤاکی دکرن نەخاسمە هاریکاریێ و خواندن و فێربوون و سنعەتکاریێ و تجارەتێ و خێرخوازایێ ب گشتی.

تشتێ گرنگ لڤێرە ئەوە ئەندامەتی د جڤاکێ مەدەنیدا لدویف وەزیفەتێ یە یاکوو بجھ دئینیت نەکوو لدویف فورمێ رێکخستنێیەو لسەر ڤی بنیاتێ ژی میر مقداد بەدرخان ب مروڤەکێ مەدەنی و خوازیارێ جڤاکێ مەدەنی دهێتە هژمارتن.


**ژێدەر:**

١.هەتا نوکە کێم ل سەر ژیانا مقداد مدحت بەدرخانی دهێتە زانین و ئەو پێزانین بەردەست دبێژن کو مقداد مدحت لاوێ میر بەدرخانییە دیسان دگەل برایێ خوە ئەمین عالی بەدرخانی ب بزاڤەکێ دژی دەولەتا ئوسمانی ل سالا ١٨٨٩ رابوویە، ژبلی دەرئێخستنا روژناما کوردستان، ئەندامێ کومەلا کورد ژ بو بەلاڤکرنا معارفا کوردی بوو، ئەوا ل سالا ١٩١٠ ل ئیستەمبولێ هاتیە دامەزراندن، و پالپشتێ پارتا **"الحرية والائتلاف"** یا ئوسمانی بوو، و ئالی پارتا ناڤیری ڤە وەکە متصرفی دێرسیمێ ل سالا ١٩١٢ هاتە هەلبژارتن، بو پتر بنێرە: هوگر طاهر توفیق: دور الصحافة الكوردية في تطوير الوعي القومي الكوردی ١٨٩٨-١٩١٨، **"دهوك، ٢٠٠٤"**، ص ص ٧٢-٧٣.

٢.کوردستان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢، کۆکردنەوە پێشەکی د. کەمال فوئاد، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣.سەبارەت دیروکا مالباتا بەدرخانیا بنێرە: د.صلاح هروری: الاسرة البدرخانية نشاطها السياسی والثقافي خلال المدة ١٩٠٠-١٩٥٠، دهوك ٢٠٠٤.

٤.عبدالفتاح علی یحیی، صحيفة کوردستان وسياسة السلطان عبدالحميد ١٨٩٨-١٩٠٢، مجلة جامعة دهوك، مجلد ٤، العدد(١) نیسان ٢٠٠١، ص ٣٢٥.

٥.کوردستان، ژمارە (١) ٢٠٠ نیسانی ١١٨٩٨.

٦.عبدالرحمن باشا، قراءات في کوردستان بعد قرن من الزمن، جريدة العراق، العدد ٤٣٤٧، بغداد ٢٤ نیسان، ١٩٩٠.

٧.کوردستان ژمارە ٣، ٤ حزیران ١٨٩٨.

٨.کوردستان ژمارە ٤، ٥ حزیران ١٨٩٨.

٩.کوردستان ژمارە (١) ٢٢ نیسانی ١٨٩٨.

١٠.کوردستان ژمارە ٢، ٣ ێیار ١٨٩٨.

١١.ژێدەرێ ناڤبری.

١٢. ژێدەرێ ناڤبری.

١٣. ژێدەرێ ناڤبری.

١٤.ژێدەرێ ناڤبرێ

کوردستان ژمارە ٤، حزیران ١٨٩٨.


**ج/ سەرنڤیسەرێ رۆژناما "ئەڤرۆ"دهۆك**

# یادگاری لاوان و دیاری لاوان



سدیق سالّح

**١. کۆمەڵی "لاوانی کورد" :**

ڕۆژگاری دوای تەسلیم بوونەوەی شێخ مەحموود لە ١٩٣١داو نەمانی خەباتی چەکداری‌و، نەهاتنە ژێر باری حکوومەتی عیراق بۆ سەلماندنی هیچ نەبێ لانی کەمی مافەکانی کورد، توێژی ڕووناکبیری تێگەیشتووی کوردی بەتەواوی هێنایە سەر ئەو بڕوای لەلایەکەوە تێکۆشانی نهێنی بە پێکهێنانی دەستەو تاقمی جیاجیاو دواتر ڕێکخراوی سیاسی نهێنی خاوەن بەرنامەو لەلایەکی ترەوە نواندنی چالاکی ڕۆشنبیری‌و خوێندەواری ئاشکرا.

قوتابیانی کوردی ناوچەکانی کوردستان، کە نەبوونی تێکڕای پۆلەکانی ناوەندی‌و دواناوەندی هیچ پەیمانگەو خانەیەکی بەرزی خوێندن لە ولاتی خۆیان، ناچاری کردوون بچنە شارانی دیکەو بەغدای پایتەخت، وەك بەشێکی چاوکراوەو هۆشیاری کوردەواری پەیبیان بە پێویستی تێکەڵی‌و خۆکۆکردنەوەو خۆڕێکخستن بردووە. سەرەتای سالانی بیستی سەدەی ڕابوردوو، کە لە کەرکووك یەکانگیر بوون، کۆمەڵەیەکی بچووکیان پێکەوە ناوە بۆ یەکگرتن‌و خوێندن‌و بلاوکردنەوەی بیرو هۆشی کوردی. سالی ١٩٢٣یش، کۆمەڵی "لاوانی کورد"یان لە بەغدا پێك هێناوەو مستەفا صائیب باوەڕپێکراویان بووە. ئەم کۆمەڵە مۆرو تەمغەو بلاوکراوەی خۆی هەبووەو ئەندامەکانی مانگانە ئابوونەیان داوە[1]. شێخ فازڵی شێخ محەمەد ڕەئووف، بەقسەی ئیبراهیم ئەحمەد، لەبەرئەوەی لە هەموو هاوڕێکانی گەورەتر بووە، کراوەتە ئەمین سنووقی کۆمەڵەکە[2].

ئەم نەریتە، دواییش درێژەی پێدراوەو، وەچەی نوێ سەرەتای سالانی سی هەمان کۆمەڵیان هەبووە، کە یەکێ لە چالاکییەکانی دەرکردنی بلاوکراوەیەك بووە. ئەم کۆمەڵە، نەزانراوە کێ لێپرسراوی بووە. شاکیر فەتاح، لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویە، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یان سکرتێری بووە[3].

**٢. گۆڤار یان.....**

ئەوانەی کە بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەوانی کوردییان سازکردووە، "یادگاری لاوان"و "دیاری لاوان"ی بەرهەمی ئەو کۆمەڵەیان بە گۆڤار ناوبردووە، کاك نەوشیروان مستەفا ئەمین نەبێ کە دووسێ بلاوکراوەیەکی لەو چەشنەی ئەو ڕۆژگارەی بە گۆڤار دانەناوە، ((لەبەرئەوەی مەرجەکانی کاتنامەیان تێدا نییە، چونکە خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەرو ناونیشانی دائیمی‌و شوێنی دەرچوونی تێدا نییەو لە دەرچوونیشدا کاتی دیاریکراوی ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەیان نەبووە. تەنیا یەك ژمارەیان لێ دەرچووە ئیتر وەستاون. ڕەنگە ڕاستتر وابێ ئەم جۆرە بلاوکراوانە بە "کەشکۆڵ" یان "ئەنتۆلۆجی" ناوبرێن، چونکە کۆکراوەیەکی تێکەڵاوە لە بابەتی جۆراوجۆر))[4].

بڕوام وایە ئەو قۆناغە حکوومەتی عیراق، بەدەر لە هەر یاسایەکی خۆی، بەبێ بەهانەی یاساییش ڕێگر بووە لەبەردەم دەرچوونی کتێب‌و ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردیدا. نموونەی ئەوە، هەوڵی هاوبەشی لەوەو پێشتری سالح زەکی ساحێبقران‌و سەید تەهای نەهرییە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی سیاسی‌و ڕۆژانەو سەرەنجام مۆڵەتیان نەدراوەتێ[5]، چونکە حکوومەتی تازەو دەسەلات تەواو سەقامگیر نەبووی ئەوکاتە لە هەموو دەرکەوتنێکی جیاوازی‌و دەنگی تایبەتی کوردی دڕدۆنگ بووەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی

داوە هۆشـیاری کـوردی خەفـەبکات. جگـە لـەوە، دووەمو چوارەم خاڵی ماددەی ٢ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (٨٢)ی ڕۆژی ٢ی حوزەیرانی ١٩٣١[٦] و سێیەم خـاڵی مـاددەی ٢ی یاسـای ژمـارە (٥٦)ی ١٩٣٢ی دەستکاری ئـەو یاسـای[٧]و، دووەمو چـوارەم خـاڵی ماددەی ٢ی یاسای ژمارە (٥٧)ی ساڵی ١٩٣٣یش[٨]، سەرجەم، جەختیان کردووە کە ئەبێ داواکاری مۆڵەت (مودیری مەسئوول) ٢٥ ساڵ تەمـەنی تـەواو کردبـێو بڕوانامـەی قوتابخانەیـەکی دواناوەنـدی (بـەرز) یـان شـتێکی هاوتـای ئـەوەی هـەبێ. لەکاتێکدا ئەوانـە هیـچیان ئـەو مەرجـە یاسـاییەیان تێـدا نـەبوەو، نـەیانتوانیوە مۆڵـەت وەربگـرن. پاشـان ناونـانی ئـەو بڵاوکراوەیە بە گۆڤار، پابەندی ئەکردن کە مانگانە یا وەرزانـە سـاڵی لـە ژمارەیـەك زیـاتری لێ دەربکـەنو ئـەوەیش بـۆ کۆمـەڵێك قوتـابی کـە لـە غەریبایەتیـدا ژیابنو هاوکـارێکی مسۆگەرو بەردەوامیان نـەبووبێ، کـارێکی تاڕادەیـەکی دیـار زەحمـەت بـووە. ڕاسـتە، لـەپاڵ ئەوانـەدا، ئـەو گۆڤـارە لەبەرئـەوەی بـەردەوام نـەبوەو هـەر دوو ژمـارەی لێ دەرچـووە، شـوێنەوارو کاریگەرییــەکی دیــاری بــە ژیــانی ڕۆشــنبیری کوردەوارییەوە بەجێ نەهێشتووە، بەڵام زۆر بۆ ئـەوە دەچم کە ئەوانـەی دەریـانکردووە مەبەسـتیان بـووە شـێوە گۆڤـار بـێو هـەر لەبەرئـەوەیش بەرهـەمی بە نـاوەڕۆكو مەبەسـت جیـاوازی چـەند کەسـێکی تێـدا کۆکراوەتەوە. پاشان ئەو حاڵەتە سیمایەکی بەرچاوی ڕۆژنامــەوانی کــوردی بــووە لەوســەردەمەدا کــە پشتیوانێکی ماددیو دەرەتانێکی ڕەسمیو ئازادی بۆ نەرەخساوە تا بتوانێ بەردەوام بـێ. نموونـەی ئـەوە، گۆڤارەکـانی "پەیـژە"و "زانـستی"یـە کـە هـەر لەوەبـەتر، ئـەویان لەبـەر گیرانـی مـستەفا شـەوقی خاوەنی کە شیعری (ئـەی کـوردی ستەمدیدە......)ی "ئەسیری"ی بڵاو کردووەتەوە[٩]و، ئەمیان زیاتر پێم وایە لەبەر تەنیا بـاڵیو نـەبوونی سەرچاوەی دارایی، یەکی ژمارەیەك زیاتریان لێ دەرنەچووە.

٣. **نووسەرانی :**

گۆڤارەکە کە بە دوو ناوی جیاوازەوە دەرچووە، بۆ ڕەواندنەوەی هەموو گومـانێکی حکومـەت لـەوەی کە گۆڤارێکی بێ مۆڵەتە، بە قسەی ئاگادارانو لەوانە خوالێخۆشـبوو دکتـۆر ئـەورەحمانی مـیرزا عەبـدوڵڵا، ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتو بەرپرسی بووە[١٠].

هەمەجۆری ناوەڕۆکی بابەتـەکان، لـە جێدەسـتو سەلیقەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە نزیکە، کـە دواتـر ئـەو سـەلیقەو خولیایــەی بەشــێوەیەکی فــراوانترو دەوڵەمەنـدترو بەرنامـەدار لـە گۆڤـاری "گەلاوێـژ"دا بەرجەسـتە کـرد. ئەشـێ ئـەم هەوڵـە سـەرەتاییو ناتەواوە، بە یەکەم هەنگاوی ئیبراهیم ئەحمەد دابنرێ بۆ کارکردن لە مەیدانی ڕۆژنامەوانیدا.

بەشـێکی نووسـەرانی بەشـداری گۆڤارەکـە، هـی دەرەوەو سـەر بـە وەچـەیەکی پێشووترو ناسـراون، وەك زێـوەرو مـەحموود جـەودەتو شـێخ سـەلامو گۆرانو بێکەسو ڕەشید نەجیب. ئـەوانی دیکـە، لـە قوتابیانی بەغدا بوونو، هـەوڵ تەقەلای نووسینیان بـووەو نـاوی خۆیـان بـە ڕەمـز هێشتووەتەوە" کاتی خۆی بەڕێز غەفووری میرزا کەریم ئەمانـەیانی لێ ساغ کردووەتەوە[١١]:

ج. م : جەمال مەجید سەلیم

ح. فەرەج : حامید فەرەج

ڕ. ن : ڕەشید نەجیب

ش. ف، ش : شاکیر فەتاح

ع. ت : عارف تاڵەبانی

ع. ع : عەبدوڕڕەحمانی میرزا عەبدوڵڵا

ف. تاڵەبانی : فازڵ تاڵەبانی

م. ئ: محەمەدی ئەورەحمان ئاغا

م. ج : مەحموود جەودەت

م. ع. کوردی : محەمەد عەلی کوردی

من پێم وایە (ع. س)، بەپێی ئەو بابەتە زانستییە کە وەری گێراوە، هەر ئەورەحمانی میرزا عەبدوڵڵایە. (هـ)یش یەکێکە لە ناوە شاراوەکانی ئیبراهیم ئەحمەد. (نەژاد) نەناسرایەوە*.

شایانی وتنە، ئیبراهیم ئەحمەد کە سەرەکیترین دەوری لـە گۆڤارەکەدا هەبوە، جگـە لـە دوو بابـەت بەناوی (هـ) ـەوە، ناوی خۆی لە نووسینەکانی دیکـەی نەداوە. مـن (پێشکەش)و (پێشکەوت)، بـە شـێوازی نووسینیاندا، بە هی ئـەو ئـەزانم. شیعرە ناودارەکـەی (یادگارو هیوا)یش، زانراوە کە هی ئەوە. بەڵام ڕاست نییە، وەك هەندێ پێـی وایـە بـۆ خوالێخۆشبوو مەلا مـستەفای بـارزانی وتبـێ دوای ڕووخـانی کۆمـاری مەهابادو پەڕینەوەی بۆ بەری وڵاتی سۆڤێت، چـونکە زۆر لەوەوبەر نووسراوە.

نووسـەرێکی لاوی تـازەکوورەو کـەمورزۆر سـاڵێك پێش دەرچوونی " یادگاری لاوان "، یەکەم بەرهـەمی

کە پەخشانێکە بەناوی (لەشەوا)وە، لە ڕۆژنامەی (ژیان، ژ٣٢٦، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٣٢، ل٢-٣)دا بەبێ ناو بڵاو بووەتەوە" لە نامەی پێشەکیەکەیدا بۆ "پیرەمێرد"ی بەڕێوەبەری نووسین و ئیدارەخانەی نووسیوە: ((ئەوی لە دەستم دێت نووسینی هەندێ مەقالەی ئەدەبییە بە کوردی پەتی، یا وەرگێڕانی مەقالاتە لە ڕۆژنامەکانی غەربەوە بۆ کوردی..........)).

" نیقابداری سیاپۆش "، لە پێشەکی پەخشانی (شیرین لە سەرەمەرگا)دا کە (ژیان، ژ٣٢٨، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٢، ل٣-٤)دا، کە دوای پەخشانی (لەشەوا) بڵاو بووەتەوە، نووسیویە: ((بە بینینی گوڵی خەیاڵم لە گوڵشەنی " ژیان "دا، گەلێ شاد بووم، هیوام هەیە خوێندەوارانی " ژیان "یش لە خوێندنەوەی وەڕس نەبووبن..........وەکوو بەڵێنم پێدابوون کە هەمووجارێ چشتێکتان بۆ بنووسم، وا بەڵێنەکەی خۆم بەجێ ئەهێنم و ئەم چەند دێڕەتان بۆ ئەنێرم. ئێوەش ئەبێ شەرتەکەی خۆتان بەجێ بهێنن)). ئەو گوڵی خەیاڵە کە لە "ژیان"دا دیویە، بێ سێ و دوو پەخشانی (لەشەوا)یە. ئیتر لەوەبەدوا بە ناسناوی "سیاپۆش"ەوە، کە بەدووری نازانم هەر پیرەمێرد بۆی دانابێ، ئەم بابەتانەی لە " ژیان "ی ئەو سەردەمەدا بڵاو کردووەتەوە:

پەخشانی (لە بەری بەیاندا)، ژ٣٣٠، ١٤ی تەمووزی ١٩٣٢، ل٣-٤.

پەخشانی (شین بۆ گوڵێ)، ژ٣٣٤، ١٨ی ئاغستۆسی ١٩٣٢، ل٢-٣.

وتاری (ئەدەبیاتی کوردی: شاعیرەکانمان)، ژ٣٣٥، ٢٥ی ئاغستۆسی ١٩٣٢، ل١-٢و، ژ٣٣٦، ١ی ئەیلوولی ١٩٣٢، ل٢-٣.

بەڕێز غەفووری میرزا کەریم، لەڕێی شارەزایانی ئەودەمەوە زانیویە کە "سیاپۆش"ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)یە[١٢]، وتاری (ئەدەبیاتی کوردی: شاعیرەکانمان)یشی، کە دەقی تەواویی لە " یادگاری لاوان "دا سەرلەنوێ بڵاو کراوەتەوە، هەر بە هی ئەو دایەقەڵەم. بلە، کە زمانی ئینگلیزیی زانیوە، ئەو ڕۆژانە ((وەرگێڕانی مەقالاتی لە ڕۆژنامەکانی غەربەوە)) لێ چاوەڕوان کراوە[١٣].

**٤. زمان :**

کوردی، تا ئەو زەمانە دەقێکی یەکجار کەمی- لەچاو خۆیدا- پێنووسرابوو و وشەو زاراوەی بیانیی تێدا زۆر بوون و ژمارەیەکی کەمی کوردینووسیش هەبوو. لەبەرئەوە زمان هەر لە ساڵانی بیستەوە بووە جێی بایەخی لەڕادەبەدەری ڕۆشنبیران و لاوانی کوردو، بۆ ساغکردنەوەو بژارو پوختەکردنەوەی، کەوتنە کۆشش.

سلێمانی، بە حوکمی جووڵانەوە سیاسیو ڕۆشنبیرییەکەی، بوو بە یەکە ناوەندی جێبەجێکردنی ئەو هەڵمەتەی پاکسازیو خزمەتی کوردی. دائیرەی مەعاریفی لیوای سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٥ بەدواوە (کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی)ی بۆ ئەو مەبەستە لە شارەزایان پێك هێنا. " جەمعییەتی زانستی کوردان "یش لەوڕووەوە درێغیی نەکرد. بەوپێیە، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕیشە مێژووییەکانی زمانی کوردیو بژارو پاکسازیی، بووە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕۆژنامەوانی کوردی لە سلێمانی.

لەبەرئەوەی بەشی هەرە زۆری نووسەرانی ئەم گۆڤارە خەڵکی سلێمانیو پەروەردەی ئەو کەشو بایەخ پێدانە بوون، گرنگییەکی بێئەندازەیان بەم لایەنە داوەو تا ئەوپەڕی بە کوردییەکی پەتیو ڕەوان و بێگرێ وگۆڵ نووسیویانەو، هەوڵی وشە تەرخانکردن بۆ بەرانبەرەکانی عەرەبیو زاراوەسازیشیان داوە. بۆیە یەکێك لە مۆرکو دیوە هەرە سەرنج ڕاکێشەکانی گۆڤارەکە، زمانە. ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکی ئەو هەوڵەیانە:

ئەگەر : مسبب

ئاواڵ : رفیق

ئەرشکەر : فیرار، هەڵاتوو

ئەنجام : نتیجة

بەڵگە : دلیل

بەهرەوەر : موهوب

پاداشت : مکافأة

پرسیار :سؤال

پووتە : بایەخ، أهمیة

پەروەردە : تربیة

تەندروستی : صحة

جاویدانی : ئەبەدی

جوامێر : جەنتڵمان

چاوەڕاوی : پرۆپاغەندە، دعایە

چێشکەی ئەدەبی : الذوق الأدبی

خاوەرناس : مستشرق

داد : عەدالەت

زەریا : بحر

سەرباز : عەسکەر

سروش : وحی

شارئایین : تتویج، تاج لەسەرنان

فەرماندەر : آمر

کوچکە : رکن

کۆمەڵی : اجتماعی

کۆنەناس : زانای ئاسەوار

کیشوەر : قارە

گۆڕان : تطور

گەوا : شاهد

نمایندە : سیفەت

وام : قەرز

وەج : أهمیة

وەکێتی : تماثل

**٥. ناوەڕۆك :**

**٥. ١. ئەدەبیات :**

**٥. ١. ١.پەخشان :**

سیمایەکی بەرچاوی ئەم گۆڤارە، بلاوکردنەوەی پێنج پەخشانە لەو دوو ژمارەیەدا، کە بەپێی ئەو رۆژگارە بە هەولی سەرەتایی و سەرکەوتووی پەخشاننووسی دائەنرێن بۆ چەسپاندنی ئەم هونەرە لە ئەدەبی کوردیدا. لەوانە، ئیبراهیم ئەحمەدو گۆران و شاکیر فەتاح دواتریش وەك پەخشاننووسی تواناو دەسترەنگین مانەوە. دیارترین خەسلەتی ئەو پەخشانانە، زمان پاراوی و هەستو سۆزی ناسكو خەیاڵبازی و ئەندێشەی قووڵو کوردی پەتی و شێوازی بەرزی داڕشتن و وشەسازییانە.

**٥. ١. ٢. شیعر :**

شیعر، لێرەیشدا، وەك باوترین بەرهەمی ئەدەبی و نووسین، بە ژمارە زۆرترین پانتایی لێ گرتووەتەوە. شیعرەکان، بەگشتی، لە خانەی ئەو هەوڵانەدا کە بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی نراون و لەسەر کێشی برگەی خۆماڵی داڕێژراون، جێئەکرێنەوە. گۆران، بەتایبەت، بە حوکمی زیاتر بلاوبوونەوەی شیعرەکانی، پتر وەك نوێکەرەوە خۆی داوەتە ناسین.

**٥. ١. ٣. چیرۆك :**

تا ئەوکاتەیش چیرۆك، وەك لقێکی تازە دەرکەوتوو لە ئەدەبی کوردیدا، جێوپێیەکی دیاری نەبوو. لێرە چەند تەقەلایەك بۆ چیرۆکنووسین دراوەو، بەزۆری نموونەو بەسەرهاتی ڕاستەقینەی بۆ بەکار هێنراوە، کە هەم بۆ مێژوو و هەم بۆ باری کۆمەلایەتی سەردەمەکە بایەخیان هەیە.

**٥. ١. ٤. ڕەخنەی ئەدەبی:**

نووسینی (شاعیرەکانمان)ی ئیبراهیم ئەحمەد، لەو هەوەڵین کاری ڕابەرانەی ڕەخنەگرتنە کە لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا بلاوبووەتەوە. بلە، بە بوێری و ڕاشکاوانە ئەندازەو پێوانە ئەدەبیە باوەکانی ئەودەمەی ڕەت کردووەتەوە کە پێیان وا بووە شاعیران ((تووتی شەکەر گوفتارو بولبولی شیرین کەلامن)). ((هەتا ئێستا بێلێکدانەوە هەڵمانکێشاون. لەمەشدا بیانوومان هەیە، چونکە پیاو لە تاریکیدا جوانو ناشیرینی لا وەك یەکە)).

پێی وا بووە کە نابێ ئیتر بەوچاوەوە تەماشا بکرێن و، پێویستە بە ترازووی عەقڵو هەڵسەنگاندن بکێشرێن، تا ڕادەی چاکی و خراپی کارەکانیان دیاری بکرێ : ((لەمەودوا ڕۆشنایی زانین بەرچاومان ڕووناك ئەکاتەوە، هەمووشتێ وەکوو خۆی ئەبینین و، پێویستە هەر شتە بەپێی بەرزی و نزمی خۆی ڕێز بکەین و بەپێی چاکی و خراپیی ناوی لێ بنێین)).

شیعریشی بە چەند شێوەیەك ناساندووە: ((شیعر تەرجومانی دڵە، چی بەدڵا بێ، ئێشو ئازار، دەردو خەفەت، هیواو نەومیدی، شینو شادی، شیرینی و تاڵی، خۆشەویستی و قین، گومان و باوەڕ، ترسو بێباکی، خراپی و چاکیمان بە واتەی ڕێکوپێك لە شێوەیەکی دڵگیرا بۆ دەرئەخات کە هەمووکەس لە دەمی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیا ئەبینێ......

((شیعر چرایەکە تاریکی ڕێی ژیانمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە، یارمەتیمان ئەدات لە دۆزینەوەی ڕاستیدا......

((شیعر جوانی هەمووشتێکمان بۆ دەرئەخات.....

((شیعر ژیانە: بێدەنگو سەنگ، هاوارکەرو قیژێنەر، ڕووخۆشو مۆن، چاوبەگریان و دەم بەپێکەنین، پڕ لە دڵداری دێتو ئەچێ....

((شیعر، لەڕێگەی ژیاندا چرای هیوا بۆ تێکۆشەران هەڵئەکات... لەگەڵ زرەی زنجیری گیرۆدەییدا ئەچێتە کۆڕی بەندییانەوە، لە خەوی بێهۆشی ڕایانئەچڵەکێنێ، لەژێر بەیاغی ئازادیدا بەسەر زەریای

هەواڵنامەی کتێب

خـوێنی کـوژراوانو جوانەمەرگانـدا دێـت... لـە دڵـی منداڵانـدا ئـارەزووی ئـازادیو وڵاتپەرسـتی گەشـە پێ‌ئەکا...لـە واتـەی ڕێکوپێکو مـەعنای بـەرزو بڵنـد شیعر پەیدا ئەبێ)).

هەر بۆ ئەو ناساندنە، وەك ئاگادارێکی ئـەدەبیاتی بیـانی بـەهۆی زمـان زانینـەوە، پێبـەپێی "شـیلی" وتوویـە: ((شـیعر وێنەیـەکی ژیانـە، لـە ڕاسـتی ئەزەلییـەوە وەرگـیراوە، ئاوێنەیەکە ناشـیرینیی تیـا جـوان ئـەبینرێ، سەرچـاوەیەکە تـا ئەبـەد جـوانیو ژیریـی لێ هەڵـدەقوڵێ. شـیعر پەچـە لـە ڕووی جوانییەکی شارراوە لائەدات)).

بلـە، شـیعرێکی زینـدووی مایـەی چـاوکرانەوەو بەئاگاهێنانـەوەی خـەڵکی کـوردی ویـستووە، لـەو ڕۆژگارەدا کە ئیتر وا چاوەڕوان نـەکراوە حکومـەتی عـیراق هـیچ مـافێکی نەتـەوەیی کـورد بـسەلمێنێ. بەوپێیە، شیعر لای ئەو، بە دیوێکدا چەکی خـەباتو هۆیەکی کاریگەری هۆشیارکردنەوەی خەڵك بووەو، بە دیـوێکی تریـشدا جوانییـە شـاراوەکانو نهێنیـەکانی بـوونو ژیـانی لـە شـێوەو وێنەیـەکی نـەمردا زینـدوو کردووەتەوە. هەر بەو پێوانەیە کە شیعری کوردیی تـا ئەو سەردەمە هەڵسەنگاندووە، ئەوەی لەلا چەسپیوە کـە ((کـورد شـیعرێکی وای نییـە کـە لـە ئـەدەبیاتی عالەمدا شوێنێ بگرێ یـا شـایانی گرتنـی بـێ...ناڵێم هـەر شـیعرمان نییـە، لەبـەر ئـاهی سـوێن هەنـدێکمان هەیە...ناتوانین لەبەرچـاوی دۆسـتو دوژمـن خۆمـانی پێـوە هەڵکێـشین. کـە وتم شـیعرمان نییـە، یـەعنی شاعیرمان نییە)).

ئەو، کە ئەرکێکی شیعری بـە دۆزینـەوەی جـوانی شاراوە دانـاوە، پێیوایـە شـاعیری کـورد هێـشتا ئـەو جوانییــەی نەدۆزیوەتــەوە: ((لـە هــەموو ژیانێکـدا، بەتایبەتی لە ژیـانی شـاخی ئێمـەدا، گـەلێ جـوانی تـر هەیـە کـە پێویـست بـوو هـەر لـەزووەوە کـوورەی پـێزانینی شـاعیرەکانمانی بهێنایەتـە جـۆش)). ئـەو، ئـەم کەرەسـتەو دیمەنانـەی بـە هـەوێنی شـیعری سـەرکەوتوو زانیـوە: ((لـە وڵاتـی هەژارانـدا، لـەنێو خـوێنی ڕژاوی جوانانـدا، بەسـەر مێـشکی پـڕژاوی منالاندا، چە کەڕێك هەیە گوێی نەکرێتـەوە؟ چەلالێك هەیە زبانی نەپـڕژێ؟ ئـازاری قەفـەز بولبـول ئەهێنێتـە هاوار، شێر ئەهێنێتە گریان، شێت ئەخاتە لێکدانـەوە، بۆ ئێمەی کردۆتە بـەرد؟! بینینـی هـەزاران ژنـی سـك سـووتاو منـداڵی بێبـاوانو بەنـدی بێتـاوانو چاوپێکەوتنی ئەو هـەموو شـێوە دڵگیرو گریەنەرانـە، تاکەی لە دڵی شاعیرەکانماندا هەر یادی ئەسکەندەرو ئاوی بەقاو تەختی کەیو جامی جەمو بەختی ضحاك زیندوو ئەکاتەوە؟! تاکەی لە ماهی کەنعانو عـەزیزی میصر واز ناهێنین؟!)).

کـە ئـەو مەسـەلانە لـە شـیعری کوردیـدا نابینـێ، شـاعیری کـورد بـە داهـێنو جوانیناسو کـوڕی کـوردەواری ناناسـێ: ((شـاعیرەکانمان دزن، لاساییکەرەوەن، دزن بەڵام تـوێکڵ ئـەدزنو نـاوەڕۆك بەرئەدەن. لاساییکەرەوەن بـەڵام ڕێیـان لێ ون ئـەبێ، دۆش دائەمێنن ...شاعیران ئاوێنـەی ژیـانی کۆمـەڵن، پێشڕەویانن لـە ژیانـدا، بـەڵام ئەمانـەی ئێمـە ئاوێکی لێڵ، تارمایی بێگانەیان تیا دیارە، قڕەن لەدوومانـەوە ئەڕۆن، لە عەصری ٢٠ هـەمی شارستانیەتیدا لاسایی شـاعیرانی فارسـی حەوتههـشت عەصـر لەمەوبـەر ئەکەنەوە)).

بلە، دەورانی شیعری نالیو هاوڕێکانیی پێ بەسـەر چووە، شیعرێکی فۆلکلۆری زادەی کوردەواریی پـێ پەسـندو قـابیلترە: ((چـونکە ئـەویان سـەیری دەوروپشتی خۆی کردووە، ڕوانیویەتە دڵی خۆی، چی ببینـێ بـە چـەند واتەیـەکی سـادە ڕێکـی خـستووە بێئەركو ئازار، ئەمانی تـر ویـستوویانە شـیعر دانێن، ویستوویانە دیوانەکـەیان چە قافیەیـەکی کـەم نـەبێ، ویستوویانە بتێ دروست بکەن بۆ بتپەرسـتان، تـاکوو نرخـی هـەموو بتێکـی پێبـشکێنن بـە نـەفامی، ویستوویانە واتە ڕیز بکەن کەسێ تێی نـەگات، شیعر بڵێن مەعنای لە سکی خۆیاندا بمێنێتەوە)).

شـیعری کۆن، لـەلای ئـەو، ((بووکـە بەبارانەیەکە ڕازێنراوەتـەوە، گیـانی تیـا نییـە مـردووە....لـە شیعرەکانماندا، لێکدانـەوە دەسـت ناکـەوێ، ئەگـەر بشبێ لێکدانەوەیەکی مەنطیقـی نییـە...لێدانەوەیەکە هیـچی بەسـەر هیچەوە نییـە، لـە شـارراوانی ژیـنو مەرگو گیانو مان چە نهێنییەکمان بۆ دەرناخـەن)). ((پێویست بـوو شیعری شاعیرانی کێـوو کـەژو چیـا نـەوەی گوڵـشەنو گـوڵزارو گـەورەبوانی نـاو دەردو خەفـەت، پـڕ بوایـە لـە بـیری فەلـسەفی بـەرز بەرز...پێویست بـوو شـاعیرەکانمان بـازی ئاسمـانی ژیان، هـەنگی شـیرینیمژی گوڵانو، دەرخـەری ڕازی دڵان بوونایە)). بۆیە لە شیعری نوێی خواستووە پـڕ

جۆش‌وخرۆش‌و هەڵقوڵاوی بۆتەی ژیانی ڕاستەقینە بێ: ((شاعیرەکانیشمان ڕەنگە ژەنگی کۆنی بەریان بدا، ئەگەر خۆیان بخەنە پۆتەی ژیانەوە، جڵەو بۆ ئەسپی لێکدانەوە شل بکەن، دەست لە کلکی سیمرخ‌و گوێسوانەی شاری جابولقا بکەنەوە!)).

بەوپێیە، لە هەڵسەنگاندنی تێکڕای شیعری کۆنی کوردیدا زیادەڕەویی کردووە کە بێبایەخ تێی‌ڕوانیوە. لەکاتێکدا سەرینەوەی ئەو گەنجینە ئەدەبییە کە یادگارێکی زوومان‌و هەر هەندێ دەقی کوردی نووسراون لەبەردەستدا، داهێنانی ڕەسەن‌و نموونەی زیندووی تێدا زۆرو ڕەنگدانەوەی واقیعێکی جیاواز بووە. بەڵام ڕاستی بۆ چووە کە بە پێویستی زانیوە شاعیری تازە لەو چوارچێوەو پێوانانە بترازێ‌و ببێتە کوڕی ڕۆژی خۆی. ئەم بۆچوونانە، سەرەتایەکی ئازایانەو هۆشیارانە بوون بۆ دامەزراندنی ڕەخنەیەکی ئەدەبی کاریگەرو بنیاتنەر. بەڵام بەداخەوە بلە دواتر، لەبەر سەرقاڵیی بە کاری ڕۆژنامەوانی‌و سیاسییەوە، نەیپەرژاوە ئەو بیروڕایانە بەرنامەڕێژو فراوانتر بکات.

### ٥. ٢. زانستی:

ئەو دوو ژمارەیە، دوو وتاری زانستیی سەبارەت بە تەندروستیی مرۆڤ تێدایە" لە هەووەڵین باسە زانستییە بڵاوکراوەکانی ناو ڕۆژنامەوانی کوردین.

### ٥. ٣. کۆمەڵایەتی:

پێنج وتاری کۆمەڵایەتیی تێدایە، کە دوویان لەبارەی ئافرەتەوەیە. عارف تاڵەبانی لە (ژن)دا، پیاوی بە خەتاباری دواکەوتوویی ژن زانیوە: ((کە ئەڵێم ژن دەستێکی شکاو، پەککەوتەیەکی بێدەسەڵات، بیرێکی کولتان نەیەتە بەرچاو. کێ ئەیمرێنێ ؟ کێ دەستەپاچەی ئەکا ؟ کێ ئابرووی ئەتکێنێ ؟ کێ داوێنی بەرنادا، کێ تەفرەی ئەدا ؟ ئێمە "پیاو")). ئەو، پێی‌وایە ئەگەر ژن هەلومەرجی بۆ برەخسێ، نموونەی بەرزی لێ پەیدا ئەبێ: ((ژن ژاندارکە، لە شوانی مەڕەوە بووە شوانی فەرەنسە، ژنی لە بەندیخانەی ماڵەوە کێشایە مەیدانی کوشتار، بە دەنگی ناسکی خۆی ڕاستی وڵاتپەرستیی ڕاهێشت، بووە درەفشەهەڵگر، دلاوەران لەڕێی پارێزگاری وڵاتدا....)).

ع. تاڵەبانی، خوێندەواری بە مایەی بەهۆشهێنانەوەی ئافرەت ژماردووە، تا لەبارییاندا بێ ببنە هەڵسووڕاوی ژیانی ناو کۆمەڵ: ((ئەگەر ویستمان وڵاتیان پێ ئاوا بکەینەوە، ئەبێ فێری خوێندن‌و نووسینیان بکەین‌و بهێڵین بژین‌و بەچاوی هاوڕێ‌و هامدەمی ژین سەیریان بکەین، تاکوو ببنە دایکێکی تێگەیشتووی دڵسۆز. بزانن چییان هەیەو چییان لەسەرە، بتوانن ڕۆڵە پەروەردە بکەن، پیاو پێبگەیێنن بۆ ڕاگرتنی پایەی بەرزی نیشتمان، کچان گۆش بکەن تاوەکوو خۆیان ببنە دایکێکی تێگەیشتوو)).

نەژاد، لە (ئافرەت)دا، بە شێوازێکی سادەو ئاسان لە وردەکاری کێشەی ژن دوواوە. ئەمیش بە هەمان شێوە جەختی لەسەر پێویستی پێ خوێندن‌و تێگەیاندنی ئافرەت کردووە، تا ببێتە هاوتای پیاو. ڕاست پێی وابووە، تا ژن خوێندەوارو تێگەیشتوو بێ، نەوەیەکی ژیرو پێشکەوتوو ئەخاتەوە: ((ئەگەر دایك تەربییەو زانستێکی باشی بێ، ئەزانێ مناڵ چۆن باش گۆش ئەکاو ئەولادی ئازا، بەجەرگو بەزات، پاك‌و جوان، ورياو ساغ‌و چالاك پێ‌ئەگەیەنێ)).

داواکاریش بووە جیاوازییە زۆرەکانی نێوان پیاوو ئافرەت لە پەروەردەو بەخێوکردندا کەم بکرێنەوەو نەهێڵرێن تا کۆمەڵێکی ئاسوودەو تەبا دروست ببێ: ((جیاوازییەکی زل هەیە لەبەینی تەربییەو زانستو هۆش‌وگۆشی ئافرەت‌و پیاوداو تا ئەم جیاوازییە بمێنێ، هەروا ئەبێ‌و خێر لەیەکتر نابینن.. پەروەردەکردن‌و زانین، بیرو خووی چاك، ئافرەت بەرز ئەکات)).

جەمال مەجید سەلیم لە (سەربەستی مناڵ)دا ڕەخنەی لە شێوەی پەروەردەی مناڵ لەناو خێزاندا گرتووەو، وای بۆ چووە کە پەروەردەکردنێکی چاك‌و شارستانانەی مناڵ، خێزانێکی ئارام‌و کۆمەڵێکی بەختیاری لێ ئەکەوێتەوە: ((هەموومان ئەیزانین کە دواڕۆژی میللەتێك بە منداڵەکانیەوە بەندە. ئەگەر نەتەوەی سبەینی باش بەخێوو جوان پەروەردە بکرێ، ئەوا دیارە پیاوی گەورەو ئیش لەدەست هاتوو پێ ئەگەیەنرێ. ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمەش بوو، ئەوا ماڵوێرانییە...)). داوای کردووە دایەنگەو بنکەی تایبەت بۆ بەخێوکردن‌و چاودێریی مناڵ هەبن‌و بایەخیان پێبدرێ: ((بۆ بەخێوکردنی منداڵانمان لەسەر دەستوورێکی تازە کە لە دواڕۆژدا نەتەوەیەکی باش بێنینە کایەوە، ئەبێ زۆر هەوڵ بدەین بۆ

چاککردنی دایەنی، پێویستە زۆر چاودێری منداڵ بکەین)).

حەمەپاشا لە (دەردو دەرمانی)دا، هۆی نەخۆشییە جەستەییو کۆمەڵایەتییەکانی بردووەتەوە بۆ نەزانینو نەخوێندەواری: ((نەزانینە کوێرو بێ هۆشی کردوون...دەرمانی هەموو دەردێک هەر خوێندنو زانینە)). دەردە کۆمەڵایەتییەکانی بە ترسناک لەقەڵەم داوە، چونکە ئەبنە مایەی ((وێران بوونو ڤەبراندنی گەل)). کوردستان بەلای ئەوەوە ژینگەیەکی لەبارە بۆ ژیان، لەبەر((هەتاوو بای خاوێن)). وەکوو خەمخۆرێکیش بۆ هێنانەکایەی زمانێکی کوردی ستاندارد، وشەو زاراوەی کرمانجیی لە وتارەکەیدا بەکار هێناوە.

**٥. ٤. مێژوویی :**

بایەخپێدانی مێژوو لەم گۆڤارەدا، بە ڕوونی دیارە. وتاری (وەلی دێوانە: ژینیو شیعری)، هەوڵێکە بۆ ساغکردنەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیو، تا ئەوکاتە یەکەمجار بووە لەسەر ئەو شاعیرە بنووسرێ. وتاری (زەردەشتو دینی زەردەشتی)، زانیارییەکی چڕوپڕو هەمەلایەنەی لەبارەی زەردەشتو بنەماکانی دینەکەیەوە تێدایە. نووسەر، ئەگەرچی ئاماژەی بە ناوی هیچ سەرچاوەیەك نەداوە، بەلام وەك خۆی نووسیویە، ((بە ئەرکێکی زۆر هاتۆتە بەر))، واتە ئەبێ سەرچاوەی زۆری بۆ بەسەر کردبێتەوە. ئەم نووسینە، هێندەی کۆششە بۆ دەرخستنی قۆناغێکی مێژووی ناوچەکە، ئەوەندەیش مەبەستی بووە لەو قاتوقڕیە ڕۆشنبیرییەی ئەوسادا، بنچینەو پاشخانێکی قایمو دەوڵەمەند بۆ کورد پێك بهێنێ. وتاری (باوەیادگار)یش، ئەو زاتەی وەك پێشەوایەکی گەورەی کاکەیی ناساندووەو، لەپاڵ ئەوەدا، لەوڕێیەوە لای لە دیوێکی شیعری داشۆری شێخ ڕەزای تاڵەبانیش کردووەتەوە.

وتاری (مامەیارە)، بە ڕاسپێری دوادواییەکانی ژیانی مامەیارە کراوەتەوە: ((لە گردی گولان بمنێژن، با لەوێ بەتەنیا بم، چونکە نامەوێ گۆڕیشم لەنزیك گۆڕی ئەرشکەرەکانی کۆیەوە بێت)). مەحموود جەودەت بە هەڵە مانای (ئەرشکەرەکان)ی بە فیرارەکان لێك داوەتەوە، لەکاتێکدا ڕاست (ئارشکەرەکان)ەو، "ڕەشید شەوقی"ش هەروا بەکاری هێناوەو، مەبەست ئەوانەیە کە لە (ئارش) بوون. گەلێ زانیاری وردو گرنگی سەبارەت بە قارەمانێکی مێژووی نوێمانو شەڕی بابانو عوسمانی بۆ تۆمار کردووین. یەکەم کەسە بە بیرەوەری بەسەرهاتی ئەو دوا ڕۆژانەی حوکمی بەبەو ئەو شەڕەی تۆمارو بڵاو کردبێتەوە لەو زانیاریانە:

١- دوایین شەڕی نێوان سوپای عوسمانیو لەشکری ئەحمەد پاشای بابان، لە ((ڕۆژاوای کۆیە)) بووەو، لەوێ ((بەرامبەر بەیەك ئەوەستن)). تەنیا پیرەمێردی شاعیرو ڕەشید شەوقی ناوی ئەو شوێنەیان بە (ئارش) بردووە[١٤].

٢- شەڕەکە لە مانگی (گوڵان)دا قەوماوە، کە (بانەمەڕ)یشی پێئەوترێ. واتە ڕۆژێکی بەهاری نێوان ٢١ی نیسان-٢٠ی مایس.

٣- ئەحمەد پاشا لەلای (گردی ڕیزەتوو) بارەگای بۆ دانراوە.

٣- بڵاوەلێکردنی لەشکری ئەحمەدپاشا، ئەگەر لە ڕۆژی دوا پێنجشەممەی کۆتایی مانگەکەدا بووبێ، ئەوا ئەو شەڕە کە لە ١٨٤٦دا بووە[١٥]و، هەوەڵ ڕۆژی یەکەم مانگی ساڵەکەی، واتە کانوونی دووەم، ڕێکەوتی پێنجشەممەیە[١٦]، ئەکاتە ١٤ی مایسی ١٨٤٦[١٧]. ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێ کە دوا ڕۆژی ئەو مانگە پێنجشەممە بووە، ئەوە هەڵەیە، چونکە ئەو دوا ڕۆژە کە ٢٠ی مایسە، ڕێکەوتی چوارشەممەیە[١٨].

٤- گردی (گولان) کە قوربانیەکانی نەخۆشی (گولی)ی شاری سلێمانیی تێدا نێژراون، لە ساڵی ١٨٩٧ بەدواوە، کە ئەکاتە ٣٧ ساڵی پێش دەرچوونی گۆڤارەکە لە ١٩٣٤داو مامەیارە کۆچی دوایی تێدا کردووە، لەبەرئەوەی مامەیارەی لێ نێژراوە، ناوەکەی بووە بە (گردی مامەیارە).

٥- لە پاداشتی مەردایەتیدا، دێی (کانی دڕکەی سەگان) بەخشراوە بە مامەیارە، کە کاتی نووسینی ئەو وتارەی مەحموود جەودەت، بەدەست ئەحمەد ئاغای گوساڵەی خزمییەوە بووە.

٦- مەحموود جەودەت ساڵی ١٨٨٨ لە سلێمانی لەدایك بووە[١٩]، بە منداڵیو تا تەمەنی ٩ ساڵی ئەو زاتەی دیوە. وا ناساندوویە: ((پیاوێکی باریکەلەی کەڵەگەت بوو، دوو چاوی تیژو ڕوویەکی چرچی هەبوو، بە ڕیشی بلبلی چەرمگو سمێڵی بەرقرتێنراویەوە دیمەنێکی سەیری هەبوو. ڕووخۆشو

ڕەند بوو، لە جلوبەرگا ئەنتیکەخانەیەکی گیاندار بوو.... لە چراخان و ڕۆژانی هەینیدا زرێ و کلاوزرێی ئەپۆشی. جووتێ قەرەبینای زلی بەپشتیا شۆڕ ئەکردەوە، دوو دەمانچەی ئەکرد بە بەریا، شیرێکی ئەبەست بەپشتیەوە، ڕمێکی درێژی ئەگرت بەدەستیەوە، بەوچەشنە لەپێش موتەصەڕیف و مەئموران و خەڵقەوە ئەڕۆیشت)).

((مامەیارە بەتایبەتی خۆشەویستی هەموو منداڵێك بوو و هەموو منداڵێکیش لای ئەو خۆشەویست بوو. لە شەوی چراخانا تا ئەو نەهاتایە وە دەمانچەیەکی نەتەقانایە، زەماوەن دەستی پێنەئەکرد. لەبەرئەوە منالان بە چوار چاو چاوەڕوانی هاتنی دەبووین. وە هەر کە پریشکی باروت لە لوولەی دەمانچەی ئەوەوە دەرئەچوو، ئیتر ئاگربازی دەس پێئەکرا. لەبیرم دێت هەر وەختێ ئێمە -منالان- کە پێی ئەگەیشتین، بە چنگ چەرەو شەکری بەسەرا دابەش ئەکردین، و هەمیشە هەردوو گیرفانی پڕ بوو لەم چەشنە شتانە. چاك لەبیرم دێت دەسیشی ئەهێنایە بەسەرا وە پێی ئەوتین: منالینە ! هیوام هەر بە ئێوەیە)).

((پیر مامەیارە ناوی یارئەحمەد کوڕی خدربەگی هۆمەرئاغای خەڵقی دێی (وەننەرێنە) بوو، کە لای شاربازێڕە. هۆمەرئاغای باپیری یەکێك بوو لە دوانزە سوارەی مەریوان، زۆر خۆشەویست بووە لای ئەورەحمان پاشای بەبە. ئەوەندە خۆشەویست بووە لەلای کە پاشا ئەو شیرەی لە تاران "فەتح عەلی شا" پێشکەشی کردبوو، دابوویە. وەکووتێگەیشتووین یارئەحمەد لە ساڵی ١٨٠٤دا لە وەننەرێنە لەدایك بووە. کە پێئەگا لەسەر ڕێو شوێنی باوباپیری، دەبێ بە نۆکەری پاشای بەبە. لە ١٨٤٠ لە لەشکری بەبە دائەنرێ بە ضابطی طوپچی وە هەتا ئەرشەکەی کۆیە لەم فرمانەدا ئەمێنێتەوە)).

٥. ٥. وەرگێڕان:

سەرەڕای ئەوانە، بایەخی تێدا دراوە بە وەرگێڕان، کە زاراوەی (وەرگێران)ی بۆ بەکارهێنراوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیری کوردی. حەوت نووسینی وەرگێڕدراو لەم گۆڤارەدا هەن.

**٦. ژیاننامە**[٢٠]:

**٦. ١. ئیبراهیم ئەحمەد :**

ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد کوڕی فەتاح کوڕی مستەفایە، ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایك بووە. ١٩٣٧ کۆلیجی حقووقی لە بەغدا تەواو کردووە. لە هەڵەبجەو سلێمانی و کەرکووك حاکم بووە. گۆڤاری "گەلاوێژ"ی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (١٩٣٩-١٩٤٩) دەرکردووە. سەرۆکی لقی کوردستانی عیراقی کۆمەڵەی (ژ. ك) بووە. ١٩٤٧ چووەتە ناو پارتی دیموکراتی کورد-عیراق، لە دووەم کۆنگرەیدا (١٩٥١) بە سکرتێر هەڵبژێردراوە. خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی "خەبات"و "کوردستان" بووە. لە لەندەنیش گۆڤاری "چریکەی کوردستان"ی دەرکردووە. ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٨ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.



ئیبراهیم ئەحمەد، وەك سەرکردەیەکی کارامە بوو، شاعیرێکی بەهرەمەندو چیرۆکنووسێکی لێهاتوو و ڕۆژنامەوانێکی تواناش بوو[٢١].

**٦. ٢. جەمال مەجید سەلیم :**



جەمال کوڕی مەجید کوڕی سەلیم ئاغا کوڕی یووسف ئاغایەو بە بنەماڵە ئەچنەوە سەر جوامێر ئاغای ڕەنگینەی یەکێك لە دوانزە سوارەی مەریوان. ساڵی ١٩١٥ لە سلێمانی لەدایك بووە. سەرەتایی و ناوەندیی ١٩٣١ لە سلێمانی بڕیوە. هەمان ساڵ چووەتە خانەی بەرزی مامۆستایان (دار المعلمين العالية) لە بەغداو، ١٩٣٤ بەشی ئینگلیزی ئەو خانەیەی تەواو کردووە. هەر ئەوساڵە بە مامۆستا لە قوتابخانەی (خالیدییە)ی سلێمانی دامەزراوە. ١٩٣٥ لە قوتابخانەی عەسکەری شاهانە (المدرسة العسكرية الملكية) وەرگیراوەو لە ١٩٣٦ بە پلەی مولازم دەرچووەو لە ئەشغالی عەسکەری دانراوە. ١٩٤٣ لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری تردا کە گومانی نادڵسۆزیو دژایەتی حکوومەتیان لێ کراوەو بە (زمرة توفيق أركان) ناسراون و زەعیمی ڕوکن تۆفیق حەسەنی دواتر دامەزرێنی (جمعية المحاربين القدماء) سەرکردایەتیی کردوون، خانەنشین کراوە.

١٩٤٦ بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرێتی ئینحیساری تووتنی کەرکووك دامەزراوە. ١٩٤٧ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و، لە بەڕێوەبەرێتی مەعاریفی سلێمانی بە

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستاو لە قوتابخانەی ناحیەی قەرەداخ دانراوەتەوە. لە ١٩٥٠ کارەکەی هێنراوەتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی خالیدییە. لە ١٩٥٢ وەك مامۆستای ئینگلیزی ئینتیداب کراوە بۆ ناوەندی کانێسکانی کوڕان تا لە ١٩٦٣. ساڵی ١٩٦٤ گوێزراوەتەوە بۆ بەغداو بووە بە مامۆستای قوتابخانەی (الزوية الثانية) تا کۆچی دواییکردنی لە ڕۆژی ١٩٦٧/٥/٢١دا. ساڵی ١٩٤٢ "عەتییە عەبدوڵڵا محەمەد"ی هێناوە[٢٢].

**٦. ٣. حامید فەرەج :**



حامید کوڕی فەرەج کوڕی سلێمان بەگ کوڕی محەمەد بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی قولی بەگە، ١٩١١ لە گەڕەکی (دەرگەزێن)ی شاری سلێمانی لەدایك بووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە سلێمانیو خانەی مامۆستایانی بەغدا، بووە بە مامۆستا لە سلێمانی. ساڵانی چل خزمەتەکەی گوێزاوەتەوە بۆ دەزگای پۆلیسو پاش خوێندنی کۆلیجی پۆلیس، لە بەغداو سلێمانی بووە بە ئەفسەرو موعاوینی پۆلیسو لە کەرکوك بەڕێوەبەری پۆلیسو پلەی گەییوەتە عەقید. ئەمجا کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی پۆلیس لە بەغدا. کە خانەنشین بووە، هەر لەوێ ماوەتەوە، تا لە ١٩٩٥دا کۆچی دوایی کردووە.

ساڵی ١٩٣٦ (ئەلفو بێی کوردی)ی چاپو بڵاو کردووەتەوەو وەك کتێبێکی خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا وتراوەتەوە. ١٩٧٦ نامیلکەی (ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا)ی چاپ بووە. لە گۆڤارەکانی "هاوار"و "گەلاوێژ"یشدا نووسینی بڵاو کردووەتەوە[٢٣].

**٦. ٤. ڕەشید نەجیب :**



ڕەشید کوڕی نەجیب کوڕی مەحموود ئاغای هەمزە ئاغای محەمەد ئاغاو لە بنەماڵەی فەرخەیە. لە ١٩٠٦ لە سلێمانی لەدایك بووە. قوتابخانەی ئەعدادی عوسمانیی تەواو کردووە. کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ وەك فەرمانبەر لە خەستەخانەی مولکی سلێمانی دامەزراوە، دوایی براوەتە هەڵەبجە.

گەلێ کاری دیوە: مایسی ١٩٢٧ مەئموری صیحییە، ١٩٢٨ وەرگێڕ لە موتەسەڕیفیەتی لیوای سلێمانی، ١٩٣٠ وەرگێڕی ئیداری و پاشان وەرگێڕی وەزارەتی ئابووریو گەیاندن. ١٩٣٦ لەو وەزارەتە سەرنجدەر (ملاحظ)بووەو، نیسانی١٩٤٤ کراوە بە قایمقامی مەرکەزی لیوای سلێمانی. دوایی کراوەتە مومەییز لە وەزارەتی ئەشغاڵ. ١٩٤٩ بووە بە بەڕێوەبەری بەشی عەرەبیو کوردی ڕادیۆی بەغدا. ١٩٥٣ موتەسەڕیفی هەولێرو، ١٩٥٤ هی کەرکوکو ١٩٥٥-١٩٥٦ هی مووسڵو ١٩٥٧-١٩٥٨ هی بەسرە بووە. ئیتر وازی لە کار هێناوەو خانەنشین بووە. هەر لە بەغدا ماوەتەوە تا لە ١٩٦٨دا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (الاعظمية) نێژراوە.

ڕەشید نەجیب، لە قوتابخانەی زانستی دەرسی وتووەتەوە. تەمووزی ١٩٢٧ کراوە بە سکرتێری (کۆمەڵی پشتیوانی کوردان) کە لە بەغدا دامەزرێنراوە. ئەندامێکی (جەمعییەتی هیوا- ١٩٢٨) بووە. لە " ژیانەوە "و " ژیان "و گۆڤارەکانی "دیاری لاوان"و " یادگاری لاوان"و، بەزۆریش لە "گەلاوێژ"دا نووسینی بڵاو بووەتەوە. نوێکەرەوەیەکی شیعری کوردیو ناسناوی " فرامورز" ی هەبووەو ئینگلیزیو تورکیو فارسیو عەرەبیی زانیوە[٢٤].

**٦. ٥. سەلام :**



کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەدی شێخ محەمەدە، ١٨٩٢ لە دێی (عازەبان) لەدایك بووە. سەرەتا خراوەتە حوجرەو تا بڕانەوەی یەکەم جەنگی جیهانی درێژەی پێداوە. لە ١٩١٩دا بووە نوێنەری مەحموود پاشای جاف لای شێخ مەحموود. دوای شەڕی دەربەندی بازیان چووەتە دیوی ئێران تا ١٩٢١. لە دووەم حکوومەتی شێخدا، مەئمووری ئەوراقی عەسکەرییە بووە. دواتر فەرمانەکانی وەك تەحسیلدارو چاودێری ڕێگەو دارستانو مەئمووری مەنتووجاتی مەحەللیو نوفووسی دیوە لە سلێمانیو بەسرەو حللەو هەولێرو بەغدا. ١٩٥٥ خانەنشین بووە. ١٩٥٩/٣/٣ کۆچی دوایی کردووە.

دامـەزرێنێکی جەمعییـەتی زەردەشتیو کۆمـەڵی سـەربەرزی کـوردانو ئەنـدامی لقـی سـلێمانی جەمعیـەتی خۆیبوون بووە[٢٥].

**٦. ٦. شاکیر فەتاح :**



شـاکیر کـوڕی فـەتاح کـوڕی ئەحمـەدە، ١٩١٤ لـە سـلێمانی لەدایك بووە. قۆناغی سـەرەتایی لە سلێمانیو، دواناوەندی و لە ١٩٣٧یش کۆلیجی حوقووقی لە بەغدا تەواوکردووە. بەڕێوەبەری ناحیـەکانی مـزووریو زڕباتییـەو قەرەحەسەنو خورماڵو پێبازو قادرکەرەمو قایمقامی قـەزاکانی ڕانیـەو چەمچەماڵو هەڵەبجەو مەرکەزی سلێمانیو شێخانو ئاکرێو زاخۆ بووە. سێ ساڵێك زیاتر کراوەتە سەرۆکی شارەوانی سلێمانیو موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی ناوخۆ. ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراقو یەکێتی نووسەرانی کورد بووە. ١٩٧٧ بووە بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، تا لە ١٩٨٠دا خانەنشین کراوە. ١٩٨٨، لەسەر بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دژ بە کوردی ڕژێمی بەعس، گیراوەو، ڕۆژی ٢٧ / ٦ / ١٩٨٨ لە هەولێر ئیعدام کراوە.

شاکیر فەتاح تا ١٩٨٤، ٦٤ کتێبو نامیلکەو ٣٢٢ وتاری بڵاوکراوەی بە دانانو وەرگێڕانەوە هەبووە[٢٦].

**٦. ٧. عارف تاڵەبانی :**



کوڕی شێخ عارف کوڕی شێخ فاتیح کوڕی شێخ محەمەد ڕەئووف کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی خالیصی تاڵەبانییە. دایکی، جەمالەخان کچی شێخ نوورییە. ١٩١١ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە.

پێنج شەش ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. بۆیە لای شێخ فایەقی مامی گەورە بووە. ١٩٢٠، بە هەوڵی شێخ فازڵی مامی، چووەتە قوتابخانەی سەرەتاییو لە ١٩٢٦ بڕیویە. ناوەندیو ئامادەیی مەرکەزی کەرکووکی لە ١٩٣٣دا تەواو کردووە. ١٩٣٣ لە کۆلیجی حوقووقی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو لە ١٩٣٧ تەواوی کردووەو لە ١٩٣٧/٧/٣٠ بووە بە ئەندامی ژمارە ٣٢٢ی سەندیکای پارێزەرانی عیراق تا ١٩٤٣ پارێزەریی کردووە.

١٩٤٣/١١/١٠ بە فەرمانی شاهانە دامەزراوە بە دادوەری سوڵح لە مووسڵ. لە ١٩٤٦ بووە بە قایمقام لە ڕەواندز. ١٩٤٧ ڕەشادەت خانی شێخ فەیزوڵڵای شێخ قادری تاڵەبانیی هێناوە. فەرمانەکانی دواتری: ١٩٤٨ قایمقامی کۆیە، ١٩٤٩ قایمقامی مەخموور، ١٩٥١ قایمقامی شنگار، ١٩٥٢ قایمقامی هەڵەبجە، ١٩٥٣ دیسان حاکمی سوڵح لە مووسڵ، ١٩٥٤ قایمقامی دهۆك، ١٩٥٥ سەرۆکی دادگای دەعوای عەشایەر لە بەغدا.

١٩٥٨ خانەنشین کراوە. ١٩٥٩، دوای گێڕانەوەی بۆ سەر کار، کراوە بە موتەسەڕیفی لیوای حللە تا ١٩٦٣. مارتی ١٩٦٣ بووە بە موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق. ١٩٦٣/٦/١٨، بەپێی یاسای ژمارە ٢ی پاکسازی دەزگاکانی حکومەت، لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەدا، دووبارە خانەنشین کراوەتەوە.

شێخ عارف، هەستێکی خاوێنی کوردایەتیو ناوو جۆرێیەکی دیاری لەناو خەڵکدا هەبووە. ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/١٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[٢٧].

**٦. ٨. عەبدوڕڕەحمان عەبدوڵڵا :**



عەبدوڕڕەحمان کوڕی میرزا عەبدوڵڵا کوڕی حاجی سەعید کوڕی قادر ئاغا کوڕی هۆمەر ئاغایە، ساڵی ١٩١٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. بە منداڵی نراوەتە حوجرە لای خواجە ئەفەندیو مەلا شەلە. ١٩٢٥ خراوەتە قوتابخانەی سەرەتایی کە لە خانووەکەی "بەهێخان"دا بووە، ١٩٢٩ تەواوی کردووە. چووەتە بەغدا بۆ ناوەندی (الغربیة)و، ئەمجا ناوەندی کەرخ و، ١٩٣٢ بڕیویە. لە دواناوەندی مەرکەزی وەرگیراوەو دوای ٢ ساڵ تەواوی کردووە. دواتر چووەتە کۆلیجی پزیشکی (الطبیة)ی سەر بە زانکۆی (آل البیت)، لە ١٩٤٠دا بە تەواوبوونی گەیاندووە. یەکسەر لە کولییەی عەسکەری وەرگیراوەو پێنج ساڵو نیوی بە ئەفسەری پزیشك تێدا ماوەتەوە لە ناوچەی بارزان. ١٩٤٥ دەستگیر

کـراوە لەبـەر هەڵوێـستی بەرانبـەر بـە جووڵانـەوەی بارزان‌و دوورخراوەتەوە.

پاشان بـووە بـە دکتـۆر لـە سلێمانی. لـە ١٩٤٩دا کراوە بە سەرۆکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی. لە ١٩٦٣ خانەنشین کراوە. لە ١٩٦٧دا گێڕدراوەتـەوە بۆ کار. دوای دوو ساڵ خۆی خانەنـشین کـردووە. تێکڕا نزیکـەی ٢٥ سـاڵ نۆشداریی کـردووە. زۆر جار تووشی زیندان‌و دوورخستنەوە بـووە. لـە ٢٠٠٢/٥/٣٠ بە نەخۆشی لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە‌و ڕۆژی دوایی تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی‌و لە گردی سەیوان نێژراوە.

بـە یەکـەمین دکتـۆرو کـورد دائەنرێ کـە بابـەتی پزیشکیی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا بڵاو کردووەتـەوە. هـەوەڵ نووسـینی لــە "یادگـاری لاوان"دا بـڵاو بووەتـەوە. پاشـتر لـە گۆڤارەکـانی "گەلاوێـژ"و "هیـوا"و "ڕەنگـین"دا درێـژەی بـە بڵاوکردنـەوەی بابەتی زانستی‌و تەندروستی‌و گشتی داوە. جگـە لـەو وتـارە پەرش‌وبڵاوانـەی، ئـەم بەرهەمـە لەچاپدراوانەیشی هەن:

١- چـواردەی گەلاوێـژ :لاپەڕەیـەك لـە شۆڕشـی فەرەنسە، بەغدا، ١٩٥٨.

٢- تەندروستی گشتی، چاپخانەی سلمان الاعظمی- بەغدا، ١٩٧٢.

٣- ئینسکلۆپیدیای پزیشکایەتی خێزانی، سلێمانی، ٢٠٠١.

بەرهەمە دەستنووسەکانیشی ئەمانەن:

١- فەرهەنگی تەندروستی.

٢- فەرهـەنگی تەندروسـتی: ئینگلیـزی-عـەرەبی-کوردی.

٣- کاروانەکە هەر ئەڕوا : بیرەوەریەکانییەتی[28].

**٦. ٩. عەبدوڵڵا گۆران :**



نـاوی عەبـدوڵڵای کـوڕی سـلێمان بـەگی کاتـب فارسـییە، ١٩٠٤ یـا ١٩٠٥ لە هەڵەبجە لـەدایك بـووە. لـە حـوجرەو قوتابخانـەی عیلمییەی کەرکووك خوێندوویە. مامۆستایی‌و ئەمجا فەرمانبـەریی لـە بەشـی ڕێگـەوبانی ئەشـغال کردووە تا ١٩٥١. لە ئیزگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیك/ بەشـی کوردسـتان‌و ڕۆژنامـەی "ژیـن"و لیژنـەی ئاشتیخوازانی سلێمانی‌و گۆڤاری "شەفەق- بـەیان"و ڕۆژنامـەی "ئـازادی"دا کـاری کـردووە. چـەند جارێك لەسەر چالاکی سیاسی گیراوەو خراوەتـە بەندیخانـە. لـەکۆتایی ژیانیـدا تووشـی شێرپەنجەی گـەدە بـووە. ڕۆژی ١٩٦٢/١١/١٨ کۆچـی دوایـی کـردووە. جگـە لـە شیعر، کۆمـەڵێك پەخـشان‌و نووسـین‌و وەرگێڕانیـشی هەن[29].

**٦. ١٠. عەبدوڵڵا زێوەر :**

عەبـدوڵڵا کـوڕی محەمـەد کـوڕی مەلاڕەسووڵە، ١٨٧٥ لە سلێمانی لـەدایك بـووە. بـە فەقێیـەتی مـەریوان‌و بانـەو موکریـان‌و ڕەوانـدزو هـەولێرو کـەرکووك گـەڕاوە. ١٩٠١ چـووەتە ئەسـتەنبوڵ. لـە ١٩٠٨ بـەدواوە بـووە بـە مامۆسـتای قوتابخانـەکانی سـلێمانی تـا ١٩٤٢. لـە ١٩٤٨/١١/١٠ کۆچـی دوایـی کـردووە. جگـە لـە دیـوانی شـیعر، فەرهەنگو بیرەوەری‌و چیرۆکی لەچاپدراویشی هەن. لایەنگرێکی شێخی گەورەو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر بووە[30].

**٦. ١١. فازڵ تاڵەبانی :**



کـوڕی شـێخ فـازڵ کـوڕی شـێخ محەمـەد ڕەئـووف کـوڕی شـێخ عـەلی گـەورە کـوڕی شـێخ عەبـدوڕڕەحمانی خالیـصی تاڵەبانییە. دایکی، جەمیلـەخانی کـچی شـێخ مەعرووفـە. سـاڵی ١٩٠٣ لە کەرکووك لـەدایك بـووە. وەك پیـشەی بنەماڵەکـەی، خەریکی کشتوکاڵ بووە. بەڵام دوای ئەوەی پلـەیەکی خوێندنی لەلای مەلا حەمیدی مزگـەوتی بـلاغ‌و مـەلاو سۆفیەکانی تەکیەی تاڵەبانی تەواو کردووە، هەرچەند بەتەمەن گەورە بووە، بیری لـەوە کردوەتـەوە درێـژە بە خوێندن بدات. ئەگەرچی مامەکان‌و خزمانی نـاڕازی بوون، توانیویە قەناعەت بە شێخ فایـەقی براگـەورەی بهێنـێ. سـاڵی خوێنـدنی ١٩٢٥-١٩٢٦ بـە تاقیکردنەوەی دەرەکی لە پۆلی شەشـەمی سـەرەتایی دەرچـووە. چـووەتە ئامـادەیی مەرکـەزی‌و ١٩٣٣ بـە

دووهەم تەواوی کردووە. لە کۆلیجی حقووقی بەغدا وەرگیراوەو ١٩٣٧ بە دووهەم یا سێیەم دەرچووە. ١٩٣٧ چووەتە خولی ئەفسەری ئیحتیات، بە پلەیەکی باش بڕیوە. ١٩٣٨ کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی میرزا ڕۆستەم. ١٩٣٩ غالییەخانی کچی شێخ حەبیبی کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی خالیصی تالەبانییە. لە ١٩٤٠–١٩٤١ بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەقی سەر بە لیوای هەولێر بووە. لە ١٩٤٢ کراوە بە قایمقامی هەڵەبجەو ١٩٤٣ بە قایمقامی قەڵادزێ. لەوێ لەسەر زوڵمو زۆری ئاغاکان، هاتووەتە دەنگ. بۆیە لێی کەوتوونە شکاتو هەڕەشە، دراوەتە دادگاو بێ تاوان دەرچووە. لەسەر ئەوە، لەگەڵ وەزیری ناوخۆدا تێك چووە، وازی لە کار هێناوەو دەستی کردووەتەوە بە کاری پارێزەریو سەرپەرشتی موڵکەکانی. هاوکات بووە بە پارێزەرو وەکیلی کۆمپانیای نەوتی عیراق لە کەرکوكو ئەندامی ئەنجومەنی گشتی لیوای کەرکوك. ساڵی ١٩٥٧، بووە بە دامەزرێنێکی کۆمەڵەی مانگی سوور (جمعية الهلال الأحمر) لە کەرکوك.

شێخ فازڵ، هاوڕێیەتیی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدو ئیبراهیم وەصفیو جەودەت محەمەدعەلیو یووسف حاجی ئەلیاسو عەبدوڵلا لیۆنی هاوپۆلانی کۆلیجی حقووقیدا گەرمو خۆش بووە. پیاوێکی کوردپەروەر بووە، مناڵەکانیی بە گیانێکی پاکی کوردایەتی گۆش کردووە. زۆریش ئەدەبدۆست بووەو، دەستگیرۆیی لێقەوماو هەژارانی کردووە. سێ کوڕو دوو کچی لەپاش بەجێ ماوە[٣١].

**٦. ١٢. فایەق بێکەس :**



کوڕی کوچك عەبدوڵلا صەبری کوڕی کاکەحەمەی ئەلیاسە قۆجەیە، ١٩٠٥ لە دێی (سیتەك) لەدایك بووە. بە مناڵی خراوەتە حوجرە. دوایی لە پۆلی سێیەم وەرگیراوەو هەر تا یەکەمی ناوەندیی بۆ تەواو کراوە. دەستگێریی کردووەو، لە ئەشغالیش کاری دیوە. لە ١٩٣٣وە تا ١٩٤٨ مامۆستایی کردووە. ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/٨ بە نەخۆشی تەوژمی خوێن کۆچی دوایی کردووە. سەرکردەیەکی کارای ڕاپەڕینی ئەیلوولی ١٩٣٠و، ئەندامی لقی کوردستانی عیراقی کۆمەڵەی (ژ.ك)و پاشان پارتی دیموکراتی کورد–عیراق بووە. لە قوتابخانەی زانستیش دەرسی وتووەتەوە[٣٢].

**٦. ١٣. مەحموود جەودەت :**



کوڕی ئەحمەد جەودەت کوڕی مەحموود ئاغای چکۆلەیە، ١٨٨٨ لە سلێمانی لەدایك بووە. ١٩٠٩ مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولی تەواو کردووە. بەشداری یەکەم جەنگی جیهانی بووەو بەدیلی کەوتووەتە دەست ئینگلیز. پلەکەی لە سوپای عیراقدا گەیشتووەتە ڕائید. دامەزرێنێکی کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان–١٩١٩و ئەندامێکی هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵی سەرکەوتنی کوردان–١٩٣٠ بووە. دوای شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی–١٩٣٠ لە سوپا هەڵاتووەو چووەتە پاڵ شێخ مەحموود. ١٩٣٧/١١/٣٠ لەسەر کوشتنی بەڕێوەبەری مالییە ئیعدام کراوە. لە "ژیانەوە"و "ژیان"دا نووسینی بڵاوکراوەی هەیە. دوو کتێبیشی (بەهائوڵلاو دەوری نوێ، پۆڵەندە وەیا لەهستان) لەچاپ دراون[٣٣].

**٦. ١٤. محەمەد عەبدوڕڕەحمان :**



محەمەدی ناسراو بە "حەمەپاشا"، کوڕی عەبدوڕڕەحمان ئاغا کوڕی ئەحمەد پاشا کوڕی عەبدوڕڕەحمان ئاغای باشچاوەشە، ١٩١٥ لە سلێمانی لەدایك بووە. خوێندنی لە سلێمانیو، دواتر (خانەی بەرزی مامۆستایان)ی لە بەغدا تەواو کردووە. بووە بە مامۆستا لە دواناوەندی سلێمانی. پاشان بووە بە وەرگێڕی ئینگلیزی لەلای میستەر کرێسی لە گومرگو لە بەشی کاروباری باکوور. ئەمجا کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی وارماواو قەرەداخ–١٩٤٧. بەرزکراوەتەوە بۆ قایمقامی قەزاکانی بەرودوا ڕانیەو کۆیەو داقووقو عەفەكو حەزەر (حضر)و سەماوەو شارەبان.

کە نیسانی ١٩٤٣ هەیئەتی ناوچەی تازەی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لە بەغدا هەڵبژێردرایەوە، سێ کەسیان دەستیان کێشایەوە. حەمەپاشا وەك ئەندام

خرایە شوێنی یەکێکیان لەو هەیئەتەدا. ١٩٥٣ چووەتە ئەمریکاو بەشداریی خولێکی ئیدارە بووە. کە گەڕاوەتەوە کراوە بە بەڕێوەبەری ئاوو کارەبای سلێمانیو، بەڕێوەبەری شارەوانییەکان. ١٩٧٠ خانەنشین بووە.

حەمەپاشا لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٤دا ناجیەخانی عەزیز سالحی هێناوەو دوو کوڕی دلێرو دلشاد ناوانی لێ بووە. دواتریش هاتووەتەوە سەر نووسینو، لە "ژین"دا بلاوی کردووەتەوە[٣٤]. ئارەزووی پوول کۆکردنەوەو دەستی وێنەکێشانو پەیکەرتاشیو مۆمیاکردنی هەبووە[٣٥].

**٦. ١٥. محەمەدعەلی کوردی:**



محەمەدعەلی کوڕی ئەحمەدو لە خێڵی مەنگوڕە، لە دێی (سندۆلان)ی ناوچەی (سەنگەسەر) لەدایك بووە. دوای ئەوەی خوێندنی قورئانو هەندێ کتێبی عەرەبیو دینیی تەواو کردووە، چووەتە شاری (کۆیە)و لە مزگەوتی (خادیمول سەجادە) دابەزیوەو لەسەر دەستی مەلامحەمەدی جەلی زادە خوێندوویە. بە زیرەکیو لێهاتوویی خۆی، سەرنجی مامۆستاکەی ڕاکێشاوە، بۆیە بایەخی تایبەتی پێ داوە. دوای ماوەیەکو سەردەمی داگیرکاری ئینگلیز، حاجی ئیسماعیل بردوویە بۆ بەغدا" بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکی، خستوویەتییە (کولییەی ئیمام ئەعظم). ساڵێك لەوەبەدواو کاتێ هەستی کردووە زانستە نوێیەکانی ئەو قوتابخانەیە تینوێتیی ناشکێنن، سەری لە شەهرستانی وەزیری مەعاریف داوەو بە فارسی لەگەڵیدا دواوە، ئەویش فەرمانی داوە بخرێتە قوتابخانەی (دار المعلمین الممتازە). دوای دوو ساڵ کە تەواوی کردووە، کراوە بە مامۆستا لە قەزای (عانە). لەوێ ژنێکی عەرەبی هێناوە. هەر کچێکی "هند" ناوی لێبووە کە بووەتە مامۆستا. ئەودەمە خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانو ئەدەبی عەرەبیو لێکدانەوەی قورئان بووەو هەموو شیعرەکانی "أبی نؤاس"ی لەبەر کردووە.

پێنج یا شەش ساڵ دواتر، هاتووەتە بەغداو لە ناوەندی (الشرقیة) بە مامۆستای زمانی عەرەبی دامەزراوە. پاش چەند ساڵێك خزمەتەکەی بۆ گوێزراوەتەوە بۆ وەزارەتی عەدل وەك وەرگێڕ. ئەو ماوەیە، دەستی کردووە بە نووسینی وتاری کۆمەڵایەتیو ڕەخنەگرانەو بە ناسناوەکانی (المؤرخ، أبو هند، مجاری، عطشان) لە ڕۆژنامەکاندا بلاوی کردووەتەوە.

١٩٣٤-٣٥ تاقیکردنەوەی بەڕێوەبەرانی ناحیەی داوەو بە سەرکەوتوویی دەرچووەو کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی (برادۆست)، بەڵام نەچووە. ١٩٣٥ سەهۆڵ لە بەغدا بێ ئەندازە گران بووە. ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە وەزارەتی داد پێکهاتووە بە ناسناوەکانی (عطشان، ریان)ەوە زنجیرە وتاری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری لەوبارەیەوە بنووسێ، کە لە ڕۆژنامەی " صوت الشعب"دا بلاو بووەتەوە. کە وەزارەت زانیویە ئەو دەیاننووسێ، ناچاری کردووە بچێتە سەر کارکەی. تا ١٩٥٥ یا ١٩٥٦ لەو کارەدا ماوەتەوەو، پاشان حکوومەت لەبەر بیروڕا ئازادەکانی لە کار دەری کردووە، ئەگەرچی شایانی ئەوەیش بووە بکرێتە قایمقام.

بیرەوەرییەکانیی بە عەرەبی بەناوی (مذکرات الطفل المشؤم)ەوە نووسیوە، کە لەچاپ نەدراوە. لە زمانو ڕێزمانی عەرەبیدا زۆر شارەزا بووە. گفتوگۆی زمانەوانیی لەگەڵ "محەمەد بەهجەت ئەلئەثەری"و "ساطع ئەلحوصەری"دا، لە گۆڤاری "المعلم الجدید"دا بلاو بووەتەوە. کتێبێکی لەبارەی ڕێزمانی عەرەبییەوە لەچاپ داوە. خۆیشی ساڵانی سی لە سلێمانیو پەنجا لە بەعقووبە مامۆستایی کردووە. وتارو نووسینی، جگە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبییەکان، لە "ڕووناکی"و "هەتاو"دا بلاوکردووەتەوە. ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووەو بە وەسێتی خۆ، لەسەر چیای (حەمرین) نێژراوە. هەر ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەی لەچاپ دراوە:

- حکایەتی زادیچ، چاپخانەی مەعارف-بەغدا، ١٩٥٤[٣٦].

**پەراوێزەکان:**

١- جەمال بابان، کوردیو مەریوانی کێن، "ڕەنگین"(گۆڤار)، بەغدا، ژ١٢٧,١٤٤ی ئابی١٩٩٩، ل٢٦-٢٧، ٣٠.

٢- نامەی تایبەتی بەڕێز پیرۆت شێخ فازڵ، کە ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/١٥ بەدەستم گەیشت.

٣- ئەحمەد سەیدعەلی بەرزنجی، ئاوێنەی ژیانم: یادداشتەکانی شاکر فەتاح، چ١، ب١، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٣٢.

٤- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەرەیەك لە مێژوی رۆژنامەوانی كوردی: سالآنی نێوان دوو جەنگی جیهانی ١٩١٨-١٩٣٨، ب٢، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٢٥-٣٢٦.

٥- رەفیق سالح، دیاری كوردستان، لێكۆڵینەوەی نەوشیروان مستەفا ئەمینو سدیق سالح، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٨-٧٠.

٦- الحكومە العراقیە، مجموعە القوانین والانقمە لسنە ١٩٣١، مگبعە دنكور الحدیپە-بغداد، ١٩٣٢، ص٧٤٤-٧٥٦.

٧- الحكومە العراقیە، مجموعە القوانین والانقمە لسنە ١٩٣٢، مگبعە دنكور-بغداد، ١٩٣٢، ص٢٤٩-٢٥٧.

٨ الحكومە العراقیە، مجموعە القوانین والانقمە لسنە ١٩٣٣، مگبعە الحكومە-بغداد، ١٩٣٤، ص٥٣٨-٥٥٢.

٩- سدیق سالح، بەسەرهاتووی كاكەڕەشید شەوقی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٨.

١٠- چاوپێكەوتنی مانگی تەمووزی ٢٠٠٠.

١١- غەفوری میرزا كەریم، یادگاری لاوانو دیاری لاوان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٤٢، ٤٣،، ٤٤، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٦٠.

١٢- چاوپێكەوتنی رۆژی ٥/١/٢٠٠٥.

١٥- یادگارو هیوا: چەپكە گوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی ناوەندی راگەیاندن- سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣.

١٤- سدیق سالح، بەسەرهاتووی كاكەڕەشید شەوقی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٠-٦٣.

١٥- سدیق سالح، كتێبێكی وەقفكراوی ئەحمەد پاشای بابان، "مرۆڤایەتی" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٧، سالّ١، ئۆكتۆبەری ١٩٩٨، ل٩-١٠.

١٦- گ. س. فریمان-گرێنیڤیل، رۆژمێرەكانی كۆچیو زایینی، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە نەجاتی عەبدوڵلا، بنكەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٤.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٩٦.

١٨- هەمان سەرچاوەو لاپەرە.

١٩- بۆ ژیاننامەكەی بروانە: رەفیق سالح، رۆژنامەی ژیان، ب٢، لێكۆڵینەوەی سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٥-٤٦.

٢٠- هەندێك لەم ناوانە، لەبەرئەوەی لە شوێنی تردا ژیاننامەی وردتریانم هێناوەتەوە، پێویستم نەبینی لێرەیش بەو درێژییە دوپاتیان بكەمەوە.

٢١- رەفیق سالح، رۆژنامەی ژیان، ب٤/ بەشی یەكەم، لێكۆڵینەوەی سدیق سالح، بنكەی ژین-سلێمانی، ٢٠٠٥، ل.

٢٢- كاك ئاراسی كوری، بە هاوكاریی مامە نووریی، ئەم ژیاننامەیەی ئامادە كردووە. سوپاسی هەردوكیان ئەكەم.

١٣- شەوكەت عەزیز سەیدەلی، مامۆستا حامید فەرەج دانەری ئەلفو بێی كوردی، "سلێمانی" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٣٥، حوزەیرانی ٢٠٠٣، ل٥٢.

٢٤- رەفیق سالح، رۆژنامەی ژیان، ب١، لێكۆڵینەوەی سدیق سالح، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٢.

٢٥- رەفیق سالح، رۆژنامەی ژیان، ب٢، لێكۆڵینەوەی سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٤-٤٥.

٢٦رۆژنامەی ژیان، ب١، ل٣٤-٣٥.

٢٧- بەڕێز پیرۆت تاڵەبانی ژیاننامەو وێنەكەیی بە نامەیەك بۆ ناردم، سوپاسی ئەكەم. سوپاسیش بۆ هاوكاریی كاك چالاك تاڵەبانی.

٢٨- مصگفی نەریمان، میوانی ئەمجارەمان: دكتۆر ئەورەحمان، "رەنگین"، ژ٢٧، ١٩٩٠، ل١٨-١٩. "كوردستانی نوێ" (رۆژنامە)، سلێمانی، ژ٢٧٧٢، ٢/٦/٢٠٠٢. چاوپێكەوتنی مانگی تەمووزی ٢٠٠٠ی نووسەر لەگەڵ بەهەشتیدا كە لەسەر شریتی كاسێت تۆمار كراوە.

٢٩- رەفیق سالح، رۆژنامەی ژیان، ب٣، بنكەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٠-٢١.

٣٠- رەفیق سالح، سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نەمر، لێكۆڵینەوەی دكتۆر كەمال فوئادو سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٧-٤٨.

٣١- بەڕێز پیرۆت تاڵەبانی ژیاننامەو وێنەكەیی بۆ ناردم، سوپاسی ئەكەم.

٣٢- رۆژنامەی ژیان، ب١، ل٣٧-٣٨.

٣٣- رۆژنامەی ژیان، ب٢، ل٤٥-٤٦.

٣٤- بۆ نموونە، وتاری (بەراورد)ی بە دوو ئەڵقە لە ژمارەكانی (٥٥٦و ٥٥٧ی رۆژانی ١٦و ٢٣ی شوباتی ١٩٣٩ی "ژین"دا.

٣٥- هەیئەتی ناوچەی یانەی سەركەوتنی كوردان، باربو، چاپخانەی نجاح-بەغدا، ١٩٤٣- ١٩٤٤، ل٣٣.

زانیاریەكانی تر، یەكشەممەی رێكەوتی ٧/٥/٢٠٠٠ لە خوالێخۆشبوو ناجیەخانی هاوسەری وەرگیراون.

٣٦- احمد حویز، ماژا قال محمدعلی الكردی عن نفسە ؟، "التێخی" (جریدە)، بغداد، ٣١ تشرین الول ١٩٧٣.

هەندێ زانیاری تری بەڕێزان حەمەبۆر مستەفاو عەبدوڕەقیب یووسفو كەریم زەند، سوپاسیان ئەكەم.


*** مامۆستا سدیقی خۆشەویست تۆ لە هەموو كەس زیاتر دەزانی بۆچوونەكانی من جێی پشت پێ بەستان و متمانە لەسەكردنە، ئەم هەموو (پێموایە)ی خۆت بەرامبەر ناوەكانی دیكە تۆماركراوە هەق وابوو ئەو (پێموایە)ی منیشت لێرە رێزت كردوون، كە پێشتر لەبارەیەوە ئاگادارم كردووی ئەو (نەژاد) لەوانەیە ئیمزای (عەبە هەولێری) بووە، كە ئەو ماوەیە بەردەوام لەگەڵ ئەو زاتانە ژیاوە، كە هەردوو گۆڤارەكەیان دەركردووەو سالآنی پێشتریش فرمانی حكومی لە سلێمانی بەسەربردووە، بە قسەی ئەحمەد خواجە لە سەرەتای بیستەكاندا ئەوان لە هەولێر كۆمەڵەی لاوانیان دامەزراندووەو دواتر لە كەركوك پەرەیان پێداوەو پەلوپۆی هاویشتووە بۆ بەغداو تا سەردەمی دەركردنی هەردوو گۆڤارەكەو دواتر چالاكی هەبووە.**

**دیارە پێشتر لە دوو ژمارەی گۆڤاری هەولێر بە ناونیشانی (عەبە هەولێری و كۆمەڵەی لاوان) ئەم پرسەم ورووژاندووە، هەروەها كورەكەی عەبدوڵلا عەزیز هەولێری ناوی (نەژاد)ەو ئێستاش لە ژیاندا ماوەو هەر ئەو ساڵانە لە دایك بووە كە هەردوو گۆڤارەكە دەرچووە.**

**عەبدوڵلا زەنگەنە**



# الصحفي
منبر كل الصحفيين
تصدرها نقابة صحفيي كردستان

- تخريج صحفي محور من دورات السلامة المهنية للصحفيين في أربيل
- الحلقة الثانية من دراسة (الخبر .. وأهميته في وسائل الإعلام)
- الجزء الثاني من نصوص (دستور اتحاد الصحفيين الدولي)
- ما المطلوب في الصحيفة في تكون مقروءة؟
- رؤى الزرازي: الصحافة مهنة لكل من يحب أن يخدم المجتمع

## الأتحاد الدولي للصحفيين يسعى لتوفير احتياجات أجهزة الأعلام الكردستاني

## في الموصل .. ندوة حول الصحافة الريانية

## تجربة صحفية جديدة لجريدة (الشرق الأوسط) اللندنية

## نشاطات ثقافية لفرع نقابة صحفيي كردستان في كركوك

## بالديمقراطية نحيا وبها نتقدم

## اختيار صحفي كردي سكرتيراً للجنة الاعلامية للاتحاد العربي لريشة الطائرة

## الأوساط الصحفية تستعد للأحتفال بيوم الصحافة الكردية



## الصحافة الكردستانية ترحب بصدور (الصحفي)

رۆژنامـــــــــــــەی (الـــــــــصحفي)ی ســــــــەندیکای رۆژنامەنووســـــانی کوردستان بە زمانی عـەرەبی دەریـدەکات، ژمـارە (٢)ی کەوتـە بەردەست خوێنـەران، ئەوەی شایانی باسە (الـــــــــــصحفي) رۆژنامـــــــەنووس فـــەرهاد عـــەونی سەرنووســەریەتی و مستەفا ساڵح کـەریم جێگــــــــــری سەرنووســــــەرە، هـــەروەها تــاریق ئیــبراهیم شــەریف سکرتێری نووسینە. وابڕیارە ژمارە (٣)ی لــە دووەمـــــین فیستیڤاڵی بەدرخان ٢١-٢٣/٤/٢٠٠٥ بڵاوبکرێتەوە.







دوو دیــــاریی دیکـــەی رۆژنامەنووســـیی بنکـــەی "ژیـن" بەرهــەمی دیکەشـی بەدواوەیە.

# دەوڵەمەندکردنی بابەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا سەدەی بیستەم



نەوزاد عەلی ئەحمەد/ سوید

**پێشەکی:**

لەلاپەڕەکانی (٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢)ی پاشکۆی گۆڤاری "سروە"ی ژمارە (٢٠٠) بابەتێك بەناونیشانی "**ڕۆژنامەگەریی کوردی لەکوردستانی ئێراندا—سەدەی بیستەم**" بە ئیمزای بەڕێز "**ئەحمەدی قازی**"[(١)] و بەزمانی فارسی بڵاوبۆتەوە، دوای خوێندنەوەی بابەتەکە هەستمان بەبوونی کۆمەڵێك کەم و کوڕی کرد، وا لەپێناوی زیاتر دەوڵەمەندکردنیدا ئەم چەند رستەیە دەخەینە سەر ناوەڕۆکەکەی ئێمە باسەکەی خۆمان بەسەر دوو بەشدا دابەشکردووە، لەبەشی یەکەمدا هەوڵمان داوە باری سەرنجەکانمان سەبارەت بە بابەتی ناوبراو دەربڕین و بەپێی توانا و بوونی سەرچاوە هەڵەو کەم و کوڕییەکان راست بکەینەوە و زانیاری پێویست و زیاتریش بخەینە پاڵ چەند رستەیەك، هەرچی لەبەشی دووەمە ناوی کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەی دیکەمان هێناوە کە لەبابەتەکەدا ناویان نەهاتووە، ئینجا ئەنجامی باسەکەمان بەیان دەکەین و لەکۆتاییشدا چەند زانیارییەك لەپەراوێزدا ورد دەکەینەوەو وەك ئەمانەتێکی زانستیش ناوی ئەو ژێدەرو سەرچاوانە دەبەین کە بۆ ئەم باسە سوودمان لێ بینیبوون.

## بەشی یەکەم

<u>سەرنجمان بۆ هەڵەو کەم و کوڕییەکان</u>

<u>*ناونیشان:</u>

دانانی ناونیشانی بابەت بەشێکە لەکۆکردنەوەی گشت پنت و خاڵەکانی ناوەڕۆك، ئەگەر لەو رووەوە لە ناونیشانی بابەتەکە: "**ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا—لە سەدەی بیستەمدا**"یاخود وەکو ئێمە نووسیومانە: "**ڕۆژنامەگەریی لەکوردستانی ئێراندا—سەدەی بیستەم**" ورد بینەوە، سەلیقەو چەمك پێمان دەڵێت، کە بابەتەکە لە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە دەدوێت کەلەماوەی سەدەی بیستەمدا لەکوردستانی ئێران دەرچوونە،بەڵام کە لەبابەتەکە ورد دەبینەوە کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەشی لەخۆ گرتووە کەلەشارەکانی وەك "**تاران، باکۆ، تەورێز. مەشهەد**"دا دەرچوونە و بڵاوکراونەتەوە، ئیتر دەکرا ناونیشانەکە بەشێوەیەك لەم شێوانە بنووسرێت: "**ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران و ئێراندا—سەدەی بیستەم**" یان "**ڕۆژنامەگەریی کوردی لەئێراندا—سەدەی بیستەم**" یاخود "**ڕۆژنامەگەریی کوردانی ئێران—سەدەی بیستەم**" ، بەڵام ئەگەر نووسراوە مەبەستێکی لەدانانی ناونیشانەکەدا هەبێت، دەیتوانی لەپەراوێزدا مەبەستەکەی روونبکاتەوە، بۆ"**سەدەی بیستەم**"ەکەش، کە بەڕێزیان دەست نیشانی کردووە

بەپێی زانیاری ئێمە، بابەتەکە هەندێك گۆڤار و بڵاوکراوەی تێهەڵکێشراوە کەلەم سەدەیەدا واتە سەدەی بیست و یەك چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەتایبەتی ئەو چاپەمەنییانەی کەلەلایەن خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا دەرکراون.

***ناوەڕۆك:**

بەڕێزیان ڕۆژنامەگەریی کوردی لەئێران، بەسەر ئەم سێ قۆناغەدا دابەشکردووە:

١.سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تا سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦دا.

٢.ماوەی کۆماری کوردستان تا شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا.

٣.ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شۆڕشی ئیسلامییەوە تا ئەمڕۆ، واتە لە (١٣٥٧ تا ١٣٨١)، (١٩٧٨-٢٠٠٢).

-وەك یەکەم بڵاوکراوەی کوردی لەئێراندا باسی بڵاوکراوەیەك دەکات بەناوی **"مستشار کردستان"** و بەمجۆرە دەیناسێنێت: **"ساڵی ١٩٠٢ لەشاری سابلاغ-ی موکری واتە مەهاباد لەلایەن میسونێرەکانی مەزهەبی مەسیحی بەزمانی کوردی و ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوەو یەك ژمارە لەم بڵاوکراوەیە ئێستا لەژێر دەستدایە"**[٢]، بەڵام د.کەمال مەزهەر ئەحمەد دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە، کە ئەو بە گۆڤاری ناوبردووە، دەڵێت: **"کوردستان: سابلاغ-مەهاباد-یان ورمێ-رەزاکییە-ژمارە یەکی: نیسانی ١٩١٤، میسیانێرە پرۆتسانتییەکان دەریان دەکرد، مینۆرسکی کە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەی هەبوو دەڵێت لە سابلاغ چاپ دەکرا، بەڵام گومان دەکرێ ئەوسا مەهاباد چاپخانەی خۆی هەبووبێ، جگە لەوەی مەڵبەندی چالاکی زۆربەی میسیانێرەکانی ئەو ناوچەیە ورمێ بوو کەلە زووەوە چاپخانەی خۆی هەبوو، وا دیارە چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە"**[٣] وەك دەردەکەوێت لەنێوان هەردوو زانیارییەکەدا جۆرێك لەجیاوازی هەیە، بەتایبەتی لەرووی مێژووی دەرچوونییەوە، هەردوولاش تەئکید لە بوونی ژمارەیەك لەژمارەکان دەکەنەوە، خۆزگە کلێشەی ئۆرژینالی بڵاودەکرایەوە، چونکە ئەم **"بڵاوکراوە-گۆڤارە"** بۆ سەرەتاکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەگشتی و بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەئێراندا بەتایبەتی گرنگە.

**-هەفتەنامەی کورد "ڕۆژی کورد":**

کۆمەڵە قسەو باسێك سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە هەیە لەهەموویان لەپێشتر کتێبەکەی **"محمد تمدن"**ە[٤]، بە ناونیشانی **"اوضاح ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیة، تهران چاپ اسلامیە، ١٣٥٠"** کە بەوردی باس لەم ڕۆژنامەیە دەکات، بەڵام بۆ ناوی هەفتەنامەکە زۆربەی قسەو باسەکان لەگەڵ ئەوەن کە سەرەتا بەناوی **"ڕۆژی کورد-شەوی عەجەم"** دەرچووە و پاشان ناوەکەی کراوەتە **"ڕۆژی کورد"** ئینجا تەنیا بەناوی **"کورد"** دەرچووە، بەڵام تا ئێستا هیچ دانەیەك لەم ڕۆژنامەیە نەدۆزراوەتەوەو وەك بەڵگە لەبەردەست دابێت، کەچی بەڕێز **"ئەحمەدی قازی"** لە بابەتەکەدا دەڵێت: **"وەك بەڵگە چوار ژمارە ماوە"** خۆزگە لەدەرفەتێکدا ئەو چوار ژمارەیە بڵاو دەکرایەوە، چونکە لەدۆزینەوەی ژمارەکان ئەو ڕۆژنامەیە بەچەندان گرێی مێژوویی و و کولتووری کوردی دەکرێنەوە، ئەوەی سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە دیارە تەنیا کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکەیە.

**-بڵاوکراوەی نیشتمان:**

بۆ نیشتمان لەدوو توێی چەند رستەیەکدا کۆمەڵێك زانیاری خراوەتە روو، کە بەداخەوە چەند هەڵەیەکی تێکەوتووە، **"نیشتمان"** گۆڤارە بەڕێزیان بە **"نشریە-بڵاوکراوە"**ی لەقەڵەم داوە هەروەها ساڵی (١٣٢٢) ژمارە (١)ی لێ دەرچووە نەك ساڵی (١٣٢٣) لەلایەکی دیکەوە نووسیویەتی ژمارە (٧، ٨، ٩) لەیەك بەرگدایە،بەڵام ئێمە پێمان وایە هەر ئەم سێ ژمارەیە لەیەك بەرگدا نییە، بەڵکو ژمارەکانی (٣، ٤)یش لەیەك بەرگدایە[٥]، وەك لەچەند سەرچاوەیەکیشدا باسکراوە، کەساڵی (١٩٤٨) لەکوردستانی باشووریش **"عێراق"**دا ژمارە (١٠)ی گۆڤارەکە دەرچووە[٦].

**-ڕۆژنامەی کوردستان:**

بۆ ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بەڕێزیان رای وایە کە (١١٣) ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام کۆمەڵێك رای تر هەیە،سەبارەت بە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، **"سەید عەبدوڵلای سەمەدی دەڵێ ١١٠ ژمارەو میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی دەڵێ ١١٢ ژمارەو عەلائەدین سەجادی دەڵی ١١٣ ژمارەو جەمال خەزنەدار دەڵێ ١١٣ ژمارەو سەعید ناکام دەڵێ ١١٤ و مەحموود مەلا عیززەت دەڵێ ١١٦ ژمارەی لێ دەرچووە"**[٧]، بەهەرحاڵ دەکرا بۆ ژمارە (١) ژمارەی ورد تۆماربکرێت کەڕۆژی ٢٠/١٠/١٣٢٤ بەرانبەر بە ١١ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ لەشاری مەهاباد بەچوار لاپەڕە دەرچووە.


# Kurdistan Missionary



*"Go ye into all the world, and preach the gospel of the whole creation!"* Mark 16: 15.

Volume 15. MINNEAPOLIS, MINN., OCTOBER, 1923. No. 10.

Songi Ali Bogh — Kisbogh, Agh Bogh — Miss Gudhart — Ali Agh — Sultan Salari Agh

Two Servants kneeling in back

Some of the Kurds, who accompanied Miss Gudhart back to Soujbulak.

"كوردستان مسیۆنەری" ئەو گۆڤارەی دەڵێن لە مهاباد یان ورمێ چاپ و بڵاوكراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە شیكاگۆ چاپ كراوەو پارەی پێ كۆكراوەتەوە دواتر لە مهاباد بڵاوكراوەتەوە. چاك لە دروشمەكەی سەرەوە وردبنەوە!!

**-گڕوگاڵ "تایبەت بەمنداڵان":**

لەئەسڵدا ناوی گۆڤارەکە بریتییە لە "**گڕوگاڵی منداڵانی کورد**" نەك "**گڕوگاڵ-تایبەت بە منداڵان**"، ئەمیش ژمارە (١)ی ساڵی (١٣٢٥)دەرچووە نەك (١٣٢٤)[٨].

**-هەلاڵە:**

بۆ ژمارەکانی ئەم گۆڤارە دەڵێت (چوار) ژمارە لێ دەرچووە، بەلاَم ئەوەی ئێمە بزانین تا ئێستا سەرچاوەکان(٩) باس لە (سێ) ژمارەی هەلاڵە دەکەن، خۆزگە بەڕێزیان لەدەرفەتێکدا ناوەڕۆکی ژمارە (چوار)ی بلاَو دەکردەوە، چونکە (سێ) ژمارەکەی تر ناوەڕۆکەکانیان بلاَوکراوەتەوە.

**-ئاوات:**

ئێمە رامان لەگەڵ ئەوە کۆك نییە، کە "**گۆڤاری ئاوات**" (سێ) ژمارەی لێ دەرچووبێ بەگشتی تا ئێستا زانیارییەکی بەڵگەدار لەسەر ئەم گۆڤارە نییە.

**-فریاد کرد:**

دیارە نووسەر کە دەڵێت "**ژمارە -١-ی لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥**" دەرچووە مەبەستی لەگۆڤاری "**هاواری کورد**"ە، بەلاَم لەسەر خودی گۆڤارەکە نووسراوە "**رەزبەر ١٣٢٤**" ئینجا نازانم ئایا ئەوکات مانگی "**ئۆکتۆبەر**" بەرانبەر بە مانگی "**رەزبەر**" بووە، پێویستە لەکاتی ریزبەندکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئەم گۆڤارە پێش ڕۆژنامەی "**کوردستان**" دابندرێت، چونکە ئەو گۆڤارە دەرچووە هێشتا کۆماری کوردستان رانەگەیەنراوە.

**-هاواری نیشتمان:**

ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەم گۆڤارە نووسراون کەم و کوڕی تیایە، نەنووسراوە چەند ژمارەی لێ دەرچووە و کەی دەرچووە؟ "**هاواری نیشتمان**" ژمارە (١)ی لە ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ بەرانبەر بە ٢١ی مارسی ١٩٤٦ دەرچووە، تا ئێستا ئەوەی زانراوە هەر ئەم ژمارەیە لەگۆڤارەکە دەرچووە[١٠].

**-ڕۆژنامەی کوردستان:**

لێرەدا مەبەست لەدەورەی دووەمی ڕۆژنامەی کوردستانە کەپاش ڕووخانی کۆماری کوردستان سەرلەنوێ بەشێوەیەکی نهێنی دەرچۆتەوە، بەلاَم بەداخەوە ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوونەوەی ڕۆژنامەکەی بەیان نەکردووە، کە ئێمە هەوڵدەدەین لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا بەپێی توانا چەند لایەنێکی ئەو دەورەیەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕوون بکەینەوە.

**-ڕێگا:**

سەبارەت بەم بلاَوکراوەیەش هەڵە کراوە، "**ڕێگا**" ئۆرگانی "**کۆمەڵەی ژیانی کورد**"ە و ژمارە ١ی ساڵی ١ی لەمانگی "**خەزەڵوەر**"ی ساڵی (١٣٢٧) چاپ و بلاَوکراوەتەوە.

**-خورنشین:**

بەڕێزیان دەڵێت: "**ساڵی ١٩٥٤ لەتاران دەرچووە**" بەلاَم جەمال خەزنەدار دەڵێت: "**ساڵی ١٩٥١ لەمەهاباد دەرچووەو تا ساڵی ١٩٥٢ بەردەوام بووە، هەروەها د. کەمال مەزهەر ئەحمەد-یش تەئکید لەو ساڵ و شوێنە دەکاتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر**"، خۆزگە ئۆرژینالی "خورنشین" بلاَودەکرایەوە.

**-هەفتەنامەی کوردستان:**

عبدالحمید بدیع الزمانی هەر سەرنووسەر "**مدیری لێ پرسراو**"ی نەبووە وەك بەڕێزیان نووسیویەتی بەڵکو خاوەن ئیمتیازیش بووەو "**محمد صدیق مفتی زادە**"ش هاوکار نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامە "**هەفتەنامە**" کەبەچاودێری دەستەی نووسەران دەرچووە کە ئەم بەڕێزانە بوونە: "**محمد صدیق مفتی زادە، عابد سراج الدینی، شکراللە بابان**" پاشان لە ژمارە (٣٨)ەوە ناوی بەڕێز "**خسرۆ شێخکانلووی میرانی**"ی بۆ زیاد کراوە.

بۆ ئەو ڕۆژنامەو گۆڤار و بلاَوکراوانەش کە نووسەر لەدوو توێی قۆناغی سێیەمی بابەتەکەیدا ناوی بردوون بەداخەوە زۆبەی زانیارییەکان کەم و کوڕی تێدایەو بەوردی نەناسێندراون، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامەو بلاَوکراوانە سنووری بلاَوکردنەوەیان بەرتەسك بووە و تیراژیان کەم بووە و نەگەیشتوونەتە دەرەوە، بەتایبەتی ئەوروپا، بۆیە ناتوانین بەوردی و بە بەڵگە لەکەم وکوڕی و هەڵەکان بدوێین، لێرەدا مەبەستمان لەم ڕۆژنامەو گۆڤار و بلاَوکراوانیە: "**مردم، ئامانجی منداڵان، ئاگری، ڕوانگە، بەیان، برووسکە، ڕۆژانو، سۆما، ڕۆژهەلاَت، راڤە...هتد**"

## بەشی دووەم

### کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری تر

ئاساییە مێژوویەکی بەو شێوەیە دوورلا و درێژ کە نووسینی ناوبراو بەخۆوەی گرتووە کەلێن و هەڵەو کەم و کوڕی تێبکەوێت، چونکە ئەم جۆرە کارانە دەکرێ بە دەستەو گروپ کاری تێدابکرێت، ئیتر لەو پێناوەدا وا لەخوارەوە ناوی چەتد ڕۆژنامەو بلاَوکراوەو گۆڤارێك دەخەینە سەر خشتەیەکی بەڕێز "**ئەحمەدی قازی**" تا بابەتەکەی دەوڵەمەندتر بێت.

**-کوردستان:**

گۆڤارێك بووە ساڵی (١٩١٣) لەشاری **"ورمێ"** لەلایەن **"عەبدولڕەزاق بەگ"**ەوە دەرچووە، پاش دوور خستنەوەی عەبدولڕەزق بەگ، سمکۆ ئاغا ئەرکی بەڕێوەبردنی خستۆتە ئەستۆی خۆی و تا ساڵی ١٩١٤ بەردەوام بووە.

**-مرۆڤ:**

ڕۆژنامەیەك بووە ساڵی ١٣٢٢ لەلایەن **"زەبیحی- بێژەن"**ەوە دەرچووە، وەك بەڵگەش دەتوانرێت سەیری ژمارە (٣)ی گۆڤاری نیشتمان بکرێت **"ڕۆژنامەی هەفتەیی مرۆ-Mirov لەلایەن بێژەن٢ بەم نزیکانە دەرئەچێت ئابوونە تەنیا بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەیە"**

**-کوردستان:**

گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی کوردی بووە، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان بووە، ژمارە (١)ی لە (٦)ی دیسامبەری ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد دەرچووە و سەرنووسەری سەید محەمەدی حەمیدی بووە، دەڵێن (٩) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوەو چەند کەسێکی دیکەش باس لە (١٦) ژمارە دەکەن.

**-نامەی کوردستان:**

ڕۆژنامەیەك بووە لەکاتی ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهاندا لەلایەن **"میرزا غولام عەلی کرماشانی"** لەشاری سنە بە زمانی فارسی دەرچووە.

**-زاگرۆس:**

ڕۆژنامەیەك بووە لەکاتی ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهاندا لەشاری سنە بەزمانی فارسی دەرچووە و گەلێك باسی سەبارەت بە کورد و کوردستان تێدا بڵاوکراوەتەوە.

**-ڕاوێژ:**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بووە، ساڵی ١٩٥٢ لەئێران لەلایەن کۆمەڵەیێکی سیاسی کوردییەوە دەرچووەو تەنیا یەك ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**-کوردستان:**

ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە، ژمارە (١)ی لە **"دەورەی دووەم"**ی ڕۆژی یەك شەممەی (٥)ی بانەمەڕی ساڵی (١٣٣٣)لەشاری **"تەوریز"** دەرچووە.

**-کوردستان:**

لەسەری نووسراوە **"لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ"** ژمارە (١)ی ساڵی (١)ی لە **"ڕێبەندانی ١٣٤٤"**بەرانبەر بە **"فیورییەی ١٩٦٦"** لەئەورووپا چاپ و بڵاوکراوەتەوە **"ناوی حزبی دیموکراتی کوردستان"**م وەك خاوەنی ڕۆژنامەکە لەسەر لاپەڕەکانی نەکەوتۆتە بەرچاو، بەڵام نووسینەکانی بەشێکن لە ئەدەبیاتی حزبی ناوبراو.

**-ڕۆژ:**

ئۆرگانی لقی (٣)حزبی دیموکراتی کوردستان بووە و ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٦٧ لەکوردستانی ڕۆژهەڵات **"ئێران"**دا دەرچووە.

**-ڕێگای یەکێتی:**

مانگنامەیەکی سیاسی بووە، لەلایەن کۆمەڵەیێکی سیاسی پێشکەوتنخوازی ئێرانەوە لەمانگی نیسانی ١٩٧١ ژمارە (١) بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و بلووچی و ئازەری دەرچووەو تاساڵی ١٩٧٣بەردەوام بووە، بەڵام هەندێك ژمارەی تەنیا بە زمانی کوردی و فارسی و تورکی و ئازەری دەرچووە.

**-شۆڕش:**

ڕۆژنامەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٧ پێش ئینقلاب دەرچووە و ژمارە (٢)ش لەڕۆژانی ئینقلابدا بڵاوبۆتەوە، ماوەیەك وەستا و لەساڵی (٢٠٠١) دەستی بەدەرچوون کردۆتەوە.

**-نووسەری چیا:**

گۆڤارێکی ئەدەبی هونەری بووەو دەستەیەك لەئەدیب و نووسەران لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەکانی ڕابردوو ژمارە (١)یان لێ بڵاوکردۆتەوە، ئێمە هەر ئەم ژمارەیەمان لێ بینیوە و دەڵێن چوار ژمارەی لێ دەرچووە.

**-پێشەنگ:**

گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەری کرێکاری بووە، لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەدەرچوون کرد، نزیکەی (١٠) ساڵ ناوە ناوە ژمارەیێکی لێ دەردەچوو.

**-پێشڕەو:**

گۆڤاری سازمانی کۆمەڵەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بووە، ژمارە (١) لەساڵی (١٣٦٢)ی هەتاوی دەرچووە و پاش ماوەیەك بووە بە **"شێوە"** ڕۆژنامەو ئێستاش لە دەرچوون بەردەوامە.

**-ئەصحابی ئینقلاب:**

گۆڤارێك بووە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەزمانی فارسی و کوردی دەریدەکرد، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتەوە.

**-پێشمەرگە:**

گۆڤارێك بووە دەزگای ڕاگەیاندنی بارەگای ڕەمەزان دەریکردووە، ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە.

**-٢٦ی سەرماوەز:**

گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی بووە، لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە دەرچووە و ژمارە (١٩)ی (دەورەی دووەم)ی لە بانەمەڕی ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە و ژمارە (١)ی دەورەی یەکەمی لەپاییزی ساڵی (١٩٨٤) وەك گۆڤارێکی هەواڵ و ڕێنووێنی تایبەت بە پێشمەرگە و کادری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەرچووە.

**-بێستان:**

گۆڤارێکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی بووە، ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٩١ لەلایەن ڕێکخراوی **"خەباتی شۆڕشگێڕ"**ەوە دەرچووە.

**-ڕوانگەی لاوان:**

ئۆرگانی لاوانی دیموکراتی کوردستانە، ژمارە (١)ی لەساڵی (١٩٨٩) دەرچووە، واتە لاوانی سەر بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕو (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە.

**-لاوان:**

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانە، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٨١) دەرچووە، ئەوەی بینیومانە ژمارە (٤٧)ی مانگی تەمموز و ئابی ١٩٩٢-ەو دەڵێن (٥٦) ژمارەی لێدەرچووە.

**-یەکێتی:**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستانە، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) بڵاوکراوەتەوە.

**-یەکسانی:**

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانە، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) بڵاوکراوەتەوە.

**-سپێدە:**

گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بووە، ژمارە (١)ی لەهاوینی ساڵی ١٩٩٢ دا لەتاران دەرچووە.

## ئەنجام

مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەکوردستانی ڕۆژهەڵات "ئێران" بەشێکی دیار و پرشنگداری مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییە بەتایبەتی لەڕۆژگاری کۆماری کوردستاندا، بابەتەکەی بەڕێز **"ئەحمەدی قازی"** بریتییە لەباسکردنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو پارچەی کوردستاندا لەماوەی سەدەی بیستدا، بەهەق ماندووبوونێکی زۆری تێدابینیوە تا ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەیەی ریزبەندکردووەو لێی دواوە، بەڵام دیارە کارێکی لەو شێوەیە کەم و کوڕی هەر تێدەکەوێت، ئەو باسەی ئێمەش هەوڵێکە بۆ باشتر دەوڵەمەندکردنی بابەتی ناوبراو کە حەتمەن ئێمەش هەموو ڕاستییەکانمان نەپێکاوەوە پەیمان بەهەموو مێژووەکە نەبردووە، بەڵام هیوادارین سەرەتایەکی شیاوی ئەو مێژووەمان خستبێتەروو تا بتوانرێت وەك دەستپێکی پرۆژەیەك بۆ نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئاماژەمان بەسەرەداوەکان کردبێت[11].

## پەراوێزەکان:

١.احمد قازی، ژورنالیسم کردی در کردستان ایران در قرن بیستم، ویژەنامە دویستمین شمارە مجلە **"سروە"** رەشەمە ١٣٨١ ص٢٨.

٢.هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٩.

٣.کەمال مەزهەر ئەحمەد **"دکتۆر"** تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨ ل٢٣٢.

٤.نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، بەرگی دووەم، لەچاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٢ ل٢٣.

٥.جەمال نەبەز **"دکتۆر"**، گۆڤاری نیشتمان، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی چاپەمەنی ئازاد-سوێد ١٩٨٥ ل٥٧.

٦.هیمداد حوسێن **"دکتۆر"**، ڕۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢ ل١٦٣.

٨.هیمداد حوسێن **"دکتۆر"** گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، لەبڵاوکراوەکانی ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر ٢٠٠٢ ل ٤١.

٩.سەیری پەراوێزەکانی ژمارە (٣) لاپەڕە ٢٣٩و ژمارە (٧) لاپەڕە ١١٩ بکە.

١٠.سەیری پەراوێزی ژمارە (٧) لاپەڕە (٩٦) بکە.

١١.بۆ سوودی زیاتر و زانیاری دیکە دەتوانرێت سەیری بابەتی **"ڕۆژنامەنووسی کوردی لەچیا"** لەنووسین و ئامادەکردی "س.ماکوان" بکرێ کە لەماڵپەڕی **(www.dimana.com)** بڵاوکراوەتەوەو من ڕۆژی (٢٠٠٣/١٠/٢٠) دانەیەکم لێ خستۆتە سەر کاغەز.

# دیسان "ئازادی"



**ئازاد عوبێدساڵح**

(سکرتێری نوسین)* لەگۆڤاری ڕۆژنامەڤانی بەوتاری (**ڕۆژنامە یان گۆڤاری ئازادی...؟**)[1] و دواتر بەڕێز جەلال دەباغ (**ڕاستکردنەوەیەك لەبواری ڕۆژنامەوانیدا**)[2] و بەڕێز عەبدوڵلاٚ خالید (**بەپێی ئەم بەڵگەنامانەش "ئازادی-ڕێگای کوردستان- لە ساڵی ١٩٤٥ دەرنەچووە!**)[3] و وەلاٚمی بەڕێز جەلال دەباغ بەناوی (**بەڵگەنامەکان دێنە زمان**)[4] و ...هتد لەسەر لاپەڕەکانی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، سەبارەت بەساخکردنەوەی ساڵی دەرچوونی ئازادی.

لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکی بێ قەوارەی سیاسییە و بەبەردەوامی ڕاونراوە، ژیانی ئارام و سەقامگیری نەبووە، بۆیە بواری نەبووە وەکو پێویست خەرمانی ڕۆشنبیری خۆی بپارێزێت، ئەمەش وای کردووە زۆر بەزەحمەت تەواوی ژمارەکانی یەك بلاٚوکراوەو گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی، بەر لەچارەکە سەدەت دەست بکەوێت.

لەم ڕووەوە زۆر ئاساییە دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارێك بەهۆی لەبەردەست نەبوونی ئەو بلاٚوکراوانە خۆیان، ببێتە جێی مشتومڕی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران تەنانەت سیاسەتمەدارانیش، لەوانەش ڕۆژنامەی **"ئازادی"**.

ئەمە جگە لە کەمتەرخەمی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداران خۆشیان لەنووسینەوەی بیرەوەرییەکان، بۆیە جێی خۆیەتی داوا لەو بەڕێزانە بکەین کە تەمەنێکیان گوزەراندووە، دەستە چیلەی خۆیان بخەنە سەر خەرمانی ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان و لەو بوارانەی کاریان کردووە، زانیارییەکانیان تۆمار بکەن، بەراستی خزمەتی گەورە بەمێژووی نەتەوەکەمان دەکەن، وەك شاهێدی زیندووی ڕووداوەکان...لەم ڕووەوە دەست خۆشی لەبرای بەڕێزم کاك عەبدوڵلاٚ زەنگەنە دەکەم کەبەردەوام چ بەنووسین و چ لە دیدەنی ڕووبەڕوودا، داوا لەوانە دەکات، بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە.

لەژمارە (٣)ی گۆڤاری **"ڕۆژنامەنووس"**دا وتارێکی بەڕێز فەتاح تۆفیق، **"مەلا حەسەن"** لەژێر سەرناوی **"ڕۆڵی ڕۆژنامەی ئازادی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا"** بلاٚوکرابۆوە، لەگەڵ وتارەکەدا کاك عەبدوڵلاٚ زەنگەنەش، پێشەکییەکی بۆ نووسیووە، تێیدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە ڕۆژنامەی **"ئازادی"** لەساڵی ١٩٤٤دەرچووە، نەك ١٩٤٥ وەك بەڕێز مەلا حەسەن دیاردی بۆ کردووە[5].

وەك کاك عەبدوڵلاٚش دیاردی بۆ کردووە، ژمارەیەك نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس قسەیان لێ کردووە، بەلاٚم مامۆستا مەلا حەسەن هێشتا هەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە **"یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لەمانگی گوڵان/نیسانی ١٩٤٥ دەرچووە"**[6].

جا بۆ زیاتر پشتگیریکردنی بۆچوونەکانی کاك عەبدوڵلاٚ، وا لێرەدا جارێکی دیکە بەهەندێ بەڵگەی دیکەوە هەموو لایەك لەدروستی ساڵی دەرچوونی

یەکەم ژمارەی ئازادی لە نیسانی ١٩٤٤ پشت ڕاست دەکەینەوە...

سەرەتا بە بیروبۆچوونی سەردەستەی نووسەرانی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، جەبار جەباری دەست پێدەکەین کە لەکتێبی **"تأریخ الصحافه الکردیه فی العراق"** دا دەڵێت: (٢- ڕۆژنامەی ئازادی، ڕۆژنامەیەکی کوردی نهێنییە لقی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەساڵی ١٩٤٤ لەشاری هەولێر دەری کردووە...")[٧].

بەندەش لەنامەی ماستەرەکەمدا بەناوی **"کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لەکوردستانی خوارووی ١٩٦١-١٩٧٥"** لەژێر سەرناوی **"ڕاگەیاندنی پارتی کۆمۆنیستی عێراق"**، لەپەراوێزی لاپەڕە (٧٦)دا نووسیوومە:

(ژمارە (١)ی ئازادی بەئاشکرا لە ١ی ئایاری ١٩٥٩ لەبەغدا دەرچووە.

-سەبارەت بە دەرچوونی ژمارە (١)ی نهێنی ئازادی لەنیسانی ١٩٤٤، بڕوانە:د.خلیل جندی، حرکة التحرر الوطني الکردستاني في کردستان الجنوبي، ١٩٣٩-١٩٦٨، ل ٢٤٤، کە ئاماژە بەخودی ژمارە (١)ی ڕۆژنامەکەی لەئەرشیفی ئەکادیمیای کوردەوانیی لەبەرلینی خۆرئاوادا کردووە[٨].)

(صلاح الخرسان)ی نووسەریش لە کتێبەکەی بەناوی **"صفحات من تأریخ العراق السیاسی الحدیث- الحرکات المارکسیة ١٩٢٠-١٩٩٠"**، لەژێر سەرناوی **"ڕۆژنامەوانیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق"** لەزنجیرە (٥)دا دیاردی بۆ ئازادی نیسانی ١٩٤٤-١٩٥٩ دەکات کە ڕۆژنامەیەکی نهێنی و پاشان بەئاشکرا دەرچووە[٩].

خوالێخۆشبوو د.شێرکۆ فەتحوللا عومەر-یش[١٠] لەنامەی دکتۆراکەیدا کە لە (ساڵی ١٩٨٣ لەبولگاریا و بەزمانی بولگاری نووسیوویەو عەلی شێخ مستەفا بۆ عەرەبی وەریگێڕاوە، بەناوی **"پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد لەعێراق ١٩٤٦-١٩٧٥"**)، دەڵێت: لقی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق نەخشێکی گەورەی لەبوژاندنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا بینیووە و ئەو لقە ڕۆژنامەی **"ئازادی"** دەرکرد، ژمارە یەکی لەساڵی ١٩٤٤ دەرچووە)[١١]. هەر لەهەمان سەرچاوەدا و لە لاپەڕەی سەرچاوەکاندا و لەزنجیرە (٢١٤)دا، دیاردی بۆ ڕۆژنامەی **"ئازادی"** ژمارە ١، ١٩٤٤، ئۆرگانی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەکات بە عەرەبی و ڕووسی[١٢]، دیارە د.شێرکۆ فەتحوللاش پشتی بەو سەرچاوانە بەستووە کەلەوێ واتە لە بولگاریا دەستی کەوتوون کە ڕەنگە ئەو ژمارەیەی ئازادی لەوێش هەبێت..!!

ئیدی وابزانم لەو بەڵگانە ڕوونتر هەر ئەوەیە خودی ژمارەکە ببینین ئەگینا، چ دوودڵییەك لەئارادا نەماوە کە ڕۆژنامەی **"ئازادی"** لەنیسانی ١٩٤٤دا دەرچووە[١٣].

## پەراوێزەکان:

ئیمزای عەبدوڵڵا زەنگەنە بووە.

١.عەبدوڵڵا زەنگەنە (سکرتێری نووسین)، ڕۆژنامە یان گۆڤاری ئازادی...؟، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار) ژمارە (٥)، ساڵی دووەم ٢٠٠١، ل ٢٠٤-٢٠٩.

٢.جەلال دەباغ، ڕاستکردنەوەیەك لەبواری ڕۆژنامەوانیدا، ڕێگای کوردستان، (ڕۆژنامە)، ژمارە (٥٠١) ساڵی (٥٧)، ٦ی ئایاری ٢٠٠٢، ل ٢.

٣. عەبدوڵڵا خالید، بەپێی ئەم بەڵگەنامانەش (ئازادی-ڕێگای کوردستان) لەساڵی ١٩٤٥ دەرنەچووە!، ڕێگای کوردستان (هەفتەنامە) ژمارە (٥٠٢)، ١٣ی ئایاری ٢٠٠٢، ل٢.

٤. جەلال دەباغ، بەڵگەنامەکان دێنە زمان...، ڕێگای کوردستان (هەفتەنامە) ژمارە (٥٠٣) ساڵی (٥٧)، ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٢، ل٢.

٥.فەتاح تۆفیق **"مەلا حەسەن"**، ڕۆڵی ڕۆژنامەی **"ئازادی"** لە ڕۆژنامەوانیی، کوردیدا، ڕۆژنامەنووس **"گۆڤار"**، ژمارە (٣)، ٢٠٠٥، ل ٢٤-٣٠.

٦.هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

٧.جەبار محمد جەباری، تأریخ الصحافة الکردیة في العراق، وزارة الاعلام، مدیریة الثقافة الکردیة، بغداد ١٩٧٥، ل٨٤.

٨.ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لەکوردستانی خوارووی ١٩٦١-١٩٧٥، نامەی ماستەر پێشکەشی بەشی مێژوو کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ٢٠٠٣، کراوە **"بلاّونەکراوەتەوە"** ل٧٦.

٩.صلاح الخرسان، صفحات من تأریخ العراق السیاسي الحدیث-الحرکات المارکسیة ١٩٢٠-١٩٩٠، مؤسسة المعارف للمطبوعات، بیروت-لبنان ٢٠٠١، ل٢٢٢.

١٠.د. شێرکۆ فەتحوللا عومەر لەساڵی ١٩٥١ لەکۆیە لەدایك بووە، بەشی کوردی لەبەغدا تەواو کردووە، لە ١٩٨٣ دکتۆرای لەبولگاریا وەرگرتووە و مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن دامەزراندووە و خۆشی سەرۆکی بووە، خەریکی کاری سیاسی و ڕۆشنبیری بووە.

لە ١٩٩٩/١/٧ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووەو لەکۆیە نێژراوە.

١١.د.شیرکو فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الکوردستاني وحرکة التحرر القومیة الکوردیة في العراق ١٩٤٦-١٩٧٥، وزارة الثقافة لاقلیم کوردستان-المدیریة العامة للطباعة والنشر، تسلسل/٢٤٨، السلیمانیة ٢٠٠٤، ل١٠٦.

١٢.هەمان سەرچاوە، ل٢٧٠.
١٣.پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە هاوینی رابردوو (٢٠٠٤) بەهۆی برادەرێکی بەرێزم بەناوی "نعمان کاکەحمەد مەعروف" کە هەنووکە لە ئەڵمانیا دەژی، داوام لێ کرد سۆراخی ئەو ژمارەیەی "ئازادی" بکات، ئەگەرچی هەوڵی باشیشی دابوو، بەلاّم دیاربوو هیچی دەستگیر نەبووبوو، سوپاسی دەکەم.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرنووسەری رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان

# ( ١٢٨٢-١٣٥٨ هەتاوی )

ئەحمەدی شەریفی-مەهاباد

یادو بیرەوەری سەید مەحمەدی حەمیدی، بە فەرمایش و هاندانی رێزدار کاک نەوشیروان مستەفا، بوون بەهۆی نووسینی ئەم وتارە و یادێك لە رۆژنامەو گۆڤاری بێ سەرو شوێنی کوردستان.

خوالێخۆشبوو، حاجی مەلا سەید مەحمەدی حەمیدی، کوڕی سەید عوبەیدوللا، کوڕی سەید فەیزوللا کوڕی سەید شوکرولڵای پارسانیا، لەساڵی ١٢٨٢ی هەتاوی، لە گوندی داشالوجەی سەقز لە دایك بووە، ماوەیەکی پێش لەدایك بوونی بابی کۆچی دوایی دەکا و کۆرپەی ژێر و لێهاتووی داهاتووە، باوکی نابینێ و باوك و کوڕ، هەردوو لە دیداری یەکدی بێ بەهرە دەبن و دایکی باڵی وەسەر دەکێشێ و ناوی مەحمەدی بەسەردا دەبڕێ، بەلام چەرخی گەردوون فرە کەچکارە و حەمە لەشەش ساڵی دایکی ژین لەدەستدەدا و بێ کەس و دەرەتان دەمێنێتەوە، پوری یانی خوشکی باوکی پشت و داژداری و گلی دەدەنە لای خۆیان و مەلا حوسێنی ئیبنوعەباسی مێردی پووری، هەزاران سلاو و رەحمەتی لێبێ، وەك منالی خۆی چاوەدێری دەکا و دەیعاملێنێ و لەهەرەتی تایبەتدا دەینێرێتە لای مەلا عەولای بۆ فێربوونی زانستی سەردەم و دەبێتە فەقێ سەید مەحمەد.

لەچاخی گەنجی و فەقێیایەتیدا، زۆر دەرکان دەتەقێنێ و لە حوجرەی فێرگەکانی سەقز، بۆکان، حەمامیان، مەهاباد و پەسوێ دەخوێنێ و لەهەر لایێ شتێ فێردەبێ.

هەرەتی ئیجباری و سەربازی دێ و فەقێی کوردی سوننی دەبێ سەربازی بکا:

منالم گەورەکرد بەقەندی شاری
رەزاشا ئەیبا بە ئیجباری



سەید مەحمەدی حەمیدی

فەقێ مەحمەدی باوك مردگی بێ دەرەتان، پەنا دەبا بۆ ماڵی مەلا مەحمەدی بۆری، باوکی هەژار لە مەهاباد. هەتا یارمەتیدا و لەئیجباری رزگاری کا. مام هەژاری رەحمەتی دەنووسێ:

جارێکیان کە بۆ سەردان هاتبوومە ماڵ، مەلایەکی جحێڵ میوانمان بوو، لەترسی سەربازی لە لای ئێمە خۆی شاردبۆوەو بابم بەهۆی دۆستان حەولی بۆدا، پێناسەکەیان بۆ گۆڕی و لەسەربازی خۆی دزییەوە، لە بەرانبەر ئەو بە بابمی گوت عەبدورەحمان بدەدەست من پێی بخوێنم، ئەو بۆخشی کە ناوی سەید مەحمەد بوو، موستەعید بو، دەرسی لای مەلای گەورە دەخوێند. دەگەڵ ئەو چوومە پەسوێ. (چێشتی مجیور ل٢٢).

فەقێ مەحمەد، بە قەولی هەژاری رەحمەتی ، موستەعید، پاشان دەگەڕێتەوە مەهاباد و لەمزگەوتی بازاڕی لای زانای پایەبەرز مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی، دەبێتە هاودەرسی هەژار.

مام هەژار سەید مەحمەد بە زۆر زانا "چێشتی مجێور. ل٢٥" ناو دەبا و سەرەنجام لە لای مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێ.

دیارە ئەو کات، بەپێی باروزروف، هەموو مەلایەك، کە تەنیا چینی خوێندەواری بەشێکی زۆری کوردستان بوون، سەریان لە سیاسەت و کوردایەتی دەخورا، مەلا مەحمەد لەدەورانی فەقێیایەتیدا، لەگەڵ بیرو بۆچوونی ژ.ك ئاشنا دەبێ و کاتێ لە ڕێبەندانی ١٣٢٤دا، کۆماری کوردستان چێ دەبێ، مەلا سەید مەحمەد کوردی و فارسی و عەرەبی باشزان، دەبێتە یەکێك لەکاربەدەستانی گرینگی کۆمار، کەبەداخەوە هەتا ئێستا ئاوڕێکی ئەوتۆ و زانستی شیاوێ لێهاتوویی وەلا نەدراوە.یەك دوو ساڵ لەمەوبەر، ئێوارەیەك لەحەوشی کاك نەوشێروان مستەفا ئەمین، توێژەران، نووسەر و زانای گەورە، باس و خواسی کۆمار و هەڵسوڕێنەران و قەڵەم بەدەستانی ئەو کات وسەردەمی دەئارادابوو، کاك نەوشێروان، سەید مەحمەدی بە یەکێك لە باشترین نووسەرانی سەردەمی کۆماری مەهاباد دادەناو زۆری تاریف کرد، سەیدێکی کە ماوەیەکی زۆر لەمەهاباد ژیا بوو، بەڵام ئەز ناسیاوێکی ئەوتۆم دەبارەیدا نەبوو، کاك نەوشێروان فەرموویان حەتمەن وەپێ و شوێنی سەرگوزەشتەکەی کەوە.

عەرزم کرد قوربان ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی، لەکرماشان بووم، دۆستێکی مەهابادیم، کچێکی کۆنە مەهابادی کە لەسنە ژیابوو و لەسنەش گەورە ببوو، خواتسبوو. بۆ زەماوەند بانگی کردبووم و ئەمنیش لەگەڵ مێدیاخانی زەندی ژنی حەسەن زیرەك کە هاوکارم بوو و ئەویش هەر کۆنە مەهابادی بوو، چووینە سەر شایی لە سنەی، شەوێ بریاریدا، ئەمن لەماڵە سەیدێکی جیرانی باوکی بووکێ بنووم، لەگەڵ کەماڵ و جەماڵی کوڕی سەید چووینەوە ماڵێ و بەخزمەتی گەیشتم و کاتێ زانی لەبەشی کوردی رادیۆ کرماشان کاردەکەم زۆری پێ خۆشبوو، هێندێکمان سەبارەت بە زمانی کوردی قسە کرد، بەڵان ئەزبەنی، ئەوکات نەمدەزانی ئەو سەیدە پیرە نوورانییە، هەمان سەید مەحمەدی حەمیدی، بەڕێوەبەر و سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤاری کوردستانە.

کاك نەوشێروان هانی دام کە بکەومە پێی و شوێنی ژیان و بەسەرهاتی سەیدای هێژا.

جگە لەوەش کاك نەوشێروان لەکتێبی "حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٢٤–سەرماوەزی ١٣٢٥"دا، لەچەند جێ باسی سەید مەحمەدی حەمیدی دەکا:

رۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠، سەید مەحمەدی تەهازادە مەعاوینی حیزب، لەلایەن پێشەواوە قادری مودەریسی بەسەرۆکی چاپخانە، عەلی خوسرەوی بە مودیری داخلی چاپخانە و سەید مەحمەدی حەمیدی بە سەردەبیری رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان ناساند "حکومەتی کوردستان. ل١٥٤"

هەروا کاك نەوشێروان دەنووسێ: سەید مەحمەدی حەمیدی چالاکترین نووسەری رۆژنامەکە بوو، جگە لە چەندین سەروتار و لێدوانی سیاسی، لەسەر بابەتەکانی رۆژ، لە زنجیرە ڕیپۆرتاژێکی درێژی لەسەر "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان"و وەرگێڕاوی فارسی "کردان از بدو تاریخ تا سال ١٣٢٠"ی لەسەر مێژووی کۆنی کوردو وەرگێڕاوی کوردی "بەسەرهاتی ئارارات"ی لەرۆژنامەی "کوهستان"ی تاران و "زانایانی کورد"ی بڵاوکردۆتەوە. "حکومەتی کوردستان، نەوشێروان مستەفا ئەمین، ل١٥٨".

جگە لەوانەش بەگوێرەی توێژەوانی کاك نەوشێروان، سەید مەحمەد زنجیرە وتارێکی بەفارسی بەناوی "زبان و ادبیات کردی"یشی دە "کوردستان"دا بڵاوکردۆتەوە و لەزنجیرەی "زانایانی کورد"داباسی "ابن خلكان"یشی کردووە. "حکومەتی کوردستان، ل١٥٦".

لەماوەی ١١ مانگ تەمەنی کورت، بەڵام وەرجاوەندی کۆماری کوردستان، سەید مەحمەد بەڕێوەبەری و سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤاری کوردستانی لەسەر شانی بووە، وەك بۆخۆی لە لای کوڕەکانی فەرموبووی، جاری وابووە ١٨ سەعات کاری کردووە و خەریکی نووسین و وەرگێڕان و ئامادەکردنی وتارەیلی دووانە بووە.

کۆمار بەهێندێ هۆی دەرەکی و خۆیەتی هەرەس دێنێ، هۆگەلی دەرەکی دیارە، بۆنی نەوتی لێ دێ و سۆڤیەتی گوڕ بەگوڕ، هەموو هیواو ئارمانجی کورد دەدا بە تەنەکەیەك نەوت، "بەوەی دەڵێن لایەنگری لە گەلانی بن دەست". هۆگەلی خۆیی و ناوەکی، وەك خۆ بەدەستەوەدان و پشت لە کۆمارکردنی زۆربەی سەرۆك خێڵ و هۆزمەزنە کاربەدەستی کۆماری، کەبە

داخـەوە ئێستاش پیـاو نـاكرێ باسـی ئـەوان گـەورە كاربەدەستانی دوێنێ كۆمارو كاربەدەستانی ناوچەكە لەپاش نسكۆی كۆمار بكا، لەترسی تیر و شیر سووان و زۆر كـەس و بنەماڵـە، لەسـای كۆمـارێ كـە شـەلالی خوێن بوو، بوون بە خاوەن...، هێندێ بێ نەوای ئاگا لەهیچی وەك حەمیدی مازوچی رەسووی نەغـەدە و عـەولای روشـنفكران گـیران و شـەهید كـران، پـاش نسكۆی كۆمـار هێنـدێ دەگیرێـن و كورتـە ماوەیـەك زینـدانی دەكـرێن و نووسـەران و رووناكبیرانی وەك سەید مەحمـەدی حەمیـدی، هـەژار، هـێمن، قزلجـی و زەبیحـی دەربـەدەر و ئـاوارە دەبـن و سـەرگەردانی هەندەران دەبن و كاربەدەستانی پلە یەكی كۆمـاریش زۆربەیان دەبنەوە خانی خانان.

سـەید مەحمـەدی سەرنووسـەری ڕۆژنامـە و گۆڤـاری كوردستان، پەڕەوازەی خەلانێ دەبێ و دەبێت كاتب و میرزا بنووسی شێخ عەلائەدینی مالاوا، كـە دالـدەی چەند كەسی دیكە لە راكردووان دابوو.

كـاتێ پـاش ماوەیـەكی، ئـاو لـە ئاسـیاو دەكـەون و بـارودۆخ هـێمن دەبنـەوە، سـەید دەگەڕێتـەوە كۆنـە لاجانێ و پێش مەلای پێش نوێژی باوەڕمەندان، هەتا بوورین و عفووی سەرانسەری و گشتی دەردەكرێ و سەید دێتەوە مەهاباد و بەكۆمەك و یارمەتی دۆستان و ڕۆشنایان، لـە ئیدارەی "دوخانیـات" كـارێكی پـێ دەدرێ هەتا زگی زارۆیان پێ تێركا و نـانێكی نـەمر و نـەژیی بكەوێتـە سـەر خـوانی بـۆ منالـەیلی، پاشـان دۆستان و ئاشنایان حەوڵ و تەقەلای بۆ دەدەن و لـە ئیـداری "پیـت و احـوال" دادەمـەزرێ.ماوەیـەك لـە مەهاباد و بۆكان و سـەقز كـار دەكـا، بـەلام سـاواكی رژێمـی شـا بـەربێنگی پـێ دەگـرێ و بـە "عنـصری خگرنـاك"ی لەقەلـەم دەدا و سـەرگۆن و تەبیعیـدی "سولتان ئاوا"ی "ئەراك" دەكرێ.

ڕێزدار "سـادق وەزیـری" سـەرۆكی گـشتی "پیـت و احـوال"ی ئوسـتانی كوردسـتان، دەهانایـەوە دێ و رایەگوێزێتە شاری سنە بۆلای خۆی و هـەتا ئـاخرین رۆژیگـەلی ژیـانی لـە سنە دەژی سـەرەنجام لـە رۆژی ١٣٥٨/٢/٧ لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدا ماڵئاوایی لە گەل و نەتەوەیـەكی دەكـا و لەگۆڕسـتانی شـێخ مەحمـەدی باقری غیباسی، لە ناو شاری سنەدا، تەسـلیم بـەخاك دەكرێ.

وەك كوڕیلی ژێری سەیدی رەحمـەتی، كـاك كـەماڵ و جەماڵ ئاگاداریان كردم، خوالێخۆشبوو سەرنووسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری كوردستان، خاوەنی چەندین بەرهەم و نووسراوەیە، وەك "شەرعیات" بۆ پـۆلی سـەرەتایی منالان، كتێبێك سەبارەت بە عرفـان و تەسـەووف لـە كوردستان و چەندین شەرح و راڤە لـە سـەر كتـاویلی دیكـە و هـەروا، كتێبـی "نـور-الانـوار"ی سـەید "عەبدولـسەمەدی قـوودداری"*راسـتییەكەی ١١ "تـوودار"ییـە بـە خـەتی خـۆش و قەشـەنگی دەنووسێتەوە.

شایانی باسە كە "نور الانوار" كتێبێكی فارسییە سەبارەت بە مێژوو و گەورە پیاوانی هەورامان و كـاك "حەمـەی مەلاكـەری" بەشـێكی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی كـوردی و بـە نـاوی "چـەمكێكی مێـژووی هەورامان" چاپی كردووە. سەید مەحمەدی حەمیـدی پـاك رەوان لەسـەروتاری ژمـاری ١ی ڕۆژنامـەی كوردسـتان، كـە رۆژی پێنجـشەمووی ١٣٢٤/١٠/٢٠ بەرانبـەری ١١ی كـانوونی دووەمـی ١٩٤٦ وەشـاوە، لەژێر ناوی "ئامانجی ئێمە"دا دەنوسێ:

لـەم كاتـەدا كـە خـەڵكی كوردسـتان، لەهـەموو وەختێـك زیـاتر پێویـستی "بـە" فیـداكاری كوڕەكانییـەتی، لـەو ئانـەدا كـە هـەموو نەتـەوەكانی گێتی بۆ راگرتن، و بۆ وەدەسـتهێنانی سەربەسـتی و ئـازادی خۆیـان بـۆ وەدەس خـستنی وەسـاییلی پێشكەوتنی هاونیشتمانەكانیان دە تەقـەلادان، لـەو وەختـەدا كـە هـەموو نەتـەوەكانی عالـەم غـەیر ئـەز سەربەستی و گەورەیی نیشتمانەكەیان ئامانجێكیـان نییەو بەشەو بـەرۆژ بـۆ گەیشتن بـەم ئامانجـە هـەوڵ دەدەن ئێمە خەریكی چین؟ئامانجمان چییە؟.

پاش چەندین ساڵ دەربەدەری و سەركزی و بەندو تێهەڵدانی بێ ژمار و قوڕ بەسەری و هـەژاری، لـەپاش ئـەوەی بـە ئیـشارەی دوژمنـان بـەنێوی مـەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دیبوكری و گـەورك و گـەڵباغیو... كەوتبوونـە گیـان و مـاڵی یـەكتر و خـوێنی یـەكترمان دەمژی و دەڕشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتێكمان نەدەهاتـە بەرچـاو و هـەر خـەریك بـووین دووبەرەكی و تەفرەقە بخەینە نێـو یـەكتر، بـەكورتی پـاش ئـەوەی هـیچ وەختێـك لـە بـیری هاونیـشتمانی خۆماندا نەبووین و لە تەپووتۆزی زەمانـەدا بەغـەیری نەفعی خۆمان بیرێكمان نەبوو، و دوژمنەكانمان نەیان دەهێـشت بـەزمانی خۆمـان بخـوێنین و لـە تیـشكی زانستی دەورەی بیستەم بـێ بـەش كرابـووین، بـیری سەربەستی لە لامان خەیالی پووچ بوو، و ئەوانەش كە بیرێكیـان هـەبوو كـەم بـوون، بەتایبـەتی غـوولی

ئیستیبدادی رەزاخان بە جارێك پشتی ئێمەی شکاندبوو، پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان یا کوژران یا لە شیرزا و تاران و خۆراساندا بەند کران، لەو کاتەدا کە زیللەت و دەربەدەری بە نوقتەی ئاخری گەیشت، خودای بەرزهاتە سەر رەحم و بەزەیی بەئێمەداهات.

شەهریوەری ١٣٢٠ هاتە پێش، ئێمە لەزنجیەی دیلی رزگارمان بوو و دەستی بەستراومان کراوە، چاوی نووستوومان وەخەبەر هات، کۆمەڵێك لە لاوان کۆبوونەوە، دەستی برایەتی و یەکێتیان دا دەس یەك، دا تا حیزبی دیمۆکراتیان و بەوجود هێناو هەر بەرهەڵست و خاینێك کە لەناو کوردستاندا هەبوو لەنێویان هەڵگرت.

حیزبی دیمۆکرات لە ماوەیەکی کەمدا، توانی لکی خۆی لەتەواوی شارەکانی کوردستان ئێران بکاتەوە، ئێستا لەکوردستاندا، نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دیبوکری و ...و هەر پیتێکی کە بۆنی جودایی لێ بێ ناکوترێ، هەموو بەیەك دەنگ دەڵێن: ئێمە کوردین، کوردمان دەوێ، ئیمڕۆ سەرکزیمان بەسەر بڵێندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بەیەکیەتی گۆڕیوەتەوە. بۆ میللەت کار دەکەین و بەزمانی شیرینی کوردی دەخوێنین. ئەخلاقی خەراپمان گۆڕیوەتەوە بەئەخلاقی چاك...(حکومەتی کوردستان، نەوشێروان مستەفا ئەمین، ل٥٨–١٥٧).

خوێنەری هێژا بەهەزار داخ و دەرد و مەینەتەوە، بە دروستی نازانین چەند ژمارە رۆژنامە و گۆڤاری کوردستان وەشاون؟

رێزدار مەحموودی مەلا عزەت دەنووسێ: تا ئێستا لەسایەی خۆماندووکردنی چەند کەسێکی دڵسۆز، بەشێکی زۆری رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان نزیکەی ٦٦ ژمارە شۆنگیر کراوە، (جمهوریەتی کوردستان، ل٢٠٨ چاپی سلێمانی ٢٠٠١).

کاك نەوشێروان دەنووسێ: وەك دەڵێن بەهەموویەوە ١١٢ یا ١١٤ ژمارەی لێ دەرچووە (حکومەتی کوردستان. ل١٥٩).

عەبدولجەبار جەباری دەنووسێ: رۆژنامەی کوردستان ١١٣ ژمارەی لێ دەرچووە و گۆڤاری کوردستانیش ١٨ ژمارەی لێ وەشاوە، (مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی. ل١٤١–١٤٢، چاپی ١٩٧٠ کەرکووك).

کاك جەمال خەزنەداریش رۆژنامەکە بەهەمان ١١٣ ژمارەو گۆڤارەکە بە ١٦ ژمارە دەقەبڵێنێ (رابەری رۆژنامەگەریی کوردی. ل٥٠–٥٢ چاپی ١٩٧٥ بەغدا)*راستتر ساڵی١٩٧٣ "رۆژنامەنووس".

ئەگەرچی هێژا مەحموودی مەلا عزت دەنووسێ ٦٦ ژمارە رۆژنامەی کوردستان وەشاوە، بەڵان بۆ خۆی لەلاپەڕەی ٢٣٩دا دیاردە بۆ ژمارەی ٦٩ و لەلاپەڕی ٢٤٣دا، دیاردە بۆ ژمارە ٧٦و لەلاپەڕەی ٢٤٤دا ئاماژە بە ژمارەی ٨٥ی رۆژنامەی کوردستان دەکاو سەبارەت بە گۆڤاری کوردستان پێیان وایە تەنێ ٤ ژمارەی لێ دەرچووە(ل٢٦٧).

خوێنەری هێژا، یادوبیرەوەرییەکانی سەید مەحمەدی حەمیدی، بەفرمایش و هاندانی رێزدار کاك نەوشێروان، بوون بەهۆی نووسینی ئەم وتارە یادەك رۆژنامەو گۆڤاری بێ سەرو شوێنی کوردستان، بەڵام سەیرە، کە زۆربەی بەرێزانی پایەبڵند و بەرزی کۆماری کوردستان، پاشان بوونە گەورە کاربەدەستی شارەکانی هەرێمی جوغرافیای کۆمار و تەنانەت دەرەکیش و لەسایەی خوێنی شەهیدان بوون بە خاوەنی...، بەڵام هیچ کامیان نەکارین دەورەیەك رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان لەلای خۆیان راگرن و گریمانی کەسەیلی وەك کاك نەوشێروان و مەحموودی مەلا عزت و کەسەیلی وەك منی رەبەنی پێ چارەبکەن.

با ئەوەش ژیبێژم کە شادرەوان سەید مەحمەدی حەمیدی لەشاری سنە، دۆستایەتێکی نزیکی لەگەڵ کەسیەتێکانی وەك "پردیس مەکۆ"(1) و "ئایەتوڵڵا مەردوخ"و "ئۆستاد حەمەدی کوردستانی" و "مەلا سەبار"و "ئەحمەدی موفتی زادە" زانای پڕ بەناوبانگ "مەلا سدیقی موجتەهیدی"و "مەلا حسامەددین موجتەهیدی"، "شێخ نیزامەددینی غەیاسی"و جەنەت مەکان "بابامەردوخی کوردستان"دا هەبوو.

سەید مەحمەد یەکێك لەو کەسگەلە بوو کە دە کۆماری کوردستاندا، فرە رەنجی دی، بەڵام جگە لە کاك نەوشێروان مستەفا، کەس یادێکی ئەوتۆی لێ نەکردووە هەتا ئێستا.

٣٠/٣/١٣٨٢ی هەتاوی.

١.پردیس وشەیەکی ئاوێستاییە بەمانای بەهەشت، لە دەورانی ساسانی، بە چیای بێستونیان گوتووە پردیس یانی وەك بەهەشت، وا باشە لە کوردی دا، لە جیاتی "پارك" بەکاری بەرین (ئە.ش).

# رۆلێ گوڤارا روژکرد
# د پێشڤەبرنا هویرایا نەتەوەیی یا کوردیدا

**نڤێسین:هوگر تاهر**
**وەرگێران: موحسین عەبدولڕەحمان**

**رۆژی کورد ۱۹۱۳:**

کومەلا هیوا یا کوردی ل ستانبولێ بدەر ئێخستنا گوڤاران رۆژی کورد رابوو، دا ببیتە ئورگانا وێ ل سالا ۱۹۱۳ێ، و ئەو گوڤارەکا هەیڤانەبوو، و بزمانێ ترکی و کوردی و ب(۳۲) لاپەران دەردچوو، وتنێ چوار ژمارە ژی دەرئێخستبوون، و "**عەبدولکەریم سولەیمانی**" خودانێ سەربشکی وریڤەبەرێ بەرپرس بوو، و ل چەندین چاپخانەیا و ژوان چاپخانا "**الحقوق-الاجتهاد محمودبك-الكتاب المصور**" چاپ ببوو.

گوڤارێ سەمتەکا نەتەوەیی -**رەوشنبیری**- روناکبیری هەبوو، زێدەباری وێ هەلویستێ خۆیی نەرێ ژ سیاسەتی دیارکربوو و ژ دەستپێشخەرێن نەتەوەیی ێن دەستپێکی ل گوڤارێ دیاردبن، ئەو ژی ناڤێ وێیە -**رۆژی کورد**- و دبیت خودانێن وێ ئەڤ ناڤە هەلبژاردبیت، دەمێ هندەك بەرفرەهیا سیاسی ژلایی حوکمەتا ئوسمانی ڤەدیتی، ودهوندر کومەلا هیوادا ئەوان کارکرن ژ بۆ نەتەوا کورد ب ستوخوڤەگرت، کورد شیان دەربرینێ ژهندەك بوچوونێن خۆ بکەن. وکارێ دیێ سەمتا نەتەوەیێ ڤێ گوڤارێ دیاردکەت، ئەو وێنەیێن دچوار ژمارێن خۆدا بلاڤکرین، دهەر ژمارەکێدا وێنەیەك لسەر بەرگێ خویێ دەرڤە بەلاڤکریە، لسەر بەرگێ ژمارەئێك وێنەکێ سەرکردێ کوردێ موسلمانێ ناڤدار "**سەلاحەددینێ ئەیوبی**" بەلاڤکریە، و لسەر بەرگێ ژمارە دوو وێنەیێ سەرکردێ کورد "**کەریم خانێ زەند**" ئەوێ خێزانا وی دنێڤبەرا سالێن (۱۷۵۳-۱۷۹٤ن) فەرمانرەوایی ل ئیرانێ کری، ولسەر بەرگێ ژمارە سێ وێنەکێ کورێ میر بەدرخانی "**حوسەین کەنعان پاشای ۱۸۵۹-۱۹۱۳**"بەلاڤکر، ولسەر بەرگێ ژمارە چوار وێنەکێ باژێرێ کوردی ئەرزەرومێ چاپکریە.

بڤان وێنەیان ڤیا کوردان ب جڤاکێ ئوسمانی بدنە نیاسین هەروەسا ئەوێن گرنگیێ ب کوردان ددەن، کو کوردان مێژوویەکا درێژ و دێرین هەیە، و ئەگەر بشێوەکێ سەربەخۆ نەهاتبیتە نڤێسین و ئەو سەرکردە ژ کوردانن، وئەڤا بارێ کوردان گەهشتیێ ژ ئەگەرا بارودووخێن جڤاکی و ئابووری و سیاسی نە، ئەوێن بسەرواندا هاتین و ژملەتێن دی ێن دەڤەرێ پاشڤەمایتر لێکری، و مەبەستا رۆژی کورد ژ بەلاڤکرنا وێنەیێ باژێرێ کوردی ئەرزەرومێ ئاماژەکرنەکا ئاشکرایە، کو کوردان شیائێن باژێرڤانیێ هەنە و ئەڤ باژێرە ژ ئاڤاکرنا دەستێن وانە، ولسەروێ چەندێ دیدەڤانە.

ناڤەروکا رۆژی کورد گەلەك هزر و مەسەلێن لدور کوردان ڤەکولاین هەڤپێچ بویە، ژوان:

**نەتەوا کورد:**

گۆڤارا رۆژی کورد چەندین گوتار وبابەتێن نڤێسەران بەلاڤکرینە کوتێدا بوچوونێن خو دیارکرینە

لدور نەتەوا كورد، و دنێڤبەرا خودا گەنگەشە لدور ئادێشە و ئەگەر و رێكێن چارەسەركرنا وان كرینە.

سەرگوتارا ژمارە ئێك[1] **"ئارمانجێن رێكێ"**[2] ئەوا كارگێریا گوڤارێ نڤێسی، كو ناڤێ كورد تشتەكێ ژ بیركری بوو، ونەڤی ێن ڤی گەلی ئەڤر و لـژێر سەنگ و گرانیا ژ بیركرنێ دژین، ژ ئەركێن دەستپێكی ێن رۆژی كورد دانیاسین ب دوزا نەتەوەیی یا كوردیـیە، ولێگەریان لـرهێن ئارێشەیان ودێتەڤەیا چارەسەرێن سەركەڤتی و دشیاندا.[3]

عەبدوللا جەودەت ب بەرچاڤترین وان نڤێسەرانەیێن لدور پیاڤ و ئاسو و ئارێشێن كوردان نڤێسی دهێتە هژمارتن، د گوتارا خودا **"گوتار"** ئاخافتنا خۆ ئاراستەی گەلێ كورد دكەت، كو هەر گەل ل كەسایەتیێن خۆ دگەریت، داخۆ لناڤ گەلێن دی دیار بكەت، ونها چ لدور كوردان؟ و گەلێ كەسایەتی نەبیت، ئەڤجا ناڤێ وی نابیت، و دگوتارا خودا عەبدوللا جەودەت چەندین پرسیاران ئاراستەی گەنجێن كوردان دكەت، كو گەل دپێشڤەچوون و پێشكەڤتنا خودا متمانێ لسەر هێزا گەنجێن خۆ دكەت، وگەنجێن كوردان هاندەدەت و ژێ دپرسیت: هەوە چ دڤێت؟ تنێ ددەولەتا ئۆسمانیدا نەتەوەیەكا مری بن، یانژی نەتەوەكا زیندی و نوی كەر بن؟[4]، دڤێ گوتارێ دا عەبدوللا جەودەتی دوو هزر ئارزاندینە، یائێكێ ژ كوردان داخوازكریە لخۆ بگەرن وژ نەتەوێن دی خۆ جودابكەن، تاكو كەسایەتیا خۆ یا تایبەت و سەربەخو هەوە هەبیت و ئەگەر دناڤ دەولەتا ئۆسمانی دابن، و یا دوویی گرنگی پێدان ب گەنجێن گەلە، چونكە پەراوێز و تێگەهێن نەتەوایەتیێ دەستنیشان دكەن، و گوتارەكادی عەبدولا جەودەتی ب **"رێكا یەكبوونێ"** ناڤكربوو، بشێوەكێ نەراستەوخۆ داخوازیا حوكمێ نەمەلبەندی ددەولەتا ئوسمانیدا كر، و دانپێدانا مللەتێن وێ بهەڤدو وپێكڤە ژیان، ودیاركر كو مەزنترین پێكڤە گریدانا مللەتێن ددەولەتا ئوسمانیدا ئەوە هەر ئێكێ كەسایەتیا خو یاسەربەخۆ هەبیت، بۆ نموونە كوردان دڤێت زمان و مێژوویا خۆ بنڤێسن و بشێوەكێ چێتر د كەساتیا خۆ بگەهن، و نموونەیا دەولەتا سویسرا دئینیت و چاوا ئەو دئێكگرتنێ دا سەركەڤتن پشتی هەر نەتەوەكێ دانپێدان ب یادی كری[5].

دشێن بێژین عەبدوللا جەودەتی داخوازكریە كورد بخۆ حوكمێ لخۆ بكەن پشتی بەرپرسێن تركان دهەر پێشخستنەكێدا لدەڤەرێ داكەڤتین، و ئەڤە باشترین رێكە دحوكمێ دا ژ بۆ پێشڤەچوونا كوردان، ئەڤە یا ئێكێ ویا دوویێ ژ بۆ بهێز ئێخستنا دەولەتا ئوسمانی.

گوتارێن سالیح بەدرخانی درۆژی كورد دا جهەكێ بەرچاڤ پڕدكر، و نڤێسینێن وی بئاشكرایێ و تەڤایێ لدور بارێ كوردان یێ نها دسەر پشك بوون، زێدەبای گوتارێن وی ژ گەرما دلینی یا نەتەوەیی دپڕبوون، وداخباری و ئێشانا نڤێسەری ژوان كارەسات و مەرگەساتێن بسەری مللەتێ وی هاتین دیار دكر، و مەترسیا خۆ دیاركر كو ئەڤ كارەساتە لپاشەرۆژێ دژوارتر لێ بهێن. دگوتارا خۆدا **"هوشیار بن"** كو نها كورد دقوناغا خەوێ دا دەرباز دبن، و ئەگەر هوسامان دێ ژ هەبوونێ هێنە ژناڤبرن، و د زێدەدكەت یێ كورد چەند پێ نەخوشە دەمێ ناڤێ نەتەوەو مللەتان دهێت و كەس ناڤێ وان نائینیت، ئەو ژی ژ نەزانینا وانە دكارگێری و سیاسەتێدا. و خودانێ گوتارێ لدوماهیا پەیڤینا خۆ داخوازیێ ژ كوردان دكەت، كاربكەن ژ بو دەرئێخستنا رۆژنامەو گوڤاران و نڤێسینا مێژوویا كوردی وەكو كۆمەلا هیوا و رۆژی كورد نها دكەن[6].

سالیح بەدرخان د گوتارا خودا **"خامەبەری شوری"** ب دلینیەیەكا بهێز لدور مللەتێ خۆ پەیڤیە و دبێژیت، باوەرناكەم مرۆڤەكێ خودان ئەرناڤ **"چمیر"** بیت و نها بوحالێ كوردان نەئێشیت، ئەو ژ سادەترین ماڤێ ژیانێ ێ زۆر بەهری، بەلكو ئەڤ مللەتێ هژمارا وی دگەهتە نەه ملیۆن –وەك دبێژیت– نها یێ ددەمێ سەكەراتێ را دبوریت، ئەو وەكو كەرِ ولالێ زیان گەهشتیێ و نەشێت بەرەڤانیێ ژ خوبكەت، لێ سالیح بەدرخان پاشی هەولددە وریا لجەم ڤێ نەتەوێ بلند بكەت، و پێدەڤیە ئەو بخو كاربكەت، چونكە ژبلی وێ كەسی وێ قورتال ناكەت، و پێدەڤییە سەرژنوی رابیتەڤە، و متمانەیا ڤێ رابوونە ڤەیی ب پلە ئێك لسەر گەنجێن كوردانە، و گوتارێ بدوماهی دئینیت بگوتنا: **"ئەم نامرین، و كەس نەشێت مەبگوژیت و ژناڤببەت...لێ تۆ ئەی روناهیت گەنجێن نەتەوەیا من...تۆ نوحێ مەیێ قورتالكەری، نەتەوەیا نەخۆش و سێوی ب وەریا و زەبرا تە دێ ژ لێهەشتا نەزانینێ قورتالبیت، و لسەر دەستێ تە بێگومان دێ بەرەڤ كنارێ تەناهی و سەركەڤتنێ گەهینێ"**[7]. و نڤێسەرێ

گوتاریَ دیتیَیَه کوییَ بشیَت ڤی گەلی ژخەو پاشڤەمانیَ سەرژنوی راکەتەڤە ئەو گەنجن، لەورا سالیح بەدرخانی گوتارا خۆیا سییَ هەمی لدور گەنجیَن کورد نڤیَسییە، ب ناڤیَ **"ریَزگرتنا گەنجان"** و تیَدا بو سەرکردیَن کوردان پیَشنیار کریە، کو ریَزیَ ل گەنجان بگرن هەر وەسا باوەرِییَ بشیانیَن وان بینن، چونکە ڤان گەنجان دوزا کوردی ژ نەبوونیَ بەر ب هەبوونیَ ڤەگوهاستییە، و سەرکەڤتنا وان گەنجان –مەبەست پیَ کومەلا هیوایە– د ئەڤیَ کاریَ خۆدا بەرهەمیَ وان دیَ بۆ هەمی گەلیَ کورد بیت، و ئەگەر سەرنەکەڤتن، هەر ب کیَمی ئەو هەولدانەك بوو، و کورد ژ نها پتر د زیان بەخش نابن[٨]. د هوندر گوتاریَن خۆدا سالیح بەدرخانی پروگرامەك ژ بۆ رابوونەڤیا نەتەوەیا کورد داریَشتییە، لدەستپیَکی دیارکریە کو گەلیَ کورد گەلیَکی پاشڤەمایە و لسەر مەیە ئەم دانپیَدانیَ پیَ بکەین، و یادوویيَ بلا کورد د چاڤەرییَ هاریکارییَ ژ کەرسیَ نەبن دا وان ژڤی باریَ پاشەمای قورتالبکەت، بەلکو پیَدڤییە د رژد و بەردەوام بن لسەر کارکرنیَ، و یا دووماهییَ بیاڤ بۆ گەنجیَن کورد بهیَتەدان، هەر ب کیَمی دڤیَ قۆناغیَدا چونکە وان بخوە کومەلا هیوا دامەزراندییە، د هەولەکیَدا ژبو راکرنەڤیا نەتەوەیی و داخواز ژسەرکردیَن کوردان و پیر و مەزنە کەساتییَن وان کر کو پشتەڤانیَن وان گەنجان بن.

**"خەلیل خیالیَ"**[٩] ژی ژوانە یَن گوتار و هزریَن خۆ لسەر لاپەریَن رۆژی کورد بەلاڤکرین ئەویَن دگرنگیَدا ژ یَن پیَشییَ نەکیَمتر، و دگوتارا خۆدا **"دەرد و دەرمان"** ئەوژی دانپیَدانیَ ب نەزانین و پاشڤەمانا کوردان هەر بکیَمی دڤیَ قۆناغیَدا دکەت، و زیَدەدکەت کو چ مللەت ژ شاشییا دپاراستنیَ نینن و ئەگەر مە پیَشکەڤتن دڤیَت، لدەستپیَکیَ پیَدڤییە دانپیَدانیَ ب پاشڤەمانا کوردان بکەین، بەلیَ پیَدڤی لیَگەریانیَ یە لدور رهیَن ڤی پاشڤەمانیَ و نەهیَلانا ئەگەریَن ویَ و لگەل ڤیَ پیَدڤییە بیَ ئومیَد نەبین[١٠]. و دچەندین گوتاراندا خەلیلیَ خیالیَ رەخنەی ئاراستەی سەروك و سەرکردیَن کوردان دکەت، کو ب پلە ئیَك کاریَ راکرنەڤەیا گەلیَ کورد دکەڤیتە سەرملیَ وان، چونکە ئەو روی و نوینەریَن ڤی گەلیَ نە وشیانیَن مەزن ددەستدانە، د گوتارا خۆدا **"زمان"** ژ سەرکردیَن کوردان پرِس دکەت، جهیَ کوردان دناڤ مللەتاندا چییە، ئەوی پیَدڤی بوو سەرکردیَن کوردان بۆ بەرهەڤ کربا؟[١١]. و خەلیلیَ خیالیَ د گوتارا خۆ یادیدا **"بەدبەختتی و زرِ بەهری یا کوردان"** بهەمان شیَوە لسەر رەخنەیا وان سەروك و سەرکردەیان بەردەوام دبیت بگوتنا خۆ بۆ وان: مللەتیَ کورد نها دنەخوەش ترین حالەتدا دبوریت، و ئەو سەرکردە نالڤن ژ بو قورتالکرنا ڤی مللەتیَ ستەم لیَکری[١٢]. بەلکو ڤیَ مەسەلیَ خەلیلیَ خیالیَ پالدا گوتارەکی لژیَر ناڤیَ **"بۆ مەزنیَن کوردان"** بنڤیَسیت و هەمی رەخنە لسەر وان سەروك و سەرکردان بوو، دەمیَ دبیَژیتە وان میران بابیَن وان یَن میر چ جار وەك وان نەبوون و نها **"میر"** نامووسە خیانەتی لیَنەکەن، و زیَدەدکەت کو تنیَ ئەڤ بەلنگاز و هەژارەنە پشتەڤانیَن هەوەنە، ب سالیَن دریَژ بەرەڤانی ژ هەوە و جهیَن هەوە کریە، ئەڤجا پوچی نها دەستپیَشخەریا بەرامبەر ژ هەوە نەبیت؟ ئەونها گەلەك پیَدڤی هەوەنە[١٣]. و دگوتارا خودا **"رەخنە و گازندە"** خەلیلیَ خیالیَ رەخنەیی لوان کوردان دکەت ئەویَن خۆ ژ بنیاتیَ خۆیی کوردی ڤەددزن[١٤]. پشتی مشەختبووینە بازیَران و پارە ب دەست کەڤتی، و بیراوان دئینیت کو ئەگەرا رەڤین و خۆ ڤەدزینا هەوە ژمە، شەرمکرنا هەوەی ژ ژییاتییَ بۆ ڤی گەلیَ پتریا وان هەژار و نەزان، بەلیَ هۆن ژی ئیَك ژ ئەگەریَن ڤیَ نەزانین و پاشڤەمانیَنە، چونکە یا فەرتر بوو هەوە هەو هاریکاریا ڤی مللەتیَ کربا پشتی پلە و سامان بدەست هەوە کەڤتن. و ب پرس و رسوا کرنڤە زیَدەدکەت کو هەوە گوهـ لیَبوویە رۆژەکیَ ئەفسەرەکیَ ترك دەست ژ نەتەوایەتیا خو بەردابیت، دەمی خورتی لیَهاتیە کرن؟ و گوتارا خۆ بۆ وان کوردان بدوماهی دئینیت ب بیَژەیا، هەوە گەلەك هەیە دا پیَشکیَشی گەلیَ خو بکەن، گەلی کورد، ئەڤجا رەگەز و بنیاتیَ خۆ ژبیر نەکەن[١٥]. خەلیلیَ خیالیَ دگوتاریَن خۆدا داخوازی بۆ هزرا هەڤکاری و هەڤگرتنیَ دنیَڤبەرا تەخیَن چڤاکیَ کوردیدا رانەکرنەڤەیا گەلیَ کوردە، و جونیەك بتنیَ ڤی باریَ گران نەشیَن بهەلگریت، و هندەك ژ جوینیَ گەنج یَن چڤاکیَ کوردی ب دامەزراندنا کومەلا هیوا و دەرئیَخستنا رۆژی کورد رابونە، و خەلیلیَ خیالیَ ژ سەرکردەو ماقولیَن کوردان د هوندر گوتاریَن خۆییَن رەخنەیی دا داخواز کریە، پشتەڤانیا ڤی جوینیَ گەنجی ژ چڤاکیَ کوردی بکەن، پاشان خەلیلیَ خیالیَ

ژ کوردێن خودان پلەو سامان ل ستانبولیٚ کر، پشتەڤانیا کومەلا هیوا بکەن، و خۆ ژبەرپرسیاریا خۆ نەڤەدزن، لدوڤ ڤان بنەما خەلیلیٚ خیالیٚ بانگ هەلّدێرایە ژ بو پتر هەڤكاریا تەخ و جوینێن ملڵەتیٚ کورد ژ بو قورتالکرنا ڤی گەلیٚ ژ پاشڤەمان و دویڤە لانکییٚ.

مەدحەت[١٦] د گوتارا خۆیا درێژدا **"دەولەتا کومەکی یا بهێز"** گرنگی ب سیٚ مەسەلا دایە، کو ڤەدرێژنە دبەرژەوەندا کوردان و نەتەوەیێن دیدا، بەلکو دیٚ بنە نیشانێن هێزیٚ ددەولەتا ئوسمانی دا دپاشەرۆژێدا، ئەوژی:

أ.پێگیریا دەولەتا ئوسمانی ب هوزێن دستووری.

ب.پێدڤییا ژێك جوداکرنا دەستهەلاتێن یاسادان و بجهـ ئینەر و دادەییٚ.

ج.کارکرن ب شێوازیٚ نەمەلبەندی د فەرمانراوایی دا، و داناریٚ ب و ملڵەتێن دەولەتا ئوسمانی چونکە ئەون پشتەڤانێن بهێز د ئارێشەو شەراندا[١٧].

هزرا نەمەلبەندیا کارگێری و پێکڤەژیان دئێك دەولەتدا و دانپێدانا ملڵەتان ب یەکتر، و رێکا ئینکارکرنا یێن دی نەما، چونکە ئەو شەریٚ ئێك ژ یاسایێن سروشتی دکەت. **"لوتفی فکری"**[١٨] دگوتارا خودا **"نەتەوا کورد"** پێشاندایە، وزێدەدکەت کو پشتی کودەتایا ١٩٠٨یٚ دوو لایەنێن سیاسی ددەولەتا ئوسمانی دا دیاربوون، ییٚ ئێکیٚ دانپێدانیٚ بهەبوونا نەتەوەیان نەدکر، و ئەڤ لاینە داکەڤتبوو، و ییٚ دی ییٚ سەرکەڤتی و چێتر، چونکە بهەبوونا ملڵەتان دانپێداندکر، و ژبو پەیداکرنا هەڤسەنگییٚ دنێڤبەرێدا کاردکردن، پاشی دهێتە بەحسیٚ کوردان و دبێژیت: راستە ئەو دنەزانن، بەلیٚ وان ڤیانەکا کور بۆ نەتەوا خو هەیە، و نموونەکیٚ دئینیت، ئەوژی دەمیٚ سەرەدانا کوردان کری، چاوا خەلکیٚ گوندی یێن کتێبەکا بزمانیٚ وان هاتیە دانان، و ژ ستانبولیٚ گەهشتییٚ، و چەند مەلاییٚ گوندی بۆ دخواند، دگرین، و دگوتنە نڤێسەریٚ گوتاریٚ ئەو بزمانیٚ وان هاتیە نڤێسین[١٩].

مەدەحەت لگەل لوتفی رێکەڤتییی کو ئاریشێن دەولەتا ئوسمانی برێکا حوکمیٚ نەمەلبەندی دیٚ هێنە چارەسەرکرن، و پێدڤییە هەر نەتەوەك ددەولەتا ئوسمانیدا حوکمی بخو بکەت، بەلیٚ دچارچوڤی ڤیٚ دەولەتێدا، و چ مفا د شەریٚ نەتەواندانینە، چونکە فرە نەتەوەیی ژ سوننەتێن سروشتییە.

**پەراوێز:**

١.ژمارە پێك ژ رۆژی کورد ل١٩ی خزیرانا ١٩١٣یٚ دەرچوو.

٢.پتریا گوتارێن تورکی بۆ زمانیٚ عەرەبییٚ وەرگێرانی دبەلاڤکرینە د پەرتووکا مالمیسانژ **"القومية الكوردية..."**دا، و **"مذكرات صالح بدرخان"**، **"بدرخانيو بوتان"** یا مالمیسانژ.

٣.رۆژی کورد، ژمارە (١)، ١٩ی خزیرانا ١٩١٣یٚ، ل ٢–٣.

٤.هەمان ژمارە، لپ لپ ٣–٤.

٥.رۆژی کورد، ژمارە (٢)، ١٩یٚ تیرمەها ١٩١٣یٚ، لپ لپ ٨–١٠.

٦.رۆژی کورد، ژمارە (٢) ١٩یٚ تیرمەها ١٩١٣یٚ، لپ لپ ٢٣–٢٤.

٧.رۆژی کورد، ژمارە (٣) ١٤یٚ تەباخا ١٩١٣یٚ، لپ لپ ٦–١٠.

٨.رۆژی کورد، ژمارە (٤)، ١٣یٚ ئیلونا ١٩١٣یٚ، لپ لپ ٩–١٠.

٩.خەلیلیٚ خیالیٚ ناڤیٚ خۆیی دروست لسەر گوتارێن خۆیێن ل رۆژا کورد نەنڤیسییە، بەلکو هندەك پیت یان نازناڤ یێن ئاماژەی ناڤ و هوزا وی دکەن هەلبژاردن، ژوان: (خ...، م.خ، مودانی...خ) بنێرە: کوردێکی یکرەنگ، سەرچاوەی پێشوو، لپ ٤.

١٠.رۆژی کورد، ژمارە (١)، ١٩یٚ خزیرانا ١٩١٣یٚ، لپ ٧–٨.

١١.رۆژی کورد، ژمارە (٣)، ١٤یٚ گولانا ١٩١٣یٚ، لپ لپ ٢٠–٢٢.

١٢.هەمان ژێدەر، لپ لپ ٢٩–٣١.

١٣.رۆژی کورد، ژمارە (٤)، ١٣یٚ ئیلونا ١٩١٣، لپ لپ ٢٢–٢٤.

١٤.پشتی کودەتایا تیرمەها ١٩٠٨یٚ گەلەك کوردان ژ بنیاتیٚ خۆییٚ کوردی خۆ ڤەدزی و ییٚ ژهەمیان بەرچاڤتر **"ضياء كوك الب"**.

١٥.رۆژی کورد، ژمارە (٤)، ١٣یٚ ئیلونا ١٩١٣یٚ، لپ ٢٥.

١٦.باوەر هەیە کو میقداد مەدحەت بەدرخان پەیڤا **"یامای"** لژێر گوتارا خو دانابوو، بەلیٚ تەمامەتی دسیٚ ژمارێن ددوڤدا ژ رۆژی کورد نەبوو. بنێرە: مالمیسانژ، **"بدرخانيو جزيره بوتان..."** لپ لپ ١٦٢–١٦٣.

١٧.رۆژی کورد، ژمارە (١) ١٩ی خزیرانا ١٩١٣یٚ، لپ لپ ١٤–١٧.

١٨.لوتفی فکری (١٨٧٢–١٩٣٤)ییٚ: ئەو کوریٚ حوسەین فکری پاشایە، ژ خەلکیٚ دێرسیمیٚ، بابیٚ وی والییٚ کوسوفو بوو، لوتفی **"ماڤ"** ل پاریس خویندیە، ل سالا ١٩٠٨یٚ ڤەگەریا ستانبولیٚ و وەکو ئێکەم نوێنەر ژ دێرسیمی بو چڤاتا هناریکا هاتە هەلبژاردن، و ب دوژمنییٚ بو کومەلا یەکبوون و تەرەقی دهاتە نیاسین، ل سالا ١٩١٢یٚ پارتا نویکەر **"المجدد"**، داخواز بو عەلمانی کرنا دەولەتیٚ و ڤەکێشانا نازناڤیٚ خەلیفەی و دەستهەلاتیٚ ژ سولّتانیٚ دکر، و ل سالا ١٩٢٢یٚ بەرەڤانی ژ دەستووری کر و هزرا جوداکرنا دەستەهەلاتان دژی رژێما حوکمەتا چڤاتا نیشتمانی یا مەزن کر، و لسالا ١٩٢٥یٚ دەست ژ سەروکاتیا ئێکەتیا پارێزەرێن ستانبولیٚ بەردا، و دهەمان سالدا هاتە دادگەهکرن، بەلیٚ ب پەسەندەکا ئەتاتورکی هاتە ئازاد کرن، بو پتر پێزانین، بنێرە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، **"كوردستان في سنوات..."**، لپ ١١٩، مالمیسانژ، نەتەوا کورد **"القومية الكوردية"**، لپ ٥٢–٥٥.

ژێدەر:

**(رۆلیٚ رۆژناماگەریا کوردی دپێشڤەبرنا هوشیاریا نەتەوەیی یا کوردیدا).**

وەشانخانەیا **"سپیرێز"** دهوك–٢٠٠٤.



بشير

# ( بەشیر )
# یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی لەسەردەمی کۆماری لەکەرکووکدا

ئیسماعیل عەلی

ڕەنگە گرنگی ئاخافتن لەمەڕ مێژووی ڕۆژنامەی (بەشیر)ی کەرکووکی لەوەدا خۆی بنوێنێ کە پەردە لەرووی ئەو ڕاستییە هەڵدەماڵێت، کە بەشیر یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی بووە لەسەردەمی کۆماریدا لەدایك بووبێت. ئەم ڕۆژنامەیە لەسەردەستی کۆمەڵێ لاوی بەتوانا هاتەگۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسیی کە بەدڵسۆزی و خوێنێکی گەرمەوە کاریان دەکرد، لەگەڵ خۆشیاندا کۆمەڵێ بەهرەی سروشتی و تێڕوانینی نوێیان هانیە پێشەوە کەببێتە دەستپێکێکی پێشکەوتنخوازانە بۆ نەوەکانی ئایندەش ئەوانە هەوڵی چەسپاندنی بەها ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەدا، لەپێناو بەرز ڕاگرتنی نیشتمان و مرۆڤ و ژیان، لێرەدا ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کە تیشکێك بخەینە سەر ڕۆژنامەی (بەشیر)، ئەو ڕۆژنامەیە کە لەپایزی ١٩٥٨ تا بەهاری ١٩٥٩ بەردەوام بوو.

ماوەیەك پێش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بیری دەرکردنی ڕۆژنامەیەك لەمێشکی ئەوانەدا دەخولایەوە کە نەخشەیان بۆ بزاڤێکی ڕۆژنامەنووسیی دەکێشا، دوای چەندین کۆبوونەوە لەنێوان ڕۆشنبیرەکاندا، بیری دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە هاتە کایەوە، لەم سۆنگەیەشەوە حاجی محەمەدەمین عەسری خاوەنی کتێبخانەی عەسری لەکەرکووك، داوایەکی فەرمی پێشکەش بەلایەنە پەیوەندیدارەکان کرد بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بەناوی (تەرەقی)، بەڵام داواکارییەکە لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی ڕەت کرایەوە، دواتر پێشنیارێکی دیکە بوو بەمایەی ڕەزامەندی و ئەویش ئەوە بوو کە ڕۆژنامەکە بەناوێکی دیکە ناوبندرێت، ئەوە بوو لەسەر ناوی (ئەلبەشیر) ڕێککەوتن و ئیمتیازی ڕۆژنامەکە دەرچوو، ئینجا هەنگاوە پراکتیکییەکانی بۆ ئەنجام درا.

سپێدەی ڕۆژی سێشەمی ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٥٨ ژمارە یەکی ڕۆژنامەی (ئەلبەشیر) دەرچوو، مانشێتەکانی لاپەڕەی یەکەمی بەفڵچەی خۆشنووسی ناوداری عێراقی بەناوبانگ (هاشم بغدادی) نووسرا، لەلای ڕاستیشی نووسراوە (ئەلبەشیر) ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیری هەفتانەیە، خاوەنی ئیمتیاز محەمەد ئەمین عەسری و سەرنووسەر و بەرپرسی پارێزەر محەمەد حاجی عزەت و بەڕێوەبەری نووسینی ئەدەبیی پارێزەر حەبیب هورمزی و سکرتێری نووسین پارێزەر عەتا ترزی باشی بوو، ڕۆژنامەکە لەچاپخانەی (کەرکووك)، (تەتویج)ی جاران چاپکرا، پاشان ئەدیبی ڕۆژنامەکە بۆ ئەوەی لەرووی ئەدەبییەوە تەکانێکی پێبدا، بەتایبەت بەسەرپەرشتی کردنی دیارو بەرچاو ببوو لە بزاڤی ئەدەبی تورکمانی لەودەمەدا، لەسەر لاپەڕەکانی چەندین بەرهەمی نایابی لەچیرۆك و شیعر و نووسین و لێکۆڵینەوەی بلاّودەکردەوە،بەهەردوو زمانی تورکی و عەرەبی، کەچەندین قەلەمی بەپێز لە ئەدیبەکانی تورکمان و کورد و عەرەب بەشدارییان تێدا دەکرد لەچەشنی عەتا ترزی باشی، حەبیب هورمزی، محەمەد حاجی عزەت، وەحیدەدین بەهائەدین، ڕەفعەت یولچو، ڕەشید کازم بەیاتلی، عەلی مەعروف ئۆغلۆ، عزەدین عەیدوی بەیاتلی، عەبدولمەجید لوتفی، شاکر سابیر زراعەتچی، عەبدولحەکیم ڕژی ئۆغلۆ، توفیق جەلال ئۆرخان، حەسەن نەجەفی، حەسەن عزەت چارداغلی، سەلاحەدین هورمزی، قەحتان هورمزی، حیسامەدین کوپرلو، سەیفەدین خەتیب، عەبدولسەلام حلمی، دکتور مستەفا جەواد، دکتور عەبدولخالیق بەیاتلی،

شەمسەدین تاهیر خانچی، حلمی عوسمان، ئیلهام بەیرەقدار، رشدی ئاوچی، عەبدوللا قەساب، مەکی لەبیب، محەمەد خەتیب ئوغلو، نازم رەفیق، سیداد ئەربیل، نەسرین ئەربیل، عومەر سەید سولەیمان بازرگان، یالمان حەمید، خەیروللا بلوو ئۆغلو، عەباس عەلی، ئەسعەد عەتار، نیهاد هورمزی، مەدیحەئەحمەد جەمیل، سەبیحە خەلیل زەکی، محەمەد سادق، مستەفا کوك قیا، بەهائەدین سالحی، زەهدی داودی، عەلی فەقی عەلی، فازڵ مستەفا سامەرائی، موسا زەکی مستەفا، پارێزەر محەمەد سەلامی، خضر لوتفی، نەجمەدین یاسین و زۆرانی دیکە...

ئەم رۆژنامەیە هەموو سێ شەموانێك دەردەچوو، لەهەر ژمارەیەکدا سەروتارێکی دەگرتە خۆی، لەپاڵپشدا چەند گۆشەیەکی جۆراو جۆری بەردەوام و کاتی تێدا بوو، لەبەشە عەرەبییەکەی جگەی لە هەواڵە ناوخۆییەکان گۆشەی ئافرەتان و دەنگوباسی وەرزشی و گۆشەی قوتابیان و دنیای هونەر و گۆشەی تەندروستی هەبوو، لەبەشە تورکمانییەکەشیدا فۆلکلۆر، ئەراستد مالری، ساغلت کوشەسی، برلی خبرلر، شعرلر ئاراسندە، گنج قلماو، قورناسی، جگەل چەندین بابەتی هەمەرەنگی دیکە، لە (ئەلبەشیر)دا بلاوەبوونەوە لەبابەتی کۆمەلایەتی و مێژوویی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و فەلسەفی، کەرۆڵی خۆیان دەبینی لە زیندوو کردنەوەی کولتووری نەتەوایەتی تورکمانی: بەلام هێندەی نەخایاند رۆژنامەکە لەبەرچاوان ونبوو، دوای ئەوەی کەشۆرشی تەمووز لەرەوتە نیشتمانییەکەی خۆی لایداو کەرکووك لەو دەمەدا کەوتە بەر حالەتێکی شپرزەو ناسەقامگیر. چونکە هەندێ لەئاژاوەچییەکان دەسەلاتیخۆیان سەپاند، بەتایبەت دوای شکست هێنانی کودەتاکەی شەواف لەموسڵ کەلە ئاداری ساڵی ١٩٥٩ بەرپابوو، ئەوە بوو سەرکردەی فرقەی دوو زەعیمی روکن داود سلیمان جەنابی شوێنی زەعیمی روکن نازم تەبەقچەلی گرتەوە دەستی کرد بە بلاوکردنەوەی کاری توندو تیژی و تیرۆرکاری لەو هەرێمەی ئەو دەسەلاتی بەسەردا دەشکاو رۆژنامەو گۆڤارەکانی ناچار کرد کە هەریەکەو ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤارەکانیان بەبۆنەی هاتنی ئەو بێت، لەلایەکی دیکەوە زیندان و بەندیخانەکانی پرکرد لەکەسانی شۆڕشگێڕ و نەفی کردنی کەسانێکی دیکەی شۆڕشگێڕ بۆ خوارووی عێراق، لەوانەش دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (ئەلبەشیر)، ئەمەش بووە هۆی وەستانی رۆژنامەکەو نەهێشتنی ئیمتیازی رۆژنامەکە.

لەسەروتاری بەشی عەرەبی ژمارە یەکی رۆژنامەکە بەناونیشانی ئەلبەشیر لەسەردەمی ئازادی و رووناکیدا، رۆژنامە گوزارشتی لەو ئامانجانە کرد کە رۆژنامەکە هەوڵی بۆ دەدا، کەتێدا دەڵێت: لەکاتێکا ژمارە (١)ی رۆژنامەکەمان (ئەلبەشیر) دەخەینە بەردەم خوێنەران وای دەبینین کە لەسەرمان پێویستە پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەر هاوولاتییەکی عێراقی بکەین،بەبۆنەی دامەزراندنی کۆماری عێراق و بەدی هاتنی ئەو شۆرشە پیرۆزە، کە گەلی لەسەردەمی کۆت و زنجیر رزگارکرد، ئەو شۆرشەی کەیەکسانی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەنداندا هێنایە کایەوەو بناغەیەکی نوێی بۆ سەردەمێك دارشت، کە پرپێت لەعەدالەت و کەرامەت پارێزی، شۆرشێك کە شوێنێکی دیاری خۆی لەنێوان گەلانی دونیادا جێگیر کرد و بوو بەهۆی ئەوەی کە بروایەك لەنێوان گەل و حکومەتدا دروست بکات، بۆیە کارێکی پیرۆزە ئەگەر هەر تاکێك لە ئێمە هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی خۆی هەبێت بۆ پشتگیری کردنی ئەو کۆمارە ساوایە بەهەموو هێزو دەسەلاتێکمانەوە، لەرێگەی کاری بەردەوام و ویژدانی ئازاد و بێگەرد و دڵسۆزی نواندنی هەرتاکێك لەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی، هەروەها یەکبوونی گەل بەهەموو چینە جیاواز و نەتەوەکانیانەوەو یەك رێزی و یەك دەستییان، ئەمە باشترین پشتگیرییە کە ئێمە پێشکەش بەکۆمارە ساواکەی خۆمانی بکەین.

(ئەلبەشیر) کەباشترین موژدە بوو بۆ هەلاتنی ئاسۆی سەردەمێکی نوێ، سەردەمی ئازادی و برایەتی، پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بە دامەزرێنەرانی کۆماری ساوای عێراق و هەموو هاولاتییەکی عێراقی رادەگەینێ و خوازیاری ژیانێکی ئازاد و سەربلندانە بۆ هەمووان دەخوازێ، پەیمانیش بەخوێنەرە خۆشەویستەکانی خۆی دەدات کەهەموو هەوڵ و تەقەللای خۆیان بەکاربێنن لەپێناو بەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی کە نەخشەمان بۆی داناوە، لەخواش دەپارێینەوە کە هەموومان سەرخات بۆ خزمەتی نەتەوەو نیشتمان. لەسەر ووتاری بەشە تورکمانییەکەشدا کە ناونیشانی (بشیر چیقارکن)

نووسراوە، قسە لەسەر سیاسەتی رۆژنامەکە کراوەو تیایدا هاتووە:

" شمدی ایلك صاییی اوقودیغتمزنزەتەنین اچی واجی اولدیغی قدەر گولونج بیر گیچمشی داردر.. ایندیگی کبی اسکی چاغدە، سیاسی ایسە دخی بیر غزەتە امتیازی الماق زور ایشلردن بیری صاییلردی.

گرچکدن لوقور یازار اولان گولتوورلی انسانلرە، غزەتە چیقارماق اماکانی صاغلانماز، جاهل و مملکتە خدمت غایەسی اولمایانلرە ایسە قولایلق کوستریلیردی بو یوزدن غزەتەمزین امتیازینی المادا نەقەدەر زورلیق چگدیگمزی بیر بیز بیردە الله بیلیر..

غزەتەمین ادی و اونجەدەن (ترقی) ایدی بونو امتیاز صاحبیی اراقدا شمزین (ترقر) ادبی کتابخانەو مطبعەسی بولوندیغنی گوز اگندە طوتاراق بو ادین

**تورکجە و عریجەیە ایغون اول**

**ینغنی درسونەرەك سیچمش ایدیك..**

نەیازیق کە اسکی چاغین مستبدا ادارەجلیری بو ادا اعتراضی ایتدیلر.. تاریخدە بیلمەم فلان جمعیتی اندیریور.. دیە اویغون گورمەدیلر.. باشقا ادلار اوزەرینەدە دولادق ینە دورلو بهانەلرلە قبول ایتمەدیلر بو دفعە غزەتەمز ایچون ادی سیچمە سیتی کندیلرینە بوراقاراق اسکی والی نین ادیلە اداش اولماسینی گویا بیر لطف صایدیلر، هایدی اولسون دیرك مس و لە یوق بیر امتیازە قاووسالم دە غایەمزی اصل غزەتەنین ایچینە الدیغی یازیلرلە گوسترمگەدە جالیشام یوقسە ادین بیراهمیتی اولماسە گرکدر اللهە شکر (بشیر) ینی دوغان جمهوریت گونەشینی بیزە مژدەلەدی ایشتە بو باقمدن عربجە (بشارت)سوزجگندن الینان (بشیر) ادینی دەگیشدیرمگە احتیاج دویمادق.. بو غزەتە ایسە مللت و مملکت اوغروندە اوزەمیزە دوشەن وظیفەنین اوفاق بیر قسمنی یایماقلە بویوك بیر ذوق دویاجاغنە سبهە یوقدر.

غایەمیز خلقە خدمتدر.. بونو ادبی، لجتماعی، اخلاقی و داها باشقا یوللردن یایمافە چالیشا جاغر باشاری صاغلایە بیلیرسك نە موطلو"

بەبۆنەی دەرچوونی (ئەلبەشیر) شاعیری یەکەمی تورکمانی خوالێخۆشبوو حاجی محەمەد سادق، قەسیدەیەکی ستایشی نووسیوە و تێیدا باس لەو رۆڵەبەرچاوە دەکات کە ئەو رۆژنامەیە لەرووی هۆشیاری رۆشنبیری و فیکری لەژیانی کۆمەڵگەی تورکمانیدا بەخۆیەوە دەبینێ و پیرۆزبایی لەو رۆژنامە نۆبەرەیەی سەردەمی کۆماری دەکات و تێیدا دەڵێت:

**جمەوریتی خلقە بشیر ویردی بشارت**
**اقبال ایلە بو عالمە هث ایتدی اشارت**
**واردر کە بوون صفحەء صافندە مقالات**
**هر بیر بتونی نشر ایدییور خلقە کمالات**
**واردر صفحاتندە بونین فلسفە، حکمت**
**حسلر ویرەر انسانە ایدەر هر کسە خدمت**
**بو عالی اثر کرکوکە نشر اولدیغی گوندەن**
**هەر کس اوقورکن گورییور فائدە بوندن**
**بیر دفعە چیقار هفتدە قیمتلی بو اثار**
**دنیادە نە اولمشسە ویرەر هر کسە اخبار**
**عاشقلر ایچین نشر ایدەر ان انینجە غزەللر**
**هر بیر غزەلندە گورنیور نازلی گوزەللر**
**ایتدی بو اثر کرکوکی باشدن باشە ممنون**
**هر ادمی هر لحظة ایدەر کندینە مفتون**
**مجنونلرە لیلالری گوستەرمەدە هر ان**
**هجرانی بونگون وصلت ایدەر وصلتی هجران**
**ای کرکوکین ان عالی منور ذکی گنجی**
**بیر گنج بونو اوقورسە لولور ذهنی منور**
**گونلر اچیلیر ژوق ایلە کسب هنر ایلەر**
**صادق ایدییور وصفنی هر بیر یرە اعلان**
**اولمش بو جریدە کە بیر گون مجمع عرفان**

ئەمەو کاتێ ویستمات بیروڕای ئەدیب و نووسەر ناسراو (وەحیدەدین بەهائەدین) لەمەڕ رۆژنامەی (ئەلبەشیر) بزانین گوتی: دەرچوونی رۆژنامەی (ئەلبەشیر) لەمانگی ئەیلوولی ١٩٥٨ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لەبواری رۆشنبیری و ئەدەبی لەکەرکوك، کەبەهەر دوو زمانی تورکمانی و عەرەبی و بەشانزە لاپەڕەوە دەردەچوو، پڕی بوو لەچەندین بابەتی هەمەڕەنگی رۆشنبیری و ئەدەبی و شیعر و رەخنەو کولتووری میللی، بەمەش خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش گەل و نیشتمان دەکرد، ئەم رۆژنامەیە پێویستییەکی زۆری بەهەر یەکێك هەبوو کە لەپێناویدا کاربکات و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ، بۆ بەدیهێنانی هۆکارەکانی پێشخستن لەچوارچێوەی ئەو حاڵە دواکەوتووەی، کە کۆمەڵگا لەودەمەدا بەدەستییەوە دەیناڵاند.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری بارش، ژمارە ١٧ و ١٧ و ١٨ ساڵی ٢٠٠٤.**

# رابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی

عەبدوڵلا زەنگەنە
هەولێر

ڕەفیق ساڵح ئەحمەد
سلێمانی

بەشی سێیەم

هەوالنامەی کتێب

**ڕێیا سەرکەفتنێ**

**ڕۆژنامە**

**١٩٨٣**

بەرەی دیموکراتی عێراق "جود"

**سەرپەرشتیاری چاپی عەرەبی:** داود ئەمین "ابو نهران"

**سەرپەرشتیاری چاپی کوردی:** ئەدیب چلکی

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی

**شوێنی دەرچوون:** دهۆك و نەینەوا

**زمان:** کوردی "کرمانجی سەروو"، عەرەبی

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە ٥ی شوباتی ١٩٨٣دا دەرچووە

–ژمارە ٨ی ساڵی سێیەم لە کانوونی دووەمی ١٩٨٦دا بڵاوکراوەتەوە

**هیوای لاوان**

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان/ لقی ئێران

**ڕێبازی لاوان**

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

**پێوان:** (١٧ ×٢١) سم و ٦ لاپەڕە

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨٣دا دەرچووە

–ژمارە ١٦ی لەبەهاری ١٩٨٩ دا بڵاوکراوەتەوە

**سورێن**

**١٩٨٣**

دیموکراتی بۆ عێراق، ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان

ئۆرگانی لقی سلێمانی–حزبی سۆشیالیستی کوردستان–عێراق

**شوێنی دەرچوون:** شاخ

**زمان:** کوردی "کرمانجی خواروو"

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لەئابی ١٩٨٣دا دەرچووە

–ژمارە ٦٦ی ساڵی ٩ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩١دا بڵاوکراوەتەوە

–ژمارە ٧٠ی

**ستێر Ster**

کۆڤارەکە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە

**شوێنی دەرچوون:** شام

**پێوانە:** کوردی "کرمانجی خواروو:

**ڕێنووس:** لاتینی

**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە نەورۆزی ١٩٨٣دا دەرچووە
–ژمارە ٤ی لە ١٩٩٤دا بلاوکراوەتەوە

## تێکۆشان

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

بەرەو کۆمەڵێکی کوردستانی یەکگرتوو و رزگارکراو وبەختیار
ئۆرگانی رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان
گۆڤاری رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان
**چۆنیەتی دەرچوون:** ناوبەناو
**پێوانە:** (١٦,٥ × ٢١,٥)سم و ٣٠ لاپەڕە و زیاتر
**شوێنی دەرچوون:** شاخ (تا ژمارە ٩)، هەولێر
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی
–ژمارە ٥ی لە ئەیلوولی ١٩٨٣دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٢ی لە ئاداری ١٩٩٢دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٩ی لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٩٤دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٢١ی

## بەهدینان

**١٩٨٣**

لقێ دهۆکی پارتی سۆشیالیستی کوردستانی عێراق دەری دەکات
**پێوانە:** (٢١ × ٣٤)سم و ٤ لاپەڕەیە
**شوێنی دەرچوون:** دهۆک/ شاخ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ دا دەرچووە
–ژمارە ١٠ی
**تێبینی:**
–ژمارە ١–٤ بە زمانی کوردی بووە
–ژمارە ٥–١٠ بە زمانی عەرەبی بووە

## هاودەنگ

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبییە

**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٤دا بلاوکراوەتەوە

## ژیلوان

**رۆژنامە**

رۆژنامەیەکی گشتییە
**خاوەنی:** ئەنجوومەنی گوندی هەڵەدن، مەدحی مەندەلاوی، ئازاد خانەقینی،
شەهید بەکری خەتات
**پێوانە:** فولسکاب A3 و ٨–١٠ لاپەڕە
**چاپخانە:** ئیبراهیم عەزۆ
**شوێنی دەرچوون:** هەڵەدن (دۆڵی جافایەتی)
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
هەشت ژمارەی لێ دەرچووە

## باوەگورگوڕ

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

گۆڤاری یەکێتی خوێندکارانی کوردستان/ عێراق
**خاوەنی:** لقی کەرکووک (ی.خ.ک/ع)
**پێوانە:** نیو فولسکاب و ٢٠ لاپەڕەیە
**چاپخانە:** شەهید ئیبراهیم عەزۆ
**زمان:** کوردی (کرمانجا خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە کانوونی ١٩٨٣دا دەرچووە
**تێبینی:**
تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ بلاوکراوەتەوە

## سەنگەر

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

گۆڤاری مەڵبەندی دووی (ی.ن.ک)
**خاوەنی:** چەند هەڤاڵێکی راگەیاندنی مەڵبەندی (٢)ی (ی.ن.ک)

**شوێنی دەرچوون:** سەرگەڵو
**پێوانە:** نیو فلسکاب و ٤٠ لاپەڕەیە
**چاپخانە:** شەهید ئیبراهیم عەزۆ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٨٣دا دەرچووە
**تێبینی:** تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە

## دەنگی شۆڕشی عێراق

**١٩٨٣**

**ناونیشان:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ دەزگای ڕاگەیاندن/ ئێستگە
**خاوەنی:** دەزگای ڕاگەیاندنی ی.ن.ك
**چۆنیەتی دەرچوون:** شاخ (بەرگەڵو)
**پێوانە:** نیو فلسکاب A3 و ٢١ لاپەڕە
**چاپخانە:** شەهید ئیبراهیم عەزۆ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە ئەیلوولی ١٩٨٣دا دەرچووە
**تێبینی:** تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ بڵاوکراوەتەوە

## ئەستێرە

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

گۆڤارێکی منداڵانە مانگی جارێك دەردەچێت
**سەرپەرشتی:** کاکە عەبە
**شوێنی دەرچوون:** شاخ
**پێوانە:** نیو فلسکاب و ٢٤ لاپەڕەیە
چاپخانە: **شەهید ئیبراهیم عەزۆ**
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٨٣دا دەرچووە
**تێبینی:** تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ بڵاوکرایەوە

## نووسەری چیا

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

**سەرپەرشتیار:** موحسین شاسواری
**شوێنی دەرچوون:** شاخ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٩٨٣(٤ فیویەی ١٩٨٥)دا دەرچووە
–ژمارە ٤ی

## سروشت

**١٩٨٣**

نامیلکەیەکی زانستییە لە مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ك) بۆ منداڵان دەردەچێت
**سەرپەرشتی:** عەباس ئیسماعیل ئاری (عەباس نیوتن)
**چۆنیەتی دەرچوون:** ناوبەناو
**پێوانە:** (١٦ ×٢١) سم و (٨–١٠) لاپەڕەیە
**شوێنی دەرچوون:** شاخ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٣دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لەمارتی ١٩٨٣دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٣ی

## هیوا

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتییە
**خاوەنی:** ئینستیوتی کورد/ پاریس
**پێوانە:** (١٧ × ٢٤) سم و ٢٠٥ لاپەڕەیە
**زمان:** کوردی (کرمانجی سەروو، زازاکی، دملی، کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی، لاتینی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە شوباتی ١٩٨٤دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٣ی لە مایسی ١٩٨٤دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٤ی لە ئەیلوولی ١٩٨٤دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٥ی لە مایسی ١٩٨٦دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٦ی لە ئابی ١٩٨٧دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٧ی لە پاییزی ١٩٩٠دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٨ی لە هاوینی ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە

## نووسەری نویٚ

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی هەولێر دەری دەکات

**شوێنی دەرچوون:** شاخ

**پێوانە:** نیو فلسکاب و ٣٤ لاپەڕەیە

**چاپخانە:** شەهید جەعفەر عەبدولواحید (تایپی ئاسایی و ئستنساخ)

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە ١٩٨٣دا دەرچووە

**تێبینی:**

تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە

## کوردایەتی

**گۆاڤار**

**١٩٨٣**

گۆڤاری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

**شوێنی دەرچوون"** شاخ

**چۆنیەتی دەرچوون:** ناوبەناو

**پێوانە:** نیو فلسکاب (١–٢)، فلسکاب (٣–٤)

**ژمارەی لاپەڕە:** ٨–٦٨ لاپەڕە

**چاپخانە:** شەهید ئیبراهیم عەزۆ، چاپخانەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لەئاداری ١٩٨٤دا بلاْوکراوەتەوە

–ژمارە ٣ی لەحوزەیرانی ١٩٨٤دا بلاْکراوەتەوە

–ژمارە٤ی لە ١٩٨٤دا بلاْوکراوەتەوە

**تێبینی:تەنیات ئەو چوار ژمارەیەی لێ دەرچووە**

## دۆزا گەل

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیرییە

**خاوەنی:** رێکخستنەکانی ئامێدی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان

سەعید دیرەشەیی، ئەدیب چلکی، عەلی ئامێدی، خالد دێرەشی

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەیڤانە

**شوێنی دەرچوون:** شاخ (گوندی دێرەشیێ)

**زمان:** کوردی

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٨٣دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لە ئاداری ١٩٨٣دا بلاْوکراوەتەوە

## خابوور / الخابور

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

گۆڤارێکی سیاسییە

**خاوەنی:** راگەیاندنی فەوجی سێی حزبی شیوعی عێراق

**بەرپرسیار:** ابو واپق (قادر الیوسف)، ابز گارق و شڤان لەدەستەی نووسەران

**شوێنی دەرچوون:** بەرواری بالاْ

**زمان:** کوردی (کرمانجی باکوور)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥دا دەرچووە

–ژمارە ١٩٨٦دا بلاْوکراوەتەوە

## ستێر

**گۆڤار**

**١٩٨٣**

گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیرییە

**شوێنی دەرچوون:** شام

**پێوانە:** (١٦ × ٢٠) سم ( فولسکاب) و ٢٠–٦٠ لاپەڕەیە

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لەنەورۆزی ١٩٨٣دا دەرچووە

–ژمارە ١٩٨٧دا بلاْوکراوەتەوە

### کۆسار

رۆژنامە

١٩٨٣

رۆژنامەیەکی دەورییە بەشی راگەیاندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەری دەکات

**سەرپەرشتی:** پێشەوا تاڵەبانی

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی

**پێوانە:** (٣٢ × ٤٠) سم و ٨ لاپەڕەیە

**چاپخانە:** چاپخانەی

**شوێنی دەرچوون:** (زەلێ)

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٨٣ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لە دوو شەممەی ١٩٨٣/٢/١٢ بڵاوکراوەتەوە

### هەڵوێست

گۆڤار

١٩٨٤

گۆڤارێکی کۆڵینەوەی گشتییە

**سەرەکی نووسین:** رەوەند کوردستانی

**سکرتێری نووسین:** زیبکۆ

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی

**پێوانە:** ( × ) سم و ١٢٥ لاپەڕەیە

**شوێنی دەرچوون:** کولچستیر (ئینگلستان)

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ بەهاری ١٩٨٤

–ژمارە ٤ ساڵی ١٩٨٥

### باوەگوڕگوڕ

گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیری گشتییە لەلایەن لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەچێت

**پێوانە:** فلسکاب

**شوێنی دەرچوون:** شاخ

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨٤دا دەرچووە

### نێرگز

گۆڤار

١٩٨٤

کۆمەڵە بەرهەمێکی رۆشنبیری و ئەدەبییە

**چۆنیەتی دەرچوون:** ساڵانە

**پێوانە:** (١٧ × ٢٣,٥) سم و ژمارە (١) (   ) لاپەڕەیە، ژمارە (٢) (١٦٧) لاپەڕەیە

**چاپخانە:** حوادپ/ بغداد

**شوێنی دەرچوون:** کەرکووك

**زمان:** کوردی(کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–چەپکی ١ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٤دا دەرچووە

–چەپکی دووەمی لە نیسانی ١٩٨٥دا بڵاوکراوەتەوە

### ئاسۆس

گۆڤار

١٩٨٤

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی و رۆشنبیرییە

**خاوەنی:** کۆمەڵێ قوتابی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی کوردی

**پێوانە:** (١٧ × ٢٤) سم ١٠٤ لاپەڕەیە، (١٨ × ٢٦) سم و ٨٥ لاپەڕەیە

**چاپخانە:** الحوادپ (ژ ١)، الامە ( ژ ٢)

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە ئاداری ١٩٨٤دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لەگەلاوێژی ١٩٨٤دا بڵاوکراوەتەوە

### فۆلکلۆر

گۆڤار

١٩٨٤

کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە

هەواڵنامەی کتێب

**خاوەنی:** خالید جووتیار، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، سەدرەدین خۆشناو
**پێوانە:** (١٤،٥ × ٢١) سم و ٦٤ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** هەولێر
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارۆە ١ بەشی یەکەم لە ١٩٨٤ دا دەرچووە
–ژمارە ٣ی بەشی سێیەم لە ١٩٩١ دا بڵاوکراوەتەوە

## کاژاو

**گۆڤار**

**١٩٨٤**

**سەرۆکی نووسین:** حەسەن جاف
**جێگری سەرۆکی نووسین:** ئاسۆ ئەمین
**سەرپەرشتی گشتی:** فایەق عومەر تۆفیق
**پێوانە:** ( × ) سم و ٤٨ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی
**ڕێنووس:** عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٤ دا دەرچووە
**تێبینی:** تەنیا ئەم ژمارەیەی لێ بڵاوکراوەتەوە

## دەنگی خوێندکارانی کوردستان

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات/ نەمسا
**شوێنی دەرچوون:** ئەوروپا
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٥ دا دەرچووە

## نووسەری کورد

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

گۆڤاری یەکێتی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق/ نووسینگەی ڕۆشنبیری کوردییە
**سەرنووسەر:** محەمەد بەدری
**جێگری سەرنووسەر:** د.نافع ئاکرەیی
**دەستەی نووسەران:**
د.نافع ئاکرەیی، سەلاح شوان، مەحموود زامدار، حوسێن ئەحمەد جاف، عەبدولکەریم فندی، عەبدولرەحمان مزوری، سەعید یەحیا خەتات، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، ئەحمەد عەبدوللا
**چاپخانە:** دار افاق عربیه
**شوێنی دەرچوون:** بەغدا
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو، کرمانجی سەروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە ئاداری ١٩٨٥ دا دەرچووە
–ژمارە ٥ی لە ئەیلوولی ١٩٨٦دا بڵاوکراوەتەوە
**تێبینی:**
–پاشکۆی عەرەبی ژمارە ١ی لە ١٩٨٦دا دەرچووە
–پاشکۆی عەرەبی ژمارە ٢ی لە ١٩٨٦دا بڵاوکراوەتەوە

## نوروز العراق

**گۆڤار**

**١٩٨٦**

موسوعة تأريخية، ثقافية، فنية، كردية، عربية
**بەڕێوەبەری نووسین:** حوسێن میمونی
**سکرتێری نوسوین:** یوسف دەلەوی
**پێوانە:** (٢٢ × ٣٠) سم ، (٢٢ × ٢٨،٥) سم
**شوێنی دەرچوون:** هەولێر
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەساڵێ ١٩٨٦دا دەرچووە
–ژمارە ١١ی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا بڵاوکراوەتەوە

## هۆڕە

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

گۆڤارێکە تایبەت بە مۆسیقا
**سەرپەرشتی:** یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، کۆمیتەی شاخ، تیپی مۆسیقای

شەهید کارزان
**چۆنیەتی درەچوون:** ناوبەناو
**پێوانە:** (١٦ ×٢٢) سم و ٨٤ لاپـەڕە، (١٦ × ٢٠) سم و ١٤٨لاپەڕە، (١٤ ×٢٠)سم و ٢٣٧ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** شاخ بەرگەڵوو (١-٢)، سەقز (٣-٤)
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ دا دەرچووە
-ژمارە ٢ی لە ئابی ١٩٨٧دا بلاوکراوەتەوە
-ژمارە ٣-٤ی لە پاییزی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە
**تێبینی:** تەنیا ئەو ٤ ژمارەیەی لێ دەرچووە

## رزگاری

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
**خاوەنی:** دەزگای راگەیاندنی ی.ش.ك
**نووسـەرەکان:** د.فوئـاد مەعسوم، پێشەوا تاڵەبانی، حاکم پێشرەو، حوسێن ژاژڵەیی
**شوێنی دەرچوون:** شاخ (هەڵەدن، بەرگەڵوو)
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
*ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨٥ دا دەرچووە
-ژمارە ٢ی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧دا بلاوکراوەتەوە
**تێبینی:** تەنیا ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووە

## کاروانی وەرزش

**رۆژنامە**

**١٩٨٥**

پاشکۆی گۆڤـاری کـاروان-ە لـە دوو هەفتـە جارێکی لەلایـەن ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان-ەوە دەردەچێ
**سەرنووسەر:** محەمەد ئەمین ئەحمەد
**جێگری سەرنووسەر:** سەعید یەحیا
**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتەی جارێك
**پێوانە:** ( ٣٤ × ٥٨,٥) سم و ٤ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** هەولێر
**چاپخانە:** چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان/ هەولێر
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لە ٣٠ی تەممووزی ١٩٨٥دا دەرچووە

## ئەدەبی منداڵان

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبییە بۆ منداڵان
**خاوەنی:**
رۆستەم باجەلان، نەجات رەفیق حیلمی، پیربـاڵ مەحموود، ئیسماعیل تەنیا، سەلاح سەلیم، خالید شەیدا، فەیسەڵ دیهاتی
**پێوانە:** (١٥,٥ × ٢٠)سم و ٢٠ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** هەولێر
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥دا دەرچووە
-ژمارە ٢ی لە کۆتایی ١٩٩١دا بلاوکراوەتەوە

## بیری نوێ

**گۆڤار**

**١٩٨٥**

گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە رێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق دەری دەکات
**خاوەنی ئیمتیاز:** سهیل زەهاوی
**سەرنووسەر:** دیلمان ئامێدی
**پێوانە:** (١٥,٥ × ٢٢) سم
**شوێنی دەرچوون:** شاخ/ هەولێر
**چاپخانە:** شاخ/ هەولێر
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥دا لە شاخ دەرچووە
-ژمارە ١٧ی لە حوزەیرانی ١٩٩٢دا لەهەولێر بلاوکراوەتەوە

هەواڵنامەی کتێب

تێبینی:
هەتا ئێستا بەردەوامە

## مامۆستای کورد

گۆڤار
١٩٨٥

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی
شوێنی دەرچوون: سوید
پێوانە: (١٩ × ٢٩) سم و (٥٨-١٠٠) لاپەڕە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لە ١٩٨٥دا دەرچووە
-ژمارە ٣١ی

## دەنگێ مە

گۆڤار
١٩٨٥

گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری
خاوەنی: دەستەیەك ئەدەبی لاوێ دهۆکێ
ئەکرەم جەمیل بیانی، عەبدوللا جندی، سەگڤان یوسفی، کامەران بەرواری، سامی سلێمان، ئیسماعیل بادی، مەسعود بۆتانی، د.فازل عومەر، هزرڤان
شوێنی دەرچوون: دهۆك
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لەهاوینی ١٩٨٥ دا دەرچووە
-ژمارە ٢ی لە پایزی ١٩٨٥ا بلاوکراوەتەوە
-ژمارە ٣ی لە ١٩٨٧دا بلاوکراوەتەوە
-ژمارە ٤ی لە ١٩٨٩دا بلاوکراوەتەوە

## هەڵمەت

گۆڤار
١٩٨٥

گۆڤارێکی وەرزییە لقی سلێمانی و کەرکووکی کۆمەڵەی نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگەی دیموکراتی عێراق دەریدەکات
پێوانە: (٢٠ × ٢٩,٥) سم
زمان: کوردی، عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لە ئایاری ١٩٨٥/ گولانی ٢٦٨٥ی کوردیدا دەرچووە

## Roja Nu رۆژانوو

گۆڤار
١٩٨٦

گۆڤارا هونەری و چاندی و ئەدەبی
بەرپرسیار: شێرۆیا بۆتان
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی رێك و پێك
ژمارەی لاپەڕە: ٣٠-٤٠ لاپەڕەی وێنەدار
شوێنی دەرچوون: ستۆکهۆڵم / سوید
زاراوە: کوردی (کرمانجی باکوور)
ڕێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لە ١٩٨٦/٩دا دەرچووە
-ژمارە ٢٦ی لە ١٩٨٩دا بلاوکراوەتەوە
-ژمارە

## پەیامی برایەتی- رسالە التآخی

گۆڤار
١٩٨٦

گۆڤاری لقی کەرکووکی حزبی سۆشیالیستی کوردستان/ عێراق
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦دا دەرچووە

## ئاڵای ئازادی

رۆژنامە
١٩٨٦

ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/ عێراق
بەرپرسی یەکەم: ئاسۆ حەسەن
سەرپەرشتی: قادر عەزیز

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانە: A4(٢١ ×٢٧,٥)سم و ٨ لاپەڕە
چاپخانە: ڕۆنیۆ
شوێنی دەرچوون: شاخ / هەولێر، گوندی کوبەکان/ ئاکرێ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لەبەهاری ١٩٨٦دا دەرچووە
-ژمارە ٢٢ی لە ئابی ١٩٨٨ (بەهۆی ئەنفالەکانەوە دابەشنەکراوە)
-ژمارە ١ی خولی دووەمی لەتەممووزی ١٩٩١دا دەرچووتەوە
*لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژی ٢٠٠٠/١/٦ لەگەڵ گۆران جەلال وەرگیراوە

## پەیڤ

گۆڤار
١٩٨٦

گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیری کوردی/ لەندەن
سەرنووسەر: کەمال میراودەلی
پێوانە: (٢٠ × ٢٦,٥) سم ،(١٦ × ٢٤) سم
شوێنی دەرچوون: لەندەن
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە ئاداری ١٩٨٦دا دەرچووە ژمارە
-ژمارە ١٦ی لە ئۆگستی ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە

## ڕێگای ئاشتی و سۆشیالیزم

گۆڤار
١٩٨٦

گۆڤارێکی تیۆری کلتوورییە، دوو مانگ جارێك دەردەچێ
سەرنووسەر: ئەستێرە سەعید ئەمین (پرشنگ سەعید)
پێوانە: (١٣,٥ ×٢٠) سم ، (١٥ × ٢٠) سم
ژمارەی لاپەڕە: ١٣٤-٢٤٠

شوێنی دەرچوون: دیمەشق/ سوریا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٦دا دەرچووە
-ژمارە ٢٨ی ساڵی حەوتەم لە ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە
تێبینی:
هەر ئەو ٢٨ ژمارەیەی لێ دەرچووە

## کوردستان پرێس

ڕۆژنامە
١٩٨٦

چۆنیەتی دەرچوون: نیومانگی
ژمارەی لاپەڕە: ١٦
شوێنی دەرچوون: سوید
زمان: کوردی، تورکی، سویدی
ڕێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لەهاوینی ١٩٨٦دا دەرچووە
-ژمارە ١ی ساڵی ٦ (٨٨) لە ١٩٩١/١٠/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە

## یەکگرتن

گۆڤار
١٩٨٦

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن دەری دەکات
سەرنووسەر: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
دەستەی نووسەران: ا.ی، توانا، ئاوارە
سەرپەرشتیاری ئەدەب و هونەر: فەرهاد پیرباڵ
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی
پێوانە: (١٤ × ٢١)سم
ژمارەی لاپەڕە: (١٥٢-٢٤٠) لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: دانیمارك
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٦دا دەرچووە
-ژمارە ١٧ی لەساڵی ١٩٩٥دا بڵاوکراوەتەوە

هەواڵنامەی کتێب

**تێبینی:**
تەنیا ئەو ١٧ ژمارەیەی لێ دەرچووە

## شانۆ

**گۆڤار**

**١٩٨٦**

گۆڤارێکە تایبەت بە ئەدەبی درامای بێگانە
**خاوەنی:** کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید، تیپی شانۆی ئارارات
**شوێنی دەرچوون:** سوید
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی
–ژمارە ٣ی لەساڵی ١٩٨٧دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٥–٦

## زەنگ

**گۆڤار**

**١٩٨٦**

گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە
**دەستەی سەرپەرشتی:** چەند نووسەر و ئەدیبێکی کوردستانی عێراق
**شوێنی دەرچوون:** ورمێ
**پێوانە:** (١٦ ×٢٠) سم و ٤٨ لاپەڕەیە
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٦دا دەرچووە

## خوناڤ

**گۆڤار**

**١٩٨٦**

**پێوانە:** (٢٠ × ٣٢) سم و (١٦–٣٢) لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** شام
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** لاتینی
**ژمارەکان:** ١٨ ژمارە
–ژمارە ١ی لەئابی ١٩٨٦دا دەرچووە
–ژمارە ١٨ی لەپاییزی ١٩٩٥دا بڵاوکراوەتەوە

## پێنجوێن

**بڵاوکراوە**

**١٩٨٦**

لێژەی باڵای فیستیڤاڵی ڕۆژی سلێمانی
اللجنة العليا لمهرجان يوم السليمانية دەری کردووە
**سەرۆکی نووسین:** جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی
**نائب رئيس تحرير:** یاسر حەسەن سوڵتان
**پێوانە:** (٢٩,٥٣ × ٤٣,٧) سم و ٤ لاپەڕە
**چاپخانە:** مطابع دار الشؤون الثقافية العامة
**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی
**زمان:** عەرەبی، کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە ١٩٨٦/١١/٣دا دەرچووە

## گردەمەند

**بڵاوکراوە**

**١٩٨٦**

بەبۆنەی ئاهەنگەکانی ڕۆژی پارێزگای هەولێر دەرچووە
**سەرنووسەر:** ئیبراهیم زەنگەنە
**شوێنی دەرچوون:** هەولێر
**پێوانە:** (٣٠ × ٤٠) سم و ٤ لاپەڕە
**چاپخانە:** الاديب البغدادية
**زمان:** عەرەبی، کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە ١٤ی ئابی ١٩٨٦ دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە ١٥ی ئابی ١٩٨٦دا بڵاوکراوەتەوە

## سەردەمی نوێ

**ڕۆژنامە**

**١٩٨٦**

**خاوەنی:** جەمشید حەیدەری
**سەرنووسەر:** کەریم حیسامی
**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانەی نارێك و پێك
**ژمارەی لاپەڕە:** ٨ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** ستۆکهۆڵم/ سوید
**زمان:** کوردی (هەردوو زاراوە)، فارسی

رێنووس: عەرەبی، لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦دا دەرچووە
–ژمارە ٥٤ی لەتشرینی دووەمی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

## رەنگین

گۆڤار
١٩٨٧

گۆڤارێکی مانگانە سیاسی گشتییە
سەرنووسەر:
–موسلیح جەلالی، ژمارە (١–٢٧)
–حەمەسەعید حەمەکەریم، ژمارە (٢٨–٦٦)
–د.بەدرخان سندی، ژمارە (٦٧–٩٣)
–عەبدوللا عەباس، ژمارە (٧٦–٩٩)
–خال خۆشناو، ژمارە (١٠٠– )
جێگری سەرنووسەر:
–ئازاد شوان، ژمارە (٦٧–٧٣)
–ئەحمەد زەردەشت، ژمارە (٧٤–٨٣)
–موختار فائق، ژمارە (٨٤–١١٢)
–خەلیل سالەیی، ژمارە (١١٣–١١٦)
ئەحمەد زەردەشت، ژمارە (١١٧– )
سکرتێری نووسین:
–مستەفا نەریمان، ژمارە (١–٢٧)
–ئازاد شوان، ژمارە (٣٣–٦٦)
–نازەنین ئەحمەد، ژمارە (٧٤–٨٣)
–عەبدوللا کاکەرەش، ژمارە (٨٤–١٠٤)
–مونا محەمەد غولام، ژمارە (١٠٥– )
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانە: (٢٢ × ٢٨) سم و(٣٠–٦٢) لاپەڕە
چاپخانە: دار الحریة /بغداد
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ١٣٩ی لە ئابی ٢٠٠٠دا بلاوکراوەتەوە

## دەنگی کرێکار

گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیرییە
خاوەنی: کۆمیتەی سلێمانی ئالای شۆڕش
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانەی نارێك
شوێنی دەرچوون: سلێمانی
پێوانە: (٢١ × ٣٣) سم و (٢١,٥ ×٢٧) سم
ژمارەی لاپەڕە: ٢٠–٣٠ لاپەڕە
چاپخانە: شەهید فاتیح
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژومارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٨٦/٣/٢١دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە ١٩٨٦/٦/٢١دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٤ی لە ١٩٨٧/١٢/١٦دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٥ی لە ١٩٨٨/٣/١١دا بلاوکراوەتەوە

## رۆشنبیری پێشمەرگە
## (ثقافة الانصار)

گۆڤار
١٩٨٧

خاوەنی: رابطة الكتاب والصحفيين والفنانيين الديمقراطي العراقيين/ الانصار
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی
شوێنی دەرچوون: شاخ/ بادینان
زمان: عەرەبی، کوردی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ئایاری ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە کانوونی یەکی ١٩٨٨دا بلاوکراوەتەوە

## ئالای ئیسلام

گۆڤار
١٩٨٦

گۆڤارێکی ئیسلامی وەرزییە لەلایەن پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمان لەکوردستان دەرئەچێ
شوێنی دەرچوون: کەنەدا، مالیزیا
پێوانە: (٢١ ×٢٨) سم و (٣٢–٥٨) لاپەڕە
زمان: عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی لەسەرەتادا دواتر هەر بە عەرەبی بووە

زاراوە: کرمانجی خواروو
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەتەمموزی ١٩٨٦دا دەرچووە
–ژمارە (٣–٤)ی ساڵی دەیەم، چاپی هەولێر بووە، لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٦دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ٤٦ی لەئابی ١٩٩٧دا بڵاوکراوەتەوە

## تەندروستی و کۆمەڵ

گۆڤار

١٩٨٧

گۆڤارێکی مانگانەی تەندروسی گشتییە، ئەمیندارێتی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەری دەکات
**سەرنووسەر:** د.نیها ئەبتەر زەنگەنە (هەتا ژمارە ١٨)
**جێگری سەرنووسەر:** بەهجەت عزەت جاف
**سکرتێری نووسین:** د.نافع ئاکرەیی
**سەرنووسەر:** د.سەگڤان بامەرنی ( لەژمارە ٢٥ەوە)
**جێگری سەرنووسەر:** عەبدولرەزاق مەرعی حەسەن
**پێوانە:** (٢٢,٥ ×٢٩) سم و١٠٤ لاپەڕە (ژمارە ١)
**چاپخانە:** افاق عربیة، عمال، الادیب
شوێنی دەرچوون: **هەولێر**
**زمان:** کوردی (هەردوو زاراوە)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە ئەیلوولی ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ٣ی ساڵی چوارەم لە پایزی ١٩٩١دا بڵاوکراوەتەوە
**تێبینی:**

## بارزان

رۆژنامە

١٩٩٠

ڕۆژنامەیەکی گشتییە
**سەرنووسەر:** عەبدولقادر محەمەد ئەمین
**شوێنی دەرچوون:** ئەمریکا
**پێوانە:** (٣٣ ×٤٩) سم و ١٢ لاپەڕەیە
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە ئاداری ١٩٩٠دا دەرچووە
–ژمارە ٨ی لە ١٩٩١دا بڵاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٣، ١٤ی لەنەورۆزی ١٩٩٣دا بڵاوکراوەتەوە

## هەولێر... اربیل

رۆژنامە

١٩٨٧

**سەرنووسەر:** ئیبراهیم زەنگەنە
**شوێنی دەرچوون:** هەولێر
**پێوانە:** (٣٠ ×٤٠) سم و لاپەڕە
**زمان:** عەرەبی ، کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە ١٤ی ئابی ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە ١٥ی ئابی ١٩٨٧دا بڵاوکراوەتەوە

## قەندیل

گۆڤار

١٩٨٧

گۆڤارێکی ئەدەبی، رۆشنبیری سەربەخۆیە
**سەرنووسەر:** مارف عومەر گوڵ
**چۆنیەتی دەرچوون:** ناوبەناو
**پێوانە:** (١٠ ×١٥,٥) سم و (٩٦–١٣٤) لاپەڕە
**چاپخانە:** چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی
**شوێنی دەرچوون:** شاخ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ٤ی لەتەمموزی ١٩٨٨دا بڵاوکراوەتەوە

## کورمانجی

رۆژنامە

١٩٨٧

شوێنی دەرچوون: **پاریس**
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی، لاتینی

ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەهاوینی ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ٨ی لە زستانی ١٩٩١دا بلاْوکراوەتەوە

## بەیان

**گۆڤار**

**١٩٨٧**

گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیری گشتییە
ئۆرگـانی لقـی کـەرکووکی یـەکێتی لاوان و قوتابیـانی دیموکراتی کوردستانی–عێراق
**شوێنی دەرچوون:** شاخ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خوارو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارەی ١ی لەبەهاری ١٩٨٧دا دەرچووە

## مەڵبەند

**بلاْوکراوە**

**١٩٨٧**

هەواڵنامەیـەکی مانگانەییـە مەڵبەنـدی رۆشـنبیری کوردی لە لەندەن دەری دەکات
**دەستەی نووسەران:**
ئازاد کاك مستەفا، پێشەوا تاڵەبانی، تالیـب کاکـەیی، شێرکۆ فەتحوللاْ، کەمال میراودەلی
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی نارێك و پێك، مانگانە
**شوێنی دەرچوون:** لەندەن
**پێوانە:** (٢١ ×٩٥) سم و ٣٢ لاپەڕە
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ٢٥ی لەشوباتی ١٩٩٢دا بلاْوکراوەتەوە

## دهۆك

**بلاْوکراوە**

**١٩٨٧**

لێژنـەی راگەیانـدنی ئاهـەنگی رۆژی پارێزگـای دهـۆك ساڵانە دەری کردووە
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەئایاری ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لەئایاری ١٩٨٨دا بلاْوکراوەتەوە
–ژمارە ٣ی لەئایاری ١٩٨٩دا بلاْوکراوەتەوە
–ژمارە ٤ی لەئایاری ١٩٩٠دا بلاْوکراوەتەوە

## پێشکەوتن... التقدم

**رۆژنامە**

**١٩٨٧**

ئۆرگــانی یــەکێتی قوتابیــان و لاوانــی دیمــوکراتی کوردستانی عێراق
**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە، دوومانگ جارێك
**ژمــارەی لاپــەڕە:** (١٦ (ژ١)، ٨(ژ٢–١٩)، ٤(ژە ٩، ١٠)، ٦ (ژ١٣، ١٦، ١٧)، ١٠ (١٥، ٢٠)، ١٦ژ (٢١–٢٢)
**شوێنی دەرچوون:** شاخ، دواتر هەولێر
**زمان:** عەرەبی، کوردی (کرمانجی خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٧دا دەرچووە
–ژمــارە ٢٢ی لەتــشرینی دووەمــی ١٩٩٠دا بلاْوکراوەتەوە
–ژمارە ٢٣ی لە ١٠ و ١٩٩١/١١دا بلاْوکراوەتەوە
–ژمارە ٤٨ی لە ١٩٩٣/١١دا بلاْوکراوەتەوە
**تێبینی:**
پاشـکۆی تایبـەتی رۆشـنبیری هـەبووە، ژمـارە ١ی لـەکانوونی دووەمـی ١٩٨٨دا دەرچـووە، ژمـارە ٤ی لەنیـسانی ١٩٩٠دا دەرچـووە لـە ژمـارە ٤٩دا بـووە بەگۆڤار.

## کۆچەر

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارێکی وەرزی منداڵان و لاوانە
**خاوەنی:** نوسینگەی تارا
سەرنووسەر: **عاسی رەباتی**
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی نارێك، وێنەدار
**پێوانە:** ( (٢١ ×٣٠) سم
**شوێنی دەرچوون:** سوید

هەواڵنامەی کتێب

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٨دا دەرچووە

## پێشکەوتن

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە
**خاوەنی:** حزبی سۆشیالیستی کوردستان ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی
**پێوانە:** نیو A2 و پتر لە ٦٠ لاپەڕە
**چاپخانە:** حزبی زەحمەتکێشان
**شوێنی دەرچوون:** شاخ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
تەنیا ٥ ژمارەی لێ دەرچووە

## بێستان

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی، ئایینی کۆمەڵایەتییە
**خاوەنی:** کۆمسیۆنی ئینتیشارات و تەبلیغاتی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەهاوینی ١٣٧٠ی هەتاوی دەرچووە

## یەکێتی

**ڕۆژنامە**

**١٣٧٠ی هەتاوی**

ئۆرگانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لەرەشەمەی ١٣٧٠دا دەرچووە
–ژمارە ١٦ی لەجۆزەردانی ١٣٧٥دا بڵاوکراوەتەوە

## کوردستان

**دەورەی سێیەم**

**ڕۆژنامە**

**١٩٨٨**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی (ح.د.ک.ئێران) ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ
**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە
**پێوانە:** (٢١ ×٣٠) سم
**شوێنی دەرچوون:** شاخ
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە پوشپەڕی ١٣٦٧ (ژوئیەو ئوتی ١٩٨٨)دا دەرچووە
–ژمارە ٨٠ی لەسەرماوەزی ١٣٧٥ (نوامبەر و دیسەمبەری ١٩٩٦)دا بڵاوکراوەتەوە

## ٢٦ی سەرماوەز

**(دەورەی دووەم)**

گۆڤارێکی ئەدەبی و سیاسییە
حزبی دیموکراتی کوردستان/ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
–ژمارە ١ی لە بانەمەڕی ١٣٦٧ (مایس ١٩٨٨)دا دەرچووە
–ژمارە ٢٠ی لە پاییزی ١٣٧٥ (١٩٩٦)دا بڵاوکراوەتەوە

## کەلتور

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤاری ڕۆشنبیری گشتی وەرزانەیە
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی
**پێوانە:** فولسکاب (٢١ ×٢٩,٥) سم
**ژمارەی لاپەڕە:** (٤٢٠–٥٤٦) لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٨دا دەرچووە
–ژمارە ٥ی لەتشرینی دووەمی ١٩٩٠دا بلاّوکراوەتەوە

## بەرەی کوردستانی

**ڕۆژنامە**

**١٩٨٨**

ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی عێراق
شوێنی دەرچوون: شاخ، (ئورمیە/ شنۆ/ ڕاژان) ، دواتر هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٨٨/٩/٢٩دا دەرچووە
–ژمارە (٢٤–٢٥)ی لەکانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە
–یەکەم ژمارەی خولی دووەم لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە
تێبینی:

## هەڵبجە

**بلاّوکراوە**

**١٩٨٨**

بلاّوکراوەیەکی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردییە مەڵبەندی کولتووری ئەمریکای سەروو دەری دەکات
شوێنی دەرچوون: ئەمریکا (سانتیاگۆ/ ویلایەتی کالیفۆرنیا)
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، ئینگلیزی، عەرەبی
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٨٨/٢دا دەرچووە
–ژمارە ٦ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

## هەڵبجە

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارێکی ئیسلامی ڕۆشنبیرییە
مجلة اسلامية دورية مستقلة تصدر باللغتين العربية والكوردية
خاوەنی: لقی ئەسکەندەنافیای رابیتەی ئیسلامی کوردستان
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزیی نارێك و پێك
پێوانە: (١٦,٥ ×٢٤)سم و (٢٢–٣٤) لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: سوید
زمان: کوردی و عەرەبی، ژمارە (٢)ی (٥) لاپەڕەی بەزمانی تورکی بووە
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی سالّی ١ لە یۆلیۆی ١٩٨٨ (ذی الحجە ١٤٠٨ك)دا دەرچووە
–العدد ٢، السنة الاولى، اكتوبر ١٩٨٨ (صفر ١٤٠٩)
–ژمارە ٢٨ی لە ئەیلوولی ١٩٩٧دا دەرچووە

## تێکۆشانی خەباتی قوتابیان

**١٩٨٠**

ئۆرگانی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستانی عێراق
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٨٠دا دەرچووە
–ژمارە ١١ی سالّی ٨ لە نیسانی ١٩٨٨دا بلاّوکراوەتەوە

## هەڵوێستی ئەدەبی

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارێکی ئەدەبییە لەلایەن دەستەیەك نووسەرەوە دەردەچێ
سەرنووسەر: ئەبوبەکر خۆشناو
پێوانە: (١٧ ×٢١) سم و ٨ لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەکۆتایی سالّی ١٩٨٨دا دەرچووە
–ژمارە ٤ی لەسالّی ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

هەولاتامەی کتێب

## ڕەوشەن

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارا یەکێتیا ڕەوشنبیرێن ولات پارێزێن کوردستان

**زمان:** کوردی (کرمانجی باکوور)

**ڕێنووس:** لاتینی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لەهاوینی ١٩٨٨دا دەرچووە

## میدیا گونەشی Medya Gunesi

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

**خاوەن و بەرپرس:** جەمال ئوزچەلك

**بەڕێوەبەری بەرپرسیار:** یاکوپ کارە، سەلاح بال

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە، دووهەفتە جارێك

**پێوانە:** (١٩ ×٢٧) سم ، (٢٨ ×٣٨ )سم )ڕۆژنامە)

**ژمارەی لاپەڕە:** ٤٨ لاپەڕە، ١٦ لاپەڕە

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبۆل

**زمان:** کوردی (کرمانجی باکوور)، تورکی

**ڕێنووس:** لاتینی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لە نیسانی ١٩٨٨دا دەرچووە

-ژمارە ١٥ی لەشوباتی ١٩٩٢دا بلاوکراوەتەوە

-ژمارە ٢٨ی لە ١٦-٣٠ نیسانی ١٩٩٣دا بلاوکراوەتەوە (شێوەی ڕۆژنامە بوو)

-ژمارە ٤٣ لە (١-١٥) ی شوباتی ١٩٩٤دا بلاوکراوەتەوە

## پەڕەنگ

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسییە

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی نارێك

**ژمارەی لاپەڕە:** ١٠٠ لاپەڕە، وێنەدار

**شوێنی دەرچوون:** ئەڵمانیا

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٨دا دەرچووە

-ژمارە ٢ی هەر لەساڵی ١٩٨٨دا بلاوکراوەتەوە

-ژمارە ٦ ی لەساڵی ١٩٩٣دا بلاوکراوەتەوە

## ئەرکی نوێ

**بلاوکراوە**

**١٩٨٨**

بلاوکراوەی ی.ن.ك/ دەرەوەی ولات

## وەلام

**١٩٨٨**

دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی ولات

## ئاوێنە

**گۆڤار**

**١٩٨٨**

گۆڤارێکی ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەلایەتییە

**بەرپرس:** سەید محەمەد موسەوی

**سەرنووسەر:** محەمەد عەلی چاوشی

**بەرپرسی ناوخۆ:** محەمەد کەمانگەر

**بەڕێوەبەری نووسین:** عەلی فەیلی

**شوێنی دەرچوون:** تاران

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی

**پێوانە:** (٢١ ×٢٨) سم و تا ١٨٦ لاپەڕە

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو، لوری)، فارسی

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لە ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٦٨ی هەتاویدا دەرچووە

-ژمارە ٤١-٤٢ی لەساڵی ١٣٧٨ی هەتاویدا بلاوکراوەتەوە

## سروە

**گۆڤار**

**١٩**

گۆواری ئەدەبی، فەرهەنگییە

**خاوەنی:** ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی، ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزییە، پاشتر بوو بەمانگانە

**شوێنی دەرچوون:** ورمێ

زمان: کوردی (هەردوو زاراوەی سەرەکی)
ڕێنووس: عەرەبی دواتر لاتینیشی ڕەگەڵ خراوە
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی ساڵی سەکەم لەبەهاری ١٣٦٤دا دەرچووە
-تا ئێستا بەردەوامەو زیاتر لە ٢٠٠ ژمارەی لێ دەرچووە

## بزاڤ

**ڕۆژنامە**

**١٩٨٩**

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی گشتییە
**خاوەن و سەرنووسەر:** د.نافع ئاکرەیی
**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە
**پێوانە:** (٤٢,٥ ×٦٠)سم و ٨ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** بەغدا
**زمان:** کوردی (کرمانجی سەروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لەرۆژی سی شەممەی ڕێکەوتی ١٩٨٩/٨/١دا دەرچووە
-ژمارە٥٦ی لەرۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٠/٨/٢٩دا دەرچووە
**تێبینی:**
تنەیا ئەو ٥٦ ژمارەیەی لێ دەرچووە

## ئاسۆ

**ڕۆژنامە**

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی گشتییە
**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە
**پێوانە:** (٤٢,٥ ×٦٠) سم و (٨-١٢) لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** بەغدا
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لە

## هاوسەر

**١٩٨٩**

مەڵبەندی کولتووری کوردی نەرویج
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزییە
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لەبەهاری ١٩٨٩دا دەرچووە
-ژمارە ٣ی لەساڵی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

## دەنگ Deng

**گۆڤار**

**١٩٨٩**

**خاوەنی:** حەکیم چەتین
**مدیری بەرپرسیاری کاروباری نووسین:** کەمل ئرمش
**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە
**پێوانە:** (٢١ × ٣٠) سم و (٦٤-٨٠) لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبۆڵ
**زمان:** تورکی، کوردی (کرمانجی باکوور و دملی)
**ڕێنووس:** لاتینی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لە چلەیا پێشین ١٩٨٩دا دەرچووە
-ژمارە ١٨ی لە سبات ١٩٩٢دا بلاوکراوەتەوە

## ڕۆژوەلات
## Vatan Qunesi

گۆڤارا سیاسی و کلتووریی
**مدیری کاروباری نووسین:** ڕەفعە ئۆزگلو، نالانی ئالچی (لە ژمارە ٧)
**پێوانە:** (١٥,٧ × ٢٣,٦) سم و ٨٠ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبۆڵ
**زمان:** تورکی و کوردی (کرمانجی باکوور)
**ڕێنووس:** لاتینی
**ژمارەکان:**
-ژمارە ١ی لە ئەیلوولی ١٩٨٩دا دەرچووە
-ژمارە ٧ی لە چلەیا پێشین-شبات ١٩٩٢دا بلاوکراوەتەوە

هەواڵنامەی کتێب

## جودی

**گۆڤار**

**١٩٨٩**

مجله تصدرها اللجنه الاعلانیه فی پارتیا ئیسلامی کوردستان، بەزمانی عەرەبی، فارسی، کوردی، ئینگلیزی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی ساڵی ١ لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٩/ ربیع الثاني ١٤١٠دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لەنیسانی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٢ی لە ئەیلوولی ١٩٨٩دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٣ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٤ی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٥ی لەبەهاری ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٦ی لەئابی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٧ی لە تشرینی دووەمی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

## ئالا

**رۆژنامە**

**١٩٨٩**

ئۆرگانی بەرەی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان

**خاوەنی:** ئەمیری قازی

**شوێنی دەرچوون:** سوید

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١

–ژمارە ١١ی لە رێبەندانی ١٣٦٧ (١٩٨٩)دا بلاوکراوەتەوە

## ژیلەمۆ

**گۆڤار**

گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیرییە، لاوانی زەحمەتکێشان دەری دەکات

**خاوەنی:** غازی حەسەن، گۆران جەلال، ئیسماعیل تەنیا

**پێوانە:** (١٧,٥ ×٢١) سم ، (١٧ ×٢١,٥)سم ، (٢١,٥ ×٣٣)سم

**ژمارەی لاپەڕە:** (١٦–٦٤) لاپەڕە

**چاپخانە:** (ژمارە ١–٥) بەدەست نووسراوە، ژمارە ٦–٧ بەتایپ لەبەغدا راکێشراوە

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨٩دا دەرچووە

## دەنگی یانە

**١٩٨٩**

ئۆرگانی وەرزی یانەی کوردستانە

**شوێنی دەرچوون:** سوید

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لەپایزی ١٩٨٩دا دەرچووە

## ئەستێرەی کوردستان

**گۆڤار**

**١٩٨٩**

بلاوکراوەی (ی.ن.ك)/ ئەمریکا

**شوێنی دەرچوون:** ئەمریکا

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٩دا دەرچووە

## خوێندکاری کورد

**گۆڤار**

**١٩٨٠**

**خاوەنی:** رێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد (نوکسە)

**شوێنی دەرچوون:** بەرلین–ئەڵمانیا

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

–ژمارە ١ی لە ١ی شوباتی ١٩٨٠

–ژمارە ٢٤–٢٥ی لەبەهاری ١٩٩٨دا بلاوکراوەتەوە

## بەرگەه

گۆڤار

١٩٨٩

گۆڤارا سیاسی چاندی لیگەرینێ

زمان: کوردی (کرمانجی سەروو)

ڕێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨٩دا دەرچووە

–ژمارە ٥ی لەساڵی ١٩٩٠دا بڵاوکراوەتەوە

–ژمارە ٧ی لەساڵی ١٩٩١دا بڵاوکراوەتەوە

## ڕوانگەی لاوان

گۆڤار

١٩٨٩

ئۆرگانی کۆڕی لاوانی دیموکراتی سەر بە (ح.د.ك ئێران) ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ

چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لەبەهاری ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩)دا دەرچووە

–ژمارە ١٠ی لەهاوینی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٣)دا بڵاوکراوەتەوە

## Gorzek Gul گورزەك گول

گۆڤار

١٩٨٩

گۆڤارا فۆلکلۆری و چاندی

چۆنیەتی دەرچوون: دوومانگ جارێك

پێوانە: (١٨ × ٢١,٥) سم و (٣٠ –٥٦) لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: شام

زمان: کوری (کرمانجی باکوور)

ڕێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لەمارتی ١٩٨٩دا دەرچووە

–ژمارە ١٥ی لەبەهاری ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە

## چوار چرا

گۆڤار

گۆڤارێکی کوتلووری گشتییە

خاوەنی: پرۆژەی کوردی لە ئینستا/ سوید

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە

–ژمارە ٤–٥ی لە

## بانگ

گۆڤار

١٩٩٠

گۆڤاری مەڵبەندی نووسەرانی کوردستان

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە

–ژمارە ٢ی لە

–ژمارە ٣ی لە ئایاری ١٩٩٠دا بڵاوکراوەتەوە

–ژمارە ٤ی لەئابی ١٩٩٠دا بڵاوکراوەتەوە

–ژمارە ٥، ٦، ٧ی لەکانوونی دووەم و ئیپرێلی ١٩٩١ دا بڵاوکراوەتەوە

–ژمارە ٩ی لە فێبریوەری ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە

## ئاوارە

گۆڤار

١٩٩٠

گۆڤارێکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتییە

خاوەنی: ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لە ئالمیرەی هۆڵەند

سەرنووسەر: مستەفا شەلماشی

شوێنی دەرچوون: ئالمیر/ هۆڵەند

ژمارەکان: ژمارە ١ی لەپاییزی ١٩٩٠ دا دەرچووە

## تورەڤان

گۆڤار

١٩٩٠

گۆڤارەکا کوردیيا چاندی و تورەڤانیە

زمان: کوردی (کرمانجی سەروو)

ڕێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی

–ژمارە ٣ی لە مەها تەباخ ١٩٩٠دا بڵاوکراوەتەوە

هەواڵنامەی کتێب

## کرمانج

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤاری کۆڕی ڕۆشنبیری لاوانی کورده

**دەستەی نووسەران:** ژمارە ٢ جەبار حاجی، ئەبوبەکر شاخی، ئاگری

**پێوانە:** (٢٠ × ٢٩,٥ ) سم و ژمارە ١ی (٧٨) لاپەڕە، ژمارە (٢-٣)ی ٩٠ لاپەڕە

**شوێنی دەرچوون:** نەغەدە/ ئێران

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٩٠دا دەرچووە

-ژمارە ٢-٣ی

## دەنگی باوەڕ

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤاری مانگانەی ئیسلامی گشتییە

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١-٢ ی ساڵی ٣ لەموحەرەم و سەفەری (١٤١١)، ئاب و ئەیلوولی ١٩٩٠دا دەرچووە

-ژمارە ٣ی ساڵی ٣ لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

## ئامانج

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤارێکی ئیسلامی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگییە لەگەڵ ئامانجی منالان

**چۆنیەتی دەرچوون:** دوومانگ جارێك

**پێوانە:** (٢١,٥ ×٢٨,٥)سم و ٥٠، ٦٠، ٦٦ لاپەڕە

**شوێنی دەرچوون:** تاران/ ئێران

**زمان:** کوردی (هەردوو زاراوەی سەرەکی)

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١

-ژمارە ٩ی لەنەورۆز و بانەمەڕی ١٣٦٥ی هیجری

-ژمارە ٢٧ی ساڵی پێنجەم لە خاکە لێوەو بانەمەڕی (١٣٦٧هـ) (١٩٨٩)دا بلاوکراوەتەوە

## ئاڵەکۆك

**گۆڤار**

**١٩٨٩**

گۆڤاری کۆمەڵەی نیشتمانی کورد لەکەنەدا

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لە خاکەلێوەی ١٩٨٩دا دەرچووە

## کاروانی منداڵان

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤارێکی منداڵانە ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان مانگی جارێك دەری دەکات

**سەرنووسەر:** حیکمەت حاجی سەلیم

**سکرتێری نووسین:** نەشئەت محەمەد ساڵح مختار

**پێوانە:** (٢١,٥ × ٢٦)سم، (_٢٤ ×٣١)سم .

**ژمارەی لاپەڕە:** ٢٠ ، ٣٠ لاپەڕە

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩٠دا دەرچووە

-ژمارە ؟ی لە حوزەیرانی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە

## کاروانی فۆلکلۆر

**پاشکۆی گۆڤار کاروان**

**١٩٩٠**

گۆڤارێکی فۆلکلۆری دەورییە، ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی کوردستان بەزمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

**سەرنووسەر:** حیکمەت حاجی سەلیم

**جێگری سەرنووسەر:** د.شوکریە رەسول ئیبراهیم

**بەڕێوەبەری نووسین:** مەولود قادر بێخاڵی

**سکرتێری نووسین:** تاریق جامباز

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی

**پێوانە:** (١٦ ×٢٣)سم و ١٩٦ لاپەڕە

**چاپخانە:** ئەمینداریتی رۆشنبیری و لاوان

شوێنی دەرچوون: هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
—ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە ١٩٩٠دا دەرچووە

## کاروان بۆ زانستی مرۆڤایەتی

**پاشکۆی گۆڤاری کاروان**

**١٩٩٠**

گۆڤارێکی زانستییە
**سەرنووسەر:** حیکمەت حاجی سەلیم
**جێگری سەرنووسەر:** د.سەلاحەدین عوسمان ئەبوبەکر
**سکرتێری نوسوین:** ئیسماعیل عەلی شوکر
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی
**پێوانە:** (١٦ ×٢٣)سم و ٢٤٨ لاپەڕە
**چاپخانە:** ڕۆشنبیری و لاوان
**شوێنی دەرچوون:** هەولێر
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
—ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لەساڵی ١٩٩٠دا دەرچووە

## تەوار

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزییە(ی.ژ.ك) دەری دەکات
**پێوانە:** (١٨ × ٢٦)سم ، (١٤,٥٤× ٢١,٥) سم
**ژمارەی لاپەڕە:** (٥٠–١٠٨)
**چاپخانە:** شەهید ئیبراهیم عەزۆ، چاپخانەی سلێمانی، کۆڕەو
**شوێنی دەرچوون:** شاخ، (سەقز، سلێمانی)
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
—ژمارە ١ی لەئاداری ١٩٩٠دا دەرچووە
—ژمارە ٢ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە
—ژمارە ٣ی لە ئەیلولی ١٩٩٢دا بلاوکراوەتەوە
—ژمارە ٤ی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٣دا بلاوکراوەتەوە
—ژمارە ٥ی لەمایسی ١٩٩٣دا بلاوکراوەتەوە
—ژمارە ٦ی لەئابی ١٩٩٣دا بلاوکراوەتەوە
—ژمارە ٧ی لەکانوونی دووەمی ١٩٩٤دا بلاوکراوەتەوە
ژمارە ٨ی لەئەیلولی ١٩٩٤دا بلاوکراوەتەوە

## تەرازوو

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤاری یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی
**پێوانە:** (١٧ ×٢٤) سم و ١٣٠ لاپەڕە
**چاپخانە:** تایپ و دەرهێنانی دەزگای ڕۆشنبیری (ی.ش.ك)
**شوێنی دەرچوون:** شاخ (سەقز)
**زمان:** کوردی( کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
—ژمارە ١ی لەهاوینی ١٩٩٠دا دەرچووە
**تێبینی:** تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە، دوای ڕاپەڕین بەهەمان ناو جارێکی دیکە لەهەولێر دەرچۆتەوە

## ڕەنگاڵە

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤاری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان/ کۆمیتەی شاخ
**سەرنووسەر:** فازل قەساب
**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی
**پێوانە:** (٢١ × ٢٩,٥) سم
**ژمارەی لاپەڕە:** (ژمارە (١) ٩٢ لاپەڕە، ژمارە (٢) ١٠٢ لاپەڕە
**شوێنی دەرچوون:** شاخ (سەقز)
**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)
**ڕێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:**
—ژمارە ١ی لەنیسانی ١٩٩٠دا دەرچووە

هەواڵنامەی کتێب

—ژماره ٢ی لەهاوینی ١٩٩٠دا بلاّوکراوەتەوە

## کۆمار

**بلاّوکراوە**

**١٩٩٠**

بلاّوکراوەی بیروڕای کوردەکانی دەرەوەی ولاّتە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات دەکەن

**چۆنیەتی دەرچوون:** (٢١ × ٢٩,٥) سم

**ژمارەی لاپەڕە:** ١٢—٢٠ لاپەڕە

**شوێنی دەرچوون:** سوید

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

—ژمارە ١ی لە خەزەڵوەری ١٩٩٠دا دەرچووە

—ژمارە ٦ی لەخەرمانانی ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

—ژمار ٧ی لە سێپتەمبەری ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

—ژمارە ٨ی لە ڕەزبەری ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

—ژمارە ٩—١٠

## کوردستان

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

گۆڤارێکی رامیاری و کۆمەلاّیەتی و رۆشنبیری گشتییە دەنگی کۆنگریسی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای ژوورو

**زمان:** کوردی

**ژمارەکان:**

—ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٩٠دا دەرچووە

## نووسەر

**گۆڤار**

**١٩٩٠**

ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کورد لەسوید

**دەستەی نووسەرانی کرمانجی خواروو:**

حەمەسەعید حەسەن، ڕەفیق سابیر، شێرکۆ بێکەس

**پێوانە:** (١٦,٢ × ٢٤)سم و ١١٧ لاپەڕە

**چاپخانە:** هەڵەبجەی شەهید (سوید)

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

—ژمارە ١ی لە سێپتەمبەری ١٩٩٠دا دەرچووە

**تێبینی:**

تەنیات ئەم ژمارەیەی بەم ناوە بلاّوکراوەتەوە دواتر بەناوی "وان" دەرچووە

## ئالاّی ئازادی

**ڕۆژنامە**

**١٩٩٠**

ئۆرگانی ئالاّی شۆڕشە

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە

**پێوانە:** ( ٣٠ × ٥٠)سم

**ژمارەی لاپەڕە:** ١٠ لاپەڕە، ١٤ لاپەڕە (٤ لاپەڕەی پاشکۆ بووە)

**شوێنی دەرچوون:** شاخ دواتر هەولێر

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

—ژمارە ١ی لەئایاری ١٩٩٠دا دەرچووە

—ژمارە ١١—١٢ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٩١، کانوونی دووەمی ١٩٩٢

## خەبات

**گۆڤار**

**١٩٩٠—١٩٩١**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان/ لە تورکیا

**چۆنیەتی دەرچوون:** وەرزی

**پێوانە:** (١٦ × ٢١)سم (ژمارە ٢)، (١٤ × ٢٠) (ژ ٣)، (١٥ × ٢١) (ژ ٥)

**ژمارەی لاپەڕە:** ٣٧—٥٢ لاپەڕە

**زمان:** تورکی، کوردی (کرمانجی باکوور)

**ڕێنووس:** لاتینی

**ژمارەکان:**

—ژمارە ١ی لەزستانی ١٩٩٠—١٩٩١دا دەرچووە

—ژمارە ٢ی لەبەهاری ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

—ژمارە ٣ی لەهاوینی ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

—ژمارە ٤ی لە پاییزی ١٩٩١دا بلاّوکراوەتەوە

—ژمارە ٥ی لەساڵی ١٩٩٢دا بلاّوکراوەتەوە

# بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ڕێزدار جەلال تاڵەبانی

بەبۆنەی هەڵبژاردنی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ ئەنجومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٨ بەناوی هەموو ڕۆژنامەنووسانی كوردستانەوە بروسكەیەكی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزیانی كرد و هیوای خواست هەر سەركەوتووبێ لەئەركی نوێیان بۆ ڕابەری كردنی عێراقێكی فرە حزبی و دیموكرات و فیدراڵ... ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی:

**بەڕێز مامۆستا جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری عێراق**

بە بۆنەی وەرگرتنی بەرزترین پایە لەعێراق-سەرۆك كۆماری عێراق بەناوی هەموو ڕۆژنامەنووسانی كوردستان و ئەنجومەنی سەندیكا گەرمترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییتان پێشكەش دەكەین، نیازخوازین بەڕێزتان سەركەوتوو و سەرفرازبن لە ئەركی نوێتان بۆ ڕابەری كردنی عێراقێكی دیموكراتی فرە حزبی فیدراڵی و لەپێناو چەسپاندنی گیانی خۆشەویستی لەنێو هەموو دەستەو توێژ و پێكهاتەكانی گەلی عێراق.

ئێمە دڵنیایین بەڕێزتان پاڵپشت و پشتەوانی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەوانیی و زامنكردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لەعێراقی نوێدا.

ئەنجومەنی سەندیكای
ڕۆژنامەنووسانی كوردستان

# یارمەتی بەسەرکەس و کاری شەهیدان و بریندارانی ڕۆژنامەنووس لە کارەساتی یەکی شوبات دابەشکرا



لەبارەگای سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لەهەولێر، سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣/١٩ دووەمین وەجبەی ئەو بڕە یارمەتییەی ڕێكخراوی "ڕۆری پێك تراست"ی بەریتانی دابینیكردووە، بەسەر كەس و كاری شەهید و بریندارە ڕۆژنامەنووسەكانی كارەساتی ١/شوبات دابەشكرا.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێكردنە ڕێكخراوی ناوبراو بڕی (٢٤٠٠٠) دۆلار بۆ كەس و كاری ڕۆژنامەنووسە شەهیدەكان و بڕی (٣٠٠٠) دۆلاریش بۆ بریندارەكان تەرخانكردبوو، وەجبەی یەكەمیش لە مانگی كانوونی لەلایەن سەندیكا دووەم دابەشكرابوو.

ئەم یارمەتییانەش لەلایەن بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بەئامادەبوونی جێگری نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن و سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا دابەشكران.

شایانی باسە ئەم بڕە یارمەتییە لەڕێگەی هەوڵ وكۆششی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بەتایبەتی سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوە دابین كراوە، لەداهاتووشدا هەوڵی دابینكردنی بڕێكی دیكەی یارمەتی دەدرێت.

# دوو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرنووسەران و بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆن و ئێستگەکاندا



ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/١٩ لەکاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ لەهوتێلی تاوەری هەولێر نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لەگەڵ بەڕێوەبەری کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئێستگەکانی شاری هەولێر کۆبوونەوە، هەروەها لە کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ و لەهەمان شوێندا لەگەڵ سەرنووسەرانی ئەو ڕۆژنامانەی لەهەولێر دەردەچن کۆبوونەوەیەکی دیکە گرێدرا.

لەهەردوو کۆبوونەوەکە باس لەپێداویستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرا و بەڕێز شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە داوای لەئامادەبووان کرد کە پێداویستییەکانیان لەلایەنی تەکنیکییەوە بەنووسراو پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆ فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسیی نێودەوڵەتی بەرزی بکاتەوەو فیدراسیۆنیش بۆ یەکێتی ئەوروپی تا ڕێژەیەك لەو پێداویستییانەمان دابین بکرێ.

بەهەمان شێوەش کۆبوونەوەیەك ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٥ لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو، پێداویستییەکانیش لەلایەن سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێکخرا، تا پێشکەش بە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بکرێ.

# دوو خولی کورت بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بەهاوکاری ئەنستیتۆتی هەواڵ و سەلامەتی نێودەوڵەتی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دوو خولی کورتی بەناوونیشانی **"پاراستن و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان"** لە ٣/٢٣ تا ٣/٢٧ لە هوتێلی تاوەری هەولێر سازکرد.

لەم دوو خولەدا "٤٠" ڕۆژنامەنووس لەپارێزگاکانی هەولێرو کەرکووك و دهۆك و مووسڵ و بەغدا بەشدار بوون.

خولی یەکەم بەگوتەیەکی بەڕێز شێرکۆ حەبیب سکرتێری نووسینەگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا دەستی پێکدر، کەتێیدا دەربارەی ئامانجەکانی خولەکەو وانەبێژی خولەکە **"بەڕێز تۆم ... کە شارەزایەکی بەریتانی بوو لەبواری سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان"** دوا.

دواتر بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گوتەیەکی پێشکەشکرد و بەناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا بەخێرهاتنی






بەشداربووانی كرد و هیوای سەركەوتنی بۆ هەموو لایەك خواست.

یەكەكانی پرۆگرامی خولەكە بەسەر ئەم تەوەرانە دابەش ببوون: **"پلان دانان، پشت بەخۆبەستن، بوارە رۆشنبیرییەكان، بوارە ئەمنییەكان، بارودۆخی بارمتەكان"**. ئامانجی سەرەكی خولەكانیش ئەوەبوو كە رۆژنامەنووسان شارەزایی دەربارەی مەترسییەكانی پیشە پەیدا بكەن و هەروەها فێری ئەوەبن چۆن خۆیان و هاوەڵەكانیان دەپارێزن و چاوكراوەش بن لەكاتی جێبەجێكردنی كارەكانیان چ لەشوێنە ئارامەكان یا لەشوێنە نائارەمەكان،

لەكۆتایی هەر خولێكیش بڕوانامەی بەشداربوون لەلایەن بەڕێز نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیكا بەسەر بەشداربووان دابەشكراو هەروەها بەڕێزیشی دیارییەكی بەناوی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانەوە پێشكەش بەوانە بێژی خولەكە كرد و بەشداربوونی دهۆكیش چەند دیارییەكیان پێشكەش بەڕێز نەقیب و بەرپرسی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا كرد، هەروەها ئاڵای كوردستانیش لەلایەن برادەرانی دهۆكەوە بەناوی سەندیكای رۆژنامەنووسان و نووسەرانی ئەم شارە پێشكەش بەوانەبێژی خولەكە كرا.

## سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بەشداری لەكۆبوونەوەیەكی رۆژنامەگەری نێودەوڵەتی دەكات

لە ژێر دروشمی **"رۆژنامەگەری، جەنگ و مافەكانی مەدەنی"** و لەرۆژانی ٢-٤/٤/٢٠٠٥و لە شاری "بیل باو"ی هەرێمی باسك لە ئیسپانیا، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، كۆبوونەوەیەكی فراوانی بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٠٠ رۆژنامەنووس رێك خست.

لەسەرداوەتنامەیەكی رەسمی لە سكرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، رۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ئامادەی ئەو كۆبوونەوە بوو.

كۆبوونەوەكە لەكاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی بە وتەیەكی بەڕێز **"ئایدن وایت"** سكرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی دەستی پێكرد، بەڕێز وایت وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی ئەم كۆبوونەوەیە و گووتی:

**"پێویستە زیاتر باس و پاڵپشتی لەمافی رۆژنامەنووسان لەسەرتاپای جیهان بكەین، نەحاسمە لەكاتێكدا رۆژنامەنووسان بوونەتە ئامانجی تیرۆریستەكان، هەروەك لەعێراق و زۆر شوێنی دیكە، ئێمە پێویستە ئەو كارە نامرۆڤایەتییانە ریسوا بكەین كە لەلایەن تیرۆرستان یاخود دەسەڵاتداران دەرهەق بە رۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێن"**.

لەكۆبوونەوەی بەیانی یەكەم رۆژ، هەر یەك لە جوزێ ئێلارێتا سكرتێری گشتی رۆژنامەنووسانی هەرێمی باسك و تونی بیونیە لەبەریتانیا و جیم ئۆتەمنتا بەرێوەبەری تەلەفزیۆنی باسك، كورتە باسێكی هەرێمی باسك و گیروگرفتەكانی كاری رۆژنامەگەری لەو هەرێمە كرد.

هەر لە هەمان رۆژ هەریەك لە نوێنەری نیپال و ئێران و نوێنەری كۆمەڵەی ئەفریقیای رۆژئاوا و كاراكاس و گوتەبێژی كەناڵی ئەلجەزیرە باسیان

لەمافی رۆژنامەنووس لەكاتی جەنگ و شەڕی دژ بەتیرۆر كرد.

رۆژی دووەم هەریەك لە رۆژنامەنووسان پاتریك دی بیر لە فەرەنسا و شێركۆ حەبیب لە كوردستان و یونس مجاهید محمد لە مەغریب باسی بارودۆخی كاری رۆژناگەرییان كرد و كۆڕەكە لەلایەن بەڕێز كریستوفر وارن سەرۆكی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو.

سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكای رۆژنامەنووسان باسی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی كرد، ئاماژەی بەو كارە تیرۆریستییانە كرد كە دەرهەق بە رۆژنامەنووسانی كوردستان ئەنجام دەدرێن و گووتی: هەر لەماوەی ئەم سێ مانگە (٥) رۆژنامەنووسی كوردستانی لەكەركووك و موسڵ و دەربەندیخان تیرۆرركان، پاریش زیاتر لە ٤٥ رۆژنامەنووسی عێراقی و كوردستانی بوونە قوربانی كاری تیرۆر. ئەمەو بەڕێز وارن رایگەیاند كە ئەو بابەتەی هەردوو رۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب و یونس مجاهد باسیان لێكرد دەبێتە بابەتێكی سەرەكی فیدراسیۆن، پێویستە بەگرنگی بایەخی پێبدات.

لەپەراوێزی ئەو كۆبوونەوەیە سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا لەگەڵ جەلال عومەر جێگری سەرۆكی رۆژنامەنووسانی بەحرەین و هانس ڤێرپلیك سەرۆكی دەزگای راگەیاندنی فری ڤۆیسی هۆڵەندی و فەرەنك عاتیف لەسەندیكای رۆژنامەنووسانی ئێران و سیرهای گووس سەرۆكی دەزگای راگەیاندنی سەربەخۆی ئۆكرانی، كەمال دەرباز سەرۆكی سەندیكای قبرسی سەروو و تارا ناسا دەهال سەرۆكی سەندیكای نیپال و ئارنی كۆنیك جێگری سەرۆكی سەندیكای سویدی و یۆلی ڕێمیل لە سەندیكای ئەڵمانیا و نادر بەن سیبا لە جەزائیر و ئێرجان ئیكچی سەرۆكی سەندیكای رۆژنامەنووسانی توركیا و نیكۆس مینكاریس سكرتێری گشتی سەندیكای رۆژنامەنووسانی یۆنان، باسی رەوشی ئەمڕۆی هەرێم و كاری رۆژنامەگەریی و ئازادی راوبۆچوون و پتەوكردنی پەیوەندی نێوان رۆژنامەنووسانی كوردستان ئەو وڵاتانە كرد، هەروەها داوای لێكردن كە پسپۆر و شارەزایانی بوارە جیاجیاكانی كاری رۆژنامەگەریی سەردانی كوردستان بكەن بۆ كردنەوەی خولی فێركردن، شاندی ئەڵمانیا و یۆنان و توركیا بەڵێنی ئەوەیاندا كە هاوكاری تەواوی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بكەن، لەلایەكی دیكەوە شاندی رۆژنامەنووسانی یۆنان، بڕیاریدا كە لەمانگی ئایندە سەردانی كوردستان بكەن.

هەروەها سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا لەگەڵ بەڕێز ئایدن وایت كۆبوەوەو باسی لە دواسەردانی سكرتێری پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا بۆ كوردستان و هەردوو خولی سەلامەتی و كۆبوونەوەی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی شارەكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك كرد، بەڕێز ئایدن وایت لەلای خۆیەوە ئەو كارانەی بە ئیجابی نرخاند و سوپاس و دەستخۆشی لە رۆژنامەنووس (شێركۆ حەبیب)كرد بۆ ئەنجامدانی ئەو كارانە، هەروەها باس لە كۆبوونەوەیەكی گشتی بۆ رۆژنامەنووسانی عێراق و كوردستان كرا كەوا بڕیارە لەئایندەیەكی نزیك لەكوردستان سازبكرێت.

شایانی باسە رۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب رۆژی ٥ی ئەم مانگە نامەیەكی سوپاس و پێزانینی لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان پێگەیشت سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو كارانەی لە كوردستانی ئەنجامی داوە و پێشكەشكردنی ئەو باسەی سەبارەت بەكاری رۆژنامەگەریی لەعێراق و كوردستان لەكۆبوونەوەكانی بیل باو لە ئیسپانیا.

## بەدەقیقەیەك وەستان

# رۆژنامەنووسانی كوردستان یادی رووداوی ( ٨ ) نیسانیان كردەوە

رۆژی هەینی رێكەوتی (٨)ی نیسانی ٢٠٠٥، ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و ژمارەیەك لەرۆژنامەنووسانی كوردستان، بەدەقیقەیەك وەستان لەبەردەم بارەگای سەندیكا لەهەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان، یادی دووەمین ساڵەی ئەو رووداوەی كە لە(٨)ی نیسانی ٢٠٠٣دا لە هوتێلی فەلەستین لەشاری بەغدای پایتەختی كۆماری عێراق روویدا، كە ژمارەیەك لە

ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و بیانی بوونە قۆچی قوربانی کردەوە. هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکردووە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی...

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرلەنوێ داوای دابینکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان دەکات.

لە (٨)ی نیسانی ساڵی (٢٠٠٣)دا ژمارەیەک لەڕۆژنامەنووسانی عێراقی و بیانی لەهوتێلی فەلەستین لەشاری بەغدای پایتەختی عێراق کەوتنە بەر شاڵاوی فڕۆکەکانی هێزە فرە ڕەگەزەکان، کەسەرەنجام بووە هۆی کوژران و بریندابوونی ژمارەیەک لەو ڕۆژنامەنووسانە، کە ئەم کارە بەهەموو شێوەیەک چاوەڕواننەکراو بوو، چونکە ئەو شوێنە دوور بوو لەهەر نێوەندێکی سەربازی و بگرە شوێنی کۆبوونەوەی ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران و کارمەندانی ڕاگەیاندن بوو بۆ چاودێری کردن و کۆکردنەوەی هەواڵی ڕۆژنامەوانی لەسەر پێشهات و دەرکەوتە سیاسییەکان. جێی باسە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن هێزە بیانییەکان و گروپە ئیرهابییەکان دووچاری کوشتن و ڕفاندن دەبنەوە و لەکاتێکدا ڕای گشتی عێراقی بەردەوام پرۆتستۆی ئەو کارو کردەوانەی کردووە کەدەبێتە مایەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی.

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ هەموو ئەو هێزو نێوەندانە دەردەبڕێت کەوا کار دەکەن لەپێناوی پاراستنی توێژی ڕۆژنامەنووسان و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هێز و خەڵکانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ئازادی کارکردنی ئەو توێژە.

دیارە لەڕابردوو ژمارەیەک لەئەندامانی سەندیکاکەمان بوونەتە قۆچی قوربانی هێرش و پەلامارەکانی ئەو دەست و نێوەندانە بۆیەش جارێکی دیکە هەموو ئەو جۆرە دەستدرێژی و پێشێلکارییانە کە لەدژی ئازادی و مافی ڕۆژنامەنووسان دەکرێت، پرۆتستۆ دەکەین و لەبەرانبەر گیان بەختکردنی ڕۆژنامەنووسانی (٨)ی نیسان سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین و داواش لەلایەنە پەیوەندیدارەکان و هێزە فرە ڕەگەزەکانی ناو عێراق دەکەین کەوا گیانی ڕۆژنامەنووسان بپارێزن، هەروەها لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرک و پەیامی خۆیان ئاسانکارییان بۆ بکەن.



# دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی بەدرخان
# دووەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لە شاری دهۆك سازدەكا

لە رۆژانی ٢١-٢٣/٤/٢٠٠٥دا دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی بەدرخان بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەنووسیی كوردییەوە فیستیڤاڵی بەدرخان لەژێر دروشمی (چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەم، تەواوكەری پەیامی بەدرخانییەكانە) لەشاری دهۆك سازدەكا.

بەرنامەی ڤیستیڤاڵ بەم شێوەی خوارەوەیە:

-سەرلەبەیانی ٤/٢١ كردنەوەی پێشانگایەكی شێوەكاری.

-لادانی پەردە لەسەر پەیكەری میقداد مەدحەت بەدرخان.

-وتاری لێژنەی باڵا.

-وتاری پارێزگای دهۆك.

-وتاری سەرۆكی پەرلەمان.

-وتاری سەرۆكی حكومەتی هەرێم.

-وتاری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان.

-چەند بەرهەمێكی تیپی هەڵپەركێی دهۆك.

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژیش، تا پاش نیوەڕۆی ٤/٢٣ ژمارەیەك لێكۆڵینەوە لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشكەش دەكرێن:

(د.عزەددین مستەفا رەسوڵ، عەبدوڵلا حەسەن زادە، نەجیب باڵایی، بەیان ئەحمەد، د.فرسەت مەرعی، چرۆ شەهاب، د.جەمشید حەیدەری، موسەدەق تۆڤی، د.زرار سدیق تۆفیق، شادومان مەلا حەسەن، بەناز كوێستانی، لەتیف فاتح فەرەج، د.سەلاح هروری، بەهرۆز عەلی، سالمێ جاسم، بشار كیكی و محەمەد حەمۆ، عەبدوللەتیف ئۆزدەمیرو عەبدولرەقیب یوسف).

شایانی باسە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بەبۆنەی ئەم رۆژەو گێرانی ئەم ڤیستیڤاڵە ژمارەیەكی تایبەت لەگۆڤاری -رۆژنامەنووس- دەردەكا، كە لێكۆڵینەوەكانی ڤیستیڤاڵی تیا بلاوكراوەتەوەو ئەلبومی رۆژنامەنووسانی كوردو چەندین بلاوكراوەو كتێب بەو یادە دەردەچێ.

هەروەها ژمارەیەكی تازەی رۆژنامەی (**الصحفی**)یش بەزمانی عەرەبی بلاودەكاتەوە.جێگەی ئاماژە پێكردنە لێژنەی باڵای ڤیستیڤاڵ چەندین كۆبوونەوەی لەشارەكانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك بۆچۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم ڤیستیڤاڵە گرێداوە، هەموو تواناكانی بۆ سەركەوتنی ڤیستیڤاڵ خستۆتە گەڕ، بەڕێز حەمید ئەبوبەكر بەرپرسی دەزگای بەدرخان پێی راگەیاندین كە لێژنەی باڵا لەم رۆژنامەنووسانەی خوارەوە پێكهاتووە:

(د.كەمال مەزهەر/ سەرۆكی لێژنە، د.كەمال فوئاد/ سەرپەرشتیاری گشتی، حەمید ئەبوبەكر/ سكرتێری لێژنە، فەرهاد عەونی/ ئەندام، عەبدوڵلا زەنگەنە/ ئەندام، موئەیەد تەیب/ئەندام، د.فاروق عومەر/ ئەندام، د.سەلاح هروری/ ئەندام، د.مۆفەق دەرگەڵەیی/ ئەندام، سەردار عەبدوڵلا/ ئەندام، جەمال عەبدول/ ئەندام، كەژاڵ ئەحمەد/ ئەندام، مستەفا سالح كەریم/ ئەندام، مومتاز حەیدەری/ ئەندام، سینەم جەلادەت بەدرخان/ ئەندام، ئەنوەر محەمەد تاهیر/ ئەندام، موسەدەق تۆڤی/ ئەندام، جەوهەر كرمانج/ ئەندام، سیدار كردۆ/ ئەندام، ئامانج عەزیز كندی/ ئەندام، محەمەد حەمۆ/ ئەندام، شەلال كەدۆ/ ئەندام، زیرەك كەمال/ ئەندام،حەسەن یاسین/ ئەندام).

لەپاش نیوەڕۆی رۆژی كۆتایی ڤیستیڤاڵیش، رێز لە توێژەرەكان و ژمارەیەك دەزگای رۆژنامەوانی دەگیرێت...

بەخوێندنەوەی بەیاننامەی كۆتاییش، كۆتایی بەڤیستیڤاڵەكە دێ.

# ئەلبوومی رۆژنامەنووسان
# لەنێوان رۆژنامەنووسێکی سەرکۆمارو...!

عەبدوڵڵا زەنگەنە

ئەوەی لای من راستییەکی نەگۆڕە، هەموو سیاسییەك پێویستی بەخوێندنەوەی مێژوو هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو مێژوونووسێك هەقی بەسەر سیاسەتەوەبێ، من هەر لەو رۆژەوەی راست و چەپی خۆم ناسیوە، حەزم کردووە نەتەوەکەم سەربەخۆ بووایەو ئاڵایەکی خۆی لەسەر باڵەخانەکانی وڵاتەکەی بشەکابایەوە، کەوا نەبووە، هەر لەو رۆژەوەی فێرە خوێندنەوە بوویمە، حەزم کردووە سەرکردەو رێبەرانی نەتەوەکەم، هی وەکو: بەدرخان پاشاو میری رواندزو خانزادی میری سۆران و ئێزدین شێرو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ عەبدولقادری نەهری و خالید بەگی جبری‌و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و سمکۆی شکاك و شێخ ئەحمەدی بارزانی و ئیحسان نوری پاشاو سەید رەزای دەرسیمی و قەدەم خێرو پێشەوا قازی محەمەدو مەلا مستەفای بارزانی و برایم ئەحمەدو...هتد، بناسم و بزانم چیان خواردووە، چیان لەبەر کردووە، لەکوێ دەخەوتن.

شەوانەو رۆژانە چەند دەخەوتن، چەند جەمیان دەخوارد، چەندیان دەخواردەوە، بەچی دڵخۆش دەبوون و پێدەکەنین، بەچی تووڕە دەبوون و هەڵدەچوون، لێبوردەیی و سزادانیان تاکوێ بڕی دەکرد... حەزم دەکرد زۆرو زۆری دیکەشیان لەبارەوە بزانم، بۆیە تا ئەمڕۆکەش حەز دەکەم هەموو بەڵگەیەکیان لەسەر بڵاوبکرێتەوە... بەنموونە: ئەوکاتەی د.کەمال مەزهەر بابەتی: **"هەگبەکەی شێخ"**[1]ی لە ژمارە ١٠ی گۆڤاری **"رەنگین"**ی ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوکردەوەو تیایدا باس لە هەندێ لە کەلوپەلەکانی شێخ مەحموود دەکات کە چۆن دەرفەتی راپەڕینی مایسی ١٩٤١ی بەهەل زانیوەو بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە، لەوکاتەشدا کە رژێمی پاشایی بەم هەواڵەی زانیوە بە هەموو لایەکدا کەوتوونەتە سۆراخ، **"کتابنا و کتابکم"** لەنێوان دەزگاکانی حکومەت دەست پێدەکات، دواتر لەرۆژی سێی حوزەیرانی ١٩٤١ دەزانرێ ئەو ئۆتۆمبیلەی کە شێخ مەحموودی گواستۆتەوە، ژمارەکەی (٢٤٣ بەغدا) بووە، لەناو ئۆتۆمبێلەکەشدا جانتایەك و دوو بوخچە دەدۆزنەوە، وەکو د.کەمال دەڵێ: **"وا دیارە شێخ لەتاوگرتن فریانەکەوتووە لەگەڵ خۆیدا بیانبات"**، یەکسەر کاربەدەستانی کەرکوك بەدوو لیستە دەینێرنە خزمەت وەزیری کاروباری ناوخۆ، دیارە وەکو لەبابەتەکەدا هاتووە، یەکەمیان دەربارەی ئەو کەلوپەلانەیە کەلەناو جانتاکەی شێخدا بوون، دووەمیشیان دەربارەی کەلوپەلەکانی ناو دوو بوخچەکەیە. بەرلەوەی هیچ شیکردنەوەیەك بۆ باری دەروونی ئەوسای شێخ بکەین، وەرە با بەیەکەوە سەیرێکی ئەو کەلوپەلانە بکەین، کە ئەوسا شێخ لەگەڵ خۆی هەڵیگرتوون:

لیستی یەکەم، جانتاکەی: بەرماڵێکی قەیفەی بچووك، یەك دەرپێ، شەرواڵێك، یەك ئاوێنە، کەمێك تووتنی نێرگەلە، کەمێك لۆکە، چوار کەللە شەکر، سێ ئاوی زمزم، کەمێك قاوە، سێ سەلکە سابوونی سپی، یەك سەلك سابوونی رەقی، کەمێك چا، قوتوویەکی بەتاڵ، قورئانێکی پیرۆز، کتێبێك کە شێخ مەحموود خۆی دایناوە، نامەیێك بەزمانی عەرەبی کە دایەرەی تەلەفۆن بۆ شێخی

لە راستەوە بۆ چەپ: د.عەزیز گەردی، جەلال بەرزنجی، عەبدوڵلا زەنگەنە

١٩٧٥/١٢/٢٥- بەغدا

(دیاری: سالار عەبدولڕەحمان)

ناردووەو داوای دینارێك و چەند فلسێکی لێدەکات، کتێبێك بەزمانی کوردی، جووتێك پێلاو، خەنجەرێکی بچووك کە هی بنەماڵەی ئەحمەد خورشیدە، یەك سابووندان، یەك قاپ.

لیستی دووەم، دوو بوخچەکەی: سەرپۆشێکی سپی نوێ، مێزەرێك، بەرماڵێکی تەنکی گەورە. پانتۆڵێکی خاکیی سەربازی زستانە، فڵچەیەکی جل، سێ فانیلەی لۆکە، جووتێك دەسەسڕ، چاکەتێکی زستانە، سێ کراسی خەتدار، لفکەیەك، بوخچەیەکی بچووك، پانتۆڵێکی زەردباوی هاوینە، دەرپێیەکی لۆکە، خاولیەك، فانیلەیەك، جووتێك گۆرەوی کۆنە، دەرپێیەکی هاوینە، سدارەیەکی خاکی، کەمێك لۆکە، دوو بوخچە، یەك فایل، نێرگەلەیەکی تەواو، قوتوویەکی تەنەکە کە شەست وێنەی هەمەجۆری تێدایە، مقەسێکی بچووك، فڵچەیەکی ددان، چوار حەب لەناو پاکەتێکدا، یازدە جامی وێنە، دەفتەرێکی نفووس بەناوی شێخ قادر ئەمینەوە.

خوێنەری خۆشەویستم، لەئەمڕۆی سەردەمی ئینتەرنێت و ئاسانکارییەکانی ئەمڕۆی جیهانگەرایی و رۆژنامەنووسیی، لێت ناگرم ئەگەر پێکەنینت بەم شتانەوە بێت کەکەسێك لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە بەنیازبووە رۆژێ لەرۆژان ببێتە شای ئەو وڵاتەی ئێمە، سەرەتا منیش هەروام بەمێشکدا دەهات، بەڵام کە دووەم جار بابەتەکەم خوێندەوەو دواتر بۆ بەرگی دووەمی کتێبەکەی دکتۆر کەمال بەناونیشانی **"چەند لاپەرەیەك لەمێژووی گەلی کورد"** ئامادەم کرد هەر جارەی هەڵەبژێریم تێدادەکرد بۆ حاڵی خۆمان، ناجێگیری یەکگرتنمان گریانم دەهات، ئەی ئەوە نییە هەر د.کەمال دەڵێت: **"کەم کەس دەیتوانی بەرگەی ئەو دەردەسەرییە بگرێت کە شێخ لەم رۆژانەدا دووچاری هات، کارگەیشت بەوەی بەچکە بێ ئابڕووەکانی پارێزگای شاری حللە بەرۆژی رووناك لەسەر شەقامەکانی شار هۆهای لێ بکێشن"** هەر لایەنێکی ژیانی شێخ مەحموود وەربگریت ئەوە دەرسێکی مێژووە.

با نموونەیەکی دیکە بێنمەوە: پار لە ژمارە رۆژنامەی "خەبات"دا بابەتێکم بە ناونیشانی **:"پەنجاو حەوت ساڵ لەمەوبەر داوای کورد لەیەکەم پەیڕەوو پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد، لەژێر سایەی مەلا مستەفای بارزانیدا فیدراڵی بووە"**، ئەو بابەتە زۆر کەسی لەمن وروووژاندبوو، لە قسەکردنیان بە گژمدا دەهاتن کە داوای فیدراڵی بۆ کورد لەسەرەتای شەستەکانەوە سەری هەڵداوە، وەکو بیستمەوە دوو لە سەرکردەکانی **"پارتی"**یش بە گومانەوە لەم بابەتەیان روانیبوو. دواتر بۆ بیرەوەری سەد ساڵەی **"مەلا مستەفا"** بەتەمابووم کتێبێك یا بابەتێکی فراوان لەسەر پرسەکانی ژیانی ئەو بەڕێزە بنووسم، ئەوەبوو لەژێر ناونیشانی **"کاریزمای کورد مەلا مستەفای بارزانی لەدەربەدەری سلێمانییەوە تا پلەی زەعیمی"** کورتەیەکی بابەتەکەم بڵاوکردەوە کە شوێنی خۆی لەلاپەرە (٢٤٣-٢٨٢) بەشی یەکەمی کتێبی کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر گرتووە. دواتر لەبەغدا و لەموسڵ هەواڵم بۆدەهات خۆزگە لەگەڵ بەڵگەنامەو سەرچاوەکان هەموو بابەتەکەت بەیەکەوە بڵاوبکردبایەوە، لەهەمووشی سەیرتر ئەوەبوو جارێکی دیکە ناوەڕۆکی بابەتەکەو بۆچوونەکان چەند کەسێکی لێ وروووژاندم. لەشەوی ٢٢/٤/٢٠٠٤دا لەکاتێکدا د.بەرهەم ساڵح هەموو ئەو میوانانەی بۆ فیستیڤاڵی بەدرخان هاتبوون لە ئوتێلی سلێمانی پالاس میوانداری کردبوون، یەکێك لەوانەی



لەبابەتەکەی من و راکانم نەگەیشتبوو بانگی لای خۆی کردم تێروپڕ هەڕەشەی لێکردم، تا وام لێهات لە ئوتێلەکە دەرکەوم و بەیانی زوو بگەڕێمەوە هەولێر و بەشداری کۆڕەکان نەکەم، بەڵام رقی خۆم خواردەوەو بەشێنەیی هەڵسوکەوتم لەگەڵ پرسەکە کرد، ئەوەبوو هەر لەوێ پرسم بە برادەرێك کرد، خوا کاری راست بێنێ، ئەویش دڵی دامەوەو ئامۆژگاری کردم گوێی پێنەدەم، بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر بەیانییەکەی بوو، کە لەگەڵ چەند برادەرێکم دەچووینە هاوینەهەواری دوکان تالەوێ چاومان بە**"مام جەلال"** بکەوێ و بۆنەکانی دیکەی کۆڕەکان لەوێ تەواو بکەین، بەدرێژایی چوون و هاتنەوەمان برادەرێکم لەسەر ئەو بابەتەی **"کاریزما"** قسەی کردو زۆر رەخنەی لێ گرتم، دواجار لەدەمی دەرچوو گوایە لەبەر ئەو بابەتەی من کتێبەکەی بۆ کاك **"نەوشێروان مستەفا ئەمین"** نەبردووە، بەهەرحاڵ ئەو چەند رۆژەم لەسلێمانی رابوارد، دوای دە رۆژێك

جارێکی دیکە چوومەوە سلێمانی داوام لەو برادەرەم کرد دەمەوێ کاك نەوشێروان ببینم و لەبارەی هەندێ پرسی رۆژنامەنووسیی قسەی لەگەڵدا بکەم، دوای تەلەفۆنێکی چەند دەقیقەیی یەکسەر چووینە لای، ئەوەبوو لەسەعات ١٠ تا نزیکەی ١ی شەو لای ماینەوەو تاوتوێی ئەو جۆرە بابەتانەم لەگەڵ کردو باسی هەندێ بابەت دەهاتە گۆڕێ کە وەڵامم دەدایەوە، بەپێی هەندێ لەو وەسفانەی لەسەر ئەو زاتە بیستبووم، لە دڵی خۆمدا دەمگوت هەرئێستا دەرم دەکاتە دەرەوە، بەڵام خۆشمان نەمانزانی چۆن کاتەکە بەسەرچوو و چۆن بەڕێ کراینەوە، دوای چەند رۆژێك دانیشتنێکی دیکەی بەهەمان شێوە بەڕێوەچوو، سەیرم کرد ئەو پیاوە وەکو هەندێك وەسفی دەکەن وانییە، تەنانەت لەوکاتەی بەڕێی کردین زۆر بەبێ فیزی تا بەردەرگای حەوشە لەگەڵمان هات و سەرباری وەڵامە رەقەکانم و بەرگری کردنم لە**"مەلا مستەفا بارزانی"** وەسفێکی وای کردم بۆ **"کلاش خوارێکی"** وەکو من دەبێ بەئاوی زێڕ بنووسرێتەوە. وای لێکردم هەتا ماوم دەبێ شانازی بەم هەڵوێستانەی خۆم بکەم.

وەکو دەڵێن قسەقسەدێنێ، ئەوساڵ ٢٠٠٥ کە حەمید ئەبوبەکر هاتە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەواڵی ئەوەی دامێ وەکو ئەندامێکی لێژنەی باڵای فیستیڤاڵی بەدرخان دەستنیشان کراوم، لەوکاتەدا بوو تازە **"پارتی"** و **"یەکێتی"** لەسەر ئەوە پێکهاتوون **"مام جەلال"** بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵی دەستنیشان بکرێ، بۆیە کاتێ حەمید ئەبوبەکر داوای لێ کردم بابەتێك بۆ فیستیڤاڵەکە ئامادەبکەم، یەکسەر بروسکە ئاسا ناونیشانی **"رۆژنامەنووسێکی سەر کۆمار"**م بەمێشکدادات، هەر ئەوەندەم بەحەمید گوت، بابەتێکی وات بۆ دەنووسم زۆر هەوەست پێی بێت و دڵت پێی خۆشبێ، بەڵام رووداوەکان ئەوەندە تێژ تێدەپەڕین ئەو ئاواتەی کوردان کە ببێتە سەر کۆمار گرفتی تێدەکەوت، بۆیە داڕشتنی بابەتەکەی لای من ئاڵۆزتر بوو و بۆم نەدەهات سەرەتاو کۆتایی لێکگرێ بدەمەوە، لەکۆبوونەوەی دواتری لێژنەی باڵا، دەستنیشانی ئەو لێژنەیە کرا کە **"ئەلبوومی رۆژنامەنووسانی کورد"**یان ئامادە دەکرد، چەند رۆژێك دواتر حەمید ئەبوبەکر و ممتاز حەیدەری و بەندەتان لەماڵی کاك ممتاز کۆبووینەوە.

دوابڕیارمان ئەوەبوو خۆمان لەناوی رۆژنامەنووسە زیندووەکان بەدووربگرین و تەنیا وێنەی ئەو کەسانە بڵاوبکەینەوە کە کۆچیان کردبوو، ناوی کۆمەڵێك رۆژنامەنووس و بڵاوکراوە دیاریکران، ئەو هەردوو برادەرە لەگەڵ هاورێ زادە دەستیان بەکارکرد، دوای چەند رۆژێك وا دیاربوو کارەکە گرفتی تێدەکەوت، چەند جارێك پەیوەندییان بەمن کردەوە، لە راستیشدا من لەبەر خاتری گۆڤاری **"رۆژنامەنووس"** نەمدەویست وەکو جاران ئەوەندە سینگ ببەمەپێش، دواجار ناچار بووم بەشی خۆم هاریکاریان بکەم، ئەوەبوو دەوروبەری چل لاپەڕەیەك لە ئەلبوومەکە ئامادەکراو خرایە بەردەم ئەندامانی کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٥/٤/٧، دیاربوو پێشنیارکرا، بەرێز **"مام جەلال"**یش وەکو رۆژنامەنووسێکی کارا رێزی بگیرێ و ناوو وێنەی بخرێتە ناو ئەلبوومەکە، لەوکاتەدا بوو من سینگم دەرپەڕاندو ئیزنی قسەکردنم وەرگرت و بە ئامادەبووانم گوت:

من بەتەمابووم بابەتێکی ئاواو بەم ناونیشانە بۆ فیستیڤاڵ ئامادەبکەم، بەڵام بەداخەوە وا مەراسیمەکان کەوتنە ئەم رۆژانە، هەر لەوکاتەدا بوو ناوی کۆمەڵێك رۆژنامەنووسیی دیکە وەکو شریتی

سینەمایی بەبەرچاومدا تێدەپەڕین، بەهەرحاڵ ئەوە دەزانین "مام جەلال" لە چلەکانەوە، بەهاندان و لەڕێگەی خوالێخۆشبوو "عومەر مستەفا دەبابە" چۆتە ریزی "پارتی دیموکراتی کورد"ی ئەوسا دواتر بەپێی بەراوردو سەرچاوەکان وا پێدەچێت لەساڵی ١٩٥٦دا لەکەرکوك سەرپەرشتی بلاۆکراوەکانی "پارتی" کردبێت، هەروەها بەپێی ئەم یەك دوو وتارەی لەسەر لاپەڕەکانی "خەبات"ی ساڵی ١٩٥٩–١٩٦٣دا بلاوی کردۆتەوە دەردەکەوێت تا ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ رۆڵێکی بەرچاوی لەدەرکردنی "**خەباتی کوردستان**"ی ئۆرگانی ئەوسای "**پارتی**" هەبووبێت، هەرچەند بەپێی بەلگەنامەیەك کەمن دیومەو ئەگەر ئەوسا پیرۆت–یش نازناوی ئەو بووبێ پێش کۆنگرەی سێیەم لەکاری حیزب تەجمیدا کراوە، بەلام لەکۆنگرەی سێیەمەوە کەناوی حیزبەکە بۆتە، پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەویش وەك سەرکردەیەك کاری لەنێو ریزەکانی کردووەو تا ئەوسا ناوو نازناوی هیچ نووسەرێك لەتەك بابەتەکانی نێو بلاوکراوە نهێنییەکان نەدەنووسرا، بۆیە نازانرێ تا ئەوسا لەچ بلاوکراوەیەك نووسینەکانی خۆی بەتایبەتی، یەکەم نووسینی بلاوکردۆتەوە، نەشزانراوە سەرەتا لەکام بلاوکراوەدا دەستی بەکاری رۆژنامەنووسی کردووە، بەلام ئەوەندەی من ئاگادارم، یەکەم نووسینی بەناونیشانی "**میللەتە یەکگرتووەکان**" لە ژمارە (١٩)ی رۆژنامەی "**هەولێر**"ی ساڵی (        ) ئەوسا بلاوکراوەتەوە، مانگێك دواتر بابەتێکی دیکەی بەناونیشانی "**نووسینی کوردی بەلاتینی**" لەهەمان رۆژنامەدا بلاوکراوەتەوە.بەرچاوترین رۆڵی رۆژنامەنووسیشی لەدوای گۆڕانکارییەکانی پاش ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا بووە، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٥٩دا سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق دامەزرا، لەشەوی ١٩٥٩/٩/٦دا کۆنگرەی خۆی لەباخچەکانی هۆڵی گەل لەبەغدا گرێدا، رۆژنامەنووسێکی زۆر لەکردنەوەی ئاهەنگەکە ئامادەبوون، هەروەها "**عەبدولکەریم قاسم**"یش چووبووە کۆنگرەکەو وتەیەکی بەم بۆنەیەوە دابوو، کاتی دەنگدانیش لەکۆی ١٧٢رۆژنامەنووس دوای لێك جیاکردنەوەی دەنگەکان مامۆستا محەمەد مەهدی جەواهیری بۆ سەرۆکایەتی دەستەی کارگێڕی ١٦٣ دەنگی هێنابوو، هەروەها مامۆستا محەمەد ئەلسەعدون بۆتە بریکاری سەرۆکایەتی و ١٠٦ دەنگی هێنابوو، هەریەك لەم بەڕێزانەش کەناوەکانیان لەخوارەوە نووسراوە بوونەتە ئەندامی دەستەی کارگێڕی:

- جەلال تالەبانی ١٦٢ دەنگ
- فازل مەهدی ١٦١ دەنگ
- لوتفی بەکر سدقی ١٦٠ دەنگ
- عەبدولرەحمان شەریف ١٥٤ دەنگ
- مەحمود ئەلجوندی ١٣٢ دەنگ
- قاسم حەمودی ١٠٣ دەنگ
- مەحمود شەوکەت ٩٦ دەنگ

هەر ئەو بەڕێزانەش بۆ لێژنەی بەرزەفت هەلبژێدراون

- محمد کەریم نووسەر لەرۆژنامەی خەبات ١٥٧ دەنگ
- عەلی ئەلخەلیلی ١٥٣ دەنگ
- فائق بەطی ١٣٩ دەنگ
- عەبدولقادر ئەلبەڕاك ١٠٧ دەنگ
- عەبدولمونعیم ئەلجادر ٩٥ دەنگ


نتيجة انتخابات نقابة الصحفيين

كان مجموع المصوتين ١٧٢ صحفيا وبعد فرز الاصوات فاز كل من :
الاستاذ محمد مهدي الجواهري – برئاسة الهيئة الادارية ١٦٣ صوتا
الاستاذ محمد السعدون – بنيابة الرئاسة ١٠٦ صوتا
وفاز كل من السادة التالية اسماؤهم بعضوية الهيئة الادارية :

| | |
|---|---|
| جلال الطالباني | ١٦٢ صوتا |
| فاضل مهدي | ١٦١ صوتا |
| لطفي بكر صدقي | ١٦٠ صوتا |
| عبدالرحيم شريف | ١٥٤ صوتا |
| محمود الجندي | ١٣٢ صوتا |
| قاسم حمودي | ١٠٣ صوتا |
| محمود شوكت | ٩٦ صوتا |

كما فاز بعضوية لجنة الضبط كل من السادة :

| | |
|---|---|
| محمد كريم محرر جريدة خەبات | ١٥٧ صوتا |
| علي الخليلي | ١٥٣ صوتا |
| فائق بطي | ١٣٩ صوتا |
| عبدالقادر البراك | ١٠٧ صوتا |
| عبدالمنعم الجادر | ٩٥ صوتا |

ئەوەندەی نەبرد کۆنگرەی چواری "**پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان**" لەبەغدا گرێدرا، ئەوسا بوو باڵەکەی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد بۆ یەکجاری دەسەلاتیان لەناو حیزبەکە پەیدا کردەوەو "**تالەبانی**" لە "**خەبات**" دەستی بەکارکرد، چونکە

دوای تەجمید کردنی لەکانوونی دووەمی ١٩٥٩دا، جارێکی دیکە لەلایەن جەنابی **"مەلا مستەفای بارزانی"** لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٥٩دا هێنرابوونەوە نێو چالاکی حیزب، ئەوسا بوو تاڵەبانی رۆڵێکی کارای لەنێو رۆژنامەکەی پارتیدا بینی، لەیەك لە ژمارەکانی بەرایی گۆشەی **"یومیاتی"** بلاوکردەوەو ئیمزای **"پ"** بۆ دانابوو، دواتر ئیمزای **"پیرۆت"**ی دانابوو، هەر لەهەمان گۆشەدا وەڵامی چەند رۆژنامەیەکی عەرەبی داوەتەوەو دەمەتەقێیەکی لەگەڵ **"هوشیار"**دا کردووە کە ئەمیش ئیمزای مامۆستا **"مەسعود محەمەد"** بووە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی **"حرية"** بەم ئیمزایە نووسیویە:

ئەمەش چەند ناونیشانێکی گۆشەکەی **"یومیاتی"**یە کەتیایدا وەلامی هوشیاری داوەتەوە:

—هذا—الكردي—العاق...ايضا

—اين انتم يا زارعي شجرة الحكمة؟

واين انتم ايها المثقفون المستقلون البهاليل! ؟

—(اما الان—فماذا يقول المستقلون الاكراد)!

—(اللاقوميون الاكراد)

—(نحن يا ثرثار مع العرب ضد الاستعمار والصهيونية، في كل زمان و مكان)

لەلایەکی دیکەوە دوای وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی یاسایی **"پارتی دیموکراتی کوردستان"** ئەوەبوو **"پیرۆت"** هەر لەگۆشەکەیدا نووسیبووی **"هذا هواليوم الذى ناضلنا من اجله"**تیایدا باس لەو رۆژانە دەکات کە چۆن لەماوەی چواردەساڵدا لەنێو ئەم حیزبەدا کاری کردووە، ئاخۆ ئێستا بیهێنیەوەو لەشوێنەکەی خۆی دایبنێیەوەو قەڵەمێکی بدەیە دەست، دەبێ چی بۆ ئەورۆژە بنووسێ کە کوردێك بۆتە سەرەك کۆماری عێراق و ئەو ولأتەی کورد تیایدا بەئاواتەوە بوو مۆڵەتی یاسایی بدرێتە ئەو حیزبەی کە پێشڕەوی دەکرد.

وەکو دەزانرێ بەر لەکانوونی دووەمی ١٩٦٠هیچ حیزبێکی سیاسی مۆڵەتی یاسایی پێ نەدرابوو، بۆیە ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی ئەوسا دەردەچوون پێم وایە هیچ کامێکیان بەرەسمی ئۆرگانی هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوونە، کاتێ **"خەبات"** یش مۆڵەتی یاسایی دراوەتێ ئیمتیازەکە بەناوی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد بووە، بۆیە ئەو کاتەی **"پارتی"** مۆڵەتی یاسایی وەرگرتووە دەستەی دامەزرێنەر لەشوباتی ١٩٦٠دا بەسەرۆکایەتی جەنابی **"مەلا مستەفای بارزانی"** کۆبوونەتەوەو کۆمەڵێك بڕیاریان دەرکردووە، یەك لەوبڕیارانە ئەوەبووە، خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد واز لەناوی رۆژنامەی **"خەبات"** بهێنێ و بیداتەوە حیزب، مۆڵەتی رۆژنامەیەکی دیکەی رۆژانە بەناوی **"کوردستان"** بۆخۆی وەربگرێ، ئەوەبوو لەبەر ناوی **"جەلال تاڵەبانی"** هەشت مانگێکی پێچوو تا حکومەت رەزامەندی پیشاندا مۆڵەتی یاساییان بداتێ، تا رۆژنامەکەش بلاوکرایەوە بەردەوام **"خەبات"** بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەوەبوو ژمارە (١)ی لە ١٩٦١/٣/٤دادەرچوو، کەلە بۆکسی ناونیشانەکەی ورد دەبینەوە دەبینین نووسراوە:

**رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە**

**خاوەنی ئیمتیاز:** ئیبراهیم ئەحمەد

**سەرنووسەر:** جەلال تاڵەبانی

**چاپخانەی:** کوردستانی نوێ

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا

—ژمارە ١ی ساڵی ١ لەشەممەی ١٩٦١/٣/٤دا دەرچووە، دوا ژمارەیشی کە ژمارە (٥) بووە، لەشەممەی ١٩٦١/٤/١دا بلاوکراوەتەوە.

لەوانەیە خوێنەران بپرسن کەبۆچی وا تەمەنی رۆژنامەکە کورت بووە، لەوەڵامدا دەڵێین ئەوسا گرفتەکانی پارتی و گەلی کورد لەگەڵ حکومەت گەیشتبووە لووتکە، سکرتێری حیزب کە ئەوسا ئیبراهیم ئەحمەد بوو، بڕیاری گرتنی بە تۆمەتی کوژرانی سدیق میران، خۆی شاردبۆوە، لەرۆژانی نەورۆزی ئەوساڵەشدا بوو **"تاڵەبانی"** وتارێکی بەم بۆنەیەوە لەئاهەنگی جەژنی نەورۆز لەسلێمانی خوێندبۆوە، تیایدا بەرگری لەجەنابی **"مەلا مستەفای بارزانی"** کردبوو، کەدواتر لەژمارە (٥) رۆژنامەکە بلاوکرایەوە، ئەوەبوو لەسەر ئەم وتارە رۆژنامەکە بەدەردی **"خەبات"**ی دەستەخوشکی براو بۆ یەکجاری داخرا.

دیارە پێشتر **"تاڵەبانی"** لە گۆڤارێکی دیکەی **"پارتی"** کاری کردبوو بەناوی **"رزگاری"** کە لەمانشێتەکەی ئەمیش ورد دەبینەوە دەبینین نووسراوە:

گۆڤاری برایەتی کورد و عەرەبی لەپێناوی پاراستنی جمهوریەت و دیموکراسی و ئاشتی خەبات ئەکات.

**خاوەنی ئیمتیاز:** ساڵح حەیدەری
**سەرەکی مەسئولی نووسین:** پارێزەر فوئاد جەواد
**هەڵسوڕێنەری کاروبار:** جەلال تاڵەبانی
ئەوەی شایانی باسە ئەم گۆڤارە ژمارە (١)ی لە ١٠ی شوباتی ١٩٥٩دا دەرچووە.
هەرچی ژمارە ٢-٣ی لەبەرگێکدا، لە نیسانی ١٩٥٩دا بلاوکراوەتەوە.
زۆر لەسەرچاوەکان باس لەوەدەکەن ئەم گۆڤارە دواتر ئیمتیازەکەی درابێتە عومەر مستەفا، بەلاّم ئەم بۆچوونە فری بەسەر راستییەوە نییە.
-دیارە هەر لەسەر لاپەڕەکانی "خەبات"دا زۆر لەسەروتار و نووسینەکانی نووسیوە، دواتریش کە شۆڕشی ئەیلوولی دەستی پێکردووە هەر لەسەر لاپەڕەکانی "خەبات"دا نووسین و بابەتەکانی دەبینرێ.
جا بلێم چی پێشتر بڕیار درابوو تەنیا ئەلبومێکی ٤٨ لاپەڕەی بەم بۆنەیەوە بلاّوبکرێتەوە، بۆیە ئەگەر ناوو وێنەی هەندێك لە ڕۆژنامەنووسەکانی تیا نەبێ پێم وایە هۆکارەکانی زیاتر پەیوەندی بەکات و نەبوونی بەرنامەیەکی داڕێژراو هەیە، دەکەواتە گوڕەکەت پڕ لەنووربێ "سەبری بۆتانی" لەبەر سەرقاڵیمان نەپەرژاینە سەرئەوەی دیوانی "**شین و شادی**"یەکەت بدۆزینەوە تا بەبیر خوێنەرانت بێنینەوە.
بەڕێزو نوازشەوە بۆت دادەنوشتێمەوە ئەی ئەو عەزیز گەردییەی بەنووسینەکانت زۆر کەست فێری نووسینی کوردی پاراو کرد، بەپێنج ژمارەی "**ئەدەبی بێگانان**"ت زۆر کەست کردە ڕۆژنامەنووس، مۆرکی خۆت لەسەر لاپەڕەکانی "**نووسەری کورد**"و "**نووسەری نوێ**" جێ هێشت، بەبیرم نایەتەوە کە لەچەند بلاّوکراوەیەکی دیکە رۆڵی دیارت هەبوو.
-سلاّوو خۆشەویستیت بۆ دەنێرم ئەی ئەو "**جەلال بەرزنجی**"یەی هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە رۆڵت لەدەرکردنی "**بیری نوێ**"و "**چوارچرا**"ی "**ئامادەیی کوردستان**" هەبووەو تا ئەمڕۆکەش لەئاوارەیی ئەودیوی دەریاکان بەبێ پسانەوە هەر بەردەوامی.
-داوای لێبوردنتان لێ دەکەم ئەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە دەسەلاّتم نەبوو وێنەکانتان بخەمە ناو ئەلبوومەکە.






# لە نێوان رۆژنامەنووسێکی سەرۆك کۆمارو...!

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**



ئەوەی لای من راستییەکی نەگۆڕە، هەموو سیاسییەك پێویستی بەخوێندنەوەی مێژوو هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو مێژوونووسێك هەقی بەسەر سیاسەتەوەبێ، من هەر لەو رۆژەوەی راست و چەپی خۆم ناسیوە، حەزم کردووە نەتەوەکەم سەربەخۆ بووایەو ئاڵایەکی خۆی لەسەر باڵەخانەکانی وڵاتەکەی بشەکابایەوە، کەوا نەبووە، هەر لەو رۆژەوەی فێرە خوێندنەوە بوویمە، حەزم کردووە سەرکردەو رێبەرانی نەتەوەکەم، هی وەکو: بەدرخان پاشاو میری رواندزو خانزادی میری سۆران و ئێزدین شێرو شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ عەبدولقادری نەهری و خالید بەگی جبری‌و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و سمکۆی شکاك و شێخ ئەحمەدی بارزانی و ئیحسان نوری پاشاو سەید رەزای دەرسیمی و قەدەم خێرو پێشەوا قازی محەمەدو مەلا مستەفای بارزانی و برایم ئەحمەدو...هتد، بناسم و بزانم چیان خواردووە، چیان لەبەر کردووە، لەکوێ دەخەوتن.

شەوانەو رۆژانە چەند دەخەوتن، چەند جەمیان دەخوارد، چەندیان دەخواردەوە، بەچی دڵخۆش دەبوون و پێدەکەنین، بەچی تووڕە دەبوون و هەڵدەچوون، لێبوردەیی و سزادانیان تاکوێ بڕی دەکرد... حەزم دەکرد زۆرو زۆری دیکەشیان لەبارەوە بزانم، بۆیە تا ئەمڕۆکەش حەز دەکەم هەموو بەڵگەیەکیان لەسەر بڵاوبکرێتەوە...

بەنموونە: ئەوکاتەی د.کەمال مەزهەر بابەتی: **"هەگبەکەی شێخ"**[1]ی لە ژمارە ١٠ی گۆڤاری **"رەنگین"**ی ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوکردەوەو تیایدا باس لە هەندێ لە کەلوپەلەکانی شێخ مەحموود دەکات کە چۆن دەرفەتی راپەڕینی مایسی ١٩٤١ی بەهەل زانیوەو بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە، لەوکاتەشدا کە رژێمی پاشایی بەم هەواڵەی زانیوە بە هەموو لایەکدا کەوتوونەتە سۆراخ، **"کتابنا و کتابکم"** لەنێوان دەزگاکانی حکومەت دەست پێدەکات، دواتر لەرۆژی سێی حوزەیرانی ١٩٤١ دەزانرێ ئەو ئۆتۆمبیلەی کە شێخ مەحموودی گواستۆتەوە، ژمارەکەی (٢٤٣ بەغدا) بووە، لەناو ئۆتۆمبیلەکەشدا جانتایەك و دوو بوخچە دەدۆزنەوە، وەکو د.کەمال دەڵێ: **"وا دیارە شێخ لەتاوگرتن فریانەکەوتووە لەگەڵ خۆیدا بیانبات"**، یەکسەر کاربەدەستانی کەرکوك بەدوو لیستە دەینێرنە خزمەت وەزیری کاروباری ناوخۆ، دیارە وەکو لەبابەتەکەدا هاتووە، یەکەمیان دەربارەی ئەو کەلوپەلانەیە کەلەناو جانتاکەی شێخدا بوون، دووەمیشیان دەربارەی کەلوپەلەکانی ناو دوو بوخچەکەیە. بەرلەوەی هیچ شیکردنەوەیەك بۆ باری دەروونی ئەوسای شێخ بکەین، وەرە با بەیەکەوە سەیرێکی ئەو کەلوپەلانە بکەین، کە ئەوسا شێخ لەگەڵ خۆی هەڵیگرتوون:



لە راستەوە بۆ چەپ: د.عەزیز گەردی، جەلال بەرزنجی و عەبدوڵڵا زەنگەنە
١٩٧٥/١٢/٢٥ - بەغدا.     ئەرشیفی: سالار عەبدولڕەحمان

لیستی یەکەم، جانتاکەی: بەرماڵێکی قەیفەی بچووك، یەك دەرپێ، شەرواڵێك، یەك ئاوێنە، کەمێك تووتنی ئێرگەلە، کەمێك لۆکە، چوار کەللە شەکر، سێ ئاوی زمزم، کەمێك قاوە، سێ سەلکە سابوونی سپی، یەك سەلك سابوونی رەقی، کەمێك چا، قوتوویەکی بەتاڵ، قورئانێکی پیرۆز، کتێبێك کە شێخ مەحموود خۆی داینـاوە، نامەیێك بەزمانی عەرەبی کە دایەرەی تەلەفۆن بۆ شێخی

بۆ ل٢٢٠

# ROZHNAMANOOS

*Aperiodical magazine specialized in press*
*Issued by Kurdistan Journalist's Syndicate*